
# له چیاکانی زاگرۆسەوە



تەیموور مستەفایی

# پێناسی کتێب

---

**ناو: له چیاکانی زاگرۆسه‌وه**

**بابه‌ت: بیره‌وه‌ری**

**نووسینی: ته‌یموور مسته‌فایی**

**هه‌ڵچن‌و مونتاژو دیزاینی به‌رگ: شه‌فیع ره‌وشه‌نی**

**پێداچوونه‌وه: عیرفان ره‌هنموون**

**ساڵی چاپ: 2006**

---

**وێنه‌ی سه‌ر به‌رگ، سه‌ردانی دوکتور قاسملوو**

**له مه‌ڵبه‌ندی شیمال، به‌هاری ساڵی 1368**

# پێشەکی

چەند ساڵێك بیرم لەوە دەكردەوە بیرەوەرییەكانی خۆم كە بەشێك لە فیداكاریی كادرو پێشمەرگە تێكۆشەرەكانی حیزبە، بیهێنمە سەر كاغەزو بیخەمە بەرچاوی نەسڵی داهاتووی كوردستان تا ئەوانیش بە خوێندنەوەی ئەم بیرەوەرییانە هەم لە هەوڵو تێكۆشانی رۆڵە بەوەجەكانی نەتەوەكەیان ئاگادار بنو هەم ئەو ئەزموونانە كە بە خوێنی سەدان شەهیدی قارەمان بەدەست هاتوون، بكەوێتە بەردەستی تێكۆشەرانی میللەتەكەمان بۆ ئەوەی نەسڵی داهاتوو بۆ دەرس‌وەرگرتن لەو ئەزموونانە كە بەدەست هاتوون، ناچار نەبن نرخی دیكە بدەنو لە ئەزموونەكانی نەسڵی پێش خۆیان بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتە رەواكەمان كەڵك وەربگرن.

لە نووسینی ئەم بیرەوەرییانەدا هەوڵم داوە رووداوەكان چۆن بوون، وەك خۆیان بیانگێڕمەوەو وەك بەشێك لەو كەسانە نەكەم كە لە نووسینی بیرەوەرییەكانیاندا خۆیان دەكەنە قارەمانی رووداوەكان. هەرچەند بەهۆی ئەوە كە لە زۆرترین ماوەدا بەرپرسی یەكەم بووم، لە زۆر لەو رووداوانەدا دەوری كاریگەرم هەبووە، بەڵام دیسان قارەمانی ئەسڵیی رووداوو داستانەكان ئەو شەهیدە نەمرانەن كە ناویان لەم بیرەوەرییەدا هاتووەو بەڕاستیش قارەمانی واقیعی هەر ئەوانن.

ئەم بیرەوەرییە ناتوانێ تەواوی ئەو رووداوانە كە من لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا لەگەڵیان بەرەوڕوو بووم، بگرێتە خۆی، بەڵكوو

بەهۆی ئـەوەی کـە لـە تۆمـارکردنی رۆژانـەدا زۆر جیـددی نـەبووم، بەشێکی زۆر کەم لەو رووداوو بەسەرهاتانەم تۆمار کردون.

نووسـینەکەم لـە کۆتاییـەکانی سـاڵی 1357 تـا سـاڵی 70 دەگرێتەوە، ئەمەش بـۆ ئـەو راسـتییە دەگەڕێتـەوە کـە 12 سـاڵی دەسپێکی شۆڕشی خـەڵکی کوردسـتان بـۆ ئـازادیو دژی سـەرکوتی جینایەتکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك کادرێکی هەڵـسووڕو چالاك، بەرپرسایەتیی چەندین ناوچـەی جیاجیـام پـێ ئەسـپێردراوەو مەبەستی منیش لە نووسینی ئەم بیرەوەرییانە خستنە بەرچـاوی ئـەو بەشە لە خەباتـە کـە لـە نێـو کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتانو بـە پشتیوانیی ئەو خەڵکە تێکۆشەرە کـە هەرکامـەیان پێـشمەرگەیەکی دڵسۆزی ئەم میللەتەن بەڕێوە چووە، بووە.

رەنگە ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر بخۆلقێ کە بۆچـی 12 سـاڵو ئـەی ساڵی 70 بەدواوە چی؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبـێ روونـی بکەمـەوە کـە زۆر شـتی دیکەش هەر لەم 12 سـاڵەدا خولقـاون کـە لـەم هەلومەرجـەدا کـە شۆڕش هێشتا بە ئاکـام نەگەیـشتوە، نووسـینی بـە قـازانج نـازانم. هەرچەند لەوانەیە لە بەشێکی بەرچاو لەو رووداوانەشدا نووسەری ئەم بیرەوەرییانـە نەخـشی باشـی گێڕابـێ. لـە سـاڵی 70 بـەدواوەش هاتوومەتە ناوەندی حیزبو رووداوەکانی ناوەندی حیزب بە جـۆرێکی دیکـەنو دەکـرێ لـە سـاڵی 70 بـەدواوە یـان لـە درێـژەی ئـەم بیرەوەرییانـەدا بنووسـرێ یـا بـە جیـاو بـە نێـوێکی دیکـەوە بـڵاو بکرێنەوە.

زۆر کەس لەو هاوڕێیە خۆشەویستانە کە لەم ڕووداوانەدا بەشـدار بوون، بۆ خۆیان دەیان تـێبینیی دیکـەیان هەیـە کـە دەکـرێ پـاش بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبـە بـۆمی بنووسـن، بـەو هیوایـە بتـوانین لـە داهاتوودا کەڵکیان لـێ وەرگرین.

من عادەتم بە درێژنووسـی نیـە، زۆرمـان کـردوەو نـەمنووسـیوە، شاهیدی ئەم وتەیەشـم ڕاپـۆرتێکی سـاڵی 1367ی خۆمـە کـە لـە کومیتەی ناوەندی پێشکەشم کردو کەوتمە بەر ڕەخنـەی هـاوڕێی زۆر خۆشەویست کـاك حەسـەن شیوەسـەڵیو، لـە ڕەخنەکەیـدا گـوتی: ڕەخنەم لە کاك تەیموورە، هـی وا هەیـە هیـچی نـەکردوەو کـارێکی بچووکی کردبێ 10 بەرابەری کردۆتەوە، بەڵام مەڵبەندی شیمال کـە من بەرپرس بووم، زۆری کردوەو لە ڕاپۆرتەکـەدا یـەك لـە دەی بـاس نەکراوە.

بۆیە ئەگەر کەسێك پێی وایە زۆرم بە شەڕێکدا هەڵ نەداوەو سات بە سات شەڕەکەم نەنووسیوە، داوای لێبوردن دەکـەم. بـەلای منـەوە گـرنگ گەیانـدنی پەیامـە، دەکـرێ زۆر بنووسـیو مەبەسـتەکەت نەگەیەنیو دەشکرێ کەم بنووسیو مەبەستەکەت بگەیەنی، کـە مـن هیوادارم پەیامەکەم گەیاندبێ.

بۆ نووسینی ئەم بیرەوەرییانە کاك عیرفان ڕەهنموونو کاك شـەفیع ڕەوشـەنی هاوکـاریی دڵـسۆزانەیان کـردوم کـە ئەگـەر هاوکـاریو ماندووبوونی ئەوان نەبوایە، ڕەنگە نەمتوانیبا ئەم بەشە کەمەش لەو بیرەوەرییانە کە بەشێك لە خـەباتی کـادرو پێـشمەرگەکانی حیزبـە، بیخەمە بەرچاوی خوێنەران. بۆیە زۆر سوپاسیان دەکەم.

# شۆڕشی گەلانی ئێران ( پاوە )

زۆرداریی ڕێژیمی پاشایەتیو دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی گەیشتبووە جێگایەك کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران دژی ئەم ڕێژیمە دەست بدەنە خەباتێکی لێبڕاوانەو بۆ تێکەوەپێچانی ئەم ڕێژیمە نگریسە، لە هیچ چەشنە فیداکارییەك خۆیان نەبوێرن. خەڵکی شاری پاوەش وێڕای خەڵکی سەرانسەری ئێران لەم شۆڕشەدا چالاکانە بەشدارییان کردو لاپەڕەیەکی پڕ لە شانازییان بە مێژووی ئەم شارە زیاد کرد. لێرەدا ئەگەر بمەوێ بە وردی باس لە ڕووداوەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی، لەم شارەدا بکەم، بۆ خۆی کتێبێکی گەورە هەڵدەگرێو، مەبەستیش لەم بیرەوەرییە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ئەوکات نیە، بۆیە لێرەدا تەنیا باس لە چەند کردەوەی گرینگ دەکەم کە دەردەخا چۆن شۆڕشی دژی ڕێژیمی پاشایەتیمان دەست پێ کردو، ڕۆڵی ئەو کەسانە کە ئێستا سەردەمدارو دەمڕاستی ڕێژیمی ئیسلامین لەم شارەدا، چیو چۆن بوو.

لەم شارەدا چەند دەستە لاو دەستیان دابوویە دروشم نووسینو یەکەم ڕێپێوان لەلایەن کۆمەڵێك لاوی بەهەستو شۆڕشگێڕەوە ڕێکخراو یەکەم دەنگی "ئازادی، ئازادی"یان لە مەیدانی مەولەویی ئەم شارەدا بەرز کردەوەو، بەخێرایی هێزی شارەبانیی ڕێژیم گەیشتنە مەیدانی مەولەویو پێش بە ئەو کۆمەڵە لاوەیان گرتو داوایان کرد کە خۆپیشاندانەکە هەر لەوێ کۆتایی پێبهێنرێ، بەڵام داواکاریی پۆلیس قەبووڵ نەکراو لاوەکان (کە خۆم یەکێك لەو کۆمەڵە لاوە بووم) قەبووڵمان نەکرد. خەڵکێکی زۆری بازاڕی لە پیادەڕەوەکاندا ڕاوەستابوونو چاوەڕێ بوون تا بزانن چ دەقەومێ؟

بە پێداگرتنی لاوەکان، پۆلیس ناچار بوو پێشی خۆپیشاندەران ئازاد بکا. کاتێك خەڵك ئیرادەی پتەوو نەترسیی ئەو لاوانەیان دیت، کۆمەڵێك خەڵکی دیکەش بە خۆپیشاندانەکەوە پەیوەست بوون. تا دەهات خەڵك زیاتر دەبووو دروشمی "بی‌طرفها بی‌شرفند" لەلایەن

خۆپیشاندەرانەوە بەرز کرایەوە کە ئەم دروشمە بوو بەهۆی هاتنە مەیدانی خەڵکێکی زیاتر. پاش دەورێك سوڕانەوە بە شەقامی ئەسڵیی شاردا، گەڕاینەوە بۆ مەیدانی مەولەوی‌و لەوێ کۆ بووینەوەو بڕیارنامەیەك لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە خوێندرایەوە. لەو بڕیارنامەیەدا چەند داواکاریی لاوەکی هاتبوونە گۆڕێ کە دیارە ناوەڕۆکی بڕیارنامەکە بۆ خۆپیشاندەران زۆرگرینگ نەبوو، بەڵکوو گرینگ ئەوە بوو کە خەڵکی شاری پاوەش لەگەڵ کاروانی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی دەکەوت. لە بڕیارنامەکەدا هاتبوو:

1ـ چەند پاسەبانێك کە لە ئەزیەت‌و ئازاری خەڵكدا دەستی بالایان هەبوو، دوور بخرێنەوە.

2ـ داوا کرابوو کە ڕێژیم گرنگیی زیاتر بەم شارە بدات‌و ئیمکاناتی ڕەفاهی زیاتر بخرێتە خزمەت خەڵکەوە.

بۆ مێژوو، لەم خۆپیشاندانەدا، یەك مەلاش (تەنانەت لە دواکاتەکانیشدا) بەشدار نەبوو.

لەم جۆرە خۆپیشاندانانە لەم شارەدا، کە هەر جارەو بە بیانوویەك‌و بەپێی گەڵاڵەی ڕێکوپێك لەلایەن لاوە خوێندەوارو شۆڕشگێڕەکانەوە ڕێك دەخران، درێژەیان هەبوو. پاش ماوەیەك درێژەکێشانی ئەم خۆپیشاندانانە، بەداخەوە هیچ کام لە مەلاکانی شارو دەورووبەر، بەشدارییان نەدەکرد. لە دانیشتنێکی ئەم لاوانەدا، ئەو مەسەلەیە هاتە بەرباس کە ڕێژیم لەنێو خەڵكدا دەنگۆی بڵاو کردۆتەوە کە ئەو لاوانە کە خۆپیشاندانەکان ڕێك دەخەن، کۆمۆنیستن‌و دەیهەوێ بەو بیانوویەوە خۆپیشاندانەکان بە توندی سەرکوت‌و خەڵك چاوترسێن بکا. بۆ پێشگیری لە ئەگەرێکی وا بڕیارمان دا، هەوڵ بدەین بەهەر شێوەیەك بووبێ، چەند مەلایەك بکێشینە ناو ڕێپێوانەکان. بۆ ئەم مەبەستەش پوولێکی بەرچاومان کۆکردەوەو دامانە دەست کاك فەرەیدوون میتران‌و کاك کاوە بەهرامی تا لەگەڵ مەلا قادر قادری، ئیمام جومعەی ئێستای شاری پاوەو نوێنەری ڕێبەر لەم شارەدا، قسە بکەن‌و ئەو پوولەی پێ بدەن، بەڵکوو لە ڕێپێوانەکاندا بەشداری بکا. ئەم دوو هاوڕێیە کاتی گەڕانەوەیان لەم مەئمووریەتە، ڕایانگەیاند کە پوولەکەشمان پێ داوەو ئامادەش نەبووە بێ‌و لەگەڵ بکەوێ.

رووداوێکی دیکە کە ئاماژەپێکرنی زۆر بە پێویست دەزانم، لەبەر ئەوە لە کتێبی مێژووی هەورامانی بارام وەلەدبیگیدا نووسراوە کە گۆیا ئەوە مەلاکان بوون کە رێبەریی خۆپیشاندانەکانی دژی رێژیمیان لەشاری پاوە رێك خستوەو لەسەرەوەی ئەو مەلایانەش بە تەبعی ئاغای وەلەدبەیگی دەبێ مامۆستا مەلا قادر قادرییەکەی ئەو بێ کە دیارە فرِی بە راستییەوە نیە. دروستی رووداوەکە بە شاهیدی هەموو خەڵکی پاوە، بەمجۆرەیە کە دەیخەمە بەرچاوی خوێنەر:

رۆژێکی هەینی کە نوێژ لە مزگەوتی جومعەی پاوە کۆتایی پێهات، لەبەردەرکی مزگەوت کۆمەڵێ کادری شارەوانی بە تەواوی چەك‌وچۆڵیانەوەو بەسواری ماشێن لەوێ ئامادە ببوون، لاوانی شار کە پێشتر بریاری رێپێوانیان لەمزگەوتی جومعەوە دابوو، کەوتنە دروشم‌دانو هێزە ئامادەکەی رێژیمیش تەقەیان دەست پێکرد، خۆپیشاندەرانیش هێزەکانی رێژیمیان وەبەر بەرد داو شەرِی کۆڵان بە کۆڵان (خەڵك بە بەردو هێزەکانی رێژیم بە چەکی گەرم) تا نزیکەی ئێوارە درێژەی کێشا. لای ئێوارە نزیکەی 700 کەس بەرەو کوێستانی "هانەبەراڵوو" کەوتینە رێو هەر ئەو شەوە 300 کەس لە لاوەکانمان ناردەوە شارو داوامان کرد سبەینێ بەمەبەستی پشتگیری لەو کەسانەی کە هاتبووینە کوێستان خۆپیشاندان رێك بخرێ. ئەو لاوانەو کۆمەڵێ لە هاورِێیانی دیکەمان کە لەشاردا مابوونەوە، بەشەو تەواوی شاری پاوەیان ئاگادار کردبۆوە کە سبەینێ دەبێ خۆپیشاندانێکی گەورە بە پشتیوانی لە داخوازییەکانی لاوانی شاخ رێك بخرێ. ئەو شەوە تا بەیانی خەریکی گۆرِینەوەی بیرورِا بووینو ئەگەرەکانی ئاکامی ئەو کردەوەیەمان دەخستە بەرباسو رێگای جۆراوجۆرمان بۆ داهاتوو دەستنیشان دەکرد. بەیانی نزیکەی سەعاتی 10 ئاگادار کراینەوە کە هەموو خەڵکی شار بەنیشانەی پشتیوانی لە ئێمە دەستیان داوەتە خۆپیشاندانو بەرپرسانی حکوومەتی، فەرماندارو رەئیسی شارەبانیی شار، چووبوونە ناو خۆپیشاندەران تا گوێ لە داواکارییەکانیان بگرن. خەڵکەکە یەکدەنگ رایانگەیاندبوو داواکارییەکانمان داواکاریی ئەو کەسانەیە لە شاخەوەنو فەرماندارو رەئیسی شارەبانییان ناچار کردبوو کە بێنە کوێستانو

گوێ لە داواکاریەکان بگرن. نزیکەی سەعاتی 1ی پاشنیوەڕۆ، پێشەکی خۆپیشاندەرانی شار گەیشتە لامانو رایانگەیاند کە فەرماندارو رەئیسی شارەبانییان لەگەڵە. دەمودەست کاك کەماڵ زەردەشتیانو مەلا ناسر سوبحانیمان وەك نوێنەر دیاری کردن کە لەلایەن ئێمەوە قسە بکەنو بڕیارنامەیەکیشمان نووسی کە بخوێندرێتەوە. کاتێ فەرماندارو رەئیسی شارەبانی گەیشتنە لامان، لە پێشدا کاك کەماڵ زەردەشتیان قسەی کردو لە قسەکانیدا وتی شەوێکمان بە ئازادی لەم کوێستانەدا رابردو لە پێناوی ئازادیدا ئامادەین دەیان شەویتر لەم کوێستانانە کە جێگای بابو باپیرانمانە وەمێنین. مەلا ناسر سوبحانیش (کە مەلایەکی لاو بوو ساڵی 60 لەلایەن رێژیمەوە ئێعدام کرا)، دەستی بەقسە کردو قسەکانی بەڕادەیەك ئیحساسیو لە دڵی خەڵکەوە هەڵدەقوڵێن کە زۆر کەسی گریاند. ئەو لە قسەکانیدا وتی: "خودایە، سکاڵات لا دەکەین، کوردینو ناتوانین بە کوردی بخوێنین، خودایا سکاڵات لا دەکەین، کوردینو هیچ ئازادیەکمان نیە." پاش قسەکردنی ئەم دوو کەسە بڕیارنامەی خۆپیشاندەران خوێندرایەوە کە فەرماندار بەڵێنی دا کە ویستی خۆپیشاندەران بگەیەنێتە بەرپرسانی سەرەوەی خۆیو بەم چەشنە لە ناو شادمانیدا، خۆپیشاندەرانی شارو شاخ، لەگەڵ فەرماندارو رەئیسی شارەوانی بەدانی دروشمی بژی ئازادی، بەرەو شار گەڕاینەوەو لەم خۆپیشاندانەشدا مەلاکەی بارامی وەلەدبەیگی دیاری نەبوو.

زۆر رووداوی دیکەی وەك هێرشی چوماقداران بۆ شاری پاوە، بڕیاری چەککردنی شارەوانیی شارو پاراستنی شار، هەرکامەیان بۆ ئەوە دەبن کە دەیان لاپەڕەیان لەسەر بنووسرێ، بەڵام وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد، مەبەستم باسکردن لە یەکەیەکی ئەو رووداوانە نیە، بۆیە لەسەر رووداوەکانی شۆڕشی ئێران لە پاوە، ئەو چەند نموونەیە بە کافی دەزانمو وەك دەڵێن: "مشت نموونەی خەرواره."

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، فەزایەکی ئاوەڵای سیاسی لە سەرانسەری ئێراندا پێك هاتبوو. بەهۆی ئەم فەزا ئاوەڵایەوە حیزبو رێکخراوی جۆراوجۆر وەك کارگ هەڵدەتۆقین. لەو فەزایەدا بەهۆی دەنگدانەوەی خەباتی چریکەکان لە دەورانی ستەمشاهیدا

فەزای چەپ باڵی بەسەر ئێراندا كێشابوو. لاوانی تینووی ئازادیش هەر كام بەدوای ڕێكخراوی دڵخوازی خۆیاندا دەگەڕان، منیش یەكێك لەو لاوانە بووم كە بیرم لەوە دەكردەوە لەگەڵ چ ڕەوتێكی سیاسی بكەوم. تا ماوەیەك خەریكی موتاڵاكردنو هەڵسەنگاندنی ئەو ڕێكخراوانە بووم. بیروباوەڕی سێ ڕەوتی سیاسی لە كۆمەڵگای پاوەدا لایەنگریان هەبوو: ڕەوتی ئیسلامخوازی، ڕەوتی چەپو ڕەوتی میللیگەرایی. بیروباوەڕی من لەگەڵ ڕەوتی سێهەم، واتە ڕەوتی میللیگەرایی، زیاتر لە دوو ڕەوتەكەی دیكە یەكی دەگرتەوەو بیروباوەڕی خەبات بۆ ڕزگاریی میللەتی كورد لە مندا زۆر بەهێز بوو. هەر ئەم بیركردنەوەیەم بوو كە لە ماوەی خۆپیشاندانەكانی دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا، زۆرتر دروشمی كوردانەم دەداو بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"، دروشمی "دێموكراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ كوردستان"م دەدا. لە بیرمە جارێك كە دروشمی "دێموكراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ كوردستان"م سەردا، بەبێ ئەوەی بزانم دروشمی چ حیزبێكە، شەوكەت سابیقی (كە پاشان بوو بە یەكێك لە مۆرە گرینگەكانی ڕێژیم "موشاویری بەنیسەدر" لە كوردستاندا)، هاتە لامو دەیگوت ئەو دروشمانەی تۆ دووبەرەكایەتی ساز دەكا كە منیش زۆرم گوێ نەدایە. ئێمە كۆمەڵێ لاو پێكەوە ڕەفیق بووینو لە زۆر بواردا پێكەوە هاودەنگیمان هەبوو. ئەو ڕۆژانە كە باسی سیاسی لە نێو لاواندا زۆر گەرم بوو، منو كاك فەرەیدوون میترانو كاك هادی حوسەینی لە ماشینە ژیانەكەی كاك هادیدا وێڕای گەڕان بەنێو شاردا، باسی سیاسیمان پێكەوە دەكرد. هەردووی ئەو ڕەفیقانە منیان تاوانبار دەكرد كە ناسیۆنالیستم، دیارە منیش ئەوەم بە تاوان نەدەزانیو دیفاعم لە بیروبۆچوونی خۆم دەكرد. چەند جارێك محەممەدئەمین سیراجیو كاك ئەبووبەكر هیدایەتی لەلایەن حیزبەوە هاتنە پاوەو زۆرتر پێوەندییان بە كاك سەید ڕەزاو كاك فەرەیدوونو... دەكرد. لە ڕێی ئەم هاوڕێیانەوە كەم كەم لەگەڵ بیروباوەڕی حیزب ئاشنا بووم. ئاگادار كراین كە حیزبی دێموكرات لە 11ی ڕەشەمەی 1357 ئاشكرابوونی خۆی ڕادەگەیەنێ، لەگەڵ هادیو فەرەیدوون بڕیارمان دا خۆمان بگەیەنینە ئەو میتینگە كە لە مەهاباد بەڕێوە دەچوو. بۆ ئەم

مەبەستە رۆژی 10ی رەشەمە لە پاوەوە بەرەو مەهاباد وەرێکەوتین، لە رێگای قازانچی بۆ کامیاران زۆری نەمابوو کە ماشینەکەمان بڕواتە ژێر تریلییەکو بۆ هەمیشە کۆتایی بە ژیانمان بێت، بەڵام بەخت یار بووو ماشینەکەمان لە جادە چووە دەرێو هیچمان بەسەر نەهات، بە پاڵ پێوەنان ماشینەکەمان هێنایەوە سەر جادەو درێژەمان بە سەفەرەکەمان دا تا گەیشتینە شاری بۆکان، لە بۆکان دۆستێکمان هەبوو بە ناوی عەلی بۆکانی کە لە پاوە دەبیری دەبیرستان بوو، باوکی موجەویری مزگەوتێکی بۆکان بوو، لەم شارەدا بەدوایدا گەڕاینو دیتمانەوە. پاش چاکو چۆنی، مەبەستی خۆمان لەو سەفەرە پێ راگەیاند. زۆری هەوڵ دا وا بنوێنێ کە حیزبی دێموکرات رابردووی باش نیەو پەشیمانمان بکاتەوە، ئێمەش هەوڵمان دەدا رازیی بکەین لەگەڵ حیزب هاوکاری بکا، بەڵام فایدەی نەبوو، لەگەڵمان کەوت تا مەهابادو ئێمەش چووینە ستادی حیزب کە ئەو دەم لە کۆشکی لاوانی مەهابادا بوو. لەلایەن هاوڕێ کاک جەلیل گادانییەوە پێشوازی کراینو پاش ماوەیەک حەسانەوەو چایی خواردن، بۆ شەو وەك میوان دراینە ماڵی کاك عومەر قازیو نزیکەی کاتژمێر 11ی شەو دوکتور قاسملوو سەردانی کردین. ئەمە یەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵ کەسێك بوو کە پاشان بۆ من بوو بە ئولگووو ئوستوورە. بەیانی رۆژی 11ی رەشەمە لە گۆڕەپانی یاریی تۆپی پێی مەهاباد میتینگەکە بە رێژەی پێشمەرگەو سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێ کردو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە، خەڵك بەشداری ئەم میتینگە بوونو پاش خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی، کاك دوکتور قاسملوو، سکرتێری حیزب پەیامی ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی راگەیاند.

پاش تەواوبوونی ئەم مێتینگە گەڕاینەوە بۆ شاری پاوەو هاوکات لەگەڵ ئێمەشدا کۆمەڵێکی دیکە لە لاوانی شاری پاوە لەگەڵ حیزب پێوەندییان هەبووو بە هەوڵو هیمەتی هەردوو کۆمەڵ، رێکخراوی حیزبمان لە پاوە دامەزراند. لەو ماوەیەدا کە رێکخراوی حیزبمان لە پاوە دامەزراند، مەگەر خۆمان پێوەندیمان بە حیزبەوە گرتبێ، ئەگەر نا، هیچ کام لە بەرپرسانی حیزبی تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش سەردانی رێکخراوی پاوەیان نەدەکرد.

لەباری سیاسیەیەوە زۆرمان لە حیزبایەتی نەدەزانیو تەنانەت کوردی نوسینیشمان بەڕادەیەك شپرزە بوو، تابلۆی ڕێکخراوی حیزبمان دابوو بە خەتاتێکی پاوەیی بەناوی موحەممەد یەزدانبەخشو ئەویش بە سەلیقەی خۆی تابلۆکەی ئاوا نووسیبوو: (بسم‌الله الرحمن الرحیم) حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانو ئەو بزوێنانە کە بۆ پیتی دیاریکراو دادەنرێن، لە هەموو شوێنێکی دانابوو، ئێمەش زۆرمان لێ نەدەزانی، بۆیە کاتی وەرگرتنەوەی تابلۆیەکە هیچ پرسیارێکمان لێ نەکرد، تا ڕۆژێك لە زانستگای رازیی کرماشانەوە کابرایەکی هەورامی بەناوی عوسمان کە ئوستادیار بوو لەو زانستگایەدا، سەردانی ڕێکخراوی پاوەی کردو تێگەیشتبوو کە تابلۆکەمان کەموکۆڕیی زۆرە، لەگەڵی باس کردینو پاشان ئێمە تابلۆکەمان گۆڕی.

لە ڕێکخراوی تازە دامەزراوی حیزب لە پاوەدا منو کاك خوسرەو بارامی ناونووسیی ئەو کەسانەمان پێسپێردرا کە دەبنە حیزبی. ڕۆژێك 10 کەس لە خەڵکی "دەربەیانی" پاوە کە لە 6 کیلۆمیتری ئەم شارەدا هەڵکەوتووە، هاتنە ڕێکخراوو داوایان کرد ناویان بنووسین. زۆرمان هەوڵ دا تێیان بگەیەنین کەسێك کە دێتە ریزی حیزبەوە پێویستە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب بخوێنێتەوەو ئەگەر قەبووڵی کرد، ئەودەم دەتوانین ناوی بنووسین. بەڵام وا دیار بوو ئەوان بە هەڵە پێیان وابوو ئەم ڕێکخراوە ناونووسیی خەڵك دەکا بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا دابمەزرێنو پاش ئەو هەموو هەوڵدانە لێمان تێنەگەیشتنو، بەناچار موشەخەساتمان لێوەرگرتنو پێمان وتن ئەوە ناومان نووسیونو هەر ئێستا دەینێرین بۆ مەهاباد، ئەگەر جارێکی دیکە بێنو داوا بکەن ناوتان پاك بکەینەوە، پاکی ناکەینەوە. وتیان باشە، زۆر مەمنوون بوونو ڕۆیشتن. دوای چەند کاتژمێرێك جارێکی دیکە هەر هەمان 10 کەس هاتنەوە لامانو داوایان دەکرد کە ناوەکانیان بکوژێنینەوە. ئێمەش دەمانگوت تازە ناوتان دراوە بە مەهابادو ئێمە هیچ کارێکمان پێ ناکرێ. بەکورتی پاش پاڕانەوەیەکی زۆری ئەو 10 کەسە، بەڵێنمان پێدان ناوەکانیان هەم لە پاوەو هەم لە مەهاباد بکوژێنینەوە. چۆن بوو ئەم چەند کەسە بەو زوویییە گەڕانەوەو لە ناونووسیی خۆیان پەشیمان بوونەوە، دیاربوو لە

دەرەوە ژمارەیەك مەكتەب قورئانی پێیان وتبوون ئەوانە كۆمۆنیستنو كافر، ئێوەش بوون بە كۆمۆنیستو كافر، بۆیە بۆ كوژاندنەوەی ناوەكانیان زۆر دەپاڕانەوە.

ئەم بۆچوونە كە گویا ڕێكخراوی حیزب ڕێكخراوێكی كۆمۆنیستییە، مەكتەب قورئانیيەكان پەرەیان پێ دەداو لەبەر ئەوە بوو كە خەڵكەكەی مەزهەبی بوونو دژی كۆمۆنیزمو خوداش هەڵناگرێ ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب لەباتی ڕوونكردنەوەی بەرنامەی حیزب بۆ خەڵك، زۆرتر ژێستی كۆمۆنیست بوونیان دەگرت. باسی ماتریالیستیان دەكرد، بەبێ ئەوەی باشیش لێی تێبگەنو ئەمە زەرەرێكی زۆری لە حیزب داو مەكتەبی قورئان كە ژمارەیەك مرۆڤی هەلپەرەستو قازانجخواز بەڕێوەیان دەبرد، لەم شێوە پڕوپاگەندەیەی ئەندامانی حیزب ئەوپەڕی كەڵكیان دژی حیزب، لێوەرگرت.

ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو كە لە فكری بەهێزكردنی پایەكانی خۆیدا بوو، نزیكەی بەهاری 58 كەسێكی بەناوی "زولفەقاری" ناردبووە شاری پاوەو لە "مهمان سرا"ی ئەم شارەدا جێگیر ببوو، لەلایەك دەستی دایە كۆكردنەوەی مۆرەكانی پێشووی ڕێژیمی پاشایەتیو هاوئاهەنگ كردنیان لەگەڵ بەناو مەكتەبی تازە دامەزراوی قورئان تا جێگایەك كە لە كارمەندە ڕەسمیيەكانی ساواكی پێشوو، كادیرە نیزامیيەكانی ڕێژیمی پاشایەتی لە هێزی دژی شۆڕشی ڕێژیمی شادا لە هیچ جینایەتێك دژی خەڵكی ئێران دەستیان نەپاراستبوو، وەك فاڕووق مەقسوودی كە پاشان بوو بە فەرماندەری سوپای پاسداران لە شاری پاوەو دژی شۆڕشی كوردستان بەكاریان هێنان. لەلایەكی دیكەوە هەر كەموكووڕییەكی ڕێكخراوی حیزبیان لە پاوە گەورە دەكردەوەو پڕوپاگەندەیان پێوە دەكرد. "زولفەقاری" جگە لەم كارانەی، دەستی دایە جاش سازیو ناوی پاسدارانی شۆڕشیان لەسەر دانانو بەداخەوە ڕێكخراوی حیزبیش كە پێی وابوو دەتوانێ لەم جاشانە بە قازانجی خەڵك لە كاتی پێویستدا كەڵك وەربگرێ، نەك موافیق بوو، بەڵكوو هاندەریش بوو. ڕووداوەكانی دوایی لەم شارەدا چەوتبوونی بۆچوونی ڕێكخراوی حیزبیان وەدەرخست.

## دامەزرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری پاوە

ئەم کۆمەڵەیە لە ژێر ڕێنوێنی کەسێك بەناوی نەریمان کە کوردی عێراقیو پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، بە کۆمەڵێ لاوی بەهەستو شۆڕشگێڕەوە دەستی بەتێکۆشان کرد. ئەم کۆمەڵە بیروباوەڕی مائۆئیستییان هەبووو زۆربەشیان کوڕی دەوڵەمەندەکانی شاری پاوە بوونو بۆ راکێشانی نەزەری جووتیاران، دەچوونە یارمەتیدانی جووتیارەکانو دەستیان بە درەوکردنو نۆك رنینەوە دەکرد. ژمارەیان زۆر کەم بووو کەم کەسیش ئامادەی هاوکاریکردنیان بوو کە لە دواییدا بوون بە کۆمەڵە.

### دامەزرانی کۆمەڵەی دیفاع لە ئارمانی گەلی کورد

ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن منو هاوڕێیەکمەوە کە هەردووکمان لە ڕێکخراوی حیزب لە پاوە هاتبووینە دەرەوە، دامەزرا. هۆی هاتنە دەرەوەی منیش لە ڕێکخراوی پاوە دەگەڕایەوە بۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێکخراوی پاوە، بەتایبەتی لەبواری فکریدا چەند کەسێکمان هەبوون کە بیروباوەڕی توودەییان هەبووو بەهۆی ئەوەوە کە زیاتر موحەممەد ئەمینی سیراجی سەردانی پاوەی دەکردو گرنگی زیاتری بەوان دەدا، لە ڕێکخراوی پاوە هاتینە دەرێو هەوڵی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیەمان دا. سەرەتا بەرنامەیەکمان بۆ نووسیو شوێنێکمان بۆ جێگای جەمعییەت، مانگانە بە 600 تمەن بەکرێ گرت کە 3 دیوی هەبوو، تایپو تەکسیرێکم بۆ گیرهێنابووو مۆرێکمان لە کرماشان بۆ ساز کردبووو پێش لەوەی ئاشکرابوونی کۆمەڵەکە رابگەیەنین، سەردانی ژمارەیەك کەسایەتیی خۆشناوم کردو داوای هاوکاریم لێ کردن. ڕۆژێك ڕۆیشتمە ئیدارەی گۆومرکی پاوەو سەردانی رەئیسی گومرکی پاوە کە کەسێکی زۆر خۆشناو بوو بەناوی حەمە عەلی کردو بەرنامەیەکم دایە. کاك شاهۆ حوسەینی لەوێ بووو پاش ئەوەی بەرنامەکەم پێدانو هێندێك ڕوونکردنەوەم لەبارەی

كۆمەڵەكەمانەوە پێدان، كاك شاهۆ كە ئەوكات فەرماندەی ژاندارمریی پاوە بوو، وتی: جگە لە بەرنامەی حیزبی دیمۆكرات هیچ بەرنامەیەك بەكەڵك نایە. منیش قسەكەیم زۆر پێ ناخۆش بوو، دەستبەجێ وەڵامم دایەوە: تۆ ئەفسەری شاهەنشاهیتو هەر دەبێ بیروباوەڕت ئەوە بێ. پاش راپرسی لە چەند نەفەرێك كە بەڵێنیی هاوكارییان دا، بەهۆی راگەیەندراوێكەوە "كۆمەڵەی دیفاع لە ئارمانی گەلی كورد"مان راگەیاند.

سەرەتای دەستبەكاربوونی كۆمەڵەكە، ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك پێوەندییان پێوە گرتینو داوای بەرنامەی كۆمەڵەكەیان لێكردین، پاش ماوەیەكی كورت ژمارەیەكی بەرچاو لە رووناكبیرانی شار هاتنە ریزی كۆمەڵەكەوە. دوای ماوەیەك كاركردن پێكەوە، كەم كەم باس لە دەركردنی راگەیەندراو دەهاتە گۆڕێو ئەوكاتە بوو كە نەزەراتی جۆراوجۆر دەهاتنە گۆڕێ، یەك دەیگوت، دژی "قیادە موەقەت" راگەیەندراو دەربكەین، یەك دەیگوت، بەدژی حیزبو یەك دژی سپاوو یەك بە موافیق، بەڵام بەهۆی ئەوە كە كەرەسەو ئیمكاناتی ماددیی كۆمەڵەكەمان لەلایەن منو هاوڕێیەكمەوە بەناوی "عیزەت رەسوولی" كە لە خەڵكمان وەردەگرت، دابین دەكرا. بۆیە گوێمان بەو پێشنیارانە نەدەداو بۆخۆمان بەویستی خۆمان بەناوی جەمعییەتەوە راگەیەندراومان دەردەكرد.

كۆمەڵەی زەحمەتكێشان كە پێیان وابوو ناوی "كۆمەڵە" قەواڵەكراوی ئەوانە، بە دامەزرانی ئەم كۆمەڵە زۆر حەساس بوونو لە بەرنامەیاندا بوو بەهەر شێوەیەك كۆسپ بخەنە سەر رێگای ئەم كۆمەڵەیە، بۆیە رۆژێك كوڕە پوورێكی خۆم كە زۆریش دۆست بووین، لەگەڵ كۆمەڵەی زەحمەتكێشاندا بوو، هاتە لام داوای كرد هەردوو كۆمەڵەكە بكەین بەیەكو بەرپرسایەتیی سەرەوە بە من بدرێ. پێشنیارەكەم قەبووڵ نەكردو پێم وت ئێوە بیروباوەڕێكی جیاوازتان لە ئێمە هەیە، ئێوە بۆ خۆتان كار بكەنو ئێمەش بۆ خۆمان كار دەكەین. جارێكی دیكە لەلایەن كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی "نەوسوود"ەوە كە هەر بیروباوەڕی كۆمەڵەی زەحمتكێشانی پاوەیان هەبوو، واتە كۆمەڵەی دوایی، هاتنە لامو داوایان كرد لەگەڵیان بڕۆم بۆ سەقزو لە كۆبوونەوەی گشتیی كۆمەڵەكەیاندا بەشداری بكەم، بەڵام بە بیانووی ئەوەی كە

کارم هەیە وەڵامی رەدم پێ دانەوەو لەگەڵیان نەرۆیشتم. دوای چەند مانگ تێکۆشان بەم ناوەوە، خەریك بوو کۆمەڵەکە دەبوو بە کۆمەڵەی دژی حیزب، منیش لەگەڵ ئەو هاورێیانەم مەشوەرەتم کردو دەرکی کۆمەڵەمان داخستو بە راگەیەندراوێك کۆتاییمان بە کاری کۆمەڵە هێنا.

جەوی شاری پاوە بەهۆی دنەدانی "زولفەقاری"و "مەکتەبی قورئان"، رۆژ بەرۆژ زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەچوو. رۆژێك چەند جاشێك بە ماشینێکی رێوی ئەرتەشەوە بۆ گەران چووبوونە دەرەوەی شار، بەهۆی ناشیبوونی شۆفیرەکەیان ماشینەکەیان هەڵدەدێرێو لەو تەسادوفەدا دوو جاش دەمرنو چەند جاشێکیش بریندار دەبن. مەکتەبییەکانی شاری پاوە دەنگۆیان بڵاو کردەوە کە حیزبی دیمۆکرات نارنجۆکی لەژێر ئەو ماشینەدا داناوەتەوە، بۆیە هەڵدێراوەو لەملاشەوە زولفەقاری لە دنەدانو رێکخستنی سپای پاسداران خافڵ نەبوو.

ژمارەیەك لە لاوەکانی ئەودەمی پاوە لە دەورووبەری مەیدانی مەولەوی لای دەرمانخانەی شەهید محەممەد عەلی نەقشبەندیدا، پاتۆقێکمان هەبووو رۆژانە لەوێ کۆ دەبووینەوە. سەرلە بەیانییەك کە لەوێ راوەستابووین، لە پرێکدا چاومان بە کۆرێکی دەروێشان کەوت کە بە دەف لێدانو زکرکردن بەرەولای شوێنی راوەستانی ئێمە دەهاتنو بە بریاری خۆیان بەم دەفو دایرەوە بۆ غەزای کافران هاتبوون، لەلای ئەو دووکانەدا کە ئێمە راوەستابووین دەورەی زکریان گرتو راوەستان. جاشدارخانەش ئیسکۆرتی دەکردنو مەکتەب قورئانییەکانیش لەگەڵیان بوون. پاش دەمێك زکرکردن کەوتنە جنێودانو قسەی خراپ کردن. کابرایەکی توودەیی بەناوی حەمە یۆسۆ کەریمی لەوێ بوو، بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخەکە رۆیشتە پشتی ماشینی ئاگرکوژێنەوە کە لەگەڵ کورەی زکری ئەم دەروێشانەدا بوو. زۆر رووهەڵماڵاوانە، داوای لە خەڵکەکە کرد ئەو دروشمە ئەو دەیدات، دووپاتی بکەنەوەو ئێمەش چاوەرێ بووین کە دروشمەکەی چی بێ؟! لە پرێکا هاواری کرد (لا اله الاالله) خەڵکەکە لەگەڵ ئەوەی کە دروشمەکەیان دووپات دەکردەوە، پێکەنینیان دەهات، سێ چوار جار ئەو دروشمەی دووبارە کردەوە. پاش دروشمدانی ئەم هەلپەرەستە بێبیروباوەرەش، دۆخەکە ئارام نەبۆوە، شانبەشانی

زکری دەروێشەکان، جاشەکانیش سەربانی ماڵە بەرزەکانی زاڵ بەسەر شوێنی زکرەکەیان بە چەکدار تەنیبوو. وا دیاربوو کە ژمارەیەك چەکداری سەربە حیزبیش کە دۆخەکەیان دیتبوو، بەرزاییەکانی بەرانبەریان گرتبووو سوپای سەحابەش کە زانییان لەبەرانبەر جاشەکانی ئەواندا چەکداری لایەنگری حیزبی دێموکرات سەنگەریان گرتووە، بارێکیان کردەوەو بڵاوەیان لێ‌کرد.

لە شوورای 11 کەسیی شاری پاوە، سەید رەزا، کاوە بەهرامیو سدیق بابایی سەربە حیزب بوونو باقیی ئەندامانی شوورا سەربە رێژیم بوون. لەم شوورایەدا سێ کەسەکەی سەربە حیزب ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدا کە ئاڵۆزی لە شارەکەدا کەم بکرێتەوە، بەڵام 8 کەسەکەی دیکە بەهاوکاریی مەکتەبی قورئانو زولفەقاری، رۆژ بەرۆژ تۆوی دووبەرەکایەتییان لەنێو خەڵکدا دەچاندو ئاڵۆزییەکەیان زیاتر دەکردو بە قسەی خۆیان دەیانهەویست دەسەڵاتەکەیان یەکلا بکەنەوەو تەحەمولی نەزەری موخالیفی خۆیان نەبوو.

## مانگرتنی شاری پاوە

هاتوچۆی شیوعییەکان بۆ پاوەو دۆستایەتییان لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیانی رێکخراوی پاوەو هاتنی "عەبدولوەهاب ئۆتریشی" بۆ پاوەو بە دواکەوتنی لەلایەن یەکیەتیی نیشتمانییەوە کە سەرپەرشتیی هێزەکەی یەکیەتی، لە ئەستۆی مەلا بەختیار بوو، ئاڵۆزییەکی سەیری پێك هێنابوو. ئەم کۆمەڵە رووداوە دەستیان دایە دەستی یەكو بیانوویان بۆ مەکتەب قورئانییەکان خۆش کرد تا رۆژی 1358/5/22ی هەتاوی تێکهەڵچوونی دوو کەس بە ناوەکانی محەممەد خان وەیسی (خەڵکی باینگان)و حەبیبوڵڵای مەلا شەریفی (خەڵکی شاری پاوە) کە عامیلی رێژیم بوو، کرایە بیانووو هەڕەشەیان لە دووکاندارەکانی شار کرد تا دووکانەکانیان دابخەنو بڕۆنە فەرمانداریو سەبارەت بەم دۆخە مان بگرن. ئەوە بوو مانگرتن دەستی پێ کرد، هێشتا مانگرتووەکان هیچ داواکاری یا بڕیارێکیان دەرنەکردبوو کە هێزێکی کۆماندۆی دەورە دیتوو لە لوبنان، بە سەرۆکایەتیی "ئەبوو

شەریف" بـە هێلیکۆپتـەر لـە شـاری پـاوە دابـەزینو رێگـای هاتوچـۆی خـەڵکیان لەگـەڵ جاشدارخانەی پاوە خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، لەم کاتو ساتانەدا بوو کە مـن سـەردانێکی مانگرتووانی بەردەرکی فەرمانداریم کردو ویستم بۆ مانگرتووان قـسە بکـەمو داوایـان لـێ بکەم واز لە مانگرتنەکەیان بێنن. مانگرتووەکان داوای گەڕانەوەی ئەرتەشو هێـزی رێـژیمیان بۆ پاوە دەکرد تا ئەمنییەتی شار دابین بکەن. دەمەویست تێیان بگەیـەنم کـە هـاتنی هێـزی رێژیم دۆخەکە خراپتر دەکا، چاکتر نابێ، کەچی لەلایەن چەند کەسێکەوە هێرشـم کرایـە سـەر کە نابێ قسە بکەم. یەکێك لەوانە کەسێك بوو بەناوی "توفیق نەقشی". ئەم جەنابە پەنابـەر بوو لە ئەمریکاو بە منی دەگوت: وەر خوارێ ئەمریکایی! ئێـستاشی لەگـەڵ بـێ ئـەمریکام تەنیا لە راگەیەنە گشتییەکاندا بیستووە، کەچی ئەو خائینە ئێستاش لـە ئەمریکایـەو ئـەو فەرمایشانەی دەفەرموون. یەکێکی دیکەیان کە هەر قـسەیەکی لـەو بابەتـەی پـێ دەگـوتم، "جەمیل سافیپوور" بوو کە لە زەمانی شادا، هاوکاری زۆر نزیکی سـاواك بـووو پاشـانیش بوو بە جێگری فەرمانداری پاوە کە بەهۆی دزییەکی زۆر کە لە ئەموالی خەڵکی کردبـووی، لەسەر کارەکەی لابرا، بەڵام بەهۆی نۆکەرایەتیی زۆری بـۆ رێـژیم زینـدانی نـەکرا. بـەکورتی رێگایان نەدا قسە بکەم. دۆست خوایەك هاتە لامو وتی ئـەوە خـەریکی چـیت؟ وەرە بـەجێی بێڵە، دەتگرنو ئیعدامت دەکەن. منیش بە قسەم کردو شوێنەکەم بەجێ هێشت بەرەو "قوڕی قەڵا" وەڕێکەوتم. لەوێش لە رۆژی 1358/5/23 مانگرتنێك لەبەرانبەر مانگرتنـی شـاری پاوەدا رێکخراو داواکاریی ئەم مانگرتووانە ئەوە بوو کە ئەمنییەتی ناوچە لەلایـەن خـەڵکی ناوچەکەوە، دابین بکرێ.

## مانگرتنی "قۆڕی قەڵا"

قوڕی قەڵا شوێنی حەسانەوەی موسافیرەكانی ڕێگای پاوە ـ كرماشانەو ئەشكەوتێكی تێدایە كە تا ئێستا كەس نەیتوانیوە بڕواتە ئەوپەڕی ئەم ئەشكەوتەوە، بەڵام تا 3140 میتری ئەم ئەشكەوتە شناسایی كراوە، چەند قاوەخانەیەكیشی لێ ساز كراوەو بەهۆی ئەوە لە داوێنی كێوی شاهۆ هەڵكەوتووە، ئاوەكەی زۆر ساردەو لەباری هەڵكەوتی نیزامییەوە شوێنێكی حەستەمو شاخاوییە. لە 35 كیلۆمیتریی شاری پاوەو 97 كیلۆمیتریی كرماشان هەڵكەوتووە.

گرووپی غارگەڕی كرماشان تا تەواوی 1340 میتریی ئەم ئەشكەوتەی ناسیوەو لەساڵی 78ەوە خەڵك سەردانیان كردوە. لەسەرەتای چوونە نێو ئەم ئەشكەوتەوە قندیلەكان بە شكڵی ماری كوبرا، مریەم موقەددەس، بابانوئێل، دەموچاوی مرۆڤ، نیو روخی شێر ...، كوهانی وشتر، كەشتی، ماسیو دەستو پەنجەی مرۆڤو پووتینو جیلوەیەكی زۆر جوانیان بەو ئەشكەوتە بەخشیوە.

چەندین شوێنی تالار شكڵی هەیە كە بەم ناوانە ناسراون: تالاری مریەم، بوزخ، بلووروو تالاری بووك كە زۆربەیان لە مەودای دوای 3140 میتری دان.

تالاری بووك بە بەرزایی تا رادەیەك زۆر بە میعماریی سروشتی بە چەشنێ دەرهاتوە كە دەڕوێتە ناو ئەم تالارە دەبێ كەوشەكان لە پێ بكەنیو بە پێی پەتی بچیتە ژوورەوە یا بە كەوشی خاوێنەوە كە شوێنەكەی زۆر خاوێنەو بریقە دەداتەوە. تالاری بلووریش نزیكەی یەك كیلۆمیتر درێژەو بەشێوەی بەرد دروست بووە، حەوزێكی جوان كە قووڵاییەكەی 12 میترەو ئاو بە شكڵی قلیان لە بنەوە دێتە دەرێو جیلوەیەكی جوانی بەو غارە بەخشیوە.

لە مەودای 2610 میتریدا 4 تاڤگەی هەیە كە ئاوی ئەو غارە پێك دێننو پاش ماوەیەك ... . بەپێی ئەو تاقیكارییانە كە خەڵك كردوویانە، لەوانەیە درێژی ئەم ئەشكەوتە زۆر لەوەش زیاتر بێ. لە "شویتەجاڕ" كە دەشتێكی شاخی شاهۆیە، خوڕەخوڕی ئەم ئاوە

بیستراوەو لە یەكێك لــە كونەبــەردەكانی "شــویتە جــارِ"ی شــاهۆوە شــتی نیــشانەكردوویان هاویشتۆتە ئەو گۆماوەو لە ئەشكەوتی قوری قەڵا ئەو شتە هاتۆتە دەرەوە، ئەمــەش نیــشان دەدا درێژیی ئەم ئەشكەوتە زۆر لەوە زیاترە.

ئەشكەوتی قوری قەڵا ئەگەر لە ژێر دەسەڵاتی كۆماری ئیــسلامیدا نەبوایــە، دەبــوو بــە سەرچاوەی داهاتێكی فراوان بۆ خەڵكی ئەو ناوچەیەو لەراستیدا دەبوو بە شوێنێكی خــۆش‌و زیاتر گرنگیی پێ دەدرا.

رۆژێك دوای مانگرتنی شاری پاوە، لە قوری قەڵا مانگرتن دەستی پــێ كــرد. داواكــاریی مانگرتووانی قوری قەڵا ئیدارەی ناوچە بەهۆی هێزی خۆوەڵاتییــەوە بــوو. بەرِێوەبــەری ئــەم مانگرتنە تارِادەیەك كەوتە ئەستۆی رێكخراوی حیزب لە پــاوە. بەرپرســایەتی بــەرِێوەبردنی مانگرتنەكە كەوتبووە سەرشانی كاك رەحیم بەغدادی كە خەڵكی شاری سنە بوو. لە مــاوەی 2 تا 3 رۆژ مانگرتنی قوری قەڵادا، لە ناوچە جۆراوجۆرەكانی هەورامان‌و جــوانرۆوە دەســتە دەستە خەڵك بۆ پشتیوانی لــە داخــوازیی مــانگرتوانی قــوری قــەڵا دەهاتنــە ئــەم شــوێنەو پشتیوانیی خۆیان رادەگەیاند. سەبارەت بە هەلومەرجی ناوچــەكە چــەند جارێــك لــە رێگــای تەلەفوونەوە پێوەندیمان بە شەهیدی نەمر كاك دوكتور قاسملۆوەوە گرت. كاك دوكتور نــەزەری ئەوە بوو كە رێژیم بەرنامەی ئەوەیە شەرِ بەسەرماندا بسەپێنێ، بۆیە ئامۆژگــاریی دەكــردین تا ئەو جێگایە دەگونجێ هەوڵ بدەین شــەرِ روو نــەدا. پــاش دوو رۆژ ئاگــادار كراینــەوە كــە وەفدێك لە بەرپرسانی ئوستان بــە ســەرۆكایەتیی ئوســتاندار كــە ئــەوكات "ســپهری" بــوو، ســەردانی مــانگرتووانی قــوری قــەڵا دەكــەن. رۆژی 58/8/25 وەفدەكــەی ئوســتان كــە پێكهاتبوون لە: سپێهری، حاجی ئاخونــد ـ فەرمانــدەی هــەنگی ژانــدارمریی كرماشــان ـ و زولفەقارو كۆمەڵێكی دیكە، لە باتی ئەوەی بێنە ناو مــانگرتووان، هــەروەك چــووبوونە نــاو مانگرتووانی شاری پاوە، هاتنە پاسگای قوری قەڵاو داوایان كرد وەفــدێك بــە نوێنەرایــەتیی لەلایەن مانگرتووانی قوری قــەڵاوە برِۆنــە پاســگاو داواكارییــەكانیان رابگەیــەنن. بــۆ ئــەم مەبەستە كاك رەحیم بەغدادی، كاك سەید رەزاو چەند كەسێكی دیكە دیــاری كــران‌و چــوونە

پاسگاو کاتی گەڕانەوەیان بۆ لای مانگرتووان، رایانگەیاند، داواکارییەکانی مانگرتووانی قوڕی قەڵایان داوەتە وەفدەکەی ئوستانو ئەوانیش وتوویانە پاشان وەڵامتان دەدەینەوە. وەفدی ئوستان زیاتر لەوە کە بۆ بیستنی داواکاریی مانگرتووانی قوڕی قەڵا هاتبن، مەبەستیان هەڵسەنگاندنی ورەی مانگرتووانو لەڕاستیدا تەواوکردنی پیلانەکەیان بوو.

شەوی 26ی گەلاوێژ کە گەشتییەکانی مانگرتووانی قوڕی قەڵا دەچنە لای "دوریسان" بۆ سەردان لە نیگابانەکانیان، دەکەونە بۆسەی پاسدارانو تەقایان لێ دەکرێو بەم چەشنە لەلایەن هەردوولاوە تەقە دەست پێ دەکاو بەڕەسمی رۆژی 26ی گەلاوێژی 1358 شەڕ دەستی پێ کرد. لە یەکەم تەقەدا مستەفا حسینی (ئێناخی) کە سەرپەرەستی نیزامیی مانگرتووانی قوڕی قەڵا بوو، شەهید دەبێ. ئێناخییەکان کە ژمارەیەکی زۆریان لە مانگرتنەکەی قوڕی قەڵادا بەشدارو هەموشیان چەکدار بوون، خوێنیان وەجۆش هاتو شەڕەکە گەرمتر بوو. لە بیمارستانی شاردا ژمارەیەکی زۆر لە پاسداران سەنگەریان گرتبووو پاش شەڕێکی توندو خوێناوی، بیمارستان لەدەست پاسدارەکاندا دەرهاتو ئەو ژمارە پاسدارە کە تێیدا بوون کوژران. یەکێك لە کوژراوەکان غەنی باباخاس بوو کە خوێنی بوو بە خوێنی سیاوەشو رێژیم لە بیمارستانی پاوە دەیان داستانی "جابولقاجابولسایی" (درۆی گەوری) لێ دروست کردو بەمەبەستی مەزلووم نیشاندانیو هاروژاندنی بیرورای گشتیی خەڵکی ئێران، رایگەیاند کە لەو شەڕەدا پاسدارەکانیان سەر بڕیون کە دیارە ئەمە فڕی بە راستییەوە نەبوو.

پاش گیرانی بیمارستانی پاوە، شەڕ کەوتە ناو شاری پاوەو بەشێکی زۆر لە شار کەوتە دەستی مانگرتوانی "قوڕی قەڵا"، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم هێزەی مانگرتوانی قوڕی قەڵا هێزێکی عەشایری بوو، بە مەیلی خۆیان دەجووڵانەوەو لە کۆنترۆڵدا نەبوون، جنێوی زۆر ناشیرینیان بە خەڵکی شاری پاوە دەداو ئەمە وای کرد زۆربەی ئەو خەڵکەش کە لەشاردا بێلایەن بوون، لەگەڵ مانگرتوانی پاوە یەکگرتووتر دیفاعیان لەشار کرد. دوایین ناوەندی رێژیم کە مابۆوە، پاسگای ژاندارمری بوو کە لە رۆژئاوای شاری پاوە هەڵکەوتبوو.

"چه‌مران" له‌م پاسگایه‌دا له گه‌مارۆی چه‌كدارانی سه‌ر به مانگرتوانی قوڕی قه‌ڵادا بوو. ئـه‌م چه‌كدارانه ده‌یانتوانی ئه‌م دوایین بنكه‌یه‌ی ڕێژیم بگرن، به‌ڵام چـه‌مران فریـوی دابـوون‌و پێـی ڕاگه‌یاندبوون تا به‌یانی مۆڵه‌تیان بدرێتێ تا به‌یانی به‌بێ شه‌ڕو كێشه پاسـگا ته‌سـلیمی ئـه‌و چـه‌كدارانه‌ی كـه گـه‌مارۆی پاسـگایان دابـوو، بـده‌ن‌و چـه‌كداره‌كانی ده‌وری پاسـگاش بـه‌م پێشنیاره ڕازی ببوون. چه‌مران له‌و شه‌وه‌دا له‌گه‌ڵ هه‌موو جێگایه‌ك پێوه‌نـدی گرتبـووو ئـه‌وه بوو به‌یانی 28ی گه‌لاوێژ خومه‌ینی فه‌رمانی جیهادی دژی گه‌لی كورد ڕاگه‌یانـدو فـه‌رمانی به هێزی هه‌وایی‌و ده‌ریایی‌و زه‌مینی دا كه به زووترین كات به‌ره‌و پاوه وه‌ڕێ بكـه‌ون‌و پـردی هه‌وایی بۆ ئه‌م شاره ببه‌ستن، هه‌ر له‌و كاته‌شدا به ئه‌ركی موسوڵمانانی زانـی كـه به‌شـداری له‌و جیهاده‌دا بكه‌ن. به‌دوای جیهادی خومه‌ینی‌دا، تاڵه‌قانیش ڕای‌گه‌یاند ئاماده‌یه چـه‌ك لـه شان بكاو بۆ جیهاد ڕه‌وانه‌ی به‌ره‌كانی شه‌ڕ له كوردستان بێ‌و، ئه‌مه به‌ناو پیـاو چـاكه‌كه‌یان بوو كه زۆر روونه خه‌ڵكی ساویلكه‌و ناحاڵی مه‌زهه‌بیش كه ژماره‌یان یه‌كجار زۆر بوو، به‌ره‌و مه‌یدانی جیهاد وه‌ڕێ كه‌وتن كه دیـاره مه‌یـدانی جیهـاد بـه زه‌عمـی خومـه‌ینی‌و ئاخونـده كۆنه‌په‌رسته‌كانی كوردستان بوو. خومه‌ینی كوشـتنی خـه‌ڵكی موسـوڵمان‌و بێـدیفاعی بـه ئه‌ركی شه‌رعی داناو له چوارچـێوه‌ی ئـه‌م په‌یامـه‌ی خومـه‌ینیی جـه‌للادو كۆنه‌په‌رسـتدا، ئه‌وه‌نده جینایه‌ت‌و بێ‌ڕه‌حمی ده‌رحه‌ق به خه‌ڵكی كوردستان له‌لایه‌ن ئه‌م هێزانه‌وه كرا كـه بـۆ گێڕانه‌وه نابێ.

چه‌مران‌و ژاندارمه‌كانی پاسگای ژاندارمریی پاوه كه له ده‌سـتووری جیهـادی خومـه‌ینی ئاگادار بوون، ده‌ستیان دایه به‌ره‌نگاری‌و به‌م چه‌شنه هێزی چه‌كداری مانگرتوانی قـوڕی قـه‌ڵا به‌هۆی بێ‌ئه‌زموونی‌و نه‌بوونی ڕێبه‌رێكی به‌ده‌سـه‌ڵات، تووشـی شـكان هـات‌و پاشه‌كـشه‌یان كرد. دواتر ڕێژیم زۆر داستانی سه‌یرو سه‌مه‌ره‌ی له ئیمدادی غـه‌یبی‌و توانـای چـه‌مران لـه‌و به‌ره‌نگاری‌یه‌دا ساز كردو خه‌ڵكیان له ئه‌سڵی مه‌سه‌له‌كه چه‌واشه ده‌كرد.

كاتێك شه‌ڕ ده‌ستی پێ كرد، ستادێكمان بۆ یارمه‌تی‌گه‌یانـدن بـه بـه‌ره‌كانی شـه‌ڕ ڕێـك خست‌و به‌شاره‌كانی كوردستاندا دابه‌ش بووین. من وه‌ك نوێنه‌ری ستاد لـه كامیـاران دیـاری

کرام. لە کاتی وەڕێ کەوتنماندا لە قوڕی قەڵا بەرەو کامیاران، لەگەڵ کاک "بەدیع هاشمی" کە ماشینێکی سووزوکی پێ بوو، سوار بوینو قەرار بوو تا نزیکەی روانسەر سوارم بکاو لەوەێ بە شاخی لای روانسەردا بە پێ بەرەو کامیاران بڕۆم. کاتێك گەیشتینە "ملە پاڵنگانە"و پیرە پیاوێکی برنەو لەشان، دەستی بە جنێودان بە بەدیع کردو وتی حەقت هێناوتە حەقجێو لێرە دەتکوژمو تۆڵەی باوکمت لێ دەکەمەوە. ئەم رووداوە بۆ ئێمە چاوەڕوان نەکراوو لەهەمان کاتدا زۆر سەیر بوو، روون نیە چ ساڵێك باوای بەدیع بابی ئەو پیرە پیاوەی کوشتوە، تازە روونیش نیە کە کوشتویە یا نەیکوشتوەو ئەگەر کوشتویە لەسەر چی بووە؟ پاش هەموو ئەمانەش، ئەمە چ پێوەندییەکی بە بەدیعەوە هەیە، دیارە ئەم پرسیارانە لە مەسایلی عەشایریدا بایەخیان نیە. کابرای عەشایر کاری بەوە نیە کە بەدیع هیچ پێوەندی بەو مەسەلەوە هەیە یا نیە، ئەو تۆڵە دەکاتەوە! جا لەهەر بێگوناحێکیش بێ بۆ ئەو فەرق ناکا. بۆیە ئێمە تەنیا رێگامان پاڕانەوە بوو لەو کابرایە کە سوودی نەبوو، ئەو هەر تەقەی خۆی دەکرد. تەنیا شانسێك کە هەمانبوو، ئەوە بوو کە کابرا ئەنگیوە نەبوو، بە بەدیعم وت برا بیگازێنە با لەو گرفتە نەجاتمان بێ، بەدیع هەر وای کردو لە شوێنی دیاریکراودا منی دەبەزاندو بەرەو کامیاران وەڕێ کەوتم، پاش ماوەیەك بە پێو بەسوارییی ماشین گەیشتمە کامیاران. لەوێ پێوەندی بە مەقەرەکانی حیزبو کۆمەڵەوە گرتو داوام کرد یارمەتی بۆ بەرەی شەڕی "قوڕی قەڵا" کۆ بکەنەوەو ئەو دەواو دەرمانەش کە لە شارەکانی دیکەوە دەگەیشتە کامیاران، دەهاتە لای منو لەگەڵ ئەو دوو بنکەیە تەرتیبی بەڕێکردنیمان دەدا.

رۆژێك کوڕێکی لاوی خۆش ئەندام هاتە لامو رایگەیاند کە دوکتورەو پێی خۆشە بەڕێ بکرێ بۆ بەرەی شەڕو دەرمانی بریندارانی ئەو شەڕە بکا. ناوی ئەم لاوە شۆڕشگێڕە دوکتور "رەشوند سەرداری" بوو. چەند چەکدارێکی خەڵکی قوڕی قەڵا کە سەربە مانگرتنەکەی قوڕی قەڵا بوون، لەوێ بوون، دوکتور "رەشوند"مان بە هێندێك دەرمانو خواردەمەنییەوە دایە دەستیانو زۆریان لێ پاڕاینەوە کە ئاگایان لە دوکتور "رەشوند" بێو، تا گوندی

"تەنگیوەر"ی ناوچەی "بێڵەوار"ی کامیاران هاورێیەتیمان کرد. مـەخابن‌و سـەد مـەخابن، پاش کۆتایی هاتنی شەڕی پاوە، ئەم لاوە کە سەر بە ڕێکخراوی چریکەکان بوو، ئیعـدام کـرا کـە روونـە بەرپرسـایەتیی ئیعـدامکرانـی ئـەو شۆڕشـگێڕە، بەدەسـت قەسـابی بـەناوبانگ "خەڵخاڵی"یەوە، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو چەکدارانە.

پاش دەستووری "جیهاد"ی خومەینی، هێرشی سوپای جەهل‌و نەزانی، تەنیا بەهێرش بۆ سەر شاری پاوە رانەوەستا. ڕێژیم ئەم هێرشەی بەرەو شارەکانی دیکەی کوردستان، کامیاران، سنە، سەقزو. . . درێژەداو رادیۆ تارانیش داوای لـە هێزەکانیـان دەکـرد مـەرزەکان بگـرن‌و نەهێڵن دژی شۆڕش لە مەرز دەرباز بن. ئەم پڕوپاگەندەیە فەزایەکی پێك هێنابوو کە بۆ ئـەو کەسانەی کە شارەزاییان لەشەڕ نەبوو، زۆر شوێن دانەر بوو. رادیۆ تاران ناوی شـوێنەکانی وا باس کرد هەروەك کۆنە ئەمنی‌یەکیان کردبێ بە بێژەر کە هـەموو کـەلێن‌و قوژبنـەکانی ئـەو ناوچانە شارەزا بێ. لەولاشەوە خەڵکی ناحاڵی‌و مەزهەبی هەرکامـەیان پەڕۆیـەکی سـپی‌یان لەسەریان گرێ دابوو کە ڕەستە بەناوبانگەکەی پیری جـەمارانی لـێ نووسـرابوو: "شـەڕ لـە کوردستاندا باشترین عیبادەتە". دەستووری جیهاد لە دژی خەڵکی موسوڵمانی کوردستان لە رۆژی 28ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی کودیتای ڕێژیمی شا بەسەر حکوومـەتی دوکتـور موسـەدیقدا بووو ئەمەش لەخۆیدا زۆر مانادار بوو. ڕۆژەکانی دوایـی هێـرش بـەرەو کامیـاران، سـنە، مەریوان، سەقز، بۆکان‌و مەهاباد تا گەیشتە سەردەشت درێژەی کێشا. منیش لـە پێـشەوەی ئەم هێرشە ئەم شار بۆ ئەو شار دەچووم. لە ڕەفیقەکانم هەڵبڕابووم‌و نەمـدەزانی چارەنووسـی ئەوان چی بەسەر هاتوە، ورەم بەتەواوی دابەزیبوو، پاش دوو ڕۆژ گەیشتمە شـاری مـەهاباد، لەوێ هێزی پێشمەرگە زۆر بە ڕێکوپێکی لـە هاتوچـۆدا بـووو ژمارەیـەك لـە هاوڕێیـەکانم دیتنەوەو کەم کەم ورەم وەبەر هاتەوە، زۆر شـادمان بـووم. لـەو ڕەفیقانـەم هـەواڵی ئـەوانی دیکەم پرسی، وتیان ئەوانیش بەڕێوەن، دەگەنێ.

بەرپرسانی حیزبی بەرەو سەردەشتیان بەڕێ کردین، وا دیار بوو شـەڕ بـەرەو مـەهابادیش دەهات، کە گەیشتینە سەردەشت لە مەدرەسەیەکی سەردەشت کە لـە بەرامبـەر ڕێکخـراوی

سەردەشتو خوارەوەی فەرمانداریی سەردەشت هەڵکەوتبوو، جێگیریان کردین، 14 تا 15 کەسێك دەبوین، هەموومان کارمەندی ئیداراتی پاوەو تەنانەت چەند کەسێکمان رەئیسی ئیداراتی پاوە بوون. بەهۆی ئەوە کە هەموومان کارمەند بووینو پووڵمان لە بانکدا بوو، پووڵێکی زۆر کەمان لەگەڵ خۆمان هێنابوو، ئەویش لە ماوەی ئەو چەند رۆژەدا سەری لە کەمی دابووو بارودۆخمان زۆر خراپ بوو، لەلایەك بێ پوولی، لە لایەکی دیکەش لە موخابراتی سەردەشتەوە تەلەفوونمان دەکردو هەر ئەو رۆژانەش رادیۆ تاران رایگەیاند دوو کۆمەڵ لاوی بەتواناو خوێندەوار کە زۆربەیان یا هاوڕێمان بوون یا خزم، ئیعدام کران. حیزبیش هەر لەم کاتەدا پارێزگاریی پادگانی سەردەشتی پێ ئەسپاردین. لەو رۆژانەدا بوو ئاگادار بووین کە دوکتور قاسملوو لە پارکێکی نزیك پادگانی سەردەشت بۆ خەڵك قسە دەکا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە منیش بەشدار بووم، دوکتور قاسملوو رایگەیاند: "زۆرمان هەوڵ دا لەگەڵ رێژیمی خومەینی داواکارییەکانمان لە رێگای وتووێژەوە چارەسەر بکەین، بەڵام مەخابن ئەم رێژیمە ئامادە نەبووو شەڕی بەسەردا سەپاندین. لەم رۆژەوە شەڕی پارتیزانی دژی رێژیم دەست پێ دەکەینو لەوانەیە خەباتی ئێمە بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانمان "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" ماوەیەکی درێژ بکێشێ." کاك دوکتور لە درێژەی وتەکانیدا رایگەیاند: "دەبێ خۆمان بۆ 25 ساڵ شەڕ دژی ئەم رێژیمە ئامادە بکەین."

ئێستا کە ئەم بیرەوەرییانە تۆمار دەکەم، پاییزی ساڵی هەشتاو سێیەو 24 ساڵ لەو رۆژە تێدەپەڕێ کە دوکتور قاسملووی نەمر لە وتارێکدا رایگەیاند کە خەباتی ئێمە دژی رێژیم لەوانەیە 25 ساڵ بکێشێ. هەروەك دەزانین ئێستا هەلومەرجی ناوخۆییو دەرکیی ئێران بەرەو ئەوە دەچێ کە پێشبینییەکەی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو وەك هەموو پێشبینییەکانی بێتە دی. بەهیوای ئەو رۆژە.

لە سەردەشت بووین کە بە تەلەفوون ئاگادار کراین کە ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی حیزب بەناوەکانی سەیفەدین زیایی، حەبیب چراغی، جەعفەر عەزیزی، محەممەد حەیدەری، حسین شیانی، یونس کەریمزادە، دوکتور رشوند سەرداریو چەند تێکۆشەرێکی دیکە بەهۆی

خەڵخاڵی، قەسابی خەڵکی کوردستان حوکمی ئیعدامیان دراوەو حوکمەکەش بەڕێوە چوو. گێرانی ئەم ژمارە تێکۆشەرە لەلایەن ژمارەیەك جاشو خائینەوە بەڕێوەچوو کە دواتریش ڕێژیمی کۆنەپەرەست لە پاداشی ئەو جینایەتانەیاندا پلەی موشاویریی سەرکۆمار لە کوردستانو زۆر پلەی جاشایەتیی دیکەیان پێ درا. هیوادارم ڕۆژێك بێ کە بتوانین پەیکەری زێڕین لەو نەمرانە ساز بکەینو عەوامیلی خائینو جاش بەسزای خیانەتەکانیان بگەیەنین. شتی زۆر سەیرو سەمەرە ئەوەبوو بنەماڵەی ئەو شەهیدانە پێش لەوەی ئیعدام بکرێن، دەڕۆنە لای خەڵخاڵیو داوا دەکەن جگەرگۆشەکانیان ئازاد بکا، چون ئەوان بێتاوانن. خەڵخاڵی لە وەڵامدا پێیان دەڵێ، ئێمە دەیانکوژین، ئەگەر تاوانبار بوون ئەوە بەسزای خۆیان گەیشتوونو ئەگەر تاوانباریش نەبوون، دەچنە بەهەشتو ئەمەیە عەدلی ئیسلامیو قەزاوەتی قازیی موسوڵمانان.

ئەو کۆمەڵە هاوڕێیە بووینە دوو دەستە، دەستەیەك بەرەو ئاڵواتانو کونەمشکێ وەڕێکەوتینو چەند نەفەریشمان بەرەو بێورانو بەردەپان وەڕێ کەوتین. لە بەردەپان مەقەڕێکی حیزبیی لێبوو کە **محەممەدئەمین** سیراجیو چەند کەسێکی دیکە کە یەکیان عەزیز ماوەرانی ـ توودەیی بووـ لەوێ بوون. وتمان دەمانەوێ بڕۆینە قەڵادزێ، ڕێگاکەی کامەیە؟ لە وەڵامدا وتیان ملی ئەو ڕێگایە بگرن دەگەنێ. لەوان جیا بووینەوە، ملی ڕێگامان گرتو پاش ڕۆژێك گەیشتینە قەڵادزێو دوای چەند ڕۆژ مانەوە لەم شارەدا، داوامان کرد لە ڕێگای سلێمانییەوە بماننێرنەوە بۆ هەڵەبجە، چونکە لەوێ خزمی زۆرمان بوون. ڕێژیمی عێراق داواکەی قبووڵ کردینو بەرەو هەڵەبجە وەڕێ کەوتینو لەوێش پێوەندیمان بەو کەسانەوە کرد کە لە سنووری نەوسوودەوە هاتبوونە خاکی عێراقو ئوردووگایەکیان لە نێوان هەڵەبجەو گوندی "عەنەب" بۆ هەڵدابوون. پاش ماوەیەکی کورت لە نوختەیەکی سنووری "وەزە زەرد" بنکەی حیزبیمان دامەزراندو دستمان دایە چالاکی. ماوەیەك بوو لە "وەزە زەرد" بووینو خەبەرم لە ماڵەوەی خۆمان نەبوو. ئاگاداریان کردم کە باوکم هاتووە بۆ سەردانم، کە چاوم پێی کەوت لە خۆشیان لە پێستی خۆمدا جێم نەدەبۆوە. کاتێ باوکم گەڕایەوە بۆ پاوە، ڕێژیم زانیبووی کە هاتوە

سەردانی منی کردوە، بۆیە لە زیندانیان کردبووو بەڕادەیەك ئەشکەنجەیان کردبوو کە خەریك بوو لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست بدا. تا ئەوکات لایەنگرەکانی موجاهیدینی خەڵك لەگەڵ ڕێژیم بوونو لەگەڵ دامودەزگاکانی ڕێژیم هاوکارییان هەبوو. ژمارەیەك لە لایەنگرانی موجاهیدین لە پاوەو لەو شوێنەی باوکمیان ئەشکەنجە کردبوو، عەکسیان هەڵگرتبووو لە ڕۆژنامەکەیاندا بڵاویان کردەوە. ڕێژیم بەو ئەشکەنجە نامرۆڤانەیە، لە باوکم رازی نەببوو، وەك ئەوەی دوازدە ئیمامی لەگۆڕ دەرهێنابێ خەریك بوون زەمینەسازییان دەکرد تا ئیعدامی بکەن. تەنیا تاوانی ئەوە بوو کە باوکی پێشمەرگەیەکەو سەردانی کوڕەکەی کردوە. خزمانو دۆستان چووبوونە لای خەلیفە عەلی بانیگانو داوایان لێ کردبوو کە کارێك بکا باوکم لە ئیعدام رزگاری بێ. خودا چاکەی خەلیفە عەلی بنووسێ، هەوڵی زۆری بۆ باوکم دابوو تا لە ژێر داری ئیعدام رزگاریی هاتبووو ئازادیش کرا.

## شەڕی سێ مانگە

پاش سێ مانگ بەربەرەکانێ قارەمانانەو وەشاندنی زۆر گورزی کاریگەر لە پەیکەری ڕێژیمی خومەینی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، خومەینی پەیامی 27ی خەزەڵوەری ناردو لە پەیامەکەیدا رایگەیاند ناحەزان خراپیان تێگەیاندوەو رایگەیاند ئامادەیە مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکا. لەم هەلومەرجەدا بوو کە زەمینەی گەڕانەوەمان بۆ شاری نەوسود زۆر لەبار بوو. هەربۆیە بەرەبەرە خۆمان لەشاری نەوسود نزیك کردەوەو گەڕاینەوە شاری نەوسود کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمو گوڕی خەڵکی نەوسود بەرەوڕوو بووین. بە گەیشتنەوەمان بۆ نەوسود بنکەکانمان دامەزراندو کۆمیتەی نەوسود بۆ ئیدارەی شار دەستبەکار بوو، کۆمیتەی شاری پاوەش خۆی نزیك شاری پاوە کردەوەو بنکەی خۆی لە "خانەگا" ـ گوندێکی 3 کیلۆمیتریی شار ــ دامەزراند. منیش لەگەڵ هاوڕێیان سەید رەزا دروودگەر، شەهید عەبدوڵڵا بارامیو هادی حوسەینی لە خانەگا بووم. لە ڕۆژانی یەکەمدا خەڵکی شاری پاوە ڕێپێوانێکی گەورەیان بۆ پێشوازی لە ئێمە ساز دابووو بڕیاریان

دابوو بێنە خانەگاو ئێمە لەگەڵ خۆیان ببەنـەوە شـار، بـەڵام لەلایـەن جاشـە خۆفرۆشـەکانی پاوەوە بەرگرییان لـێکرابووو لەملاشەوە دەفتەری سیاسی پێی وابوو ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە شاری پاوە، دەست دەکەین بە تۆڵەکردنەوە، بۆیە رازی بە چوونی ئێمە بۆ شاری پـاوە نـەبووو رێژیمیش لە کاتی وتووێژ لەگەڵ وەفدی حیزب، مەسەلەی پاوەیـان زۆر حەسـاس دانـابوو. بـە پێی ئەم بۆچوونە بوو کە پێشگیری لە چوونەوەی ئێمە بۆ شاری پاوە کراو تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نەمانتوانی بگەڕینەوە شاری پاوە.

ئەو چەند کەسە کە باسم کردن، لـە خانـەگادا بـووینو لەگـەڵ خـەڵکی شـاری پـاوە لـە تەماسدا بووین. رۆژێك کاك توفیـق مـەولوودی کـە هاوتەمـەنی بـابم بـووو پیـاوێکی زۆر قسەخۆش بووو کوڕەکانیشی هاوتەمەنو هاورەفیقی من بوون، هاتە لامانو وتی من هـاتووم بـۆ پێـشمەرگایەتی، ئێمـەش زۆرمـان پـێ خـۆش بـوو. چـەند رۆژ بەسـەر هاتنەکەیـدا تێنەپەڕیبوو، لە قاوەخانەیەکی خانەگا دانیشتبووین، پرسیاری لـێ کردم ئەرێ ئـەم شۆڕشـە کەی کۆتایی دێت. ئەوکات هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کە پێك هـاتبوو: لـە حیزبـی دێموکرات، کۆمەڵەو چریکەکانو شێخ عیزەدین، لە وتووێژدا بوون، لـە وەڵامدا وتم لەوانەیـە 15 رۆژی دیکە مەسەلەکە چارەسەر بکرێ، رانەوەستا قسەکەم تەواو بکەم، وتی باشە باشە، درێژەم بە قسەکەم داو وتم لەوانەشە 15 ساڵ بکێـشێ، وتـی چـی؟ وتم لەوانەشـە 15 سـاڵ بکێشێ. بەسەریدا داو وتـی رۆڵـەرۆ، تـەڵاقم کـەوتبێ بـۆ دوو مـانگ هاتوومەتـە دەرێو مەبەستیشم ئەوە بووە بە پێشمەرگایەتی بگەڕێمەوە شـاری پـاوە، کابرایـەکی جاشـی رێـژیم بەناوی حاجیتەها، زۆری ئازارو ئەزیەت داوم، تۆڵەی لـێ بکەمەوە.

گوندی خانەگا، گوندێکی پاكو خاوێن بوو، خەڵکەکەشی ئەوکات خەڵکی زۆر بـاشو بـە حیزبدۆست ناسرابوون، ماوەیەك لەم گوندەدا کاری تەشکیلاتیی شاری پاوەمان بـەڕێوە بـرد. لەو ماوەیەدا خەڵك سەردانی دەکردینو ئێمەش هاتوچۆی گوندەکانی دەوروبـەرمان دەکـرد. پـاش چـەند مـانگ بـەناو وتووێـژی بێئاکـام درێـژەی هـەبوو، بـەڵام لـە قـسەی جـاشو سەردەمدارانی پاوەدا کە هاتوچۆی لای خومەینییان دەکردو داوایـان دەکـرد نـەهێڵن ئێمـە

بگەڕێینەوە بۆ پاوە، دەرکەوت کە وتوویژی ڕێژیم جیددی نیەو خەریکی خافڵاندنی هێزەکانی کوردستانی ئێرانو خۆ تەیارکردنە بۆ شەڕێکی دیکە تا سەرئەنجام ڕێژیم هێرشی بۆسەر گوندی خانەگا دەست پێ کردو بێ ئەوە لەگەڵ بەرەنگاریی جیددی بەرەوڕوو بێ، خانەگای گرتەوە. ئێمەش پاشەکشەمان کردو گەڕاینەوە بۆ نەوسوود. لەو سەرو بەندەدا کاك جەلیل گادانی بۆ گرتنی کۆنفرانسەکانی حیزبی بۆ دیاریکردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی چوار، هاتبووە شاری نەوسوود.

## چۆنیەتیی دیاریکردنی نوێنەر بۆ بەشداری لە کۆنگرەی چواردا

کاك جەلیل گادانی لە مزگەوتێکی شاری نەوسوود بەناوی "مزگیە قوڵە" کۆمیتە ناوچەکانی کۆ کردەوەو بەبێ ئەوەی لەسەر گرنگیی کۆنگرەو ئەرکو دەسەڵاتەکانی قسەمان بۆ بکا، داوای کرد کە هەر کۆمیتەیەك لە نێو خۆیدا، دوو نوێنەر هەڵبژێرێ بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا. بۆ نموونە ئێمە خەڵکی پاوە لە دەوری یەك کۆ بووینەوەو بەهۆی ئەوەوە کە لە ئەرکو گرنگیی کۆنگرە شارەزا نەبووین، کەسمان هەوڵی نەدا ببێتە نوێنەرو بگرە لەبەر ترس لە بڕینی ڕێگای دوور، دوو کەسمان دیاری کردن کە بەڕاستی ئەگەر هەڵبژاردن وەك ئێستاو بەنیازی ئێستاوە بەڕێوە چووبا، ئەو دوو کەسە جگە لە دەنگەکانی خۆیان نەبێ، تەنانەت یەك دەنگی دیکەشیان نەدەهێنایەوەو، بەم چەشنە پێنج کۆمیتە ناوچەی نەوسوودو پاوە، باینگان، نۆدشەو جوانڕۆ هەر یەکە دوو نوێنەریان بەو شێوەیە کە لەسەر یەك دەبوونە 10 نوێنەر، دیاری کرد. نوێنەرانی کۆنگرە بەرەو مەهاباد ــ شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی چوارەم ـ کەوتنە ڕێو پاش چەند ڕۆژ گەڕانەوە. کە باسی کێشەو ناکۆکیەکانی نێو کۆنگرەیان دەکرد، ئەودەم دەمانزانی بەشداری‌نەکردنمان چ زیانێکی بۆمان هەبووە.

پاش کۆنگرەی چوارو ڕەئی نەهێنانەوەی توودەیی‌یەکانی وەك حەمەدئەمین سیراجیو کەریم حیسامی، تەبلیغاتی دژی ڕێبەرایەتیی حیزب لە نەوسوود بەشێوەیەکی لاواز دەستی پێ کرد. ئەو کەسانە تەبلیغەکەیان دەکرد نەیاندەوێرا بەتەواوی ڕوخساری ڕاستەقینەی

خۆیان وەدەرخەن، هەر ئەوەندە بوو کە جاروبار دژی دوکتور قاسملوو چەند قسەیەکیان دەکردو ئێمەش زۆر بە جیددی بەرپرچی ئەم چەشنە پڕوپاگەندەیەمان دەدایەوەو بەڕاستی من بەرادەیەك رقم لە حیزبی توودە بوو کە ئەگەر براکەشم قسەیەکی خەیری بۆ کردبان، لەبەرچاوم دەکەوت.

هێشا کۆنگرەی چوارەم درێژەی هەبوو کە رێژیم لە دوو بەرەی پاوەو کامیارانەوە هێرشی دەوری دووهەمی خۆی بەشێوەیەکی پانو بەرین دەست پێ کردەوە. لەم نێوەدا بەربەرەکانێی ئازایانەی خەڵکی کامیاران کە بێشکەی منداڵەکانیان هێنابوونە سەر رێگای تانكو ماشینە هێرشکەرەکانی رێژیم، لاپەڕەیەکی زێڕینە لە خەباتی خەڵکی ئازای ئەم شارەو مایەی شانازی خەڵکی کوردستانە. ئەوەبوو شەڕ لە کامیارانەوە تێپەڕیو بەرەو سنە رۆیشت. لەبەر ئەوەی خەڵکی بێدیفاع نەکوژرێ، حیزب نەزەری ئەوە بوو کە لە شاری سنەدا شەڕ نەکرێو شەڕەکە بکێشرێتە دەرەوەی شار، بەڵام کۆمەڵەو چریك دەیانگوت سنە دەکەینە "ئیستالینگەراد"و شەڕیان لەناو شاردا دەست پی کرد. حیزب هەرچەند بەپێی راگەیەندراوێك نەزەری خۆی کە کێشانی شەڕ بۆ دەرەوەی شار بوو، راگەیاند، بەڵام کە شەڕەکە دەستی پێ کرد، حیزبیش لەو شەڕەدا بەشداریی چالاکانەی کردو سێ رۆژ پاش ئەو رێکخراوانە کە سنەیان دەکرد بە ئیستالینگەراد، لە سنە کشانەوە. لەم لاشەوە رێژیم هێرشی خۆی لە پاوەوە بەرەو نەوسوود دەست پێکردبووو دەیهەویست هەرچی زووتر ئەم شارە بگرێتەوەو خۆی بگەیەنێتە هێڵی سوور، بەڵام بەهۆی بەربەرەکانێی ئازایانەو لێبڕاوانەی هێزی شاهۆ، رێژیم نەیتوانی کەمترین سەرکەوتن وەدەست بێنێو هەرچی پەلاماری دەهێنا، تێك دەشکا.

رێژیم دوای ئەم شکانە یەك لەدوای یەکانە، بە ئیبتیکاری "ناسر کازمی" فەرمانداری پاوەو هەر لەو کاتەدا فەرماندەی سوپای پاسداران بوو، سیاسەتی زەوینگیریان گرتە پێش، واتە لەهەر شوێنێكدا توانیبایان یەك کیلۆمیترو تەنانەت کەمتریش بێنە پێشێ، پێگەیان تێدا دادەمەزراندو بەم چەشنە لە هەر هاتنە پێشەوەیەکیاندا چەندین مولگەیان دادەمەزراندو، شانبەشانی ئەمەش گەمارۆی ئابووریيان دەخستە سەر ئەو ناوچانە کە هێزی

پێشمەرگەی تێدا بوو. ڕژێم لەگەڵ ئەوەدا کە گەمارۆی ئابووریی دەخستە سەر خەڵك، لە بنەوە رایدەگەیاند کە ئەو پێشمەرگانەن ناهێڵن شتومەك بەرەو ناوچەی ژێردەسەڵاتیان بڕوات. دیارە لە نەوسوود لەو بارەوە گرفتمان زۆر نەبوو، چونکە لە عێراقەوە خواردەمەنی دەگەیشتە نەوسودو دەورووبەری، بەڵام بەو حاڵەش لەباری رەوانیيەوە ئەم پڕوپاگەندەیەی ڕژێم شوێنی لەسەر خەڵك دانابوو. خەڵك دەهاتنە لامانو دەیانگوت ئێوە بۆ ناهێڵن ئازووقە بێت بۆ ئێرە؟ ئێمەش پێمان گوتن ڕژێم درۆ دەکا، ئەوە ڕژێم خۆیەتی پێشگیری لە هاتنی شتومەك دەکا. فەرمانداری پاوە کە فەرماندەی سپاش بوو، رایگەیاندبوو ئەگەر حیزبی دێموکرات تەئیمینی گیانیم بکا، دێمە نەوسوودو لەوێ گەمارۆی ئابووریيەکەیان بۆ چارەسەر دەکەم. خەڵك هاتنە لای کۆمیتەی هەورامانو وتەی فەرمانداری پاوەیان راگەیاند. ڕێکخراوی هەورامانی حیزب، بۆ ئەوەی ریاکاریو درۆزنی ئەو پاسدارە بۆ خەڵك روون بێتەوە، بە خەڵکی راگەیاندبوو ئێمە ئامادەین گیانی بپارێزین، با بێت. کۆمەڵە هەڕەشەی کوشتنیان لەو کابرایە دەکرد، بەڵام کۆمەڵە لە هەورامان لە بەرامبەر حیزبدا ژمارەیەك نەبوون، بۆیە ڕێکخراوی هەورامان بەڵێنیيەکەی بەجێ هێناو ناسر کازمیی هێنایە نەوسوود.

## هاتنی ناسر کازمی بۆ نەوسوود

پاش بەڵێنیدان تەرتیبی هێنانی ناسر کازمی، فەرمانداری پاوەمان بۆ نەسوود دا. ناسر کازمی لە مەیدانی عەباس غوسمانی نەسوودا دەستی بە قسە کردو لە وتەکەیدا دەیگوت: ئەوە دژی شۆڕشە بۆتە هۆی جیابوونەوەو دڕدۆنگی ئێوەو خەڵکی پاوە لە یەکتر. ئەگەر ئێوە بێنە پاوە، من ئامادەم ئاشتتان بکەمەوەو، لەم بابەتە کۆمەڵێ قسەی کردنو لە قسەکانیدا رایگەیاند کە ئێوە لەنێو کوفردا دەژین!

دوای وتەکانی فەرماندار چاوەڕوانیمان ئەوە بوو بەرپرسێکی حیزبی دەست بە قسە بکاو وتە دووروویانەکەی فەرماندار رەد بکاتەوەو روونی بکاتەوە کە ئەسڵی مەسەلەکە چيیە.

کەچی مامۆستا حەمەرەشید ئەلیلە خەڵکی نەوسود، کە بەرپرسی کۆمەڵەی نەوسوود بوو، چووە سەر تۆیۆتابارێكو قسەكانی بە وتەیەك لە ماركس دەست پێ كرد كە فەرماندار ئەمەی زۆر پێ خۆش بووو بزەی دەهاتیو مامۆستا حەمەرەشید لە درێژەی قسەكانیدا دەتگوت كلاسی ماركسیستی بۆ كوڕو كچەكانی كۆمەڵە داناوەو لە بیری چووبۆوە كە لەو گۆڕەپانەدا كۆمەڵێ خەڵك وەستاون كە ئەو قسانەیان پێ گاڵتەیەو تەنانەت دژینی. قسەكانی مامۆستا حەمەرەشید لە تەواوبووندا بوون، من بە برادەرێكی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی كۆمیتەی شارستانی هەورامانم گوت ئێوە بۆ قسە ناكەن؟ وتی ئامادەییمان نیە، منیش پێم وت ئاخر قسەكردن ئامادەیی بۆچییە، ئەگەر ئێوە رازی بن من ئامادەم لە باتی حیزب قسە بكەم. ئەو هاوڕێیە بە منی وت ئەگەر ئامادەیت كەس موخالیف نیە. منیش چوومە سەر هەمان وانتبارو بە "قُل یا ایُهالناس انا خلقناكُم من ذكری و پنی وجعلناكُم مصوباً و قبائلاً لتعارفو ان اكرمكُم عندالله اتصقاكُم" دەستم پێكرد كە خەڵكەكە پێی گەشانەوە. پاش قسەكردنێكی زۆر لە سیاسەتی حیزب لە وەڵامی قسەكەی فەرمانداردا پێچەوانەی شیعرەكەی مووساو شوانەكەم بۆ دەوتو وتم (تو برای فصل كردن آمدی نە برای وصل كردن)و خەڵكەكە پێ كەنی. ئینجا پێم وت جەنابی پاسدار، پێش لە تۆو زۆر پێش لە سەلەفەكەی تۆو حەمەڕەزا شاش، خەڵكی پاوەو نەوسوود لەوپەڕی برایەتیدا دەژیانو ئەم خەڵكە زۆربەیان خزمو دۆستی یەكترین، ئەوان هیچ كێشەیەكیان پێكەوە نیە، كێشەی سەرەكیو دوژمنی ویستەكانیان ئێوەن. خەڵكەكە زۆر بەو قسانە گەشانەوەو چەپڵەیەكی بێبڕانەوەیان بۆ لێدام. لە درێژەی قسەكانمدا وتم "ئێمە دەمانزانی كە جگە لەوە كە فەرماندارەو رەئیسی سپای پاسدارانیشە زیاتر، بۆیە دەیهەوێ خۆی بگەیەنێتە نەوسوودو لەبەر ئەوە ناوچە شناسایی بكاو هێرشمان بۆ بكا، بەڵام لەبەر ئەوە دووڕوویی و ریاكاریی بەرپرسێكی ئەم رێژیمەتان بۆ روون بێتەوە، ئەوە بۆیە زەمانەتی گیانیمان كرد، وا ئێوەش دەبینن جگە لە چەند وتەی بێمایە نەبێ هیچی پێ نەبوو. ئەوكات سیاسەتی حیزب ئەوە بوو كە كەمتر هەڵمان دەكوتایە سەر خومەینی، بۆیە من لە قسەكانمدا بە كازمیم وت، ئێوە

راستییەكانی كوردستان بە ئیمام ناگەیەنن، ئێوە بە پێی فەرموودەی ئیسلامیش رەفتار ناكەن، ئیسلام بۆخۆی یانی ئاشتیو دینی ئیسلام دینی سولحو ئاشتییە. ئیشارەم بە ئایەی "قُل یا ایُهالكافرون" تا "ولا اكراه فی دین" داو ئەمەم كرد بە پایەی ئیستدلای، بۆ ئەوەی بڵێم لە ئیسلامدا دێموكراسی هەیەو ئێوە ئیسلامی ناجووڵێنەوە.

دوای تەواوبوونی قسەكانی من، كۆبوونەوەكە كۆتایی پێهاتو لەگەڵ ناسر كازمی بەرەو رێكخراوی نەوسوود گەڕاینەوە. لە رێدا ناسر كازمی پێی دەگوتم تۆ موسوڵمانێكی موئمێنی، بۆ ناگەڕیتەوە بۆ پاوە، خۆ تۆش قسەكانت لە چوارچێوەی ئیسلامو. . .دا بوو. منیش وتم سیاسەتی حیزبم باس كردوەو قسەی خۆم شتێكی دیكەیە، وتی بۆ وێنە؟ وتم خومەینی سەرچاوەی هەموو ئاژاوەو فتنەییەكە، پاش ئەم نیوە ڕستەیە ئیدی كازمی یەك قسەی لەگەڵ نەكردم. ئەو قسانەی من جگە لە كازمی، مەلا عەبدولڕەحمان نوریاوی كە ئەویش لە رێژیم قاچاخو پێشمەرگە بوو، زۆری پێ خۆش بوو. ئەوكات من ژنم نەهێنابوو، مەلا عەبدولڕەحمانیش ماڵو منداڵی هەبووو زۆری سپاس لێكردم بۆ قسەكانم. وتی پێم خۆشە شەو میوانی من بی، منیش بەڵێنم دایە. ئێوارە پێش لەوەی شام بخۆین، ئەو هەرچی ویستی لەگەڵم باسێك دامەزرێنێ، من خۆم لە باسەكە نەدا. پاش نان خواردن درێژەی داو وتی ئەو هەموو ئایەتانەت چۆن لە بیر بوو، تۆ راست دەكەی، ئیسلامم دینی ئاشتیەو دێموكراسییە. منیش بە پێچەوانەی قسەكانی بەیانیم وتم مەلا رەحمان لە بەرامبەر پاسدارێكدا كە كۆمەڵێ خەڵكی موسوڵمان دەوریان داوە، دەبێ وا قسە بكەی، بۆیە منیش وا قسەم كرد، ئەگەرنا بێقەزابی ئیسلامو دێموكراسی وەك "جن"و "بسماللە" وایەو، لەم بارەوە هەر بە پێی ئایەت زۆرم ئیستدلال بۆ كرد كە بەمە زۆر نارەحەت بووو دەمزانی لە ناخەوە پەشیمانە لەو میوانداریتییە.

دوای گەڕانەوەی ناسر كازمی، ئەگەری هێرشی رێژیمان بە شتێكی حەتمی دەزانی، بۆیە هەموومان ئامادەی بەرەنگاریی هێرشی رێژیم بووین. دەسكەوتی سەفەری ئەم پاسدارە جگە لە چەند هێرشێكی سەرشۆڕانە كە هەموو جارێ بە ژمارەیەكی كوژراوەوە تێك دەشكا،

بەیاننامەیەك بوو كە لە رادیۆ كرماشان بڵاو كرایەوە كە تەواوی مووچەخۆرانی نەوسوود دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پاوە، ئەگەرنا رێژیم لەسەر كار وەلایان دەنێ. پاش بڵاوبوونەوەی ئەم بەیاننامەیە، مووچەخۆرانی رێژیم لە نەوسوود كە زۆر بێئیرادەو ل هەمان كاتدا مەسڵەحەتخواز بوون، بە لێشاو دەهاتنە رێكخراوی حیزبیو داوای رۆیشتنیان بۆ پاوە دەكرد. رێكخراوی حیزبیش هەرچی ئامۆژگاریی دەكردن بمێننەوە، بەداخەوە سوودی نەبوو، بەم چەشنە بەرەبەرە مووچەخۆرانی رێژیم ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیان بەجێ هێشت.

سێزدە ساڵ پاش ئەم رووداوە كاتێ بەناچار مەقەرەكانمان هێنایە شاری كۆیە، راست ئەو كاتە بوو كە رێژیمی عێراق لە كوردستان كشابۆوەو، حكوومەتی هەرێمی كوردستان كاروباری كوردستانی هەڵدەسووڕاند. بۆ كارێكی پەروەردەیی لەگەڵ كاك حەمەنەزیف قادری رێگام لە ماڵی مامۆستایەكی خەڵكی كۆیە كەوت. هاوین بوو، لە دەرەوە ماڵێكی گەورەو بەدیمەن جوان، كە چووینە ژوورەوە ماڵێكی رەشو رووتو تەنیا كولیرێكو فەرشێكی سێ لە چوارو چەند قاپو قاچاخێی تێدا بوو. نازانم چۆن بوو بە مامۆستاكەم وت، ئێوەش عادەتێكی سەیرتان هەیە، بە هاوینان هەموو وەسایلی ماڵەوەتان كۆ دەكەنەوە بۆ ئەوەی ماڵەكانتان فێنك بكەنەوەو وەسایلەكانتان كۆنە نەبێ. مامۆستاكە پێكەنیو وتی: ئەوە راستە كە زۆرمان هاوینان فەرشی ماڵمان كۆ دەكەینەوە، بەڵام سوێند بە موقەدەساتم لەبەر ئەوە ماوەیەكی زۆرە هیچ مووچەیەكمان پێ نەدراوە، هەرچی كەرەسەی ناو ماڵە، لەبەر ئەوەی منداڵەكانمان لە برسا نەمرن، فرۆشتووەو زۆر ژەم بە نانی وشكی رازی دەبین تا بتوانین درێژە بە ئەركی نیشتمانیی خۆمان بدەینو نەهێڵین منداڵانی ئەم شارە لە نیعمەتی خوێندن بێبەری بنو درێژەی داو وتی، ئێمە عادەتمان بەم وەزعە كردوە، ئەوە چەند جارە من ماڵو كەرەسەی ماڵم كڕیوەو هەر جارە بەهۆیەكی لەم بابەتەوە هەموویم لەدەست داوە، بەڵام نەك ماڵ، ئامادەین گیانیشمان لە رێگای كوردایەتیدا فیدا بكەین. هەر لەو ماوەیەدا چەند مامۆستای قوتابخانەم چاو پێكەوتن كە وێڕای دەرس گوتنەوە بە منداڵان، هاوینان كرێكاریو حەماڵیو دەستفرۆشییان دەكرد. زۆربەی ئەم مامۆستایانەش مەدرەكی لیسانسیان هەبوو. لێرەدا بوو

کە تاوێك رامامو وێڕای ئافرین گوتن بە هیمەتی ئەم مامۆستا دڵسۆزو نیشتمانپەروەرانە، وەبیر مامۆستایانی بێورەو قازانجویستی نەسوودو بەگشتی ئەو کەسانە کەوتم کە تەنیا بۆ ئەوەی ئاسوودەیی خۆیانو ماڵو منداڵیان تێك نەچێ، ئامادە نین کەمترین فیداکاری لە رێگای رزگاریی گەلو نیشتماندا بکەن.

بە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستاندا وەڤدێکی دەفتەری سیاسی بە سەرۆکایەتیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە هاتنە ناوچەکانی سنەو مەریوانو هەورامانو، دەستیان بە رێکخستنەوەی سەرلەنوێی کۆمیتەکانی ئەم ناوچانە کرد. لەو رێکخستنەوەو دابەشکردنی کارەدا کاك عەبدوڵڵا بارامی وەك بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی نەوسوود دیاری کراو منیش بوومە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی نەوسوود. لەو مەئمووریيەتەدا د 10 کادریان دیاری کردبوو کە منیش یەکێك لەو 10 کادرە بووم. لە کۆمیتەی ناوچەی نەوسوود کاری تەشکیلاتیی گوندەکانی "هانە گەرمەڵە، کێمنە، بیدرواز و دزاوەریان بەمن ئەسپارد. خەڵکی هانەگەرمەڵە ژمارەیەك لایەنگری رێژیمیان تێدا بوو، بەڵام حیزبیش لەم گوندەدا دەستەیەك پێشمەرگەی زۆر چاکی هەبوو. بەهۆی بوونی مەقەڕەی قیادەموەقەت لە گوندی کێمنەو بیدرواز، کەمتر هاتوچۆی ئەم دوو گوندەم دەکرد. خەڵکی دزاوەر بە زۆری لایەنگری رێژیم بوونو هەرکات دەمانهەویست کۆبوونەوەیان بۆ بکەین، کۆ نەدەبوونەوە. باسی هەر سەرکەوتنێکی حیزبیمان بۆ کردبایەن، دەیانگوت درۆیە یا وانیە. رۆژێك رێژیم هێرشێکی بەربڵاوی بۆسەر شاری نەسووود دەست پێکرد کە لەگەڵ بەرەنگاریی پێشمەرگە ئازاکانی هێزی شاهۆ بەرەورووبوونەوەو بەدانی نزیکەی 60 کوژراو پاشەکشەی پێکرا. لەبەر ئەوەی خەڵکی دزاوەر باوڕمان پێبکەن، بڕیارمان دا ژمارەیەك لەو جەنازانە لە دزاوەر بنێژینو بۆ ئەم مەبەستە لە پشتی بڵێندگۆ رامگەیاند خەڵکی موسوڵمانی دزاوەر، لەم شەڕە تازەیەدا نزیکەی 60 جەنازەی رێژیمان کەوتۆتە بەردەستو 11 جەنازەیان بەر ئێوە خەڵکی موسوڵمان کەوتوون تا بیاننێژن، تکاتان لێ دەکەین تا جەنازەکان دەگەنێ، دەستبەکار بنو 11 قەبر هەڵکەنن. خاکی دزاوەر زۆر سەخت بوو، هەڵکەندنی 11 قەبر لەڕاستیدا سزادانی

ئەو خەڵکە بوو. پاش ئەسپەردەکردنی ئەم 11 جەنازەیە، ئیدی خەڵکی دزاوەر نەیاندەوێرا باسی ناڕاستبوونی هەواڵەکانی حیزب بکەن.

خەڵکی گوندەکانی دیکەی نەوسوود وەك "شوشمێی سەرو خواروو، تەشار، وەزلێ، نەروێو نۆدشە خەڵکێکی کوردپەروەرو حیزبدۆست بوون، هەرکاتێ گیروگرفت بۆ حیزب بهاتبایە پێشێ، زۆر دڵسۆزانە هاوکارییان دەکردین. خۆ باسی فەرهەنگی پێشکەوتووانەی نەوسوود بەکەس نایەتە گێڕانەوە. لە ماوەی 16 مانگ مانەوەم لەم شارەدا، چکۆلەترین جووڵانەوەی نادروستم لە خەڵکی نەوسوود نەدیتو دیارە پێشمەرگەکانی حیزب ڕێزیان بۆ خەڵکەکەی نەوسوود دادەنا، بەڵام ئەم تەباییە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی پێشکەوتووانەی خەڵکی نەوسوود.

## دەستبەسەرداگرتنی گوردانی کۆماندۆی ڕێژیم لە نەوسوود

هێزی ڕێژیم لە پاسگای ژاندارمریی نەسوودو گوردانێکی کۆماندۆیی ڕێژیم کە لە شکڵی سێ گۆشەیەکدا بۆ پارێزگاری لە یەکتری دامەزرابوون، پێك هاتبوون. لەکاتی وتووێژی وەفدی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی، پێوەندیمان لەگەڵ ئەو هێزانە دۆستانە بووو هاتوچۆی یەکترمان دەکرد. ڕۆژێ کۆمەڵە بە هێزێکی سەد کەسییەوە بە سەرپەرستیی عەبدوڵڵا بابانو بەبێ پرس بە ڕێکخراوی حیزب، بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو هێزەی ڕێژیم وەڕێکەتبوون. کاتێ ڕێکخراوی حیزبیان لە نیەتی کۆمەڵە ئاگادار کردەوە، ڕێکخراوی حیزب بۆئەوەی ڕەوتی وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی تێك نەچێ، داوای لەو هێزەی کۆمەڵە کرد دەست نەداتە کارێکی ئەوتۆ، بەڵام دیارە کۆمەڵە گوێی بیستنی ئەم داوایای ڕێکخراوی حیزبی نەبوو، بۆیە پێمان ڕاگەیاندن ئێستا کە مەسەلەی وتووێژ لە ئارادایە، ئێمە ڕێگا نادەین لەبەر وەدەستهێنانی 100 قەبزە چەك، کەمتر یا زیاتر کۆمەڵە دەست بداتە کردەوەیەکی ئەوتۆو بەم چەشنە بەرگریمان لە هێرشی کۆمەڵە بۆسەر هێزی ڕێژیم لە نەوسوود کرد. ڕۆژی دوایی کۆمەڵە بەو ژمارە چەکدارەو چەند لایەنگرێك کە لە قامکی

پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین، دەستیان دایە خۆپیشاندانێك دژی حیزب دروشمی "سازشـکار محکوم است"یان سەر دەداو مەبەستیشیان لە "سازشکار" حیزبی دێموکرات بوو!.

پاش تێپەڕینی چەند ماوەیـەكو هێرشـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی رێـژیم بۆسـەر ناوچـە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ئیدی گومان لەوەدا نـەما کـە رێـژیم مەبەسـتی لـەو ئـاگربڕە، خافڵاندنی هێزی پێشمەرگەو بازسازیی هیزی خۆی بووە بۆ درێژەدانی شەڕ لـە کوردسـتاندا، بۆیە بڕیارمان دا ئەو هێزانەی رێژیم لە نەوسوود چەك بکـەین. بـۆ چـەککردنی ئـەو هێزانـە بەهۆی پێوەندییەکی باش کە لەگەڵ ئەفسەرەکان دامانمەزراندبوو، پێویستیی بە تەقو تـۆق نەدەکرد. لەو کاتەدا کە بڕیاری دەست بەسـەرداگرتنی ئـەو هێزانـەمان دا، فەرمانـدەی ئـەو گوردانە، سەرگورد "بێهرووز دانیش میهر" سەفەری کرماشانی کردبوو بۆ ئـەوەی کەرەسـەی راگواستنی چەكو تەقەمەنیو نەفـەراتی گوردانەکـە بێنـێو هێزەکـەیان لـە ترسـی دەسـت بەسەرداگیران رابگوێزن. راست لەو کاتەدا ئەفـسەرو کـادرو سـەبازەکانی ئـەو گوردانـە لـە بەشێك لە شوێن ئەو گوردانەدا ئاهەنگی شادمانی بەبۆنەی گەڕانـەوەیان لـە نەوسـوود سـاز دابوو. ئێمەش بەو بیانووەوە کە بانگهێشتی کراوین بۆ ئەم ئاهەنگە، پێـنج کەسـێك چـووینە ناو پایگاکەوەو قەرار بوو یەك کەس نیگابانی بەر دەرگە چەك بکەین کە هەر وامان کرد لـە شـوێنی ئاهەنگەکـەیان نزیـك کەوتینـەوەو بـەدوای ئێمـەدا هێزێکـی 50 کەسـی لـە پێـشمەرگەکانی دیکـەی هێـزی شـاهۆ هاتنـە ژوورەوەو چـووینە شـوێنی ئاهەنگەکـەو نەمانهێشت ببزون تا گوردانەکەمان چەك کـرد. دیـارە هـەواڵی ئـەم ئاهەنگـە یـەکێك لـە ئەفسەرەکانیان بەناوی "تەیموور" بەئێمەی دابوو. فەرماندەری ئەم عەمەلیاتە مـەلا محەمـەد جوانڕۆییو کەریم پوورقوباد بوون. لە کاتی چەککردنی پێگەکـەدا بـەپێی ئاگاداریـیـەك کـە هەمبوو، رووم لە شوێنی چەکە ژێ ـ سێ مزلیـیە ئاڵمانیـیەکان کرد. دوو چەکم لە شان کـرد کە بە چەکی کلاشینکۆفی خۆمەوە دەبوون بە سێ چەك. مەلا محەمەد جوانڕۆیی پێی وتم ئـەو چەکانە هەمووت بۆچیە؟ وتم: کلاشینکۆفەکە ئەمانەتە بەلامـەوەو ژێ ـ سـێ مزلیـیەکـەش یەکیان بۆخۆمو یەکیش بۆ عەبدولْخالق زوورئەسنا دەبێ کە لە ساڵی 63 لـە کـاتی هێرشـی

کۆمه‌ڵه بۆسه‌ر حیزب شه‌هید بووو ئه‌وکات کاری بیسیم چیه‌تی له ئه‌ستۆ بـوو، بۆیـه مـه‌لا **محه‌مه‌د** ره‌زایه‌تی داو له‌سه‌ری نه‌ڕۆیشت.

پاش چه‌ك‌كردنی گوردانه‌كه نۆره گه‌یـشته ژانـدارمری. سـه‌ره‌تا فه‌رمانده‌کـه‌ی هێنـدێك شه‌ڕی ده‌کردو ئاماده نه‌بوو پاسگا ته‌سلیم بکا، به‌ڵام پێشمه‌رگه‌کان گه‌مارۆیان داو تفـه‌نگی 106یان له پاسگاکه دابه‌ست، ئه‌ویش که زانی ئێمه بـۆ چـه‌ك‌كردنـی پاسـگاکه لێـبڕاوین‌و خه‌ته‌ری هه‌یه بۆیان، به‌ناچار پاسگای ته‌سلیم کرد. له‌و کاتانه‌ش‌دا بوو که سه‌رگورد بێهـرووز دانش‌مێهر له پاوه به‌ره‌و نه‌وسوود گه‌ڕایه‌وه. 8 رینوی ئه‌رته‌شی له‌گـه‌ڵ خـۆی هێنـابوو کـه ده‌ست به‌سه‌ر ئه‌وانیش‌دا گیرا. تێکڕای به‌دیل گیراوه‌کانمان راگواستنه (مزگه‌یه قوڵه).

رۆژی دوای که هه‌واڵی ده‌ست به‌سه‌رداگیرانی هێـزه نیزامی‌یـه‌کانی رێـژیم لـه نه‌وسـوود به‌ده‌سـت هـه‌نگی ژانـدارمری کرماشـان‌و ئه‌رتـه‌ش‌و سـپای پاسـداران گه‌یـشتبـوو، راگه‌یه‌ندراوێکی پڕ له هه‌ڕه‌شه‌یان به هه‌واپه‌یما له ناوچه‌دا بڵاو کـرده‌وه. لـه‌و راگه‌یه‌نـدراوه‌دا گوترابوو، ئه‌گه‌ر تا ماوه‌ی 24 کاتژمێر گیراوه‌کان به چه‌ك‌و چـۆڵ‌و که‌ره‌سـه‌کانیانه‌وه ئـازاد نه‌کرێن، ناوچه بۆمباران ده‌که‌ن. حیزب زۆر گوێی نه‌دایه ئه‌م هه‌ڕه‌شه‌یه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ش رێـژیم هه‌رچی له دژی هێزی پێشمه‌رگه توانای هه‌با، کۆتـایی نـه‌ده‌کرد. بـه‌ڵام خـه‌ڵکی ناوچـه تـا راده‌یه‌ك نیگه‌ران بوون. 24 سه‌عات‌و 48 سه‌عاتیش به‌سه‌ر هه‌ڕه‌شه‌که‌ی رێژیم‌دا تێپـه‌ڕی‌و هیچی بۆ نه‌کرا، بۆیه بارودۆخه‌که ئاسایی بۆوه‌و نیگه‌رانی‌یه‌که نه‌ما.

پاش ئاسایی‌بوونه‌وه‌ی بارودۆخه‌که، بۆ قـسه‌کردن‌و روونکردنـه‌وه‌ی ئامانجـه‌کانی حیزبـی دێموکرات بۆ به‌دیل گیراوه‌کان من دیاری کرام. منیش زۆرتـر له‌گـه‌ڵ بێهـرووز دانـش‌مێهـر ده‌گه‌ڕام‌و به‌ڕاستی له‌گه‌ل ئه‌م دیلانه وه‌ك دیل هه‌ڵسوکه‌وتمان نه‌ده‌کردو بۆ گه‌ڕان به‌نێو شـاردا ماوه به ماوه به‌بوونی نه‌فه‌ری خۆمان له‌گه‌ڵیان پێشگیریمان لـێ نه‌ده‌کردن. سه‌رگورد بێهرووز دانش‌مێهر چاوی به پێشمه‌رگه‌یه‌کی به‌ساڵاچووو به‌ته‌مه‌ن ده‌که‌وت پێ‌ده‌که‌نی‌و ده‌یگوت ئێوه ده‌تانهه‌وێ به‌و هێزه‌وه شه‌ڕی پارتیزانی بکه‌ن‌و درێژه‌ی ده‌دا که باشترین ته‌مه‌ن بۆ وه‌رگرتنـی پارتیزان 16 تا 20 ساڵی‌یه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی پارتیزان که له 16 ساڵی‌یه‌وه ده‌ست پـێ ده‌کـا،

15 تا 20 ساڵ توانای هەڵسووڕانی هەیە. پاش 15 ـ 20 ساڵ تازە دبێتە 35 ساڵ کە لەم تەمەنەدا خاوەن ئەزموونێکی زۆرەو مێشکی زۆر چالاکەو لەم تەمەنشدا دەتوانێ ڕێبەرێکی باشی لێ هەڵکەوێ، بەڵام ئەم بەساڵدا چووانە نە ئامووزش وەردەگرنو نە توانای شەڕو هەڵسووڕانیان هەیە. بۆیە جگە لەوە کە بار بن لەسەر حیزب، هیچ سوودێکی دیکەیان بۆتان نیە. تازە ئەگەر کەسێکیان شەهید بێ دەبێ ژنو منداڵەکەشی بەخێو بکەن کە ئەمە لەگەڵ سروشتی شەڕی پارتیزانی یەك ناگرێتەوە. باشترین ڕێگا ئەوەیە کە ئەو پیرە مێردانە لە ماڵی خۆیان دانیشنو کارو کاسبی بکەن.

من دەمزانی قسەکانی زۆر مەنتقیان تێدایە، بەڵام لەبەر ئەوە فەرماندە گوردانی ڕێژیم بووو هەر لە قسەکانی بەگومان بووم. ئەم ئەفسەرە زۆر بیروبۆچوونی دیکەی هەبوون کە بەڕاستی دەریدەخست ئەفسەرێکی شارەزاو وشیارە. دوای ماوەیەك قسەکردن لەگەڵ دیلەکانو ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی حیزب سەبارەت بە مەسەلە جیاجیاکان، ئازاد کران. مانگێك پاش ئازادکردنی ئەم دیلانە، لە ڕێگایەکەوە هەواڵی سەرگورد "بێهرووز دانشمێهر"م پرسی، ئاگاداریان کردمەوە کە ڕێژیم پاش ئازادبوونیان ئیعدامی کردوە. بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر بەداخ بووم، چونکە بەڕاستی لە ڕێژیمێکی دێموکراتو ئازاددا، لە بیروتوانای ئەم جۆرە کەسانە زۆر بەباشی دەکرێ بۆ بەرگری لە وڵاتو زۆر کاری دیکە کەڵك وەربگیردرێ.

## سوپای رزگاری

ناوەندی ئەم سوپایە لە هەورامانی تەخت بوو کە لەلایەن شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندییەوە بەڕێوەدەچوو. ئەوەی ئەو سوپایەی لە دەوری یەك کۆکردبۆوە، بیروباوەڕێکی سیاسی نەبوو، ئەوەی ڕوون بوو ئەم سوپایە خۆی بەهێزێکی دژی ڕێژیمی ئاخوندی دەزانیو مەقەڕەکانیان بەزۆری لە ناوەچەی هەورامانی تەخت بوو، هاتوچۆی ناوچەی بێڵەواری کامیارانیشان دەکرد. ئەم سوپایە ژمارەی چەکدارەکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادی دەکردو

ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی دوو هەزار کەس لە خۆبایی بوونو کەوتنە کردنەوەی مەقەڕ لە کێمنەو هانەگەرمەڵە. تیمێکی کۆمیتەی هەورامان، پێکهاتوو لە: شەهید عەبدوڵڵا بارامی، منو 6 پێشمەرگە لەسەر مەئموورییەتی کۆمیتەی هەورامان بۆ روونکردنەوەی خەڵکی ناوچەی هەورامانی تەخت کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەم سوپایەدا بوو، سەبارەت بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات بەرەو ئەم ناوچەیە وەڕێ کەوتین. پاش قسەو باس لەسەر ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات لە گوندەکانی "ئەسپەریز، روارو دەڵەمەرز"، رۆژێك لە ماڵی کەسێك بەناوی "محەممەد کەیانی" لە گوندی "دەڵەمەرز" لە حاڵی حەسانەوەدا بووین کە هێزێکی زۆری سوپای رزگاری دەوری ماڵەکەیان داینو شێخ جەماڵ کە فەرماندەی ئەو هێزە سوپای رزگاری بوو، هاتە لامانو پێی راگەیاندین دەبێ ئەم ناوچەیە بەجێ بێڵین. ئێمەش لە وەڵامدا گوتمان ئێرە کوردستانەو ئێمەش پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتین، ئەم ناوچەیە بە پاوانی کەس نازانین، دێینە ناوێو کاری خۆمان دەکەین. ناوبراو وتی ئەوە ئێمە لێرە دەڕۆین، تا دەگەڕێینەوە نابێ لێرە بن.

پاش رۆیشتنی هێزەکەی سوپای رزگاری، لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە کە هەموویان خەڵکی نودشە بوون، راوێژمان کرد. پێشمەرگەکان دەیانگوت با بڕۆین، هەرچی بیرمان لێ کردەوە بەو پێشمەرگانەوە کە هیچ کامیان ئەهلی شەڕ نەبوون، مانەوە لە بەرژەوەندیماندا نیە، بۆیە گەڕاینەوە بۆ کۆمیتەی هەورامانو چۆنیەتی مەسەلەکەمان گێرایەوە. هاوڕێیانی کۆمیتە شارستانیش لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە گەڕانەوەمان کارێکی بەجێ بووە.

سوپای رزگاری رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر پێی لەبەرەی خۆی درێژ دەکردو بەهۆی دامەزراندنی ئەو مەقەڕانەی لە کێمنەو بیدروازدا، دەیهەویست فشار بخاتە سەر حیزبو لەو ناوچەیە دەریپەڕێنێ. پێش لە دامەزراندنی ئەم مەقەڕانە، هەرکات خواردەمەنیو کەلوپەلی سوپای رزگاری بە رێگای هانەگەرمەڵەو دزاوەرەوە دەگوێزرایەوە بۆ هەورامانی تەخت، سوپای رزگاری گومرکی کەلوپەلەکەی بە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی هەورامان دەدا، بەڵام پاش دامەزراندنی ئەو مەقەڕانە، رایانگەیاند کە لەوەبەدوا یەك قەرانیش گومرك نادەنو

لەوەش زیاتر چوونە پێشێو دەستیان لە ئیجرائات لەسەر خەڵکی ناوچە کردو، کار گەیشتە جێگایەك کە چەند پێشمەرگەی هێزی شاهۆیان گرتو چەکیان کردنو، تا دەهات گوشارەکەیان زیاتر دەکرد. من کە بەرپرسی کاری هانەگەرمەڵەو کێمنەو بیدرواز بووم، چوومە کۆمیتەی شارستان لە نەوسوودو لەسەر زێدەرۆییەکانی سوپایی رزگاری هاورێیان کۆمیتەی شارستانم ئاگادار کردەوە. بڕیار درا شەهید حەکیم رەزاییو کەریم پوورقوباد، فەرماندەری هێزی شاهۆ، بێنە هانەگەرمەڵەو بارودۆخەکە هەڵسەنگێنن، ئەگەر بەو ئاکامە گەیشتن کە سوپای رزگاری خەریکی خۆ قایمکردنە لەم گوندانە، ئەوە ئێمەش هێزی خۆمان لەو ناوچەیە تەقوەیت بکەین.

کاتێك لەگەڵ شەهید حەکیمو کاك کەریم گەیشتینە هانەگەرمەڵەو لە نزیکەوە بارودۆخەکەیان هەڵسەنگاند، بەو ئاکامە گەیشتن ئەگەر کارێکی جیددی نەکەین، سوپای رزگاری زۆر بەهاسانی باڵ بەسەر ئەو چەند گوندانەدا دەکێشێو ئەودەم دەبێ حیزب لەم گوندانە کە گوندی سنووری بوونو لە زۆر بارەوە بۆ کۆمیتەی هەورامان زۆر گرنگ بوون، ماڵاوایی بکا، بۆیە پاش تاوتوێکردنی دۆخەکە هاتینە سەر ئەو بڕوایە کە پەلێکی پێشمەرگەی زۆرباش لە لکی شەهید توفیقە رەش، بۆ پارێزگاری لە خەڵکی ئەم گوندانە لەدەست سوپای رزگاری بێنینە هانەگەرمەڵە کە دەستەیەك پێشمەرگەی زۆر ئازاو وریای لێبوو. بۆ ئەم مەبەستە هەر سێ نەفەر چووینە نۆدشەو مەسەلەکەمان لەگەڵ رێکخراوی نودشەو فەرماندەرانی لکی شەهید توفیقە رەش خستە بەرباس. پاش کۆتایی باسەکەی ئێمە، پیاوە پیرە قەدیم حیزبییەکان کە هەمووشیان بێسەواد بوون، موخالیفی ئەو بۆچوونەی ئێمە راوەستانو دەیانگوت ئەمە پیلانی دوو سێ کوڕە سەرڕووتی پاوەییە کە دەیانهەوێ حیزب لەگەڵ شێخ بەشەڕ بێت. من کە بارودۆخەکەی هانەگەرمەڵەم باش دەزانی، جارێکی دیکە گرنگیی مەسەلەکەم بۆ باس کردن. عەدنان نیربایۆنو عومەر کاپیتان لەگەڵ چەند لاوی دیکە لە کۆبوونەوەدا وتیان ئەمڕۆ لە هانەگەرمەڵە گوشارمان دەخەنە سەر، سبەیو دوو سبەیش نۆرەی نودشەیە، بۆیە بەتەواوی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانانە

ئامادین. پەلێك پێشمەرگە بۆ مەئموورییەتەکە ئامادەکرانو پیرەمێردەکانیش لەگەڵ کەوتن. کە گەیشتینە هانەگەرمەڵەو بارودۆخەکەیان دیت، تێگەیشتن کە ئیدی ئەمە پیلانی دوو سێ سەرڕووتی پاوەیی نیە. لەگەڵ ئەوەشدا یەك دوو پیرێکمان هەبوون کـە ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوچەش بوون، گرفتەکەیان ئەوە نەبوو کە قسەکانی ئێمەیان پێ نادروسـت یـا دروسـت بـێ، ئەوان لە بنەڕەتدا شەڕ لەگەڵ جەماعەتی شێخیان پێ گوناح بوو!.

پاش دامەزراندنی پەلە پێشمەرگەکە، شەهید حـەکیمو کـەریم پوورقوبـاد گەڕانـەوە بـۆ نەوسوودو سەرپەرستیی ئـەو پێـشمەرگانە کەوتـە ئەسـتۆی مـن. لـەباری تەداروکاتیـیـەوە گرفتمان نەبوو، چون هانەگەرمەڵە گوندێکی گەورە بووو پێـشمەرگەکانی تـێدا دەحاوانـەوە. ئێوارەی ئەو رۆژە رزگاری ژمارەیەکی دیکە چەکداری هێنایە مەقـەڕی هانەگەرمەڵـە، بۆیـە لەگەڵ حەمەخانی سەفابەگ، بەرپرسی ئەو دەستە پێـشمەرگە هانەگەرمەڵەییـەو سـەرپەلی ئەو پەلە نودشەییـیە هێنابووڤان، کۆبوونەوەیەکمان گرتو لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر ئەگـەری دەسـتپێکردنی شـەڕ لـەنێوان ئێمـەو سـوپای رزگاریـدا کـە دیاردەکـانی روون بـوو، پێشمەرگەکاڤان گرووپ گرووپ کردەوەو شـوێنی هـەر گرووپێکمـان دیـاری کـرد. مەقـەڕی پێشمەرگەکانی ئێمە لە پاسگای ژاندارمریدا بوو کە لەلای مزگەوت هەڵکەوتبوو. شـەو بـۆ حەسانەوە چوومە مـاڵی کـاك نقـی مـێتران کـە لـە خـوارەوەی مەقـەڕی سـوپای رزگـاری هەڵکەوتبوو. بەیانی کە وەدەرکەوتم وتیان ئاگات لە خـۆت بـێ، رزگـاری ئـەو راسـتاییـیەی گرتووە، مینش بەخێرایی خۆم گەیاندەوە مەقـەڕ، دیـتم پێـشمەرگەکانی ئێمـەش ئامـادەن. پرسیارم کرد چ خەبەرە، وتیان تەماشای ئەو بەرزاییانە بکە سوپای رزگاری هەمووی گرتووە، منیش وتم گرنگ نیە لەسەرەخۆ بن. لەم قسانەدا بووین شێخ ئەحسەن بە 5 ـ 6 چـەکدارەوە کە یەکیان کوڕێك بوو بەناوی عارف کە هەر دوو سێ رۆژ بوو لە حیزبەوە چووبووە لا ئـەوانو بۆ شێواندنی دۆخەکە لەگەڵ خۆیان دەیانگێڕا، پێـشمەرگەکان ویـستیان هـەر لـەوێ لـەو 6 کەسە بدەن، نەمهێشت، وتم ئەوە دەبێتە هۆی شەڕ لەنێوان ئێمەو ئەواندا. بـا نەبێتـە شـەڕ، بەڵام ئەو 6 کەسە کە گەڕانەوە بۆ مەقەڕی خۆیان، دەستیان بە تەقەکردن لە مەقەڕی حیـزب

کردو پێشمەرگەکانی ئێمەش وەڵامیان دانەوەو بەم چەشنە شەڕ لە ڕێکەوتی 1359/8/23 لـە نێـوان هێـزی شـاهۆ سـوپای رزگاریـدا دەسـتی پـێکرد. پێـشمەرگەکانی ئێمـە چ هانەگەرمەڵێیـەکانو چ نودشـەییەکان پێـشمەرگەی زۆر ئـازا بـوون، خـوا هـەڵناگرێ نالەکوردەش کە وەك هێزی بەرگری کاری دەکرد، بۆخۆی بە تـەنیا پـەلێك بـوو، لـە مـاوەی کەمتر لە یەك سەعاتدا مەقەڕی سوپای رزگاری لە هانەگەرمەڵـە دەسـتی بەسـەردا گـیراو بەرەو بەزاییەکانیش راونران. لەو شەڕەدا حەمـە قیتـەل لـە سـوپای رزگـاری کـوژراو 10 کەسیان لـێ بەدیل گیران کە یەکێك لە بەدیل گیراوەکان شێخ ئەحـسەن بـووو، نزیکـەی 30 قەبزە کلاشینکۆفو فیشەكو تەقەمەنییەکی زۆری دەسکەوتی ئەو شـەڕەبوو. پـاش دەسـت بەسەرداگرتنی مەقەڕی رزگاری، نامەیەکم بەهۆی ئەندامێکی حیزبییەوەو بە ڕێگای بیارەدا نارد بۆ نەوسوود بۆ کۆمیتەی شارستانی هەورامانو لە نامەکەدا هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی مەقەڕی رزگاری لە هانەگەرمەڵەو چۆنیەتیی دەسـتپێکردنی شـەڕەکەم بـۆ نووسـیبوونو لـە نامەکەدا نووسیبووم، نەزەرمان ئەوەیە سبەینێ بەیانی هێرش بکەینە سەر مەقەڕی رزگـاری لە کێمنەو ئەگەر ئێـوەش لەگـەڵ نـەزەری ئێمـە مـوافیقن، یـا بێنـە ئێـرە یـا بـا هێزەکـە هاوئاهەنگ بکەینو هێرش بکەینە سەریان. کەریم پوورقوباد لـە وەڵامـی نامەکـەی مـندا نووسیبووی ئێوە لە سەعات 5ی بەیانی لە قۆڵی باشووری کێمنەوە هێرشەکەتان دەسـت پـێ بکەن، ئێمەش لە قۆڵی رۆژهەلاتو باکووری کێمنەوە هێرشەکەمان دەست پێ دەکـەین پـاش خوێندنەوەی ئەم نامەیە ئێمە گەلاڵەی هێرش لە قۆڵی خۆمانەوە، واتـە لـە قـۆڵی باشـووری کێمنەوە داڕشتو بڕیار وابوو لەو قۆڵەدا لە سـێ لاوە هێـرش بکەینـە سـەر کمێنـە، قـۆڵی راستو چەپ سەعات 5ی بەیانی هێرشەکەیان دەست پێ بکەنو هێزەکـەی سـوپای رزگـاری سەرگەرم بکەنو ئێمەش سەعات 6:30 لە چۆمو باخەکانی کێمنـەوە هێرشـەکەمان دەسـت پێ بکەین. لەسەر سەعاتی 5 لە هەموو لایەکەوە تەقـە دەسـتی پـێکردو سـەری سـەعات 6:30 بە ئارایشی نیزامییەوە ئێمەش بەرەو کمێنە وەڕێکەوتینو تەقە هـەر هـەبوو، کاتـێ گەیشتینە نزیك گوندی کێمنە، تێگەیشتین چەکدارەکانی رزگاری زۆر لەوە بێورەترن کـە لـە

بەرامبــەر هێزەکــەی ئێمــەدا راوەســتن‌و هــەڵاتوون‌و هێزەکــە لــە کێمنــە یــەکی گرتۆتــەوە. پێشمەرگەکانیش کە لە گوندی کێمنەدا بوون بە گاڵتە بە ئێمەیان دەگــوت ســەعاتی خــەو،و بەم چەشنە رەزگاری لە کێمنەش دەرکرا. شەڕی هێزی شاهۆو سوپای رزگاری کێشایە شــاخی "تەتە"و ناوچەی هەورامانی تەخت.

هێزی رێژیم لەم هەلە کەڵکی وەرگرتبووو هێرشی خۆی بەرەو نەوسوود دەسـت پـێ‌کردبوو کە لەگەڵ بەرەنگاریی لکی شەهید محەممەدئەمین نادری‌و دەسەتەیەك لە پێشمەرگەکانی لکــی شەهید مستەفا حوسەینی بەرەوڕوو دەبێ‌و پاش دانی کــوژراو برینــدارێکی زۆر، بــە تونــدی تێك دەشکێ‌و پاشەکشە دەکا.

شەڕی هێــزی شــاهۆو ســوپای رزگــاری کێــشایە رۆژی ســێهەم‌و پێــشڕەوی تــا پاســگای ژاندارمری ژاڵانە درێژەی هەبوو کە لەم رۆژەدا پێشمەرگەیەکی یەکجار زۆر قارەمــانی هێــزی شاهۆ بەناوی "حەمەی قوتوەی" خەڵکی "بەلــەبزان" شــەهید بــوو. لــەم شــەڕەدا جگــە لــە پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ، خەڵکی چەکداری ئەو چەند گوندەش شانبەشانی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ دژی سوپای رزگاری شــەڕیان دەکــرد. لــە گرمــەی ئــەم شــەڕەدا بــۆ ترســاندنی چەکدارەکانی رزگاری، شەوانە بەهۆی خومپارەیەکی 120ەوە، گوللە خومپارەی منــەوەرمان هەڵدەدایە سەر شاری هەورامانی تەخت. ئــەم نوورهاوێژانــە هــەروەك گــوتم، بــە مەبەســتی ترساندنی سوپای رزگاری هەڵدەدراو سروشتی گوللــەی نوورهاوێــژ ئەوەیــە پــاش ماوەیــەکی کورت رووناککردنەوەی دەورووبەری خۆی، دەکوژێتەوە، کەچی سۆفییەکانی شــێخ وتبوویــان حیزب دەیهەوێ ماڵەکانمان ئاور بدات، بەڵام شــێخ بــە قوربــانی بم، فوویــەکیان لــێ دەکــاو دەکوژێنەوە.

لە درێژەی ئەم شەڕانەدا ئەرتەشی عێراق لەو مــەرزەدا داوای لــێ کــردین کۆتــایی بــەو شەڕە بێنین‌و تەنانەت هەڕەشەی کردبوو کە ئەگەر ئەو شەڕە درێژە بــدەین، ئــەویش بێ‌لایــەن نابێ. هاوکات لەگەڵ هەڕەشەی عێراق، کاك کەریم پوورقوباد داوای کۆبوونەوەی کــردو وتــی ئێمە بۆ درێژەدانی شەڕ پێویستیمان بە فیشەك هەیە، ئێستا لە ئــەنباری ئێمــەدا دوو هــەزار

فیشەك زیاتری لێ نیە، بۆیە هەلێکی باشە ئەوە پێشنیارەی عێراق قبووڵ بکەین‌و درێژە بە شەڕ نەدەین. بە ئەرتەشی عێراق راگەیەندرا کە سوپای رزگاری شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاندوەو ئەگەر مەرجەکانی ئێمە کە بریتی‌یە لە دانەنانی مەقەڕ لەو گوندانە، دانی گۆمرگ لە کاتی رەدکردنی هەر کەرەسەیەك‌داو دانەوەی فیشەکەکانمان لەو شەڕەدا قبوولّ بکا، ئێمە شەڕەکە رادەگرین. زۆر بەخێرایی نوێنەرانی سوپای رزگاری هاتنە شوشمێ‌و مەرجەکانی ئێمەیان پەسند کردو ئێمەش دیلەکانی ئەوانمان ئازاد کردن‌و شەڕ کۆتایی هات.

## هێرشی ئەرتەشی عێراق بۆسەر شاری نەوسوودو داگیرکردنی

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گرتنەوەی شاری نەوسوود بەهێزێکی یەکجار زۆرەوە هێرشی خۆیان بۆسەر سەنگەرەکانی هێزی شاهۆ دەست پێ‌کردو لە دووئاو پەڕینەوە. تەوازونی هێز بەڕادەیەك نابەرابەر بوو کە هێزی ئێمە تەنیا توانی 24 کاتژمێر بەربەرەکانێ بکاو بەناچار بەرەو دزئاوەرو کێمنەو بیدرواس کە لەباری هەلّکەوتی نیزامی‌یەوە باشتر بوون، کشاینەوەو هێزی کۆماری ئیسلامی تا دەکەلّی راسەری نەسوود هاتنە پێش. بۆ رۆژی دوایی عێراق هێرشێکی بەربلاوی بۆ شاری نەوسوودو بەرزایی‌یەکانی دەست پێ‌کردو هێزەکەی ئێرانی تا نزیکەی دووئاو کشاندەوەو خۆی لە چەند بەرزایی‌یەکی نەسوود دامەزراو بەم چەشنە رێژیم بەدانی کوژراوێکی زۆریشەوە نەی‌توانی بە مەبەستی خۆی کە داگیرکردنی نەوسوود بوو، بگات.

## کۆنفرانسی دزاوەر

پاش کشانەوەمان بۆ دزاوەر، وەفدی کۆمیسیۆنی تەشکیلات کە پێکهاتبوو لە: شەهید عەبدوللّا بارامی‌و تاهیر عەلیار، بە مەبەستی گرتنی کۆنفرانس بۆ هەلّبژاردنی کۆمیتەی شارستانی هەورامان هاتنە دزاوەر. لەو کاتەدا تیمێك پێشمەرگەی هێزی شاهۆ بە سەرپەرستی فەرەیدوون میتران کە ئەوکات بەرپرسی کۆمتیەی هەورامان بووو سەید رەزا

دروودگەر، چووبوونە ناوچەی كامیاران بۆ تەقویەتی پێشمەرگەكانی كامیاران كە ئەودەم بەشێك بوون لە هێزی شەریفزادە. وەفدەكە یەك دوو رۆژێ لەسەر ئەوەی فەرەیدوونو سەید رەزا بگەڕێنەوە راوەستان، بەڵام هەر نەهاتنەوەو دەستبەكاری گرتنی كۆنفرانس بوون. كۆنفرانس بە بەشداریی 56 ئەندام لە كادرو پێشمەرگە دەست بەكار بوو. پاش خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یادی شەهیدان، تاهیر عەلیار لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی كۆنفرانسو مەبەست لە گرتنی كۆنفرانس بۆ بەشداران قسەی كردو داوای كرد هەركەس هەر رەخنەو پێشنیارێكی لە كارو كردەوەی كۆمیتەی هەورامانو لەوەش زیاتر لە حیزب هەیە، لەو كۆنفرانسە نۆرە بگرێو قسەكانی بكا. ماوەیەكی پێ چوو كەس ناوی خۆی بۆ قسەكردن نەنووسی، لەو نێوەدا من ئیجازەم وەرگرتو داوام لە بەشدارانی كۆنفرانس كرد كە لەسەر گیروگرفتو مەسەلە جۆراوجۆرەكانی ئەم كۆمیتەیە قسە بكەنو رامگەیاند لەو ماوەیەدا كە پێكەوە كارمان كردوە، كاری چاكو خراپمان بووە، با لەسەریان باس بكەین بۆئەوەی ببنە دەرس بۆ داهاتوومانو، دانیشتمەوە. دوای دانیشتنەوەی منیش كەس ئامادە نەبوو قسە بكا، بۆیە دیسان هەستامەوەو دەستم بە قسە كرد. وتم: "لێرەدا دەبێ تەكلیفی دوو تیپ روون بكرێتەوە، یەكەم ئەوانەی لەگەڵ رێژیمی شادا هاوكار بوونو ئێستا لە ریزی حیزبی دێموكراتدانو، دووهەم ئەوانەی كە هاتوچۆی لای حكوومەتی عێراق دەكەن". لە هەر كامیان نموونەیەكم هێنایەوەو ئاماژەم بە كتێبی 8 هەزار ساواكی كرد كە ناوی نەفەرێك لە بەشداربووانی ئەو كۆنفرانسە لەو كتێبەدا بوو. تاهیر عەلیار وتی ئەو كتێبە راست نیە، بەو حاڵەشەوە كەوتینە دەنگ وەرگرتن بۆ ئەو نەفەرە كە داخوا بەشداری كۆنفرانس بێ یا ناو لە 56 كەس دانیشتووو 28 كەس دەنگی سپییان داو 14 كەس "ئەرێ"و 14 كەسیش "نا". بۆیە لەسەر قسەی تاهیر عەلیار بڕایەوەو ئەو نەفەرە لە كۆنفرانسدا مایەوە.

لەسەر تیپی دووهەم، واتە ئەو كەسانەش كە هاتوچۆی رێژیمی عێراق دەكەن، قسەم كرد. بەمچەشنە بەشدارانی كۆنفرانس كەوتنە نۆرە وەرگرتن بە موافیقو موخالیف لەسەر قسەكانی

من قسەیان كرد. لە هەڵبژاردنی ئەندام بۆ كۆمیتەی شارستان لە هەر دوو دەستە كـە باسـم لەسەر كردبوون، كەس دەنگی نـەهێناوەو منـیش دەنگـی ئـاخیرم بـۆ ئەنـدامی كۆمیتـەی شارستانی هەورامان هێنایەوە كە ئەگەر ئـەو قـسەكردنە نەبوایـە، بێگومـان لـە 5 كەسـی یەكەمدا دەنگم دەهێنایەوە.

ئێستا كە 25 ساڵ بەسەر ئەو كۆنفرانسەدا تێدەپەڕێو بیری لـێ دەكەمەوە، نـازانم ئـەو قسانەم بە خامیی سیاسی یا هەستی شۆڕشگێڕی دابنێم، بێگومانیش هەردووكیان.

دوای هەڵبژاردنی ئەندامان، كۆمیتەی شارستان لـە یەكـەم كۆبوونـەوەی خۆیـدا لەسـەر راسپاردەی كۆمیسیۆنی تەشكیلات، بڕیاری ناردنی تیمێك كادرو پێشمەرگە بۆ دامەزرانـدنی كۆمیتەی ناوچەی سەلاس پەسند كـرا. تیمەكـە پێكهـاتبوو لـە چـوار ئەنـدامی كۆمیتـەی شارسـتان، حەمەنـەزیف قـادری، فەیـسەڵ ئێراندوسـت، عومـەر شـەریفزادەو خـۆمو 8 پێشمەرگەشمان لەگەڵ بوون. كاتی بەڕێكەوتنمان بۆ ناوچە لە رۆمادییەوە 19 لاوی خـەڵكی سەلاسو باواجانی هاتنە لامانو لەگەل تیمەكەی ئێمە كەوتینـە رێو دوای بڕینـی سـێ رۆژ رێگا بەپێ، گەیشتینە "ئەزگلە" ناوەندی سەلاسی باواجانی. ناوچـەكە بـەهۆی چـەكدارێكی زۆر لە عەشایری ناوچە كە بەهۆی حكوومەتی عێراقەوە چەكدار كرابوونو سەر بە موخابراتی عێراق بوون، تەنرابوو. لێرەدا پێویست بوو هاوكات دوو كار بكەین: یەكەم بـۆ ئـەو 19 لاوە كلاسێكی سیاسی دایر بكەینو، دووهەم، لەگەڵ ژمارەیـەك لـەو چـەكدارانە كـە ئامـادەیی هاوكاری لەگەڵ حیزبی دێموكراتیان هەبوو، پێوەندی بگـرینو رێكیـان بخـەین. كلاسـەكەمان حەوتوویەكی كێشاو هەر چوار كەس دەرسمان دەگوتەوەو دەرسەكەش لەسەر بەرنامەو پێرەوی حیزب بوو.

سەبارەت بە تاقمە چەكدارەكان تاقمی فەتتاح بەگ كە ژمارەیان نزیكـەی 300 كەسـێك دەبوو، پێوەندییان پێوە گرتینو رایانگەیاند ئامادەن هەموو هاوكارییـەكمان بكـەن. خـواش هەڵناگرێ ئەوپەڕی هاوكارییان كردین، تەنانەت جارجار كـە لەلایـەن تاقمـە چـەكدارەكانەوە هەڕەشەمان لـێدەكرا، فەتتاح بەگ دەیگوت ئامادەم هەموو چەكدارەكانم لە پێناوی حیزبدا

فیدا بکەم. کارەکانمان بەشێوەیەکی باش بەرەوپێش دەچوون. رۆژێ 9 کـەس چـەکداری شـێخ هادی هاتنە لامانو رایانگەیاند دەیانهەوێ بێنە ریزی حیزب. سەرەتا پێمـان وابـوو پیلانـە، وتمان ئێوە بە پێشمەرگە وەرناگرین، دەتوانن بگەڕێنـەوە لای جەماعەتەکـەی خۆتـان، بـەڵام رازی نەبوونو پێیان داگرت کە هاوکارییان بکەین بێنە ناو حیزب، ئێمەش کـە دڵنیـا بـووین داواکاریی‌یەکەیان لە رووی نیەتی پاکەوەیە، بەهۆی پێشمەرگەیەکی خۆمانـەوە لـە تاریکـایی شەودا بەرەو نەوسوودمان بەڕێ کردن. رۆژی دوایـی تـاقمی شـێخ هـادی کـە 17 کەسـیان مابوون، هاتنە لامانو داوایان کرد هاوکارییان بکەین بۆ گرتنی ئـەو 9 کەسـەو دەیـانگوت ئێوە هێزەتان لە سەرەوە هەیە. ئەگەر بەلای هێزی شاهۆدا رۆیشتن، بگیرێنو تەسلیمی ئـەوان بکرێنەوە. ئێمەش بەبێ ئەوەی بێ‌سیم‌مان لەلا بێ، وتمان بەسەرچاو، بێ‌سیمیان بـۆ دەکـەین لەبەرە ئەوەی نەکا بەو رێگایەدا بڕۆن کە 9 کەسەکەمان ناردوە. وتمـان ئێـوە بـەرەو جـوانڕۆ بڕۆن، لەوانەیە لە جوانڕو خۆیان تەسلیمی رژێم بکەنەوە. پاش ئەم قسانە بەجێیان هێـشتینو دواتریش گرووپێکی پێنج کەسیی دیکەیان هاتنە لامـانو هـەر بـەو رێگایـەدا ناردمـان بـۆ نەوسوود. ماوەی 20 رۆژ لە "ئەزگلە"ماینەوەو پاش ئەوەی دڵنیا بـووین کـە ئـەو ژمـارە لاوە دەتوانن بە کەمو کوڕی‌یەوە کارەکانیان بکەن، بەجێمان هێشتنو گەڕاینـەوە بـۆ ناوەنـدی کۆمتیەی شارستان.

## چوون بۆ دەورەی سیاسی

ئێمە دووهەمین پۆل بووین کە لە هەورامانـەوە لەسـەر داوای کۆمیـسیۆنی تەشـکیلات، بەشداری دەورەی سیاسی دەبووین. لە دەورەی یەکەمی چوون بۆ دەورەی سیاسی، من یەکێك لەو کەسانە بووم کە دەستنیشان کرابووم، بەڵام لەبەر ئەوە لە مەئمووریيەتدا بووم، نەمتوانی لەگەڵ پۆلی یەکەمدا بەشداری بکەمو کەوتمە دەورەی دووهەم. بەشدارانی کۆمیتەی هـەورامان لەم دەورەیەدا بریتی‌بوون لە: جەزا ساڵحی، مەجید مەجیدیانو مـن. دەورەکـە لـە زسـتانی ساڵی 1359 لە دۆڵی "خدراوێ" بە بەشداریی 26 کـەس بەڕێوەچـووو 40 رۆژی خایانـد.

مامۆستاکان: دوکتور قاسملوو، ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، قادر عەبدیو... بوون. وانەکان: بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزب، مێژووی کورد، سیاسەتەکانی حیزب، ئابووریو... بوون. بەشدارەکانیش لە زۆربەی شارەکانەوە بوون. رادەی سەوادی بەشداران، دیپلۆمو فەوق دیپلۆم بوو. لە ماوەی دەورەکەدا جاروبار ئاهەنگمان دەگێڕا کە منو شەهید مەجید مەجیدیان لە گێڕانی ئاهەنگەکاندا دەورمان دەگێڕا. لەم دەورەیەدا لەگەڵ کۆمەڵێك کادری شۆڕشگێڕ لە ناوچەکانی کوردستان بنەڕەتی دۆستایەتیمان دامەزراند. دوای تێپەڕینی ئەو ماوەیە لە دۆڵی "خدراوێ" کە دۆڵێکی یەکجار چڕوپڕ دارستان بوو، لە ژێر چادرێکدا دوکتور قاسملووو ماموستاو قادر عەبدی شەفەوی تاقیکارییان لێ وەرگرتین. مەبەست لەم شێوە تاقیکارییە ئەوە بوو شێوەی بەیانی بەشداران هەڵسەنگێنن. پاش کۆتایی تاقیکاری رایانگەیاند کە ئەم 5 کەسە بە پلەی زۆرباش دەرچوون: 1ـ شەهید هومایون ئەردەلان، 2ـ کەماڵ کەریمی، 3ـ تەیموور مستەفایی، 4ـ محەممەد ئیسماعیلی، 5ـ محەممەد خەشمەن. هەر پێنجمان بانگ کراینە دەفتەری سیاسیو پێیان راگەیاندین کە ناگەڕێنەوە بۆ شارەکانی خۆیان. زۆرم هەوڵدا بەڵکوو بگەڕێمەوە بۆ هەورامان، بەڵام سوودی نەبووو دامیانە کۆمیسیۆنی تەشکیلات کە ئەودەم کاك جەلیل گادانی بەرپرسی بوو. پاش وەرگیرانم لەو کۆمیسیۆنەدا کاری کۆکردنەوەی سەرژمێریی ئەو مەڕو ماڵاتو قەلو مریشکەیان پێ ئەسپاردم کە لەلایەن کۆمیتەکانی حیزبەوە گوزارشیان درابوو بە کۆمیسیۆنی تەشکیلات. چەند رۆژێك ئەم کۆکردنەوەو کەمکردنەوەم بەڕێوەبردو پاش چەند رۆژ لەو کارە ماندوو بووم. جاروبار بیرم دەکردەوە باشە کۆکردنەوەی قەلو مریشكو مەڕو ماڵات کە بەهەر دەردێك گۆڕانیان بەسەردا دێ، چ سوودێکی بۆ کاری حیزبی هەیە؟ ئێستاش نە هۆیەکەو نە وەڵامەکەیم نەزانی لەو کارە وەڕەز ببووم. داوای چاوپێکەوتنی دوکتور قاسملووم کرد، دیسان داوام لێکرد بگەڕێمەوە بۆ هەورامان، ئەویش قەبووڵی نەکرد. لە کارەکەمی پرسی، منیش بۆم باس کردو درێژەم دا کە من ناتوانم ئەو کارانە بکەم، داوات لێ دەکەم کارەکەم بگۆڕن. لە وەڵامدا وتی یەك دوو رۆژێ لەوێ بە، ئەگەر هەر ناڕازی بووی، ئەودەم کارەکەت دەگۆڕین.

ڕۆژی دوایی کاك جەلیل قسەی لەگەڵ کردمو وتی کاری تۆ هەر ئەوە نابێ، لەگەڵ تیمەکاندا بۆ سەردانی کۆمیتەکانی حیزبی دەتنێرین. بەڵام وا بێزار بووم لەو کارە کە هەر لەوێ وتم من هەر لێرە ڕاناوەستمو پاش دوو ڕۆژ دوکتور قاسملوو بانگی کردمو وتی ئێستاش ناڕازیت لە کارەکەت؟ وتم بەڵێ، وتی باشە پێم خۆشە هۆی نەمانەوەت لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات بزانم. منیش بێ پێچو پەنا وتم بوومەتە کارمەندی ئاژەڵ، ئەوەش بۆ من زۆر گرنگ نیە، ئەگەر سوودی بۆ حیزب هەبێ، ئامادەم ئەنجامی بدەم، بەڵام ئەوە مەڕو ماڵات زاوزێ دەکەن، قەلو مریشك هێلکە هەڵدێنن‌و دەردە ئاژەڵ دێتو کۆمەڵێکی لەنێو دەچێو ئەم ئامارە بەردەوام لە گۆڕاندا دەبێ. پاش ماوەیەکی دیکە کە ئامارەکان دەگۆڕین، دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەینەوەو ئەمە بڕانەوەی نیە. کاك دوکتور قاسملوو پێکەنیو وتی باشە جگە لە هەورامان، چ کۆمیتە شارستانێکت پێ باشە تا بتنێرین. منیش وتم هەر جێگایەك بم، ئیزەن دەڕۆم. بەڵام ئەم کارەم پێ ناکرێ. کاك دوکتور قاسملوو وتی باشە با لەگەڵ هاوڕێیانی دەفتەر قسە بکەم، وەڵامت دەدەمەوە. چەند ڕۆژێکی پێچوو بانگی کردمو وتی وەك جێگری کۆمیتەی شارستانی دیواندەرە ماوەیەك کار بکەو ئەگەر لە کارەکەتدا سەرکەوتوو بی، نەزەرمان ئەوەیە بەرپرسی کۆمیتەی دیواندەرە ـ کە ئەودەم سەعید ئەفشار بوو ـ بگۆڕین‌و تۆ دەکەین بە بەرپرسی کۆمیتەی دیواندەرەو، منیش قەبووڵم کرد.

## بەهاری 60، چوون بۆ دیواندەرە

لە بەهاری 60دا، تیمێکی کۆمیتە شارستانی سنە لە دەفتەر بەرەو سنە دەگەڕانەوە، منیش لەگەڵ ئەو تیمە بەرەو دیواندەرە وەڕێ کەوتم. کە گەیشتینە ناوچەی دیواندەرە، لە "قەڵاگا" ناوەندی کۆمیتەی شارستانی دیواندەرە لامان داو نامەی نەقڵەکەم دایە دەستی سەعید ئەفشار، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی دیواندەرەو لەوێ داوام لێکرد ئێستا کە ئەم تیمەی سنە دەگەڕێنەوە بۆ تەوریوەر، دەمهەوێ سەردانێکی کاك کەماڵ زەردشتیان، بەرپرسی کۆمیتەی سنە کە خاڵمەو کاك شاهۆ حوسەینی، فەرماندەی هێزی شەریفزادە کە

خزمە بکەم، ئەویش وتی بەرگرییەکم نیەو دەتوانی بـڕۆی. لەگـەڵ تیمەکـە ڕۆیـشتمو چـەند ڕۆژێك لە تەوریوەر مامەوە. دوو ڕۆژ پێش لـەو ماوەیـە داوام کردبـوو، گەڕامـەوە کۆمیتـە شارستانی دیواندەرە کە لە باخێکی "قەڵاگا" لەژێر چادرێکدا بـووو کانییـەکی لـەلا بـووو زۆرتر لە هاوینەهـەوار دەچـوو. لـە ڕێگـادا لـە گونـدی "گـەوەنتوو" چـاوم بـە ژمارەیـەك پێشمەرگەی دیواندەرە کەوت کە "حەسەن حەمەخانەچار" بەرپرسیان بوو، ئاگادار بوون مـن هاتوومەتە دیواندەرەو هاتنە لامو کەوتنە خراپەوتنی کۆمیتە شارستان. لە ڕێگاشدا "ناسـر جیهانی" کە خەڵکی دیواندەرە بووو لە ناوچەی سارال بەرپرس بوو، کەوتـە خراپـەوتنی ئـەو پێشمەرگانە. بەکورتی خۆم بە کۆمیتەی شارستان ناساندەوەو هـەموو ئەنـدامانی کۆمتیـەی شارستان لەوێ ئامادە بوون. پاش خواردنی نـانی نیـوەڕۆ کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی شارسـتان دەستی پێکردو سەرەتا سەعید ئەفشار لەلایەن کۆمیتەی دیوانـدەرەوە بـەخێرهاتنی کـردمو منـیش سپاسـم کـرد. یەکـەم بڕگـەی کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی شارسـتان خوێندنـەوەی ئیبلاغییەکـەی مـن بـوو کـە دەفتـەری سیاسـی وەك جێگـری کۆمیتـەی شارسـتان بـەو کۆمیتەیەی ناساندبووم. هیچ کام لـە ئەنـدامانی کۆمیتـە شارسـتان زۆر چـاك گوێیـان بـۆ ئیبلاغیەکە نەدەگرت، وادیار بوو کـە پێـشتر بۆیـان خوێنـدرابۆوەو سـەبارەت بـەو نامەیـە کۆبوونەوەی خۆیان گرتبووو سەعید ئەفـشار ئـاخرین وشـەی حوکمەکـەی نەخوێنـدبۆوە کـە هەموویان دەستیان هەڵێنا بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەنو، کورتەی قسەکانیان ئەوە بـوو کـە من وەك جێگری کۆمیتەی شارستان قبوڵ ناکەن! سەعید ئەفشار رووی لە مـن کـردو وتـی هەرچەند نامەی دەفتەری سیاسییە، بەلام بلێم چی ئەوە ئەندامانی کۆمیتـەی شارسـتان بـە تێکڕا قەبووڵی ناکەنو داوات لـێدەکەم هەر لێرە وەك ئەنـدامی کۆمیتـەی شارسـتان کـاری دیکە بکەی. پاش تەواوبوونی قسەکانیان منیش دەستم بە قسەکردن کردو وتم: من دەفتـەری سیاسی ناردوومیو ئەم کاك سەعید ئەفشارەش هەر بە حوکمی دەفتەر لێرە بەرپرسە، چـۆنە بۆ ئەو قبووڵتان کردوە، بەلام بـۆ مـن موخـالیفن؟ هـەروەها وتم بـەبڕوای مـن زیـاتر لـەوە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان موخالیف بن، ئـەوە بەرپرسـی کۆمیتـەی شارسـتانە کـە بـە

نامەی دەفتەر رازی نیەو کۆتاییم بە قسەکانم هێناو کۆبوونەوەکەش کۆتایی هات. پاش ماوەیەك سەعید ئەفشار داوای کۆبوونەوەی سەرلەنوێی کردو پێشنیاری بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی سارالّی پیّکردم. لەبەرە ئەوەی دوو جار لە دەفتەر کارم رەد کردبۆوە، لە رووم هەلّنەدەهات جارێکی دیکە بگەرێمەوە لای دوکتور قاسملوو پێی بلێم کارەکەم نەکردوە، بۆیە لە رووی ناچارییەوە قەبوولّم کرد.

دوای کۆتایی کۆبوونەوەکە سەعید ئەفشار باسی ناوچەی سارالّو ئەو پێشمەرگانەی بۆ دەکردم کە لەو ناوچەیە دەبنو دەیگوت: سەرگورد عەلیار پشتگیریان لیّدەکا، ئەگەرنا لەمێژ بوو وەدەرم نابوون. پرسیارم لیّکرد سەرگورد عەلیار بۆ؟ خۆ ئەو فەرماندەری هێزی عەزیز یوسفییە. وتی راستە، ئاخر پێشمەرگەکانی ئێرەش سەر بە هێزی عەزیز یوسفین. دیارە من کە هەلّوێستی خودی ئەندام کۆمیتە شارستانەکەیم دیت کە هەموویان وەك نۆکەر دەچوون تا ئەندامی کۆمیتە شارستان، زۆر گوێم نەدەدایە قسەکانیو هەر بە گۆترە سەرێکم بۆ دەتەکاند. پاش دوو رۆژ مانەوە لە بارەگای سەعید دارایی (ئەفشار)، حەسەنی حەمەخانەچار هاتبووە کۆمیتەی شارستان، لەگەلّی چووم بۆ "گەوەنتوو" کە ناوەندی کۆمیتەی ناوچەی سارالّ بوو. لە گەوەنتوو بە پێچەوانەی کۆمیتەی شارستان، پێشمەرگەکان بە گەرمی وەریان گرتمو رایانگەیاند بۆ هەموو هاوکارییەك لە گەلّمدا ئامادەن.

لە ناوچەی سارالّدا دەستم بە تێکۆشان کرد. بڕیار ئەوەبوو لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی شارستاندا منو فەرماندەری نیزامی ناوچە کە "حەسەن" بوو، بەشداری بکەینو هەرکات بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان بەهۆی لاندکرۆزرێکی سەرئاوەلاوە کە لە ئیختیارماندا بوو دەرۆیشتین، سەعید ئەفشار رستەی "هاتوون کوودیتا بکەن"ی دووپات دەکردەوەو منیش زۆرم پیّ سەیر بووو دەمگوت ئەمە چ دەلّیّ؟! کوودیتای چیو شتی چی؟! بەکورتی زۆر لە حەسەنو پێشمەرگەکانی ئەو دەستەیە دەترسان، تا رۆژێك حەسەن هاتە لام وتی: ئەمە کۆمیتە شارستان نیە ئێمە هەمانە، کۆمەلێکن کلکیان لێك گریّ داوەو خەریکی تالانی ئەموالّی حیزبن، کە خوا هەلّناگریّ قسەکەی راست بوو. پاش ئەم قسەو باسە وتی

پێشنیارێکم هەیە بزانم رای تۆ چۆنە؟ وتم فەرموو، وتی: با مۆرەکە لە سەعید ئەفشار وەربگرینەوەو تۆ بکەین بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان. لەم پێشنیارە سەم سوور مابوو، وتم جا کاك حەسەن شتی وا چۆن دەبێ؟ وتی جا چۆن نابێ، زۆر بە ئاسانی، رۆژێك کۆمەڵێك پێشمەرگە دەبەینو هەموویان چەك دەکەینو مۆرو وەسایلەکە دەدەینە دەستی تۆ. وتم ئەمە کوودیتایە، وتی جا چە ناوێکی لێدەنی بە قازانجی حیزبە. وتم ئەمە کارێکی خەلافە، راستە سەعید ئەفشاری کەموکوڕیی زۆرە، تەنانەت دەفتەریش لە کاری رازی نیە، ئێوە دەتوانن دەفتەری سیاسی لە کەموکوڕیو گیروگرفتەکانی کۆمیتەی دیواندەرە بەتایبەت شەخسی سەعیدخان، ئاگادار بکەنو داوای چارەسەری کێشەکە لە دەفتەری سیاسی بکەن. پاش قسەو باسێکی زۆر تێم گەیاند کە ئەو رێگایە، رێگایەکی دروست نیەو قەبووڵی کرد.

رێگای هاتوچۆی کۆمیتەکانی سنەو کرماشانو مەریوان، بە ناوچەی سارالّدا تێدەپەڕی. کاروانی کەرەسەو چەكو فیشەکی ئەم کۆمیتانە هەر لە دەفتەری سیاسیەوە تا ناوەندی کۆمیتەکانیان بەهۆی هاوکاری خەڵکەوە جێبەجێ دەکرا. چەند جارێك تیمەکانی ئەم کۆمیتانە بەلای منەوە گلەییان دەکرد کە لە ناڵەشکێنە عەباسخانو غالبخان تراکتۆریان هەیەو بۆ راگواستنی ئەو چەكو کەرەسەیە کە لە سەرەوە دەیهێنن، هاوکارییان ناکەنو بۆ راگواستنی ئەو کەرەسەیە بەناچار لە "هەزارکانیان" کەڵك وەردەگرن. لەو کاتەدا عەبدوڵڵاخان ئاغای گوندی "گولانە" کە پێشتر جاش بوو، خۆی بە کۆمیتەی شارستان ناساندو داوای کرد بگەڕێتەوە گوندەکەی. من پێشنیارەکەیم قەبووڵ نەکردو وتم ئێستا کە تۆ هاتوویو خۆت بە کۆمیتەی شارستان ناساندوە، لێرە لە تەنیشت کۆمیتە شارستان بە، یا وەرە بۆ "گەوەنتوو" کە ئێمە لەوێ مەقەڕمان هەیە، ئەگەرنا تۆ دوژمنت زۆرەو ئەگەری تێداچوونت هەیە. بەو پێشنیارە رازی نەبووو سەعید ئەفشار وتی با بگەڕێتەوە بۆ گوندەکە خۆی. پاش ماوەیەك عەبدوڵڵاخان کوژرا، لەبەر ئەوە گوندەکە سەربە ناوچەی سارالّ بوو، حەسەن لەو گوندانە کۆمەڵێ خەڵکی گرتبوونو لە زیندانی کردبوونو نەبیخان، کوڕی عەباسخان هاتبووە گەوەنتووو بەبێ پرس بە پێشمەرگەی نیگابان چووبووە زیندانەکەو لەو

چەند کەسەی هەڵدابووو وتبووی لە خوێنی عەبدوڵڵاخان دە نەفەر لەو گوندەدا دەکوژێ. کاتێ ئاگاداری ئەم کردەوەیە بووم، ناردم نەبێ خانیان گرت هەر لەو زیندانەم کرد کە جووتیارەکانی تێدا بوونو پاش ئەم مەسەلەیە، جارێکی دیکە عەباسخانمان گرتو بەکورتی نێوانی ئەم ئاغایە لەگەڵ من باش نەبوو. لەبەر ئەوەی من پێم دەگوتن چی بۆ کۆمەڵە دەکەن، دەبێ ئەوەش بۆ ئێمە بکەن. جارێکی کاك جەلیل گادانی لەم گوندەدا کۆبوونەوەی گرت، ئاغاکان لەسەر من لەلای کاك جەلیل سکاڵایان کرد، بەڵام خەڵکە هەژارو فەقیرەکە پشتگیریی منیان دەکرد.

## هەڵسوکەوتی کۆمەڵە لە سارال

هێزەکانی "شووان"و "ئاریز"ی کۆمەڵە، لەبەر ئەوەی لە ناوچەی سارال لە سازماندەهی کۆمەڵەدا سەربە ناوچەی سنە بوون، بەزۆری هاتوچۆی ئەم ناوچانەیان دەکردو لە بەیانییەوە تا ئێوارە کاریان بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بەدژی حیزبو هەڵوەشاندنەوەی بڕیاراتی حیزبی بوو. رۆژێك لە مەقەڕی پێشمەرگەکان لە گەوەنتوو کە لە مەدرەسەیەکدا بوو، دانیشتبووین کە لە پڕێکدا کۆمەڵە گەمارۆی داینو دەیانهەویست لێمان بدەن. لە کاتی هاتنە دەرەوە حەسەن بە پێشمەرگەکانی وت تا ئێمە سەرگەرمیان دەکەین، ئێوە بێنە دەرەوەو بڕۆن سەر شاخەکان بگرنو ئەگەر ئێمە تەقەمان دەست پێکرد، ئێوەش تەقەیان لێبکەن. وەدەرکەوتین، فەرماندەی هێزی کۆمەڵە کە سەید خالیدناوێك بوو، دستمان بە قسەکردن لەگەڵی کرد کە بۆچی گەمارۆیان داوین؟ دەیانگوت: ئێوە نابێ لێرە بمێننەوە، ئێرە ناوچەی کۆمەڵەیە. ئێمەش هەر بە نەرمی قسەمان لەگەڵ دەکرد تا پێشمەرگەکان گەیشتنە سەر شاخو ئەوجار بەرەبەرە قسەکانمان توند کردنەوە هاوکات سەنگەرمان لێگرتنو وتمان ئەگەر هەرچی زووتر ئێرە بەجێ نەهێڵن، لێتان دەدەینو، ئاگادارمان کردن کە سەرشاخەکانیش بەدەست ئێمەوەیەو وردە تەقەیەکیش لە نێوانماندا رووی دا، بەڵام کە دیتیان دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نیە، گوندەکەیان بەجێ هێشت.

هەڵسوکەوتی لەم چەشنەی کۆمەڵە لەو ناوچەیەدا یەکجار زۆر بووو، چەند جارێکیش کە پێشمەرگەیەکی حیزبیان بەتەنیا وەگیر دەکەوت، ئەزیەتیان دەکردو تەنانەت جاروباریش چەکیان دەکردن.

کاك جەلیل کە بۆ بەستنی کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانو هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی پێنجەم هاتبووە دیواندەرە، بەهۆی نەبوونی سەعید ئەفشار لە ناوەندی کۆمیتەی شارستاندا، دوو رۆژ مایەوەو پرسیاری کرد زیندانیمان لێرە هەیە؟ من وتم نە، بەلاّم کەسێکمان هێناوە بۆ ئێرە کە لە کاتی کۆنترۆڵی جادەی "زاخە" بۆ دیواندەرەدا قسەی بە حیزب وتوونو وتوویە حیزب عامیلی ئیمپریالیزمی ئەمریکایەو لە توودەییە شەرمگینەکانە، و دوێنی تا ئێستا کە بیستوویە جەنابت هاتووی، نان ناخوا. کاك جەلیل وتی، پێم خۆشە سەردانی بکەم. بردمە لای کابراو کاك جەلیل کەوتە باسکردن لەگەڵی، بەلاّم ئەو هەر ئەو شتانەی دووپات دەکردنەوە کە حیزبی شەرمگینی توودە دەیگوتنەوەو پاش چەند رۆژ مانەوە لەوێ، ئازاد کرا.

بە گەڕانەوەی سەعید ئەفشارو جەماعەتەکەی، کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان گیراو لەو کۆنفرانسەدا سێ کەس بۆ بەشداری لە کۆنگرەی پێنجەمدا هەڵبژێرانو منیش لەگەڵ کاك جەلیل گەڕامەوە بۆ دەفتەری سیاسی. لە رێگادا لە کۆمیتەی شارستانی سەقز کاك کەمال دەباغی کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەقز بوو، داوای لێکردم لە کۆمیتەی سەقز بمێنەوە کە قەبووڵم نەکرد.

دوای گەڕانەوەم بۆ دەفتەری سیاسی، رۆژێك کاك دوکتور قاسملوو بانگی کردمە لای خۆیو پرسیاری کرد چۆن بووە لە دیواندەرە نەماومو گەڕاومەتەوە بۆ دەفتەر؟! منیش هەر لە قەبووڵنەکرانمەوە بە جێگری کۆمیتەی شارستان تا گەڕانەوەم بۆ دەفتەرو هەروەها شێوەی هەڵسوکەوتی باندی سەعید ئەفشار بۆم گێڕایەوە کە زۆری پێ ناخۆش بووو لێم تووڕە بووو وتی، ئەو کاتە بە جێگری کۆمیتە شارستان قەبووڵیان نەکردی، بۆ نەگەڕایتەوە بۆ دەفتەر؟

وتم لەبەر ئەوە چەندجار لێرە كارم قەبووڵ نەكرد، پێم شەرم بوو بگەڕێمەوە. دوای چەند رۆژ مانەوە لە دەفتەر، كۆمیسیۆنی تەشكیلات ناردمی‌یەوە بۆ كۆمیتەی هەورامانی ژمارە 2.

## كۆمیتەی هەورامانی ژمارە دوو

پاش گێرانەوەی نەوسوود، كۆمیتە شارستانی هەورامان كرابووە دوو بەش. بەشێكی لە گوندەكانی نەوسوود مابۆوەو بەشەكەی دیكەی كە بریتی‌بوون لە كۆمیتەی شاری پاوەو كۆمیتەی شاری نودشە، لەگەڵ دوو لك پێشمەرگەی سەر بەم ناوچانە، لكی شەهید توفیقە رەش كە زۆربەی هەرە زۆریان خەڵكی نودشە بوونو لكی شەهید محەممەدئەمین نادری كە خەڵكی پاوەو گوندەكانی دەورووبەری پاوە بوون كە ناوی "هەورامانی ژمارە دوو"یان لەسەر دانابوو، بۆ هاوكاری هێزەكانی "بێستوون"و "زرێبار"و كاركردن لە شاری پاوەو جوانڕۆ لە ژاوەرۆوە لە گوندەكانی "سوورەتوو"و "دێكانان"و "سەروماڵ" نیشتەجێ ببوون، بەرپرسی ئەم بەشە كاك سەید رەزا بوو. كاتێ گەڕامەوە بۆ ئەم كۆمیتەیە، لە سوورەتوو نەمابوونو بنكەكەیان هێنابووە "سەرریز" كە گوندێكی یەكجار خۆشو لەسەر شاخ هەڵكەوتووە بە كۆمەڵێ باخ بە میوەی جۆراوجۆرەوە. لەو رێگایەوە كە دەگەڕامەوە بۆ كۆمیتەی هەورامانی ژمارە دوو، كاك عەبدوڵڵا بەهرامی كە بەرپرسی كۆمیتەی مەریوان بوو، داوای لێ‌كردم لە كۆمیتەی مەریوان كار بكەم كە بۆ خۆشم زۆر بێ‌مەیل نەبووم، بەڵام هاوڕێیانی كۆمیتەی هەورامانی ژمارە دوو رازی نەبوونو لە كۆمیتەی هەورامانی دوو وەك بەرپرسی بەشی چاپەمەنی كاریان بۆ دیاری كردم.

لەو ماوەیەدا كە من لە جنووب نەبووم، لەسەر بڕیاری كۆمیتەی ناوەندی، ناوەندێك بۆ سەرپەرستیی كۆمیتەكانی جنووب بەناوی "ئاژوان" پێكهاتبووو ئەندامانی كۆمیتەی ئاژوان بریتی‌بوون لە: كاك كەماڵ دەباغی بەرپرسی ئاژوان، كاك باباعەلی مێهرپەروەر ئەندامی ئاژوان، رەحیم بەغدادی، بەرپرسی ماڵیو ئەندامانی ئاژوان كە هەر سێ ئەندامی رێبەریی حیزب بوون. دیارە بەرپرسانی كۆمیتەی شارستان كە زۆربەیان ئەندامی رێبەرایەتیی حیزب

ئەندامی ئەم ناوەندە بوون جگە لە کۆمیتەی هەورامانی ژمارە دوو، کە لەڕاستیدا بەشێك بوو لە کۆمیتەی هەورامانو لەم ناوچەیە مەئموورییەتی پێدرابوو. دوای ماوەیەك کارکردن بۆم دەرکەوت لە نێوان هاوڕێیانی کۆمیتە شارستانو پێشمەرگەکاندا وردە ناکۆکییەك هەیە. بەرپرسی ئاژوانیش کە کاك کەماڵ دەباغی بوو، لەڕاستیدا بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی کرماشانیش بوو کە بەداخەوە گیرابوو. کاك کەماڵ، ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕو خاکی بوو، لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا بەڕادەیەك ئەشکەنجەیان کردبوو، کاتێ ئێعدامیان کرد، لە کێشی 84 کیلۆ هاتبۆوە 40 کیلۆ. هەموو زیندانییەکانی ئەم زیندانانە بەتایبەت زیندانی "دیزل ئاباد"ی کرماشان شاهیدی دەدەن کە ئەم ڕۆڵە شۆڕشگێڕە چۆن تا دوا کاتەکانی ژیانی، لەبەرامبەر ئەشکەنجەو ئازاری وەحشیانەی کۆماری ئیسلامیدا بەربەرەکانێی کردووەو سەرئەنجام چۆن سەربەرزانە شەهید بووە.

پاش گیرانی کاك کەماڵ دەباغی، کاك تاهیر عەلیار هاتە ناوەندی ئاژوانو کاك ڕەحیم بەغدادی هەروا بەرپرسی بەشی ماڵیی "ئاژوان" بوو. خوا بە ڕەحمەتی کا، تا ئەو یارمەتییەی کە حیزب بڕیاری لەسەر دابوو دەدا بە بەرپرسانی ماڵیی کۆمیتەکان، قیری پێ سپی دەکردن. لەو ماوەیەدا سەردانی گوندەکانی "پاڵنگان"، "سوورەتفێ"، "دێکانان"، "تفێن"و چەند گوندێکی دیکەی دەورووبەرمان کرد. ئێوارە وەختێك کە لە پاڵنگان بووین، کابرایەکی خەڵکی پاڵنگان هاتە لامانو داوای لێکردین شەو لە پاڵنگان نەمێنینەوەو پرسیارمان لێکرد بۆ؟ وتی من دەڵێم لێرە مەبن، ئێوەش خۆتان دەزانن. پاش بیستنی ئەم قسەیە بڕیارمان دا لە پاڵنگان نانەکەمان بخۆینو بەداهاتنی تاریکی بڕۆینە گوندی "تفێن"و هەرواشمان کرد. لە بەرەبەیانیی ئەو شەوەدا تەقەیەك هاتوو لە هەموو لایەکەوە تەقە دەستی پێکردو ئێمەش لە ماڵەوە وەدەرکەوتینو هاتینە شاخی پشتی تفێنو بەرەبەرە دنیا ڕووناك دەبوو، هێزی هێرشکەری ڕێژیم بەرەو "دێکانان"و "تفێن" دەهاتنە پێشێ. پاش 8 سەعات شەڕ لەبەر ئەوەی ژمارەی ئێمە کەمو ژمارەی دوژمن زۆر بوو، کشاینەوە بۆلای "سەرڕێز" بۆ مەقەڕی خۆمان. دوای ماوەیەك رابردن بەسەر ئەم هێرشەدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو

بەیانییە کوردێکی دڵسۆز کە ئەندامی حیزبی بووو لەنێو هێزی ڕێژیمدا بوو، کە دیتبووی لە هیچ جێگایەك پێشمەرگە بەرنگاریان نەبۆتەوە، لەوە ترسابوو کە نەکا پێشمەرگەکان لە خەوندا مابنەوەو ئاگاداری هێرشەکە نەبن، بۆیە دەستی بە پلاپیتکەی تفەنگەکەیدا نابووو ڕەگبارێکی کردبوو، هەر بەو ڕەگبارە هێزی ڕێژیم لە هەموو لایەك کەوتبوونە تەقەو بەم چەشنە ئێمە لە هێرشی دوژمن ئاگادار بووینەوە.

کێشەی پێشمەرگەکان لەگەڵ کۆمیتەی شارستان درێژەی هەبوو. کێشەی ئەم پێشمەرگانە لەگەڵ کۆمیتەی شارستان ئەوە بوو کە لە مەئموورییەتەکەیان وەڕەز ببوونو دەیانهەویست بگەڕێنەوە بۆلای هاوڕێیەکانی دیکەیان لە نەوسوود. لەم نێوەشدا تاهیر عەلیار لایەنی پێشمەرگەکانی دەگرتو ئێستاش هۆی ئەمەم بۆ روون نەبۆوە، تا ڕۆژێك "ئاژوان" ئێمەی کۆمیتەی هەورامانیان بانگ کردینە ئاژوان کە لە گوندی "تەنگیسەر" بووو سەرەتا تاهیر عەلیار دەستی بەقسە کردو رەخنەی لە کاك کاوە بەهرامی دەگرت کە بۆ ئەسپی کڕیوە؟ کاك کاوەش دەیگوت بە پووڵی خۆم کڕیومەو ئەوە کاك شاپوور فیروزیو زۆر هاوڕێی دیکە کڕیویانە. تاهیر دەیگوت تۆ حەقی کڕینی ئەسپت نیە. کاك کاوەش وتی ئەگەر پووڵم بێ دوو ئەسپ دەکڕمو ئەم شەڕە قسەیە هەر درێژەی دەکێشا. کاك کاوە قەڵس بووو وتی ئەگەر پووڵم بێ هێلیکۆپتر دەکڕم. ئەمجار تاهیر عەلیار زۆر بە جیددیو هەروەك ئەوە کاك کاوە تەنیا لەسەر ئیجازەی حیزب ڕاوەستابێ بۆ کڕینی هێلیکۆپتر، دەیگوت حیزب ڕێگات پێ نادا هێلیکۆپتر بکڕیو ئەمە لە دواییدا بوو بە چیرۆکی زۆر شەوو رۆژان. لێرە کێشەکە هەموومانی گرتەوەو لەم گێرەو کێشەیەدا ئەوە شین بوو کە پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ گەڕانەوە بۆلای کۆمیتەی هەورامانو، دەفتەر داوای کردبوو کاتێ هاوڕێیانی ئاژوان بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دەگەڕێنەوە بۆلای دەفتەری سیاسی کە ئەوکات لە دۆڵی دێموکرات هەڵکەوتبوو لەنێوان گوندەکانی "شیوەجۆ"و "مێرگە پیتکە"ی ناوچەی رەبەت بوو دوو کادر لەو 6 کادرەی هەورامانی 2 لەگەڵ تیمی ئاژوان بگەڕێنەوە بۆ دەفتەر بۆ لێکۆڵینەوە لەو دووبەرەکاییەتییە. تا ئەو کاتە کە هاوڕێیانی ئاژوان دەکەوتنە رێ بۆ دەفتەر،

ئێمە بنکەی خۆمان بە کۆمەڵێ دەرمانو وەسایلی دەرمانیەوە راگواستەوە هوویە. لە شتە سەیرەکانی ئەو چەند رۆژە کە لە هوویە بووین، ئەوە بوو کاتێ دەرمانەکانی دەرمانگای خۆمانمان جێبەجێ دەکرد، لە ناوچەدا دەنگۆ بلاو کرابۆوە کە چەند دوکتوری باش هاتوون بۆ هوویەو رۆژانە خەڵکی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان دەهاتنە لامانو بۆ ژمارەیەکیان کە سەرئێشەو شتی لەو بابەتەیان بوو، دەرمانی موسەکینمان دەدانێو چاك دەبوونەوە. بەکورتی رێژیمە یەك لە دوای یەکەکان لە باتی خزمەتی خەڵكو دانانی بنکەی دەرمانیو مەدرەسەو ناوەندی خزمەتگوزاری، هەمیشە خەریکی زۆڵمو ستەم لە خەڵکی ئەم گوندانە بوون، بۆیە ناحەقمان نەدەگرتن ئەگەر ئێمەیان پێ دوکتور بێ.

دوو نوێنەری کۆمیتەی هەورامان بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا منو **محەممەد** موزەفەری دیاری کراین لە کاتی دیاریکراودا لەگەڵ هاورێیانی ئاژوان وەرێ کەوتین. پاش برینی رێگایەکی دوورو درێژ بە پێ، سەرئەنجام گەیشتینە دەفتەرو لەوێش چاوم بە ئەمیر مستەفاییو ئەبووبەکر یووسفی کەوت کە پێشمەرگەی هێزی شاهۆی ژمارە 2 بوون. لە ئەمیرم پرسی لێرە چ دەکەن؟ وتی ئێوە نوێنەری کۆمیتەی شارستانو ئێمەش نوێنەری پێشمەرگە. دوای دوو رۆژ حەسانەوە کۆبوونەوەکەمان لە مەقەرێکی حیزب لە دەشتێ ناوچەی رەبەت بە بەشداریی ئەمیر مستەفاییو ئەبووبەکر یووسفی، نوێنەری پێشمەرگە، منو حەمەی موزەفەری نوێنەری کۆمیتەی هەورامانی ژمارە 2، شەهید حەکیم رەزایی بەرپرسی کۆمیتەی هەورامانو تاهیر عەلیار، شەهید عەبدوڵلا بەهرامی، باباعەلی مێهرپەروەرو شاپوور فیرووزی لە ئاژوانو شاهۆو سەرگورد عەلیارو سەرهەنگ قادری لە کۆمیسیۆنی پێشمەرگە، مستەفا شەڵماشی بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، دوکتور سەعید، جێگری سکرتێری حیزب کە بەرپرسی کۆبوونەوەکەش بوو، دەستی پێ کرد. قسە لە نوێنەری پێشمەرگەوە دەستی پێ کرد کە ئەمیر مستەفایی خەڵکی پاوە بوو. لە سەرەتای قسەکانیدا وتی رەخنەم لە بەشداریی تەیموور وەك نوێنەری کۆمیتەی هەورامانەو تازە گەڕاوەتەوە بۆ هەورامانو ناتوانێ وەڵامدەری ئەو گیروگرفتانە بێت کە لە کۆمیتەی

هەورامان روویان داوەو، قسەکانی خۆی درێژە دا. پاش قسەکردنی ئەمیر، من لەلایەن کۆمتیەی هەورامانەوە قسەم کردو پاش من کاك حەکیم وتی: بە نەزەری من ناکۆکیی نێوان ئەو کادرو پێشمەرگانە، ناکۆکیی نێوان ئاژوانە، ئەگەرنا پێشمەرگەکان هیچ ناکۆکییەکیان پێکەوە نیە.

دوای قسەکردنی ئێمە نۆرە گەیشتە ئاژوان کە تاهیر عەلیاریان کردە نوێنەری خۆیانو لەوپەڕی سەرسووڕماندا هێرشی کردە سەر منو وتی: ماکەی ئەو کێشەیە تەیموورەو، منیش کە بەشێوەی گشتی قسەم لەسەر ئاژوان کردبوو، لەسەر نەفەرێکی تایبەتی قسەم نەکردو تاهیر عەلیار لەوپەڕی کینە لەدڵیدا ئەو قسانەی کردن. داوام لە کاك سەعید کرد ئیجازەم بدا قسە بکەم، لەبەر ئەوەی ئەو قسانەی تاهیر عەلیار زۆرتر شەخسی بوون تا حیزبی. دوکتور سەعید وتی موافیقم. من لە وەڵامدا وتم تاهیر عەلیار ئینسانێکی زۆر ساویلکەیەو منداڵێکیش دەتوانێ تەحریکی بکاو دەتوانم لە کاتێکدا بەچەند جۆر بیگۆڕمو زۆر قسەی دیکەی حیسابیم لەسەر کرد کە پێویست نیە لێرەدا باسی بکەم وەك نەبوونی مودیرییەتو... و لەکاتی قسەکردنی مندا تاهیر دەگریاو ددانی دەکروتنو لە ناو قسەکانمدا هێندێ قسەی دەکرد. پاش تەواوبوونی قسەکانی من داوای لە دوکتور سەعید کرد ئیجازەی بدرێ لەسەر من قسە بکا. دوکتور سەعید پرسیاری لە من کرد ئەگەر تاهیر لەسەر تۆ قسە بکا، تۆ قسە دەکەی یا نا، من وتم یەك قسەم لەسەر بکا، زۆر شتی نەوتراو ماون کە بەهۆی حورمەتدانان بۆ بەرپرسایەتییەکەی باسم نەکردوون، ئەمجارە هەمووی باس دەکەمو کاك سەعید وتی: کەوابوو ئێمە ناتوانین تا بەیانی بە دیاری ئێوە دوو نەفەرەوە دانیشین قسە بکەن. نەیهێشت تاهیر قسە بکاو خۆیان پاش کۆبوونەوەیەك کۆمیتەی هەورامانی دوویان هەڵوەشاندەوەو رایانگەیاند ئاژوان مودیرییەتی نەبووەو پێشمەرگەکانیشیان ناردەوە بۆ هەورامان. منو سەید رەزایان لە دەفتەر هێشتینەوەو باقییەکەیان ناردنەوە بۆ نەوسوود.

لە کۆمیتەی هەورامانی ژمارە 2، باوکی دوو جاشی ناوچەی هەورامانی مەریوان بەهۆی جاسووسی بۆ رێژیم گیرابوو. باوکی ئەم دوو جاشە نە دەمناسیو نە گرتنو تەنانەت

لێپرسینەوەکەشی پێوەندی بە منەوە هەبوو، ئەوکاتە من بۆ ئەم کێشەیە کرابووم بە نوێنــەر، ئەو دوو جاشە چووبوونە پــاوەو نامــەی ئیتلاعــاتی مــەریوانیان پیــشان بــاوکم دابــوو. لــەو نامەیەدا داوای لــێکرابوو خۆی بە ئیتلاعاتی رێژیم لە مەریوان بناسێنێ، بــاوکم کــە ئەمــە یەکەمجاری نەبوو بەهۆی منەوە فشاری دەکەوتە سەر، دەڕواتە ئیتلاعــاتی رێــژیم لــە پــاوەو داوا دەکا ئەگەر تاوانێکی هەیە با ئیتلاعاتی رێژیم لە پاوە لە تاوانەکەی بکۆڵێتــەوەو پــاش ماوەیەك هاتوچۆ، داوای لــێدەکەن سەردانی لای ئێمە بکا، بــەڵکوو ئــەو دوو جاشــە ئــازاد بکرێ. باوکم هەر لەوێ دەڵێ ئەمــە هــیچ پێوەنــدیی بــە منــەوە نیــە، دیــارە بــە زۆر هــەر ناردبوویان، بەڵام جگە لە ماندووبوون هیچی بۆ نەمایەوەو منیش کە لە ســەفەر بــووموو زۆر تامەزرۆی دیداری بووم، چاوم پێی نەکەوت.

## کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

پاش هەڵوەشانەوەی کۆمیتەی هەورامانی ژمارە 2، لــە دەفتــەری سیاســی رایــانگــرتمو دامیانە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی. لەو کۆمیسیۆنەشدا بەرپرسایەتیی بەشی شەهیدانیان پــێ ئەسپاردم. پێش لەوەی باسی تێکۆشانم لە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بکەم، لەبەر ئــەوەی لــەم نووسراوەیەدا رەنگە زۆرجار باسی دۆڵی دێموکرات بێتە گۆڕێ، پێم باش بوو دۆڵی دێموکرات بە خوێنەر بناسێنم.

دۆڵی دێموکرات ناوەندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، دۆڵێك بوو هەڵکەوتوو لــە نێوان گوندەکانی "مێرگە پیتکە، شیوەجۆ، دۆڵەتووو شێلمان" لە ناوچەی رەبــەتی ســەر بــە شارستانی سەردەشت. ئەم دۆڵە لــەناو لێرەوارێکــی چــڕوپڕدا هەڵکــەوتبوو. بــۆ هــەرکام لــە کۆمیسیۆنەکان دوو دیو یان چەند دیوویــان لــە خــوارەوەی ســەتحی زەوی بــە قــوڕو دار ســاز کردبووو شێوەی سازکردنەکەی جۆرێك بوو کە لە کاتی هێرشی هەوایی بۆســەر ئــەم ناوەنــدە دیوەکان نەناسرێن. ئەو دیوانە هەم شوێنی کارو هەم شوێنی حەسانەوەی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کادرو پێشمەرگەکانی دەفتەر بوونو ئێستگەی "رادیۆ دەنگی کوردســتان"یــش بــە

مه‌ودایه‌كی تاڕاده‌یه‌ك دوورتر له‌ شـوێنی دانیـشتنی كـادرو پێـشمه‌رگه‌، له‌لایـه‌ن كۆمـه‌ڵێ پێشمه‌رگه‌وه‌ پارێزگاریی لـێده‌كرا. ئێنتشاراتی حیزبیش هه‌ر له‌م دۆڵه‌دا بوو. شه‌هیدی نه‌مر دوكتور قاسملووش هه‌ر له‌م شـوێنه‌دا دوو دیـوی بـۆ سـازكرابووو مه‌قـه‌ڕێكی پێـشمه‌رگه‌ش پارێزگارییان لـێده‌كرد. له‌م شیوه‌دا داره‌گوێزێكی گه‌وره‌ی لـێبوو، بن ئه‌م داره‌ گوێزه‌ تـه‌خت كرابووو چیخێكی به‌ده‌وردا كێشرابوو. هاوینان زۆربه‌ی كۆبوونه‌وه‌كان له‌ژێر ئه‌م داره‌ گـوێزه‌دا ده‌به‌ستران كـه‌ ئـه‌و كۆبوونه‌وانـه‌ش ژماره‌یـان كـه‌م نـه‌بوو، وه‌ك كۆبوونـه‌وه‌كانی كۆمیتـه‌ی ناوه‌ندی، سمینار بۆ گه‌ڵاڵه‌ی زه‌وی‌و زار، گه‌ڵاڵه‌ی سزادانی گشتی، سمیناری ته‌شكیلاتی‌و. . . زۆر كۆبوونه‌وه‌ی دیكه‌ی له‌م بابه‌ته‌ كه‌ ئه‌و كاتانه‌ش كـه‌ كۆبوونـه‌وه‌ی لـــێنه‌ده‌كرا، شـوێنی حه‌سانه‌وه‌و شه‌تره‌نجی هاوڕێیان كادرو پێشمه‌رگه‌ بوو.

شوێنی دیكه‌ی ئه‌م دۆڵه‌ سالۆنی گشتی بوو كه‌ له‌ كاتی دیاریكراودا هه‌موو هاوڕێیان لـه‌ سكرتێره‌وه‌ تا پێشمه‌رگه‌ی زۆر ساده‌، له‌م سالۆنه‌ نانمان ده‌خواردو له‌ وه‌رزی زسـتانیشدا كـه‌ بن داره‌ گوێزه‌كه‌ كۆبوونه‌وه‌ی لـێ به‌ڕێوه‌ نه‌ده‌چـوو، كۆبوونـه‌وه‌كان لـه‌م سـالۆنه‌ گـشتی‌یه‌دا ده‌گیران. له‌ خواره‌وه‌ی دۆڵه‌كه‌ له‌ ده‌ركه‌ی هاتنه‌ ژووره‌وه‌ كه‌ مه‌قـه‌ڕێكی پێـشمه‌رگه‌ له‌سـه‌ر ڕێی بووو كۆنترۆڵی هاتنه‌ ژووره‌وه‌یـان ده‌كـرد، سـه‌ر شـاخه‌كانیش بـه‌ مه‌قـه‌ڕی پێـشمه‌رگه‌ ته‌نرابوو.

له‌وكاتـه‌دا به‌شـێكی زۆر لـه‌ كوردسـتان لـه‌ژێر ده‌سـه‌ڵاتی هێـزی پێـشمه‌رگه‌ی حیزبـی دێموكراتدا بوو، بۆ پێڕاگه‌یـشتن بـه‌ كاروبـاری كۆمه‌ڵایـه‌تیی ئـه‌و خه‌ڵكـه‌، كۆمیـسیۆنی كۆمه‌ڵایه‌تی پاش كۆنگره‌ی 5 دامه‌زرا كه‌ له‌ 6 به‌ش پێك هاتبووو به‌شه‌كانی بریتی‌بوون له‌: به‌شی شه‌هیدان، زه‌وی‌و زار، قه‌زایی، شووراكان، ڕێگاوبان‌و په‌روه‌رده‌و فێركردن. هه‌ركام لـه‌م به‌شانه‌ به‌رپرسێكیان هـه‌بوو له‌گـه‌ڵ چـه‌ند هاوكارێـك‌و به‌رپرسـی هـه‌موو به‌شـه‌كان، واتـه‌ كۆمیسیۆن، كاك جه‌لیل گادانی بوو. به‌رپرسی به‌شه‌كانیش ئه‌مانـه‌ بـوون: كـه‌ماڵ خالیـدی به‌رپرسی كۆڕی په‌روه‌رده‌و فێركردن، گۆران به‌رپرسی به‌شی قه‌زایی، سـدیق بابـایی به‌رپرسـی شووراكان، سه‌لیم ئه‌رده‌ڵان به‌رپرسی ڕێگاوبان، بایز محه‌مـه‌دی به‌رپرسـی زه‌وی‌و زارو منـیش

به‌رپرسی به‌شی شه‌هیدان، به كاك جه‌لیلـه‌وه كـه ئـه‌ركی سه‌رپه‌رسـتی‌و هاوئاهـه‌نگ‌كردنـی هه‌موو به‌شه‌كانی له ئه‌ستۆ بوو، ده‌بووینه 7 كه‌س.

له‌و ماوه‌یه‌دا كه لـه دۆڵـی دێمـوكرات بـووم، كۆبوونه‌وه‌یـه‌ك بـۆ نووسـینی به‌رنامـه‌ی یه‌كیه‌تیی لاوان‌و دامه‌زراندنی رێبه‌رایه‌تی بۆ یه‌كیه‌تیی لاوان به‌رێوه‌چوو. له‌و كۆبوونه‌وه‌یـه‌دا جگه له كاك دوكتور كاك قاسملووو ئه‌ندامانی ده‌فته‌ری سیاسـی، ژماره‌یـه‌ك لاو كـه پاشـان چه‌ند كه‌سێكیان وه‌ك ئه‌ندامی به‌رێوه‌به‌ریی لاوان له‌لایه‌ن ده‌فته‌ری سیاسی‌یه‌وه دیاری كـران، به‌شدار بوون. منیش یه‌كێك له‌و لاوانه بووم كه پێشنیاری ئه‌ندامه‌تی به‌رێوه‌بـه‌ریی لاوانیـان پێ‌كردم، به‌ڵام بۆخۆم ئاماده نه‌بووم. له دانانی به‌رنامه‌و پێڕه‌وی نێوخۆیی یه‌كیـه‌تیی لاواندا وه‌ك هه‌میشه قسه‌ی كۆتایی دوكتور قاسملوو ده‌یكردو ئه‌مه‌ش مافی خۆی بوو، چونكه هـه‌م ئاگاداریی له خه‌باتی لاوانـی دنیـا هـه‌بووو بۆخۆشـی ماوه‌یـه‌ك لـه به‌شـی جیهـانیی ئـه‌م رێكخراوه‌یه‌دا تێكۆشانی بووه.

له‌م دۆڵه‌دا به پێی عاده‌ت، حه‌وتوویه‌ك كۆبوونه‌وه، جا كۆبوونه‌وه‌ی سیاسی، ئـه‌ده‌بی یـا هه‌ر بابه‌تێكی دیكه به‌رێوه‌ده‌چوو. یه‌كێك له‌و كۆبوونه‌وه سه‌رنجڕاكێشانه شه‌وه شـێعرێك بـوو كه بۆ مه‌لا غه‌فووری ده‌باغی ـ برای شه‌هید كه‌ماڵ ده‌باغی ـ دانرابوو. مه‌لا غـه‌فوور كـوێر بووو به كوێریش شێعرێكی زۆر جوانی له‌ژێر سه‌ردێڕی "ناحه‌زو جـوان"دا گوتـووه كـه لـه‌و شه‌وه شێعره‌دا ئه‌و شێعره‌ی بۆ خوێندینه‌وه. پاش خوێندنـه‌وه‌ی شـێعره‌كه كـاك جـه‌لیل كـه پێشتر ئه‌م شێعره‌ی خوێندبۆوه‌و زۆر كه‌یفی پێ‌ده‌هات، وتی كاك مه‌لا غه‌فوور لـه شـێعره‌كه ناوی هاوكاری له‌گه‌ڵ شۆڕشه‌كه‌ی دێموكراتت نه‌خوێنده‌وه. مه‌لا غـه‌فوور بـه‌خێرایی وه‌ڵامـی دایه‌وه‌و وتی: كاك جه‌لیل عه‌رزم كردی لێت ده‌به‌م به بێ‌ده‌نگی، نه‌رۆی بیكه‌یه قاو،‌و ئه‌مه‌و پێكه‌نین‌و قاقای خه‌ڵك له ساڵۆنه‌كه‌دا ده‌نگی دایه‌وه. ئه‌و به‌یته شێعره وا هاتووه:

لێت ده‌به‌م به‌بێ ده‌نگی نه‌رۆی بیكه‌یه قاو ناوی هاوكاری له‌گه‌ڵ شۆڕشه‌كه‌ی دێموكرات

كۆبوونه‌وه‌ی دیكه‌ی دۆڵی دێموكرات، باس له‌سه‌ر گه‌ڵاڵه‌ی زه‌وی‌و زار بوو كه به‌مه‌به‌ستی دابه‌شكردنی زه‌وی زۆری ئاغاكان، حیزب گه‌ڵاڵه‌یـه‌كی په‌سـند كردبـوو كـه نـه ئاغـا بێتـه

ڕەشاییو نە ڕەشایی ئاغاو، ئەم گەلاڵەیە بۆ بەڕێوەچوون درابوو بە کۆمیتە شارستانەکان، لە بۆکان گرفتێ لەسەر دابەشکردنی زەویو زار پێك هاتبووو کاك سەلامی نەمر کە ئەو کات لە بۆکان بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتیی کۆمیتەی شارستانی بۆکان بوو، لە دامەزراندنی گەلاڵەکەدا زەویو زاری وردە ئاغاکانی ناو حیزبیشی دابەش کردبوو کە ببووە هۆی ناڕەزایی کاك سەلیم بابانزادەو کاك ئەبووبەکر هیدایەتیو لە دەفتەری سیاسی سکاڵایان کردبوو کە کاك سەلام زۆڵمی لێکردوون، بۆیە کۆمیتەی بۆکان کە ئەودەم موهەندیس ئاریا بەرپرسی بوو، بانگ کرابوونە دەفتەرو کۆبوونەوەیەك بەبەشداریی ئەندامانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، دوکتور قاسملووو کۆمیتەی بۆکانو دوو سکاڵاچیەکە پێك هات. پاش قسەکردنی هەردوولا، دەرکەوت بەشی کۆمەڵایەتیی بۆکان (کاك سەلام) خیلافی گەلاڵەی زەویو زار نەجوولاوەتەوەو بۆیە کاك دوکتور قاسملوو وێڕای پشتگیری لە کارەکەی کۆمیتەی بۆکان رایگەیاند، ئێمە خۆ هەر بڕیار بۆ خەڵك نادەین، هەر بڕیارێك لە حیزبدا دەدرێ، دەبێ لە ئەندامانی حیزبەوە دەست پێ بکاو ئەندامانی حیزبیش دەبێ زیاتر لە هەموو کەس بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە هەوڵ بدەن،و بەم چەشنە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات.

ڕێژیم لە ڕێبەندانی ساڵی 61 هێرشێکی بەربلاوی بۆسەر ناوچە دەست پێکردبووو رایایگەیاندبوو کە تا گرتنەوەی ڕێگای سەردەشت ـ پیرانشار کە ناوەندی دەفتەری سیاسی لەم ناوچەیە بوو، شەڕەکەیان درێژە دەدەنو دۆڵی دێموکراتیش دەگرن. ئەم هێرشە شەڕێکی رەوانی ساز کردبووو زۆر کەس بەهۆی نەبوونی ئەزموونی شەڕەوە وایان دەزانی کە لە دوو تا سێ ڕۆژ داهاتوودا هێرشی ڕێژیم دەگاتە سەر دۆڵی دێموکراتو بەتەواوی ورەیان بەردابوو. لەو کاتەدا دوکتور قاسملوو کە لە دەرەوەی دۆڵی دێموکرات بوو، گەڕایەوەو کۆبوونەوەیەکی بۆ کادرو پێشمەرگەکانی دۆڵی دێموکرات گرتو، لە کۆبوونەوەکەدا وێڕای باسێکی سیاسی، مەسەلەی هێرشی ڕێژیمی بۆ دۆڵی دێموکراتی هێنایە گۆڕێو وتی: "هەرکەس هاتووە سبەینێ بگەڕێتەوەو بێتە خاوەنی کورسیو پلە، بە ڕێگایەکی هەڵەدا هاتووە، ئەم ڕێگایە فیداکاریی پێویستە، ئەزییەتو ئازاری تێدایەو تەنانەت هەرکەس لەم ڕێگایەدا خەبات

دەكا، دەبێ خۆی بۆ شەهیدبوونیش ئامادە كردبێ. جا ئێستا پێتان رادەگەیەنم، هەركەس مەردی ئەو گۆڕەپانەیە، با بمێنێتەوەو لە بەرامبەر تەنگوچەڵەمەكاندا بەربەرەكانێ بكاو ئەوانەش هاتوون ببنە رەئیسو خاوەن كورسی، با هەر لە سبەینێ زووتر نیە بڕۆنو ئێرە بەجێ بێڵن كەس پێشیان پێ ناگرێ كەسیش لۆمەیان ناكا." رۆژانی دواتر ژمارەیەك لەو كەسانە ریزی حیزبیان بەجێ هێشتو گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان.

پاش چاوپێكەوتنی "وەزە زەرد" كە باوكم هاتە لامو بوو بەهۆی ئەشكەنجەدانی لەلایەن رێژیمەوە، 3 ساڵ بوو كەسم لە ماڵی خۆمان نەدیتبووو هیچ ئاگایەكم لێیان نەبوو. رۆژێك لە دۆڵی دێموكرات ئاگاداریان كردم كە دایكم هاتووەو لە "نواوی" لە ماڵێ خۆشكمو خاڵمە، بە دڵێكی خۆشەوە بەرەو "نواوی" وەڕێكەوتمو بەپێ خۆم گەیاندە "نواوی"، لە جادەوەو بەرەو گوند كە لە پشتی جادە هەڵكەوتبوو، وەڕێكەوتم. ئاگام لێبوو نەفەرێك بە دوامەوەیەو لێم نابێتەوە، ئاوڕێكم دایەوە نەمناسیو بە رێگارۆیشتنەكەم درێژەم داو گوێم لێبوو بانگی كردم كاكە، منیش زۆرم پێ سەیر بوو، كاكەی چی؟ ئەم كابرایە چ پێوەندییەكی بە منەوە هەیە؟ بۆ جاری دووهەم وتی كاكە دەڵێی نامناسی؟ كەیهانم. ئەمجار كە لام كردە دواوە، ماشەڵڵا لەو 3 ساڵەدا زۆری فەرق كردبوو، وتم كەیهان گیان خۆ بووی بە پیاوێ، ئەو كاتە من تۆم بەجێ هێشت، منداڵێك بووی. پێكەنی، وتی كاكە منداڵیش گەورە دەبێ،و پێكەوە هاتینەوە ماڵی خۆشكمو بە دیداری دایكم شاد بوومو ئەم دیمەنە تەنیا بۆ ئەو كەسانە خۆشو سەرنجڕاكێشە كە چەند ساڵ لە ماڵەوە دوور بنو لەگەڵ رێژیمێكی دڕندە لە بەربەرەكانێدا بن، فورسەتی وا بەقەولی فارس گوتەنی تەلاییە.

یەكەم مەئموورییەتم لە كۆمیسیۆنی كۆمەڵایەتی سەردان لە بەشی شەهیدانی كۆمیتە شارستانی مەهاباد بوو كە ئەو دەمە خاوەن شەهیدێكی زۆر بوو، لەگەڵ ئەحمەد مودەڕێسی كە هاوكاری بەشی شەهیدان بوو، بەرەو ئەم مەئموورییەتە وەڕێ كەوتین، لە گوندی بورهان كە كۆمیتەی شارستانی مەهابادی لێبوو، چووینە لای كاك حەسەن شەرەفیو بەڵگەی مەئموورییەتەكەمان پێداو كاك حەسەن بەگەرمی وەریگرتینو بەرپرسی بەشی شەهیدانی لە

مەهاباد پێ ناساندین، لەگەڵ سمكۆ ئیسماعیلزادە كە هاوكاری بەشی شەهیدانی مەهاباد بوو، بۆ سەردان لە بنەماڵەی شەهیدان بەرەو چۆمی "مەجیدخان" وەڕێ كەوتینو لە چۆمی مەجیدخان چووینە كۆمیتەی ناوچەو ئەندامێكی كۆمیتە ناوچەیان لەگەڵ خستین لە "سەوزی"، "سەرچنار"و "قەرەگۆل"و زۆر ناوچەی دیكەی ئەم ناوچەیەو باقی ناوچەكانی دیكەی مەهاباد گەڕاین. دوابەدوای ئەمە، مەئموورییەتەكان دەستیان پێكرد. لە كۆمیتەی پیرانشار بووین كە شەڕی "چیانە" دەستی پێكردو لەو شەڕەدا 21 پێشمەرگە شەهیدو ژمارەی تەلەفاتی رژێیم سەری لە سەدان كەس دەداو هێرشەكەشی تێك شكا. رۆڵی هێزی بەرگریو خەڵكی ناوچە بە ژنو پیاوەوە لە گێڕانەوە نایەتو ئەمە دێڵمەوە بۆ ئەو كەسانە باشترو لە نزیكەوە ئاگاداری ئەو بەرگرییە قارەمانانەیە بوون.

## مەئموورییەتێكی 105 رۆژە

كاك جەلیل مرۆڤێكی كۆمەڵایەتیو میهرەبانەو ئەو كەسەی كاری لەگەڵ كردبێ، گۆمانی لە دڵسۆزیو میهرەبانییەكەی نیە، بەڵام كاتو سات ناناسێ. لە 10ی بەفرانباری 1361دا بوو كە كاك جەلیل مەئموورییەتی سەردان لە كۆمیتەكانی سەردەشت، بانە، سەقز، هەوشار، دیواندەرە، مەریوان، سنەو كرماشانی بۆ ساز كردین، وەفدەكەمان پێكهاتبوو لە: سدیق بابایی، سدیق فەرۆخیانو من. مادەی مەئموورییەتەكەمان "بازرسی" لە كارە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمیتە شارستانەكان بوو. ئێمەش هەرچەند دەمانزانی ئەو فەسڵە بەو كوێستانە سەختانەدا كاتی چوون بۆ مەئموورییەت نیە، قسەمان نەكردو ملی رێگامان گرتەبەر. رەواڵی كارەكەمان وا دانابوو لە هەموو كۆمیتە شارستانەكان پاش تەحویلدانی بەرگەی مەئموورییەتەكەمان، چوارچێوەی كارەكانیان بۆ باس بكەینو لەگەڵ بەرپرسی بەشی كۆمەڵایەتی هەر كۆمیتە شارستانێكو بەرپرسی بەشەكانی سەر بەو كۆمیتە شارستانە لە كارە كۆمەڵایەتییەكان بكۆڵینەوە. من بەرپرسی بەشی شەهیدان بوون، سدیق بابایی بەرپرسی شووراكانو سدیق فەرۆخیانیش كە تازە هاتبووە كۆمیسیۆن، هاوكاری سدیق بابایی

بووو لە بەشی شووراکان کاری دەکرد. بەڵام چونکە مەئموورییەتەکەمان هاوبەش بوو، کارەکانیشمان هاوبەش بەڕێوە دەبردن. لە سەردەشت مەلا سیروان "عەبدولخالق" بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی بوو، لەگەڵمان کەوتو ناوچە بە ناوچە سەردانی بنەماڵەی شەهیدانو مەدرەسەکانو شووراکانمان دەکرد، ناوبراو تا "گرویس" کە ئاخرین گوندی سەردەشتە، لەگەڵمان کەوتو پاشان گەیشتنیە ناوچەی "حەوتەوانە"، هەرچەند خۆمان بە کۆمیتەی شارستان نەناساندبوو، لەگەڵ کاك سەید برایم هاشمی کە ئەودەم بەرپرسی ناوچەی حەوتەوانە بوو، سەردانی مەدرەسەی "کێوەڕۆ"مان کردو مامۆستای مەدرەسەکە "گەلاوێژ" کچی ڕەشیدخان بوو. بە حوکمی ئەوەی من پێشتر "معلم" بووم، زیاتر پرسیارم لە مامۆستاو قوتابیەکان دەکردو زۆر کەیفم بە کەلاسەکەی هاتو پێم کەلاسێکی باش بوو. پاش چوونمان لە "کێوەڕۆ"، چووینە "گەرماو" ناوەندی کۆمیتەی شارستانو لێرەش هەر بە پێی ئەو ڕەواڵە کارەکانمان بەڕێوەبردنو سێ کەسی بەرەو ناوچەی سەقز وەڕێکەوتین. ڕێپێوان لە نێو بەفرێکی زۆردا کە باریبوو، زۆر دژوار بوو، بە نۆرە ڕچەمان دەشکاندو لە هێندێ گوندیشدا ـ لەم گوند بۆ ئەو گوند ـ نەفەرمان لەگەڵ خۆمان دەبرد. ڕۆژێك لە نزیك گوندی "بابوس" لە تەختاییەکدا دەتوانم بڵێم زیاتر لە میترێك بەفر لە زەویدا بوو، لە دوورەوە چاومان بە ڕێچکەی ژمارەیەك خەڵك کە سەفێکی درێژیان پێك هێنابوو، کەوت. شەهید سدیق فەرۆخیان وتی کوڕینە سەیر کەن ئەو نەفەرانە دێن، ئەوانەیان لە پێشەوە چەکیان لە شانەو ئەوانەشیان لە دواوەن، کۆڵیان بە کۆڵەوەیە. وتمان جا چ بوو؟ وتی ئەوە موجاهیدینی خەڵکن، ئەوانەیان لە پێشەوەن فارسنو ئەوانەشیان لە دواوەن کوردن، واتە چەك بەدەستەکان فارسو کۆڵهەڵگرەکان کوردنو نەفەرێکیان لە دوای هەمووانەوە بوو، کۆڵەکەی لە هەمووان زیاتر بوو...، منیش لە درێژەی قسەکەی کاك سدیقدا گوتم، ئاخر نەفەریشیان کە کۆڵەکەی لە هەمووان قورسترە، لەوانەیە پاوەیی بێ، کاك سدیق وتی بۆ پاوەییە؟ وتم چونکە موجاهیدەکانی پاوە لە هەمووان موجاهیدترن. کە گەیشتینە یەکەم کۆڵ هەڵگر، من لە پێشەوە بووم، بە فارسی گوتم "خستە نباشید" تا ئاخر چەکدارو هێندێکیان بە فارسییەکی

پاراو وه‌ڵامیان ده‌دامه‌وه‌و هێندێكیان به‌ فارسی تێكه‌ڵ به‌ توركی. كه‌ گه‌یشتمه‌ ئاست كۆڵ هه‌ڵگره‌كان ئه‌مجار به‌ كوردی وتم ماندوو نه‌بن، وه‌ڵامیان دامه‌وه‌ سپاس‌و، كه‌ گه‌یشتمه‌ ئاخیر نه‌فه‌ر، من‌و كاك سدیق له‌ قاقای پێكه‌نینمان دا، شه‌هید سدیق فه‌رۆخیان وتی چیه‌؟ وتمان ئاخر نه‌فه‌ر پاوه‌یی‌یه‌، كه‌ گه‌یشتینه‌ لای، "محه‌مه‌دنه‌زیف پیرمغان" بوو كه‌ له‌ ناو موجاهیدیندا "یدی"یان پێده‌گوت، ئه‌ویش ئه‌حواڵپرسیی ئێمه‌ی كردو وتی به‌چی پێده‌كه‌نن، جه‌ره‌یانه‌كه‌مان بۆ گێڕایه‌وه‌، زۆری پێناخۆش بوو، منیش وتم جا بۆ پێت ناخۆشه‌، تۆ به‌لای ناخێرته‌وه‌ لیسانست هه‌یه‌، ئه‌و كۆڵه‌ زله‌ چیه‌ هه‌ڵتگرتووه‌؟ ئه‌وسا پێم بڵێ تا ئێستا كورد به‌ هه‌رچی به‌ناوبانگ نه‌بێ، لانیكه‌م قه‌بووڵیانه‌ كه‌ له‌ ده‌ست‌و چه‌كدا مه‌هاره‌تی هه‌یه‌، بۆ فارسه‌كان چه‌ك له‌ شان‌و ئێوه‌ كۆڵ هه‌ڵگر؟ به‌ قه‌ڵسی‌و بێخواحافیزی به‌جێی هێشتین، هه‌رچه‌ند هه‌واڵه‌كانیشی هێندێ به‌جێیان هێشتبوو.

ئێواره‌ كاتێك گه‌یشتینه‌ "خوڕیئاوا" ناوه‌ندی كۆمیته‌ی بابووس، ئه‌وه‌نده‌مان له‌ رۆژدا به‌فر بڕیبوو، حاڵ‌و هه‌وایه‌كمان نه‌مابوو شه‌ل‌و شه‌كه‌ت بووین. خاوه‌ن ماڵ نانێكیان پێداین‌و دوای ماوه‌یه‌كی كورت خه‌ومان لێكه‌وت. رۆژی دواییش هه‌ر له‌و گونده‌ بووین، رۆژی دواتر به‌ره‌و "حه‌وتاش" كه‌ به‌پێی ته‌قسیماتی حیزبی یه‌كه‌م گوند له‌ رۆژئاوای سه‌قز هه‌ڵكه‌وتبوو، وه‌ڕێكه‌وتین. گه‌رده‌نه‌ی قه‌ره‌جدامان به‌فری زۆری لێنیشتبوو، له‌ ره‌شاییدا به‌ دوو سه‌عات له‌ "خوڕیئاوا" ده‌گه‌یته‌ حه‌وتاش، به‌ڵام ئێمه‌ له‌ به‌یانی‌یه‌وه‌ تا سه‌عاتی 5ی ئێواره‌ به‌رێوه‌ بووین، له‌ نزیك دوندی شاخه‌كه‌ گێژه‌ڵۆكه‌یه‌ك هه‌ڵیكرد، شانسمان هێنا رێگامان ون نه‌كردو ره‌ق هه‌ڵنه‌گه‌ڕاین، نزیك سه‌عات 5 گه‌یشتینه‌ حه‌وتاش‌و له‌وێماینه‌وه‌. رۆژی دواتر چووینه‌ "به‌یانده‌ره‌" كه‌ فاسیله‌یان له‌ حه‌وتاش زۆر نیه‌، له‌وێشه‌وه‌ چووینه‌ "میك"و شه‌وێك له‌وێش ماینه‌وه‌و رۆژی دوایی به‌ره‌و "ده‌ره‌زیاره‌تی سه‌روو" ناوه‌ندی كۆمیته‌ شارستانی سه‌قز وه‌ڕێ كه‌وتین. به‌ زاهیر گه‌رده‌نه‌ی "میك"و "ده‌ره‌زیاره‌ت" زۆر بڵێند نیه‌. ئه‌و رۆژه‌ بڕێك بای ده‌هات، خه‌ڵكی میك پێیان وتین ئه‌مرۆ مه‌ڕۆن، ئه‌م گه‌رده‌نه‌ی نێوان میك‌و ده‌ره‌زیاره‌ت گێژه‌بای هه‌یه‌و ئێستا به‌فرێكی زۆر له‌و لاشانه‌ كۆ بووه‌ته‌وه‌،

دەرچوون زۆر ئەستەمە، بە قسەمان نەکردنو وەڕێ کەوتین تا سەری یاڵ هیچ گرفتێك نەهاتە پێش، بەڵام کە گەیشتینە سەر یاڵەکە، هێندێك بەرەوخوار چووین، کاك سدیق فەرۆخیان تا بن باڵی لە بەفرەکە رۆچوو، بە هەزار ناری عەلی هێنامانە دەرەوە، لەو گەردەنە بە دیوی میكدا بەفر کەم بوو، بەڵام بە دیوی درەزیارەتدا بەفر یەکجار زۆر بوو. بە شوێن جێگایەکدا دەگەڕاین بەفری کەم بێو خۆمان دەرباز بکەین، گێژەڵۆکەش بەردەوام لە دەموچاومانی دەدا، هەڵبەت کڵاو جامانەمان لەسەر بوو، بەڵام فایدەی نەبوو، بۆ گەڕانەوەش پێمان حەیف بوو ئەو رێگایە هاتووین بگەڕێینەوە دواوە، بەهەر شێوەیەك بوو، بەرەو دەرەزیارەت ملی رێگامان گرتەبەر، لە زۆر شوێندا ئەوەندە کەوتینە ناو چاڵە بەفرو بە دوو نەفەرەکەی دیکەمان هەولێ دەرهێنانی نەفەرە چەقیوەکەمان دەدا کە خۆمان نەفەسمان بڕابووو گیانێکمان تێدا نەمابوو، هەر باش ئەوە بوو ماوەی دەرەزیارەتو میك زۆر کەم بوو. سەعات 2ی دوانیوەڕۆ گەیشتینە کۆمیتە شارستانی سەقز. من بۆ خۆم لە هۆش چووم، پاشان کە وەهۆش هاتمەوە، دیتم چەند کەس لە سەرمانو وا دیاربوو هاوڕێیانی دیکەش حاڵیان زۆر لە من باشتر نەبوو. رەش هەڵگەڕابووین، هاوڕێیانی کۆمیتەی سەقز کە ئەودەم کاك سەلیم بابانزادە بەرپرسیان بوو، کاك قادرخانیش بەرپرسی کۆمەڵایەتی، لێیان پرسین ئەو بۆ واتان بەسەر هاتووە. خەڵکی میك بۆ ئەوەندە بێناموس بوون هێشتوویانە ئێوە بەم رۆژە لە دێوە بێن؟ ئێمەش وتمان خەتای ئەوانی تێدا نیە، خەتای خۆمان بوو کە بە قسەی خەڵکی مێکمان نەکرد. پاش ئەم پرسو جۆیە، بۆی حەساینەوەو نانێکمان خواردو تا بەیانی رۆژی دواتر لە مەئمووریەتەکە هیچ باسێکمان نەکرد، رۆژی دواتر نامەی مەئمووریەتەکەمان دا بە کۆمیتەی شارستانو لەگەڵ قادرخانو قادری شێخ غەریب کە خوشکەزای قادرخانو بەرپرسی بەشی شەهیدان بوو، بەرەو ناوەچی "خوڕخوڕە" وەڕێ کەوتین. دیارە لە هەموو گوندەکانی سەر رێگامان لە قوتابخانەکانو بنەماڵەی شەهیدان دەدا لەگەڵ شووراکانیش کۆبوونەوەمان دەکرد. پاش چوونە "دەرەزیارەتی خواروو"و "سووتوو"، گەیشتینە "حاجی مەمان" بەفرێکی قورس تێی کردو 7 رۆژ لەم گوندەماینەوە. خوا

هەڵناگرێ خانەخوێ لەو 7 رۆژەدا زۆر چاکی بەخێو دەکردین، پاش ئەو حەوت رۆژە کە هەوا خۆشی کرد، لەگەڵ کاک قادرخانو هاوڕێیەکەی بەرەو "ماسیدەری شێخ" کەوتینە رێو لەوێش شەوێ ماینەوە. بەیانی بەرەو "مولاناوا" حەرەکەتمان کرد، لە چۆمی ماسیدەر کە دەبا پەڕیباینەوە، چۆمەکە بەستبووی، بە پێچەوانەی ئێستا من ئەوکات لاوێکی 27 ساڵەو باریك ئەندام بوومو بەسەر یەخی چۆمەکەدا بەبێ گیروگرفت پەڕیمەوە، وابزانم هەر دوو کاك سدیقو قادری شێخ غەریبیش پەڕینەوە، بەڵام کاك قادرخان کە هات بپەڕێتەوە، یەخەکە شکاو کەوتە ناو ئاوەکەو بەو زستانە تەڕو تەڵیس بوو، گوندێکی دوو سێ ماڵی بەو بەرەوە بوو، چووینە ئەو ماڵانە تا قادرخان ویشك بۆوەو پاشان درێژەمان بە رێگا دا تا هاتینە "مەولاناوا" کە ناوەندی ناوچەی "خوڕخوڕە" بوو. پاش کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمیتەی ناوچەی خوڕخوڕە، قادرخان داوای کرد بگەڕێتەوە بۆ کۆمیتەی شارستانو ئێمەش بەهۆی ئەوەی لە ئێمە زۆر بە تەمەنتر بوو، پێمان خۆش بوو. قادرخان گەڕایەوەو لەگەڵ قادری شێخ غەریب بە ناوچەی خوڕخوڕدا گەڕاینو سەردانی قوتابخانەکانو بنەماڵەی شەهیدەکانی ئەم ناوچەیەمان کردو لەگەڵ شووراکان کۆبوونەوەمان کرد. شووراکانی ئەم گوندانە لەگەڵ کۆمەڵە گیروگرفتیان هەبوو، دەیانگوت ئێمە خەڵك هەڵیبژاردووین، بەڵام کۆمەڵە دێتە ئێرەو دەڵێ ئێوە شوورای خەڵك نین، شوورای حیزبی دێموکراتن، بۆیە مافی هیچ کارێکتان نیە. کۆمەڵە لەو شوێنانە کە لایەنگرانی خۆیان دەنگیان هێنابایەوە بە شوورای خەڵکی دەزانیو لەو شوێنانەش کە لایەنگرەکانی ئەوان دەنگیان نەهێنابایەوە، بە شوورای خەڵکی نەدەزانین. لە مەکتەبی کۆمەڵەدا، خەڵك یانی لایەنگرانی کۆمەڵە!، بۆیە ئێمەش وێڕای باسکردن لەسەر ئەرکی گرنگی ئەوان، پێمان دەگوتن ئەو خەڵکەی ئێوەی هەڵبژاردوە، ئەگەر پشتیوانیتان لێبکەن، کۆمەڵە هیچی پێناکرێ.

ئاخر گوندی سەقز، گوندی "بەست" بوو. من لێرە دۆستێکم هەبوو، پیاوێکی زۆر باش بوو. هەرکات چووبامە "بەست"، سەردانی ماڵی ئەوانم دەکرد، بۆیە لە ئاخر گوندی سەقزدا کە بەست بوو، وێڕای بەشداریکردن لە رێوڕەسمی "2ی رێبەندان" کە کۆمیتەی ناوچەی

خوڕخوڕە پێکی هێنابوو، ڕۆژی دواتـر، بـەرەو "تەوکـەلان"، یەکـەم گونـدی دیوانـدەرە لـە ڕۆژئاوای ئەم شارە وەڕێکەوتین‌و بۆ لای نیوەڕۆ گەیشتینە تەوکلان. مامۆستای گوند "مەلا" دەعوەتی کردین میوانی ئەو بین، ئێمەش لەگەڵ سـپاس قـەبوولمان کـردو ڕۆیـشتینە مـاڵی مەلاو دیتمان مەلا هەرچەند تەمەنی نزیکەی 35 ساڵە، هیچ منداڵێکی نیەو ژنەکەشی بـە تەمەن لە مەلا گەورەتر لەباری زەرافەتی‌شەوە خوا هیچی پێ نەبەخـشیبوو. پـاش ماوەیـەك قسەکردن لەگەڵ مەلاو عەلاقەی مەلا بە شێعر، ڕێگەی قسەکردنمان کرایەوەو وتمان مەلا تـۆ بەم گەنجی‌یە، چۆنە ژنی وات هێناوە؟ مەلا لە وەڵامدا وتـی: "عـیللـەتی بێبەرگی‌یـە هـەتیو مەیلی هەتاو دەکا"، بۆیە ئیتر ئێمە لەسەری نەڕۆیشتین، بەڵام مەلاژن هاتە ماڵەوەو دەستی بە تێکردنی چایی کرد، ئەو کەسانەی لە زستاندا بەفرێکی زۆریان بڕیبێ‌و زۆر مانـدوو بـن، دەزانن ئەو چایانە چەندە خۆش‌و ئارامبەخشن. من‌و کـاك سـدیق بابـایی گوێمـان نەدەدایـە، مەلاژن پەیتا پەیتا چایی تێدەکردو ئێمەش دەمانخوارد، بەڵام کاك سدیق فـەڕۆخیان چـایی کەمڕەنگی پێ نەدەخورا، بۆیە دوو سێ جار داوای لە مەلاژن کـرد چـایی‌یەکەی بـۆ پـڕڕەنگ بکات، مەلاژنیش هەرکات چایی بۆ تێدەکرد، دەتگوت چایی ئیـستاندارده، هـەروەك یـەك بوون تا ئاخیرەکەی دوای پێداگرتنێکی زۆری کاك سدیق کە دەیگوت مەلاژن مـن چـایی زۆر ناخۆم، کەم دەخۆم، بەڵام پڕڕەنگ دەخۆم.

مەلاژن چایی‌یەکی خەستی بۆ تێکرد، کاك سدیق پاش خواردنی وتی، دەستت خۆش بـێ ئەمە باش بوو، خێرا مەلا ژن وەجواب هات‌و وتی: وەیڕۆ، دەڵێی کۆمەڵەیە دەڵـێ دەسـتت خۆش بێ! کاك سدیقیش ڕاوەستا تا چایی دووهەمی بۆ تێکرد، ئەمجار وتی مـەلاژن دەسـتت بشکێ‌و خودا زیادی بکا، مەلاژن پێکەنی‌و وتی بەخودا ئەمەیانم پێ خۆشتر بـوو، خـۆ ئێـوە دێموکراتن، وەك کۆمەڵە نین کە بۆ ئەوەی ناوی خودا نەهێنن، دەڵێن دەستت خۆش بێ.

پاش "توکلان"، چووینە "شاقەڵا" ناوەندی کۆمیتـە شارسـتان لـەم گونـدە بـوو. کـاك عوسمان ئەسراری بەرپرسی کۆمیتـەی شارسـتان بـووو کـاك بابـا شـێخ ناسـریش بەرپرسـی کۆمەڵایەتی، دیارە مەقەڕی کۆمیتەی دیواندەرەی کۆمەڵەش بەهێزەکەیانـەوە لـەم گونـدەدا

بوو. دەیانگێڕایەوە شەوێك كادرێكی بێسەوادی كۆمیتەی "خوڕخوڕە" هاتۆتـە "شـاقەڵا"و دەستی بە قسەكردن بۆ خەڵك كردوە، بەرپرسـانی كۆمەڵـەش لەوانـە، موزەفـەری محەمـەدی دەڕواتە كۆبوونەوەكەو شێخ موتەلیب لە قسەكانیدا دەڵێ: كۆمەڵە تووشی پۆپۆلیـسم بـووە، موزەفـەر محەمـەدی لـە تـەواوبوونی قـسەكانی شـێخ موتـەلیبدا كـە پێـی وا دەبـێ شـێخ موتەلیبێكی بێسەواد حەتمەن نازانێ پۆپۆلیسم یانی چی، لێی دەپرسێ كاك موتەلیب تۆ لـە قسەكانتدا وتت كۆمەڵە تووشی پۆپۆلیسم بووە، ببوورە ئەم خەڵكە مانای پۆپۆلیسم نـازانن، ئەگەر دەكرێ بۆیان روون بكەوە. شێخ موتەلیبیش دەڵـێ كـاك موزەفـەر بەسەرچـاو روونـی دەكەمەوە. پۆپۆلیسم ئەوەیە ئێوە كە زۆربەتان كوڕە دەوڵەمەندو ئاغان، بۆ ئەوەی وا نیـشان بدەن كە وەك خەڵكی زەحمەتكێشی ئەم گوندانەن، بە مانگ خۆتان ناشۆن، لیباسی شڕ لەبـەر دەكەن‌و ئەسپێ دەخەنە قەد خۆتان بۆ ئەوەی وا بنوێنن كە ئێوەش لەوانن. بەڵام وا نیە، ئێوە هەر كوڕە ئاغاو دەوڵەمەندەكەن، ئەوانیش هەر زەحمەتكێشەكەن. دوای ئەم وەڵامە كە مانای پۆپۆلیسم بە زمانێكی زۆر ساكار دەگەیەنێ، موزەفەر محەمەدی كۆبوونەوەكـە بـەجێ دێڵـێ‌و زۆربەی كۆمەڵەكانیش لەگەڵی. لێرەشدا دەقی ئەو مەئموورییەتانەمان بـەڕێوە بـردن كـە لـە پێشەوە باسم لێوە كردن. بەهۆی ئەوە بابا شێخ‌و هادی حوسەینی رەفیقمـان بـوون، دوو سـێ رۆژ زیاتر لە مەئموورییەتەكەمان لە لایانەوەماینەوەو بەرەو كۆمیتە شارستانی سنە كـە لـە "قولقولە" لای "توار سەمەدی"و "خاك رۆزی" نیشتەجێ بوون، وەڕێ كەوتین، لەوێش كـاك تاهیر عەلیار بەرپرسی كۆمیتەی شارستانی سنە بوو. عـەزیز لـەحیمی‌و ساسـان پەرتـەوی، ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی بوون. شەهید ئێقبال كەریم‌نژادیش فەرماندەی هێز. لێـرەدا دوو مەسەلە منیان زۆر ناڕەحەت كرد، یەكەم كاتێك بوو لە كۆمیتـەی شارسـتان دانیـشتبووین‌و نازانم چ مەسەلەیەك رووی دا، لە پڕێكداو لەبەر چاوی ئێمەوە، كاك تـاهیر عـەلیار هێرشـی كردە سەر پێشمەرگەیەك‌و دایە بەر شەپ‌و زیلەو شـەق‌و لـەق‌و، دەمـی كوڕەكـە كـە نـاوی "مێهدی" بووو خەریكی كتێب خوێندنەوە بوو، پڕ بوو لە خوێن. هەر سێ نەفەرەكەمان ئـەو

کردەوەیەمان زۆر پێ ناخۆش بوو. لە کۆبونەوە لەگەڵ هەیئەتی ئیجرایی‌دا رەخنەمان لە کاک تاهیر گرتو لە راپۆرتەکەی خۆشماندا بۆ کۆمەڵایەتی، ئاماژەمان بەم کردەوەیە کرد.

مەسەلەی دووهەم، شەهیدبوونی "مەنسوور حەیدەری" پوورزام کە پێشمەرگەی کۆمەڵە بووو لە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا لە ئەوێهەنگ شەهید بوو. مەنسوور "فوق دیپلم" بوو، لەگەڵ ئەوەی چوار ساڵ لە من بچووکتر بوو، پێش لە شۆڕش زۆر کات پێکەوە بووین، زۆرم خۆش دەویست، قەت ئەو کاتانەم لە بیر نەدەکرد کە دەهاتە ماڵمانو ئەگەر برێنجمان هەبا، دەمانکردە هاوخوانی کەیهانی برام، ئەویش لەبەر ئەزیەتی کەیهان، یەك نانی هەورامیی پان دەکردەوەو بەسەر دەوری‌یە برێنجەکەی‌دا دەدا، کەیهانیش کە زۆر برێنجی پێ خۆش بوو، بەهەر دوو دەست لە سەری خۆی دەداو دەیگوت گشتی خواردو دەکشایەوەو دەستی دەکرد بە گریان. ئەم سەحنەیە لەگەڵ دەیان سەحنەی دیکەی پێکەوەبوونمان، بە بەرچاوم‌دا تێدەپەڕین، بۆیە دەستی خۆم نەبوو فرمێسك بە چاوم‌دا دەهاتنە خوارەوەو بە دڵ دەگریام. مەئمووریەتی کۆمیتەی شارستانی سنەمان تەواو کردو گەڕاینەوە بۆلای کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، بەڵام تازە زستان کۆتایی پێ هاتبووو شاخەکان رەش ببوونو لە گەڕانەوەدا بە خێرایی گەڕاینەوەو رۆژی 25ی خاکەلێوە گەیشتینەوە لای کاك جەلیلو راپۆرتی مەئموریەتەکەمان پێدا کە زۆری پێ خۆش بووو لە کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی‌دا سپاسی کردین.

## مانگی دیفاعو هێرش

رژێم لە مانگی خەرمانانی 61دا هێرشێکی بەربلاوی لە جادەی پیرانشار ـ سەردەشت کە رێگای هاتوچۆی دەفتەری سیاسیو هەر لەو کاتەشدا بنکەی دەفتەری سیاسی لە دۆڵی دێموکرات هەر لەم رێگایە نزیك بوو، بۆیە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو، لە رۆژی 20ی خەرمانان تا 20ی رەزبەری بە "مانگی دیفاع لە ئازادی" ناودێر کردو بەهۆی پەیامێکی رادیۆیی، داوای لە گەورەو بچووكو ژنو پیاوی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی رێگای پیرانشار

ـ سەردەشت کردبوو کە بەرەنگاری هێرشی دوژمن ببنەوەو بۆ تێکشکاندنی چەکی هێزی بەرگری هەڵگرنو ژنانو منداڵانیش بە دروستکردنی نانو پێخۆر، یارمەتیی بەرەکانی شەڕ بکەن. کاك دوکتور لە پەیامە رادیۆیییەکەیدا رایگەیاند: "لەم مانگەدا دەبێ هەموو شتێك بۆ جەبهە بێتو هەموو ئیمکاناتێك بۆ سەنگەر". مانگی دوای ئەم مانگەش بە مانگی هێرش بۆسەر دوژمن دیاری کرا کە لەم دوو مانگەدا بەبێ زیادگوتن، پێشوازیی خەڵکی کوردستان بەگشتیو خەڵکی ناوچەی سەردەشتو پیرانشار بەتایبەتی، بێوێنەو جێگای شانازی بوو. جگە لە هێزەکانی سازماندراوی حیزب کە لە بەرەکانی شەڕدا زۆر قارەمانانە لە بەرامبەر هێرشەکەدا راوەستان، بەڵکوو هێزێکی بەرگریی فراوانیش پێك هات کە دەوری هێزی بەرگری هیچ کەمتر نەبووو لە هێزەکانی حیزبو ئەوانیش شەوو رۆژ لە شەڕو نیگابانیدانىدا بوون. رێژیم تا گرتنەوەی ئەم رێگایە، تەڵەفاتێکی ئینسانیی زۆرو خەسارەتێکی ماددیی بێوێنەی دیت.

سەبارەت بە بەڕێوەبەریو هەماهەنگکردنی ئەم هێزانە ستادێك پێك هاتبوو کە لەو ستادەدا، کاك جەلیل گادانی بە بەرپرسی تەداروکاتیی بەرەکان دیاری کرابووو، بەو پێیە کە ئێمەش هاوکاری کاك جەلیل بووین، پێویست بوو لە راپەڕاندنی کارەکانیدا هاوکاریی بکەین. ئێمە سێ کەس، سدیق بابایی، بایز محەممەدیو من پێکەوە قسەمان کردو بەو ناسیارییەی کە لە رابردوودا لەگەڵ کاك جەلیل بە دەستمان هێنابوو، دەمانزانی ئەگەر هەرسێ پێکەوە لە گەڵی بین، هەڵ ناکەین، بۆیە بڕیارمان دا هەر یەکەمان 10 رۆژ لەگەڵی بین، 10 رۆژ کە تەواو بوو، یەکێترمان بڕواتو ئەوەی لەگەڵ کاك جەلیلە بگەڕێتەوە. بەم شێوەیە لە مانگێکدا هەر کامە 10 رۆژمان وەبەر دەکەوت. رەنگە زۆر هەڵسووڕانو مەسەلەی جۆراوجۆر لەو ماوەیەدا هاتبێتە پێشەوە، بەڵام من لێرەدا تەنیا دوو نموونە لەو هەڵسووڕانانە باس دەکەم. یەکەمیان، رۆژێك کاك جەلیل وتی با بڕۆین سەرێکی برادەرانی سۆسیالیست بدەین، مەبەست حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە بوو، هەرچەند ژمارەیان کەم بوو، بەڵام ئەوانیش بە شێوەی سەمبۆلیك لەو شەڕەدا بەشدارییان کردو ئەو

دەم بەرپرسی برادەرانی سۆسیالیست هەڤاڵ سەلیم بووو چەند کەسێکی دیکەیانم دەناسین، سەرمان دانو نانێکمان لەلا خواردن، ئەوان مەقەڕەکانیان لەسەرەوەی گوندی "عەلیاوێ" نزیك "میراوێ" لە دارستانێکدا خانوویان ساز کردبوو. پاش ئەم سەردانە کاك جەلیل فەرمووی سەرێکی بەرەی "ئالۆاتان" بدەین، لەوێ چاومان بە کاك چەکۆو کاك قادر ئیفتیخاری بکەوێ، ئێمە چووینە ئالۆاتان، چووینە لای کاك چەکۆ کە تۆپێکی 105ی پێ بوو سەردانی شەهید قادری ئیفتیخاری کە ئەو دەم فەرماندەی هێزی ئاوارە بوو، کردو، شەو داهاتبوو، لە ئالۆاتان نانێکمان خواردو جیبێکمان گیر کەوتو بەو شەوە کاك جەلیل وتی با سەری کۆمیتەی شارستانی پیرانشاریش بدەین کە هاتبوونە "کونەمشکی" لای ئالۆاتان. سەعات 10 گەیشتینە کۆمیتەی پیرانشار. کاك حوسەین مەدەنی بەرپرسی کۆمیتە شارستان، لەوێ بوو، بەڵام چاومان بە شەهید رەحمان سوفیزادە کە وابزانم ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتە شارستان بوو، کەوت، پێم وابوو لێرە ئیستراحەت دەکەین، بەڵام زۆری پێ نەچوو کاك جەلیل گوتی دەڕۆم، هاوڕێیانی پیرانشار زۆریان وت کاتی ڕۆیشتن نیە لێرە وەمێنن، بەیانی ئەگەر کارێکتان هەیە، بیکەن. کاك جەلیل فەرمووی نا، سەرێکی کوڕەکانی نەخۆشخانە دەدەین کە لە سەرەوەی گوندی "دۆڵەتوو" چادریان هەڵدابوو. منو دوو پێشمەرگەی هاوڕێی کاك جەلیل کە یەکیان محەممەدی ژن برای بووو وابزانم ئەوی دیکەش هەر ناوی محەممەد بووو خەڵکی گومان، لە روومان هەڵنەدەهات بڵێین کاك جەلیل کاتی چوون بۆ ئەملاوئەولا نیە، بۆیە لەگەڵ کاك جەلیل وەڕێ کەوتین، نزیکەی سەعات 12:30 گەیشتینە چادرەکان، هەموو کادرو پێشمەرگەکانی نەخۆشخانە خەوتبوون، لە خەومان هەڵساندنو بەو شەوە کاك جەلیل کۆبوونەوەی بۆ کردنو پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە دیسان کاك جەلیل ئێمەی بەرەو ئالۆاتان گێڕایەوە، کە هاتینەوە ئالۆاتان سەعات 3ی شەو بوو، زۆر ماندوو بووم، خەوم دەهات، پێشمەرگەکان لە من خراپتر، یەك دوو دەرکە چووین خەڵك خەوتبوو، کاك جەلیل وتی: با بگەڕێینەوە بۆ میراوێ، منیش تەحەمولم نەمابوو، وتم کاك جەلیل ئێستا کاتی چوون نیە، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ڕۆیشتن، منیش کە دیتم

سووره لەسەر رۆیشتن، وتم من خەوم دێ، نابێ لەوە زیاتر بە رێگادا بڕۆمو نەخەوم، مـن لێـرە دەمێنمەوە ئێوە بڕۆن. کە ئەمەی لە من بیست وتی باشە، تـا بـەیانی لێـرە دەحەسـێنەوەو بەیانی دەگەڕینەوە بۆ میراوێ. شەوماینەوە، زۆر هەوڵمان دا تا ماڵێکمان بەخەبـەر هێنـاو چووین لەوێ خەوتین. سەعات 5 کاك جەلیل هەسـتابووو هەڵیـساندنی کـە بـەرەو مـیراوێ وەڕێ کەوین. کە لە خەو هەستاینەوە، بەچـاوی خەواڵێیـەوە هاتینـە دەرێو هێـشتا تاریـك بووو بارانیش بەخۆڕ دەباری. وتم کاك جەلیل باران دەبارێ، وتی با هەر بڕۆین. کە زانیم کاك جەلیل سووره لەسەر رۆیشتن، تەماشام کرد ئەو شانی رووتـەو مـن پاڵتۆیـەکی ئـەمریکاییم لەبەردا بوو، بـەلای خۆمـەوە وتم عەیبـە کـاك جـەلیل شـانی رووت بـێو مـن ئویرکوتـەم لەبەردابێ. ئیوەر کۆتەکەم داکەندو وتم کاك جەلیل فەرموو بیکەرە بەرت، کاك جـەلیل وتـی نا، منیش بە ئیسراری زۆر کۆتەکەم پێداو کردییە بـەری. لەبـەر ئـەوە زۆر تـەڕ نـەبم، بـە هەڵاتن بەرەو میراوێ وەڕێ کەوتم، کە گەیشتمە شارەدێی میراوێ، چـۆڵ بـوو، تـەنیا هێـزی بەرگریی لـێمابووو هێزی دوژمنیش گەیشتبووە گوندی "چەکۆ"و بەهۆی ئەوە لەبـەر بـاران تەڕ ببوومو، دەمزانی کاك جەلیلیش بگاتە ئێرە ناهێڵێ دانیشین، خێرا لیباسەکانی سـەرەوەم دەرهێناو خۆم دایە بەر کوورەکە، کاك جەلیل گەیشت، پێشبینییەکەم دەقیق بوو، وتی ئەوە بۆ لیباسەکانت داکەندوە، خۆ ئێمە دەڕۆیشتینو برادەرانی هێزی بەرگری کـە فەرماندەکـەیان مەلا حەسەن شاخ بوو، چاییەکیان بۆ ساز کردینو پاش نانو چاییو پەنیر خواردن، منـیش هێندێك لیباسەکانم وشك ببوونەوەو کردمنەوە بەرمو بەرەو "عـەلیاوا" وەڕێ کـەوتین. کـاك جەلیل وتی ها ئویرکوتەکەت بگرە، منیش بەلای خۆمەوە پیاوچاکیم دەکرد، وەرم نەگرتەوە، وەڕێ کەوتین، لە میراوێ تا عەلیاوا کە 2 ـ 3 کیلۆمیترێك دەبـێ، بەسـەرە جـادەدا بـەرەو عەلیاوا وەڕێ کەوتم. کاتێ گەیشتمە گوندی "عەلیاوا"، مەلاحەسەن شیوەسەڵی، فەرماندەی هێزی موعینیو فەقێ رەسووڵی، جێگری ئەم هێزە لە ماڵێکدا تەنوورێك ئاوریان هەڵکردبوو دەوریان لـێدابوو. کە منیان بەتەڕی دیت، رێگایان بۆ چۆڵ کـردمو چـوومە لای ئاگرەکـەوە. کاك مەلاحەسەن لێی پرسیم ئەدی کاك جەلیل کوا، وتم لە دواوەیەو ئەوە ئێستا دەگاتێ، کـە

کاک جەلیل گەیشتە لای کاک مەلاحەسەن، دوای ئەحوالْپرسی، کۆتەکەی پێدامەوەو وتی کاکە گیان! لەمەوبەدوا ئەگەر ویستت کەسێك کولێکت بۆ هەڵگرێ، پێی بڵێ ئەو کۆڵەم بۆ هەڵبگرە، لە باتی پیاوەتی، قسەکەیەم زۆر پێسەیر بوو، تا ئێوەرکۆتەکەم لێوەرگرتەوە، تەماشام کرد بەڕاستی زۆر قورس بووەو کاک جەلیلیش لە من زۆرتر تەڕ بووەو تێگەیشتم کە ئێوەرکۆتەکە دایداوە.

مەسەلەی دووهەم ئەوە بوو، هەرکات کاک جەلیل پووڵی بەرەو کەمی دەچوو، هەرکام لە ئێمە لەبەر دەستیدا باین، بە نامەیەکەوە دەیناردینە کۆمیسیۆنی ماڵی کە هێشتا لە دۆڵی دێموکرات بووو کاک مستەفا هیجری بەرپرسی بوو. چەندە پووڵی نووسیبایە بۆمان دەهێنا. رۆژێك نامەیەکی بە مندا نارد، لە کۆمیسیۆنی ماڵی داوای سەدهەزار تمەنی کردبوو، منیش ئەو رادە پووڵەم بۆ هێنا، کە دامە دەستی، بەپێی عادەت دەیبژارد، لە نەکاو دیتم کاک جەلیل دەنگی لێبەرز بۆوەو دەڵێ: ئافەرین هەروایان کردوە بۆیە وا خاوێنە، ویستم بزانم قەزیە چیە، بەڵام وتم بە من چی، کە سەیرم کرد ئەو رستانە هەر درێژەیان هەیەو کاک هومایون ئەردەڵانیش ـ یادی بەخێر ـ لەوێ بوو، ویستم بزانم قەزیە چیە. پرسیم کاک جەلیل چ بووە، شتێك رووی داوە؟ وتی بابم ئەو پووڵەی هێناوتە چل هەزار تمەنی زیادییە. وتم چۆن؟ باشت بژاردوە؟ وتی بەڵێ. من ئەوکات کە گوتی سەدو چل هەزار تمەنە، تێگەیشتم کە کاک جەلیل هەموو پووڵەکەی بە 100 تمەنی بژاردوون، بۆیە لێم پرسی کاک جەلیل هەمووت بە 100 تمەنی بژاردوون؟ وتی بۆ؟ وتم ئاخر 50 تمەنیشیان تێدایە. ئەمجار کاک جەلیل وەك پرسیار وتی 50 تمەنیشیان تێدایە؟ وتم بەڵێ، بۆ جارێکی دیکە بژاردیو وتی حیسابەکە دروستە.

رێژیم بە دانی کوژراوێکی زۆر، لە جادەکەڕا دەهاتنە پێشو وای لێهاتبوو کە بنکەی دەفتەری سیاسی کەوتبووە خەتەرو دەفتەری سیاسی راگوێزرایە "ئالان"، بەڵام نازانم هۆیەکەی چ بوو، ئێمە کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی هاتینە "سوێسنایەتی"ی سەردەشتو لە گوندێکی سوێسنایەتیدا بەناوی "کانیزەرد" گیرساینەوە. ماڵی سەید رەزاو ماڵی خاڵێشم

(کەماڵ زەردشتیان) لەم گوندەو لە نزیك یەك بوون. بۆ کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی مامۆستا گۆران دیوێکی سێ لە چواری لە کابرایەك بەناوی ئیبراهیم کە تەنیا دوو دیوی هەبووو یەکیان خۆیو منداڵەکانی تێدا دەژیانو یەکیان ئێمە 7 کەس: (سدیق بابایی، لالۆحەمە شەریف، خوسرەو حەسەنخاڵی، سدیق فەرۆخیان، عەولا سوور، ئەحمەد مدرسیو من)، مەدارکی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیش کە سەری لە تۆنێك دەدا، هەر لەم دیوە بووو زۆر بە سەختی رێگامان دەبۆوە. ئێوارەیەك مامۆستا گۆران کە بەرپرسی بەشی قەزایی بوو، نەفەرێکی بەناوی سدیق کە کادری نەغەدە بووو مەسەلەی ماڵیی لەسەر بوو، هێناو وتی ئەو کوڕەش لەلای ئێوە دەبێ. ئێمەش پێمان وت، مامۆستا گۆران! دەزانی ئێمە جێگامان نابێتەوە، با بڕوات بۆ کۆمیتە شارستانی سەردەشت کە لە گوندێکی بەرامبەر بەناوی "دارمەکۆن" بوو. مامۆستا گۆران ئەو پێشنیارەی زۆر لا گران بوو، پێی وابوو قسەی حەزرەتی فیل لە عەرز کەوتووە، ئاخر مامۆستا گۆران خۆی لێ گۆڕابووو پێی وابوو ئەم مەدرەکە وەو هەیەتیو ئەو شتانە ئەو دەیزانێ، کەس نایزانێ، کە زۆر کەمیشی دەزانی. قەڵس بووو وتی: ئەگەر ئێوە لە دەرێ خەوتن، ئەم کابرایە لێرە دەبێ، کە وای وت، منیش وتم ئەگەر وای لێهات، ئێمە رێگا نادەین، ئەتۆ چیت لە دەست هات بیکە، مامۆستا گۆران بەجێی هێشتو ئێمە بۆ ئەوەی کوڕەکە دڵگران نەبێ، پێمان وت لێرە جێت نیە، بڕۆ لەم دەورووبەرە شوێنێ بۆ خۆت بدۆزەوە، بەکورتی رێگامان نەدا. ماوەیەکی پێچووو دوای ئەو ئاڵوگۆڕانە پێویست بوو کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی کۆبوونەوەی خۆی بگرێو، لە ئاکامدا کۆمیسیۆن بە بانگهێشتنی ئەندامانی کە هەرکام لە شوێنێك بوون کردو، کۆبوونەوەی پێك هێنا. کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆن وەك پلینۆم وابوون، هەمیشە 2 یا 3 رۆژیان دەکێشا، دوای دوو رۆژ باسکردن لە کاری داهاتووی کۆمیسیۆن، کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهاتو پێش لەوەی کاك جەلیل کۆتایی کۆبوونەوەکە رابگەیەنێ، لە کاك جەلیلم پرسی، ئەگەر کەسێك رەخنەیەکی لە برادەرێکی کۆمیسیۆن هەبێ، دەبێ لە کوێ باسی بکا؟ کاك جەلیل وتی: لە کۆبوونەوەی کۆمیسیۆن باشتر چ جێگایەك هەیە بۆ ئەو باسە، منیش وتم زۆر باشەو،

جەرەیانی هەڵسوكەوتەكەی مامۆستا گۆرانم گێڕایەوەو گۆرانیش بە قەڵسی جاریَ نەجاریَ دەهاتە ناو قسەكانمو منیش پێم وت، براگیان، من تاوانبار نیم لەبەر دەستتدا بمو نەهێڵی قسە بكەم، ئەندامی كۆمیسیۆنم، رێگا بدە قسەكانم تەواو كەم، ئەوجار تۆیش قسەی خۆت بكە. پاش تەواوبوونی قسەكانی من، كاك سدیق باباییش عەینی هەڵوێستی دەربڕیو هاوڕێیانی كۆمیسیۆنیش لەو بارەیەوە قسەیان كردو رەخنەیان لە كردەوەكەی گۆران گرت. گۆرانیش كە كەوتە وەڵامدانەوە، دەستی بە جنێودان بە كاك كەماڵ خالیدی كە بەرپرسی كۆڕی پەروەردە بوو كردو ئەوەی دەیگوت، بەڕاستی شیاوی مرۆڤێكی زۆر ساكاریش نەبوو. سەیر ئەوە بوو كە كاك كەماڵ خالیدی لە بەرامبەر جنێوەكانی گۆراندا بە لەسەرەخۆییو هێواش دەیگوت ئافەرین، كاك جەلیلیش دەستەوەستان كارەكەی گۆرانی بە هەڵە زانی، بەڵام نەیدەزانی چ بڵێ تا مامۆستا گۆران وتی ئەم دیوە بۆ خۆم گرتوومە، با كۆمیسیۆنی كۆمەڵایەتی بۆخۆی دیوێكی دیكە بگریَ. لێرەدا بوو كە كاك جەلیل وەدەنگ هاتو گوتی بابم بڕۆن دیوێكی دیكە بگرن، وا دیارە مامۆستا گۆران دەرمان دەكات. منیش لە وەڵامی كاك جەلیلدا گوتم جا ئێمە بۆ دەڕۆین، مامۆستا گۆران یەكەم فیشەك لە پیرانشارەوە تەقیوە، هەڵاتووەو بەجیێ هێشتووە، هەموو بەرەنگاریو بەربەرەكانیێو كاركردنێكی بووەتە ئەم دیوە كە گرتوویەتی. پاش ئەم قسەیەی من گۆران بەجێی هێشتو ئیتر نەگەڕایەوە بۆ ئەو دیوەو لە "وەردی" كەماڵەكەشی لەویَ بوو دیوێكی گرتو خاڵۆ حەمەشەریف كە هاوكاری مامۆستا گۆران بوو، وەسایلەكانی بەشی قەزایی نەقڵی "وەردی" بوون.

نەخۆشخانەی حیزب هاتبووەو "كانیزەرد"و كاك جەلیل چووبووە "ئالان"و ئێمەی بەجیێ هێشت. كاك سدیق باباییش نازانم بەرەو كویَ رۆیشت، ئەوەی مابووینەوە من كادرێكی ئەرشەدیان بووم. رۆژێك كاك جەلیل پەیامێكی بۆ ئێمە لیَدابوو كە "ئاریل"م بۆ بنێرن. منیش پێم وابوو "ئاریل" كەرەسەیە، دوای پرسو جۆكردن لە هاوڕێیانی كۆمیسیۆن، ئەوانیش هەروەك منی لیَ حاڵی بوون، پاشان چوومە لای نەخۆشخانەو پرسیارم كرد ئەریَ ئێوە ئاریلتان هەیە؟ گوتیان بەڵیَ، گوتم كوا لە كویَیە؟ وتیان بۆ چیتە؟ وتم كاك جەلیل

پەیامی لێداوە کە ئاریلی بۆ بنێرین، وتیان ئاریل ئەو خانمەیە. ئەوجار زانیم "ئاریـل" نـاوی خانمێکی فەرانـسەوییە نـەك نـاو کەرەسـەیەك. لەبـەر خۆمـەوە پێکـەنیمو بـە هاوڕێیـانی نەخۆشخانەم گوت. کـەوابوو بـەڕێی کـەن بـۆلای کـاك جـەلیل. زۆری پـێ نەچـوو بـەدوای ئـاریلیشدا نەخۆشخانەشـیان بـار کـرد، ئێمـەش هـەر لـەوێ مابووینـەوەو کـەس لێـی نەدەپرسینەوە، لە خۆمان وەڕەز ببووین. جاروبار سەری شکۆفەی خۆشکمم دەداو جاروباریش سەری ماڵی خاڵۆ کەماڵم، تا وای لێهات ڕۆژێك لەگـەڵ ئـەو کوڕانـە کـە مابوونـەوە، واتـە ئەحمەد مودەڕێسیو خوسرەوو عەولاسوور قسەم کردو وتم خۆ کاك جەلیل لێمان ناپرسێتەوە، هەموو بنکەو بارەگای دەفتەری سیاسی چووەتە "ئالان"، نەزەرتان چیە ئێمەش ئەم وەسـایلە لەگەڵ خۆمان ببەینو بڕۆین بۆ ئالان؟ ئەوانیشس پێشنیارەکەی منیـان پەسـند کـردو بـەرەو ئالان بارمان کـرد. دوای دوو ڕۆژ گەیـشتینە "بێتـووش"و مـن نـازانم بـۆ سـەردانی کـوێ چووبووم، کاك جەلیل هاتبوو چاوی بە ئەحمەدو خوسرەو کەوتبووو وتبووی کـێ پێـی وتـوون بێن بۆ ئێرەو کێ هێناونی؟ وتبوویان کاك تەیموور، دیارە کاك جەلیلیش هێندێ قسەی بە من گوتبوون، هەر لەم کاتانەدا بوو کە گەیشتمە لایانو کاك جەلیل بە ڕوویەکی ئـاوەڵا دەسـتی لەگەڵ لێدامو ماچی کردم. لێـی پرسـیم چـۆن بـوو هـاتن، گـوتم کـەس نـەمابووو ئێمـەش سەرگەردان بووین، نەماندەزانی چ بکەین، بۆیە هاتین. وتی بەخێر بێن، کارێکی زۆر باشـتان کردوە. پاش جیابوونەوە لەگەڵ کاك جەلیل، ئەحمەد مودەڕێسی دەیگوت تۆخۆڵا ئەوە عـەیب نەبوو، کورە تا تۆ نەهاتبووی، زۆر خراپـی پـێ دەگـوتی، کـە چـاوی پێـت کـەوت، بوویتـە فریشتەی نەجات.

دوای نەقڵی دەفتەری سیاسی بۆ ئالان، کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیـاری دابوو دەفتەری سیاسی ببێتە دوو بەش، بۆیـە دەفتـەری سیاسـی ژمـارە یـەك کـە شـوێنی مانەوەی بووە سێکوچکەی نێوان سەردەشتو مەهابادو ڕەبـەت، پێکهـاتبوو لـە مامۆسـتا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاك جەلیل گـادانیو بـاقی هاوڕێیـانی دەفتـەری سیاسـی لـە ئـالان مابوونەوەو دەفتەری سیاسیی ژمارە یەکیان پێك دەهێنا. دەفتەری سیاسیی ژمارە یەك دەبا

چووبایە شوێنی مەئمووریەتی خۆیو لەهەر کۆمیسیۆنە کۆمەڵێ لە کادرەکان درابوونە دەفتەری سیاسی ژمارەیەك بە چەشنی کۆمیسیۆنی تەشکیلات سێ کادری لە دەفتەری سیاسیی ژمارە یەك دانابوو کە کارەکانی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتیان رادەپەڕاند. کۆمیسیۆنی ماڵی دوو کادری لەوێ بوونو کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیش کە بەرپرسەکەی کاك جەلیل بوو، زۆربەی کادرو ئەندامانی لەوێ بوون. لە قۆناغی یەکەم بنکەی دەفتەر لە "خاڵئاباد" کە لە نێوان "دۆڵەتوو"، "چوالان"، "مێرگە پیتکە"و جانداران هەڵکەوتووەو چەند ماڵێکی تێدا بوونو چەند دارە گوێزو شینایەكو دەورووبەرەکەشی لێڕەوارو دیمەنێکی زۆر جوانیان بە "خاڵئاباد" دابوو. لەگەڵ ئەوەی کەموکوڕیمان یەکجار زۆر بوو، بەلام بە سەمیمیەتێکی بێوێنە کە لەنێو کادرەکانی دەفتەری سیاسیی ژمارە یەکدا هەبوو، زۆر خۆشمان لێدەگوزەرا. ئەوەش بلێم کە هەرچەند مامۆستا لە تەقسیمکارەکەدا بڕیار بوو بێتە خاڵئاباد، بەلام بەکردەوە هەر لە دەفتەری سیاسیی ژمارە دوودا مایەوەو بەکردەوە دەفتەری سیاسیی ژمارە یەك، تەنیا ئەندامی دەفتەری سیاسی کاك جەلیل بوو. لەو ماوەیەدا دەفتەری سیاسیی ژمارە یەك چەند جارێك شوێن گورکێی دەکردو دەچوونە ئەشکەوتانو بینگوێن.

لە خاڵئاباد شەوانە سەعاتێ تا دوو سەعات لە دەوری یەك کۆدەبووینەوەو یا باسی سیاسیمان دەکردو یا قسەو جەفنگی سەیرو سەمەرە. کاك عومەر بابامیری خەڵکی بۆکان، پیاوێکی بەتەمەن بوو، جاروبار دەستی بە شێعرگوتن دەکرد کە ئاخیرەکەی هەموو مەسرەعە شێعرێکی بە (ان) تەواو دەبوو. بۆ وێنە کاتێك هێزی زەمزیران عەمەلیاتێکیان لە نزیك "نستان" بەڕێوە بردبووو زەربەیەکی کوشندەیان لە رێژیم وەشاندبوو، کۆمەڵە شێعرێکی نووسیبوون، وەك:

فەزات لە ماڵم خەڵکەکەی نستان　　　ئێوە بە دوژمن زۆر چاك راوەستان

ولەم بابەتە شێعرانەی زۆر دەگوتن، هەموومان لەم شێعرانەی وەڕەز ببووین، رۆژێك سەلیم ئەردەلان وتی وەڵلا لە دەستی ئەم شێعرانەی کاك عومەر وەڕەز بووم، نازانم چ بکەین

کۆتایی بەم شێعرانەی بێنێ؟! منیش پێم وت من دوو بەیت شێعرم لەبەرە، بەو شەرتە بـوێری پێی بڵێی، کۆتایی بە شێعرگوتن دێنێ. وتی بە تـەڵاقم پـێم بڵێـی، دەیـانڵـێم، منـیش وتم کەواتە ئەم شێعرەی بۆ بڵێ:

ئەو کەسەی شاعیر نیەو شیعران دەڵێ          گوو بخوا باشترە هێمن دەڵێ

بەیتە دووهەمەکەشم بۆ وتو کاك عومەر دیسان کە دەستی بە شیعرگوتن کـرد، سـەلیم پێی وت، عومەرخان منیش شیعر دەڵێم واز بێنە، وتی بێژە، وتی ئاخر عاجز دەبی، وتی بـە شەرەفم عاجز نابم تا کاك سەلیم ئەو شیعرەی سەرەوەی بۆ خوێندەوە، کاك عومەر لە کـوورە دەرچوو، دەستی کرد بە جنێودانو وتی لە باوکی خۆتو هێمنیشت بم. بەدوای ئـەم شـیعرەدا بۆ ماوەیەك کاك عومەر رەنجابوو، نە شیعری دەگوتنو نە رەقسە لـەگزی جوانەکـەی کـە لـە زیندان فێری ببوو بۆ دەکردین تا لەگەڵ کاك کەماڵ کەریمیو کاك هومـایون ئـەردەڵانو کـاك سەلیم ئەردەڵان کەوتینە راوێـژ چ بکـەین کـاك عومـەر ئاشـت بکەینـەوە. سـاق بووینـەوە شیعرێکی پێدا هەڵبڵێین، دەمانزانی زۆر کەیفی بەوە دێت بە سوسیالیستی ناو ببـەی، بۆیـە کاك کەماڵ کەریمی مەئموور کرا کۆپلە شیعرێك لەو بـارەوە بنووسـێ. کـاك کـەماڵو ئێمـە دەستە شیعرێکمان بۆ دانا کە ناوەکەی "بەرەو سوسیالیزم تـۆ پێـشڕەومانی"، پـاش ئـەوەی بۆمان خوێندەوە زۆر خۆشحاڵ بووو ئاشت بۆوە. پاش ماوەیەك مانەوە لە خاڵئابـاد، چـوینە گوندی "بینگوێن" لە ناوچەی مەنگوڕایەتی کە گوندێکی 6 ـ 7 ماڵی بـووو لـە مزگـەوتی گوندەکە ماینەوە. پاش ماوەیەك چووینە دۆڵێکی بینگوێنو هـەر کۆمیـسیۆنە چـادرێکمان هەڵدا کە خۆمانو کەلوپەلی کۆمیسیۆنی خۆمانیشی تێدا بوو. رۆژێـك ئێـوارە وەخـت بـوو فڕۆکەیەکی شەڕکەری ئێران بەسەر دۆڵەکەدا هاتو زۆر نزیك بۆوە، سەرەتا پێمـان وابـوو بـۆ بۆمبارانی ئێمە هاتوە، بۆیە بڵاوەمان کرد. دووکەڵی لـێهەڵدەستایەوە، وامان لێـك دایـەوە کە لە شەڕی ئێرانو عێراقدا ئەنگێوتراوە. تا دەهات لە زەوی نزیکتر دەبـووەوە تـا بـەربۆوە، ئێمەش بە هەڵاتن بەرەو شوێنی داکەوتنی فڕۆکەکە وەڕیکەوتین، تا گەیشتین فڕۆکە لێك بڵاو بۆوەو فڕۆکەوانێکی تێدابوو کە هەموو گیانی تێك شکابوو. شوانو چەند پێشمەرگەیەك کـە

لە نزیکی شوێنی داکەوتنی فڕۆکەکە دەبن، چووبوون فڕۆکەوانەکەیان دەرهێنابووو هێنایانە ناو چادرێك کە لەو کوێستانانەدا خەریکی مەڕدەداری بوون. زۆری پێنەچوو ئێمەش گەیشتینێ، کاك سەید رەسووڵ بابی گەورەش کە ئەوکات کادرێکی ناسراوی حیزب بووو لەوێ بووو، کاك جەلیلیش گەیشتێ. شتەکەیان بە دەفتەری سیاسی راگەیاند، دەفتەریش پێی گوتبوون کە هەم پارێزگاریی لێ بکەنو هەم شکستەبەندو کادری دەرمانیی بۆ ببەن تا چاك دەبێتەوە ئەودەم ئافرەتێك کە نێوی نهێنیی "شۆڕش" بوو، بۆ پێڕاگەیشتن بەو فڕۆکەوانە دیاری کرا. پاش چاکبوونەوەی ئازاد کراو لە گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان لە پادگانی مەهاباد قسەی زۆر باشی لەسەر حیزب کردبوون، هەربۆیە زۆریان لەوێ نەهێشتبووو بەرەو تاران رایانگواستبوو.

پاش ماوەیەك مانەوە لە "بینگوێنو ئەشکەوتانو چۆمەڵ" گەڕاینەوە بەرەو خاڵئابادو ئێستا ئیتر بەرەبەری گرتنی کۆنفرانسەکان بۆ بەشداری لە کۆنگرەی شەشەمدا بوو، سوسیالیزمی دێموکراتیك لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی هاتبووە ئاراوەو هێندێك لەو برادەرانە دەیانزانی لە کۆنگرەدا باسی داخ، باس لەسەر سوسیالیزم دەبێ، بۆیە ئەوانەی خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی، هەرکام یەك دوو بەرگ کتێبی مارکسو لنینیان لەبەر دەستدا بووو یادداشتیان لێ هەڵدەگرتەوەو منیش بەش بە حاڵی خۆم رەفیقی نزیکی زۆربەیان بووم، بەڵام نەمدەزانی لە کۆنگرەدا باسەکان چۆن دەچنە پێشێ، چون تا ئەم کۆنگرەیە نەمتوانیبوو بەشداری کۆنگرە بم، کاتی گرتنی کونفرانسی دەفتەری ژمارە یەك هاتو لە گوندی "دۆڵەتوو" لە خوارەوەی خاڵئابادو سەرەوەی "شێوەجۆ" کە هێزی مینەشەم پارێزگاریی لە کۆنفرانسەکە دەکرد، کۆنفرانس لە مزگەوتی گوند بەڕێوەچوو، ژمارەی بەشداران لە 60 کەس زیاتر بوو. هەرکەس کە زیاتر لە 30 دەنگی هێنابایەوە، یانی نیو + یەك، دەیتوانی بچێتە کرنگرە. بەکورتی من لەو کۆنفرانسەدا هەڵبژێردرامو لەو ماوەیەشدا دەفتەری سیاسیی ژمارە دوو کە هێرشی توندی رێژیمیان لەسەر بوو، چووبوونە "گراڵە"و لەوێ کۆمەڵە چادرێکیان هەڵدابوو. کۆنگرە لە رۆژی 2ی رێبەندانی 1362 دەستی بەکارەکانی کرد. لە

کردنەوەی کۆنگرەدا وەفدێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مام جەلال‌و وەفدێکی موجاهیدین بەشدار بوون. پاش کردنەوەی کۆنگرەو پێشکەشکردنی راپۆرت، ئەو دوو ڕێکخراوە کۆنگرەیان بەجێ هێشت‌و کۆنگرە دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. لە کاتی باس لەسەر سوسیالیزمی دێموکراتیک، کاغەزەکان کە ماوەیەك پێش لە رووی کتێبە مارکسیستەکان نووسرابوون، دەرهاتن‌و بوونە بنەمای "استدلال" بۆ دژایەتی لەگەڵ سوسیالیزمی دێموکراتیك. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو لە حیزبی دێموکراتدا زۆر بە توندی دیفاع لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەکراو زۆر کەس لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاو داو، نەفەری واش هەبوو کە (پسوند و پیشوند) زیادکردنی بە سوسیالیزم بە خیانەت ناو دەبرد کەچی بە تێپەڕبوونی دەوران‌و دارمانی سوسیالیزمی سۆڤییەتی کە ئەوان دەرویشی بوون، رەوابوونی سوسیالیزمی دێموکراتیك لە کۆمەڵگای پێشکەوتووی ئەمڕۆی دنیادا دەریخست کە دوکتور قاسملوو چ ڕێبەرێکی ئازاو ئاگاو وشیار بووو، ئەوانەی دژی بوون، چ لە دنیا بێخەبەرو چ ئەسحابێکی کەهف بوون.

لە جەرەیانی بە پەسندگەیاندنی سوسیالیزمی دێموکراتیکدا دوو باسی دوکتور قاسملووم قەت لەبیر ناچێ، ئەویش ئەو کاتە بوو کە چەند کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، دژی سوسیالیزمی دێموکراتیك قسەیان کردبوو، کاك دوکتور وتی، برادەران خۆ ئێوە لە کۆمیتەی ناوەندی نەك دژی سوسیالیزمی دێموکراتیك نەبوون، بەڵکوو زۆریش موافیق بوون. ئەگەر ئێوە لە کۆمیتەی ناوەندیدا دژایەتیتان کردبا، من نەمدەهێنا بۆ کۆنگرەو وتی تەنیا دژ لە کۆمیتەی ناوەندیدا کاك مستەفا شەڵماشی بوو کە ئێستاش هەم حەقی پێ دەدەم لەسەر قسە بکات‌و هەم سپاسی ئازایەتیی دەکەم. باسی دووهەم ئەوە بوو کە پاش پەسندکرانی سوسیالیزمی دێموکراتیك، دوکتور قاسملوو گوتی هاوڕێیان! ئێمە چون نەتەوەیەکی بندەست‌و دواکەوتووین، زۆر باوەڕمان بەخۆمان نیە، پێمان وایە وا بار هاتووین کە هەر دەبێ خەڵك قسەمان بۆ بکاو ڕێگامان بۆ دیاری بکاو ئێمەش وەدوای کەوین. بۆ پێتان وانیە لەنێو نەتەوەیەکی بچووکیشدا رەنگە شتی وا بێتە گۆڕێ کە خەڵکی دیکە نەیهێنابێ.

ئەودەم کە دوکتور قاسملوو ئەو قسانەی دەکردن، زۆر چاکی تێنەدەگەیشتم، بەڵام پاش شەهیدبوونیو بیروبۆچوونی سیاسەتمەدارانی رۆژئاواییو رۆژنامەنووسو رووناکبیرانی وەك "کریس کۆچیرای فەرانسەوی"، "جاناتان رندیی ئەمریکایی"، "دوکتور بێرنارد کۆشنێر"، "مادام میتران"و زۆر کەسایەتیی ناوداری دیکە ە ناوهێنانی هەموویان بە پێویست نازانم، یان لەو جێگایەدا کە "عەلیرەزا نووریزادە"ی خاوەن نەزەرو خاوەن هەڵوێستو گەورە سیاسەتمەداری ئێرانی لە یادی دوکتور قاسملوودا قسە دەکاو ئەو هەمووە لەسەر گەورەیی دوکتور قاسملوو دەڵێت، لە قووڵایی قسەکەی دوکتور قاسملوو دەگەمو دەزانم دوکتور قاسملوو چ گەورە پیاوێکەو کۆنەپەرستانی دڵڕەش چۆنیان لێئەستاندین.

پاش تەواوبوونی کۆنگرەو پەسندکرانی سوسیالیزمی دێموکراتیك کە لەراستیدا مەرزبەندییەك بوو لەگەڵ بیروباوەڕی توودەییدا، بڕیار درا ئەو کەسانە کە خۆیان کاندیدا دەکەن بۆ کۆمیتەی ناوەندی، دەبێ بەڵێن بدەن بۆ بەرەوپێشبردنی سوسیالیزمی دێموکراتیك لە ریزەکانی حیزبیدا تێبکۆشن. چەند کەسێکیش کە لە دەرەوەی رێبەری بوون، وەك حامید گەوهەریو فەرەیدوون میترانو... ئامادە نەبوون ئەو بەڵێنە بدەن، بۆیە زۆر ئاسایی بوو کەسێك ئامادە نەبێ بڕیاری کۆنگرە بەڕێوە بەرێو حیسابی خۆی لەگەڵ حیزب روون کردبایەوە، بۆیە هەردووکی ئەوانە ریزی حیزبیان بەجێ هێشت.

پاش تەواوبوونی کۆنگرە، دەفتەری سیاسی سازماندەهیی ناوەندو کۆمیتەکانی دەست پێکرد کە لەسەر پێشنیاری ناوەندی ئاژوان، من بۆ بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانی دیواندەرە دیاری کرابووم کە لەگەڵ خۆم باسیان کرد، من چەند تێبینییەکم هەبوو کە پاش باسکردن لەسەر تێبینییەکان، لە ئاکامدا بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانی دیواندەرەم قەبووڵ کرد.

## دەورەی دووهەم

## کۆمیتەی شارستانی دیواندەرە

پاش دیاریکرانم بـە بەرپرسـی کۆمیتـەی شارسـتانی دیوانـدەرە، لەگـەڵ تیمـی ئـاژوانو کۆمیتەکانی جنووب (باشوور) لە دەفتەری سیاسی گەڕاینەوە بۆ شوێنی بەرپرسایەتیی تازەو ناوەندی ئاژوانیش کە لە کاك مستەفا هیجریو کاك بابا عەلی مێهرپـەروەرو کـاك عەبـدوڵڵا بەهرامی پێك هاتبوو، لەگەڵ کاروانەکە بوون. ناوەنـدی کۆمیتـە شارسـتانی دیوانـدەرە لـە شاقەڵا بوو، پاش پاکانەحیساب لەگەڵ بەرپرسانی پێشووی کۆمیتە شارستان، کۆبوونەوەیەکم سەرەتا لەگەڵ کادرەکانو پاشان لەگەڵ تێکـڕای کـادرو پێـشمەرگەکانی پێـك هێنـاو داوای هاوکاریم لـێکردنو وتم: "بە دەستێك چەپڵە لـێنادرێ، ئەگەر ئێوە هاوڕێیانی ئـەم ئۆرگانـە هاوکاریی من نەکەن، نە من لە کارەکەمدا سەردەکەومو نە ئیددیعاش دەکەم بە تەنیا دەتوانم ئەو هەموو کارو بەرپرسایەتییە بەرێوە بەرم. بۆیە پێویستە هـەر کـەس لـە ئاسـت خۆیـەوە شانی بداتە بەر." بەشدارانی کۆبوونەوەکە وێڕای بەخێرهێنانم، بەڵێنی هاوکارییان داو منیش بە دڵگەرمییەوە دەست بەکار بووم. ئەڵبەت ئەوەشم دەزانی کە بەهۆی ئەوە کە پێشتر مـن لەم کۆمیتە شارستانە وەك کادر کارم کردبوو، هێندێك دڕدۆنگی لەلایـەن چـەند کادرێکـەوە بەرامبەر بە من پەیدا ببوو، هەر بۆیە لە قسەکانم لە کۆبوونەوەکەدا رامگەیاند ئێمە بـە پێـی پێوەری رابردوو پێکەوە هەڵسوکەوت ناکەین، بەڵکوو پێویستە بەدڵ فراوانییەوە پێکەوە کار بکەین. لەکاتی دیاریکرانم بەم بەرپرسایەتییە ئەم حەساسـیەتەم لەگـەڵ هاوڕێیـانی دەفتـەر باس کردو پێم وتن ئەگەر ئێمکانی هەیە شـوێنی مـنو کـاك کـەریم ئەڵڵاوەیـسی کـە وەك بەرپرسـی کۆمیتـەی شارسـتانی مـەریوان دیـاری کرابـوو، بگـۆڕن. ئـەم پێـشنیارەیان لـێوەرنەگرتم، پێیان وابـوو ئەگـەر مـن هێنـدێك دڵ ئـاوەڵایی نیـشان بـدەم، لـەوێ زیـاتر سەرکەوتوو دەبم، چونکە ناسیاریم زیاترە.

"رەحیم ئەفرۆشە" وەك فەرماندەری دیواندەرە دیاری کرابوو. کاك هادی حسەینیو کاك باباشێخ کە پێشتر ئەندامی کۆمتیەی شارستانی دیواندەرە بوون، لە دیواندەرە نەمان. کاك بابا شێخ بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی کرماشان دیاری کرابووو، کاك هادی حسەینی نەقڵی ئاژوان بوو، بۆیە پێویست بوو کۆمیتە شارستان "ترمیم" بکرێتەوە. سەید جەمیل حسەینی کە کادرێکی لێهاتوو بووو لەم کۆمیتەیە کاری دەکرد، یەکێك لەو کادرانە بوو کە وەك ئەندامی کۆمیتەی شارستانی دیواندەرە دیاری کراو تەقسیم کارێکمان بە کۆمیتەی شارستان کرد، هێزەکەمان سازماندەهی کردو دەست بەکار بووین. سەرەتای بەهار بوو، بیرمان لەوە دەکردەوە جەولەیەکی سیاسی بۆ ناوچەی "هەوەتوو" بکەین، بۆیە بەرپرسی ناوچە "ناسر عەبدی"مان بانگ کردەوە بۆ شاقەڵاو لەوێ نییەتی خۆمانمان کە جەولەیەکی سیاسی بوو، لەگەڵی باس کردو پێم وت نزیك سەد پێشمەرگە پێکەوە جەولەیەك دەکەین. ناسر زۆر دژی جەولەیەکی لەو چەشنە بووو دەیگوت ناوچە حەساسەو بۆ جەولەی وا ناشێ. منیش کە پێشتر لەگەڵ ئاژوان راوێژم کردبووو ئاژوانیش جەولەکەی بە پێویست دەزانی، پێم راگەیاند پێم خۆشە بە بەرنامەڕێژیی حەرەکەتەکە بکەین. لە ئاخرو ئۆخری خاکەلێوەی 63، دەستەیەکی 35 کەسی لە پێشمەرگەکانی هێزی هەوشارمان بۆ ئەو جەولەیە لەگەڵ کەوتو سەرجەم بووینە 105 کەس. کە گەیشتینە گوندەکانی هەوەتوو، بەهۆی ئەوە من زۆرتر لە ماڵەکاندا دەمامەوە، تەنیا ئێواران ـ ئەویش بەمەبەستی قسەکردن بۆ خەڵك ـ وەدەر دەکەوتم هەڵکەوتی ناوچەکەم نەدەزانی، پاش 4 رۆژ گەڕان بە ناوچەی هەوەتوودا کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ئاگادار کراینەوە کە رێژیم هێزێکی زۆری لە دیواندەرەو ئێرانشاو بیجاڕ کۆ کردۆتەوەو بەنیازە هێرش بکاتە سەرمان. ئێمەش بۆئەوەی خۆمان بگەیەنینە شوێنی بڵیندایی کە بتوانین لەکاتی هێرشی رێژیم بۆ سەرمان باش بەرگری بکەین، چوینە "عەلیئاوا"، "نۆغەرە"، "یوزباش کەندی لە عەلیئاوا"و تەماشای ناوچەی هەوەتووم کرد بەڕادەیەك دەشتایی بوو لە نزیك بیجاڕ ماشین کە دەردەکەوت، تەنیا تەپو تۆزەکەی دیار بوو، بۆیە کەوتمە بیرکردنەوەو وام بەباش زانی پێش لەوە هێزی رێژیم هێرش

بکاتە سەرمان، بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی "تیلەکۆ"و "سارالّ"و بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ بەرپرسە سیاسیو نیزامییەکان کۆبوونەوەم کردو هەلومەرجەکەم خستە بەرچاویانو پێشنیاری خۆم کە بەجێهێشتنی ناوچەی هەوەتوو بوو، باس کردن کە هەموو بەرپرسەکان جگە لە شەهید سدیقی نەدیمی کە فەرماندەی ئەو دەستە پێشمەرگەیەی هەوشار بوو کە لەگەڵمان بوون، دژی بوو، ئەوانیتر پێشنیارەکەیان پەسند کردم، بۆیە ئێوارە پاش نان خواردن، هەمووومان کۆبووینەوە، شەهید سدیقی نەدیمی دەیگوت، من بە لکەکەمەوە ناگەڕێمەوە، منیش پێم وت ئێوە لەگەڵ ئێمە هاتوون، دەبێ بگەڕێنەوەو پاشان ئەگەر ویستتان بێنەوە بۆ ئەم ناوچەیە، بە راسپاردەی کۆمیتەی خۆتان دەتوانن بێنەوە. دوای ئیسرارێکی زۆری هەردووکمان ناچارم کرد لەگەڵمان بگەڕێتەوە. لە یەك دوو گوندی دەوروبەر کەوتینە کۆکردنەوەی تەراکتۆر، بە 13 تەراکتۆرو بەچرا رۆشن کە بەو شەوە دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو، بەرەو ناوچەی تیلەکۆ گەڕاینەوەو لە نزیك "باشماخ" کە لکێك پێشمەرگەی هێزی عەزیزی یووسفیی لێبوو، وایان زانیبوو کە ستوونی رێژیمەو هێرش دەکاتە سەریان، چووبوونە کەمینەوە بۆمان، باش بوو زۆر زوو پێشمەرگە پێشڕەوەکان لەگەڵ کەمینەکەی هێزی عەزیز یوسفی یەکتریان ناسیبوو، بۆیە تەقەیان نەکردبوو. نزیك سەعات 5ی بەیانی گەیشتینە گوندی باشماخ کە گوندێکی گەورەو خۆش بووو تراکتۆرەکانمان ناردنەوە.

رێژیم لە نزیك "ئێرانشا" هەموویانی گرتبووو ئەزیەتو ئازاری زۆری دابوونو پێی وتبوون ئێوە ئەو پێشمەرگانەتان لەدەستی ئێمە دەرباز کردوە. رۆژی دوایی لە باشماخ زەماوەند بوو. منو مام رەئووفو ناسر لە ماڵی ئاغا جەلال بووین، چووینە تەماشای زەماوەندەکەو رەشبەڵەکی تیلەکۆییانو هەڵپەڕکێکەیان ماندوویی رۆژی پێشووی لەبیر بردینەوە. ئاخر بەڕاستی هەڵپەڕکێی تیلەکۆییانە بەو رەشتییە گەورەیانەوە زۆر جوانو سەرنج راکێشە.

## گواستنەوەی مەقەڕی کۆمیتە شارستان

سێ ڕۆژ لە "شاقەڵا" بووین، خەبەریان پـێدایـن ڕێـژیم دەیهـەوێ بـۆ گرتنـەوەی گونـدی شاقەڵا کە مەقەڕی کۆمەڵەشی تێدا بوو، هێرشمان بکاتە سەر، لەبەر ئەوەی شاقەڵا لـە چـاڵ دایە، ئیمکانی پارێزگاری لـێکردنی دژوارەو کۆمەڵەش بەجێی هێشتبوو، هاتینە سـەر ئـەو باوەڕە کە جێگاکەمان بگۆڕینو بچینە گوندی "بست" کە گوندێکـە بۆخـۆی لـە بەرزاییـدا هەڵکەوتووەو لەوێ مەقەڕمان دانا. لێرەشدا مەقـەڕی زینـدانی کۆمەڵـەی لـێبوو، بـەڵام هاتوچۆمان پێکەوە نەبوو.

ڕێژیم لە بەهاری ئەو سـاڵەدا دەسـتی دایـە هێرشـێکی بـەربڵاو بـۆ هـەموو ناوچـەکانی کوردستان. لە ڕۆژی 63/2/27، ڕێژیم بە هێزێکی زۆرەوە هێرشـی کـردە سـەر گونـدەکانی "کۆڵ"و "دۆزەخدەرە"و پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی دیوانـدەرەو هێـزی "شـەریفزادە" پاش بەربەرەکانێیەکی قارەمانانەو کەموێنـە، بـە وەشـاندنی زەربەیـەکی زۆر کاریگـەر لـە دوژمن، لە گوندەکان پاشەکشەیان کردو بەرەو گوندی "نەرگسەڵە" کە ناوەندی ئاژوانی تێدا بوو، گەڕابوونەوە. لەم شەڕەدا 5 پێشمەرگە شەهید بوون کە ناوەکانیان: سەیفۆڵڵا شاوەیسی، یەدۆڵا لوتفی، حەسەن موڕادی، وەفا بەرازەندە، حەبیبۆڵڵا کەریم پوور.

هەر لەو ڕۆژەدا هێزێکی زۆری ڕێژیم، هێرشی کردە سەر گونـدی "بـست" کـە مەرکـەزی کۆمیتـەی شارسـتانی دیوانـدەرەو زینـدانی کۆمەڵـەی لـێبوو. کۆمەڵەییـەکان بـە زیندانییەکانیانەوە هەڵهاتنو ئێمەش پاش بەرگرییەکی کەم، گونـدی "بـست"مـان بـەجێ هێشتو بەرەو دوندی شاخی بەرزی "چلچەمە" کەوتینە ڕێو تا ئێوارە بـە شـاخەوە بـووین. ڕۆژی 28ی/63/2 لەگەڵ ئەو ژمارە کادرو پێشمەرگەیە کـە لـە دەوری کۆمیتـە شارسـتان بوون، چووینە گوندی "نەرگسەڵە"و من چوومە ماڵی کـاک هـادیی حوسـەینی، بەڕادەیـەك ماندوو بووم کە هەر عەسر خەوم لـێکەوت. پاش ماوەیەك ڕەحیم ئەفروشـە هـاتبووە مـاڵی کاك هادی و هەڵیان ساندم وتیان ئاژوان داوا دەکا بـچمە کۆبوونـەوە، زۆریـشم برسـی بـوو. کاتژمێر 8و 9ی ئێوارە بوو "مەهوەش خانم" خێزانی کاك هادی خۆرشـتێکی زۆر بەلـەزەتی

هەڵووی دروست كردبوو، هێنایانە سەر سفرەو بە زۆرو لە برسان هەر هێندە خۆم پێ ڕاگیرا كە نانەكەم خواردو تێربووم، بە رەحیم ئەفروشەم گوت تۆ لە باتی من بڕۆرە كۆبوونەوەو لە هاوڕێیانی ئاژوان داوای لێبوردن بكەو بڵێ زۆر ماندوویەو دوێنێ شەو نەخەوتووە، بۆیە ناتوانێ لە كۆبوونەوەكەدا بەشداری بكا. وتم هەرچی ئەوان بڕیار بدەن، بەسەرچاو بەجێی دەگەیەنین. رەحیم رۆیشتە كۆبوونەوە كە نزیكەی كاتژمێر 11:30 گەڕایەوە ماڵی كاك هادی، دیسان بە زۆر هەڵیان ساندمەوەو پێیان وتم نیگابانیەیەكەمان كردوە بە سێ كەمین، لای سەرەوەی گوند پێشمەرگەكانی هێزی بیستوون كە كاك عەلی‌ئەشرەف مەجیدییان سەرپەلێكیان بووو لای خوارەوە بۆ دیواندەرەو شاخی رووبەڕووش بۆ پێشمەرگەكانی ئاژوان دیاری كراوە، منیش وتم زۆر باشە تكات لێ‌ئەكەم با كەمینەكەی ئێمە قایم بێ، چون ئەگەری هێرشی رێژیم زۆرە. بە بەسەرچاو گوتن بەجێی هێشتمو ماڵاوایی لێ‌كردم. دیسان لە ماڵی كاك هادی خەوتمەوە. بەرەبەری بەیانی بوو تەقەی رەگبارێكم بیست، هەموومان هەڵساین، ئێستا ئیتر حەسابوومەوەو بە زووترین كات بەرەو شوێنی پێشمەرگەكانی دیواندەرە وەڕێ كەوتم. سێ بریندراری شەڕی رۆژی 63/2/27 لە مەقەڕ بوون لەگەڵ هێندی چەك‌و چۆڵی زیادی كە هێشتا بە تەواوی رووناك نەببوو، ناردمانە دەرەوەی گوندو كەم كەم هەوا رووناك بۆوە، لەم نێوەدا پێشمەرگەكانمان بەرەو شوێنی تەقەكە ناردن كە زۆری پێ‌نەچوو هەموویان بە هەڵاتن خۆیان كردەوە بە گوندەكەدا. دەركەوت ئەو كەمینە 7 كەسییە بڕیار بوو لە ئێوارەوە بچێتە ئەو بەرزاییەیە، نەچووەو سەرلە بەیانی چووەو 3 كەسیش بوون كەوتوونەتە كەمین‌و لە یەكەم دەستڕێژیی هێزەكانی رێژیمدا "ئەنوەر شیلانی" كە پێشمەرگەیەكی ئازاو جێگرپەل بوو، شەهید بووەو دوو نەفەرەكەی دیكەش بەبێ خۆڕاگرتن كشاونەتەوە. كەمینی پێشمەرگەكانی بیستونیش كەسیان نەچووبووە كەمین‌و بەمجۆرە سەرتاسەری ئەو شاخە كە زۆر بەرز نەبووو لەگەڵ گوندەكە، لە حوكمی دەمانچە هاویشتندا بوو، بەهۆی جاشەكانەوە گیرابوو. لە دەوری مەقەڕی ئاژوان كۆبووینەوەو بڕیارمان دا لە پێشدا ئاژوان بچێتە دەرەوەو پاشان كۆمیتەكانی كرماشان‌و دیواندەرو ئینجا هێزەكان لە

ئالۆگۆڕی بیروڕادا بووین، بەهۆی ئەوه فەرماندەی ئەم هێزەی ڕێژیم كۆنه پێشمەرگەی خۆمان بوو بەناوی "حەسەن حەمەخانەچار" بوو، دەیزانی ناوەندی ئاژوان له كوێ هەڵكەوتووه، چەند ئارپیجیەكیان له ماڵی تەنیشت ئەو ماڵەی هاوڕێیانی ئاژوان (كاك مستەفا هیجری، كاك باباعەلیو شەهید عەبدوڵلا بەهرامی)ی تێدا بوو، هاوڕێیانی ئاژوان بەپێی بڕیارو پێش له هەمووان چوون كه بچنه دەرەوه، كەوتنه بەر پەلاماری "بی. كەی. سی"ی جاشەكانو نەیانتوانی دەرباز بن، بۆیه به ناچار گەڕانەوه. له گەڕانەوەدا كه هێشتا منو كاك بابا شێخ لەبەر دیوەكەی ئاژواندا راوەستابووین، شەهید عەبدوڵلا به منی وت نیشانی دام كه له تەقەی "بی. كەی. سی"یەكەدا گولله له پانتۆڵەكەی كەوتووه. دوای هێندێك بیر لێكردنەوه، رەحیم ئەفروشه، فەرمانەدەی هێزی دیواندەرەم بانگ كردو وتم تۆ پێشمەرگەكان بۆ من بەجێ بهێڵەو ئەم برادەرانه رزگار بكه، ئەویش كەوته پێشی هاوڕێیانی ئاژوانو بەرەو چۆم كه 15 تا 20 میترێك لەو ماڵه مەودای هەبوو كەوتنه رێو زۆر به خێرایی له چۆمەكه پەڕینەوه، لەم كاتانەدا بوو كه چەند پێشمەرگەیەكی ئازاو قارەمانی هێزی بیستوون كه یەكیان شەهید "غەفار مینبەری" بوو، هەڵیان كوتایه سەر سەنگەری "بی. كەی. سی"یەكەو هەرچەند غەفار برینداربوو، بەڵام سەنگەری "بی. كەی. سی"یەكەیان هەڵكەندو به هەڵكەندرانی سەنگەری "بی. كەی. سی"یەكە، دەرفەتێكی كورت هاته پێشێ كه هەموومان له گوند چووینه دەرەوەو له دەوری گوندەكه دەستمان به رێكخستن كردو بەرەبەره پێشمەرگەكان تا سەنگەری پێشەوه پێشڕەویان كردو ئاژوانیش له ئێمەی پرسیار كرد نازانن كاك عەبدوڵلا هاتۆته دەرەوه یا نەهاتوه؟ ئێمەش نەماندەزانی، لەولاشەوه پاش هاتنه دەری ئێمه له گوند، هێزەكەی رێژیم دابەزیبوونه ناو گوندو ماڵ به ماڵ بۆ كەرەستەی ئاژوان گەڕابوون كه هێندێك چەكو چۆڵیان بەدەست هێنابوو. نزیكەی كاتژمێر 11:30 بوو دەستمان دایه هێرشێكی بەربلاو بۆ سەر جاشەكانو له ماوەی كەمتر له یەك سەعاتدا گوندەكەمان گرتەوه. من لەگەڵ سەید جەمیلو رەحیم سەعات یەك گەیشتینه ماڵی مام "عەوده" كه ناوەندی ئاژوانی تێدا بوو، لەگەڵ منداڵەكانی مام "عەوده" خەریكی

قسەکردن بووین، ئابرا موزەفەر پێشمەرگەی هاوڕێی من کە یادی بەخێر هێنـدێك سەرشـێت بووو پاشان شەهید بوو، بانگی کردم کاك تەیموور سەر بکێشە، منـیش وتم موزەفـەر ئەگـەر قسەیەکت هەیە وەرە سەرەوە قسەکەت بکە، مزەفەر وتی برا با جارێکیش تۆ سەر بکێـشی، کە سەرم کێشا موزەفەر پەشۆکا بوو، وتم چیە؟ وتی بەداخەوە کاك عەبدوڵڵا شـەهید کـراوە، وتم چی؟ وتی کاك عەبدوڵڵا شەهید کراوە، زۆر نارەحـەت بـووم، چـون بەڕاسـتی مـن کـاك عەبدوڵڵام زۆر خۆش دەویست، فەوری دابەزیمە خوارەوەو هەر خودا خودام بوو راسـت نـەبێ، بەڵام کە چوومە خوارەوەی گوند، بەداخەوە لە بن چەند گابەردێکی گەورەی خـوارەوەی گونـد لە تەنیشت باخەکەی خوارەوەی گوند، کاك عەبدوڵڵا شەهید کرابـوو. خـەریکی راگواسـتنی تەرمی شەهید عەبدوڵڵا بووین کە پێشمەرگەکانی دیواندەرە هاتن وتیـان "سـدیق ئەنـدام"و "محەممەد رامیش" شەهید بوون. وتم بگەڕێن بزانن کەسی دیکە شەهید نەبووە، گـەڕان وتیـان کەسی دیکە دیار نیە. بەم حیسابە لەم شەڕەدا 4 شەهیدمان دان، یەکیان شەهید ئەنوەر بوو کە بەیانی شەهید کرابووو ئەمەش سێ شەهیدەکەی دیکـە. بـەخێرایی بـەهۆی نامەیەکـەوە کاك مستەفا هیجریو کاك باباعەلی لە رووداوەکە ئاگـادار کـردنو ئـەوانیش گەڕانـەوە بـۆ نەرگسەڵەو ئەو شەوە تـەرمی کـاك عەبـدوڵڵای شـەهیدو هـاوڕێی خۆشەویـستم لەگـەڵ 3 پێشمەرگەی دیکەمان لە نێو خەمو پەژارەی لەڕادەبەدەری هاوڕێیاندا بەخاك ئەسپارد.

لە درێژەی ئەم هێرشانەدا رێژیم لە کۆلو دۆزەخدەرەو شاقەڵا پایەگای دانان، نەرگـسەڵەش کە لە نێوان ئەم گوندانەدا هەڵکەوتبووو لەباری نیزامیشەوە هەڵکەوتی باش نـەبوو، بیرمـان لەوە کردەوە کە مانەوەمان لە نەرگسەڵە باش نیە، بۆیە رووومان لە بەرزاییەکانی ئەو چـەند گوندە کرد. ناوەندی ئاژوان لە راستای دوزەخدەرە کە پێگەی رێژیمی تـێدا بـوو، چـادرێکیان هەڵداو ئێمەش کۆمیتەی دیواندەرە لە نزیکی ناوەندی ئاژواندا ماینەوە. لە سـەرماو سـۆڵی ئەو کوێستانانەدا بەناچـار بـە پەتوویـەك یـا دوو پـەتوو خۆمـان دەحەوانـدەوە. لەولاشـەوە کومیتەو هێزەکانی مەریوان، سەقز، کرماشانو سنەو هەوشار روویـان لـە شـلێر کردبـوو،و ناوەندی ئاژوان کە خۆی لەم ناوچەدا مابۆوەوە، پەیامی دا کە ئەو کومیتانەش بگەڕێنەوە بـۆ

ناوچەکانی خۆیانو ئەوانیش گەڕانەوە. دوای چەند رۆژ مانەوە لەو زنجیرە شاخانە، ئاژوان شوێنەکەی گۆڕیەوە بۆ شاخی دووبرا کە هەستەمترو هەڵکەوتی باشتری هەبوو. دوو سێ چادرێکیان هەڵدا، ئێمەش هاتینە دیوی دیکەی دووبراو چادرێکمان دەست کەوتو هەڵمان دا. باقیی پێشمەرگەکان لە ناو عەرزدا هەر کام قوڵکەیەکیان بۆ خۆیان هەڵکەندو پەتوویەکیان بەسەردا دەدا تا هەم لە سەرمای ئێواران بیانپارێزێو هەم لە هەتاوی رۆژانە. دووبرا کە یەکێك لە بەرزترین دوندەکانی چیای چلچەمەیە، شەوانە زۆر سارد بووو رۆژانەش ئەگەر بۆ پێشگیریکردن لە تاو، شتێکت نەبوایە، دەمو چاوت دەسووتایەوە.

لەو ماوەیەدا کە رێژیم هێرشی هێنابووو چەند گوندێکی لێ داگیر کردین، ئاگادار کراینەوە کە حەمەسەعید خانی "هانەگلان" خەریکی پووشانە وەرگرتنە لە خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشو ئەم کارەشی بە پشتگیری هێزەکانی رێژیم دەکرد. خەڵکی ناوچە چەند نامەیەکیان بۆ نووسیبووینو سکاڵایان لە حەمەسەعید خان کردبوو. ئێمەش پەیامان بۆ نارد کە پووڵی ئەو خەڵکە بداتەوەو جارێکی دیکە کاری وا نەکات. حەمەسەعید خان بە ناردراوەکەی ئێمەی وتبوو تەماشا بکە چەند پیگە دەوریان گرتووم، تازە حیزب هیچی لەدەست نایەت، بۆیە وەڵامیان نادەمەوە. پاش وەرگرتنی ئەم وەڵامە، شەهید شارۆخ مرادیو ئەمین نەسیری کە بەرپرسی ناوچەکە بوو، لەگەڵ 6 پێشمەرگەی دیکە مەئموورییەتم دانێ کە بڕۆن حەمەسەعید خان بگرنو بیهێننو ئەگەر ئەویشیان دەست نەکەوت، لە شەگەلە دووهەزار سەریەکەی هەرچییان گیر کەوت لەگەڵ خۆیان بیهێنن. دوای سێ رۆژ تیمەکە بە 226 سەر مەڕەوە گەڕانەوە لامانو وتیان حەمەسەعید خانمان گیر نەکەوتو ئەم شەگەلەمان هێناوە، لە رێگاشدا دوو سەر حەیوانمان داوە بە کومیتەی سنەو 2 سەریش بە ئاژوان. منیش وتم کاری باشتان کردوە. خۆشمان لە شەگەلەکە کەوتینو تا نوێنەری حەمەسەعید خان هاتن بەدەم شەگەلەکەوە، 9 سەرمان لێ خواردن. بەیانی نزیکەی کاتژمێر 10 بوو، چەند ریش سپیو پیاوماقووڵێکی ناوچەکە لەگەڵ برایەکی حەمەسەعید خان هاتنە لامانو داوایان کرد شەگەلەکەیان پێ بدەینەوەو حاجی سەعیدی هانەگەلان وتی: نوقرە داخێکی بکەنو

شەگەلەکەمان پێ بدەنەوە، منیش سەرەتا وتم شـەگەلەکە نادەینـەوە تـا حەمەسـەعید خـان نەیەت بۆ لامان. قەولیان دا پاش بردنەوەی شەگەلەکە، حەمەسەعید خان بنێرن بـۆ لامـان. دوای ئەم بەڵێنە لە حاجی سەعیدم پرسی باشە، دەڵێـی نـوقرە داخێکـی بکـەن، مەبەسـتت چیە؟ حاجی سەعیدیش کە بە رواڵەت خۆی بە نوێنـەری حەمەسـەعید خـان دەزانـی، بـەڵام لەڕاستیدا زۆر دژی بوو، وتی کاك تەیموور! لەبەر خاتری ئێمەش بـووە سـەد هـەزار تمـەنتان ئەدەینێ رەزایەت بدەن، منیش هێندێك قسەم کردن. وتم نابێ. (بەڵام لە دڵی خۆمدا بەو بـڕە پارەیە رازی بووم) پیاو ماقووڵەکانی دیکەش داوایان کرد خاتریان بگـرین، بۆیـە منـیش وتم بەو شەرتە حەمەسەعید خان بۆ خۆشی بێت بۆ لامان، لەبەر خاتری ئەو ریش‌سپیانە قەبووڵی دەکەین. پێم وتن بەڵام لەو 226 سەر حەیوانە کە هێناومانە، 13 سەرمان لـێ خـواردووە، وتیان نۆشی گیانتان بێ. دوای ئەوەی بەرپرسی بەشی ماڵیەکەمان ئـەو بـڕە پارەیـەی لـێ وەرگرتن، وتمان شـەگەلەکەیان پـێ بدەنـەوە. کاتـێ بـە ژمـارە شـەگەلەکەیان دەدایـەوە بـە وەڤدەکە، کە گەیشتە دووسەد سەر، حاجی سەعید وتی ئەو 13 سەرەکەی دیکـەش دەدەیـن بە خۆتان بۆ پێشمەرگەکانی سەر ببڕن، ئێمەش سپاسمان کردنو خوداحافیزمان لێك کرد. بەڵام حەمەسەعید خان قەت نەهات بۆ لامانو لەو ماوەیەدا باوکم سەرێکی دامو بـۆی گێڕامـەوە کە لە سنە لە هۆتێلێك بووە، لێیان پرسیوە خەڵکی کوێی؟ باوکیشم وتبـوی خـەڵکی پـاوەم. حەمەسەعید خان بـە بـێ پرسـیاری دیکـە وتبـووی مـن حەمەسـەعید خـانم پـێ دەڵـێن، پرسیارێکت لـێ دەکەم. باوکم وتبووی فـەرموو. وتبـووی ئـەوە هـەموو خـەڵکی پـاوە وەك تەیمووری بەرپرسی دیواندەرە پیاوخراپن؟ باوکم وتبووی بۆ؟ ئەویش داستانەکەی بۆ گێڕابۆوەو باوکیشم وتبووی تەیموور کوڕی منە. حەمەسەعید خان کە ئەمەی زانیبوو داوای لێبوردنی لە باوکم کردبووو لێی پاڕابۆوە کە بۆ منـی نەگێڕێتـەوە. باوکیـشم بـەڵێنی پـێ دابـوو بـۆمی نەگێڕێتەوە. کاتێ باوکم ئەم داستانەی بۆ گێڕامەوە، داوای لـێ کـردم هـیچ کارێـك لـە دژی حەمەسەعید خان نەکەم. منیش قەولم پێ دا کە ئەم مەسەلەیەم بۆ گرنگ نەبێ.

## شەڕی دووهەم لە کوێستانەکانی نەرگسەڵە

ڕۆژەکانی 15و 16/7/ 1363، کە لە بەهارمەست بووین‌و ناوەندی ئاژوانیش لە دۆڵەکەی دیکەدا، ڕۆژانە لە گوندەکانی دەورووبەر زۆر کەس سەری لێدەداین. لەو دوو ڕۆژەدا کەس هاتوچۆی نەدەکردین، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیا بووم کە ڕێژیم پێشی ئەم خەڵکەی گرتوەو یەك دوو جارێکیش بە محەمەد ساڵح کەریمی فەرماندە هێزم وت: کە وەزعەکە نائاسایی دێتە بەرچاو، دەبێ وشیار بین. لە ڕۆژی 63/7/16دا، سێ کچە پێشمەرگە شوویان بە سێ نەفەر لە پێشمەرگەکان کردو بەو بۆنەیەوە کومیتەی دیواندەرە داوەتێکی ساز کردبوو کە ناوەندی ئاژوان‌و کۆمەڵێك پێشمەرگەی کچ‌و کوڕی کۆمەڵەش کە لەو دەورووبەرە بوون، دەعوەت کران‌و نیوەڕۆ پاش نان خواردن، هەڵپەڕکێ دەستی پێکرد. دوای کۆتاییهاتن بەو بۆنە پێشمەرگانەیە بۆ زەماوەندی 3 کوڕو کچی شۆڕشگێڕ بەرەو ئێوارە نزیك دەبووینەوە. لە نزیکی ئێوارە حەمەساڵح کەریمی نازانم لە چی قەڵس بوو، لە فەرماندە هێزی ئیستیعفای داو هەرچی لێی پاڕامەوە سوودی نەبوو. دوو پەل پێشمەرگەو چەند کادرێکمان بەلاوە بوو، هەر شەوێ پەلێك لە پێشمەرگەکان دەچوونە سەروترین دوندی ئەو ناوچەیەو لەوێ هەم دەخەوتن‌و هەم کەمین بوون. ئەو شەوە کەس نەچووبووە سەرو یەکێك لە کادرەکان هات‌و پێی وتم کەس نەچۆتە سەر شاخ! منیش سەرپەلەکانم بانگ کردن‌و پێم وتن ئێستا کاك حەمەساڵح ئیستیعفای داوەو پێویستە ئەمشەوو سبەینێ، تا مەسەلەی ئیستعفاکە روون دەکەینەوە، ئێوە ئاگاتان لە بارودۆخەکە بێ. هەردووکیان یەکدەنگ وتیان کەس ئامادە نیە بچێتە سەر شاخ! لێرە بیرم بێ بووك‌و زاواکەش هەر جووتەیان بە پەتووی خۆیانەوە چووبوونە (ماهی عەسەل)ی پێشمەرگانە بۆ بن گابەردێك‌و شوێنێکی تەخت یا تەختکراو. بە سەرپەلەکانم وت نۆرەی کامتانە؟، وتیان نۆرەی پەلی 22یە، بە سەرپەلی ئەو پەلە کە ناوی تۆفیق بووو جێگرەکەشی فەیرووز شاوەیسی برای شەهید سەیفوڵڵا شاوەیسی بوو وتم، هەر دەبێ ئێستا پەلەکە وشیار بکەنەوەو بچنە سەر شاخ، تەوفیق پاش 5 دەقیقە گەڕایەوەو وتی کەس لە جێگاکەی هەڵناستێ‌و هەموو خۆیان لە خەو داوە، وتم بەڕاستی؟

وتی خۆ درۆت لەگەڵ ناکەم. منیش رۆیشتمە لای سەریان کە لە تەپۆڵکەیەکی بچووک کە چەند بەردێکی تێدابوو، خەوتبوون، وتم پەلی 22 هەستێ بڕواتە سەر شاخ، کەس وەڵامی نەدامەوە! منیش بێ سێو دوو لێکردن، یەکێك لە پێشمەرگەکان کە لەنێو کیسەخەودا خەوتبوو هەڵگرتو فڕێم دایە خوارتر. کە زانیان زۆر سوورم لەسەر بڕیارەکە، هەڵسانەوەو بە پەلی 21و 22وە بەرەو شاخ وەڕێ کەوتن. وتم پەلی 21 پێویست ناکا بچێ، تەنیا پەلی 22 دەبێ بڕوات، پەلی 21 گەڕایەوەو پەلی 22 بەرەو شاخ وەڕێکەوتن. لە ڕێدا دەستیان بە جنێودانو خراپەوتن بە من کردبوو. سەرلە بەیانی هێزی هێرشکەری ڕێژیم لە دوندی شاخەکەوە کەوتبوونە کەمینی پەلی 22و لە یەکەم کاتەکانی هەڵچوونەکەدا پێشمەرگەکان کە ئامادەو ئاگادار بوون، زەبرێکی قورسیان لە دوژمن وەشاندبوو.

ڕۆژی 63/7/17 هێزەکانی ڕێژیم هێرشێکی بەربڵاویان لە ڕێگای گوندەکانی "گۆگجە"، "کانی تەمەرخان"، "دۆزەخ دەرە"، "کۆڵ"و "شاقەڵا"وە دەستی پێکرد. لە شەڕگەی گۆگجە وەك باسم کرد لە سەرەتای بەیانیەوە هێزەکانی ڕێژیم کەوتبوونە کەمینی پێشمەرگەکانی حیزبو زەبرێکی زۆر قورسیان وێکەوتبوو. بە داهاتنی ڕووناکایی، شەڕ لە هەموو شەڕگەکان درێژەی کێشا هەر سێ زەوجەش لەم شەڕدا پاش شەوی "ماهی عەسەل" چووبوونە سەنگەرو شانبەشانی یەکتر دژی هێزی هێرشکەر حەماسەیان دەخولقاند. لەو شەڕەدا هەرچەند ژمارەی پێشمەرگەکان لە چاو شەڕی پێشووی نەرگسەڵە زۆر کەمتر بووو ژمارەی هێزی دوژمنیش بە چەند بەرابەری هێزی هێرشکەری ڕێژیم لە شەڕی پێشووی نەرگسەڵە بوون، بەهۆی وشیاریی پێشمەرگەکانو لە سەنگەردابوونیان، پاش 15 سەعات شەڕ، دوژمن بە دانی زەرەرو زیانی نزیك بە 30 کوژرا کە جەنازەی 10 کەسیان لەبەردەستی پێشمەرگەکاندا بووو 8 قەبزە چەکی جۆراوجۆرو ژمارەیەکی زۆر فیشەکی جۆراوجۆر بە دەسکەوت گیران. لە هێزی ئێمەش تەنیا دوو بریندارمان هەبوو کە یەکێك لە بریندارەکان شەهید حسەین ئۆزباشکەندی بوو کە برینەکەی سووك بووو هەر بە زوویی گەڕایەوە سەنگەری بەرگری، هێزەکەی ڕێژیم تا ئێوارە مانەوەو قەراریان وابوو بەیانی

هێرشـەکەیان درێـژە بـدەنو ئێمـەش شـەو لـەناو شـەڕگەی ڕێژیمـەوە لـە "بەهارمەسـت"ی "نەرگسەڵە" چووینە شاخی چلچەمەو لـەوێ بـە عـەرزماندا داو بـەو بیـسیمەی کـە ڕۆژی پێشوو گرتبوومانو کۆنترۆڵی وتووێژی هێزەکەی ڕێژیمان دەکـرد، تێدەگەیـشتین بـە هیـوان بەیانی هێرش بکەنە بەهارمەست. ڕووناکایی داهاتو هێرشەکەیان دەستی پێکرد، هەرچـەند لەلای بەهارمەستەوە هیچ وەڵامێکیان نەدەدرایەوە، بەڵام ئەوان هەر پێیان وابوو ئێمە لـەوێ ماوینو دەمانهەوێ غافڵگیریان بکەین، بۆیە وێڕای تۆپو خومپارەبارانی شـوێنەکە، زۆر بـە ترسەوە دەچوونە پێشێو چاویان بە هەر بەرد یا دارێك دەکەوت، لێیان دەبوو بە پێـشمەرگەو دەیانگوت چەند کەسێك لە پشتی ئەو بەردە یـان ئـەو دارەنو خۆیـان حەشـار داوە، داوایـان دەکرد بە تۆپخانە بیکوتن، بە ترسو لەرزێکی لەڕادەبەدەر، سەعات 11 گەیـشتنە شـوێنی حەسانەوەی جارانی ئێمەو دەیانگوت لێرە نەماون، ڕۆیشتوونو زۆر خۆشحاڵ بوون کـە بـەبێ زەرەرو زیان گەیشتوونەتە ئەو شوێنە چۆڵکراوە.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 1363/7/18، پێشمەرگەکان داوای کۆبوونەوەیەکیان لە مـن کـردو کۆبوونەوەکەم لەگەڵ کردن. لە کۆبوونەوەکەدا پێشمەرگەکان داوای لێبوردنیـان لـە ڕەفتـاری شەوی پێشووی خۆیان کردو سوپاسی منیان کرد کە بە زۆر ناردونم بۆ سەر شاخو ئەمە بـووە هۆی ئەوەی کە نەك زەربە نەخۆین، بەڵکوو زەبرێکی قورسیش لە دوژمن بوەشـێنین. منـیش سوپاسی ئازایەتیو ماندووبوونی پێشمەرگەکانم کردو پێم وتن ئەم ئەزموونە بکەنە دەرسێکی بەنرخ بۆ داهاتوویانو بۆیانم ڕوون کردەوە کە هەر لەم نەرگسەڵەیە هێزی ئێمە چەند بەرابـەری ئەم هێزەی دوێنێمان بووو هێرشی دوژمن زۆر کەمتر بوو لە هێرشی دوێنـێ، جـاری پێـشوو لەبەر ئامادەنەبوونمان چ زەربەیەکی قورسمان وێکەوتو ئەمجارەش چ سەرکەوتنێکی گەورەمان تۆمار کردوە. هێزی ئاژوانیش لەگـەڵ ئێمـە لـەو شـەڕەدا دەربـاز بـوونو هاتبوونـە شـاخی چلچەمە.

## جیابوونەوەی ئاژوان لە ئێمە

دوای ئەو هێرشە "ئاژوان" بڕیاری دا مەقەڕی خۆی بگوێزێتەوە بۆ شلێرو پێش لە ڕۆیشتنیان لە گوندی نەرگسەڵە لەگەڵ ئێمە کۆبوونەوەیەکیان کردو مەبەستی خۆیان بۆ باس کردین. منیش وتم ئێستا کە ئێوە دەچنە "شلێر" کە حەقیش وایە بچن، لەبەر ئەوەی شوێنێکی ئەمن‌ترەو ئێمەش لێرە دەمێنینەوە، تکامان ئەوەیە بێسیمە راکاڵەکە کە لە بنەڕەتدا هی کۆمیتەی شارستانی دیواندەرەیە، بماندەنەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێوەو بەشەکانی دیکەی حیزب لە تەماسدا بین، بەڵام هاوڕێیانی ئاژوان رازی نەبوون کە بێسیمەکەمان پێ بدەنەوەو کاك نەبی قادری تیئۆریی گرنگو گرنگتری هێنایە گۆڕێ، وتی دەبێ جیاوازی لەنێوان گرنگو گرنگتردا بکەین. مەبەستی ئەوە بوو کۆمیتەی دیواندەرە گرنگەو ئاژوانیش گرنگترە، منیش لە بەرامبەر گرنگو گرنگتردا باسی پێویستو پێویست‌ترم کردو پێم وتن ئێوە دەچنە شلێر، لەوێوە نزیکی کۆمیتەی شارستانی مەریوان دەکەونەوە، دەتوانن بێسیمەکەی مەریوان بێننە لای خۆتان. بەکورتی قەبووڵیان نەکردو بەجێیان هێشتین.

پاش جیابوونەوەی ئاژوان بڕیارمان دا لەو رێکەوتە بەدواوە تا بەفر زەوی دەگرێ، بنکەی خۆجێیی دانەنێینو بەشێوەی گەڕۆك کارەکانمان جێبەجێ بکەین. دەستمان دایە گەڕان بە ناوچەی ساراڵو تاڵەسواری دیواندەرەداو چەند شەڕێکی بچووکیشمان لەگەڵ رێژیم تووش بوو، لەوانە: شەڕی "کانی سەید مورادو... دوای نزیکەی یەك مانگ لەو رێکەوتەوە، لە رێکەوتی 63/8/25، لە هەورامان شەڕێك لەنێوان هێزی شاهۆی حیزبو کۆمەڵەی هەوراماندا رووی دا کە پاش ئەم شەڕە ئاژوان ئێمەی بە پەیامی رادیۆیی بانگ کردەوە.

## ئێمەو کۆمەڵە

لە ماوەی دوو ساڵ پێشمەرگایەتیم لە کۆمیتەی دیواندەرە کە کۆمیتەی هەرە لاوازی حیزب بووو کۆمەڵەش لەم ناوچەیەدا تا رادەیەك نفووزی هەبوو، دەیان جار لەگەڵ بەرخوردو بەحسی نامەسئوولانەی کۆمەڵەیی‌یەکان بەرەوڕوو بوومو لە نیبەتخراپی کۆمەڵە دەرهەق بە

حیزبی دێموکرات تۆزقاڵێك شکم نەبوو. ڕۆژێك ئێمەو کۆمەڵە لـە "گڵەسـوور" بـووین، بـە ڕێکەوت ڕێگامان لە ماڵێك کەوت کە موزەفـەر پـاکسرشـتو قـادری فەرەمانـدە گـوردانی کۆمەڵەی لـێبوو کە هەردووکیان ئەندامی کۆمیتە ناوچەی دیواندەرەی کۆمەڵە بوون. مـنو سەید جەمیل حوسەینی کە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایـی کۆمیتـە شارسـتانی دیوانـدەرەبوو، پێکەوە بووین. باسێك لەنێوان ئێمەو ئـەو دوو کەسـەی کۆمەڵـەدا دەسـتی پـێکردو ئـەوان دەیـانگوت حیزبـی دێمـوکرات حیزبێکـی شۆڕشـگێڕ نیـە، منـیش لـێم پرسـین پێـوەر بـۆ شۆڕشگێڕبوونی حیزب چیە؟ وەڵامیان ئەوە بوو بۆ خۆتان دەزانن. من وتم ڕاست دەکەن ئێمـە دەزانین، بە بڕوای ئێمەی حیزبی دێموکرات حیزبێکی شۆڕشگێڕە، پێم خۆشە پێوانـەی خۆتـان بڵێن، وتیان خۆتان دەزانن. منیش وتم پێوانە بۆ حیزبێکی شۆڕشگێڕ لـە پـێشدا سـێ شـتی سەرەکین: یەکەم بەرنامەو پێڕەو، دووهەم کردەوەی ئەو حیزبە، سێهەم پێکهاتی ڕێبەرایـەتی. بۆ بەرنامەی حیزب ئەوەندەم پێ وتن کە بەرنامەی حیزبی دێموکرات بۆ کرێکار 40 سەعات کاری لە حەوتوودا دیاری کردوەو کرێکار لـە بەرامبـەر پێـشهاتەکانی کـاردا بیمەیـەو، بـۆ جووتیاران دەڵێین زەوی هی ئەو کەسەیە کاری لەسەر دەکاو، بۆ کێشەی ژنان دەڵێین ژنو پیاو لە خێزانو کۆمەڵدا بەرامبەرنو بۆ کاری وەك یەك مووچەی وەك یەك وەردەگرنو زۆر بەنـدی دیکەش. وتم ئەمە لەگـەڵ مانفیـستی حیزبـی کۆمۆنیـست چ جیاوازیـیەکی هەیـە؟ نـەکا سەعاتەکانی ئێمە گەورە بنو دەقیقەژمێرەکەی دێر دەور بداتەوە! تا 40 سـەعاتەکەی ئێمـە بۆ کار، لەگەڵ 40 سەعاتەکەی ئێوە جیاوازیی هەبێ. لە بواری کردەوەشدا حیزبی ئێمە لـە دەورانی ستەمشاهیو ئەو کاتانە زۆر لە ئەندامانی ئێوە بەشـێك لـەو دەمودەزگایـەی ڕێـژیم بوون، ئەندامانی حیزبی دێموکرات ئاوارەی هەندەران بـوونو لـە دژی ڕێـژیمی شـا خـەباتیان کردوەو لە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی خومەینیشدا ئێمە ئەگەر چەند بەرانبەری ئێـوە گوشـارمان بۆ نەهێنابێ، لە ئێوە دوانەکەوتووین. لە پێکهـاتی ڕێبەرایـەتیشدا، ڕێبـەریی ئێمـە تـەنیا ئاغایەکی تێدایە، ئەویش دوکتور قاسملوویە کە هەر لە منداڵییەوە لە خەباتدا بووەو یـەك ڕۆژ ئاغایـەتی نـەکردوە، بـەڵام پێکهـاتی کۆمەڵـە لـە عەوڵاخانـەکان، عمرخانـەکان،

فاروقخانەکانو چیو چی پێك هاتوە کە دیارە ئەم باسانە بە زۆری بیئاکام بوون، چونکە شریتەکەی کۆمەڵە هەر ئاهەنگێکی هەبوو، ئەویش دژایەتیی کوێرانە لەگەڵ حیزبی دێموکرات بوو.

پاش 25ی خەزەڵوەرو شەڕی کۆمەڵەو حیزب لە نەوسوودو پەیامی ئاژوان بۆ گەڕانەوەمان لە نزیك "گڵەسوور"و "قەڵاگا" بووین، دەستەیەك پێشمەرگەمان ناردبوون بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی، دیارە بە شوێنەکەمان دەزانین، سێ پێشمەرگەمان نارد بە شوێنیاندا و گوتمان بگەڕێنەوە بۆ نەرگسەڵە، ئەو ژمارە کادرو پێشمەرگەیەش کە لەوێ بووین، بەرەو نەرگسەڵە وەڕێکەوتین بۆ لای ئێوارە هاتینە "قزڵبلاغ"و لە نزیکی گوند تێگەیشتین کۆمەڵەی تێدایەو، ئێمەش هاتینە ناو قزڵبلاغ، تەماشام کرد هەموو سەربانەکانیان گرتوون، ئێمەش هاتینە سەربانی نزیك مزگەوتی گوندو کەشوهەواکە بەتەواوی کەشوهەوای شەڕ بوو، دوو گوردانی کۆمەڵەی لێبوو، "غولام زەبەردەست" یەکێك لە فەرماندە گوردانەکانی کۆمەڵە جووتێ کەوش بەسەر پێوەو کوتێکی ئەمریکایی، دەتگوت قەیسەرە بە چەند چەکدار لەملاو ئەولای بەرەولای ئێمە دەهات. پێشمەرگانی ئێمەش دەتگوت مێروولەن بەناو یەکدا دەهاتنو دەچوون. ئەگەر لەو گوندە شەڕێك لەنێوان ئێمەو کۆمەڵەدا روویدابا، هەم لە رووی چەندیو هەم لە رووی چۆنییەوە ئێمە هێزی شەڕ لەگەڵ ئەو هێزەی کۆمەڵەمان نەبووو بەتەواوی تێدا دەچووین، بۆیە بە "شارام ئاقایی" کە ئەویش خەڵکی سنەو کادری دیواندەرە بوو، وتم، برۆ بۆلای غولامو داوای ناوی شەوی لێبکە، زۆرتریش مەبەستم ئاساییکردنەوەی وەزعەکە بوو، شارامیش لە باتی ئەوەی بچێتە پێشەوە قسەی لەگەڵ بکا، وتی ئا غولام با ناوی شەوێك پێکەوە دابنێین، غولام وتی برۆ بۆ لای ئەو کەسە ناوی شەو دەنووسێ، ئەم دوو قسەیە بڕێك وەزعەکەی ئاسایی کردەوەو بە شارامم وت برۆ لەگەڵ بەرپرسی نیگابانییەکەیان قسە بکەو ناوی شەوی هاوبەش دانێنو پێیان بڵێ ئێمە لەولای گوندەوە دەبین، ئێوەش ئەملا، ئەگەر هێزی رێژیم هات هێرشی بۆ کردین، هەر کەسمان لەلای خۆیەوە شەڕەکە بکاتو ئاگامان لە یەك بێ. پاش جێبەجێکردنی ئەم کارە پێشمەرگەکانم بردنە

ئەوسەری گوندەکەو ئەو شەوە زۆربەمان تا بەیانی بەخەبەر بووینو بەیانی بەرەو "دەرەگاوان"و "نەرگسەڵە" وەڕێکەوتین. لە دەرەگاوانیش کۆمەڵێك پێشمەرگەی کۆمەڵە هەبوون کە دیارە لێرە هێزەکەمان بەرابەری دەکردو بگرە هێزی ئێمەش زیاتر بوو. ئەوان حاڵەتی ئامادەباشیان بە خۆوە گرتبوو، منیش بە شوورای گوندم وت، بڕوات پێیان بڵێ جەوسازی نەکەن، ئێمە بۆ شەڕکردن نەهاتووینو شەڕیشمان پێخۆش نیە. شووراکان کە چوونە لایان، ئەو حاڵەتە نەماو پاش خواردنی نانی نیوەڕۆ، دەرەگاوان کە زۆربەی خەڵکی ئەم گوندە گول بوونو کەمتر ئینسان دەیتوانی نان لەم جۆرە گوندانە بخوات، مەگەر پێشمەرگەی برسی. دوای خواردنی فراوین بەرەو نەرگسەڵە وەڕێکەوتینو لەوێ ماینەوە تا پێشمەرگەکانی دیکەشمان گەڕانەوەو یەکترمان گرتەوە. شەڕی دووهەمی کۆمەڵە لە شەوی 6ی ڕێبەندانی 63 دژی حیزب دەستی پێکردبوو، هەر بۆیە "ئاژوان" بە پەیام هێزەکانی خۆی کۆکردەوە، ئێمە کە بێسیمەکەمان لەلای گرنگترەکەوە بوو، تەنیا بە رادیۆ دەمانتوانی پەیامی ئاژوان وەربگرین، ئەویش زۆرجار بەهۆی پارازیتی زۆر، پەیامەکانمان بۆ روون نەدەبوونەوە.

لە رۆژی 7و 8ی ڕێبەندان بەرەو ناوچەی شلێر وەڕێکەوتین، بەهۆی بارینی بەفری زۆر، زەوی سپی هەڵگەڕابوو، لەبەر ئەوەی بەو هێزەوە تووشی شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە نەبین، بە ناچار بەو ڕێگایانەدا دەڕۆیشتین کە ئەگەری بوونی کۆمەڵەی کەمتر بوو. سەرئەنجام پاش چەند رۆژ ڕێگەبڕین لە گوندی "حاجی مەمان"ی سەرشیوی سەقز لەگەڵ کۆمیتەی "هەوشار" کە ئەودەم کاك سدیق فەرخیان بەرپرسی بووو لکێکی هێزی عەزیز یووسفی کە لەگەڵ کاك کەماڵ زەردەشتیان بەرپرسی ئەو دەمی کۆمیتە شارستانی سەقز بوون، یەکمان گرتەوەو ئێوارە وەختەیەك لە پردی "دەگاگا" پەڕینەوە بۆ ئەوەی بچینە ئەوبەرو لەوێوە بڕۆین بۆ شلێر. لە راستای دەگاگا کەوتینە کەمینی کۆمەڵەوە کە لە دەگاگا دامەزرابوون، دوو پایەگای ڕێژیمیش ـ پەیەگای بوخەلووو سووتوو ـ لەو مەسیرەدا بوونو شوێنی حەرەکەتی ئێمەیان لە کۆنترۆڵدا بوو. دیارە ڕێژیم دەستووری بە هێزەکانی دابوو کە لە ماوەی شەڕی

ئێمەو كۆمەڵەدا نابێ تەقە لە هیچ لایەكمان بكەن، بۆیە ئەوان هیچ تەقەیەكیان نەدەكردو بەشێك لە هێزەكەی ئێمە كە نزیكی 70 كەسێك دەبوون لەگەڵ كاك كاوە بەهرامی دەرباز بوونو چوونە كاوە مەلە. باقیی هێزەكە نەمانتوانی لەو ڕێگایەوە دەرباز بین، بۆیە بە ناچار گەڕاینەوە بۆ حاجی مەمان. لەم شەڕەدا كادرێكی حیزبیو ئەندامی كۆمیتەی ناوچەی "خوڕخوڕە" بەناوی "مامۆستا كەریم" كە كوڕێكی گەنجو خەڵكی بۆكان بوو، شەهید كرا. پاش ئەم دەرگیرییە جارێكی دیكە هاتینەوە حاجی مەمانو دەستمان كرد بە بەرنامەڕێژی بۆ ئەوەی خۆمان بگەیەنینە ئاژوان كە لە شلێر بوون. لەم كاتەدا شووراى گوندی "دەگاگا" كە كۆمەڵەی لێبوو، هاتنە حاجی مەمانو رایانگەیاند كەس نابێ ڕێگایان لێبگرێو قسەیان لێ بپرسێ، هەرواشمان كرد. دوابەدوای گەڕانەوەی شووراكانی دەگاگا، بەرپرسانی حیزبی لە حاجی مەمان كۆبوونەوەیەكمان گرتو هاتنی ئەو شوورایانەمان خستە بەر باسو بە تێكڕا كە 12 كەس بووین، لەسەر ئەو باوەڕە بووین "كۆمەڵە" ئەمشەو دەرباز دەبێو ڕێگای دەربازبوونەكەشی بەهۆی ئاوی زۆری چۆمەوە تەنیا دەیتوانی بەسەر پردی دەگاگادا بێ. بەهۆی بوونی بەفری زۆر لەسەر زەویدا جگە لە ئاستی جادەكە نەبێ كە ڕچەیەكی شكابوو، ڕێگای دیكە بۆ دەربازبوون نەبوو. ئێمەش 256 پێشمەرگەمان لە حاجی مەماندا هەبوو، پاش هاتنە سەر ئەو بڕوایەی كە كۆمەڵە ئەمشەو دەرباز دەبێ، بەرنامەی زەربە لێدان لە كۆمەڵەمان تاوتوێ كردو بڕیارمان دا لە سێ تەپۆڵكەی زاڵ بەسەر جادەكەدا كەمین بۆ كۆمەڵە دابنێینەوە. كاتی دەربازبوونی كۆمەڵە، لە پێشڕەوەكانی هێزەكەی كۆمەڵە نەدەین، بەڵام هێزی دوایی كە دێت تا دەگەنە تەپۆڵكەی پێشەوە، كەس تەقەیان لێ نەكاتو لەو هێزە 70 كەسیەش كە بەلای كاك كاوە بەهرامییەوە بوو، هەر ئێوارە بێتە نزیكی گوندی دەگاگاو بە دەستپێكردنی تەقە، ئەویش بێتە خوارێو ئاوایی بگرێو نەهێڵێ هێزەكەی كۆمەڵە بكشێتەوە بۆ ناو ئاوایی. لەمبارەیەوە هەماهەنگیمان كردو ئەوانیش ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاند. بۆ هەر كام لەو كەمینە 7 كەسمان دیاری كردبوو، واتە بۆ هەر سێ كەمین 21 كەسو هەر كەمینە 2 سەعات لە كەمیندا بێو كەمینی دیكە بچێتە

شوێنیو بەم چەشنە 126 پێشمەرگەمان تا بەیانی بۆ ئەو سێ کەمینە تەرخان کردبوو. هەر بە پێی پلانەکەش وامان دانابوو ئەگەر ئەو سێ کەمینە تەقەیان دەست پێکرد، تەواوی ئــەو هێزە 126 کەسیە، بڕواتە شەڕەکەوە. 130 کەسی دیکە کە دەمایەوە بۆ ئەگــەری هێرشــی ڕێژیم، دانرابوو بۆ بەرزاییەکانی حاجی مەمان. پاش داڕشتنی ئــەم گەڵاڵەیــە، کــاك ســدیق فەروخیان بە ڕەمزی کۆمیتەی ناوەندی بە کاك نەبی قادری، بەرپرسی ئاژوانی ڕاگەیانــدبووو، کاك نەبی لە وەڵامدا وتبووی بەهیچ شێوەیەك نابێ ئــەو کــارە بکــەن، دەبــێ بگەڕێنــەوە بــۆ ئاژوانو ئێمەش پێمان وابوو ئەوە سیاسەتی حیزبە، بۆیە گەڵاڵەکەمان جێبــەجێ نــەکرد. وەك ئێمە پێشبینیمان کردبوو، کۆمەڵە ئەو شەوە دەگاگای بەجێ هێشتو ئێمەش بــەیانی بــەرەو شلێر وەڕێکەوتینو پاش دوو ڕۆژ گەیشتینە ناوەندی ئاژوان. مەسەلەکەمان خــستە بــەرباسو لە کاك نەبی قادریمان پرسی حیزب دژی ئەم شەڕە بوو؟ وتی نا، وتمان ئەدی بۆ نەتهێشت ئــەو عەمەلیاتە بــەڕێوە بــەرین؟ وتــی ئــاخر بــۆ خۆمــان تــەرحمان هــەبوو. پرســیاریمان لــێکرد تەرحەکەتان چیە؟ وتی با پێکەوە قسەی لــێ بکەین کە لێرە شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە بکەین. ئەو بڕیارەی کاك نەبی ئاگاهانە یا نائاگاهانە خزمەتی زۆری بە کۆمەڵە کردو کــاك نــەبیش نــەك هەر تەرحی نەبوو، بەڵکوو زۆر بێ تەرحیش بوو.

ڕەخنەو ناڕەزایەتیی خۆمان لەم کردەوەیەی کاك نەبی قادری دەربڕی، بەڵام تــازە ســوودی نەبوو. دوابەدوای ئەم قسەو باســە بڕیــار درا هــەر کۆمیتەیــەك لــە یــەکێك لــەو گوندانــەی دەوروبەری جێگیر بێ. کۆمیتەی دیواندەرە چــوینە "بــایری خــواروو"، کۆمیتــەی ســنە لــە "بایری سەروو"مانەوە، ناوەندی ئاژوان پێشتر لە شلێر لە "نەرمەلاس" بوو، کۆمیتەی سەقز لە پشتی "کانی شلێر" بوو، کۆمیتەی هەوشار لە "میــشیاوێی حەمــە ســدیقخــان" بــوون، کۆمیتەی کرماشان لەگەڵ ناوەندی ئاژوان بــوونو بــەم شــێوەیە دامــەزراین. واتــە جگــە لــە کۆمیتەی دیواندەرەو سنە کە لەو دوو گوندە نیشتەجێ بــووینو کۆمیتــەی مــەریوانیش کــە هێشتا لە ناوچە بوو، ئەو سێ کۆمیتەکەی دیکەو ناوەندی ئاژوان، لە شلێر نیشتەجێ بــوون.

ناوەندی جنووبی کۆمەڵەش هەر لە شلێر بوو، لە "وێنەو داروخان" دامەزرابوون، بەڵام هێزێکی بەرچاویشیان لە ناوچە مابۆوە.

لەو ماوەیەدا کە لە بایری خواروو دامەزرابووین، خەڵکی بایر بەو پەڕی دڵسۆزییەوە بەشێك لە شوێنی دانیشتنی خۆیان پێدابین، هاوڕێیانی ئاژوان لە هێزی دیواندەرە زۆرتر وەك پەیکی ڕێگا بۆ هێنانو بردنی ئەو تیمانە کە لە دەفتەری سیاسییەوە مەئموورییەتیان پێ دەسپێردرا، تەرخان کردبووو لەسەر بڕیاری ئاژوانیش هەموو جارێك من لەگەڵ هێزەکە دەچووم، جارێکیش ناڕازیبوونی خۆم سەبارەت بەم مەئموورییەتە دەربڕی، لەبەر ئەوەی هاوڕێیانی ئاژوان زۆر لەگەڵ من کۆك نەبوون، ناڕەزایەتییەکەیان لەبەرچاو نەگرت.

ئەو تیمانە کە بەرەو جنووب هاتبوون، تیمێکی هێزی موعینی (سەردەشت) بە فەرماندەری کاك مەلا حەسەن شیوەسەڵی، تیمێکی هێزی پێشەوا بە سەرپەرەستیی تاهیر عەلیار، شەهید عەبدوڵڵا شەریفیو ناسر پیرانی، تیمی هێزی مینەشەم بە سەرپەرەستیی هەمزە سوور (جێگر هێزی ئەو تیمە)، تیمێکی بۆکان بە سەرپەرەستیی شەهید ئوستا ئەحمەد. هەرکام لەم تیمانە تایبەتمەندیی خۆیان هەبوو. تیمی هێزی موعینی کە 100 کەس بوون، جگە لە یەك دوو کەسێکیان نەبێ هەموویان نوێژخوێن بوونو کاتی نیوەڕۆ یان ئێواران لەهەر گوندێك بان، دەستیان دەکرد بە نوێژخوێندنو ئەمە جۆرە گرفتێکی بۆ ئێمە پێك هێنابوو. چونکە پێشمەرگەکانی جنووب تاقو تۆقێکیان نوێژخوێن بوونو خەڵکی گوندەکان بەردەوام بەچاوی ئێمەیاندا دەداوەکە بۆ ئێمەش وەك ئەوان نوێژ ناکەین؟ بەڵام کە ڕەفتاری هێزی پێشەوایان دەدیت کە زۆر شلووغ بوون، شوکرانە بژێری دەرگای خودا دەبوون کە پێشمەرگەکانی جنووب وەك ئەوان نین. هەر تیمێ لەم تیمانەمان وەردەگرت، دەگەڕاینەوە بایری خواروو. لە بایری خواروو کوڕێکی شێت هەبوو ناوی "حیسام" بوو کە بە لنگ رووتی بەیانی تا ئێوارە هەڵدەهاتەوە. حیسام نزیکەی 20 ساڵی دەبوو، زۆر کاتی بێکاریمان بە حیسام پڕ دەکردەوە. لەو چەند مەئموورییەتەدا ناوەندی ئاژوان 8 ئەسیری کۆمەڵەو 8 بریندارى خۆمانیان دایە دەستمان، وا بڕیار بوو تیمێکی جنووب لەگەڵ ڕۆژی 64/1/21 کە

لە ناوەند بەرەو جنووب دەهاتنەوەو هێـزی "ئاربابـا" دەیهێنـان، لـە "حـەوتاش" تـەحویل وەربگرین. کۆمەڵە بە هاتنی ئەم تیمەی زانیبووو لە زۆربەی ئەو ڕێگایانە کە ئەگەری هاتنی ئەم تیمەی لـێدەکرا، کەمینی دانابۆوە. ئێمەش هاتینە "میشیاوێی سەروو" نزیـك گونـدی "سێکوچکە"و لەوێ ماینەوە. دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادەو کاك کەماڵ زەردەشتیانو کاك سەید ڕەزاو کاك قادرخان سۆڵتانپەنامان لەگەڵ بوونو لە دوو شوێنی هەرە بەرزی گوندەکە نیگابانو دیدەبانمان دانان. مەودای نیگابان تـا گونـد یـەك سـەعات کـەمتر نەبوو، ئێوارە وەختێك برادەرێکی خەڵکی گوندی "میشیاوێ" هاتە لامو پێی وتم کەسێك لـە حەوتاشەوە هاتووەو کاری بە تۆیە، منیش چوومە لایو پـاش ئەحواڵپرسـی، وتـی نزیکـەی 150 تـا 200 چـەکداری کۆمەڵـە لـە حەوتاشـنو زۆریـش تـەیارن. منـیش وێـڕای سوپاسلێکردنی، پێم گوت بگـەڕێوە، ئەگـەر خەبـەری دیکـە هـەبوو، ئاگادارمـان بکـەوە. دەستبەجێ حەمە ساڵح کەریمی، فەرماندەی هێزو شاروخ مورادیی سەرلكو باقیی ئەندامانی کۆمیتە شارستانم کۆ کردنەوەو خەبەرەکەم پێ ڕاگەیاندنو وتم: ئەگەری هێرشـی کۆمەڵـە بـۆ سەرمان هەیە، بۆیە پێویستە ئامادەو وریا بین. دەستبەجێ دوو سەنگەری "کەڵەکەجاڕ"و " پشتی میشیاو"مان تەقویەت کرد. شاروخ مورادی بۆخۆی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك چوونە بەرزایی پشتی میشیاوو باقیی پێـشمەرگەکانیش چـوونکە کەڵەکـەجاڕ. نزیکـەی کاتـژمێر 11ی شەوی 63/1/24، شەڕ لە بەرزایی میشیاو دەستی پێکردو کۆمەڵـە هێرشـێکی زۆر توندی هێنابووە سەر ئەو سەنگەرە، بەڵام لەگـەڵ بـەرەنگاریی زۆر تونـدی شـاروخو ڕەفیقـە پێشمەرگەکانی بەرەوڕوو بوونەوە. ئێمـەش لـە کـاتی دەسـتپێکردنی شـەڕەکەدا، دیلـەکانی کۆمەڵەو برینـدارەکانی خۆمانمان دایە دەست چـەند پێـشمەرگەیەكو بـاقیی پێـشمەرگەکانمان دابەش کردن. هەر لەو کاتەدا دەفتەری سیاسیو ئاژوانمان لـەم شـەڕە ئاگـادار کردنـەوە. بـە هیممەتی هاوڕێیانی گرنگتر (ئاژوان) کۆمیتەی دیواندەرە بێسیمی ڕاکاڵی نەبوو، هەر جـارێ بێسیمچییەکمان لەگەڵ دەهات. لـەم سـەفەرەدا کـاك فەرەیـدوون یووسـفی کـە بیسیمـچی کۆمیتەی کرماشان بوو بە مەئمووریەت لەگەڵمان بوو. بە فەریدوونم وت، خۆت دەزانی ئێمـە

هەرچی تەرحو گەلاڵەمان ئاشکرا بـوونو زۆربـەی ئـەو زەربانـە خواردوومانـە، لـە ئاكـامی قسەکردنی زۆری پشتی بێسیمی کـاك نـەبی قـادری، بەرپرسـی ئـاژوان بـووە، بۆیـە داوات لـێدەکەم تا کۆتایی ئەم شەڕە بێسیمەکە بکوژێنەوە، با لەگەڵ کەس تەماس نەگرین، چونکە هەر کە تەماسمان گرت، کاك نەبی هەموو شتێکمان لـێئاشکرا دەکاو کۆمەڵـە لـەوە کـەڵك وەردەگرێ. فەرەیدوون وتی باشە، ئەی من پاشـان چ وەڵام بدەمـەوە. مـن وتم بڵـێن باتریمـان نەبووە بێسیمەکە لە کار کەوتووە، هەر لێیـان قـەبووڵ نـەکردی، بڵـێ تـەموور نەیهێـشتوە. ئەویش قەبووڵی کردو لەسەر بێسیم وەڵامی کەسمان نەدەدایەوە. نیو سەعات بە نیو سـەعات ئاژوان ئاژوانو بەتایبەتی شەخسی کاك نەبی دەهاتە سـەر خـەتو نـاوی بێـسیمی ئێمـەیان بانگ دەکردو ئێمەش وەڵاممان نەدەدانەوە، شەڕەکەش تا دەهات توندوتیژتر دەبـوو، نزیکـەی کاتژمێر 1ی بەیانی کۆمەڵە شکستی خواردو دوو جەنازەیان لـێ بەجێ مـابوون، بـەڵام دوو پێشمەرگەی ئێمەش شەهید بوون کە یەکیان شەهید محەممەد قاسمی، خەڵکی دیوانـدەرە بـووو پاش تێکشکانی کۆمەڵە، بە شاروخمان وت لەوانەیە بـۆ جـاری دووهـەمیش هێـرش بکـەن، ئاگادار بن.

کاتژمێر 3ی بەیانی هێرشی دووهـەمیان دەسـتی پـێکردو ئـەمجارەش تێـك شـکێندرانو پاشەکشەیان کرد. پاش سەعات 3، ئێمە چاوێکمان بۆ گەرم کـردو نیگابانمـان راسـپارد کـە هەر خەبەرێك هەبوو، ئاگادارمـان بکـات. نیگابانـەکانی نـاو گونـد هـەموویان ئەنـدامانی کۆمیتە شارستان بوون. کاتژمێر 7ی بەیانی هەڵسایەنەوەو دنیا رووناك ببـوو. فەرەیـدوونیش رۆیشتە سەر خەت، بێسیمچیی ئاژوان پێش لە هەمووان یەك دوو جـار بـانگی بێـسیمەکەی ئێمەی کرد. بە فەرەیدوونم وت جارێ وەڵام مەدەوە، بێسیمچیی دەفتەر یەکـەم پرسـیاری لـە بێسیمچیی ئاژوان بوو، بێسیمچیی ئاژوان وتی چەند جارێك بانگم کردوون، وەڵامیان نەبووە، ئەوکات بێسیمچی‌یەکەی دەفتەری کە هەر ئێوارەش لە زمانی کاك دوکتور سـەعیدەوە پێـی وتبوون ئەو پێشمەرگانە شتێکیان بەسەر بێ، ئاژوان دەبێ وەڵام بداتـەوە. پـاش ئـەم قـسانە بێسیمچیی دەفتەر بانگهێشتنی بێسیمەکەی ئێمـەی کـرد، کـە وەڵامـی دایـەوە وتیـان بـۆ

تەماست نەگرتووە؟ ئەویش وتی شەڕەکە نزیك بووەو بێسیمەکەم کۆ کردۆتەوە، ئیدی قسەیان نەبووو پرسیاریان کـرد وەزعەکـە چـۆنە؟ بێسیمـچی‌یەکەی ئێمـە کورتەیـەك لـە جـەرەیانی شەڕەکەی بۆ باس کردنو ئـەوانیش بـە دەستخۆشـی وتـن داوایـان کـرد بـە وردی راپـۆرتی شەڕەکەیان بدەینێ. پاش قسەکردن لەگەڵ بێسیمی دەفتەر، لەگەڵ ئاژوانیش قـسەمان کـردو داوای هێزی کۆمەکمان لـێ‌کردن. هەر ئەو رۆژە بـە بەشـداریی خەڵکی‌میـشیاو تـەرمی دوو شەهیدەکەمان ناشتن. لە ناشتنی تەرمەکاندا حەمە ساڵح کەریمی فەرماندەری هێز زۆر گریاو منیش داوام لـێ‌کرد نەگری، بەڵام سـوودی نـەبوو. کاتێـك گەڕاینـەوە بـۆ ئـەو ماڵـەی کـە کۆمیتەی شارستانی تێدا بوو (ماڵی مام مەحموود)، رەخنەم لە حەمەساڵح گـرتو پـێم وت گریانی تۆ لێرە دەبێتە هۆی دابەزینی ورەی پێشمەرگەکانو ئەمە شوێنەواری خراپـی هەیـە. پـاش نیـو سـەعات ئەنـدامانی کۆمیتـەی شارسـتان داوای کۆبوونـەوەیان کـردو منـیش کۆبوونەوەکەم پێك هێنا، شەهید شاروخ مورادییش بەشدار بوو. لـە کۆبوونەوەکـەدا هـەموو ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بە شەهید شاروخیشەوە داوای گەڕانەوەی ئەو هێزەیـان دەکـرد بۆ بایر، منیش لەوێ زۆر هەوڵم دا رازییان بکەم کە گەڕانەوە دروست نیە، چونکە ئەو هێزەی لە دەفتەرەوە بەرەو جنووب دێ، بە هیوای ئێمە دێت، هەر گرفتێکیان بۆ بێتە پێشەوە، ئێمە بەرپرسیارین. قسەکەم بە گوێی کەس ئاشنا نەبوو جگە لە شەهید سەید جەلیل کـە بێـدەنگ بوو، شارام ئاقایی کە لەو کۆبوونەوەیەدا وتی دەبێ بمێنینەوە، هـەموویان ئیـسراریان دەکـرد کە دەبێ بگەڕێینەوە. بە کورتی من قەبووڵم نـەکرد، بـەڵام قەبووڵنـەکردنی مـن قەناعـەتی بەوان نەهێنابووو هەر لەسەر داواکەی خۆیان سوور بوون. تەنیا کارتێك کە بەدەسـتمەوە بـوو، هەیئەتی کۆمیسیۆن کاك سەید رەزاو کاك قادرخان بوو کە بێن داوایان لـێ بکەن بمێننـەوەو هەر نەبێ شاهید بن. بە هاتنی وەفدی کۆمیسیۆنیش مەسەلەکە چارەسەر نـەکرا، بۆیـە مـن پێم وتن بەهیچ شێوەیەك ئێرە بەجێ ناهێڵینو قسەکەم بڕییەوە. دەردی سەر دەردانیش ئـەوە بوو پێشمەرگەیەکمان بەناوی "غەیاس" هەبوو کە لـە دەورانـی شـادا دەرەجـەدار بـوو، لـە بەکارهێنانی وشەی نیزامی زۆر شارەزاو لە هەمان کاتدا بێ ورە بوو. ئاگاداریـان کردمـەوە

غەیاس پێشمەرگەکانی کۆ کردۆتەوەو وتوویەتی ئەم گوندە 30 شوێنی نەبینراو (نقطە کور)ی هەیە، ئیمکانی رەخنەی کۆمەڵە لە 30 شوێنەوە هەیە، پێشمەرگەکانیش بە بیستنی ئەم فەرمایشانە ورەیان بە تەواوی لە دەست دابوو. غەیاسم بانگ کردو پێم وت شای گۆڕبەگۆڕ کادری وەك تۆی هەبوو، بۆیە وای لێ قەوما،و سوێندم خوارد ئەم جارەکە بێتو ببیسمەوە لەم شیکردنەوە قۆڕانەت بۆ کەس لێداوە، پاش تێهەڵدانێکی زۆر، لە زیندانت دەکەم. بەم هەڕەشەیە تا رادەیەك کپم کردەوە. شەوی دووهەمیش بە ئاگاداری‌یەوە لە شوێنەکانی خۆمان ماینەوەو بەیانی‌یەکەی لکێکی هێزی عەزیز یووسفی هاتن بە هانامانەوەو لەوێ جێگیر بوون. گرفتی ئەم لکەش ئەوە بوو کە فەرمانندە هێزی عەزیز یووسفی خۆی کە لە گەڵیان نەبوو، ئەو رۆژە نازانم لە کوێ لای دابوو، نەهاتبووو مامۆستا بێزاریان لەگەڵ بوو کە ئەم کابرایە دیار نەبوو چ بیروباوەڕێکی هەیە، هەر رۆژێك بە شێوەیەك خۆی دەنواند. داوامان لێ‌کردن بڕۆنە جێگای ئەو پێشمەرگانە کە دوو شەوو رۆژ بوو لە ئامادەباش‌دا بوونو بە تەواوی ماندوو بوون، قەبووڵیان کردو رۆیشتن، بەڵام بۆ شەو هاتنەوە خوارێ! هەرچییان لێ‌پاڕاینەوە کە بچنەوە سەر شاخ، سوودی نەبوو تا داوامان لە قادرخان کرد بێت، بەڵکوو بە قسەی ئەو بکەن، وتمان هەر نەبێ قادرخان سەقزی‌یەو رەنگە لە زمانیان باشتر بزانێو بە قسەی بکەن، کەچی بە قسەی ئەویشیان نەکرد تا لە ئاکام‌دا بێزارو دوو سەرپەلەکەیانم بانگ کردنو وتم ئێوە بەرپرسی هەر رووداوێکن کە روو بدا. وا دیار بوو ئەم قسەیە کاری خۆی کردبوو، چونکە رۆیشتنەوە سەر شاخ. بە هاتنی ئەم لکە پێشمەرگەیە کە کۆمەڵە لە رێگای دیدەبانەکانی‌یەوە زانیبووی، حەوتاشی چۆڵ کردو بەجێی هێشتو نزیکەی 15 پێشمەرگەیەکی ئێمە چوونە حەوتاش بۆ ئەوەی حەوتاشیش بە دەستمانەوە بێ تا هێزەکەی دیکەمان کە لە دەفتەرەوە هاتبوون، نەکەونە کەمینی کۆمەڵەوە. بە بێسیمی راکاڵ لەگەڵ ئەم تیمە پێکەوە پێوەندیمان هەبوو، هێز لەرێوە گەیشتبووە لای سوورێنو بە کوێستانەکان‌دا بەرەو حەوتاش‌دا هەڵگەڕابوون کە کەوتبوونە کەمینی کۆمەڵەوەو ئەوە بوو رادیۆ کۆمەڵە لە هەواڵەکانی نیوەڕۆیی خۆی‌دا باسی سەرکەوتنێکی گەورەی کرد کە گۆیا

پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی زۆری حیزبیان کوشتوەو بەدیل گرتوەو بارەکانیشیان لێبردوون. راستی مەسەلەکە وەك وتم ئەوە بوو کە هێزەکەی ئێمە کە وەك کاك سەید برایم هاشمی فەرماندەری هێزی ئاربابا چاوساق‌و فەرماندەیان بوو، شەهید هومایوون ئەردەڵانیشیان لەگەڵ بوو، کەوتبوونە کەمین‌و کۆمەڵە تەنانەت بەسەر بارو هێسترەکانیشدا زاڵ ببوون، هەربۆیە لە رادیۆ کۆمەڵە رایانگەیاندبوو کە تەقەمەنی‌یەکی زۆریان گرتوە. بە دەستپێکردنی شەڕ ئەو ژمارە پێشمەرگەیەی ئێمە کە لە حەوتاش بوون، گەیشتبوونە مەیدانی شەڕەکەو لەگەڵ کۆمەڵە دەرگیر بوون‌و هێزی دیکەشمان بە فەرماندەری "مەمی تهامی" کە نزیکەی یەك کاتژمێر بوو گەیشتبووە میشیاو، بە کەڵەکەجاڕدا هێرشیان کردە سەر هێزەکەی کۆمەڵەو بە توندی تێکیان شکاندن‌و، جەنازەی فەرماندە گوردانی کۆمەڵە کەوتە بەدەستی پێشمەرگەکانی ئێمەو لەملاشەوە کوڕی مام مستەفا، پێشمەرگەی هێزی شەهیدانی وردێ، شەهید بووو هێزەکەی ئێمەش یەکی گرتەوەو تەقەمەنی‌و نەفەرەکان بەرەو ناوەندی ئاژوان وەڕێکەوتین‌و وەفدەکەی کۆمیسیۆنی تەشکیلات‌و دیلەکانی کۆمەڵەو بریندارەکانی خۆمان دایە دەست هێزی ئاربابا تا بیانباتەوە بۆ دەفتەری سیاسی. کە گەڕاینەوە بۆ لای ئاژوان، مەسەلەی مانگرتنەکەی هاوڕێیانی کۆمیتەی شارستان‌و گریانی حەمەسالح کەریمیم لەسەر گۆڕی ئەو دوو شەهیدە باس کرد. دیار بوو ئاژوانیش حەمەسالح کەریمیی بانگ کردبووو ئامۆژگاری بکات، حەمەسالح زویر ببوو، وتبوی فەرماندە هێزی ناکاو ئاژوانیش لەسەر پێبوون کەسێکی دیکە لە جیاتی حەمەسالح بنێرنە دیواندەرە. لە گەڕانەوەدا حەمەسالح پێی وتم کە لە فەرماندە هێزی وازم هێناوە، زۆرم پێ ناخۆش بوو، نامەیەکی ئاژوانیش هات تا دیاریکردنی فەرماندە هێز، من سەرپەرەستیی هێزەکە بکەم. ئەو شەوە خەوتین، بەیانی‌یەکەی کە هەڵسانەوە، یەکێك لە پێشمەرگەکان ئاگاداری کردمەوە کە 9 نەفەر دیواندەرەیی نەماون! بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە چوومە شوێنی حەسانەوەیان. شەهید شاروخ مورادیش کە لە رۆژی شەڕ لەگەڵ ئەو کۆمەڵە هاودەنگیان بوو، پێی وتم ئەو هاوڕێیانەی کۆمیتە شارستان کەسیان نەماون. پاش لێکۆڵینەوەی زیاتر دەرکەوت کە

گەڕاونەتەوە بۆ لای ڕژێم. لە کۆمیتەی شارستان من‌و سەید جەمیل مابوینەوەو کەسێك بەناوی "عەلی شەریفی" کە ئەویش خەڵکی شاری دیواندەرەو هاوشاریی ئەو 9 کەسە بوو. مەسەلەکەمان بە ئاژوان ڕاگەیاندو ئاژوانیش پاش دوو ڕۆژ، کەسێکی بەناوی "جەعفەر کۆمەڵە" خەڵکی شنۆ کە سزا درابوو، ناردرابوو بۆ حیزب، وەك فەرماندەری هێزی دیواندەرە دیاری کرد. تازە کە حەمەساڵەح نەمابوو، بۆ من گرنگ نەبوو کێ دەبێتە فەرماندەری هێز، پاش ماوەیەکی کورت دەرکەوت کە کاك نەبی قادری، هاوشاریگەری کردوە جەعفەری کردوە بە فەرماندەری هیز، ئەگەرنا شەهید شاروخ موڕادی بە دەیان جار لە جەعفەر کۆمەڵە لێهاتووتر بوو. جەعفەر هەم نەخوێندەوار بوو، هەم چاخانکەرو لەخۆباییی. جەعفەر لە ماوەی بەرپرسایەتی لە هێزی دیواندەرەدا دەریخست کە شیاوی بەرپرسایەتی‌یەکی ئەوتۆ نیە.

زستانی ساڵی 63 بوو، لە بایری خواروودا بووین کە دایکم‌و دادە عیسمەتم هاتن بۆ لام‌و سەردانیان کردم. فاتێحی خالۆم لە کۆمیتەی مەریواندا ئەندامی کۆمیتەی شارستان بوو، بەهۆی بەفرو بارانی زۆر نەیانتوانیبوو بە وەخت بگەڕێنەوە بۆ لای ئاژوان‌و بەهۆی نەبوونی پێوەندییان لەگەڵ باقیی هێزەکانی حیزب‌و دواکەوتنی هێزەکانی کۆمەڵە، مەترسیی زەبر وێکەوتنیان لێدەکرا. دایکم‌و دادە عیسمەتم (دایکی فاتێح) سەبارەت بەم بارودۆخە زۆر نیگەران بوون، لە گەڕانەوەدا داوایان لێکردم لە وەزعی فاتێح ئاگاداریان بکەمەوە، منیش پێم وتن ڕادیۆ بگرن، ئەگەر خودای نەخواستە شتێکیان بەسەردا هات، خۆ ئەوە حیزب نایشارێتەوەو ڕای‌دەگەیەنێ، ئەگەریش گەڕانەوە لای ئێمە، بە پەیامی ڕادیۆیی ئاگادارتان دەکەم کە گەڕاوەتەوە لای من. ئەوە بوو فاتیح شەوی 2ی خاکەلێوەی 64، گەیشتەوە لای من‌و منیش بە قەولەکەی خۆم وەفام کردو بە پەیامێکی ڕادیۆیی ئاگادارم کردن کە فاتێح لای منە ـ ئەڵبەت بە ڕەمزێك کە لەگەڵیانم دانابوو ـ بۆیە کاتی بیستنی ئەو پەیامە، بنەماڵەی ئێمە زۆر خۆشحاڵ ببوون.

شەوی یەکی خاکەلێوەی 64، کۆمەڵە هێرشێکی هاوکات‌و بەربڵاوی کردە سەر ناوەندی ئاژوان لە "نەرمەلاس"و کۆمیتەی سەقز لە "سپی کانی". لەو هێرشەدا بە داخەوە لە

کۆمیتەی سەقز "سدیق فەروخیان" جێگری کۆمیتەی ناوەندیو 5 پێشمەرگەی هێزی عـەزیز یووسفی شەهید بوونو کۆمەڵە دەستی بەسەر کۆمیتەی شارستانی سەقزدا گرت. پـاش ئـەم هێرشە، ئاژوان بنکەی خۆی هێنایە "بوردەمە". چەند شـەڕی دیکـەش هـەر لـەو ماوەیـەدا لەلایەن کۆمەڵەوە دژی هێزەکانی حیزب بەڕێوەچوون. یەکێك لـەو شـەڕانە هێرشـی کۆمەڵـە بۆسەر بنکەی هێزی هەوشار کە هێزێکی یـەکجار قارەمـانو کۆمەڵەییـەکان، حیـسابێکی زۆریان لـێ دەبردن. کۆمەڵە گەمارۆی کۆمیتەی شارستانی هەوشاری دابووو پێـشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار هەرچەند بە تونـدی گـەمارۆ درابـوونو حەڵقـەی گەمارۆکـەش زۆر تەسـك بـوو، بـەڵام لـە دژە هێرشـیان بۆسـەر کۆمەڵـە، وێـرای گرتنـی 18 جـەنازە لـە کۆمەڵەییەکانو شەهیدبوونی هەشت پێشمەرگەی قارەمان، پاشەکـشەیەکی سەرشـۆڕانەیان بە کۆمەڵە کردو لەو شەوەدا جەنازەی کچە کۆمەڵەیەك بەناوی "ئازیتا" بەجێ مابوو کە لـە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەو شەوانە دەکا کە لەگەڵ "نـەبی" ناوێـك ئاشـنا بـووەو یەکەم شەوی ئاشنایەتییەکەی بەڕادەی بیست ساڵ خەباتی چینایەتی بـەراورد دەکـا. دیـارە لەم شەڕەشدا کاتێ نەبی بریندار دەبێ، ئازیتا زۆر چاك بەرگری دەکا ... . پاش ئەم شـەڕانە لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئاژوان، پێشنیارمان کرد با ئەم هێزە لـە حاڵـەتی "زەمیـنگیری" دەربێنینو بەو هێزەوە کە نزیکەی هەزارو دووسەد کەس زیاتر بوو، لـە سـێ تـیمدا بکەوینـە جەولە" دوو تیمی 350 کەسیو تیمێکی 500 کەسی کـە لەگـەڵ ئـاژواندا بـێ بکەوینـە جەولەو دەست بکەین بە پڕوپاگەندە دژی کۆمەڵەو کۆکردنەوەی یارمەتیو زۆر کاری دیکـە، بەڵام سوودی نەبوو، چونکە هاوڕێیانی ئاژوان ئامادە نەبوون یەك هەنگاویش ببزوون.

## هێرشی بەربڵاو بۆسەر کۆمەڵە

پووشـپەڕی 1364، کۆبوونەوەیـەك بـە بەشـداریی بەرپرسـانی کۆمیتـە شارسـتانەکانو فەرماندەرانی هێزی جنووبو ناوەنـدی ئـاژوانو کـاك کـەریم عـەلیار، ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەندیو جێگری کۆمیسیۆنی پێشمەرگە تاهیر عـەلیار، عەبـدوڵڵا شـەریفی لـە کۆمیتـەی

مەهاباد، عەزیم ئەفسەر دلێر لە کۆمیتەی بۆکانو هەمزە سوور جێگری هێزی مینەشەم، پێك هات. لەو کۆبوونەوەیەدا گەڵاڵەی هێرش بۆ سەر کۆمەڵە داڕێژراو بڕیار درا بەڕێوە بچێ. بەرپرسەکانی ئەوکاتی جنووب: نەبی قادری بەرپرسی ئاژوان، باباعەلی مێهرپەروەر ئەندامی ئاژوان، غەنی غەنیپوور فەرماندەی نیزامیی ئاژوان. بەرپرسانی کۆمیتەکان: شاپوور فیرووزی، (کرماشان)، فەتتاح عەبدولی (سنە)، تەیموور مستەفایی (دیواندەرە)، عومەر شەریفزادە (مەریوان)، کاوە بەهرامی (سەقز)، سەید کامیل حەیدەری (هەوشار)و، فەرماندە هێزەکانیش: شەهید مەنسوور فەتاحی (زرێبار)، مەمی تەهامی (سەقز)، کاوس نیازمەند (سنە)، جەعفەر کۆمەڵە (دیواندەرە)، عەتا تورك (هەوشار)، سالار ئیبراهیمی (بیستوون) کرماشان بوون. لەو تەرحەدا هێرشەکە لە چوار قۆڵەوە دەستی پێ دەکرد. کەموکوڕی ئەم هێرشە دوو شت بوو: یەکەم وەك هەمیشە بە قسەکردنەکانی بێسیمچی‌یەکانو کاك نەبی قادری، کۆمەڵە لە جموجۆڵی ئێمە ئاگادار ببووو، دووهەم، لە دابەشکردنی بەرپرسایەتیی عەمەلیاتەکاندا زۆر بێدیقەتی کرا. بۆ وێنە بەشی رۆژئاوای شەڕەکە کە بە هێزەکانی زرێبارو شەریفزادەو مینەشەم سپێردرابوو، لە جیاتی ئەوە کاك مەنسوور فەتاحی کە هەم فەرماندەیەکی ئازاو بەوەجو شارەزای ناوچەکە بوو بسپێردرێ، بە هەمزەسوور سپێردرا کە هەم لەباری بەرپرسایەتی‌یەوە لە مەنسوور کەمتر بووو هەم لەباری لێهاتوویی‌و لێزانی‌یەوە، بۆیە ئەمە لە زەوقی ئەو فەرماندانەی داو لە شەڕەکەدا نە خۆیانو نە هێزەکەشیان چالاکانە بەشدارییان نەکرد.

لەو شەڕگانەی کە هێزی هەوشارو بێستوون هێرشیان کردبوو، پێشمەرگەی هێزی پێشەواشیان لەگەڵ بوون، هەرچەند کەوتنە کەمین، بەڵام زۆر خێرا بەسەر کۆمەڵەدا سەرکەوتن، بەڵام لە شەڕگەی رۆژئاوا کە دەگەنە سەنگەرەکانی کۆمەڵە، سێ پێشمەرگەی کۆمەڵە کە نیگابان دەبنو دەنگی هێزەکەی ئێمە دەدەنو هێزەکەی ئێمەش پێی وادەبێ پێشمەرگەی خۆمانن، بەشی یەکەمی نهێنی‌یەکە کە "حەسەن" بوو، دەڵێنو دەچنە سەرەوە دەبینن کۆمەڵەنو دەیانگرنو روون دەبێتەوە کە ناوی شەوی کۆمەڵەش بەشی یەکەمی

"حەسەن"ەو ئەو سێ کۆمەڵەیەش پێشمەرگەی ئێمەیان بە هی خۆیان زانیوە. جگە لەم سێ کەسە کە بەدیل گیران، لەم شەڕگەیەدا یەك فیشەکیش لە تفەنگی پێشمەرگەکانی ئێمە دەرنەچوو. ئێمەش لە بەرانبەر مەقەڕاتی کۆمەڵەدا ئاورمان کردبۆوەو لە سەرەتای هێرشەکەدا کۆمەڵەییەکان دەستیان بە هاتو هاوار کردو خۆیان ون کردبوو، بەڵام چونکە لە شەڕگەی رۆژئاوا هیچ فشار نەبوو، کۆمەڵە خۆی کۆکردەوەو دژە هێرشێکی کردە سەر پێشمەرگەکانی ئەو بەشەو هێرشەکەی تێکشکاند. بە کورتی دوای وەشاندنی زەبرێکی توند لە کۆمەڵە، هێزی خۆمان زەرەرو زیانی زۆری وێکەوتو نەیتوانی بە ئامانجی عەمەلیاتەکە بگا.

دیارە لە ماوەی ئەم شەڕانەدا رێژیم بە هێزەکانی خۆیانی راگەیاندبوو کە بەهیچ شێوەیەك هێرش نەکەنە سەرمانو رێگای هاتوچۆمان نەگرن تا رێگای شەڕەکە خۆشتر بێ، بۆیە زۆر کەم هەڵدەکەوت رێژیم هێرش بکاتە سەرمان، بەڵام لەبەر ئەوە لەلایەکی ئێمەوە هێزی رێژیم هەبوو، ناچار بووین بەشێکی زۆر لە هێزەکانی خۆمان بۆ ئەگەری هێرشی رێژیمو بەرپەرچدانەوەی هەر چەشنە هێرشێکی رێژیم تەرخان بکەین.

## هۆیەکانی شەڕی کۆمەڵەو حیزب

کۆمەڵە هەر لە سەرەتای پێکهاتنیەوە دەستی بە پڕوپاگەندە دژی حیزبی دێموکرات کردو کادرو ئەندامو پێشمەرگەکانی خۆی بە گیانی دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات پەروەردە کردوە. لەساڵی 60ەوە لە هەر ناوچەیەك هێزی حیزب لاواز بایە، کۆمەڵە دەکەوتە بیانووگرتن بە حیزبو زۆرجار بە شەهیدکردنی پێشمەرگەکانی حیزب دەیهەویست ئاوی چاوی پێشمەرگەکانو خەڵك بگرێو بە زۆری خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێو چەند جارێك لە جنووب شەڕی دژی حیزبی سازکردو زەبری لە پێشمەرگەکانی حیزب دەوەشاندو لە شوێنەکانی دیکە کە هێزی لاواز بوو، دەیانگوت ئەوە پێوەندی بەوانەوە نیە. لە ناوچەی کامیاران شەڕیان دژی حیزب ساز کردو چەند پێشمەرگەی حیزبیان بەدیلی ئیعدام کردنو

خەڵکی گوندەکەش قورئانیان هێنابوو کە بۆ خاتری قورئان ئەو پێشمەرگانەی حیزب شەهید نەکەن، بەڵام پاش سووکایەتیکردن بە قورئانەکەش، پێشمەرگەکانیان ئیعدام کردبوو. کار گەیشتە جێگایەک کە عەولاّ موهتەدی، سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی کۆمەڵە لە کۆمۆنیستی ژمارە 15، تیئۆریی سێگۆشەی داهێناو رایگەیاند لە کوردستاندا ئەوان لەگەڵ سێ گۆشەیەك بەرەورِوون: گۆشەیەکی پرۆلیتاریایە کە بالندەیەو بەکەس راناوەستێ، گۆشەیەکی بورژوازیی ئێرانە کە حکوومەتی خومەینی نوێنەرایەتیی دەکاو ئەویش میرایە، گۆشەی سێهەم بورژوازیی کوردە کە حیزبی دێموکرات نوێنەرایەتیی دەکا کە لە نێو خەڵکدا نفووزی هەیە، بۆیە پێی وابوو خەباتی ئەسڵیی کۆمۆنیستەکان دەبێ دژی بورژوازیی کورد بە تەعبیری ئەوان یانی حیزبی دێموکرات بکرێو لەو هەلومەرجەشدا ئەگەر ناوچەیەك یان چەند ناوچەیەکیش بکەوێتە دەستی کۆماری ئیسلامی، بۆ ئەوان گرنگ نیەو گرنگ زەربە لێدان لە حیزبی دێموکراتە.

بەم تیئۆرییە چەوتو نادروستە، مێشکی پێشمەرگەو لایەنگرەکانیان پەروەردە دەکرد کە حیزبی دێموکراتیان لە کۆماری ئیسلامی پێ خراپتر بێو، عەبدوڵلاّ موهتەدی لە داهێنانە نایابەکەیدا وتبووی کە بورژوازی راِرایەو بە خواردنی چەند زەربەی کاریگەر لە مەیدان دەردەچێو ئەوان دەبنە یەکەتازی مەیدانو بەم بۆچوونە بە تاکتیکی لە هەر شوێنێ خۆیان بەهێز بزانن زەربە لە حیزب بدەنو درێژەیان دا تا حیزب لە ژمارە 99ی رۆژنامەی "کوردستان"دا رایگەیاند حیزبی دێموکرات یەك حیزبە، هێرش کردنە سەر ئەم حیزبە، لە هەر نوقتەیەك دەبێتە هۆی سازبوونی شەرِێکی سەرتاسەری. لەراِستیدا پەسندو راگەیاندنی ئەم برِیارە زۆرتر لەبەر ئەوە بوو کە کۆمەڵە بەخۆیدا بچێتەوەو دەست لە ئاژاوەگێرِی هەڵبگرێ. دەرکردنی ئەم برِیارەش نەیتوانی پێش بە ئاژاوەگێرِییەکانی کۆمەڵە بگرێو شەرِی حیزبو کۆمەڵە هەروەك لە نیوسەدە تێکۆشاندا هاتوە، دەستی پێکرد کە من نامهەوێ ئەو شتانە دووپات بکەمەوە. بەڵام ئەوەی من دەمهەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە کاتێك شەرِ دەستی پێکرد، پێشمەرگەکانی حیزب تۆزقاڵێ ئامادەیی شەرِ لەگەڵ

کۆمەڵەیان نەبووو، پێشمەرگەکانیشمان شەڕەکەیان زۆر پێ ناخۆش بوو، چونکە حیزب ئەوانی بە گیانی دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵە بار نەهێنابوونو کۆمەڵەی بە دوژمنی ئەوان نەناساندبوو. سەرەڕای ئامادەنەبوونی کادرو پێشمەرگەکانی ئێمە بۆ ئەو شەڕە، دیسان پێشبینیی تیئۆریسینەکەی کۆمەڵە زۆر بە هەڵە دەرچوو، چونکە نەك حیزبی دێموکراتیان پێ لە مەیدان دەرنەکرا، بەڵکوو خۆیان پێ ڕانەگیراو هەموو هێزەکەیان لە سێ گۆشەیەکی شلێر نەبێ، نەیاندەتوانی بەرەو هیچ ناوچەیەکی کوردستان بڕۆنو ئەو هێزەیان لێ مایەوە کە ئێستا هەیەو دوو کۆمەڵەی زۆر بچووكو لاوازی لێ دروست بووە.

ئەم شەڕە ناوخۆیییە خەڵك زۆری پێ ناخۆش بوو، بەڵام بۆ ئێمە کە لە جەرگەی شەڕەکەدا بووین، هەر ڕۆژە چەند هاوڕێیەکمان شەهید دەبوو، بەو شێوەیە وەبەرچاو نەدەکەوت. تێپەڕینی زەمانو زۆر هۆکاری دیکە ئەم شەڕەیان نەهێشت، بەڵام ئێستاش کە ئەم دێرانە دەنووسم، ئۆباڵی ئەو شەڕە لەسەر شانی کۆمەڵەیەو حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە نەك بە تاوانبار نازانم، بەڵکوو بەو حیزبەی دەناسم کە زۆر سەبوورو پشوو درێژ بووو زۆریش هەوڵی دا لەگەڵ کۆمەڵە ڕێك بکەوێ، بەڵام لە کاتی دەستپێکردنی ئەم شەڕە، دەسەڵاتی کۆمەڵە زۆریش لە دەستی خۆیاندا نەبوو، بەڵکوو چەند فارسێکی سوسیال شوینیستی وەك "مەنسوور حیکمەت"و "ڕەزا داوەر"و... هاندەری ئەسڵیی کۆمەڵە بۆ دەستپێکردنی ئەم شەڕە بوون.

تا دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆیی لەنێوان یەکیەتیو پارتیدا زۆر بیرم لەو شەڕە ناوخۆیییەی خۆمان نەکردبۆوە. شەڕی یەکیەتیو پارتی کە دەستی پێ کرد، کاتێ چاوم لێکرد لە ماڵێکدا برایەك پارتییەو برایەکەی دیکە یەکیەتی، بۆیە بەڕاستی ئیمانم بەوە هێنا کە بەڕاستی شەڕەکە شەڕی براکوژییەو تەنیا دوژمن کەڵکی لێ وەردەگرێ، ئەوکات بوو کە بیرم لە شەڕی خۆمانو کۆمەڵە دەکردەوەو بیرم دەهاتەوە هەر بۆ خۆم چەند پوورزام کە ڕۆژگارێکی زۆر پێکەوە ژیاوینو یەکترمان خۆش ویستوە، هەر کام بۆ دیفاع لە

حیزبەكەی خۆمان، چۆن لـە بەرامبـەر یـەكدا راوەسـتاوین، قـوولایی كارەسـاتەكەم هەسـت پێكرد.(پوورزاكانی من هەر سێكیان لە شەڕ دژی كۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون)

لەمە زیاتر لەسەر شەڕی كۆمەڵەو حیزب نـادوێم، چـونكە ئەگـەر بمهـەوێ باسـی شـەڕی كۆمەڵـەو حیـزب بكـەم، بۆخـۆی بـە تـەنیا كتێبێـك هـەڵدەگرێو مەبەسـتەكەی منـیش گوڵبژێركردنی هێندێك بەسەرهاتی پێشمەرگایەتیمە، نەك هەموو بەسەرهاتەكان.

## شەڕی سەرتەخت ( 64/4/8 )

لە مانگی پووشپەڕدا كۆمیتە شارستانەكانی دیواندەرەو هەوشار بۆ جەولەیەكی هاوبـەش گەڕاینەوە بەرەو ناوچەكانی خۆمان. رۆژی 64/4/7 لە گوندی "تـەخت" بـووین، نەفـەرێك هەواڵی پێداین كە هێزێكی زۆری رێژیم كە نزیكەی 120 ماشین دەبن، لـە سـەقزەوە بـەرەو خورخورە وەڕێ كەتوە. منو سەید كامیلیش كە سەرپەرەستی كۆمیتەی شارستـانی هەوشـار بوو، هاوڕێ لەگەڵ عەباس ئـەكرەمی، فەرمانـدەری عەمـەلیاتی هێـزی هەوشـارو جەعفـەر كۆمەڵە فەرماندە هێزی دیواندەرە كۆ بووینەوەو قسەمان لە گۆڕینی شوێن دەكرد. كەسـێكی دیكە لەلای خورخورەوە هاتو لێمان پرسی چ خەبەرە؟ وتی 6 ـ 7 ماشـینێك كـە هێزێكـی زۆریشیان لەسەر نەبوو، هاتوونەتە خورخورە. ئێمەش كە هەواڵی دووهەممان بیست، وتمـان 6 ماشین گرنگ نیە، چونكە هێزێكی وا زیاتر لەوە بۆ هێرش هاتبـێ، رەنگـە لـە ترسـانو بـۆ یارمەتیی پێگەی "سوننەتە" هاتبێ. بۆ قایمكاری بڕیارمان دا شەو لە گوندەكە نەمێنینەوەو بـچینە "سـەرتەخت" بخـەوینو بەیانییەكەشـی چـەند سـەرێك حـەیوان بكـڕینو ئـەو رۆژە بحەسێینەوە. كاتژمێر 11ی شەو بەرەو سەرتەخت وەڕێكەوتینو دوو كەمینمان نارده بەرزایی سەرەوەتر. كەمینی دیواندەرە، لە رۆژئاوای باخو كەمینی هەوشـار لـە رۆژهـەڵاتی باخەكـە بوون.

تاریكو روونی بەیانی لـە خـەو هەسـتام، لـەو كاتانـەی بەیانیـدا لـە قووڵاییـدا كـەس نابیندرێ، بەڵام لەسەر شاخەكانو بەتایبەت لـە ئاسـۆگەدا، زۆر چـاك نەفـەرات دەبینـدران.

تەماشام کرد نیگابانی بەیانیی ئێمە خەریکە لەگەڵ کەمینەکان قسە دەکا. وتم چییە؟ وتی دەڵێن لەسەر ئەم شاخانەوە چەند پاسدارێك بینراون. بۆیە دەستبەجێ هەموو پێشمەرگەکانم لە خەو هەستاندو کەمینەکەی دیواندەرەمان بە ناردنی چەند پێشمەرگەیەکی دیکە بەهێزتر کرد. دەورووبەر بە تەواوی رووناك ببوو. بەرپرسی کەمینی دیواندەرە "شاروخ مورادی" لەگەڵ من قسەی دەکردو وتی سەرتاسەری ئەم ناوچەیە گیراوە، دەبێ ئەمرۆ بۆ شەڕێکی خوێناوی خۆمان ئامادە بکەین. لەم قسانەدا بووین کەمینەکەی هێزی هەوشاریش کە **محەممەد** موردای سەرپەلیان بوو، ئاگاداری کردین کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزی رژێم بەرەو لای ئەوان لە پێشڕەوی دان. ئێمە پێمان وتن کە بێدەنگ بن تا دەگەنە لاتان، بە گەیشتنیان وایان لێبدەن کە زەبرێکی قورس بخۆن، بۆ ئەوەی لە سەرەتای بەیانییەوە ورە لە دەست بدەن و نەوێرن بێنە پێشێ. تا چەند میتری لێیان نەدان، لە یەك چرکەدا بێدەنگی شکاو هێزەکەی رژێم کەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگە ئازاو فیداکارەکانی هەوشارو ئاگاداریان کردینەوە کە زیاتر لە 20 جەنازەی دوژمن کەوتۆتە دەستیان. ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو سەنگەری پێشمەرگە کەوتە بەر تۆپو کاتیۆشابارانی هێزی رژێمو لە یەکەم دەقیقەی شەڕەکەدا بەهۆی وێکەوتنی پڕیشکی تۆپ، **محەممەد** موردای سەرپەلی پێشمەرگەکان شەهیدو حەسەن سەلبی بریندار بوو. پێشمەرگەکان بە دانی ئەو شەهیدو بریندارەو تۆپبارانی توندی سەنگەرەکانیان خۆیان پێ رانەگیراو هاتنە ناو باخەکەی سەرتەخت کە ئێمەی تێدا بووین. هاوکاتیش شاروخ موردای لەگەڵ من قسەی کردو وتی لە سێ لاوە تەقەمان لێدەکەن، ناتوانین لێرە وەمێنین، چ بکەین؟ منیش پێم گوت "شاروخ" پیاوی چاك بن مەیەنە خوارێ با بەرزاییەکانمان بە دەستەوە بێ، وتی لێرە خۆمان پێڕاناگیرێ، بەڵام گرە بەردێك لەولامانەوەیە ئەگەر برۆینە ئەوێ، دەتوانین باشتر شەڕ بکەین. منیش وتم باشە هەر مەیەنە خوارێ، چ جێگایەکتان پێ باشە بچنە ئەوێ. لەم کاتو ساتانەدا کە دۆخ زۆر خراپ بوو، دەبا ئاگام لە گرووبان غەیاس بایە کە بە شیکردنەوەی نیزامی ورەی کادرو پێشمەرگەکان دانەبەزێنێ. غەیاسم بانگ کردو وتم غەیاس دەبینی شەڕە، رەنگە زۆر توندیش بێ، سوێندم بە خودا یەك قسە لەگەڵ یەك

پێشمەرگە بکەی، ورەی یەك کەس دابەزێنی، ئیعدامت دەکەم، بڕۆ لە شوێنێك خۆت بشارەوە، ئەگەر هەموومان کوژراین ئەوە تۆ بڵێ شەڕت نەکردووەو خۆت تەسلیم بکەو ئەگەریش نەکوژراینو رزگارمان بوو، ئەوە دەتبەینو تەکلیفت روون دەکەینەوە. سەید کامیل حەیدەری بەرپرسی هەوشارم بانگ کرد، تەماشم کرد دەگری! وتم بۆ وا دەکەی، لەم کاتەدا ئەو حاڵەتە زۆر خراپە، تکات لێدەکەم ئێمە بەرپرسین، خۆت رابگرە. وتی: کاك تەیموور تۆ من دەناسی، مرۆڤێکی بێورە نیم، بەڵام دوو شت من ئازار دەدا، یەکەم کچێکم هەیە، بە بەر چاومدا وەك پەردەی سینەما دێتو دەچێ، دەزانم بێ باوك دەمێنێ.[1] دووهەم ئەو هەموو کوڕەی خەڵك بە کوشت دەچێو ئابڕووشمان دەچێ. وتم ئەم قسانە باش نین، گۆشەیەك لە باخەکە کە بە لاوە بوو، وتم لەگەڵ بەشی دەرمانی بڕۆ بۆ ئەوێ، ئەگەر کەسێك بریندار بوو، دەینێرین بۆ لات. جەعفەر کۆمەڵەی فەرماندە هێزیش دیار نەبوو، بەڵام شەهید عەباس ئەکرەمیو خەلیل قولدەرە دوو فەرماندەی بەوەجو لێهاتووی هێزی هەوشار لەوێ ئامادە بوونو دەیانگوت دەبێ تا دواهەناسە بەرگری بکەین. منیش پێم وتن، ئەمڕۆ ڕۆژی غیرەتە، دەبێ بەرگریی چاك بکەنو هەر پێشمەرگەیەك ویستی خۆی تەسلیم بکا، بەبێ دووو سێ لێی بدەنو بیکوژن. لەلایەکی دیکە شێخ "جەواد" کە خەڵکی تەخت بوو ـ باخەکەی سەرتەختیش هی ئەو بوو ـ چووو پێشنیارێکی کردو وتی پێتان چۆنە ئاوی ئەم جۆگەیە لە بناوانەوە دابخەین، جۆگەکە جۆگەیەکی قووڵ بوو تا نزیك کەمەر دەهات، نەفەر کە تێیدا دادەنیشت، بەحاڵ سەری دیار بوو، پێشنیارەکەیم زۆر پێباش بوو، وتم بە قوربانت بم هەرچی زووتر ئاوەکە دابڕە. شێخ جەواد بەرەو مەئموورەتەکەی رۆیشتو لەڕاستیدا جۆگەلەکەش یارمەتیی زۆری کردین لە شەهیددانی کەمداو لە پشتی بێسیمەکان بەهەموو سەرپەلەکانمان راگەیاند تا دوا هەناسەو دوا فیشەك بەرگری دەکەین، دەبێ دەرسێك بە دوژمن بدەین قەتی

1. سەید کامیل لە جەرەیانی کەمینێکدا کە رێژیم لە ناوچەی هەوشار بۆی دانابوونەوە، شەهید بووو بە داخەوە کچەکەی بێ باوك کەوت.

لە بیر نەچێ. ئەم گورە گورە زیاتر بۆ راگرتنی ورەی پێشمەرگەکان بوو. تا ماوم فیداکاریو ئازایەتیی شاروخ مورادی کە بە غەدر لە کورستانی عێراق رۆیشتە سەر مینێك کە بەکرێگیراوانی رژێم لەسەر رێگای "ناوتاق ـ دەربەندیخان" دایانابۆوەو لەگەڵ چەند پێشمەرگەی قارەمانی دیکە شەهید بوونو کورێکی خنجیلانەو جوانی بە ناوی "شوان" لێ بەجێ ماوە، لە بیر ناچێ. شاروخ تا کاتژمێر 9ی ئێوارە لەو بەرزاییە راوەستاو بەرگریی کرد، ئەو کوڕی رۆژی تەنگانە بوو.

هەر لەم بیرەوەرییەدا لە جێگایەکی دیکە باسی فیداکاریی شاروخم لە شەری ئێمەو کۆمەڵە لە گوندی میشیاوی سەقزدا کردوەو شارۆخ کوری رۆژی تەنگانە بووو، غیرەت، پیاوەتی، ورەو ئیمانی زۆرتر لە رۆژە سەختو دژوارەکاندا دەردەکەوت. ئەو وەك ئەو کەسانە نەبووکە لە کاتی ئاسایشدا قارەمانو لە رۆژی تەنگانەدا رێوی. شاروخ لەگەڵ ئەوەی نەخوێندەوار بوو، بەڵام زۆر جوان خۆی پێگەیاندبوو، نەزەراتی زۆر جوانی دەداو تا پلەی فەرماندە هێزیی مەڵبەندی 1و 2 رۆیشتو نیشانی دا چ کورێکی شایستەو لێوەشاوەیە. عەباس ئەکرەمیو خەلیل قولدەرەش بە "بەبرەکانی هەوشار" بەناوبانگ بوونو بەراستی ئەوانیش پیاوی رۆژی نەبەرد بوو. شەر تا دەهات گەرمتر دەبوو، دوو کاتیۆشای چلو چوار قەبزە خۆمپارەی 120و چەند قەبزە خۆمپارەی 81و 2 تفەنگی 106 میلیم کە زاڵ بوون بەسەر مەیدانی شەرەکەدا، پشتگیریی هێزی رژێمیان دەکرد. کاتژمێر 6ی بەیانی شەر دەستی پێکردبوو، هێزەکانی رژێم پەیتا پەیتا هێرشیان دەهێناو تێك دەشکان. لەم کاتو ساتانەدا بوو کە حسەین حسەینزادە، ناسراو بە "حسەین یۆزباش کەندی" کە هەر دوو مانگ پێش لە هێزی دیواندەرە نەقڵی هێزی هەوشار کرابوو، بە سەرپەلی پەلێك لە هێزی هەوشار دیاری کرابوو، بە لامدا تێپەریو وتی کاك تەیموور دەزانی ئەم شەرە زۆر خۆشە! وتم حسەین خۆشی لە چی دایە؟ وتی لەگەڵ هێزی رژێم زۆرانبازییەکی باش دەکەینو بێگومان لەو زۆرانبازییەدا ئێمە سەردەکەوین. پاش نزیکەی کاتژمێرێك حسەین بە برینداری گەرایەوە بۆ لام، وتم ئەوە چ بوو حسەین؟ وتی کورە ئەم سەگ باوکە هەوشاریانە دژوێنێکی

دوکتور قاسملوویان پێ تەحەموول نەکرا تا وامان بەسەر هات. وتم چۆن؟ وتی پەلەکەم بەرەو خوار برد، شوێنی سەنگەر گرتنمان نەبوو، وتم با بچینە سەر ئەم دارە گوێزەو لەوێوە تەقە بکەین، دیار نین. هەر یەکەمجار وتم کە چوینە سەر، قالۆو هەرا مەکەن، چونکە بە خومپارەو تفەنگی 106 شیو شیتالمان دەکەن، وتیان باشە، چووینە سەر دارەکەو ژمارەیەکی زۆرمان لە دوژمن کوشتو بریندار کرد. پاسدارێك بەردەوام دژوێنی بە دوکتور قاسملوو دەدا، یەواشێك پێم وتن کورە جوابی مەدەنەوە، بەلام خۆیان پێ رانەگیراو لە وەلامی دژوێنەکانی ئەواندا، ئەمانیش دەستیان بە جوێندان بە خومەینی کردو پێیان زانینو دوو ئارپیچییان حەوالەی گوێزەکە کرد کە هەمووومان کەوتینە خوارەدوو کەسیشمان شەهید بوون، بۆیە هەموو پەلەکە بریندارن. رێگای چوون بۆ لای کادری دەرمانیم نیشان داو رۆیشت.

## سەقز چ خەبەرە؟

رێژیم سەر لە بەیانی دەورووبەری سەعاتی 9، لە سەقز دەست دەداتە پڕوپاگەندەو دەڵێ: تا کاتژمێر 11، 170 تەرمی پێشمەرگەی حیزبیان بۆ دێننەوە یا 170 دیلو کوژراو. خەڵکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری سەقز کە هەمیشە یارو یاوەری پێشمەرگە بوون، بە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر نارەحەت دەبنو تەمی خەم دایان دەگرێو زۆر کەس دووکانەکەی دادەخاو دەست لە ئەژنۆ چاوەڕێی ئاکامی شەڕەکە دەکەن. تا سەعات 11، 12و 1، هیچ هەواڵێك لە دیلو کوژراوەکانی پێشمەرگە نابێ کە رێژیم بباتەوە بۆ شاری سەقزو لە سەعات 2 بەدواوە کاروانی ئامبولانسو ماشین بە کوژراوو برینداری زۆرەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەقز. بەهۆی نەخۆشخانەی شار کە دیارە بە بریندارەکانیان زانیوە، خەڵکی شار ئاگادار دەکرێنەوە کە شەڕەکە هێشتا بەردەوامەو رێژیم کوژراو برینداریکی زۆر هێناوەتەوە. خەڵکیش کە ئەم هەواڵە خۆشە دەبیسن، هەموو دووکانەکانیان دەکەنەوەو چراکانیان هەڵدەکەن، زۆر کەسیش شرینی بلاو دەکاتەوە. ئەمە هەڵوێستی شاری شۆڕشگێڕانو نیشتمانپەروەران بوو کە جێگای فەخرو شانازییە.

شەڕەکە درێژەی هەبوو، لـە گەرمـەی تـۆپو خومپارەبـاراندا کـە تـۆپو خومپارەبـاران بەڕادەیەك توند بوو کە لە بەرەکانی شەڕی ئێـرانو عێـراقیشدا تـۆپو خومپارەبـارانی لـەو چەشنە نەبووە. موسافیرانی جادەی سنە ـ سەقز کە گوێبیستی تەقەی تۆپخانەی رێژیم بوون، پێیان وابووە تەنانەت یەك کەسمان نەماوین. لە کاتی تۆپبارانەکـەدا مـن خـۆم بـە عـەرزدا دەدا، دوو پێشمەرگەی هێزی هەوشار کە پێشمەرگەی بەشی تەداروکات بوون، یـەکیان نـاوی ئیسماعیل بووو ئەوی دیکە حەمە کەریمە کەچەڵ، پێ دەکەنین، منیش بۆم باس دەکـردن کـە خۆمپارە پرشکەکەی هەڵدەستێتەوە، بۆیە دەبـێ رابکـشێین، بـەڵام سـوودی نـەبوو، چـونکە خۆیان پێ ئازا بوو تا تۆپو خومپارە کەوتە نێوان هەر سـێ کەسـەکەمان، مـن بـە سـاغی مامەوە، بەڵام ئەوان هەردووکیان بریندار بوون، یەکیان پارچـەیەکی وە کەلەکـەی کـەوتبوو، ئەوی دیکەش وەدەستی. وتیان کاك تەیموور گیان چیمان لـێدەکەی، بریندار بـووین. ئـەمجار کە چاوم لە برینەکەیان کرد، لەگەڵ ئەوەی زۆر بوو، بـەڵام شـوێنی خەتـەری نـەگرتبوو، مـن پێیان پێ دەکەنیم. وتم دەزانن بە چی پـێ دەکـەنم؟ وتیـان بەچـی؟ وتم بـە کـەریتیی ئێـوە. ئەوانیشم رێنوێنی کرد کە بچنە لای سەید کامیل. شاروخ داوای فیشەکی دەکرد، کەس بـۆی نەدەبرد، چوومە پێشەوە، پەرچەمی پاسدارەکان لە 50 میتری کەمتر بوو، جەعفەر کۆمەڵەم دیت لە بن دیوارێك خۆی حەشار داوە، وتم کاك جەعفەر چ دەکەی؟ وتی فەرماندەیی دەکـەم، وتم جا فەرماندەیی کوێ دەکـەی؟ باخێـك فەرمانـدەیی هەیـە؟ هەسـتە بـڕۆرە پـێش. خـوا هەڵناگرێ یەكو دووی نەکردو پێکەوە چووینە پێشێ. من بە هەرکەسم دەگوت فیـشەك ببـا بۆ شارۆخ، کەس نەیدەوێرا، چونکە هەر دوو سەعات پێشتر لەبەر چاویاندا شـەهید فەرشـاد بابایی رۆیشتبوو فیشەك بۆ شارۆخ بـەرێت، بـە تفـەنگی 106 لێیـان دابـووو دوو لـەتیان کردبوو. کە ئەم وەزعەم دیت، فیشەکەکانم هەڵگرتنو دەمهەویست خۆم بۆیان ببەم. سەیفۆڵڵا خـەیری کـە دوو بـرای قارەمانیـشی "شـەهید ئیـسمائیلو شـەهید فـەتحوڵڵا" لـەڕیزی پێشمەرگایەتیی حیزبدا شەهید ببوون، غیرەتی قبووڵی نەکردو وتی کاك تەیموور من بۆیـان دەبەم. وتم نا سەیفوڵڵا تۆ نابێ، وتی تۆش نابـێ. بـەکورتی سـەیفۆڵڵا فیـشەکەکانی بـردنو

گەیاندنیە شاروخ‌و خۆیشی تا لای ئێوارە کە کۆبووینەوەو دەرباز بووین، بەلایانەوە مایەوە. سەیفوڵڵا پاش شەڕەکە بۆی دەگێڕامەوە کە غەیاس چووەتە ناو قرۆڵی دارێك‌و کڵاوی لەسەر بووە، سەیفوڵڵا سەرەتا پێی وادەبێ کە پاسدارەو چەکی لێ راکێشابوو، بەڵام غەیاس وتوویەتی سەیفوڵڵا منم غەیاس. سەیفوڵڵا پرسیویە ئەوە لێرە چ دەکەی؟ وتبووی مەگەر کاك تەیموور هەڕەشەی لێ نەکردم، منیش هاتوومە ئێرە.

بەرەبەرە بە ئێوارە نزیك دەبووینەوە، سەعات 8:30 شاروخ لێی پرسیم کاك تەیموور وەزعت چۆنە؟ وتم باشە، بە رەمز پێم وت ئەگەر تاریك داهات وەرە خوارێ‌و بەرەبەرە عەباس ئەکرەمی‌و جەعفەر کۆمەڵە‌و کاك سەید کامیل‌و شێخ جەوادم بانگ کردن‌و کۆبووینەوە. شێخ جەواد کە شارەزاتر لە هەمووامان بوو ـ لەبەر ئەوە مڵکی خۆیان بوو ـ وتی بەیانی تا ئێستا دووربین دەکێشم، جگە یەك رێگا نەبێ، ئەویش لاڕێیە، هیچ رێگایەکی دیکە شك نابەم، بۆیە دەبێ تەنیا بەو رێگایەدا بڕۆین. قسەکەمان قبووڵ کرد. تاریك داهات، تەقە کەم بۆوە، بەڵام هێزەکە هەر مابۆوە، ئێمەش هەر لە گەمارۆدا بووین، شاروخ هاتە خوارێ. لەم شەڕەدا سەرجەم 7 شەهیدمان دا کە بریتی بوون لە: 1ـ محەممەد مورادی سەرپەلی هەوشار، 2ـ محەممەدکەریم فەیزی، 3ـ شەریف سەفایی، 4ـ مستەفا ئەسەدی، 5ـ محەممەد نەعیمی، 6ـ کامیل زارعی، (ئەم شەش پێشمەرگەیە، پێشمەرگەی هێزی هەوشار بوون) 7ـ فەرشاد بابایی، خەڵکی سنەو پێشمەرگەی هێزی دیواندەرە. زیاتر لە 10 پێشمەرگەش بریندار بوون. لە 5 هێستر کە هەمانبوو، 3 هێستریان تۆپی بوون‌و 2 هێسترەکەی دیکەش بریندار بوون. سەعات 9:30 بەو رێگایەدا کە شێخ جەواد دەستنیشانی کردبوو، رۆیشتین‌و خۆمان لە گەمارۆ رزگار کرد، بەڵام نەماندەتوانی جگە لە فیشەك، هیچ کەرەسەیەکی دیکە لەگەڵ خۆمان هەڵبگرین. پەتووەکانمان بەجێ مابوو، سبەی بەیانی‌یەکەی کە لە نزیك باشماخ بووین سەیرمان کرد هێزەکەی رێژیم هێشتا بە سەرمانەوەن، بۆیە خۆمان حەشار دا، هێزەکە سەعات 9 هێرشی کردبووە باخەکەو وەسایلەکەی ئێمەیان لەگەڵ خۆیان بردبوو، خەڵکی تەخت داوای پەتووەکانیان لێکردبوون، وتبوویان دوێنێ شەو بە زۆری لێرە بردوویانەو

پەتووەکانیان لە پاسدارەکان وەرگرتبۆوە. دو رۆژ دواتر کە چووینەوە تەخت، پەتووەکانیان پێ دراینەوە، لەملاشەوە بریندارەکانمان ناردنە گوندی "باشماخ"و ناردمان لە سەقزەوە دوکتور بۆ دەرمانکردنیان هاتە باشماخ، سێ رۆژ حەسەن سەلبیو بریندارێکی دیکە کە وەزعیان باش نەبوو، لەگەڵ کادرێك دەرمانیی خۆمانو دوو پێشمەرگە لە باشماخ مابوونەوە تا هێندێك دۆخیان بەرەو باشی رۆیشت، پاشان هاتنەوەو لەگەڵ تیمەکە یەکیان گرتەوەو بەرەو دەفتەری سیاسی بەرێمان کردن.

شتی بەرچاوی هێزی هەوشار ئەوە بوو کە ئەوکات کە شەڕێکی گەورەیان تووش دەبوو، تەنانەت ئەگەر 10 شەهیدیشیان دابایە، پاش کۆتایی شەڕەکە هەڵپەڕکێیەکیان دەگرت. رۆژی سێهەمی شەڕەکە چوینە ئەولای باشماخەوە، لە باشماخ حەیوانمان کڕیو قازانی گەورەمان هێناو گۆشتەکەیان سوور کردەوەو دەستمان کرد بە خواردن. پاش دوو رۆژ نان نەخواردن، تێرمان خوارد. پێشمەرگەکانی هێزی هەوشار کە 6 شەهیدیان دابوو، بە شەهید فەرشادەوە دەبوون بە 7 شەهید، هەروەك شەهیدیان نەدابێ، دەستیان کردە هەڵپەڕکێ. سەربەندی هەموو بەندەکانیشیان بژی دوکتور قاسملوو وەزیری ناوخۆو خاریجە بوو. سەرم لە ورەیان سووڕ مابوو، پێم دیمەنێکی سەیر بوو. هەر لەو ناوە بووین، کابرایەکی خەڵکی ئیرانشا هاتە لای سەید کامیلو بەگریانەوە دەستی لە ملی سەید کامیل کردو وتی ئافەرین، چاوی میللەتی کوردتان رۆشن کرد. ئەم رەستەیەی چەند جارە دەکردەوەو سەید کامیلیش پاش ئەوەی ئەو پیاوە هەستی خۆی دەردەبڕی، پێی وت کاك تەیموور لەو شەڕەدا رۆڵی زۆر باشی هەبوو، دەستی کردە ملی منیش. راستە ئەو رۆژە من بەڕێوەبەری ئەو شەڕەم دەکرد، بەڵام بەڕاستی قارەمانانی راستەقینەو رۆڵی ئەسڵی هی ئەم قارەمانە نەمرانەیە کە بەڕاستی سەربازی ونن. رۆڵی شەهیدان شاروخ موڕادی، عەباس ئەکرەمی، خەلیل قولدەرە، حسەین یوزباشکەندیو ئەو 7 شەهیدە کە لەم شەڕەدا شەهید بوونو زۆر لەو پێشمەرگە قارەمانانە کە پاش ئەو شەڕە شەهید بوون، وەك: عەبە سەلبی، حەسەن سەلبیو... .

دوای دوو رۆژ گەڕاینەوە بۆ "سەرتەخت"، ویستمان بزانین باخە جوانەکەی سەرتەخت چـی بەسەر هاتوە؟ بەڕاستی بەزەییم بەو دارانەدا دەهاتەوە، پەلوپۆی هەموویان وەریبوو، بەڕاستی دارەکانیش بریندارو شەهیدی زۆریان دابوو. بە زمانی بێزمانی دەیانگوت ئێمـەش هـاوڕێی ئێوە بووین. ئێستاش ناوی "سەرتەخت" بۆ من وەبیرهێنەرەوەی چیرۆکێکی شۆڕشگێڕییە. لە راپۆرتی ئێمە لەو شەڕە کە دامان بە دەفتەری سیاسی هـاتبوو کـە رێـژیم 180 کـوژراو بریندار بووە، بەڵام دەفتەر بە پێی هەواڵێك کە لە شاری سنەوە پێی گەیشتبوو، رایگەیاند رێژیم لەو شەڕەدا 530 کوژراو بریندار بووە. هەربۆیە تەفسیرە رادیۆییـەکانی ئـەودەمی "رادیۆ دەنگی کوردستان" کوژراو بریندارەکانی رێژیمیان 530 کەس راگەیاند.

پاش شەڕە گەورەکەی شلێر، منو چەند هاوڕێیەك کە بریتیبوون لـە: مـەمی تـەهامی، کاوس نیازمەند، دوو کەمئەندام عەلی چکۆلو کـوردەو شـەهید رەحمـەت دەسـتئـاموز ـ وابزانم یەك دوو پێشمەرگەی دیکەشمان لەگـەڵ بـوو ـ کـە سـەرجەم 8 کـەس بـووین، بـەرەو دەفتەری سیاسـی وەڕێکـەوتین. پـاش چـەند رۆژو گیروگرفتێکـی زۆر گەیـشتینە دەفتـەری سیاسی کە لە "گەورەدێ"و "گەڕەدێ"دا نیشتەجێ بـوون. پـاش ماوەیـەك حەسـانەوە، لـە چلەمینساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە گەورەدێ بەشـداریم کـرد. لـەم جێژنـەدا مـام جەلالو شێخ عیزەددین بەشدار بوونو شێرکۆ بێکەسـی شـاعێریش کـە لـەوێ بـوو، کۆپلـە شیعرێکی بەو بۆنەیەوە خوێندەوەو کتێبی "چل ساڵ خـەبات لـە پێنـاوی ئازادیـدا"شلـەم رۆژەدا کەوتە بەر دەستی خوێنەران کە نووسینی شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو بوو.

پاش بەشداریکردن لەم جێژنـەدا، بەرەبـەرە حیـزب بـە پێـشوازی کـۆنگرەی حەوتەمـەوە دەچوو، دەستی دایە گرتنی کۆنفرانسەکانو منیشیان ئاگادار کـردەوە کـە بـۆ بەشـداری لـە کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی دیواندەرە کە لە ناوچـەی سـەقز بـوون، دەبـێ بگەڕێمـەوە. منیش هاوڕێ لەگەڵ تیمەکە کە پێك هاتبوو لە: کاك مـستەفا هیجـریو کـاك سـەید رەزا، نوێنەرانی دەفتەری سیاسی، بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفرانسەکانی جنـووب کـاك باباعـەلی، کـاك هومایونو کۆمەڵێك پێشمەرگەی هێزی زرێبار کە بەرپرسەکەیان شـەهید "بـرایم ئەحمـەدی"

بوو، بەرەو جنـووب وەڕێ کـەوتین. لـە ناوچـەی بانـەش لکێـك لـە پێـشمەرگەکانی هێـزی شەهیدانی وێردیمان لەگەڵ کەوت کە عوسمان فەرماندە لکەکەیان بوو، پاش چـەند شـەوو رۆژ کە گەیشتینەوە سوورێنو بەرەو پشتی سوورێن کە باخـە گـوێزێکی لـێبوو، وەڕێ کـەوتینو لەوێ بوو کە رێژیم بە شوێنەکەمانی زانیو وەبەر گوللە خومپارەی داین. هەر بـەو رۆژە لـەو باخە دەرکەوتینو رۆیشتینە سەر شاخو بۆ رۆژی دواتر بەرەو گونـدەکانی سـەقز وەڕێکـەوتینو لەگەڵ هێزەکانی دیکەمان کە بە پیریمانەوە هاتبوون، یەکمان گرتەوە. یەکەم کەس کـە چـاوم پێی کەوت سەید جەمیل بوو، هـەواڵی پێـشمەرگەکانم لـێ پرسـی، وتـی هـەموویان بـڵاو بوونەتەوە، جەعفەر کۆمەڵە لەگەڵ هەموویان بەشـەڕ هـاتوەو ئـەو چـەند پێـشمەرگە نـەبێ کەسمان بـەلاوە نـەماوە. هـەر چـەند کەسـێکیان چـوونەتە گونـدێكو بڕیاریـان داوە تـا تـۆ نەگەڕیتەوە، نەینەوە لای هێزو ئەوانەش شارۆخ مورادیو شـارامو کۆمـەڵێ کـوڕی لێهـاتوی دیکە بوون، بۆیە بە زووترین کات ناردم بە دوایانداو هاتنەوە لامانو لەگەڵ هێزەکە کـەوتن. کۆنفرانسی کۆمیتە شارستانەکان یەك لە دوای یەك دەگیرا، تەنیات کۆمیتە شارستانێك کـە کۆنفرانسەکەی کەوتە دواوە، کۆمیتەی دیواندەرە بوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو کە چـەند کـادرو پێـــشمەرگەمان چـــووبوونە "هـــەوەتوو"و نەگەڕابوونـــەوە. دوای هـــەموو کۆنفرانـــسەکان پەیامێکمان بۆ لێدانو رێکەوتێکمان بۆ دیاری کردنو بڕیارمان دا تـا ئـەو رێکەوتـە ئەگـەر نەگەڕێنەوە، کۆنفرانسەکە دەگرین. ئـەو تیمـە لـە کـادرو پێـشمەرگەکان دو رۆژ دوای ئـەو ماوەیە دیاریمان کردبوو، نەگەڕانەوە بۆ لامان، بۆیە لە گوندی "میك" کۆنفرانسی کۆمیتـەی شارستانی دیواندەرە بە بەشداری نوێنەرانی دەفتەری سیاسیو ناوەندی ئاژوان بـەڕێوە چـووو لە ئاکامدا منو سەید جەمیلو شارام وەك ئەندامی کۆنگرە هەڵبژێراین.

لەماوەی هاتوچۆکردنو شوێنگۆڕینی هێزەکانی حیزب لە کاتی کۆنفرانسەکاندا، بۆ ئەوەی لەلایەن رێژیمو کۆمەڵەوە زەربەمان وێ نەکەوێ، شوێنە گۆڕکێمان دەکرد. جارێك لە میشیاو بەرەو بایر دەهاتین، من رێنوێنی ئەو حەرەکەتە بووم، لەو مەودایەدا کانیاوێك هەبوو، چـەند جار کە بەوێدا هاتوچۆم کردبوو ئاوم لـێخواردبوەوەو قەت هەستم بـەوە نـەکردبوو کـە ئـەو

شوێنە پایەگای ڕێژیمی لـێیە، بۆیە بە پێشمەرگەکانم وت لێرە کانیاوێ هەیـەو دەتـوانن ئـاو بخۆنەوە، لەبەر ئەوەی هێزەکە زۆر بوو، خەڵك کەوتە گاڵەگاڵو قسەکردن، لە پڕێکدا بە گوێی هەموومان کەوت کە نیگابانی پایەگەکە بانگی پاسبەخشی کـرد، ئەوکاتـە زانـیم پایـەگای ڕێژیمەو پاسبەخشەکەش هەڵسایەوەو ئێمەش ئەو ستوونە دوورو درێژە کـە شـوێنەکەشمان زۆر تەختایی بووو پێگەکەش لە بەرزاییەکی نزیك هەڵکەوتبوو، نەفەراتی پایەگاکـە چـراقوەیان تێگرتینو بەهەر حاڵ دەرباز بووین. جا نیگابانو پاسبەخشەکە پیاوەتیان کرد یا ترسان، هیچ تەقەیەکیان لـێنەکردین. ماوەیەك کە لە پایەگاکە دوور کەوتینەوە، هەموو هاوڕێیـان تـەنیا لە فکری دەربازبووندا بوون، پاش ماوەیەك دوورکەوتنەوە لەو شـوێنەو گەیـشتن بـە شـوێنی ئەمن، وتیان کاك مستەفا هیجری دەڵێ با کاروانەکە ڕابوەستێ، ڕاوەستاینو کـاك مـستەفا پرسیاری کرد کە کێ ئێمەی بەم ڕێگایەدا هێناوە؟ وەڵامم دایەوە مـن، وتـی جـا چـۆن بـەو شوێنەتدا هێناوین؟ منیش بۆم ڕوون کردەوە کە تا ئێـستا لێـرە بـە بـوونی ئـەم پایەگایـەم نەزانیبوو، باوەڕی بە ڕوونکردنەوەکەم کرد یـا نـە، وتـی جـارێکی دیکـە نابـێ تـووش ئـەو بێدێقەتییە بینەوە. منیش بە بەسەرچاو وتن کۆتاییم بە کێشەکە هێنا.

کاك مستەفا هیجریو کـاك سـەید ڕەزا پـاش کۆتاییهێنـان بـە کۆنفرانـسەکان، لەگـەڵ پێـشمەرگەکانی هێـزی زرێبـار بـەرەو دەفتـەری سیاسـی گەڕانـەوە. ئێمـەش بـە هـەموو هێزەکەمانەوە درێژەمان بە جەولەکردن دا، گوند بە گوند دەگـەڕاینو لەسـەر سیاسـەتەکانی حیزب بۆ خەڵك کۆبوونەوەمان دەگرت. ڕۆژی 64/8/30 چوینە گونـدی "سـەردەرە"، ئـەو شەوە هێزی شەریفزادەو هێزە هەوشـار نـۆرە کـەمینیان بـوو، هێـزی شـەریفزادەو هەوشـار چووبوونە کەمینەکەو بەیانی کە لە خەو هەستاین، ڕۆیشتین بۆ دەموچـاو شـۆردنو بەرەبـەرە کە هەوا زیاتر ڕووناك دەبوو. هێزەێکی ڕێژیم کە هـاتبووە شـوێن کـەمینی پێـشمەرگەکانو چاوی بەو خەڵکە دەکەوت دەستی بە تەقە دەکرد. کاك مەنسوور فەتاحی فەرماندەی گشتیی هێزەکانمان بوو، پێـشمەرگەکانی ڕێـك خـستو هێرشـیان کـردە سـەر هێزەکـەی ڕێـژیم لـە ماوەیەکی کورتدا تەپۆڵکەکەیان گرتو نامەیەکی بۆ کاك هومایوون ئەردەڵان ناردبووە نـاو

دێ، بەڵام کاك هومایون لە ناو دێدا نەمابوو، لەگەڵ کاك باباعەلی چـووبوونە دەرەوەی دێ، منیش نامەکەم خوێندەوە. کـاك مەنـسوور نووسـیبوی تەپۆڵکەکـەمان گرتۆتـەوەو چـواردە جەنازەشمان لەبەر دەست دایەو خۆشمان شەهیدێکمان داوە. منیش نامەکەم نارد بۆ لای کـاك هومایونو دڵنیا بووم جارێ شەڕ ناگاتە ناو دێ. شارامو توفیق دوو کادری دیواندەرە لەگـەڵم بوون، پێم وتن ئەم شەڕە درێژە دەکێشێو جارێ کۆتایی نایە، با بڕۆینە ماڵێكو نانی بـەیانی بخۆینو پاشان دەردەکەوین، ئەوانیش رازی بوون. پێکەوە چووینە ماڵێكو سوبحانەمان خواردو خەریکی چایی خواردن بووین، "عەلی باینچقۆلی" پێـشمەرگەی هێـزی شـەریفزادە ـ نـازانم چۆنی زانیبوو کە ئێمە لەو ماڵەین ـ هـاواری کـرد کـاك تـەیموور ماڵتـان ئـاوەدان، پاسـدار رژاونەتە ئاوایی، وەرنە دەرەوە. تا چەكو رەختمان لە خۆمان قایم کرد، پاسدارەکان هاتبوونە نزیکی ئەو ماڵەوە کە ئێمەی تێدا بووین. باخێك لـە خوارمانـەوە بـوو، بـەس بـوو خۆمـان بگەیەنینە باخەکە. بە شارامم وت، یەکـەمجار تـۆ تەقـە بکـەو بـڕۆ، منـیش بـەدوای تـۆدا تەوفێقیش بەدوای مندا، لە یـەك کـاتدا هەرسـێ دەرکـەوتینو پاسـدارەکانی رووبـەڕوومان تەقەیان لێمان کردو هەڵاتین، بەڵام لەسەر بانی ماڵـەکانی سـەرەوە تەقـەیان لـێکردین، تـا خۆمان گەیاندە باخەکە، لە ئاکامی دەستڕێژیی هێزی رێژیم، گوللەیەکم وێکـەوت، چـون تـا ئەو کاتە بریندار نەببووم، نەمدەزانی گوللەم وێکەوتووەو بریندار بووم. پاش دەربـازبوون لـەو گێژاوەدا بە شارامم وت لە کاتی تەقەکەدا بەردێکی بچووکم وەشانی کەوت، شارام تەماشای کردو وتی بریندار بووی، ئەو شوێنە جێگای راوەستان نەبوو، رۆیشتین لە دوورەوە چاومان بـە کاك باباعەلی کەوت کە لە ژێر تۆپبارانی رێژیمدا هێسترێکی بە باری تفەنگـەوە پێیـە، بـە شارامو توفیقم وت خۆمان بکەینە ناشارەزاو بـڕۆین، ئەگـەرنا ئـەو بـارە بـە ئێمـە نـاکرێ. گەیشتینە حاست کاك باباعەلیو بانگی کرد هاوڕێیان وەرنە یارمەتیم، ئێمەش گوێی خۆمان لـێکەڕ کرد. کە دیتی گوێی خۆمان لـێئاخنیوە، چەند گوتەیـەکی ئاراسـتە کـردین، بـەڵام گوێمان نەدایەو رۆیشتینو تۆپبارانی رێـژیمیش بـەردەوام بـوو، رێـژیم لـە هـەموو لایەکـەوە هێزێکی زۆری هێنابوو، ئێمەش بەرەو بەرزایی هەڵگەڕاین، لە نزیکی دوندی شاخەکە سـەیرم

كرد سەگو ریوییەك شانبەشانی یەك لە ترسی تەقەكەدا لەم سەری شاخەوە دەچنە ئەوسەرو لەو سەرەوە دێنە خوارێ. هەلاتنی ئەم سەگو ریوییە زۆر سەیرو سەرنجڕاكێش بوو، كە گەیشتینە سەر شاخ كاك مستەفا مێهرپەروەر كە كاری دەرمانیی دەكرد، لەوێ بوو، پێم وت كاك مستەفا بریندارم وەرە دەرمانم بكە، ئەویش وتی: تەپۆلكەی بەرانبەر سەیر كە جاش‌و پاسداری لێیە. لە خەیری دەرمانی برینەكەم گوزەرام‌و تەنیا بە دەستمالێك بەستم، هەرچەند هەر كەم‌كەم خوێنی لێدەهات، بەلام زۆرم گوێ نەدەدایە، ئەو شەڕە تا ئێوارە درێژەی كێشا. دوو پێشمەرگەمان شەهید بوون كە یەكیان "رەزا حسینی" پێشمەرگەی هێزی شەریفزادە بوو. تاریك كە داهات بەرەو "ماسیدەرەی كۆن" وەڕێكەوتین‌و رۆژی دوایی سەعات 10 لە ماسیدەرەی كۆن كاك مستەفا مێهرپەروەر برینەكەی دەرمان كردم. ئەم برینداریییەی من لە ناو پێشمەرگەكاندا نوكتەیەكی دروست كردبووو دەیانگوت كاك تەیموور "ئارپیچی"شی لێبدەن، هەر پێی وایە بەردێكی سووكە،و ئەمە زۆرتر شۆڕش باشماخی دەیگوتەوە كە كوڕێكی زۆر قارەمان‌و ئازاو جێگر هێزی عەزیز یووسفی بوو. شۆڕش لە سلێمانی بە دەستی تیرۆریستەكانی كۆماری ئیسلامی تیرۆر كرا.

پاش چوونمان بۆ ماسیدەر لە 2ی سەرماوەزی 64، دوو رۆژ لەوێ ماینەوەو بەرەبەرە لە كۆنگرەی حەوتەم نزیكتر دەبوینەوە، بۆیە بەرەو دەفتەری سیاسی رێگامان گرتە بەرو بە جەولە تا ناوچەی گەوركی سەقزو گوندەكانی "كەرەدیان"و "هەمزەقەرەنیان" هاتین، لەو ماوەیەدا كە هەوا ساردی كردبووو بەفرێكی زۆر لە كوێستانەكاندا باریبوو، لەو ماوەیەدا حەمەئەمین باشماخی كە فەرماندەری دەستەیەك لە پێشمەرگەكانی هێزی عەزیزی یووسفی بوو، بە برینداری لەگەڵمان بوو، پاش یەك دوو شەو مانەوە لە كەرەویان‌و هەمزە قەرەنیان، بە رێگای "قۆڵقۆڵە"وە دەمانهەویست بێینە "هەنجیرە"ی بانەو لەوێوە رێگاكەمان درێژە بدەین. بەیانی زوو لە هەمزەقەرەنیان وەڕێكەوتین‌و بۆ نیوەڕۆ لەنێو بەفرێكی زۆردا گەیشتینە گوندی قۆڵقۆڵە كە لەلایەن رێژیمەوە ماوەی مانگێك بوو لە خەڵكەكەی چۆڵ كرابوو. نزیك نیوەڕۆ كە گەیشتینە ئەم گوندە دەستمان دایە تۆشەكەمان بۆ خواردنی فراوین كە زۆربەمان

نانو پەنیرمان پێبوو. پاش نان خواردن بەرەو هەنجیرە وەڕێ کەوتین. کەس بەشی ئێوارە نـانی هەڵنەگرتبوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو گونـدی هەمزەقـەرەنیان زۆر چـکۆلە بـوو، ئـەو هـەموو خەڵکە لەوێ نانی خواردبوو، نانیان بۆ هەڵگرتن نـەمابوو. کوێـستانەکانی نێـوان قۆڵقۆڵـەو هەنجیرەی بانە تا کەمەر بەفری لـێباریبوو. لەم سەرەوە وا ڕۆیـشتین کـە بـۆ کاتـژمێر 12ی شەو پێشڕەوەکانمان گەیشتنە گونـدی هـەنجیرەو کەوتنـە کـەمینی کۆمەڵـەوەو نەفـەرێکمان بریندار بوو، کشانەوە دواوە. لەم کـاتو سـاتەدا پێـشمەرگەیەکی هێـزی دیوانـدەرە بـەناوی "حەمـە عێراقـی" کـەوتبووە لوورەلـورو خـەڵك پێـی وابـوو نەخۆشـە، منـیش دەمزانـی برسیەتی، پێشڕەوەکانمان گەڕانەوە لامان. هێنـدێك خورمـام پـێبوو کـردم بـە چـواربەش، بەشێك بۆ حەمە، یەك بۆ سەید جەمیلو یەك بۆ شارامو یەکیش بـۆ خـۆم. سـەید جـەمیلو شارامیش برسی بوون. بە ناچار ملی ڕێگای قۆڵقۆڵەمان بـۆ جـارێکی دیکـە گرتەبـەر، بـەو جیاوازییەوە کە ڕچەی ڕێگاکە شکابوو، بەفرەکەش بەسـتبوی. بـەکورتی بـە سـەگەمەرگی خۆمان گەیانـدەوە گونـدی چـۆڵی قۆڵقۆڵـە. بـەڵام هـەموو کـەس برسـی، مانـدووو چـەند کەسێکیشمان لاقیان سەرما بردبووی. هەر هێزو کۆمیتەیەك رووماں کردە ماڵێـك، بـەهۆی تازە چۆڵبوونی گوندەکە دارو تەپاڵەی زۆری تێدا دەست دەکەوت. لە سـایەی جگەرەکێـشان شقارتەمان زۆر بووو دەستمان بە ئاورکردنەوە لە ناو تەندوورەکاندا کـردو کـەمکـەم خۆمـان گەرم کردەوە. پێشمەرگەیەکمان بەناوی "ساڵح" کە لە شەڕی "سـەڵتەکەلتو" سـاڵی دوایـی شەهید بوو، لە ئێمە سەرحاڵتر بوو، گەڕابوو بـە ماڵـە چـۆڵەکانداو هێنـدێك قەنـدو چـایی دیتبۆوە، بۆی هێناین، وتمان بگەڕێ بزانە شتیتر نابینیتەوە؟ پاش گەڕانی دیکە هاتو وتـی: دوو کەنوو ئاردم دیوەتەوە، وتمان جـارێ قـسە مەکـە تـا بەشـی خۆمـان بێـنین، پاشـان بـە هاوڕێیانیتر دەڵێین. بەڕادەی دوو ڕۆژ ئاردمان بۆ خۆمان هێنـاو پاشـان بـە کـاك باباعـەلی مێهرپەروەر کە بەرپرسی هەمووومان بوو ڕاگەیاند کە ئارد هەیە،و هەموو پێشمەرگەکان لـەو ئاردەیان هێناو هەرکەسە بۆخۆی نـانو چـایی دەسـت کـەوت. هێنـدێك لـە پێـشمەرگەکان هەنگیان دیتبۆوەو هەنگەکەیان بڕیبوو، بەشی ژەمێـك هـەنگوینی زۆربـەی پێـشمەرگەکانی

لـێ وەدەست کەوتبوو. لەم کاتو ساتانەدا بوو کە کابرایەك بە 20 سەر حەیوانەوە گەیـشتە قۆڵقۆڵە، پرسیارمان لـێکرد ئەو حەیوانە چی لـێدەکەیو بۆ کوێی دەبەی؟ وتـی بـۆ فـرۆش دەیانبەمە بانە، وتمان بە ئێمەی نافرۆشی؟ وتی بۆ؟ هەرکەس لێم بکڕێ پێـی دەفرۆشـم. 10 سەر لەو حەیوانانەمان کڕی، دەستمان کرد بە گۆشـت برژانـدنو مانـدوویی‌و سـەرمای ڕۆژی پێشترمان لەبیر چۆوە. پاش ڕۆژێکی دیکە لەوێ مانەوە، بڕیارمـان دا لـە دوو تـیمدا بـەرەو "سەدبار"ی بانە وەڕێکەوین، دیواندەرەو کۆمیتەی سنە تیمی یەکـەم بـووین، بـەیانی ڕۆژی دواتر گەیشتینە سەدباری لای هاوڕێیانی کۆمیتەی شارستانی بانەو لەوێ ماینەوە بۆ ماوەی 24 کاتژمێر تا تیمی دووهەم گەیشتێ، حەساینەوە. تیمـی دووهـەم نزیکـەی کاتـژمێر 6ی بەیانی گەیشتنە گوندی سەدبار کە گوندێکی سەد ماڵی‌یە. ئێمە شەوێك حەسابووینەوە، لـە قۆڵقوڵە تا سـەدبار لـەو وەرزەدا 14 کاتـژمێر ڕێگـا بـوو، بـەڵام تیمەکـەی دیکـە هێـشتا کەوشەکانیشیان لەپێ دانەکەندبوو کە هێزی ڕێژیم هێرشی بۆ سـەدبار هێنـاو شـەڕ دەسـتی پێکرد. شەڕەکە زۆری نەکێشا، هێزەکەی ڕێژیم تێکشکاو پاشەکشەی کردو پاش ئـەم شـەڕە لەگەڵ هێزی ئاربابا تا سنووری عێراق هاتین، لەوێ ئێمە بەرەو شوێنی دەفتەری سیاسـی کـە لە "گەورەدێ" بوو وەڕێکەوتین‌و نزیکەی 20ی سەرماوەز گەیشتینە گەورەدێ کـە ناوەنـدی دەفتەری سیاسی بوو.

## کۆنگرەی حەوتەم

کـۆنگرەی حەوتـەم لـە ڕۆژی 26ی سـەرماوەز، ڕۆژی پێـشمەرگەی کوردسـتان، لـە "کانی‌مێو" کارەکانی خۆی دەست پێکرد، کۆمیتەی ناوەندی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر وەزعـی جیهـانی‌و بەتایبـەتی شـوێنەواری هاتنـە سـەرکاری گۆرباچـۆڤ لـە ڕەوتـی بـە دێموکراتیزاسیۆنی وڵاتانی شوورەوی‌و مەسەلە سیاسی‌یەکانی دیکەی هێنابووە بـەرباس کـە بەڕاستی ڕاپۆرتێکی زۆر بەهێز بووو پێشبینی‌یەکانی لە ساڵەکانی دوایی‌دا هاتنە دی. جگـە

لە هەڵسەنگاندنی وەزعی سیاسیی دنیـا، باسـی ڕێـژیمی قـەیراناوی ئێـرانو نێـوەرۆکی ئـەم ڕێژیمەی بەشێوەیەکی واقیع‌بینانە هێنابووە بەرباس.

لە پێوەندی لەگـەڵ ڕێکخـراوە سیاسـییەکان، باسـی هاتنــەدەری حیـزب لـە "شــوورای نیشتمانیی بەرگری" هاتە گۆڕێ کە کۆنگرە بە یەکدەنگ ئەم سیاسـەتەیان بـە سیاسـەتێکی دروستو ئوسووڵی هەڵسەنگاندو یەکێك لەو کەسانە لەسەر موجاهیـدین قـسەی کـرد کـاك فەتاح کاویان بوو کە لە قسەکانی‌دا رای‌گەیاند هەرکەس لەگـەڵ ڕێـژیم بـێ جارێـك جاشـەو هەرکەس لەگەڵ موجاهێدین، دووجار.

شەڕی حیزبو کۆمەڵەش یەکێك لە باسە گەرمەکانی کۆنگرە بوو. جگە لە تاهیر عـەلیار کە زۆر بە توندیو هەروەك ئەندامی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە بێت، دیفـاعی لـە هەڵوێـستەکانی کۆمەڵە دەکرد، کەسی دیکە نەبوو کە بە جیددی پێی وابێ ڕێگایـەك بـۆ ئاشـتی مـاوە کـە حیزب لەگەڵ کۆمەڵە تاوتوێی نەکردبێ، بەڵام کۆمەڵە هەر لەسەر قسە نارەواکانی خۆی بوو، بۆیە بە تێکڕای دەنگ جگە لە کاك تاهیر عەلیار کـە ئـەویش لەگـەڵ بنەماڵـەی عەبـدوڵڵا موهتەدیو عومەر ئیلخانی‌زادە ئامۆزابوونو خێڵەکی بـیری دەکـردەوە، سیاسـەتی حیزبیـان بەرامبەر بە کۆمەڵە دروست هەڵسەنگاند.

لەسەر ناوەندەکان (ئاژوان، سپی‌سەنگو ئاگری) خاڵە بەهێزو لاوازەکانیـان قـسەو باسـی زۆری لەسەر کراو بەگشتی وێڕای ڕێز بۆ زەحمـەتی ناوەنـدەکان، کارەکانیـان بـە سـەرکەوتوو نەزانراو بڕیار درا کۆمیتەی ناوەندی، شێوەیەکی گونجاوی دیکە بۆ سازماندەهی حیزب دیاری بکا کـە لەگـەڵ هەلومـەرجی تـازە بێتـەوەو دوای کـۆنگرە شـکڵی مەڵبەنـد پەسـند کـرا. کۆمیتەکانی جنووب، سنە، مەریوان، کرماشان لـە مەڵبەنـدی 1دا سـازمان دران‌و، سـەقز، دیوانـدەرەو هەوشـار لـە مەڵبەنـدی 2دا سـازمان دران‌و بڕیـار درا بەرەبـەرە ئـەو شـکڵە سازماندەهی‌یە بکرێتە گشتی‌و سەرانسەری کوردستان بگرێتەوە. لە جەرەیانی رەخنەگرتن لە ناوەندەکان، زۆر رەخنە لە ناوەندی سپی‌سەنگ کە "حوسەین مەدەنی" بەرپرسی بوو، گـیراو حوسەین مەدەنی لە باتی وەڵامدانەوە بە رەخنەکان، بابەتێکی نووسیبوو کە بە 20 دەقیقـە

خوێندیەوە، ئەویش باسێك بوو لەسەر گۆڕینی دروشمی "خودموختاری" بە سەربەخۆیی کە هەر لەوێ دوکتور قاسملوو وەڵامی دایەوە کە ئاوات و ئارەزوو شتێکەو واقیعبینی شتێکی دیکەو لە باسەکەیدا وتی: ئێمەش سەربەخۆییمان پێ خۆشە، بەڵام ئینسانی سیاسی دەبێ واقیعبین بێت و ئەو هۆیانە کە ناتوانین ئەو دروشمە هەڵگرین و بۆ خودموختاری دروشمێکی واقیعبینانەیە، دایە بەرباس کە کۆنگرە دیسان دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ی پەسند کردەوە.

عومەر شەریفزادە لە قسەکانیدا باسی عەمەلیاتی "کوڕەی میانە"ی کرد کە بە دەستووری شاپوور فیرووزی 28 کەس ئیعدام کراون. بەشدارانی کۆنگرە بڕوایان بەو رەخنەیەی عومەر نەبوو تا شاپوور فیرووزی بۆخۆی هەستایە سەرپێ و لە وەڵامدانەوەکەیدا وتی: کاك عومەر درۆ دەکا، 14 کەس بوون. دوکتور قاسملوو بەسەر سوورمانەوە پرسیاری کرد راستە؟ وتی بەڵێ. هەم دوکتور قاسملووو هەم بەشدارانی کۆنگرە زۆریان پێناخۆش بوو، ئەمە شوێنی لەسەر شاپوور داناو شاپوورێك کە لە حیزبدا بە ناحەق و ناڕەوا کردبوویان بە قارەمان و فیداکاری و ئازایەتیی قارەمانانێك وەك شەهید "سالار ئیبراهیمی"، شەهید "ئەحلە میسری"، شەهید "حیسام ئەسعەدی"، شەهید "حەمەکەریم نەدیمی"و سەرئەنجام زۆری دیکەش لە هەراو هوریای شاپوور فیرووزیدا شاردرابۆوەو باسێکیان نەبوو، ئەگەر ئەم ئەفشاگەرییەی عومەر نەبوایە، بێگومان شاپوور لە ریزی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیدا دەنگی دەهێنایەوە، کەچی بۆ جێگریش لە دەوری یەکەم و دووهەمدا دەنگی پێنەدرا تا فەتاح کاویان چووە پشت تریبوون و بە مەهابادییەکان کە ژمارەیان یەکجار زۆر بوو وتی ئەو مەهابادییە خوێنی 59 لاوی مەهابادیی لەبیر بچێ کە شاپوور فەرماندەی 59 عەمەلیات بەو بۆنەیەوە بوو کوڕی بابی خۆی نیە، هەرکەس هەرکەسی پێ دەگیرێ دەنگ بۆ شاپوور کۆ نەکاتەوە پیاو نیە، بۆیە لە دەوری سێهەمدا دەنگی هێنایەوە.

منیش لەم کۆنگرەیەدا کۆمەڵێك باس و خواسم لەسەر بارودۆخی تەشکیلاتی حیزب و چەند دەسەڵاتیبوونی ئورگانەکانی و دانی بایەخی تەشکیلاتی بە کادرو پێشمەرگەکان هێنایە

بەرباس‌و لەسەر دوو دەسەڵاتی ئورگانەکان باسی دوو مۆرم کرد کە کۆمیتەی شارستان‌و هێز هەیانە. وتم: پێویستە یەکیان هەڵبگیرێ، چونکە ئەم مۆرانە کاتی وا هەیە بۆ یەك مەسەلە بە دوو جۆری دژ بە یەك بەکار دەچن. "ئەحمەد نستانی" کە یەکێك لە بەشدارانی کۆنگرە بوو، لە منی پرسی کامیان لابەن؟ منیش کە بە تەما بووم خۆم بۆ جێگری کۆمیتەی ناوەندی کاندیدا بکەم، وتم فەرقی نیە هەر کامیان بێت، ئەحمەد نستانی دیسان وتی نا نا کامیان؟ منیش وتم روونە، دەبێ ئی هێز لابەن‌و پاش ئەم رستەیە ئەحمەد نستانی وتی جا دەنگ بخۆ! منیش وتم زۆر گرنگ نیە، راستی‌یەکەی ئەوە بوو کە بەهۆی شەڕی دوو لایەنەی کۆماری ئیسلامی‌و کۆمەڵە لەگەڵ حیزب، گرنگی‌یەکی زۆر دەدرا بە فەرماندەرانی نیزامی، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر فەرماندەی نیزامی لە کۆنگرەدا بەشدار بوون‌و لە هەڵبژێران یا هەڵنەبژێرانی کەسێك بۆ رێبەرایەتیی حیزب دەنگیان زۆر کاریگەر بوو. مەسەلەی دووهەم پایەبەندیی کادرو پێشمەرگە بوو کە بۆ پایەبەندی‌یەکەش کاك دوکتور قاسملوو وەلامی دامەوە کە ئەوە کاری دەوڵەتەو بە حیزب ناکرێ، کەچی ئێستا چەندین ساڵە ئەو پایەبەندی‌یە لەنێو حیزبدا بەڕێوەدەچێ.

لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌دا، دوو کەس کەوتنە دەورەی کۆتایی، کاك باباعەلی مێهرپەروەرو مامۆستا گۆران. من لەگەڵ هەردووکیان بەینم زۆر ناخۆش بوو، کاك باباعەلی زۆر دژی من کاری کردبوو، بەلام کە هاتە سەر هەڵبژاردن، بەراوردی کاك باباعەلی‌و مامۆستا گۆرانم کرد، دەمدیت کاك باباعەلی زۆری زەحمەت بۆ حیزب کێشاوەو مامۆستا گۆرانیش لە پاڵەوە دانیشتوە، خواردوویەو خەوتووە. بە نارەوام دەزانی، بۆیە جگە لەوە خۆم دەنگم بە کاك باباعەلی دا، هەر کەسیشم پێ‌دەگیرا داوام لێ‌دەکرد دەنگ بە کاك بابا عەلی بدا.

لە لایەکی دیکەوە تەماشام دەکرد خاڵی هەرە لاواز لەسەر کاك باباعەلی کە باس دەکرێ، گیرانی ناوەندی ئاژوان بەدەستی کۆمەڵەیە. ئەمە لە کاتێك‌دا بوو کە لە قۆناغی یەکەمی گیرانی ناوەندی ئاژواندا باباعەلی هەر لەوێش نەبووو ئەگەر بێین‌و تاوانی بێ‌مودیرییەتی لە

جنووب لە ناوەندی ئاژوان، لە نێوان نەبی قادریو باباعەلی دابەش بکەین، بە بڕوای من 70٪ی وەبەر نەبی دەکەویو 30٪ی وەبەر باباعەلی. بۆیە هەم پڕوپاگەندەکەو هەم هەڵسەنگاندنەکەم پێ دروست نەبوو. شەهیدی نەمر دوکتور قاسملووش پێی خۆش بوو کاک باباعەلی دەنگ بێنێتەوە. یەکێك لەو کەسانە کە لە کۆنگرە لەسەر رێبەرایەتیی حیزب قسەی کرد، خالید عەزیزی بوو کە لە قسەکانیدا ـ کە ماوەی 45 دەقیقەی کێشا ـ وتی مێشکی رێبەرایەتیی حیزب مێشکێکی رزیوەو لەو بوارەدا تا ئەو رادەیە رۆیشتە پێشێ کە رێبەرایەتیی حیزبی بە رێبەرایەتییەکی نالایقو دواکەوتوو لە قەڵەم دا. لەم پێوەندییەدا دوکتور قاسملوو وەڵامی خالید عەزیزیی دایەوەو وتی: "ئەو شتانەی 10 ساڵ پێش ئێستا ئێمە دەمانگوتنو هیچ کام لە رێکخراوە ئێرانییەکان تێی نەدەگەیشتن، ئەوە ئەمڕۆ هاتوونەتە دیو ئەوەش ئێستا دەبینین کە تۆ لێی تێناگەی، ئیشەڵڵا پاش 10 ساڵی دیکە لێی تێدەگەیو مێشکی رێبەرایەتیی حیزب مێشکێکی بەتوانایە نەك بۆ رێبەریی حیزب، بەڵکوو بۆ رێبەریی جووڵانەوەی ئێرانیش. ئێستا پاش 16 ساڵ کاك خالید عەزیزی دەبێ لەو قسانەی ئەو کاتیم هەڵسەنگێنێ. جالب ئەوەیە لە کتێبی "ژانو ژیان"ی دوکتور خەلیقیدا واهاتبوو کە گۆیا رێگا بە خالید عەزیزی نەدراوە کە قسە بکا. هیوادارم پاشماوەی نووسراوەکانی "ژانو ژیان"ی دوکتور خەلیقی وەك ئەم زانیاریە نەبێ کە داویەتە خوێنەرانی کتێبەکەی. چونکە ئەو زانیاریە لە بنەڕەتدا نادروستەو دروستەکەی ئەمەیە کە من نووسیومەو بەشدارانی کۆنگرەی حەوتەم کە زۆربەیان ئێستا ماون، شاهیدی ئەم راستییەن.

دوایین شتی کۆنگرەی حەوتەم کە باسی دەکەم. کۆنگرە لە شەوی یەڵدا ـ شەوی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو ـ کۆتایی پێهاتو بەو بۆنەیەوە دیارییەك کە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە ـ کە دەمانچەیەکی چواردەخۆر بوو ـ بە نیشانەی گرنگیدان بە خەباتی چەکداریی لەلایەن مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە پێشکەش بە کاك دوکتور قاسملوو کراو کۆنگرە بە گوتنی گۆرانیو لەنێو شادیی بەشدارانی کۆنگرەو کادرەکانی دەفتەر کە بۆ رێورەسمی کۆتایی کۆنگرە بانگ کرابوون، کۆتایی پێهات. پاش کۆتاییهاتنی کۆنگرە،

خەڵكەكە شوێنی كۆنگرەیان بەجێ هێشتو هەر ئەو شەوە سێلاوێكی زۆر هاتبووو شاخی پشتی سالۆنی كۆنگرە جوولابووو سالۆنی كۆنگرە بوو بە ژێر هەرەسی پشتی سالۆنەكەوەو بە تەواوی تێك رووخا.

دوابەدوای كۆنگرە سیمینارێكی تەشكیلاتی لە سالۆنی غەزاخۆری ـ لە گەورەدێ، ناوەندی دەفتەری سیاسی ـ پێك هات كە كادری زۆرێك لە ناوچەكانی تێدا بەشدار بوون. لە دیواندەرەوە من وەك بەرپرسی كۆمیتەی شارستان، سەید جەمیل ئەندامی كۆمیتە شارستانی دیواندەرە بەشدار بووین، لەسەر شێوەی كاری داهاتوومان قسەو باسمان كردو هەركەس ئەزموونی خۆی باس دەكرد. سەید جەمیل كە كەوتە قسەكردن، زۆر بەجوانی قسەی كرد، سەرنجی كاك دوكتور قاسملووی بۆلای خۆی راكێشاو دوكتور قاسملوو هەر لەوێ پرسیاری كرد ئەوە كادری كوێیە؟ كە زانی كادری دیواندەرەیە، زۆری پێی خۆش بوو. سەید جەمیل لەو كاتەدا لاوێكی 22 ساڵە بوو. سمینارە تەشكیلاتی‌یەكە پاش دوو رۆژ كۆتایی بە كارەكانی خۆی هێناو بڕیار درا كۆی نەزەرو بۆچوونەكان لە دەفتەری سیاسی باسی لێوە بكرێو كە بوو بە بڕیار بە كۆمیتەكانی حیزبی رابگەیەندرێ.

لە یەكەم پلینۆمی پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، قەوارەی مەڵبەند پەسند كراو لە دابەشكردنی كاردا كاك "حەكیم رەزایی" ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی، بە بەرپرسی مەڵبەندی 2و كاك "شاپوور فیرووزی" وەك فەرماندەی هێزی 2ی رێبەندان كە هێزی مەڵبەندی 2 بوو، دیاری كران. مەڵبەندی دوو لە كۆمیتە شارستانەكانی سەقز، هەوشارو دیواندەرە پێك هاتبووو ناوچەی تێكۆشانیشی دەبووە ئەم سێ ناوچەیە. دوكتور قاسملوو دژی ئەوە بوو كە شاپوور فیرووزی فەرماندەری هێز بێ، بەڵام لە ئاكامی پێداگرتنی كاك حەكیم رەزایی كە یەكەمجار بوو لە هەورامان وەدەردەكەوت، پێی وابوو دەبێ نەفەرێكی بەتوانای لەگەڵ بێ تا بتوانێ لە كارەكەیدا سەركەوتوو بێ. حەكیم نەیدەزانی كە ناوبانگی شاپوور هی خۆی نیە، بەڵكوو هی ئەو قارەمانە نەبەزانەیە كە زۆربەی هەرە زۆریان لە رەوتی بەربەرەكانێ لەگەڵ كۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون. وەك شەهیدان حیسام ئەسعەدی،

سالار ئیبراهیمی، ئەحلە میسری، محەممەد کەریم نەدیمیو هتد. بۆ تەکمیلکردنی ئەندامانی مەڵبەند کە بە پێی سیستمی مەڵبەند هەر شارستانێك پێویست بوو بەرپرسێکی بۆ دیاری بکرێ، کاك حەکیم داوای لە من کرد کە بەرپرسایەتیی کۆمیتەی سەقز لە مەڵبەندی 2دا وەئەستۆ بگرمو وتی من پێویستیم بە نەفەرێك هەیە هەم خەڵکەکە بناسێو هەم ناوچەکەو لێهاتووش بێ. بە قسەی ئەو، دەیگوت تۆ ئەو هەموو تایبەتمەندییانەت هەیە. منیش پێم گوت، ئەگەر ئێستا بڵێم نایکەم، پێت وایە چونکە تۆ هاتووی بۆ ئێرە، من رەنگە پێم خۆش نەبێ، بۆیە بە دڵەوە ئامادەی هاوکاریکردنی جەنابتم. بەڵام هەر ئەو کاتیش تێبینیی خۆم لەسەر شاپوور پێگوت. وتم من لەگەڵ شاپوور زۆرم کار نەکردوە، بەڵام لە کاك سدیق بابایی کە خزمی کاك حەکیمو دۆستی هەردووکمان بوو، بیستوومە کاتێك ئەو بەرپرسی کۆمیتەی کرماشان بوو، دەیگوت، شاپوور لە فەرماندەییدا لێهاتوو نیەو تایبەتمەندی خراپیشی ئەوەیە دژی بەرپرسو کادرەکانە. حەکیم وتی با کاری لەگەڵ بکەین، ئەگەر وا دەرکەوت، چارەسەری زۆر سادەیە، چونکە من بە زۆر بە سەر دوکتور قاسملوودا سەپاندوومە، ئەگەر بێتو توانای فەرماندە هێزیی نەبێت، ئەوددم زۆر بە سادەیی داوای لابردنی دەکەینو لای دەبەین. بە کورتی قەولم پێ دا هەرچی لە دەستم بێت، لە هاوکاریکردنی کۆتایی ناکەمو پاشان بۆ ئەندامەکانی دیکە راوێژی لەگەڵ کردم. من سەید جەمیلو سەید ئەحمەدم ـ کە هەردووکیان حسەینی بوون ـ پێشنار کردو ئەویش هەر ئەم سێیەمانی بە دەفتەر پێشنیار کردبووو بەپێی بڕیاری دەفتەر لە مەڵبەند، من بوومە بەرپرسی سەقز، سەید جەمیل بەرپرسی هەوشارو سەید ئەحمەد بەرپرسی مالی، بەڵام کەسیان بۆ دیواندەرە دیاری نەکردبوو. شاروخ تاهیرنەسەب، کادری مەریوان بوو، لەوێ نەقڵی وەرگرتبووو دەیهەویست لە دەورووبەری دەفتەر وەمێنێ، بەڵام کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی لێی قەبووڵ نەدەکرد، کاریان گەیشتبووە جێگایەك کە کۆمیسیۆن شاروخیان لە کۆمیسیۆن وەدەرنابوو، منیش کە لەگەڵ شاروخ رەفیق بووم، پێم وت وەرە بۆ کۆمیتەی سەقز من ئەوپەڕی رێزت لێ دەگرم، ئەویش وتی ئەگەر کۆمیسیۆن قەبووڵ بکا من قسەیەکم نیە. لەگەڵ شاروخ چووینە کۆمیسیۆن کە

کاك مستەفا هیجری بەرپرسی بوو، کاك شـاهۆو سـەید رەزاو کـاك باباعـەلیو سـەرهەنگ قادری ئەندام بوون، داوام لـێکردن چاوپۆشی لە دەرکردنی شاروخ بکەنو بیدەن بە کۆمیتـەی سەقز، ئەوانیش قەبوولّیان کرد. (ئەلّبەت بۆ ئەم کارانە لەگەلّ شەهید حەکیم راوێژم کردبـوو) بەلاّم بەوپەڕی سەر سووڕمانەوە دوای 24 کاتژمێر لـە جیـاتی ئـەوەی حـوکمی شـاروخ بـۆ کۆمیتەی سـەقز بێـت، دیتمـان حـوکمی ئەندامـەتیی مەلّبەنـدو بەرپرسـایەتیی کۆمیتـەی شارستانی دیواندەرەیان بۆ ناردە مەلّبەند. لەبەر ئەوەی شاروخ رەفیقم بوو، قـەت هۆیەکـەیم لە کەس نەپرسییەوە. بەم چەشنە مەلّبەنـدی 2، ئەندامـەکانی بوونـە 6 کـەسو بەرەبـەرە دەستمان بە رێکخستنی پێشمەرگەکان کردو تێکەلّمان کردن. بە پێی ئایینامـەی مەلّبەنـد، هەر لکێك لەژێر دەسەلاّتی کۆمیتەیەکدا بوو، هەر لەو کاتەشدا لـە بەرامبـەر فەرمانـدەری هێزدا وەلاّمدەر بوون. ئەم دوو (فاقیە) ماوەیەك وای کردبوو کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان لە مەلّبەنددا خۆی بە بەرپرسی لکێك دەزانیو فەرماندە هێزیش خۆی بە بەرپرسـی دەزانـی، کە ئەمە هێندێك گیروگرفتی پێك هێنابوو تا دوایی بە قـازانجی فەرمانـدەری هێـز کێـشەکە چارەسەر کرا. لە ئایینامەی مەلّبەنددا هاتبوو کە فەرماندە لکەکان پێویستە خوێندەوار بن. "نەجمەدین زۆرئەسنا" کرا بە فەرماندەی لکێك لە پێشمەرگەکانو "**محەممەدئـەمین باشمـاخی**" فەرماندەی لکەکەی دیکە. شاروخ مورادی کە فەرماندەیەکی زۆر بەوەج، بەلاّم بێسەواد بوو، تەنیا وەك سەرپەل دیارییان کردبوو. لەو ماوەیەدا شـاروخ لـە مەقـەڕ دەمانـچەیەکیان لـێ دزیبوو کە پاشان دەرکەوت پێشمەرگەیەکی خەلّکی کوردستانی عێـراق بـووە کـە ماوەیـەك لەناو پێشمەرگەکانی حیزبدا پێشمەرگایەتی دەکـرد. کۆمیـسیۆنی سیاسـی ـ نیزامـی کـە پێیان وابوو شاروخ بەرپرسیاری چەکەکەیەتی، داوای دەمانـچەکەیان دەکـردو رازی نـەدەبوون کە دزراوە. من چەند جارێك کە هێندێك لە جارەکان بەهۆی بوونی کـاك حـەکیم لـە بنکـەی مەلّبەند، چونکە مالّیان هێشتا لـە هـەورامان بـوو، دەگەڕایـەوە بـۆلای منداڵـەکانی، وەك جێگری مەلّبەندیش دەچوومە کۆمیسیۆن، بەلاّم سوودی نەبوو تا ئـاخر جـار بـە هاوڕێیـانی کۆمیسیۆنم وت، من بە تەواوی ئیمانم بە پاکیی شاروخ هەیەو ئەو بڕیـارەی کۆمیـسۆنم پـێ

زولْمە، ئەگەر ئێوە لەسەر بژاردنی ئەو چەکە فشار بۆ شاروخ بێنن. من بەش بە حالْی خۆم لە مەلْبەند دەکشێمەوەو ئامادە نیم لە مەلْبەندی 2دا هیچ بەرپرسایەتی‌یەك وەئەستۆ بگرمو ئەودەم مەیلی خۆتانە، چی لێدەکەن بیکەن. کۆمیسیۆن وتیان ئەگەر روون بۆوە شاروخ ئەو چەکەی فرۆشتوە، ئەودەم چی؟ وتم هەرچی پێدەکەن من کارم پێوەی نیەو بەم جۆرە قەبوولْیان کرد.

مەقەرەکانی مەلْبەندی 2 کە لە چەند شوێن بوون، هێنامانە "گەلالە" کە فێرگەی لێبوو. لەوێ ماینەوەو لەو ماوەیەدا کە لە فێرگە بووین، دەورەیەکی ئامووزشی بۆ تێکرای ئەندامانی مەلْبەندو کادرو پێشمەرگەکان دانرا تا کەم‌کەم خۆیان بۆ گەڕانەوەی ناوچە ئامادە بکەن. لە ماوەی ئامووزشی چەکەکاندا کاك "چەکۆ" نارنجۆکێکی چینیی دامێ کە شێوەی گۆشتکۆی هەبوو، هاویشتمو بە شۆخی وتم چین هەموو شتێکی سەیرە، هەر دەبێ نارنجۆکەکەشی سەیر بێ.

## مەلْبەندی دوو ( 2 )

پاش حەسانەوەیەکی باشی زستانی، کادرو پێشمەرگەکانی مەلْبەندی 2، ئامادەی گەڕانەوە بووین. بەهاری 65 گەڕاینەوە. هەلْسووڕانی ئەوسالەی مەلْبەندی 2، جگە لە یەك دوو تیمی تەشکیلاتی نەبێ کە بەرەو دیواندەرەو هەوشار رۆیشتن، باقیی کادرەکانو هێزەکە بە تەواوی تێکۆشانی لە ناوچەی سەقز بوو. شەڕی کۆمەلەو حیزب هەر وا بەردەوام بوو. لە سەرەتای گەڕانەوەماندا بڕیارمان دا گەڕۆك بینو هەر لەو کاتەشدا دیدەبانی‌یەکەمان لە حالەتی یەك کەسی دەربێنینو لانیکەم سێ کەس دیدەبانمان هەبێ، بۆ ئەوەی ئەگەر تووشی هێرشی لایەك بووین، بتوانن ئەوەندە بەرگری بکەن تا هێزی یارمەتیدەریان پێ دەگا.

## شەهیدكرانی 15 پێشمەرگەی هێزی قەندیل

لە مانگەكانی بەهاردا بوو كە نزیكەی 15 پێشمەرگەیەكی هێزی قەندیل بۆ یارمەتیی مەڵبەندی 2، نێردرانە لای مەڵبەندی 2. بەرپرسەكەیان كوڕێكی هەژار بەناوی "عەبدوڵڵا سابیر" بوو كە هیچكام لە پێشمەرگەكان بە قسەیان نەدەكرد. ئەم ژمارە پێشمەرگە نەك بارێكیان لەسەر مەڵبەندی 2 سووك نەكرد، بەڵكوو ببوونە هۆی گیروگرفتو بەردەوام پرتو بۆڵەیان دەهات. هێزی كۆمەڵەش بێجگە لە ناوچەی مەڵبەندی 2 نەبێ، لە هیچ شوێنێكی كوردستان نەمابوون، بۆیە ئەم ژمارە پێشمەرگە كە مەئموورییەتیان هاوكاریی مەڵبەندی 2 بوو، لەلایەك بەهۆی چەند پێشمەرگەیەكیانەوە بە تایبەت سلێمان ناوێك كە سەرپەلیش بوو، زۆر نەحەواوە، لەلایەكی دیكەش كاك شاپوور فیرووزی كە فەرماندەری هێز بوو، بەهۆی لەسەر بوونی تەمەنی، بە باشی نەیدەتوانی هێزەكە بەڕێوە بەرێو چەند جارێك داوام لە كاك حەكیم رەزایی بەرپرسی مەڵبەند كرد، كاك شاپوور توانای بەڕێوەبردنی هێزەكەی نیە، با داوا بكەین كەسێكی دیكە لە باتی ناوبراو ببێتە فەرماندە هێزی ئەم مەڵبەندە. بەڵام كاك حەكیم نەیدەویست دڵی كاك شاپوور برەنجێنێ بێدەنگیی لێكرد، یەكەم، لەبەر ئەوەی ئەندامی رێبەرایەتی بوو، دووهەم، لە ئێمە بە تەمەنتر بوو. پاش چەندجار باسكردن لەگەڵ كاك حەكیم، هیچ كارێكی لە پێناودا نەكرد. بە ناچار لە نامەیەكدا بە وردی دەفتەری سیاسیم لە وەزعی مەڵبەندی 2و توانای شاپوور لە فەرماندە هێزی ئاگادار كردەوە. لە نامەكەدا پێشبینیم كردبوو بەم وەزعەوە لە داهاتوودا تووشی زەربەی توند دەبین. رۆژەكان تێدەپەڕین، شاپوور هێندێ كار سەرەڕۆیانەو ناسیاسیانەی كردنو تیمەكەی هێزی قەندیلیش فشاریان بۆ مەڵبەند هێنابوو تا بگەڕێنەوە، بۆیە مەڵبەند رازی بوو تیمەكە بگەڕێنێتەوە. بۆ هێندێك كاری مەڵبەندی دووو ئاگاداركردنەوەی دەفتەر لە هەڵسوكەوتی ئەو تیمە، سەید ئەحمەدو چەند پێشمەرگەیەك لە مەڵبەندی دووو تیمەكەی هێزی قەندیل بەرەو ناوچەی بانەو دەفتەر وەڕێ كەوتن. پاش دو رۆژ جیابوونەوە ئەو تیمە پێشمەرگەیە بەهۆی كەمتەرخەمیی لە

رادەبەدەرو نـەبوونی نیگابـانی دروسـتو حیـسابی، کاتـژمێر 6ی سـەرلەبەیانی رێکـەوتی 65/4/5 لە پشتی گوندی "قولقولە" لە ناوچەی گەورکایەتیی سەقز دەکەوتە بـەر هێرشـی کۆمەڵەو بە داخـەوە لـە یەکـەمین دەسـترێژدا 6 پێـشمەرگەی حیـزب شـەهید دەبـنو 10 پێشمەرگەش بە بریندارى دەکەونە دەستی کۆمەڵە کە هـەر لـەوێ ئێعـدامیان دەکـەن. ئـەم هەواڵەمان دەستبەجێ بیست، زۆر بە داخ بووین، مەودای ئێمـەو شـەرەکەش وەك گـوتم دوو رۆژ رێگا بوو، بۆیە هیچ کارێکیشمان لەدەست نەدەهات.

## شەڕی نێوان "مەولاناواو ماسیەرە کۆن"

شەوی 65/5/10 تیمێك پێشمەرگەمان بۆ هێنانی تـەداروکات نـاردە ماسـیەری شـێخ. سـەرلکی ئـەو پێـشمەرگانە "کەریمـە زێـڕە" خـەڵکی بۆکـان بـوو. پێـشمەرگەکان بـەبێ تاقیکردنەوەی گوندەکە دەچنە گوندو لە پڕێکدا دەکەونە کەمینی کۆمەڵـەو دوو پێـشمەرگە شەهید دەبنو 2 پێشمەرگەش بە ناوەکانی جەمالو موزەفەر کەریمی بـە دیـل دەکەونـە بـەر دەستی کۆمەڵە. زێڕەش کە فەرماندەی لکێك لە پێشمەرگەکانی هێـزی 2ی رێبەنـدان بـوو، لاقی بریندار ببوو. گەڕانەوە بۆ پشتی ماسیەرەکۆن لە ناوچەی خورەخورەی سـەقز. کاتـژمێر نزیکەی 11ی شەو بوو کە گەیشتنەوە لامان، پاش پرسیارکردن لەسەر چۆنییەتی رووداوەکە، بۆچوونمان ئەوە بوو بـەهۆی ئـەوە کۆمەڵـە لایـەنگری لـە مـەولاناوا هەیـە، لەوانەیـە شـەو بگەڕێنەوە بۆ دەورووبەری مەولاناوا. بۆیە بڕیارمان دا لە بەرزترین شاخی ئەم ناوچەیە کەمین دانێینەوەو ئەگەر هاتنەوە لێیان بدەینو تۆڵەی خۆمانیان لـێ بکەینـەوەو هـەرواشمان کـرد. دوو کەمینمان نارد کە لە دوو تەپۆڵکەی سـەر سـەرەوە جـێگیر بـبن، یـەکیان بەرپرسـەکەی شەهید عەبە سەلبی بووو ئەوی دیکـە حەمەعـەلی لـەیلاخی. ئـەم هاورێیانـە بـە داخـەوە نەچووبوونە بەرزترین لوتکەو هەردوو تیمیش لە یەك تەپۆڵکە مابوونەوە. ئێمەش کۆمیتـەی سەقزو چەند پێشمەرگەیەك هاتینە شاخی پشتی ماسیەرەکۆن، بەڵام شاخی بەرزتری تێدابوو کە نەڕۆیشتینە ئەو شاخە. تا بەرەبەیانی هیچ باسێك نـەبوو، لـە کەمینەکـەی ئێمـە عـەلی

کەسنەزانیو شێخ **محەممەد** بەپەلە بوون کە بگەڕێنەوە بۆ لای حەکیمو شاپووروعەلی ژنەکەشی لە گەڵمان بووو لە خوارەوە خەوتبوو، گەڕایەوە بۆ لای، زۆر نەچوونە خوارەوە کە شەڕ لەوبەر دەستی پێ کرد. منو ئەحمەد شابازی بە دۆڵێکدا کە لە کۆمەڵەکانەوە دیار نەبوو، بەرەو شاخی زاڵ بەسەر خۆماندا وەڕێ کەوتین. حەمە عێراقیو پێشمەرگەیەکی دیکەش بە بەرچاوی کۆمەڵەکاندا بەرەو شاخ وەڕێ کەوتنو لە شاخی بەرانبەرەوە ئاگاداریان کردین کە کۆمەڵەش بەرەو سەر ئەو شاخە لە پێشڕەوی دایە، بۆیە هەنگاوەکانی خۆمان خێراتر کرد، ئەحمەد شابازی دە هەنگاو پێش لە من گەیشتە سەر شاخو هاواری کرد کۆمەڵەکان گەیشتنە لام، وتم لێیان دە، نەهێڵی بێنە پێشێ تا منیش دەگەمێ. ئەحمەد تەقەی لێکردنو بە هەڵاتن بەرەو دواوە گەڕابوونەوە، منیش گەیشتمە سەرشاخو لەوێ دوو کەس ماینەوە تا "خەلیلە سوور"ی رەحمەتیش کە سەرپەلی پەلی فەرماندەیی بوو، هاتە لامانو پێش لەوانیش هەردوو حەمە گەیشتنە لامانو حسەین یۆزباشکەندی کە ناوی نهێنیی "شاواغی" بوو هاواری بۆ شاپوور دەکرد کە شاپووریش ناوی "هەڵۆ" بووو دەیگوت هەڵۆ زەویمان لە تەرمی کۆمەڵە رەش کردوە. من حسەینم باش دەناسی، کوڕێکی ئازاو ئیحساساتی بوو، فەرماندە شاپووریش لە باتی ئەوە سەرکەوێو بێتە بەرزاییەکەو چاوی بە هەڵکەوتی شەڕەکە بکەوێ، هەر لە خوارەوە فەرمانی دەدا لێیان دەنو بیانکەن بە کونە مشکەکاندا. من لە کاتی ئەو فەرمانانەی کاك شاپووردا لە بەرزترین دوندی شاخەکە بوومو هەموو شوێنێکم بە دوربین دەدیت. هەڵکەوتی شوێنی پێشمەرگەکان وابوو کە ئەگەر ئەو تەپۆڵکەیان بەجێ هێشتبا، زەبریان وێ دەکەوت. بۆیە بە کاك شاپوورم وت: شوێنی خۆیان لە هەموو جێگایەك باشترە، با نەجووڵێنەوەو هەر لەوێ بن، بەڵام سوودی نەبووو کاك شاپوور وتی ئێوە بچنە پێش، منو چەند کەسێکی دیکە بەرەولاتان دێین. شاپوور بەرەو لایان وەڕێ کەوتو نزیکی پێشمەرگەکان کەوتەوە، کۆمەڵە لە چەند لاوە هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکانی ئێمەو لەبەر ئەوەی لە شوێنەکەی خۆیان کە زۆر باش بوو، نەمابوون، بە داخەوە زۆری پێ نەچوو 3 پێشمەرگەی زۆر قارەمان بە ناوەکانی عەبە سەلبی، سەرلكو حسەین

یوزباشکەندی، سەرپەل‌و عەباس بهێشتی شەهیدو حەمەعەلی لەیلاخی کە جێگر لك بوو، بە برینداری کەوتە دەستی کۆمەڵەو شەهیدیان کرد. شاپووریش لە بن دەستی کۆمەڵەکان گیری کردو شەهید حەکیمیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك بە هەردوو بیکەیسی‌یەکەی مەڵبەندی 2 تەقەیان دەکردو هەوڵیان دەدا شاپووریش یەواش بکشێتەوەو کۆمەڵەکان نەتوانن سەر دەربێنن تا شاپوور رزگار دەبێ. شەهید حەکیم بەردەوام لە پشتی بیسیم دەیگوت خەڵکی سەگبابیش پێی وایە شاپوور فەرماندەیەو ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کۆمەڵە خۆی پێ رادەنێت، ئەو هەموو فیشەکەمان خەسار نەدەکرد. بەکورتی پاش زەحمەتێکی زۆر لە ژێر ئاوربارانی دوو بیکەیسی‌دا شاپوور گەڕایەوە دواوە. نزیك نیوەڕۆ هێزێکی رێژیم بە ژمارەیەك ماشێن‌و تۆپ‌و تفەنگی کالیبرەوە هاتنە پشتی ماسیەرەکۆن‌و دەستیان بە تەقە لە سەنگەرەکانی ئێمە کرد. بەو دیودا دەرۆیشتین کۆمەڵەیی بوون، بەم دیویش‌دا پاسدارو جاش. پاش کاتژمێرێك تەقەکردن، هێزەکەی رێژیم گەڕایەوە. کاتژمێر 11 بەولاوە بەردەوام داوای نان‌و ئاوم لە کاك حەکیم دەکرد، دەیگوت باشە، بەڵام خەبەر لە نان‌و ئاو نەبوو. ئێوارەی پێشوو کاتژمێر 7 نان‌و ماستێکمان خواردبوو، لە تینوویەتی‌دا خەریك بوو قڕ دەبووین‌و لە برسیەتیش‌دا مەپرسە. وا دیار بوو پەلەکەش لە من وەزعیان باشتر نەبوو، پاشان لە شەهید خەلیلە سوورم پرسی باشە ئێوە تینووو برسی نەبوون؟ وتی ئێمە زۆر لە تۆ تینووترو برسی‌تر بووین، بەڵام کە چاومان لێ دەکرد تۆ لەوێی، وەك ئێمە تینووو برسی، هیچمان پێ نەدەگوتراو تەنانەت چەند پێشمەرگەیەك هاتنە لام‌و پێیان وتم بابە کاك خەلیل، دوای ئەوە مەڵبەند نان‌و ئاومان بۆ نانێرێ، بۆچی نەچینە خوارەوەو هەر نەبێ دەستە دەستە نان بخۆین‌و بگەڕێینەوە؟ خەلیل دەڵێ پێم وتن ئەوە نیە فلانەکەس لێرەیە، هەر عەیبە ئێمە باسی وا بکەین. بۆیە تا نزیکەی کاتژمێر 6ی ئێوارە هەر لەسەر شاخ ماینەوە. 24 کاتژمێر بوو یەك دڵۆپ ئاوو یەك پاروو نانم نەخواردبوو، بڕیارم دا چوومە خوارەوە یەکسەرە لەگەڵ مەڵبەند پاکانەحیساب بکەم‌و بگەڕێمەوە بۆ دەفتەری سیاسی، کە هاتمە خوارەوەو وەزعی پێشمەرگەکانم دیت، هەموو شتێکم لەبیر چۆوە. یەکێك چەناکەی گوللە بردبووی (عارف)،

یەكێك لووتی گوللە بردبووی‌و زیاتر لە 10 كەسیش بریندار بوون. بە دیتنی ئەو وەزعە تینوویەتی‌و برسی‌یەتیشم لەبیر چووەوە. لای تاریكان بەرەو ماسیەرە كۆن وەڕێكەوتین. خەڵكی ماسیەر كە ئەو وەزعەیان دیت زۆر نارەحەت بوون‌و وتیان هەموی نیشانەی كەمتەرخەمیی خۆتانەو لۆمەیان كردین. هەقیان بوو، پاش خواردنی نانی شەو، 10 وەڵاغیان بۆ بریندارەكان ئامادە كردو لە جادەی خوڕخوڕە پەڕینەوەو چوینە "قەرە بوغرە"، نان‌و چایی بەیانیمان لەوێ خواردو تا ڕادەیەك حەسواینەوەو تیمكێمان ساز كردو بریندارەكانمان بەرەو بنكەی دەفتەر كە لە "گەورەدێ"ی كوردستانی عێراق بوو، بەڕێكردن. روونە هێزێكی لاوازو بەو تەلەفاتەوەو بەو بارودۆخەوە دەبی ورەی چۆن بێ؟ بۆیە كادرەكانمان بانگهێشتن كردن‌و بڕیارمان دا جگە لە كاك حەكیم‌و كاك شاپوور كە ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب بوون، هەموومان نیگابانی بدەین. جێبەجێكردنی ئەم بڕیارە كەوتە ئەستۆی من. هەموو بەیانیان كاك شارۆخ تاهیرنەسەبم دەنووسی‌و ئێواران خۆم. شارۆخ رەخنەی لەو چەشنە نووسینە دەگرت‌و دەیگوت تەیموور هەمیشە من لە پۆستی یەكەمدا دەنووسێ‌و خۆشی لە پۆستی ئاخر كە بە زۆری ملی ڕێگامان دەگرت‌و شوێنمان دەگۆڕی. لە وەڵامدا دەمگوت بۆیە شارۆخ لە پۆستی یەكەمدا دەنووسم، چونكە ئەو لە هەموومان وشیارترەو بۆ خۆشم كە لیستەكە دەنووسم‌و سەرپەرەستیی نیگابانی‌یەكە دەكەم، دەبێ ئیختیارێكم هەبێ كە حەكیم تەئییدی دەكرد.

كەم‌كەم‌و بە جەولە هێزەكانمان گەیاندە ناوچەی بانە تا لەگەڵ هێزی ئاربابا یەك بگرینەوە، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر زەربە نەخۆین. هەڵبەت دوو تیمی تەشكیلاتیی هەوشار بە سەرپەرەستیی كاك سەید جەمیل‌و دیواندەرە شارۆخ‌و شارام‌و حەمەخان لە ناوچەی خۆیان بوون. بەكورتی نزیكەی رۆژی 65/5/20 لە "سەدبار"ی بانە لەگەڵ هێزی ئاربابا یەكمان گرتەوە. كاك عەلی‌ئەشرەف مەجیدیانیش وەك سەرپەرەستی هێزی 2ی ڕێبەندان ناردرابوو بۆ مەڵبەندی 2و شاپووریان بانگ كردبۆوە. پێشنیارم بە كاك حەكیم كرد كە ئێمە تیمێك بگەڕێنینەوە بۆ سەقز. كاك حەكیم دژی پێشنیارەكە بوو، دەیگوت تێدا دەچن، بەڵام من بە

پێداگرتن لەسەر پێشنیارەکەم رازیم کرد کە تیمێك بگەڕێینەوە، بەڵام خۆم تیمەکە هەڵبژێرم. تیمەکەم وا هەڵبژارد: لە سەقز مـام رەحمـان ئاخکەنـدی، محەممەدئـەمین حەوتاشـی، عوسمـان کەسنەزانی، لە دیواندەرە ئەحمەد شابازی، لە هەوشار ئەحمەد بەسیج. ئـەم تەرکیبەشـم بۆیـە هەڵبژاردبوو تا تیمەکە شارەزای هەموو ناوچەکانی لەگەڵ بێ، بۆئەوەی ئەگەر لـە ناوچـەیەك کەوتینە مەترسییەوە، بتوانین خۆمان بگەیەنینە ناوچـەیەکی دیکـە. رۆژی 65/5/20 لـە سەدبار وەڕێکەوتین، کە لە شاخی سەدبار سەرکەوتین‌و هاتین بەم دیودا، عوسمـان کەسـنەزانی هاواری لـێهەستاو وتی زکم دێشێ، منیش پێم وت تا هێز لـە سـەدبار دوور نەکەوتۆتـەوە، خۆت بگەیەنەوە پێیان. بەم چەشنە عوسمان گەڕایـەوە. پێـنج کەسـەی دیکـە درێـژەمان بـە رۆیشتن دا. لە گوندەکان "کانی بن‌و قارەمان" دوو شەو ماینەوە. رۆژی سێهەم لە باخێك لـە نێوان "مەرخۆز"و "مامەشا" کە دوو ئەندامی حیزبی کچی لـێبوون، ماینـەوە" کـچەکان زۆر کچی رووخۆش‌و دڵسۆز بوون. نزیکەی نیوەڕۆ بوو کە دوو کەس روویان لە باخەکـە کـرد، بە کچەکانمان وت مەڕۆنە پێشێ تا دێنە ناو باخەکەوە. کە گەیشتنە ناو باخەکـەوە دەنگمـان دان، پێشمەرگەیەکی تەسلیمی‌و برای شەهیدێکی گوندی "قشلاق"ی لای "هەیەجانان" بوون کە ببوو بە جاش، هەردووکمان راگرتن‌و ئێوارەکەی هاتینە "ئایچێ"و لەوێ لامان دا. نـانی شەومان لە دوو ماڵی نزیك یەكدا خواردو رووومان لە مزگـەوت کـرد. رێکـەوت وابـوو رۆژی جەژنی قوربان‌و 25ی گەلاوێژ کەوتبوونە یەك‌و ئەو شەوە لەو مزگەوتـەدا قـسەم بـۆ خـەڵك کردو پاش قـسەکان بـەرەو هەیـەجانان وەڕێ کـەوتین. نـەزەرمان بـوو ئـەو دوو کەسـە کـە گرتوومانن، ئیعدامیان بکەین، ئەو رۆژە بەو دوو بۆنەیەوە چاوپۆشیمان لـێکرد. بـەیانی لـە پشتی هەیەجانان لە ناو باخەکاندا دەستمان بە قەیسیخواردن کرد، چونکە رۆژی جـەژن بـوو کەسیش نەدەهاتە مەزراو لە شانسی ئێمە برادەرێك پەیدا بوو گەڕایەوە هەیەجانان‌و نـانێکی رێکوپێکی جێژنی بۆ هێناین. ئێوارە سەرکەوتینەوە سەر شاخ‌و بەر بووینەوە بە رووی گوندی "خرمتا"دا. چەند جارێك چوبووینە ئەم گوندەو خەڵك باشیان دەناسـین، کـە چـاویان پێمـان کەوت خەریك بوو شاخیان دەردەهێنا، وتیان ئەوە لێرە چ دەکـەن؟ وتمـان چـۆن چ دەکـەین؟!

وتیان ئێستا 5 دەقیقە نابێ نزیکەی 40 کەسی کۆمەڵە لێرە بوونو رۆیشتوون، وتمان ئاگادار بووین ـ کە واش نەبووو هەر ئاگامان لێ نەبوو ـ بڕیارمان دا ئەو شەوە ئەو دوو کەسە ئیعدام بکەین، لە "سەڵتەکەلتوو" کە پایەگای رێژیمیشی لێبوو، نانمان خواردو درێژەمان بە رێگاکە دا کە مەبەست چوون بۆ "فەیزوڵلا بەگی" بوو. کاتژمێر 12ی شەو لە "خوردەلووکی" تێدەپەڕین، کوڕێکی گەنجی خەڵکی ئەو گوندەم دیت، پرسیارم لێکرد کۆمەڵە هاتوچۆی ئێرە دەکەن؟ وتی بەڵێ، هەمیشە نزیکەی 200 ـ 300 کەسیان لەم گوندە دان. منیش وتم دیارە تۆ لایەنگری کۆمەڵەی، چونکە ئێستا هەموو کۆمەڵە 300 کەسیان نەماوەتەوە تا ئەوەندە کەسیان لێرە بێ. رۆیشتینو لەولای خوردەلووکی لە ناو باخێکدا ماینەوە. نیگابانمان داناو خەوتین. دەورووبەری سەعات 4ی بەیانی لە خەو هەستام، سەیرم کرد تەنیا پێشمەرگە تەسلیمییەکە بەئاگایە، وتم ئەوە بۆ ناخەوی؟ وتی هەروا. وتم ئەوە نیگابان کوا؟ وتی دوو کاتژمێریش دەبێ تەنیا من بەئاگام. زۆر قەڵس بووم، هەموویانم لە خەو هەستاندەوە، پێم وتن لەبەر ئەوەی نیگابانیتان نەداوە تا بەیانی نابێ بخەونو نەمهێشت بخەون. بەیانی کە هەڵساینەوە، زۆرم شوکری خودا کرد کە رێك نەکەوت ئەو دوو کەسە ئیعدام بکەین، چونکە ئەو کوڕە ئەگەر مەیلی خیانەتی هەبا، دەیتوانی هەر 5 کەسەکەمان بکوژێو پاداشێکی زۆر باش لە کۆماری ئیسلامی وەربگرێ. نزیکەی ئێوارە هەردووکیانم بانگ کردنو وێڕای رێنوێنیکردنیان، ئازادم کردنو پاش یەکتر ماچکردن لە یەك جیا بووینەوە.

رادیۆ کۆمەڵە ئەوەندە باسی خەباتی کرێکارانی کوورەپەزخانەی "ئایەنان"یان کردبوو کە زۆرم مەراق بوو هەر جۆرێك بێ سەرێکی ئەو کوورەپەزخانەیە بدەم. کاتێ گەیشتینە نزیك کوورەپەزخانەی ئایەنان بە هاوڕێیانم وت، پێتان چۆنە سەرێکی کوورەپەزخانەی ئایەنان بدەینو هێندێکیش لەسەر سیاسەتی حیزب قسەیان بۆ بکەین؟ زۆریان پێ باش بوو، نزیکەی کاتژمێر 10ی شەو گەیشتینە کوورەپەزخانەو کرێکارەکانی کوورەپەزخانەمان لێ کۆ بوونەوە. لەسەر سیاسەتی حیزبو وەزعی رێژیم قسەم بۆ کردن. لە قسەکانمدا باسی مافی

كرێكاران لە روانگەی حیزبی دێموكراتەوە بۆ كردن كە زۆریان پێشوازی لێكردو لە كاتی قسەو باسەكەدا دەیانگوت باشە ئێوە بۆ هاتوچۆمان ناكەن؟ كۆمەڵە بە یەك دوو لایەنگرەوە كە لێرە هەیەتی، یاسی كردوین ئەوەندە هاتوچۆمان دەكا. هەرچی هەواڵ لەسەر ئەم كوورەپەزخانەیە بلاو دەكاتەوە، درۆن. پاش نزیكەی 2 كاتژمێر مانەوە، ئەوێمان بەجێ هێشتو لە جادەی ئەسڵیی سەقز ـ دیواندەرە پەڕینەوەو بۆ كاتژمێر 4ی بەیانی گەیشتینە نزیك گوندی پارسایانو لە نێو قامێشەلانێكدا خۆمان حەشار دا. پێمان خۆش نەبوو تا نزیكەی نیوەڕۆ خۆمان ئاشكرا بكەین. زۆر نزیكی گوندەكە بووین، گوندەكەمان لەبەرچاو بوو. خۆر هەڵات، بەرەبەرە خەڵك مەڕو ماڵاتی دەركرد، مانگایەك بۆ خواردنی هێندێك گیا كە لەنێو ئەو قامێشەلانەدا بوو، هەر سەری دەكێشایە ناو قامێشەلانەكەوەو سڵی دەكرد. منداڵێكی بچووكیش كە بەدوای چەند سەر رەشە وڵاخەوە بوو، هێندێك دوورتر لەو شوێنەی ئێمە راوەستابوو، جارێكی هەڵاتەوە بۆ ناو دێ، پێمان وابوو پێی زانیوین، بەڵام زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە. ئێمە تا كاتژمێر 1ی دوانیوەڕۆ هەر لەنێو ئەو قامێشەلانەدا بووین. كاتژمێر 1، رۆیشتینە ناو گوند نانی نیوەڕۆمان خواردو نانو پێخوەریشمان هەڵگرت. ئەم گوندەوە سەر بە ناوچەی فەیزوڵلابەگی بوو، تەنیا شارەزامان لەم ناوچەیە ئەحمەد بەسیج، پێشمەرگەی هێزی هەوشار بوو كە بە تەواوی شارەزای ئەم ناوچەیە بوو. نزیكەی 10 رۆژ لە ناوچەی فەیزوڵلابەیگی ماینەوە، شەوانە دەچوینە گوندەكانی "چاخلو، یازی بلاغو قشلاخو كەریمئاواو..."، رۆژانەش دەهاتینەوە ناو قوپیەكانی لای "یاپشخان" لە گوندەكاندا كۆبوونەوەمان بۆ خەڵك دەگرتو یارمەتیمان كۆ دەكردەوەو شانەی حیزبیمان پێك دەهێنان.

رێكەوتی 65/6/9 لە باخێك لە لای چاخلو بووین، تا ئێوارە لە باخەكەدا بەبێ ترس هاتوچۆمان دەكردو لای ئێوارە كاتژمێر 30 :4 دەمانهەویست لە باخەكەوە دەركەوین بەرەو گوندێك وەڕێ بكەوین. لە پڕێكا دیتمان كاروانێك ماشین بەرەولامان هاتن، سەرەتا پێمان وابوو كاروانی بەكرێگیراوانی رێژیمە، بەڵام بە هێندێك وردبوونەوە بۆمان دەركەوت كە ماشینی خەڵكە. هاتینە پێشەوە، رامانگرتن، نەفەرێكی خەڵكی لای هەوەتوو كە ئەحمەد

شابازیی دەناسی وتی: ئەوە لێرە چ دەکەنو درێژەی دا: بەیانی تا ئێستا "چاخلوو" هێزێکی زۆری ڕێژیمی لێبوو، گیریان داوینو نیگابانەکانیان کە تا ئێستا لە سەرتان بوونو چەند چرکەیەك هاتنە خوارێو لەگەڵ ستوونەکە گەڕانەوە بۆ سەقز. پاش هێندێك قسەو باس ئەحمەد لەو کابرایەی پرسی خەبەراتی هەوەتوو؟ کابراش وتی: ئاگاداری شەڕی دوێنێی یوزباشکەندی بوون کە سەید جەمیل شەهید بووە؟ وتمان نا، چۆن بووە؟ بۆی گێڕاینەوە. بەڵام پێش لەوە بچمە سەر گێڕانەوەی ئەوە شەڕە قارەمانانەیە، پێم خۆشە سەید جەمیل بە خوێنەر بناسێنمو چەند بیرەوەرییەك لە زمانی سەید جەمیلەوە بگێڕمەوە.

سەید جەمیل حسەینی لە ساڵی 1341ی هەتاوی، لە شاری سنە لە دایك بووەو لە ساڵی 1362 کە من بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی دیواندەرە دیاری کرام، لەگەڵی ئاشنا بووم. سەید جەمیل لاوێك بوو کە حەزی لە خوێندنو فێربوون بووو بەردەوام بۆ فێربوونی زیاتر هەوڵی دەدا. پڕکارو ماندوونەناس، شۆڕشگێڕو خاکی، فیداکارو لە خۆ بردوو، نەترسو بە ورە بوو. ئەو تایبەتمەندییانە بە دەگمەن لە کەسێكدا کۆ دەبنەوە، بەڵام بەبێ زیادگوتن، تەواوی ئەو تایبەتمەندییانە لەو لاوە شۆڕشگێڕو بە هەستەدا هەبوون.

سەید جەمیل بۆی دەگێڕامەوە کە لە شەڕی "خاکی بەگ"دا کە 8 پێشمەرگە شەهید بوون، بریندار بووە. کاتێ پاسدارەکان گوندەکەیان گرتوەو فشاریان بۆ ئەو خاوەن ماڵە کە ژنێکی تورك بووە، هێناوە تا شوێنی پێشمەرگەکان کە سەید جەمیلو چەند پێشمەرگەیەك خۆیان تێیدا حەشار داوە، ئاشکرا بکا، بەڵام ژنەکە ئامادە نابێ. جاشێك لەسەر ڕۆچنەی ئەو کادینەوە ـ کە پێشمەرگەکان خۆیان حەشار داوە ـ ڕەگبارێك بە کادینەکەدا دەکاو بەو ڕەگبارە جارێکی دیکە سەید جەمیل بریندار دەبێ، بەڵام لەبەر ئەوە ئاشکرا نەبن، متەقی وەبەر نەهاتوەو بەرووی خۆیدا نەهێناوە تا لە ئاکامدا لەو شەڕە ڕزگاریان دەبێ. سەید جەمیل هەمیشە پێی وابوو دێر یا زوو شەهید دەبێ، بەڵام قەت ترسی لە مردن نەبوو. ئەو هاوڕێکانی خۆی بۆ موتالاکردن هان دەدا، بۆ ئەوەی بتوانن باشتر خزمەت بکەن. لە وتەبێژیدا زۆر بە توانا بوو. دەیگێڕایەوە کە ڕۆژێك لە گوندی "گولانە"ی ناوچەی سارالی

دیواندەرە، بۆ خەڵکی گوند قسەی کردوەو قسەکانی لەسەر مەزڵوومییەتی میللەتی کوردو مافو ئەرکی خەڵك دەبێ، کە بەهۆی ماندوویی خەڵکەکە هەموویان خەونوچکە دەیانباتەوە. ئەو دەیگوت: کاك شاپوور فیرووزیش کە لەو کۆبوونەوەیەدا بوو، هەستاوەو قسەی کردوە، وتوویە ئەمە داستانی وشترو هۆڵەمەڕەکەیە. بە بیستنی ئەم قسەیە هەموو ئەوانە کە خەونوچکە دەیانباتەوە، قیت دەبنەوە بزانن داستانی وشترو هۆڵەمەڕەکە چیە.

داستانی وشترەکە لەم چەشنە بووە: "رۆژێك وشترێك دەچێتە بەر هۆڵەمەڕێكو باران کە خەریکی بارین دەبێ، داوا لە مەڕەکان دەکات رێگای بکەنەوە. مەڕەکان دەڵێن ناتوانین، جێگامان نیە. وشترەکە دەڵێ من بێمە ژوورەوە جێگای ئێوە ناگرم. مەڕەکانیش دەڵێن تۆ بێیتە ژوورەوە پشتت گەرم دادێو دەخەوێو دەرمان دەکەی. وشترەکە قەول دەدا وانابێ. بەکورتی وشترەکە مەڕەکان رازی دەکا بڕواتە ژوورێ، کە دەڕواتە ژوورێ، پشتی گەرم دادێو هەروەك مەڕەکان پێشبینییان کردبوو، دەخەوێو مەڕەکان ناچار دەبن بەجێی بێڵن."

ئەوجار دەڵێ خەڵکینە! خومەینیش وەك وشترەکە وابوو، تا نەگەڕابۆوە بۆ ئێران، رۆژێك بۆ هەر نەفەرێك لە بنەماڵە چیو چیی وەبەر دەکەوت، کەچی ئێستا نەك بە قەرانیش بە خەڵك نادا، بەڵکوو بووەتە هۆی ئاوارەییو ماڵوێرانیو ئەزییەتو ئازار بۆ خەڵك. سەید جەمیل دەیگوت، پاش تەواوبوونی قسەکانی کاك شاپوور بەو قەناعەتە گەیشتم لە ناوو واژەی قەبە قەبە واز بێنمو بەو زمانە قسە بکەم کە ئەو خەڵکە لێی تێدەگاتو پاش ئەو رێکەوتەش بەڕاستی وابوو.

## شەهیدبوونی سەید جەمیل حسەینی

سەیدجەمیلو نەجمەدین زوراسناو مستەفا پیرانی کە تیمی تەشکیلاتیی هەوشار بوون، لە جەولەدا دوو لاوی دیکە کە خوازیاری پێوەستبوون بە ریزی پێشمەرگایەتی دەبن، لە ئێوارەی رۆژی 1365/6/6 دەچنە گوندی "یوزباشکەندی"و سەید جەمیل تیمەکە دەکاتە دوو بەش. مستەفاو نەجمەدین دەچنە ماڵێكو سەید جەمیلو دوو کوڕە تازە هاتوەکەش دەچنە

ماڵی کابرایەك کە برایەکی جاشی ڕێژیم بووەو بەدەستی پێشمەرگە کوژراوە. ڕۆژی 65/5/7 کۆمەڵێك جاشو پاسدار بەهۆی ڕاپۆرت دەبێ یان بە هەڵکەوت، دێنە گوندی یوزباشکەندیو لەگەڵ سەید جەمیل دەرگیر دەبن. تیمەکەی دیکە لە ماڵ وەدەر دەکەوێ، دەڕۆنە ناو کۆمەڵە دارێکی بەر ئاوایی، جاشو پاسدارەکان بە سەید جەمیل دەزانن و داوای تەسلیمبوونی لێدەکەن. تەقە لە نێوان سەیدجەمیل لەلایەكو پاسدارەکان لەلایەکی دیکەوە دەست پێ دەکا. دوو نەفەری تیمەکەی دیکە وەزعیان ئەوەندە خراپ دەبێ کە هەر ناتوانن سەر دەربێنن. بەکورتی سەیدجەمیل لە کاتژمێر 4ی ئێوارە تا 8ی بەیانیی ڕۆژی دواتر لەگەڵ ئەو جاشو پاسدارانەدا شەڕ دەکا، بە کوشتنی 9 جاشو پاسدارو بەدەستهێنانی دوو چەکیان ـ کە بەو چەکانەش تەقە دەکا ـ لە ماوەی شەڕەکەدا چەند جار خەڵکی شەخسی دەنێرنە لای سەید جەمیلو داوای لێدەکەن تەسلیم بێت، ئەمانی دەدەنێ. لە فەرهەنگی سەید جەمیلو هاوڕێکانیو وانەی پێشمەرگەکانی دێموکراتدا تەسلیمبوون مانای نیە، بۆیە تا دواین فیشەك شەڕ دەکاو پاش تەواوبوونی فیشەکەکانی هەموو ئەو بەڵگەو مەدارکەی کە پێی بووە، سووتاندوویەتیو دواین شت کە پێی بووە، نارنجۆکێکی دەستیو بۆ ئەوەی جەنازەکەشی بە مردوویی، پاسدار تەبلیغی پێوە نەکەنو تفەنگەکەشی نەکەوێتە دەستیان، نارنجۆکەکە دەخاتە ژێر خۆیو تفەنگەکەیو دەتەقێتەوەو بەم چەشنە کۆتایی بە ژیانی کوڕە شۆڕشگێڕێکی دێموکرات دێو دەڕواتە ڕیزی شەهیدانی هەرگیز نەمری گەلەکەمانەوە. یادی بەرێزو ڕێگاکەی پڕرێبوار بێ.

پاش بیستنی ئەم هەواڵە، چەند ڕۆژێکیتریش گەڕان بە ناوچەی فەیزوڵڵابەگیدا بەرەبەرە کەوتینە بیری گەڕانەوەو شەوێك لە گوندی "کەریمئاوا" کە شەو درەنگان بوو، لەبەر ئەوەی لە دەرکەدان دەبووە هۆی وەخەبەرهاتنەوەی خەڵکی دیکە، "عارف" پێشمەرگەیەکی سەربەخۆ هاتوو بۆ ناوچەی فەیزوڵڵابەگی لەگەڵمان کەوتبووو پێی وتین من لەم دێیە ئاشنایەکەم هەیە، با بچین لەوێ نان دەخۆینو بەشی بەیانییش نان هەڵدەگرینو دەڕۆین. ئێمەش بەبێ لە دەرکەدان عارفو ئەحمەد شابازیمان بە دیواری حەوشەی ماڵەکەدا ناردە

سەرو دەرکەی ماڵەکەیان بۆ کردینەوە. یەکسەر عارف رۆیشت لە دەرکەیەکی دا، کوڕێکی گەنج دەرکەکەی بۆ کردینەوە، ئێمەش کە چەکمان پێ بوو، رانەوەستاین دەرکەکەمان بە تەواوی لێبکاتەوە، خۆمان هاویشتە ژووری ماڵەکەوەو یەکسەر چرا کزەیەکیانمان هەڵداو بە سەرسووڕماوی‌یەوە دیتمان ژنو پیاو هەردووك رووتن، زۆر شەرم دایگرتمو وتم خۆتان داپۆشن، ئەوانیش بە خێرایی جلوبەرگیان لەبەر کردەوەو هاتن دانیشتن. زۆر دەترسان، کوڕەکەیان سەرباز بووو هەڵاتبوو، پێی وابوو ئێمە هێزی رێژێمینو هاتوین بیگرین. پاش ماوەیەکی کورت بێدەنگی، ئێمە لە شەرمی ئەوەی لە ناکاو خۆمان لە ژووری هاویشتوەو ئەوانیش نازانم لە ترسان یا لە شەرمان متەقیان وەبەر نەدەهات، تا من بێدەنگیم شکاندو وتم خوشكو برایان ئێمە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتین، ژنەکە عارفی دەناسی، بەڵام چون ژنەکە لە سەقز مێردێکی ببووو کەیفی بە مێردەکەی نەهاتبووو عارفیش ـ کە پێشمەرگەی تەسلیمی بوو ـ یارمەتیی کردبوو کە لەو مێردەی جیا بێتەوە، بۆیە ئەو ژنە هەر پێی وابوو عارف جاشە. عارف پێی وت: مەگەر نامناسی؟! من هەر ئەو کوڕەم کە لە دەستی مێردە پێشوەکەت رزگارم کردی. ژنەش دەیگوت راست دەکەی بەڵام!! عارفیش دەیپرسی بەڵامی چی؟ بەکورتی پاش ماوەیەك قسەکردن پێکەوەو نیشاندانی کارتی پێشمەرگایەتی، دڵنیا بوون کە ئێمە پێشمەرگەین. ئەمجار بە رووخۆشی‌یەوە نانو چاییان بۆ هێنانینو پاش خواردنی نانی شەو، داوامان کرد نانو پێخۆرمان بۆ بپێچنەوە بۆ بەیانی کە ئەویشیان بۆ ئامادە کردین. ئەو ژنو پیاوە هەردووکیان سیمایەکی ریکوپێكو جوانیان هەبوو، وا دیار بوو حاشاکردنی ژنەکەش زۆر بێجێ نەبوو، وەك دەڵێن، دەتگوت لە رۆژی ئەزەڵەوە بۆ یەك تاشراوان.

لە فەیزوڵڵابەگی پەڕینەوەو هاتینەوە بەرەو خوڕخوڕە، مانگەشەوێکی خۆش بوو. کاتێ لە خوڕخوڕەوە بەرەو فەیزوڵڵابەگی رۆیشتین، "دایە سلیمان" هێزی نیزامیی تێدا نەبوو، بۆیە بەبێ ترس بەرەو دایەسلیمان وەڕێ کەوتین. لە نزیکی دایەسلیمان کاتێ خۆمان دیتەوە کە تێکەڵی ستوونێکی جاشو پاسدار بووین، بەبێ ئەوە بە خۆمان بزانین، بەبێ قسەکردن

ماوەیەك لەگەڵیان بەڕێدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە نزیك باخێك‌و لە باخەکەدا خۆمان لێ لا دان‌و بەرەو دەورووبەری "خوردەلوکی" درێژەمان بە ڕێگا تا ڕۆیشتینە دۆڵێکی نزیکی گوندی خوردەلوکی‌و لامان دا. ڕۆژمان لێ بۆوە، زۆرمان برسی بوو، لەوێ نان‌و چاییمان خوارد‌و دار بادامی زۆری لێبوو، دەستمان بە بادام خواردن کرد. پاش ماوەیەك بە "مام ڕەحمان ئاخکەندی"م گوت: تۆ هەم جلەکانت هاوڕنگی جلوبەرگی خەڵکەو هەم ڕەشتی‌یەکەت‌و خۆشت تەمەنت لەسەرە، بۆ تفەنگەکەت دانانێی‌و بڕۆی هێندێ ترێمان بۆ بێنی؟ مام ڕەحمانیش وتی باشەو ڕۆیشت. دە دەقیقە دواتر دەنگی (یاد آن روز کە بودی زهرە یارم زهرە)م بەر گوێ کەوت، بەڵام زۆرم گوێ نەدایە. دە دەقیقە دوای دەنگەکە مام ڕەحمان گەڕایەوە لامان‌و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، لێم پرسی مام ڕەحمان بۆ ترێیەکەت نەهێنا؟ مام ڕەحمان بە قەڵسی وتی: ماڵت بڕووخێ، لە جیاتی ئەوە لێم بپرسن‌و بزانن بۆ ڕەنگم زەرد هەڵگەڕاوە، هەر لە فکری سکتان دان! منیش کە دیتم زۆر قەڵسەو چاوم لە قەیافەی کرد ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، وتم: دەی مام ڕەحمان گیان بۆ زەرد هەڵگەڕاوی؟ مام ڕەحمان وتی ئەو گۆرانی‌یە فارسی‌یەتان گوێ لێبوو؟ وتم بەڵێ، وتی ئەوە پاسدارێك بوو "ژێ سێ"یەکی لەسەر شان بووو بەرەو خوارێ دەچوو، لە بن دارە ڕەزێکدا خۆم حەشار دا تا لێم ڕەد بوو، نیوە عومر بووم. ئەوجار بە شۆخی وتم مام ڕەحمان ڕەخنەم لێتە. وتی ڕەخنەی چی هی ترێیەکە کە نەمهێناوە؟ وتم نا بۆ نەپەڕیتە کۆڵی ئەو پاسدارەو پشتی بشکێنی‌و چەکەکەی بێنی؟ وتی: باوا من وەکوو ئێوە پاڵەوان نیم‌و ئەوەم پێ ناکرێ. پاش ئەم ڕووداوە هەتا ئێوارە هەر لە شوێنی خۆمان ماینەوەو ئێوارە هێشتا خۆرئاوا نەببوو کەمینی سەر جادە کۆنە کرابۆوە، بە ژێر پردێکدا، چوینە گوندی "خوردەلووکی"و کۆمەڵێ لاوی دێ ڕاوەستابوون، سڵاومان لێ‌کردن‌و لێیان تێ‌پەڕین‌و بەرەو دووکانی گوند وەڕێ‌کەوتین، لاوەکانیش کەوتنە دوامان. کۆمەڵە لاوێکی دیکەش لەسەر بان بوون، هاتنە خوارێ‌و منیش کە خەریك بووم بڕۆمە ناو دووکانی گوندەکەوەو نووشابەیەك بخۆین، یەکێك دەنگی دا کاك تەیموور بێ‌زەحمەت کارمان پێتە، خۆم کرد بە ناشارەزا، دیسان وتیان لەگەڵ تۆمانە کاك تەیموور! وتم فەرموون.

سەرەتا پێم بڵێن من کە تا ئێستا نەهاتوومەتە ئەم گوندە، چۆنم دەناسن؟ وتیان: ناوونیشانی تۆ زۆر کەس دەیزانێو هەر بە ناوونیشانی تۆدا زانیومانە ئێوە حیزبین. ئەوجار پێم وتن چی دەڵێن فەرموون: وتیان زۆر جار کۆمەڵە دێتە ئێرەو لەسەر شەڕی حیزبو کۆمەڵە بە قازانجی خۆیان قسەمان بۆ دەکەنو ئێمە خەڵکی ئەم گوندەش 90٪مان لایەنگری حیزبین، پێمان خۆشە ئێوەش بێنو قسە بۆ خەڵك بکەن، سیاسەتی خۆتان باس بکەن. لەگەڵ ئەوەی کە 45 دەقیقە قسەم بۆ کردن، بەڵێنم پێدان جارێکی دیکە بێینەوەو لە مزگەوتی گوند بۆ هەموو گوندەکە قسە بکەین. دواتر جارێ ڕێگامان کەوتە خوردەلوکیو شەهید حەکیم لەو بارەوە قسەی بۆ هەموو خەڵکەکە کرد. بەڵام ئەو ڕۆژە لەبەر ئەوە من ماندوو بووم، نەمتوانی لە کۆبوونەوەکەشدا بەشداری بکەم.

دوای 45 دەقیقە قسەکردن بۆ لاوەکانو خواردنی ساردییەك، ئیجازەمان لەو لاوانە وەرگرت کە خوردەلوکی بەرەو شوێنی دیاریکراو بەجێ بهێڵین. وتیان: نابێ بڕۆن، دەبێ لێرە شام بخۆنو پاش شام خواردن دەتوانن بڕۆن. چوینە ماڵێك، سەرەڕای ئەوە حورمەتێکی زۆریان لێگرتین، زۆربەی لاوەکان هاتنە لامانو باسی سیاسیمان بۆ دەکردن. یەکێك لە لاوەکان وتی: ئەو شەوە کە کاتژمێر 12ی شەو لێرەوە تێپەڕیون، ئەو کوڕە کە پرسیارتان لێکردبوو، لایەنگری کۆمەڵەیە، ئێوە بە دروست لێی تێگەیشتوون. تا کاتژمێر 11ی شەو لەوێ ماینەوەو دوایی بەرەو شاخی پشتی "وەرێنانی" وەڕێکەوتینو ڕۆژی دواییش هەر لەم شاخە ماینەوە.

پاش 49 ڕۆژ جەولە بە ناوچەداو کۆبوونەوە لە 22 گوندی سەقزو پێکهێنانی چەند شانەو کۆکردنەوەی 750 هەزار تمەن، گەیشتینەوە لای "مێرگە نەقشینە" کە پایەگای ڕێژیمی لێبوو. شەوێك لە مێرگە نەقشینە نانو برێنجو قەندو چایییەکی زۆرمان هێناو کەڵەبابێكو گیسکێکمان کڕی، ڕۆژی یەکەم لە باخێکی لای مێرگە نەقشینە برێنجێکمان دروست کردو کەڵەبابەکەمان لەگەڵ خوارد. بۆ گیسکەکە وتمان لەبەر ئەوەی بە خەیاڵی ئاسوودە بیخۆین، بیبەینە شاخی نێوان "باوەسێن"و "مێرگەنەقشینە" کە ماڵی

ئاژەڵـدارێکی بـەناوی مـام کـەریمی لـێبوو. ڕۆژی دوایـی جگـە لـە گیـسکەکە، بارێـك خواردەمەنیمان پێ بوو، ئێوارە بڕیارمان دا بەیانی کەبابێکی لێبکەین. جارێ شەو جگـەرو سیەکەمان خوارد. بە پێی عادەت لە تەواوی ئەو جەولەیەدا لـە پۆسـتی بـەیانیان لـە خـەو هەڵیان دەستاندمو منـیش نیگابـانیم دەدا، ئـەو ڕۆژە بەیانیەکـەی مـنو ئەحمـەد بەسـیج نیگابان بووین، هەواکە کەم کەم ڕووناك دەبوو، دیتمان لەلای مێرگە نەقشینەوە نزیکەی 10 کەس سەرکەوتن. پێمان وابوو نەفەراتی ڕێژیمن. ئەحمەد بەسیج کـە کـوڕێکی قارەمـان بـوو، وتی با تەقەیان لـێ بکەین، منیش وتم بـا تەماشـای دەوروبـەری خۆمـان بکـەین، ئەگـەر کەسی دیکە نەبوو، تەقەیان لـێدەکەین. سەیرێکی شاخە ڕەشی لای سەرووی خۆمـان کـرد، دیتمان جمەی دێت، بۆیە تەقەکردنمان بە پێویست نەزانی. بەخێرایی هاتین چـوار پێـشمەرگەی دیکەمان لە خەو هەستاندو تـا هـەوا تاریـك بـوو، لـە بەرزاییەیـەوە چـۆن نـەدەدیترا بـۆی دەرچووینو پاش ماوەیەك ڕۆیشتن، لە شاخی بەرانبەر، شـاخە ڕەشـەوە کـە تاقیمـان کـردەوە کەسی تێدا نیە، چوینە سەرێو دوو سێ چادرێك لەوێ بوون، زۆر بە ناوچاو گرژییەوە نـانو چایی بەیانیان پێدان. دوایی تەماشای شاخەکانی بەرامبەرم کرد، دیتم لە پشتی سەدبارەوە کۆمەڵە نەفەرێك هەڵدەستنو دادەنیشتن. بەو بیسیمەی کـە پێمـان بـوو کۆنترۆڵمـان کـردنو تێگەیشتین پێشمەرگەی خۆمانن، پێمان وتن هێزێکی ڕێژیم هاتوە بـەرەو شـاخەکانی پـشتی باوەسینو مێرگەنەقشینە، ئاگایان لەم لایە نیە، وەرن با لێیان دەین، لـە وەڵامدا وتیـان ئـەوە پێشمەرگەی خۆمانن. ئەودەم پێوەندیمان بەو پێشمەرگانەوە گرت کە لە شوێنی گیـسکە سـەر بڕاوەکەی ئێمە بوون. پێمان وتن بیخۆن، وا دیـارە بـە نـسیبی ئێمـە نـەبوەو ئێمـەش پـاش ئادرەس وەرگرتن لە بیسیمی ناوەندی، زانیمان لەگەڵ کۆمیتەی بانەو مەڵبەنـدی 2 زۆرمـان مەودا نیە، بۆیە هاتینە خوارەوەو یەکمان گرتەوە.

پاش یەکگرتنەوەمان لەگەڵ مەڵبەندو ڕاپۆرتی کارو باسکردن لەسـەر بـارودۆخی ناوچـە، بڕیاری گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی مەڵبەندی دوومان دا. لە ماوەی ئەو 50 ڕۆژەدا کە ئێمـە لـە مەئمووریەت بووین، مەڵبەندی دوو لەگـەڵ کومیتـەی شارسـتانی بانـە لـە ناوچـەی بانـە

دەسووڕانەوە، بۆیە خوداحافیزیمان لە هاوڕێیانی کومیتەی بانە کردو گەڕاینــەوە بــۆ ناوچــەی خۆمانو کەوتینە جەولە. لە ماوەی جەولەکەدا، شەوێك کە لــە "خورمتــا" بــووین، شــارۆخ تاهیرنەسەب لای سەعاتی 11ی شەو هــاتبووە دەرەوەو لــە شــاخی بەرامبــەرماندا کــە زۆر تاریکیش بوو، چەند چەکداری چاو پێ کەوتبوونو رایگەیانــد کــە تەپۆڵکــەی رووبــەڕوومان چەکداری لــێیە. هاتینە دەرو بە دووربینی شەو هەرچی تەماشای شاخی بەرامبەرمان کــرد، کەسمان نەدیت. کاك عەلیئەشرەف مەجیدیان کە فەرماندەری هێز بوو، وتــی: کــورە حەتمــەن ولاخێ شتێك بووە. شاروخ وتی: نەمردینو کەری چەکداریشمان دیت. بــۆ دڵنیــابوون لــەوەی بزانین داخوا شاخەکە نەفەری لــێیە یا نە، چەند پێشمەرگەیەکمان ناردنــە شــاخی بەرامبــەر، چەند دەقیقەیەکی نەبرد تووشی دەرگیری بوون، بۆیە لە گوندەکە وەدەر کەوتینو بڕیارمــان دا شوێنەکەمان بگۆڕینو بڕۆین بۆلای "قەلاجوخە"و "دایەسلیمان". لە کاتی رۆیشتنماندا من بە کاك حەکیمم وت: لەسەر رێمان بێستانێکی کاڵەك هەیە، بــە پێــشمەرگەکان بڵــێ نەچــنە ناوی. کاك حەکیم لە کــاتی وەڕێکــەوتندا پێــی وتــن، بــەڵام کــە گەیــشتینە لای بێــستانە کاڵەکەکە، بە یــەکجار پێــشمەرگەکان بــڵاو بوونــەوە. کــاك حــەکیم وای زانــی پێــشەوەمان کەمینە. پرسیی کەمینە؟ وتم: کەمینی کاڵەکــە کــاك حــەکیم. وتــی باشــە کــە هــەموویان دەیهێنن، ئەی بۆ ئێمە نەهێنین؟ ئێمەش بەشی خۆمان هەڵگرت. رۆژی دوایی بــە کەسـێکدا 500 تمەنمان بۆ خاوەنی بێستانەکە نارد کە وەری نەگرتبوو، وتبووی بێستانەکە بــە قوربــانی ئەوان.

لە پشتی شاخەکانی قەلاجوخە تا کاتژمێر 3 راوەســتاین، دوای ســەعات 3 چــووینە نــاو قەلاجووخەو هێشتا خەریك بوو دابەش دەبووین کە چەند کەسـێك بــەدوای هێــسترێکەوە لــە شاخی رووبەڕوومان دەهاتنە خوارێ. کابرایەکی خەڵکی گوند، لە ئێمە نزیك کەوتــەوەو پێــی وتین گوندی ئێمە هێستری وای تێدا نیە. ئەم قسەیە لە فکری رۆ بــردینو کەوتینــە دووربــین کێــشان، دیتمــان 3 کەســی چــەکدار بــەرەو گونــد دێــن، زانیمــان کۆمەڵــەن، بۆیــە 7 ـ 8 پێشمەرگەیەکمان ناردە کەمینیان کە ئێستا ناوی سەید ئەحمەد حسەینی ئەندامی مەڵبەنــدو

سەیفۆڵڵا کە لە نێو پێشمەرگەکاندا بەهۆی ئەوەوە کە ریشی تۆپی هەبووو دەنگیشی بڕێك کز بوو، بە شێخ عیزەددین بەناوبانگ بوو لە بیرەو ئێمەش لەسەر بانەکان ئامادە ماینەوە. تیمەکەی کۆمەڵە دەگاتە لای تیمەکەی ئێمەو پێیان وادەبێ تیمی شەهید شاروخە لە هەوەتوو گەڕاونەتەوە، بۆیە دەنگیان دەدەن، پێش لە وەڵامدانەوە کۆمەڵەکان دێنە دەست، تەقە دەکەنو هەڵ دێن. دوو کەسیان بەرەوخوارو "رەحمان" بەرپرسی کومیتەی سەقزی کۆمەڵەش بەو شاخەدا کە لێی دابەزی بوون، هەڵگەڕایەوە. ئێمەش لەم بەرەوە بە بی.کەی. سیو قەناسە تەقەمان لێدەکرد، بەڵام هەر خۆی گەیاندە سەر شاخ، ئێمەش دوو تیممان نارد بە دوایانداو ئێوارە داهاتبوو، مانگەشەو بوو، ئەوجار بێسیمی کۆمەڵە کە لەو نزیکانە بوو، لە رەحمان دەپرسێ، چ بوو؟ وتی چوینە گوند کەوتینە کەمین. وتی باشە کەمینی کێ؟ وتی برادەران! مەبەستی لە برادەران، حیزب بوو. پرسیاریان لێکرد چۆ دەزانی برادەرانن. وتی: چەکی قورسیان پێ نیە. پرسیاریان لێ کرد، زۆرن یا کەمن؟ وتی: زۆرن بەڵام بێعورزەن. ئێمەش کە بێسیمەکەمان کۆنترۆڵ دەکرد من لە پشت بێسیم وتم ئەشهەدوو راست دەکا.

پاش نان خواردن چووینە "دەرەوەزان"، کچێکی سنەییمان بەناوی "مێهری" لەگەڵ بوو. لە خوارەوەی گوند ماڵێك هەبوو لایەنگری حیزب بوون، چوینە لایو لە وەزعی گوندەکەمان پرسی. وتی: چەند کۆمەڵەییەك کە بەرپرسەکەیان عیسا ناوێك بووە، لە فلانە ماڵ دان. ئێمەش بیرمان کردەوە چۆن بکەین کە بەبێ تەقە لە ماڵدا بیانگرین، بۆیە وامان بە باش زانی مێهریو چەند پێشمەرگەیەك بڕۆنە دەری ئەو ماڵەو بڵێن ئەوانیش کۆمەڵەن تا بیانگرین. ئەم تەرحەمان پیادە کردو بەشێکی دیکە لە پێشمەرگەکان لە دەوری ماڵەکە دامەزران. هەر کە تیمەکە چووە بەر ماڵەکەو لە دەرکەی دا، کابرای خاوەن ماڵ وتی کێیە؟ مێهری وەڵامی دایەوە کۆمەڵەین. کابراش بەبێ سێو دوو وتی کاك عیسا لێرەیە. بەڵام لە کاتی هاتنەخواری خاوەن ماڵەکەدا کۆمەڵەکان لە ماڵەکەوە تەماشای دەریان کردو زانیبوویان کۆمەڵە نینو حیزبین، بۆیە دەستیان بە تەقە کرد. ئێمەش وەڵاممان دانەوەو بەم

جۆرە پلانەکەمان سەری نەگرت. پێشمەرگەیەك دەیگوت با ماڵەکە بسووتێنین، یەك دەیگوت نارنجۆك بخەینە ماڵەکەوە. من لەگەڵ کاك حەکیم قسەم کردو وتم: باشتر وایە ئێرە بەجێ بێڵین. ئێمە ئەمڕۆ ئەم ماڵە ئاور تێبەردەین یا نارنجۆکی تێ بهاوین، سبەینێ ئەوانیش وا دەکەنو ئیتر کەس ناوێرێ پەنامان بداو ئەمەش بە زەرەرمانەو، پاشان ژنو منداڵی ئەو ماڵە تێدا دەچن، گوناحیان چیە؟ کاك حەکیمیش قەبووڵی کردو بۆیە دەرەوەزانیشمان بەجێ هێشتو چووینە دۆڵێکی سەرەوەی دەرەوەزان.

هەوا زۆر سارد بوو، لە شیوێکدا خەوتینو تیمێك پێشمەرگەمان نارده سەر شاخ. بەیانی زوو کاك حەکیم لە خەو هەستابوو، چاوی بە دوو چەکدار لەو شاخەدا کەوتبوو کە ئێمە لە بەریدا خەوتبووین. هەڵیساندینو چەند پێشمەرگەیەك بەناوی شەهید میرئاغا، شەهید حەبیبو شەهید حەیدەرم لە بیرە کە هەرسێکیان زۆر ئازاو قارەمانو خەڵکی هەوشار بوون، ئێمەش بەرەو سەر شاخەکە هەڵکشاین. بێسیمێکی کۆمەڵە کە لە شاخی رووبەڕوومان بوو، هاواری دەکرد: دەبێ هەموویان بکوژنو کەسیان دەرنەچێ. بەکورتی کۆمەڵەکان گەیشتبوونە سەر شاخو بەهۆی ساردیی هەوا، ئاگریان هەڵکردبوو. پێشمەرگەکانی ئێمەش تا بەردەم ئاگرەکە پێشڕەوییان کردو لەوێ بوو بە شەڕێکی دەستەو یەخە. ئەو ساڵە ئێمە لە نارنجۆکدا زۆر تەیار بووین. ئێمەش گەیشتینە لای سەرووتری شەڕەکەو پایەگای ڕێژیم لە "قاراوا" تەماشای شەڕەکەیان دەکرد. بەکورتی ئەو ڕۆژە 4 جەنازەی کۆمەڵە کەوتە دەستی ئێمەو پێشمەرگەکانی ئێمەش ساغو سلامەت بوون. جەولەکەمان تا "سێفو عەلیاوای" ناوچەی "تیلەکۆ" درێژە داو لە عەلیاوای زاڵ بەسەر گوندی سەرتەختدا بووین کە تیمی شەهید شاروخو شارام گەڕانەوە لامان. ئێمەش کەم کەم بەرەو ناوچەی سەقز دەگەڕاینەوەو خۆمان ساز دابوو بگەڕێینەوە بۆ لای دەفتەر. هەوا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ساردی دەکرد. من بە مەڵبەندم ڕاگەیاند ئامادەم لەگەڵ تیمێك کە خۆم هەڵیبژێرمو تیمەکە نزیکەی 15 ـ 20 کەس بێ، زستان لە ناوچەدا بمێنینەوە. مەڵبەند بەم پێشنیارەم رازی بوو. بەڵام کە پرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامیمان کردبوو، ئەوان دژی مانەوەی تیم نەبوون، وتبوویان بەڵام دەبێ تەیموور

بگەڕێتەوە، بۆیە زۆری لەسەر نەڕۆیشتمو تازە کەسی دیکەش داوای مانەوەی لە زستاندا نەکرد، بۆیە مانەوەی تیم لە زستاندا مەوزووعیەتی نەما.

## شەڕی "خورمتا"و شەهیدبوونی کاک حەکیم ڕەزایی

ڕۆژی 1365/8/8 گەیشتینە "خورمتا"و بۆ شەو کەمینێکمان نارده سار شاخەکەی پشتی دێ. نزیکی بەیانی شەهید "عەلی ڕەش" کە جێگرپەلو بەرپرسی ئەو کەمینە بوو، ئاگاداری کردین کە هێزێکی ڕێژیم خەریکی پێشڕەوی‌یە بەرەو سەنگەری پێشمەرگەکان. کاک عەلی ئەشرەف فەرماندەیەکی ئازاو گورجو گۆڵ بوو، هەرچی زووتر هێزەکەی ڕێکخستو هەرکەس بەرەو شوێنی مەئموورییەتی خۆی چوو. هێزەکە لە چوار بەرەدا بڵاو کرایەوە. بەرەی یەکەم، بەرەی "خورمتا عارەبە لەنگ" کە لێرەوە شەڕەکە کاتژمێر 6:30 دەستی پێ کردو کاتژمێر 9ی بەیانی لە گوندەکەدا درێژەی کێشا. لەم ماوەیەدا ئێمەش لە گوندا مابوینەوە تا کەمینی ئەم شەرگەیەمان تێك شکاو شەڕەکە گوێزرایەوە بۆ شەڕەگەی پشتی "وەرێنان"ی‌و شەرگەی بەرزایی‌یەکانی رووش زاڵ بەسەر شاخی سەقزدا. بەرەی چوارەم لە قەڵای بسام بوو. بەیانی لەگەڵ 7 پێشمەرگە لە پشتی وەرینانی‌و لەسەر "سەڵتەکەڵتوو" جێگیر بووین. ڕێژیم لەم بەرەیە، بە ژمارە، زیاتر لە 90 ماشین بە دۆشکەو تۆپو خۆمپارەوە هاتبووە مەیدان. کاتی هێرشی ڕێژم ئەم شاخە رەش هەڵگەڕابوو ئەوەندەیان هێز هێنابوو. من بە بێسیم بە عەلی‌ئەشرەفو کاک حەکیمم وت: هێزێکی زۆر لێرەوە خەریکی پێشڕەوی‌یە. ئێمەش کەمین، تکایە ئێرە تەقوەیەت بکەن. وتیان باشە. کەچی پاش نیو سەعات کاک حەکیمو سێ پێشمەرگەی لەگەڵ بوون، هاتن. دوابەدوای ئەوان کاک عەلی‌ئەشرەف بە دوو پێشمەرگەوە هاتنە ئەو شاخە. من پێم وتن: مەیدانی سەرەکیی شەڕ ئەمڕۆ لەم شاخەدا دەبێ. لە باتی ئەوەی کۆمەڵێك بەرپرس لێرە کۆ ببینەوە، باشتر وایە پێشمەرگەی بۆ بێنین. جەختی زۆرم کرد کاک حەکیم بڕواتە شاخێکی دیکە. دیارە لە هەموو شاخەکاندا شەڕ هەبوو. جەختی منو عەلی‌ئەشرەف سوودی نەبوو. کاک حەکیم تەڵاقی

خست کە لێرە ناچێ، بۆیە عەلیئەشرەف وتی کاک حەکیم لێرە بمێنێتەوە، من ناتوانم برۆمە جێگای دیکە. پاش ماوەیەك داوایان لە من کرد برۆمە تەپۆڵکەی "رووش" زاڵ بەسەر شاری سەقزدا. منیش کە پێم دروست نەبوو ئەو هەموو بەرپرسە لە یەك جێ کۆ ببینەوە، بەرەو شاخی رووش رۆیشتم کە هەم پادگانی شارو هەم شاری سەقزی لێوە دیار بوو. شەڕ سەعات بە سەعات گەرمتر دەبوو، دوو هێلیکۆپتێری رێژیم لە شەڕەکەدا بەشدار بوون کە یەکیان بەهۆی وێکەوتنی گوللەی پێشمەرگە ئیتر نەگەڕایەوە بۆ شەڕەکە. تا سەعات 4ی ئێوارە ئێمە هیچ شەهیدو بریندارێکمان نەبوو. سەعات 4و 5 نەجمەی زۆر ئەسنا خەڵکی پاوە، بە بێسیم بە منی گوت فەرماندەیی شەڕەکە بکە. منیش هیچ قسەیەکم نەکردو بیرم لێ دەکردەوە کە من بۆ دەبێ فەرماندەیی شەڕەکە بکەم؟ تا فەرماندە هێزو بەرپرسی مەڵبەند هەبن، ئەندامی مەڵبەند بۆ دەبێ فەرماندەیی شەڕەکە بکات. لە دڵی خۆمدا وتم حەتمەن هەردووك شەهید بوون. سەعات 4 خۆمپارە بارانێکی ئەو شوێنەی کاك حەکیمو عەلیئەشرەف کرابوو، تا ئەو کاتە 4 جار هێرشی دوژمن تێك شکێندرابوو. لە ئاکامی ئەو تۆپبارانەدا بەداخەوە کاك حەکیمو کاك سالح شەهید ببوونو عەلیئەشرەفو حەمە هەژارو سدیق قوجەیی بریندار ببوون. بۆیە تا ئێوارە سەعات 7/5 من فەرماندەیی شەڕەکەم کردو سەعات 7/5 کەم کەم هەوا تاریك دەبوو، بڕیاری پاشەکشەم داو هاتینە دۆڵەکە. کە کۆ بووینەوە، جگە لەو دوو شەهیدە، وەزعی عەلیئەشرەفو حەمە هەیەجانانیو سدیق قوجەیی زۆر خراپ بوو. لە شەرگەی ئێمەش مزەفەر والوەند کە پێشمەرگەیەکی فارس زمان بوو، بریندار ببوون. تا کۆ بووینەوەو وەڕێ کەوتین بەداخەوە حەمە هەیەجانانی کە جێگر پەل بووو سدیق قوجەیی کە کادر بوو، شەهید بوونو ئەو کاتە هێزی رێژیم گەیشتە سەر شاخەکەو دەستیان بە تەقە بەرەولای ئێمە کرد، بۆیە بە زوویی شوێنەکەمان بەجێ هێشتو بەرەو ناوچەی گەورك وەڕێکەوتین. پێش لەوە باسەکە درێژە بدەم، پێم خۆشە لەسەر شەهید حەکیم ناسیاویی خۆم باس بکەم.

شەهید حەکیم لە ساڵی 1334 لە بنەماڵەیەکی زۆر دەستکورت لە دایك بوو، تا ئاستی (فوق دیپلم) دەرسی خوێندو لە دەورانی خوێندندا پێکەوە هاوپۆل بووین‌و هەروەها زۆر رەفیق بووین. کورێکی تا بلێی شۆڕگێڕو رێکوپێك‌و بە بەهرە بوو. هاوینان کاری دەکردو زستانان دەرسی دەخوێند. لە ساڵی 58 کە دەورەی سەربازیی تەواو کردو گەڕایەوە پاوە، وەك مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی دامەزرا، یەك دوو مانگ حوقووقی وەرنەگرت‌و بە تەما بوو سەرجەم وەری بگرێ کە بە داخەوە شەڕی پاوە دەستی پێ کردو نەیتوانی وەریبگرێ. شەهید حەکیم کە پێوەندیی بە حیزبەوە گرت، بە هەموو توانایەوە کاری بۆ حیزب دەکردو لە کارەکانیدا سەرکەوتووو لێهاتوو بوو. شەهید حەکیم پاش ئەوەی وەك بەرپرسی مەڵبەندی 2 دیاری بکرێ، دوو منداڵی بە ناوەکانی سەنگەرو سمکۆ هەبوون، وەسیەتنامەیەکی لێ بەجێ ما کە لە رۆژنامەی "کوردستان" ژمارە (114)دا بڵاو کراوەتەوە. شەهیدبوونی حەکیم بۆ من لە هەموو کەس ناخۆشتر بوو، چونکە حەکیم هەم رەفیقی دەورانی منداڵی‌و هەم دەورانی پێشمەرگایەتیم بوو.

پاش شەهیدبوونی ئەم چوار شەهیدە، بەرەو گوندی "قەبەغلۆو" بووینەوە. لە نزیك گوندی قەبەغلوو برینی کاك عەلی‌ئەشرەفمان دەرمان کرد. شاروخ تاهیرنەسەب داوای کرد کۆبوونەوە بکەین، کۆبوونەوەمان کرد. شارۆخ دەیگوت: دەبێ ئەمشەو بگەینە پشتی "مێرگەنەقشینە". منیش وتم: کاکی برا! مەگەر بە هێلیکۆپتر ئەگەرنا بە پێ ناگەین. بەم قسەیەم زۆر قەڵس بوو. دەیگوت تۆ پێشمەرگە تەمبەڵ بار دێنی. تیمێك پێشمەرگەمان رۆژی شەڕەکە لە نزیك شار بوون‌و بڕیار وابوو ئەو شەوە لە شاری سەقز چالاکی‌یەك بەڕێوەبەرن. داوامان لێ‌کردن بگەڕێنەوە. پاش دەرمانکردنی عەلی‌ئەشرەف‌و گەڕانەوەی تیمی ناوشاری سەقز، بەرەو گوندی قەبەغلۆو وەڕێ‌کەوتین. بڕیارمان دا رۆژی دوایی لەو گوندە بمێنینەوە. باشم لە بیرە عەلی مەلکی کە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو سەرپەل‌و خەڵکی سەقز بوو، دەیگوت: بە شەرەفم تەیموور مستەفایی جاشە، هەمووومان بە کوشت دەدا، ئەو گوندە کوا جێگای مانەوەیە. هێزی رێژیم هێشتا شاخەکانیان چۆڵ نەکردبووو ئامادە بوون.

هێزی ئێمەش کە شەلو شەکەتو برسی بووو فیشەکمان زۆر کەم بوو، بەرگەی شەڕێکی دیکەمان نەدەگرت، بۆیە ئێمە چەند کەسێك هاتینە سەر ئەو بڕوایە مانەوەمان لەو گوندە گونجاوترین ڕێگایە. بەکورتی لەو گوندەدا دابەش بووین. چواردەوری گوندەکەشمان گرتو بریندارەکانیشمان لە نێوەڕاستی گوند دامەزراندو باقیی کادرو پێشمەرگەکان لە ماڵەکانی چواردەوری گونددا دامەزرێندران.

نزیك ڕۆژ بوونەوە، خاوەن ماڵەکەی ئێمە لێی پرسین ئەی ناڕۆنە دەرەوە؟ وتمان نا، لێرە دەبین. گوندی قەبەغلۆو پایەگایەك لە بەرزایییەکی ئەو دێیە بوو، جاشخانەی میرەدێی لێ نزیك بووو نزیکی جادەی سەقز ـ بانەش بوو. بۆیە کەمتر شکی تێ دەچوو کە پێشمەرگە ـ ئەویش پێشمەرگەیەك کە تووشی شەڕ بوون ـ لەوێ بمێننەوە. ئەو ڕۆژە ماینەوە، خاوەن ماڵەکەی ئێمە چەند جارێك چووە دەرەوەو هاتەوە، وتی: جاشێك قسەی کردوەو وتوویە: ئەوە مەڵبەندی دوویە، بەخودا ئەسپی عەرەبیشیان پێ ناگات، ئێستا لە ناوچەی خوڕخوڕەن، بۆیە پێی وابوو ڕێژیم هەر فکریشی بۆ ئەوێ ناچێ.

کەم کەم نزیکی ئێوارە بووینەوە، جەماعەت حەسابوونەوە. سەعات 9 کۆ بووینەوەو من رووم لە عەلی مەلکی کردو یەك دوو قسەیەکم پێ وت. وتم: جاش من بووم، ئەی بۆ تەسلیمم نەکردنەوە؟ هیچ قسەیەکی نەکردو سەری داخست. درێژەمان بە ڕێگاکەمان دا. لەسەر ڕێگاماندا چوینە "تەموغە". ڕۆژی 65/8/10 لە شاخێکی حەستەمی گەوڕك ماینەوەو بۆ ئێوارە هاتینە گوندی "کەریم ئاوا"، نانمان خواردو بەرەو مێرگەنەقشینە وەڕێکەوتین. لە مەودای نێوان ئەم ڕێگایەشدا، میهری بەجێ دەماو شاروخی تاهیرنەسەبیش دەیگوت با بەجێی بێڵین، هەمووماں بە کوشت دەدا. من دەمگوت نابێ، شاروخیش بەردەوام لەگەڵ مێهری بەشەڕ دەهات کە نایەیتە ڕێوە؟ ئەو شەوەش هەرچەند ڕۆیشتین، نزیك سەعات 6ی بەیانی بەحاڵ گەیشتینە "کانیبەن". یەك دوو جارێکی دیکەش بە تیم هاتبوومە کانیبەنو باسی دوو تیپ کچی "کانیبەن"م کردبوو. تیپێکی چاوڕەش ئەسمەرو باڵابەرز، تیپێکی چاوکاڵو قژ زەرد وەك ئورووپایی. شاروخیش دیسان لێرە قەڵس بوو، گوتی: ئەگەر

تۆ بە بۆنەی ئەم کچانەوە ئێمەت بەکوشت نەدا! منیش لە وەڵامدا پێم وت: کاکی بـرام، خـۆ هەرکەس نەمناسێ، تۆ دەمناسی، من قەت لـە ژیـنمدا بـەدوای ئـەم مەسـەلانەوە نـەبوومو بەڵێنیت پێ دەدەم لەمەوبەدواش نابم. بەڵام لێـرەوە تـا مێرگەنەقـشینە 4 سـەعاتی دیکـە رێگایەو دوو پایەگامان لەسەر رێیە، بە رۆژ ناکرێ لەبـەر ئـەو پایەگانـەدا بـڕۆین. شـاروخ مورادیو سەید ئەحمەد وتیان: بابە با شاروخ قسە بکا، دەڕۆینە کانیبەن. هەرواشمان کرد، لە کانیبـەن تـا سـەعات 4ی ئێـوارە حەسـاینەوە، سـەعات 4 جاشـەکانی حـاجی عومـەری "میرەدێ" بەو شاخانەوە بەدوای ئێمەدا دەگەڕان تا لەگەڵ کەمینی سەرشاخی ئێمـە دەرگـیر بوون کە پاش نیوسەعات شەڕ، پاشەکشەیان کردو هەڵاتن. تـا کاتـژمێر 12ی شـەو بـەرەو پشتی مێرگەنەقشین وەڕێکەوتین. من بۆ خۆم کاتێ لە پێش پایەگای"شێخ چۆپان" رەد بـووم کە هەوا بەرەبەرە رووناك دەبوو. بەکورتی سەعات 7ی بەیانی گەیشتینە ئەو شـوێنەی کـاك شاروخ تاهیرنەسەب دەیهەویست هەر یەکەم شەو بیگەینێ. لـەوێ بێـسیممان هـەڵکردو بـە رەمزەکەی کاك حـەکیم کـە رەمـزی کومیتـەی ناوەنـدی بـوو، هـەواڵی شـەهیدبوونی کـاك حەکیممان بە دەفتەر راگەیاند، بەڵام لە پەیامەکـەدا نـەمانگوتبـوو بەدەسـتی کـێ شـەهید کراوە. دەفتەر پرسیاری کردبوو بەدەستی کێ؟ وەڵاممان دایەوە بەدەستی کۆمـاری ئیـسلامی. پاش ئەم پەیامە بێسیمییەو نـانو چـایی خـواردن، بـەرەو ناوچـەی بانـە وەڕێکـەوتین. لـە کوێستانەکانی پـشتی "سـەیداواو جـەمیان"، شـەهید عەبـدوڵڵا شـەریفی لـە شـاخەکانی "مەنگۆڕایەتی"ی مەهاباد بە بێسیم لەگەڵ کاك سدیق بابایی کە ئەودەم بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەهاباد بوو، قسەی دەکرد، من دەنگـیم ناسـیەوەو پـاش ئەحواڵپرسـی، وتم: بـە بەرپرسەکەتان بڵێ حەکیم شەهید بووە. شەهید عەبدوڵڵا زۆری پێ ناخۆش بـووو هەواڵەکـەی بە کاك سدیق راگەیاند. کاك سدیق پرسیاری کرد چۆن؟ بەکورتی بۆم بـاس کـرد. پـاش ئـەم قسەو باسە گەیشتینە جێگایەك تەماشامان کرد کومیتەی شارستانی بۆکان هەر لەبەر ئـەوە دێر بگەڕێتەوەو بڵێن دێر گەڕاونەتەوە، لە ناو خاکدا نایلۆنیان هەڵدابووو بێکار لەو شـاخەدا مابوونەوە. کاك جەعفـەر حامێـدی، جلوبـەرگی بـارانیی لەبـەردا بـوو، ئـەویش هـات بـە

پیرمانەوەو سەرەخۆشی لـــێکردین‌و دوای ماوەیـەك خۆمـان لـەناو پێـشمەرگەکانی بانـەدا دیتەوە کە فەرماندە هێزەکەیان کاك سەید برایم هاشمی بوو. بە پیریی ئێمـەوە هـاتبوون، بـە بێسیم لەگەڵ یەك قسەمان کردو پاش ماوەیەك یەکمان گرتەوە. پـاش یەکگرتنـەوەو چـاك‌و چۆنی، لەگەڵ کومیتەی شارستانی بانە بـەرەو سـنوور دەگەڕاینـەوە، لـە دەفتـەری سیاسـی پەیامێکیان بۆ لێداین کە لەم ڕێکەوتە بە دواوە تەیموور مستەفایی وەك بەرپرسی مەڵبەنـدی 2 دیاری دەکرێ. تا ئەودەم چەند جارێك لەگەڵ هاوڕێیانی مەڵبەند کۆبوونـەوەمان دەگـرت، کاك شاروخ تاهیرنەسەب دەیگوت: لە نێوان من‌و تـۆدا جیـاوازی نیـە، هـەردووك ئەنـدامی مەڵبەندین، هەرچی من پێم دەگوت باشە، وازی نەدەهێنا! ناچار ڕۆژێك پێم گوت: جیـاوازی لەنێوان من‌و تۆدا زۆرە. من پێشتر بەرپرسـی کومیتـە شارسـتان بـووم‌و تۆیـان دەرکردبـوو، هێنامیەوە ناو حیزب، ئێستاش ئەگەر ڕۆژێك بڕیار بێ لەم مەڵبەنـدە کەسـێك وەك بـەرپرس دیاری بکەن، من دیاری دەکەن. بۆیە پەیامەکەم نیشان داو وتی باشە.

لەگەڵ هێزی ئاربابا بەرەو ناوچەی "حەوتەوانە" ملی ڕێمان گرتـە بـەرو چـوینە ئەوبـەری چۆمان. بۆ پێوەندییەك پەڕینەوە بۆ گوندی چۆمان. لە کاتی پەڕینەوەدا سـەید بـرایم هـاشمی پێی وتم: ئەگەر بـاران ببـارێ نـاتوانن بگەڕێنـەوە، یـا هـەر مـەڕۆن، یـا ئەگـەر دەڕۆن زوو بگەڕێنەوە. چوینە ناو دێ‌و بەر ماڵێك کەوتین کە زۆر مێهرەبـان‌و ڕێکوپێـك بـوون. تـا کـۆ بووینەوە ئەوەندە باران باریبوو، چۆم هاتبووە سەرو ڕێگای گەڕانەوەی بە کەس نـەدەدا. سـێ چوار ئەسپێکمان بۆ پەڕینەوە هێنان، خاوەن ئەسپەکان دەیانگوت: بەم وەزعـە پەڕینـەوە لـە چۆم خەتەرناکە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمبەری چـۆم هێـزی ڕێـژیمی لـــێبوو، حەوانـەوەی ئـەو هەموو پێشمەرگەیە دژوار بوو. بڕیارم دا یەکەم نەفەر بپەڕمەوە بـۆ ئەوبـەری چـۆم. سـواری ئەسپێك بووم، هەر کە سواری ئەسپەکە بووم بە زۆر لە ئاوەکەم کرد. ئەسپەکە لەبەر خوڕینی ئاوەکەو فشاری لەڕادەبەدەری، نەیدەتوانی ڕاست بپەڕێتەوە. ئاوەکە بۆ ماوەیـەك ئەسـپەکەی بەرەو خوار دەیبرد، منیش کە مەلەم نەدەزانی، بەتەواوی لە خۆم ناهۆمێد ببووم، بەڵام تازە خۆم بە کۆڵی ئەسپەکە ئەسپارد تا پـاش ماوەیـەك گەیـشتە قـەراخێك، بـەڵام چ کـەنارێك!

شوێنەکە لە ئەسپەکە بڵێندتر بوو، خۆم لەسەر ئەسپەکە فڕێ داو چنگۆکم لە عەرزەکـە گـیر کرد. باش بوو بەهۆی بارانی زۆر چنگم گیری کردو بەهەر حاڵێك رزگارم بوو. کـە گەیـشتمە ئەوبەر، بۆ ماوەیەك راکشام، پاشان کە برێك حاڵم هاتەوە سـەر خـۆ، بـە بێـسیم بـە بـاقیی هێزەکەم راگەیاند پەڕینەوە خەتەرە، داوام لە کـاك سـەید بـرایم کـرد رێنوێنیـیان بکـات چ بکەن. سەید برایم رێنوێنیی کردن برۆنە جێگایەك خۆیان حەشـار بـدەن تـا رۆژی دوایـی لـە "لوتکە زەلی" کە پایەگای رێژیمی لـێبوو، پەڕینەوە. پاش پەڕینەوە لە چۆمان، بـە دوو رۆژ رێگابڕین گەیشتینە "گەورەدێ" کە بنکەی دەفتەری سیاسیی تێدا بوو.

لە بنکەی دەفتەری سیاسی بووین کە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی پێـك هـات. جگـە لـە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، منو مستەفا مەولوودی وەك بەرپرسی مەڵبەندی 2و کومیتە شارستانی نەغەدە، بەشدار بووین. لەو کۆبوونەوەیەدا مەسـەلەیەك هاتـە بـەرباسو لایـەنی سەرەکیی کێشەکە کاك هاشم کەریمی بوو. نـازانم باسـەکە لەسـەر چـی بـوو، کـاك دوکتـور قاسملوو وتی: ئەوە شتێکی کۆنەو ئێستا گۆڕانی بەسـەردا هـاتوە. کـاك هـاشمیش زۆری پـێ ناخۆش بوو، وتی بێقەزا بی یانی ئێمە کۆنەپەرستین؟ کاك دوکتور قاسملووش وتی: نـا ئێـوە کۆنەپەرست نین، بەڵام ئەو کتێبانە دەیانخوێننەوە کۆن بـوون. پـاش دوو رۆژ راپـۆرت لەسـەر تێکۆشانی کومیتە شارستانەکان، پلینۆم کۆتایی بە کاری خۆی هێنا. ئـەم کۆبوونەوەیـە بـۆ من زۆر ئەزموونی تێدا بوو. لەبەر ئەوە ئەندامانی کومیتەی ناوەنـدی، لەوپـەڕی ئازادیـدا نەزەری دژ بەیەکی خۆیان باس دەکردو پاش دەنگ وەرگرتن لەسەر مەسـەلە جۆراوجۆرەکـان ساغ دەبوینەوە بەبێ ئەوە ئەو را جۆراوجۆرانەو تەنانەت جـاری واش دژ بـە یەکانـە، شـوێن لەسەر پێوەندیی دۆستانەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی دابنێت.

لە گـەورەدێ بـووم، سـکرتاریای حیـزب داوایـان لـێکردم لەسـەر جنـووبی کوردسـتان کۆبوونەوەیەك بگرم. منیش کە زانیاریم لەسەر جنووب زۆر نەبوو، نەچـوومە ژێـر بـارو وتم: تەنیا دەتوانم لە پێوەنـدی لەگـەڵ ناوچـەکانی مەڵبەنـدی 2دا کۆبوونـەوە بگـرم. پـاش خـۆ ئامادەکردن، باسـەکەم کـردە چـەند بـەش. مێژوویـەکی کـورتی ئـەو ناوچـانە، شـوێنەوارە

مێژوویی‌یەکان، پیشەی خەڵکی ناوچە، نفووزی حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە لەم ناوچـەیەدا. لە پێوەندی لەگەڵ نفووزی حیزبو ڕێکخراوەکانی دیکە، باسم کرد کە بەبێ زیادگوتن، زیـاتر لە 80٪ی خەڵکی ناوچە لایەنگری حیزبنو ئەو رادەیەش کـە دەمێنێتـەوە، بـە بـڕوای مـن هێندێك کەمکاریی حیزب بووە کە نەیتوانی لە ئاستی نفووزی خۆیدا کـار بکـاو، زۆربـەی کادرەکانی ئەم ناوچـەیە لـەباری سیاسـی‌یەوە لاوازن. لـەو پێوەندی‌یـەدا چـەند نموونەیـەکم هێنانەوە کە یەك دوو کەس لە بەشداران پێیان ناخۆش بوو. بۆیە ئەو دوو کەسە هەڵوێـستیان گرتو دژی قسەکانی مـن قـسەیان کـرد. منـیش لـە وەڵامدانـەوەدا، "اسـتدلال"م لەسـەر بۆچوونەکەی خۆم کردو هەر لەو چوارچێوەیەدا وەڵامەکەم دایـەوە. لـەو کۆبوونەوەیـەدا کـاك دوکتور قاسملوو، کـاك دوکتـور شـەرەفکەندی، مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسـەنزادەو زۆربـەی هەرەزۆری ئەندامانی ڕێبەریی حیزب بەشدار بوون. مامۆستا بە هاوڕێیەکی منی وتبوو، کە کۆبوونەوەکەی زۆری جوان هێنا، بەڵام وەڵامەکانی زۆر خراپ بوون. ئەم کۆبوونەوەیە بۆ مـن بۆیە گرنگ بوو، چونکە یەکەم جار بوو لە نێو کۆمـەڵێکی وادا کـە ڕێبەرایـەتیی حیزبیـشی تێدا بەشدار بوو، کۆبوونەوەم دەگرت.

مەڵبەندی 2 لە گەورەدێ کە "ئاسایشگا"ی حیزبی لـێبوو، جێگیر ببوو. لـەو ماوەیـەدا شارام ئاقایی لەگەڵ کچە کۆمەڵەیەك کە خزمی خۆی بوو، بڕیاریان دابوو ژیانی هاوبەش پێك بێنن، بۆ مەسەلەی مارەبڕین منیشیان دەعوەت کردبوو بۆ "کارێزە"، مەلای مارەبڕ "قـازی عەلی" باوکی کاك ئەبووبەکری راد، خەڵکی سەردەشت بـوو، دیـار بـوو کـە هەسـتی بـەوە کردبوو کە کچە کۆمۆنیستە کاتی مارەبڕین ئەوەندەی ئیمانو شەهادەی بە کچەکە هێنا کـە زۆرم پێ سەیر بوو، چۆن لە مێردکردنەکەی پەشـیمان نـەبۆوە. بەهـەر حـاڵ، پـاش کۆتـایی مارەبڕان، من گوتم: ئەو خوشکە بێنن پیرۆزبایی لـێ بکەینو برۆینەوە. لە کاتی پیرۆزباییدا بە شۆخی بەو خوشکەم وت: کۆمەڵە چەند ساڵ هەوڵی دا بکاتە کۆمۆنیست، ئێمەش بە یەك شـەو کردیتمانەوە بە موسوڵمانو، گەڕاینەوە بۆ گەورەدێ. ماوەیەکی زۆر لەوێ ماینەوە، وا دیار بوو کاك جەلیل گادانی کە ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە

بوو، لەسەر مەئموورییەتی دەفتەر هاتبووە مەڵبەندی 2 بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵای ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکان لەسەر من، کە بە قسەی ئەوان گوایە من تەك رەویم کردوە! بە هاتنی کاك جەلیل کۆبوونەوە دەستی پێکرد، پێشمەرگەیەك کە ناوی "عومەر کەندەسوورەیی" کـە تـازە هاتبووە ریزی پێشمەرگایەتی ـ کە ئەو ساڵە نەهاتبۆوە بۆ ناوچە ـ هەستایە سەر پێو وتی: کاك تەیموور لە "ئایچی" فیکەی لە خەڵك کـردوە. عـەلی حەسـەن ئاغـاش لـە قـسەکانیدا وتـی: مەڵبەندی 2 بۆ خۆی دۆڵێکی تۆقێنەرە، کاك تەیمووریشتان ناردۆتە ئـەوێ، دوو هێنـدەیتریش ترسناك بووە. دیارە زۆر کەسیش بە پشتیوانی لە من قسەیان کرد. پـاش تـەواوبوونی رەخنـەی ئەو هاورێیانە، دەستم بە وەڵامدانەوە کرد. یەکەم کەس لە عومەر کەندەسوورەییەوە دەسـتم پێکردو پرسیارم لـێکرد: چـەند مانگـە هاتویـت بـۆ پێـشمەرگایەتی؟ وتـی: 3 مانگـە. وتم: هاتووی بۆ ناوچە؟ وتی: نا. وتم: دەی نەهاتوی چۆن دەزانی مـن لـە ئایـچی فیکـەم لـە خـەڵك کردوە؟ وتی: دەزانم. فشارم بۆ هێنا کە دەبێ بڵێ چۆن دەزانـێ. وتـی: پێیـان وتـووم. وتم: کـێ وتوویەتی؟ بە کورتی دەستم لـێهەڵنەگرت تا بۆ خۆی وتی ئەو کەسە کە پێی وتووم لێرەیە، بـا خۆی هەستێو قسە بکا. کەس هەڵنەستایەوە! وتی: باوکم کاك عوسمان بۆ هەڵناسی، ئـەی تـۆ پێت نەوتم؟ ئەی نەتوت قسەی لەسەر بکە ئەگەر ئینکاری کرد خۆم هەڵدەسـتمو قـسە دەکـەم. منیش ئەمجار رووم لە عوسمان کردو وتم: تۆ وتووتە؟ سەری داخستو قسەی نەکرد. منـیش وتم: هاورێیان! ئەم کاك عوسمانە لەگەڵ ئەو تیمە بوو کە رۆیشتین بۆ جەولەیەکی 50 رۆژە کـە ئێـوە ئاگادارن. لە پشتی "سەدبار" لە ترسـان خـۆی لـە نەخۆشـی داو منـیش دەمزانـی دەترسـێو نەخۆش نیە، هەر لەوێش بە باقیی هاورێیانی تیمەکـەم وت کـە دەترسـێ، کەچـی ئێـستا ئـەم مرۆڤە ترسنۆکە هاتوە ئەم چیرۆکەی بۆ ئێمە ساز کردوەو خەڵکیـشمان لـێ هـان دەدات. رووم لەو کەسانە کرد کە لە مـاوەی جەولەکـەدا لـە گـەڵم بـوون. وتم: تـۆ ویـژدانتان مـن لـە هـیچ کۆبوونەوەیەکدا لەو 50 رۆژە، فیکەم لە کەس کردوە؟ وتیان نا. بە عوسمـانم وت: دانیـشە. بـە کاك جەلیلیشم وت: ئەوەیە قسەکانیان. دوای وەڵامدانەوە بە یەك یەکی قسەکان، نۆرەی عـەلی حەسەنئاغا گەیشتو لە وەڵامدانەوە بە عەلیدا وتم: من تەنیا فشارێکم بۆ کاك عەلی هێنـاوە،

ئەویش بوومە ئەو دێوە ترسناکە کە کاك عەلی باسی دەکا. ئـەوە بـووە وتوومـە ئـەو هـەموو چەكو چۆڵە کە لەبەر دەست دا بوو، دەبێ کۆی بکەیتەوەو بۆمانی بێنیتەوە. لـە هـەر کۆمەڵـە چەکێك دەپرسی، کاك عەلی دەڵێ ئەوە لە فلاّنە شوێن شاردوومەتەوەو ئێستا پایەگایان لەسـەر داناوە. منیش ئەم قسەیەم قەبووڵ نیە، بۆیە ئـەو دێـوەم. لێـرەدا بـۆ زاخـاوی مێـشکیش بـێ بیرەوەرییەکی عەلی حەسەنئاغا دەگێڕمەوە:

عەلی حەسەنئاغا بەرپرسی تەدارۆکاتی نیزامیی چەكو چۆڵی پێشتری کۆمیتەی سەقزو، کە مەڵبەندی دووش پێك هات، هی مەڵبەندی دووش بـوو. ڕۆژێـك مەڵبەنـدی 2 مەئمووریـەتی دەداتێ چەند بار فیشەك بباتەوە بۆ ناوچەی سەقزو لەوێ بیانشارێتەوە بۆساڵی دوایی. عەلیش بە قسەی خۆی فیشەکەکان سواری 3 باری هێستر دەکاو کرێ باریان پێ دەدا. بە قسەی عـەلی، کەوتوونەتە کەمینی ڕێژیمو عەلی بۆ خۆشی بە قارەمانێتییەکی کـەم وێنـەی ڕزگـاری بـووەو هەلاّتووە. ئەم ڕوونکردنەوانەی عەلی مەڵبەند ڕازی ناکا، بۆیـە دەینێرنـە بەشـی لێکۆڵینـەوە، کاك جەلیل گادانی کە لەو بەشە بەرپرسە، خۆی لێی بکۆڵێتەوە. کـاك عـەلی بـانگ دەکرێتـە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو کاك جەلیل هەرچی پرسیار لە عەلی دەکا، وەلاّمی سەیرو سەمەرەی پێ دەداتەوە. عەلی دەیگێڕایەوە لە لێپرسینەوەکەدا کاك جەلیل وای فشار بۆ عەلی هێناوە کە ڕێگای دەربازبوونی بۆ نەماوەتەوە کە لە پڕێك دا کاك جەلیل بۆخۆی ئیحتمالـێ دێنێتە گـۆڕێ، ئەویش ئەوەیە: بە عەلی دەڵێ، بڵێی کابرای خاوەن هێستر بۆخـۆی لەگـەڵ کۆمـاری ئیـسلامی نەسازابێ؟ عەلیش کە قسەیەکی وا بە پووڵ دەکرێو لەو "بن بست"ە کە تێی کەوتووە، ڕزگاری دەکا، دەڵێ: ئافەرین، ئەی ڕەحمەت لەو دایكو بابە تۆی گەورە کـردوە، ئـەو فکـرەت چـۆن بـۆ هات، ئەوەندە ئەم قسەیەی دەڵێتەوە تا کاك جەلیل خەوی لـێ دەکەوێ، عەلیش بۆی هـەڵ دێ. کاك جەلیل کە بە ئاگا دێتەوە، جارێ ماوەیەکی کورت پێی وا دەبـێ عـەلی ڕۆیـشتۆتە دەرێ! پاش ماوەیەك لە سـەید ئەحمـەد تەپەڕەشـی کـە خـەڵکی مـەهاباد دەبـێو لـە کۆمیـسیۆنی لێکۆڵینەوەدا کار دەکا، دپرسێ: ئەوە عەلی چی لـێ هات؟ سەید ئەحمەدیش دەڵـێ خـۆ لـەلای جەنابت بوو. بەکورتی عەلی دەگەڕێتەوە بۆ مەڵبەندو لەوە بەدوا هەرچـی کـاك جـەلیل پـەیام

ده‌نێرێ كه‌ عه‌لی بڕوات بۆ لێپرسینه‌وه‌، عه‌لی ده‌ڵێ دووسه‌دو ئه‌وه‌نده‌ هه‌زار تمه‌نم خه‌رج كردوه‌، با له‌ پێش دا كۆمیسیۆنی لێكۆڵینه‌وه‌ ئه‌و بڕه‌ پاره‌یه‌م بداته‌وه‌، ئه‌وجار منیش دێم. كاك جه‌لیلیش له‌به‌ر ئه‌وه‌ پووڵه‌كه‌ نه‌داته‌وه‌ واز له‌ لێكۆڵینه‌وه‌ له‌سه‌ر عه‌لی دێنێ. له‌ كاتێكدا ئه‌و پووڵه‌ هه‌ر مه‌وزووعیه‌تی نه‌بووه‌و ئه‌گه‌ریش هه‌یبووبێ، پێوه‌ندیی به‌ كاك جه‌لیله‌وه‌ نه‌بووه‌. بیره‌وه‌ریی عه‌لی حه‌سه‌نئاغا كه‌ پاشتر شه‌هید بوو، یه‌كجار زۆرن‌و له‌ مه‌ڵبه‌ندی 2 زۆر كه‌س شاره‌زای ئه‌و بیره‌وه‌ریيانه‌ن.

پاش ئه‌م كۆبوونه‌وه‌یه‌ له‌ دابه‌شكردنی كاردا، كاك حه‌مه‌نه‌زیف قادری وه‌ك به‌رپرسی مه‌ڵبه‌ندی 2 دیاری كراو، مه‌ڵبه‌ندم ته‌حویلی كاك حه‌مه‌نه‌زیف داو خۆم به‌ كۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی ناساند. ماوه‌یه‌ك بێكار بووم، پاش ماوه‌یه‌ك بێكاری، كۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی داوایان لێكردم به‌رپرسایه‌تیی كومیته‌ شارستانی شنۆ قه‌بووڵ بكه‌م. منیش پاش راوێژكردن له‌گه‌ڵ دۆستان، به‌رپرسایه‌تیی كومیته‌ی شارستانی شنۆم وه‌ئه‌ستۆ گرت‌و كۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، كاك "سه‌ید ره‌زا درووده‌گه‌ر"ی كه‌ ئه‌ندامی كۆمسیۆن بوو، له‌گه‌ڵ ناردم تا به‌ كومیته‌ی شارستانی شنۆم بناسێنێ. له‌ نه‌ورۆزی ساڵی 66دا، له‌ گه‌وره‌دێ، شوێنی نیشته‌جێبوونی ده‌فته‌ری سیاسی به‌ره‌و "مام خه‌تیب" شوێنی كومیته‌ شارستانی شنۆ وه‌ڕێ كه‌وتم. ئه‌و ناوچه‌یه‌ كه‌ بۆی ده‌ڕۆیشتم، له‌ هه‌موو بارێكه‌وه‌ بۆم نائاشنا بوو. به‌ جوغرافیا ناوچه‌كه‌م نه‌ده‌ناسی، كادرو پێشمه‌رگه‌كانم نه‌ده‌ناسین، ته‌نانه‌ت یه‌ك ره‌فیقیشم له‌ كومیته‌ی شنۆدا نه‌بوو. ته‌نیا كاك ره‌حیم محه‌مه‌دزاده‌، به‌رپرسی كومیته‌ شارستانی شنۆم له‌ دووره‌وه‌ ده‌ناسی‌و، موراد ئه‌حمه‌دیش كه‌ فه‌رمانده‌ری هێز بوو كاتی خۆی له‌ ساڵی 1361 كه‌ بۆ كاری شه‌هیدان له‌ "كه‌وپه‌ڕ" سه‌ردانی كومیته‌ شارستانی پیرانشارم كردبوو، ناوبراو به‌رپرسی به‌شی ماڵیی پیرانشار بوو، ئه‌ویشم ئه‌وه‌نده‌ ده‌ناسی. به‌ كورتی زۆر هه‌ستم به‌ غه‌ریبی ده‌كرد. به‌تایبه‌ت ئه‌و غه‌ریبایه‌تی‌یه‌ زیاتر ئه‌و كاته‌ هه‌ستم پێ كرد كه‌ كاك سه‌ید ره‌زا به‌جێی هێشتم.

نیوەڕۆیانە شەڕە ئاو لە كومیتە شارستان دەستی پێدەكرد. "سەعید ئاب" فەرماندەری گشتیی شەڕە ئاوو رەحیم محەممەدزادەش كە بەرپرسی كومیتەی شارستان بوو، قابلەمەی پڕ لە ئاو لە دەست، بە دوای ئەمو ئەودا هەڵدەهات. لە دڵی خۆم دا بیرم لەوە دەكردەوە كە چۆن لەگەڵ ئەم كادرو پێشمەرگانەدا كە وا بار هاتوون، هەڵ بكەم؟ زۆر كەیفم بەم جۆرە شۆخیانە نەدەهاتو وا دیار بوو ئەم شەڕە ئاوەش گشتی بوو. پاش دوو رۆژ مانەوە، لەگەڵ كاك رەحیمو ئاشنا بوون بە ئەندامانی كومیتەی شارستانو پاكانە حیساب لەگەڵ كاك رەحیم، كاتی ناساندم بە كادرو پێشمەرگەكان نزیك بۆوەو رۆژێك لە زەوی والیبالدا كادرو پێشمەرگەكانیان كۆ كردەوەو كاك رەحیم زۆر بە باشی ناساندمی. خودا هەڵناگرێ كاك موراد ئەحمەدیش وێڕای بەخێرهێنانم، بەڵێنیی هاوكاری لەلایەن خۆیو كادرو پێشمەرگەكانەوە پێ دام. منیش سوپاسی هەموویانم كردو بەم چەشنە كومیتەی شارستانی شنۆم تەحویل وەرگرت.

## كومیتەی شارستانی شنۆ

مەقەڕی زستانیی كومیتە شارستانی شنۆ لە مام خەتیب بوو. مام خەتیب گوندێكی خۆشە كە لە بناری "هەڵگورد" هەڵكەوتووەو چۆمێك كە لەو شاخانەوە سەرچاوە دەگرێ، بە بەر مام خەتیب دا تێدەپەڕێ، بەشێك لە پێشمەرگەكانیش هەر لەو گوندە بوون. لكی 1ی هێزی كێلەشین لە رۆژهەڵاتی مام خەتیب لە گوندە "جاوكان" كە مەوداكەی بە پێ 5 تا 10 دەقیقە بوو، نیشتەجێ بوون. پێشمەرگەكان لەم مەقەڕە زستانان كاریان خۆڕاهێنانو خۆسازدان بوو، وەرزی بەهارو هاوین ئەو كاتە بوو كە دەگەڕانەوە بۆ ناوچە. لە كاتی بێكاریدا دەستمان بە وەرزش دەكردو، من خۆم لە دەورانی خوێندن دا زووتر والیبالم دەكردو كوشتیم دەگرت، ئۆگرییەكی زیاترم لەگەڵ وەرزشی والیبالدا هەبوو. رۆژانە لانیكەم 2 سەعات والیبالمان دەكرد. تیمێكی نێونجیمان هەبوو[1]، یەك دوو پێشبڕكێیەكمان لەگەڵ تیمی فێرگەدا بەڕێوە برد

[1] ـ تیمی شنۆ: من، فەتاح ئیلخانیزادە، فەریق حەسەنزادە، خالید مەهابادیو...بووین.

کە لە هەردوو پێشبڕکێیەکەدا تیمی ئێمە سەرکەوتوو بوو. پاش تێپەڕینی یەك دوو مانگ لە بەهار، کەم کەم خۆمان ئامادە کردو بە ڕێگای "کەوەرتو خواکورك"دا گەڕاینەوە بۆ لای گەلی گادەرانو لە خواکورك جگە لە هێزەکانی پارتی دێموکرات کە لەوێ بوون، هێزی حیزبی شیوعیش هەر لەم دۆڵەدا بوو، بۆیە ناویان لێ نابوو "درة الاحزاب" واتە دۆڵی حیزبان. پێوەندیی حیزب لەگەڵ حیزبی شیوعیی باش بوو. لە کاتی ڕۆیشتنمان بەرەو ناوچەی شنۆ، لەگەڵ چەند کادرو پێشمەرگەیەك سەردانێکی حیزبی شیوعیمان کردو چاوم بە کاك مەلا محەممەد جوانڕۆیی کەوت. مەلا محەممەد بۆ من نەناسراو نەبوو، لە کومیتەی هەورامان ئاشنایەتیم لە خزمەتیدا هەبووو یەکترمان دەناسی. دوو ڕۆژ لە بنکەی مەلا محەممەد ماینەوە، چاویشمان بە "ئەبوو حیکمەت" کە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی شیوعی بوو، کەوت. هەر لەوێش بوو لەگەڵ کاك قادر عەزیز کە تازە لە بزووتنەوەی سوسیالیستی جیا ببوونەوەو بەهیوا بوون حیزبێکی تازە دابمەزرێنن کە لە دوایدا ناوی "حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان"یان لەسەر دانا، یەکترمان ناسیو کاك قادر عەزیز هێندێك لەبارەی جیابوونەوەکەیانەوە قسەو باسی بۆ کردمو منیش هیوای سەرکەوتنم بۆ خواستن. لەو ماوەیەدا کاك مەلا محەممەد لەسەر سوسیالیزمی دێموکراتیك هێندێك پرسیاری لێ‌کردینو منیش بە گوێرەی توانای خۆم وەڵامم دایەوە. وتم: ئەو "ئوتۆپیا"یەی کە لە شوورەوی دایان مەزراندوە، زۆر لەگەڵ دێموکراسی ناتەبایەو هەر ئەم ناتەبایییانە بوونەتە هۆی پێکهاتنی زۆر گێرەو کێشە، کە ئەگەر دیکتاتۆریی توندی دەوڵەتی ناوەندی نەبێ، کۆمەڵگای سۆڤییەتی دەتەقێتەوەو ئەودەم کەموکوڕیەکان زیاتر دەردەکەون. دیاربوو کە کاك مەلا محەممەد کە ئەندامی مەرکەزیەتی حیزبی شیوعی بوو، زۆری ئەم قسانەی بە کەیف نەبوون. ئەوەندەی بە من گوت: دوکتور قاسملوو تیر لە تاریکی دەهاوێو تۆش "واتە من" لەو ماوەیەدا زۆر چویتە پێشێ، دیارە دێموکرات زۆر لەسەر کادیرەکانی کاری کردوە. من ئەم تاریفکردنەم بە تەعارف زانی، لە ڕەوتی قسەو باسەکاندا بە هیچ شێوەیەك کەموکووڕی لە وڵاتی سۆڤییەتیدا قەبووڵ نەدەکرد. ساڵی دوایی کە بە بەرپرسی مەڵبەندی شومال دیاری کرام، جارێکی دیکە سەردانێکم

کـرد، ئـەودەم ئیـدی "گۆرباچـۆف" پـەردەی لەسـەر هـەموو کەموکوڕیـیەکانی یەکیـەتیی سۆڤییەتی هەڵ دابۆوەو بۆ حاشالێکردن نەدەبوو، "گلاسنۆستو پرۆستۆریکا"ی هێنابووە بـەر باس. ئەم جار لەگەڵ کاك مەلا محەممەد بەرەوڕوو بووین، بە بێ ئـەوەی ئێمـە قـسەیەك بکـەین، باسی ئەو ئاڵوگۆڕەی کرد کە لە یەکیەتیی سۆڤییەتیدا لە ئـارا دایـە. مـن تـەنیا پرسـیارێکم لـێکرد، ئەویش ئەوە بوو: ئەوە یەك شەوە رووی داوە؟ وتی نا. وتم: باشە بـۆ پارەکـە کـە ئێمـە باسی کەموکوڕییەکانمان دەکرد، سوسیالیزمی دێموکراتیکت وەبەر تـوانج دەدا؟ وتم: دوکتـور قاسملوو ئەو مرۆڤەیە کە تیر لە تاریکی داوێ، بەڵام سۆرانی گوتەنی، دەیئەنگاوێت، واتە لێشی دەدا. خوا هەڵناگرێ هەم مەلا محەممەد لەگـەڵ شـیوعییەکانی دیکـە جیـاوازیی هـەبوو، هـەم حیزبی شیوعیی عێراقیش لەگەڵ حیزبە شیوعییەکانی دیکـە. حیزبـی شـیوعی بـە نیـسبەت مەسەلەی کوردەوە هەڵوێستی جیاوازیان هەبوو، جا نازانم بەو هۆیـەوە بـوو کـە سـکرتێرەکەی کەسایەتیی ناسراو عەزیز محەممەدو جێگر سکرتێرو ئەندامانی دەفتەری سیاسییەکەی زۆربەیان کورد بوون کە هەڵوێستی لەسەر مەسەلەی کورد جیاواز بوو، یا هەر بەڕاستی لێکدانەوەکـەیان جیاواز بوو. پـاش دوو رۆژ مانـەوە لـە لای مـەلا محەمـەد، بـەرەو لای رەفیقـەکانی دیکـەمان وەڕێکەوتین. لە رێگادا چاومان بە ئاش (ئالای شۆڕش) کەوت کە جەماعـەتێ لاوی تونـدڕەوی مارکسیست بوون کە لە یەکیەتیی نیشتمانی جیا ببوونەوە. لەگەڵ ئەوانیش هێنـدێك قـسەمان تێك گیران. بەهۆی دۆستایەتیی زۆر نزیکی حیزبو یەکیەتیی، ئاش ئێمەیان بە پڕوپاگەندەچیی یەکیەتی دەزانی. هەر ئەوکات رەنگە ئەو رەفیقانەی لەگەڵ من بوون، ئێستا لە بیریان مابێ من پێم وتن: ئێوە هیچتان بە هیچ نابێو هەر لە ئێستاوە باشتر وایە بگەڕێنەوە لای یەکیـەتی، یـان ئاشبەتاڵی لـێبکەن، لەبەر ئەوەی لێم روونە کە بە ئاشـبەتاڵی دەتانبینمـەوە. دوای ماوەیـەك مانەوە لەگەڵ ئەو برادەرانە، درێژەمان بە رێگاکەمان دا تا گەیشتینەوە لای هاوڕێیانمان.

لەو چەند مانگەدا کە لە کومیتەی شنۆ بووین، زۆرتر لەلای سێ سنوور چادرمان هـەڵدابوو، خوا هەڵناگرێ وێڕای ئەوەی هێزی کێلەشین، هێزێکی بەتواناو موراد ئەحمەدیش فەرماندەیەکی چاك بوو، بەڵام بە کردەوە ئەو ساڵە تێکۆشانێکی زۆر جیددیمان نەبووو زۆرتر لە نێو چـادرەکانی

كوێستانەكانی "مەرگەوەڕ"دا دەسووڕاینەوەو لە سێ سنووریش چادرمان لـێ هەڵدابوو تا بەفر لە عەرزی كەوت، ئێمە هەر لەو شاخانە ماینەوە. كومیتە شارستان زۆر بێـدەنگ بـوو، نێـوان ناكۆكیمان نەبوو، كاتی گەڕانەوەم چاوم بە كـاك دوكتـور قـاسملوو كـەوت، سپاسـی كـردم كـە ئەمسالّ سەركەوتوو بووم. باشم لە بیرە دوای سپاس لە كاك دوكتور قـاسملوو، پـێم وت: ئەگـەر قەزاوەت هەر وابێ باش نیە، راستە ئەمسالّ كێشەمان نەبوو، بـەلاّم كاریـشمان نـەكردوە. وتم: ئەوەندە ئەزیەتو زەحمەتەی من لە مەلّبەندی 2 كێـشام، بـە دە سـالّی دیكـەش لـە شـنۆ بم، ئەوەندە ئەزیەت ناكێشم.

دوای ماوەیەك لە گەڕانەوەمان بۆ مام خەتیب، كە سالّی گرتنـی گـۆنگرە بـوو، زەمزەمـەی گرتنی كۆنگرە دەستی پێكرد. لە كۆنفرانسی كومیتەی شنۆیە، منو موراد ئەحمەدی، عومـەر حەمیدی، عەبدوللاّ فەتتاحیو كەمالّ شێخی وەك نوێنەر بۆ كۆنگرەی 8 هەڵبژێردراین.

پێش لەوەی بچینە كۆنگرەی هەشتەم، جموجۆلێك لەنێو بەشـێك لـە رێبەرایـەتیی حیـزب دا دەستی پێكردبوو. من بەش بە حالّی خـۆم نـە كـەس پێـی گوتبـووم چ باسـەو نـە خۆشـم زۆر بەدوایدا چووم، تا ئاخیرەكەی رۆژێك كە سەردانی فێرگە لە "بۆلێ"م كرد، ئەبووبەكرڕاد كە لـە دەورەی سەرەتایی سیاسیمان لە "خدراوێ" پێكەوە دەبووین، داوای لـێكردم پێكەوە هێنـدێك قسە بكەین. لە حیزبایەتیش دا ئالوگۆڕی بیروڕاو باسی سیاسی شتێكی زۆر ئاساییو رۆژانەیە، منیش قەبووڵم كرد. كاك ئەبووبەكر كـە دەسـتی بـە قـسە كـرد، سـەرەتا لێـی پرسـیم، لـەو ناتەباییەی كۆمیتەی ناوەندی ئاگادارم یا نە؟ منیش وتم نا. ئەو بە پێی قازانجو بەرژەوەنـدیی خۆی گێرەوكێشەكانی ناو كومیتەی ناوەندیی بۆ بـاس كـردمو لـە درێـژەی قـسەكانیدا وتـی: برادەرانی ئێمە بۆچوونیان لەسەر تۆ زۆر باشەو ئێمە ئامادەین بۆ رێبەرایەتیی حیزب كاندیـدت بكەینو دەنگت بدەینێ. منیش سپاسم كرد. ئەو وتی: بـەلاّم مـەرجێكی هەیـە. وتم فـەرموو. وتی: مەرجەكە ئەوەیە تۆ پێوەندیت لەگەڵ سەیدڕەزاو شـاهۆ بپـچڕێنی. وتم بـۆ؟ وتـی: ئـەوان داردەستی دوكتور قاسملوون. وتم: مەرجەكەتان ئەوەیـە؟ وتـی بـەڵێ. منـیش وتم: جـا ئـەوە چ مەرجێكە؟ سەید رەزا زاوامەو شاهۆش خزمی نزیك، من چـۆن دەتـوانم پێوەنـدیم لەگـەلّیان دا

نەبێ؟! وتی: جا چیە، ئینسانی شۆڕشگێڕ بیروباوەڕەکەی لە هەمووشت گرنگترە. وتم: راست دەکەی، بەڵام من لەگەڵ سەید رەزاو شاهۆ بیروباوەڕمان جیا نیە، هەردوو لامان لە حیزبێکداین. دوای هەڵسەنگاندنی ناوبراو، ئەمجار پێم وت: جا کاکی برام، ئێوە دەزانن من ئینسانێکی بێپێچو پەنام، پێم خۆش نیە وەڵامی ناڕوونت پێ بدەمەوە. من بۆ هیچ پلەو پایەیەك ئامادە نیم بۆ یەك سەعاتیش دەست لە سەید رەزاو شاهۆ بکێشم. مەگەر ئەوکاتە کە جیاوازیی فکریمان بۆ بێتە پێشەوە، تازە تۆ دەڵێی ئەوان داردەستی دوکتور قاسملوونو ئەوەش بە گوناح دەزانی! ئەی تۆ خۆت داردەستی کێیت، ئەگەر ئەوان داردەست بن، تۆش حەتمەن داردەستی کەسێکی دیکەی. بە وتەی جەنابت ئەگەر داردەستیش بی، لە حیزبی دێموکرات دا ئینسان داردەستی دوکتور قاسملوو بێت لە هەموو کەس باشترە، بۆیە بە دوای کڵاوی بابردوو کەوتووی. من لە سەید رەزاو شاهۆ زیاتر رێزم بۆ دوکتور قاسملوو هەیەو زۆر لە مێژە بەو قەناعەتە گەیشتووم دوکتور قاسملوو لە هەموو کەس زاناترو دڵسۆزترە، بۆیە منیش ئەگەر بێتە سەر هەڵبژاردن، دوکتور قاسملوو هەڵدەبژێرمو ئەوە وەڵامی منە. پاش ئەم قسانە کەسی دیکە لەو پێوەندیيەدا نەهاتەوە بۆ لامو قسەی لەگەڵ نەکردم.

چەند رۆژ پێش لە کۆنگرە، نوێنەرانی کومیتەی شنۆ هاتینە "بۆڵێ" لای دەفتەری سیاسیو سواری مینیبووسیان کردینو بەرەو سلێمانی وەڕێکەوتین. ئەو کات مەقەڕمان لە سلێمانی بوو، کە گەیشتینە سلێمانی، دابەش بووینو هەرچەند کەس ژوورێکیان بۆ حەسانەوە پێ داین. جموجۆڵو چالاکی یەکجار زۆر بوو. لە یەك دوو برادەری خەڵکی جنووب پرسیارم کرد، بەڕاستی مەسەلەکە چیە؟ وتیان: لە کومیتەی ناوەندیدا دوو بۆچوون هەیە. وتم: جا چیە، تەبیعەتی حیزبایەتی هەر ئەو شتانەی تێدایە. وتی: نا، کار گەیشتۆتە جێگای باریكو کاك دوکتور قاسملوو ئامادە نیە لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کومیتەی ناوەندی هاوکاری بکات، لە سەرەوەی هەموویان "حەسەن رەستگارو هاشمی کەریمی"ن. بۆیە تێگەیشتم کۆنگرەیەکی جەنجاڵی لە پێش دایە، هەر چاوەڕوانیی دەست بەکاربوونی کۆنگرەم دەکرد تا رۆژی 28ی بەفرانباری 66 کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد. سەرەتا چەند کۆمیسیۆنێك بۆ

بەڕێوەبردنی کاری کۆنگرە دیاری کران. لە ماوەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا، لە پەسندکردنی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیو پێداچوونەوەدا، هیچ گیروگرفتێك نەهاتە پێشێ تا گەیشتینە هەڵبژاردنو کاك دوکتور قاسملوو پێشنیاری هەڵبژاردنی بە لیستەی فیکس کرد، موافقو موخالیفی لیستەی فیکس بە تێروتەسەلی لەسەر شێوەی هەڵبژاردن قسەیان کردو کار گەیشتە جێگایەك پێشنیاری دوو لیستەی فیکس لەلایەن ئەوانەوە کە دژی لیستەی فیکس بوون، بەو مەرجە دوکتور قاسملوو وەك سکرتێری حیزب لە هەردوو لیستەکەدا بەشدار بێ، قەبووڵ دەکەن، بەڵام کاك دوکتور قاسملوو وتی: ئەوە چ دێموکراسی‌یەکە کە هەموو کەس هەقی هەبێ، خۆی لەگەڵ لیستێك ببینێتەوە کە بتوانێ هاوئاهەنگو هاودەنگ بێ لە گەڵیان، بەڵام سکرتێری حیزب ئەو مافەی نەبێ؟!

لە وتەی وتەبێژەکانی دژی لیستەی فیکس تەنیا وتەی دوو کەس بە نموونە دێنمەوە بۆ ئەوەی لە درێژەی باسەکەدا روون بێتەوە کە هەڵوێستی موخالیفانی لیستەی فیکس چۆن بووە. جارێ حسەین مەدەنی لە وتەکانیدا رایگەیاند کە ئامادەیە گسکی بەر دەرکی ماڵی دوکتور قاسملوو بدات ـ کە ئەمە لە کاتی خۆیدا دوای جیابوونەوەیان، لە رادیۆ دەنگی کوردستانەوە بڵاو کرایەوە ـ نموونەی دووهەم کاك جەلیل گادانی هۆی دژایەتیی خۆی لەگەڵ لیستەی فیکس دا باس کرد کە بەهۆی ئەوەی هەر لە ئێستاوە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دیاری کراون، ئەو ئامادە نیە لیستەی فیکس قەبووڵ بکا. کاك جەلیل لە کتێبی "50 ساڵ خەبات"ی خۆیدا سەبارەت بە کۆنگرەی حەوتەمیش نووسیویەتی کە هەڵبژاردنی دەفتەری سیاسی دە تا دوازدە رۆژ خرایە دواوە بۆ ئەوەی باندبازی بکەنو نەهێڵن مرۆڤە دڵسۆزەکان بێنە دەفتەری سیاسی. لێرەش دا مەبەستی کاك جەلیل ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی ئەگەری بە ئەندام نەبوونی دەفتەری سیاسی کاك جەلیل هەیە، کەوابوو باندبازی کراوەو هەروەها دڵسۆزەکان ـ کە دەبێ خۆی بێ ـ بۆ دەفتەری سیاسی هەڵنەبژێردرێ. لە کۆنگرەی هەشتەمیش دا بە پێی قسەکەی، گیروگرفتی کاك جەلیل دێموکرات بوون یا بوونی لیستەی فیکس نەبوو، بەڵکوو گرفتی کاك جەلیل پۆستی داهاتووی خۆی بوو.

موخالیفانی لیستەی فیکس لە وتەکانیان دا، رایان دەگەیاند، لەبەر ئەوەی لیستەی فیکس دێموکراتیك نیە، کەوابوو دژی هەڵبژاردن بەشێوەی لیستەی فیکسن. لە کاتێك دا هەڵبژاردن بە شێوەی لیستەی فیکس یەکێك لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی دنیای پێشکەوتووو دێموکراتەو تازە لە کۆنگرەدا شێوەی هەڵبژاردن خرایە بەر نەزەری کۆنگرەو کۆنگرە رازی بوو کە هەڵبژاردن بەشێوەی لیستەی فیکس بێ. لێرەدا پرسیار لە موخالیفانی لیستەی فیکس ئەوەیە،

ئەگەر کۆنگرە لیستەی فیکسی وەك شێوەی هەڵبژاردن پەسند نەکردبا، دێموکراتیك بوو؟!

گرفتی کاك دوکتور قاسملووو کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی لە کومیتەی ناوەندی کە لە کۆنگرەش دا باسی لێوە کرا، جووڵانەوەی عەشیرەتیی کۆمەڵێك لە ئەندامانی رێبەریی حیزب بوو کە پاشان "رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ؟!"یان پێك هێنا. پاش پەسندکرانی هەڵبژاردن بەشێوەی لیستەی فیکس، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی کۆنگرە، لیستەیەکی 25ی کەسیی ئامادە کردبوو کە بەهۆی نەبوونی لیستەی دیکە راگەیەندرا. شێوەی دەنگدان بەو لیستە، موافق، موخالیفو بێلایەن (ممتنع) بوو. لە لیستە 25 کەسیـیەکەدا، شەش کەس لەوانەش کە پاشتر لەگەڵ رەوتی موحالیفانی لیستەی فیکس رۆیشتن، ناویان هەبوو کە هەر لەوێ رایانگەیاند بەهۆی ئەوەوە کە موخالیفی لیستەی فیکسن، بەشداری لەو لیستەیەدا ناکەن. ئەو شەش کەسە ئەمانە بوون: 1ـ جەلیل گادانی، 2ـ حسەین مەدەنی، 3ـ فەتتاح کاویان، 4ـ سدیق بابایی، 5ـ عوسمان رەحیمیو 6ـ ئەبووبەکر راد. لێرەشدا بۆ مێژوو پێویستە بگوترێ کە کاك سدیق بابایی لە رەوتی لیستەی فیکسدا دەنگی موافق X هەزاریشی داو پاش راگەیاندنی ئەم شەش کەسە کە لە لیستەکەدا بەشدار نابن، 19 کەس لە لیستەکەدا مایەوەو وەك لیستەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی راگەیەندرا کە بە دەنگی نیوە + یەك هەڵبژێردرانو هەر لە درێژەی ئەم لیستەیەشدا ناوی 9 کەس وەك ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هاتبوو کە بێجگە لە سەید برایم کەریمیو مامۆستا گۆران کە ئامادە نەبوون لە لیستەکەدا بەشداری بکەن، 7 کەسەکەی دیکە وەك جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. پێویستە بگوترێ موخالیفانی لیستەی

فیكس لە وتەكانیان دا پاش هەڵبژێرانی كومیتەی ناوەندیی تازە، بەڵێنیان دا كە هاوكاریی كومیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی كۆنگرەی هەشتەم بكەن.

هەر لە سلێمانی بووینو نەگەڕابووینەوە بۆ شوێنی مەقەڕەكانی خۆمان، كە دەنگۆی كۆبوونەوەی مەلا حەسەن رەستگار لەگەڵ موجاهیدینی رەجەوی كە بە ئاواتی لێك بڵاوبوونی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بوون، لە نێو كادرو پێشمەرگەكانی حیزبدا بڵاو بۆوە. كاتێ گەڕاینەوە بۆ مەقەڕەكانی خۆمان، تیپی موخالیفی لیستەی فیكس دەستیان دایە كۆبوونەوەو گێرەشێوێنیو داوای بەستنی كۆنگرەی نائاسایییان دەكرد. كۆنگرەی نائاساییش بە پێی ئەساسنامە كاتێك دەگیرا كە گرفتێك بۆ حیزب پێش هاتبێ كە كومیتەی ناوەندی نەتوانێ چارەسەری بكاو دوو لە سێی ئەندامانی حیزب داوای بەستنی كۆنگرەی نائاسایی بكەن. لە كاتێكدا كومیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی كۆنگرەی هەشتەم، هێشتا یەكەم كۆبوونەوەكانی خۆی نەگرتبووو كارەكانی دابەش نەكردبوو تا روون بێتەوە داخوا دەتوانێ حیزب بەڕێوە ببا یا نە؟ لە لایەكی دیكەشەوە ئەوانەی داوای كۆنگرەی نائاساییان دەكرد، ژمارەیان بە دوو لە سێی ئەندامانی حیزبی نەدەگەیشت، بەڵكوو كەمینەیەكی یەكجار كەم بوون لە نێو حیزبداو دەیانهەویست بەو هەراو هوریایانە بۆچوونی ناڕەواو نادێموكراتیكی خۆیان بەرنە پێش. هەرچی بێ وادیارە كۆبوونەوەكەی بەڕێز رەستگا لەگەڵ موجاهیدینی رەجەوی، بەڵێنیی هاوكاریو یارمەتییان پێ درابوو، بۆیە پاش مانگێك بەرەبەرە لە بۆڵێ كە ناوەندی دەفتەری سیاسیی حیزب بوو، بەرەو قەڵادزێ شۆڕ بوونەوەو لایەنگرەكانیان كەم كەم بەرەو لایان رۆیشتن. رێبەرایەتیی حیزب لەگەڵ زۆربەیان هەوڵی دا كە لە حیزبدا بمێننەوەو درێژە بە كاری حیزبی بدەن، بەڵام وا دیاربوو زۆر بێسوود بوو. بەكورتی تا نیوەی رێبەندانی 66، زۆربەی ئەندامەكانیان رۆیشتنە خوارێو پێوەندیی خۆیان لەگەڵ لایەنەكان تەواو كردبوو، بەڵام بۆ لە 67/1/1دا "رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"یان راگەیاند؟ پرسیارێكە كە تا ئێستا بێ وەڵام ماوەتەوە.

ئەوەش بڵێم کە لە نێو ئەو کۆمەڵە کەسەدا کە پاشتر ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ایان پێك هینـا، نەك هاوبیروباوەڕ نەبوون، بەڵکوو لە شێوەی کاریش دا جیاوازییان هەبوو. من تەنیا دوو ڕەفیقی خۆم کاك سدیق بابایی و کاك عومەر شەریفزادە بە نموونە دێنمەوە. کاك سدیق تا ئەوێ من بـزانم نەك هەر بڕوای بـە کۆمــەڵێك لـەو برادەرانــە نـەبوو، بـەڵکوو زۆر دژی شـێوەی بـەڕێوەبردن و کارکردنیان بوو. کاك عومەر شەریفزادەش هەر دوو ڕۆژ پێش لەوەی ئەویش ڕاگەیەندراوی خۆی بدات، سەردانی کردم کە ئەودەم بەرپرسی مەڵبەندی شومال بـووم و پێکـەوە ڕۆیـشتینە گـەلی عەلی بەگ و خەریکی بیرە خواردنەوە بووین. ئەوەی کاك عومەر بەو برادەرانە کە نـاوی خۆیـان نابوو "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ!" و ئێمە بە لادەرمان دەزانین، دەیگوت!! مـن بـۆ خـۆم شـەرمم دەکرد و چەند جارێکیش داوام لـێ کرد ئـەو وشـانە دووپـات نەکاتـەوە. لـە ڕاگەیانـدنی هـۆی جیابوونەوەیان کە وەك گوتم 67/1/1 بڵاوکرایەوە 10 خاڵیان ریز کردبوو کە لەو 10 خاڵەدا، زۆر ڕێکخراوی دژی حیزبی دێموکراتیان ڕازی کردبـوو. بـۆ وێنـە نـاکۆکی و کێـشەی حیـزب و موجاهیدین لەسەر وتوویژ لەگەڵ ڕێژیم بوو، موجاهیدین پێی وابوو کە حیزب نابێ لەگەڵ ڕێژیم وتوویژ بکا، حیزبیش ئەمەی قەبووڵ نەدەکرد و پێی وابوو ئەگەر ڕۆژێك ڕێـژیم بێتـە سـەر ئـەو باوەڕە ـ جا بەهەر هۆیەك بێ ـ وتوویژ لەگەڵ حیـزبدا بکـا، حیـزب دەبـێ وەك شـێوەیەك لـە خەبات، وتوویژ ڕەد نەکاتەوە.

دیارە ناکۆکیی حیـزب و موجاهیـدین تـەنیا مەسـەلەی وتوویـژ نـەبوو، بـەڵکوو نـاکۆکیی سـەرەکیی حیـزب لەگـەڵ موجاهیـدین، پـاوانخوازیی موجاهیـدین لـە "شـووڕای بـەرگریی نیشتمانی"دا بوو، هەرچی حیزب بوو داوای دەکرد، شـووڕا ئۆرگـانێکی هـەبێ کـە سیاسـەتی داهاتووی شووڕای تێدا ڕوون بکرێتەوە و ڕێگا بدرێ هێزی دیکەش بێنە نێو شووڕاوە و کۆمــەڵێ پێشنیاری دیکە بۆ دێموکراتیزەکردنی شووڕا، بەڵام، موجاهیدین لـە کـاتی خۆیـدا وتوویـژی حیزبیـان کـردە بیـانووو هـۆی کێـشە و نـاکۆکیی حیـزب و موجاهیـدین کـە لـە بنـەڕەتدا دێموکراتیزەکردنی شووڕا بوو، باس نەدەکرد. جا ئەم بەڕێزانە کە ئـەم خاڵـەیان کردبـوە خـاڵی لاوازی حیزبی دێموکرات، هە ئەو کەسانە بوون کە لـە کـاتی داڕشـتنی ئـەو سیاسـەتانەدا لـە

ڕێبەریی حیزبدا بوونو نەك دژی وتوویژ نەبوون، بەڵكوو كاك حەسەن ڕەستگار ـ "سردمدار"ی ئەو هاوڕێیانە ـ یەكێك لە لایەنگرانی ئەسڵیی وتوویژ لەگەڵ ڕێژیم بوو، بەڵام ئەمەیان بۆ هێنابوو، دیاربوو بۆ ڕازیكردنی موجاهیدینو، كێ دەزانێ، ڕەنگە یەكێك لە مەرجەكانی موجاهیدینیش بووبێ بۆ بەڕەسمیناسینی هاوڕێیان.

خاڵی دیكە، باس بوو لەسەر ئەوە گۆیا حیزب لە جیاتی دۆستایەتی لەگەڵ حیزبو ڕێكخراوەكان، دوژمنایەتیی كردوون كە دیارە ئەمەشیان ڕاست نەبوو، چونكە جگە لە موجاهیدین كە دەیهەویست بڕیاراتی حیزب بەدەستی موجاهیدین بێو كۆمەڵە كە تیئۆریی سێ گۆشەی شەڕی لە كوردستانی ئێران دانابوو، حیزب لەگەڵ هیچ ڕێكخراوێكی دیكە دژایەتیی نەبوو. بۆ پێوەندی لەگەڵ هەردووی ئەم ڕێكخراوانەشدا، ئەو بەڕێزانە لە داڕشتنی سیاسەتی حیزبدا نەخشیان هەبوو، چون وا نیە لە حیزبی دێموكراتدا كەسێك بە تەنیا سیاسەتێكی داڕشتبێ، بەڵكوو هەموو بڕیارەكان بڕیاری بە كۆمەڵ بوونو كەس ناتوانێ خۆیان لێ دەرباوێ. وەك گوتم: ئەمەشیان هەر بۆ ڕازیكردنی موجاهیدینو كۆمەڵە بووە. باقیی خاڵەكانیش بگرە هەر بەم چەشنە بوون. لەو خاڵانەدا بانگەشەیان دەكرد كە دوكتور قاسملوو هەموو سەروەتو سامانی حیزبی بۆ خۆی بردوە. دوكتور قاسملووش دوای شەهیدبوونی وەسیەتنامەیەكی لە خۆی بەجێ هێشت بوو كە هەرچی هەیەتی هی حیزبی دێموكراتەو هیچ سەرمایەیەكی شەخسی نیە. ئێستاشی لەگەڵ بێ، خێزانی شەهیدی نەمر، دوكتور قاسملوو، بە یارمەتیيەكی كەمی وڵاتەكەی دەژیو حیزبیش هەر لە سایەی ئەو دوورئەندێشیو زاناییيەی دوكتور قاسملوودا دەژیو درێژە بە خەبات دەدا. ئەگەر كەسێكی وەك دوكتور قاسملوو مشووری داهاتووی حیزبی نەخواردباو ئەو سەروەتو سامانە نەدەبووو نە لە توانای كەسی دیكەش دا بوو بەو چەشنە مشووری داهاتووی حیزب بخۆا، بۆیە دەبێ ئەم وەسیەتنامەیەی دوكتور قاسملوو وەڵامێكی باش بێ بۆ ئەو كەسانە كە ئێستاش لە سێبەری دوكتور قاسملوودا دەژینو ئەودەم كاك دوكتوریان بەوە تاوانبار دەكرد كە لە داهاتی حیزب بۆ بەدیهێنانی مەبەستەكانی خۆی كەڵك وەردەگرێ.

پاش گەڕانەوەمان لە کۆنگرە تا پێکهاتنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی بۆ دابەشکردنی کار، من هەر لە کومیتەی شارستانی شنۆ بووم. لە شنۆ چەند کەسێك کە دژی لیستەی فیکس بوون، دەستیان دابووە پڕوپاگەندەو گێرەو کێشە تا ئەوە چەند جارێك رێنوێنی کران، بەڵام سوودی نەبووو هەر درێژەیان بە کاری ناڕەوای خۆیان دەدا تا لە دابەشکردنی کاردا من لە شنۆیە نەمامو کاك عومەر حەمیدی وەك بەرپرسی ئەم کومیتەیە دیاری کرا. 5 کومیتەی مەڵبەندی شومال، مەهاباد، هەورامان، بانەو بۆکان، بەرپرسیان بۆ دیاری نەکرابوو. لە ئەندامانی رێبەریی حیزبیش تەنیا منو شەهید عەبدوڵڵا شەریفی کارمان بۆ دیاری نەکرابوو. کاك دوکتور قاسملوو وتی: 5 کومیتەمان ماوەو دوو ئەندامی کومیتەی ناوەندیو، گوتی: بە نەزەری من دەبێ ئەو دوو هاوڕێیە بۆ مەڵبەندی شومالو کومیتەی مەهاباد دیاری بکرێن، بۆ سێ کومیتەکەی دیکەش لە کادرەکان دیاری دەکەین. من بۆ خۆم پێم خۆش بوو برۆمە کومیتەی هەورامانو داوام کرد بدرێم بە کومیتەی هەورامان، قەبوولیان نەکرد. لەسەر ئەوەی منو شەهید عەبدوڵڵا شەریفی کامەمان بدرێینە مەهابادو کامەمان شومال، لە کۆمیتەی ناوەندیدا بۆچوونی جیاواز هەبوو. بەشێك پێیان وابوو من بدرێمە مەهاباد، ئەم بەشە بەڵگەیان دەهێناوە لەبەر ئەوەی کاك سدیق بابایی بەرپرسی کومیتەیمەهاباد بووە، لەو کومیتەیە سەرکەوتوو بووەو منیش کە خەڵکی ئەو ناوچەیەم زیاتر لە کاك عەبدوڵڵا شەریفی کە خەڵکی ناوچەی مەهابادە، بەسوودتر دەبم. پاش ئەم باسانە لە کاتی حەسانەوەدا چاوم بە کاك سدیق بابایی کەوت، وتم: باسێکی وا لە ئارادایە، تۆ پێشتر بەرپرسی کومیتەی شارستانی مەهاباد بووی، نەزەرت چیە. وا دیاربوو کاك سدیق ئاگاداری ئەوە بوو کە زۆربەی هەرە زۆری کومیتەی شارستانی مەهاباد، لەگەڵ موخالیفانی لیستەی فیکس حیزب بەجێ دێڵنو ئەگەریش بەجێی نەهێڵن، ئامادەی هاوکاری لەگەڵ بەرپرسی تازە نابن. بۆیە پێی وتم: مەهاباد قەبووڵ نەکەی. لە درێژەی کۆبوونەوەکەی کومیتەی ناوەندیدا، دوایین کەس کاك دوکتور قاسملوو بوو کە لەم بارەیەوە قسەی کرد، و قەت ئەو ساتەم لە بیر ناچێ کە بە پێکەنینەوە وتی: برا ئێوە کە باس لەسەر مەڵبەندی شیمال دەکەن، ئیجازە بدەن منیش وەك شیمالیەك نەزەری خۆم دەربڕم.

وتی: من پێم وایە کاك عەبدوڵڵا شەریفی ناوچەی مەهاباد چاك دەناسێ با لـە مـەهاباد بـێ،و کاك تەیمووریش کە خەڵکی جنووبە، لە شومالیترین بەشی کوردستان دا بەرپرسـایەتیی بـەڕێوە بەرێ. دیارە موخالیفانی نەزەرەکەی کاك دوکتور لە کومیتەی ناوەندیش دا کەم نەبوون. دواجار کە بوو بە بڕیار پێیان وتین خۆتان تێبینیتـان چـیە؟ مـن وتم: تـازە ئێـوە بڕیارتـان داوەو کـاك دوکتور قاسملووش کە نەزەری ئەوەیە، بەسەر سەر قەبووڵی دەکەم، بەڵام بە پێخۆشـبوونی خـۆم پێم خۆش بوو بگەڕێمەوە بۆ کومیتەی هەورامان. دیارە کاك عەبدوڵڵاش مەهابادی پـێ خـۆش بوو، وتی من قسەیەکم نیە. دوای دابەشین، لە یەکـەمین دەرفـەت دا لـە کومیتـەی شارسـتانی شنۆیە لەگەڵ کاك عومەر حەمیـدی بەرپرسـی تـازەی کومیتـەی شارسـتانی شـنۆیە، پاکانـە حیسابم کرد. بەهۆی ئـەوەی کـاك عومـەر بۆخـۆی پـێش لـەوەی ببێتـە بەرپرسـی کومیتـەی شارستان، بەرپرسی بەشی ماڵیی کومیتەی شنۆ بوو، پاکانەحیسابەکەمان زۆری نەکێـشاو زوو کۆتایی پێهات.

لە پاش گەڕانەوەماندا لە پلینۆم باسی دابەشکردنی کارم بۆ موراد ئەحمـەدی کـە فەرمانـدە هێزی کێلەشین بوو کرد. دابەشکردنی کارەکـەی زۆر پـێ بـاش بـووو لـە پلینـۆمی کومیتـەی ناوەندیدا سێ کەس لە فەرماندەکانی حیزبمان وەك موشاوێری کومیتەی ناوەندی دیاری کـردن: کاوە بەهرامی، سەید ڕەسووڵ ئەحمەدی، ئەحمەد نستانی[1] کە بـۆم بـاس کـرد فـەوری ڕەنگـی گۆڕاو پرسی کەسی دیکە کاندیدا نەکراوە،؟ منیش وتم: با، بەڵام تەنیا ئەو سێ کەسە دەنگیـان هێنایەوە. زۆری پێ ناخۆش بووو چەند سەعاتێکی بەسەردا تێنەپەڕیبوو تەماشام کـرد مـوراد کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکانی لە خۆی کۆ کردۆتەوەو دەڵێ هەڵبژاردن لە کۆنگرەدا نادێموکراتیك بووە، کومیتەی ناوەندی واو... تا دەهات زیاتر دەنگی هەڵدەبڕی. منیش بانگم کردو چـووینە سەر بانی کومیتەی شارستان، پێم وت: براگیان! ئـەو خـەڵك کۆکردنـەوە بـاش نیـە، تـۆ هـەر قسەیەکت هەبووە، لە کۆنگرەدا کردووتە، ئێستا باش وایە هاوکاریی ئەو کومیتەی ناوەندییـە

[1] - موشاویرەکانی هەڵبژێردراو 5 کەس بوون: ئەو سێ کەسەو شاهۆ حسەینیو عەبدوڵڵا عێزەتپوور بوون.

بکەی، بزانی چۆن دەڕواتە پێشێ. ئەگەر نەیتوانی کارەکانی بکـا، خـۆ ئـەوە کـۆنگرەی دیکـە هەیەو دەتوانی لە کۆنگرەی داهاتوودا هەموو ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لـێ بخەیو کەسانی دیکە بـە کومیتـەی ناوەنـدی هەڵبـژێری. تـا دەهـات دەنگـی بـەرزتر دەکـردەوە، دەیگـوت: نادێموکراتیكو ناڕەوایە، دەتهەوێ بە زۆری بـە سـەرمدا بـسەپێنی؟ منـیش وتم: نـا. هـەر دوو سەعات پێش بوو باسی دابەشکردنی کارم بۆ کردی، زۆرت پێ باشو شۆڕشگێڕانە بوو تا نـاوی موشاویرەکانم نەهێنابوو. بەکورتی هەر کەس مـوراد ئەحمـەدی بناسـێ، دەزانـێ چ مرۆڤێکـی ئینکارە، بۆ ئەو ئینکاریەی جارێـك لـە سـەر سـنوور بـووین، هاوڕێیـەکی پێـشمەرگە کـە فەرماندە لك بوو بەناوی یوسف کاموسی کە کوڕێکی زۆر بـاشو خۆشەویـست بـوو،و ئـەویش لەگەڵ کاروانی دژ بە لیستەی فیکس کەوتو بە داخەوە پاشان شەهید بـوو. ڕۆژێـك قلیـانێکی کڕیبوو لەگەڵ هێندێ تووتنی خۆش بۆندا، کاك عەولا فەتاحی وتی: تەیموور بـا لـە لای مـوراد بلێین بە یووسف ئەو قلیانە بۆ کێ هاتوەو کێ هەڵیگرتوە، مـوراد دەیکاتـە هـی خـۆی. کـاك عـەولا فەتاحی هەم ئەندامی کۆمیتەی شارستان بووو هەم کادری سیاسیی ئـەو لکـە کـە مـام یووسف فەرماندەلکی بوو. یووسفیش بە پێکەنینەوە دەیگـوت: وازم لـێبێنن، بـەخودای لـێم دەستێنێ. کاك موراد هاتو دانیشت، من لە کاك عەولام پرسی ئەرێ کاك عـەولا ئـەو قلیانـە جوانە بەو تووتنە خۆش بۆنەوە کێ بۆ مـام یووسـفی هێنـاوە؟ یووسـفیش پـێ دەکـەنی. کـاك عەوڵلاش وتی: کورە قلیان بۆ کەسێکی دیکە هاتوەو یووسف دەسـتی بەسـەردا گرتـوەو کـاك موراد ئەحمەدییش هەر ئەمەی بیست، وتی: خۆم دەزانم کێ بۆی هێناوم. چەند ئادرەسـێکی داو لەو ڕۆژەوە قلیانەکەی یووسفی بە هی خۆی دەزانی کە مام یووسـف داگـیری کـردوەو تـازە بـە کەسیش رازی نەدەبوو کە ئەو قلیانە هی ئەو نیە.

پاش پاکانەحیسابم لەگەڵ کومیتەی شارستانی شنۆ، لەم کومیتەیـەدا حیـسابی میـوانم بـۆ دەکرا، بەڵام قسەو باس هەر درێـژەی هـەبوو،و منـیش لەسـەر داوای دەفتـەر چـوومە بیـشێ (ناوەندی دانیشتنی مەڵبەندی شومال)و لەگەڵ مەڵبەنـدی پێـشوو (کـاك عـەلی کاشـفپوورو شاپوورو ڕەحیم ساڵحزادەو عیسمەت عەبدی) لەسەر چۆنیەتی وەرگرتنی مەڵبەند قسەم لەگەڵ

کردنو گەڕامەوە بۆ دەفتەر. کاك دوکتور قاسملووش وتی: جاریّ مەڵبەند تەحویل مەگرە تا خۆم دێم بۆ گرتنی کۆنفرانسەکانو پاش هەڵبژاردنی مەڵبەندی تازە، مەڵبەند وەربگرە. منیش وتم: باشە،و لە دەفتەر مامەوە تا رۆژێك پێی راگەیاندم برۆ بۆ کومیتەی شنۆ کە لە مام خەتیب بووو، بە مەڵبەندی شومالْ رابگەیەنە کە فلانەرۆژ بۆ هەڵبژاردنی کومیتەکانیان دێم. منیش گەڕامەوە بە کاك عومەر حەمیدی، بەرپرسی شنۆ کاك مەحموود دەشتی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بووو وەك ئەندامی مەڵبەندی شومالْ کاری بۆ دیاری کرابوو، ئاگادار کردەوە کە لە فلانە رۆژدا بۆ گرتنی کۆنفرانسەکان دێینە لاتان، بەلام ئێوە رۆژەکەی رامەگەیەنن، تەنیا بڵێن لەم حەوتوویەدا کۆنفرانس دەگیرێ، با کەس بە هیچ شوێنێكدا نەڕوات،و گەڕامەوە بۆ دەفتەر. لە رۆژی دیاریکراوو لە خزمەتی کاك دوکتور قاسملوودا بەرەو کومیتەکانی شومالْو شنۆ گەڕاینەوە. ئەودەم کومیتەی شنۆ بەهۆی موراد ئەحمەدیو کەمالْ شێخیو چەند کەسێکی دیکەوە هێندێك ئالۆز بوو. لە رێگادا پێشنیارم بە دوکتور قاسملوو کرد با لە پێش دا کۆنفرانسی مەڵبەندی شومالْ بگرین کە ئالۆزیی تێدا نیە بۆ ئەوەی کۆنفرانسەکە سەرکەوتوو بێو شوێن لەسەر کۆنفرانسی شنۆیەش دابنێ. کاك دوکتور قاسملوو وتی: نا ئەوەڵ کۆنفرانسی شنۆیە دەگرین، پاشان کۆنفرانسی شومالْ. دیارە برادەرێکی کۆمیسیۆنی سیاسی ــ نیزامی کە پێم وایە سەید برایمی هاشمی بوو، لەگەڵماندا بوو. من جارێکی دیکە پێشنیارەکەی خۆم دووپات کردەوەو نیگەران بووم لەوەی لە کومیتەی شنۆیە گیروگرفتمان بۆ پێك بێ، بەتایبەت چونکە دوکتور قاسملوو کۆنفرانسەکەی بەرێوە دەبرد، پێم خۆش نەبوو کەمترین گیروگرفت بێتە پێشێ. دیسان کاك دوکتور پێی گوتم: نیگەران مەبە، کۆنفرانسەکە دەگرینو زۆریش سەرکەوتوو دەبێ. بە ماشینە لاندکرۆزێرەکەی سکرتێرەوە کە گەیشتینە بەرامبەر گوندی مام خەتیب تەماشام کرد ژنو پیاوو منداڵ کە دوکتور قاسملوویان دیت، هێندێك بە پێخاوسیو هێندێك لە توّی ژێرکراسێكدا بە هەڵاتن هاتنە پێشوازیمانەوە. دیارە پێشتر کاتی بەرێوەبردنی کۆنفرانسەکانمان دیاری نەکردبوو، تەنیا وتبوومان لە حەوتووی داهاتوودا بۆ بەرێوەبردنی کۆنفرانسەکان دێین. کە ئەم دیمەنەم دیت، نیگەرانیيەکەم نەماو زانیم کە لە کۆنفرانس دا گیروگرفتێکی ئەوتۆمان نابێ،

بۆیە چوینە كومیتەی شارستان. كاتـژمێر نزیكـەی 3ی دوانیـوەڕۆ كـاك دوكتـور لـە بـەردەم كومیتەی شارستان‌دا كۆبوونەوەیەكی بۆ كادرو پێـشمەرگەكان گـرت كـە ئـەم كۆبوونەوەیـەش كاریگەریی خۆی هەبوو. دوو سێ نەفەر نەبێ كەس قسەو باسێكی نـەبوو. بـە كـورتی ئێـوارە وەختان كۆنفرانسمان گرت‌و كۆنفرانس بە ژمارەیەك دەنگی زۆرەوە كومیتەی شارستانی تازەیان هەڵبژارد. منیش لە كۆتایی كۆنفرانـسەكەدا ماڵئـاوایی یـەكجاریم لـە هاوڕێیـانی كومیتـەی شنۆیە كردو سپاسی هاوكاری‌و دڵسۆزیانم كرد لە ماوەی ئەو یەك ساڵەدا كە من لـەو كومیتـە شارستانە بەرپرس بووم.

ئێوارەش كاك عەلی كاشفپوورو كاك مەحموود دەشتیم ئاگادار كردن كە بەیانی لە خزمـەتی كـاك دوكتـور قـاسملوودا دێینـە "بێـشێ" بـۆ گرتنـی كۆنفرانـسی مەڵبەنـد. بـەیانی زوو پێشمەرگەكانی شوماڵ سەر ڕێگای "بیشێ ـ مام خەتیب"یان كە نزیكەی 3 كیلۆمیتر دەبـوو، كۆنترۆڵ كردبووو هەر لە ئێوارەشەوە نیگابانیان بۆ سەر ڕێی جادەكە نـاردبوو بـۆ ئەگـەری مـین دانانەوەو شتی لەو بابەتە. بەكورتی تەواوی لایەنەكانی ئەمنیەتی‌یان بەڕێوە بردبوو. بەیانی لـە كومیتەی شنۆیە ماڵئاوایی‌مان كردو بەرەو مەڵبەندی شوماڵ وەڕێ كەوتین. پێـشمەرگەكان بـە ماشینێكەوە كە "بی.كەی.سی"ی لەسەر دابەسترابوو، هاتن بە پیرایی‌مانەوەو كەوتنـە پێـشی ماشینەكانی ئێمە. كاك دوكتور قاسملوو كە چاوەدێرەكانی جادەكەی دەدیت، زۆری كـەیفی پـێ ساز بوو. پـێش لـەوەی بگەینـە مەڵبەنـدی شـوماڵ، عـەلی كاشـفپوور، شـاپوور شـوجاعی، عیسمەت عەبدی‌و ڕەحیم ساڵحزادە كە پێشتر ئـەم مەڵبەنـدەیان بـەڕێوە دەبـرد، لەگـەڵ چـوار پێشمەرگەی دیكە كە سەرجەم ببـوون بـە 8 كـەس، بـە جێیـان هێـشتبووو هـەڵاتبوون، كـە گەیشتینە مەڵبەندیش باقیی پێشمەرگەكان بە ریـز ڕاوەسـتابوون‌و دوكتـور قـاسملووش وێـڕای دەسـت لێدانـەوە لەگـەڵیان‌و ئەحواڵپرسـی‌یان، ڕێنـوێنی كرایـە بنكـەی مەڵبەنـدو دوای حەسانەوەیەكی كورت‌و چایی خـواردن، بـە كادرەكانمـان ڕاگەیانـد كـە كـاك دوكتـور قـاسملوو دەیهەوێ كۆبوونەوەیەك بۆ كادرو پێشمەرگەكان بكات. كادرو پێشمەرگەكان لـە هـاتنی كـاك دوكتور قاسلموو بەڕادەیەك خوشحاڵ بوون كە دەسـتیان بـە هەڵپـەڕكێ كردبـوو. لەگـەڵ كـاك

دوكتور قاسملوو رۆیشتینە سەر بانی مەقەڕەكان كە بینایەكی گەورەی دەوڵەتی بوو. لەم گوندەدا هەر ئەم بینایە بە ساغی مابۆوە كە پێشمەرگەكان لەسەری داوەتیان گرتبووو كاك دوكتور قاسملووش لەگەڵ پێشمەرگەكان دەستی گرتو هەڵپەڕكێی شومالێی دەست پێ‌كرد. وێنەی ئەم هەڵپەڕكێیە ئێستاش هەیە. پاش چەند دەقیقەیەك داوامان لێ‌كردن كۆتایی بە هەڵپەڕكێ بێنن تا كاك دوكتور قاسملوو قسەكانی بكات. لەگەڵ چەند قسەیەكی دوكتور قاسملوو پێشمەرگەكان دەستیان دەكرد بە چەپڵەلێدانێكی بێ‌بڕانەوە. پاش ئەم چەپڵەلێدانە گەڕاینەوە ناوەندو سەر لە ئێوارەی ئەو رۆژەش كۆنفرانسی شومالمان پێك هێنا. لەبەر ئەوەی بەرپرسانی پێشوو لەوێ نەبوون، هیچ راپۆرتێك پێشكەش نەكراو راست چووینە سەر هەڵبژاردنی ئەندامانی مەڵبەند. لێرەدا مەلا رەسووڵ لەشكەریو دوكتور شوان كە تەمەنیان لە سەرێ بوو، خۆیان كاندیدا كرد، چەند لاوێكیش خۆیان كاندیدا كردبوو. كاك دوكتور داوای لە مەلا رەسووڵ لەشكەری كرد بكشێتەوەو رێگا بدات لاوەكان هەڵبژێردرێن. مەلا رەسووڵ قەبووڵی نەكرد، بۆیە لە كاتی هەڵبژاردن دا كاك دوكتور قاسملوو وتی: من لایەنگری هەڵبژاردنی لاوەكانم. خوا هەڵناگرێ مەلا رەسووڵ تەنیا یەك دەنگی هێناوە كە ئەویش هی خۆی بوو،و دوكتور شوانیش تەنیا 6 دەنگی هێنایەوەو هەڵنەبژێردران، لە كاتێك دا نایب مەشایخی بە ئەندامی مەڵبەند هەڵبژێردرا كە جەوی دۆستایەتیی لەگەڵ عەلی كاشفپوورو... لەسەر بوو. كاك ئەبووبەكر قەدی كوردیش هەڵبژێردرا كە خەڵكی پیرانشار بوو. ئەو كادرو پێشمەرگانەی شومال ئەگەر دوكتور قاسملوو داوای لێ‌كردبان هەركەس هەڵبژێرن نایان نەبوو، بۆیە مەڵبەندی هەڵبژێردراو زۆرتر لە ژێر كاریگەریی كاك دوكتور قاسملوودا هەڵبژێردرا. دیارە لە ماوەی كۆنفرانس دا كاك دوكتور قاسملوو بە بەشدارانی كۆنفرانسی وت: ئێمە ئاواتمان ئەوە نەبوو كە ئەو هاوڕێیانە لێرە بچن، پێمان خۆش بوو مابانەوەو خزمەتیان بە حیزب كردباو ئەگەر قسەیەكی حیسابیشیان هەبا، لێرە باسیان كردبا تا ئێوەش گوێتان لێ بوبایە.

بەم چەشنە ئەندامانی مەڵبەندی شیمال هەڵبژێردرانو منیش بەبێ پاكانەحیساب لەگەڵ كەس، مەڵبەندی شومالم وەرگرت. تەنیا چەند رۆژ پاشی، لیستەی كەلوپەلی مەڵبەندی شیمال كە زۆریش كەم بوو، ناردمەوە بۆ كۆمیسیۆنی ماڵی.

## هێندێك روونكردنەوەی دیكە سەبارەت بە ئاكامەكانی كۆنگرەی هەشتەم

1ـ لە كۆنفرانسەكانی پێش كۆنگرەی هەشتەم، نوێنەرانی كۆنگرە بەشێوەیەكی دێموكراتی هەڵبژێردرابوونو بە هەق نوێنەری هەموو ئەندامانو كادرو پێشمەرگەكانی حیزب بوون. هیچ كەسیش لە كۆنگرە ئیعتیرازی بە شێوەی هەڵبژاردنی نوێنەران نەكردو مەشرووعییەتی كۆنگرەی نەخستە ژێر پرسیار. كەوابوو كۆنگرە هەم سەلاحییەتو هەم مەشرووعییەتی بڕیاردانی لەسەر هەموو گیروگرفتە سیاسیو تەشكیلاتیو نیزامییەكانو، هەروەها لەسەر گۆڕین یا نەگۆڕینی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ هەبوو.

2ـ كۆنگرە پاش باسێكی پڕنێوەڕۆك، بە تێكڕای دەنگ راپۆرتی كۆمیتەی ناوەندیی پەسند كردو بڕیاری پێویست لەسەر گۆڕینی هێندێ لە بەندەكانی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی داو بەم جۆرە یەكیەتیی سیاسیی حیزبەكەمان بە تەواوی دەركەوت.

3ـ لە كۆنگرە پێشنیار كرا كە بۆ هەڵبژاردنی كومیتەی ناوەندی، لیستی سابیت هەبێ. لەسەر ئەم پێشنیارە نوێنەرانی كۆنگرە بە دوورو درێژی وەك موافیقو موخالیف قسەیان كردو كۆنگرە بە زۆربەی دەنگ لیستی سابیتی پەسند كرد. چونكە كۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبەكەمانە، بەم شێوەیە پێشكەشكردنی لیستی سابیت مەشرووعییەتی تەواوی پەیدا كرد.

4ـ شەش كەس لە ئەندامانی پێشووی كۆمیتەی ناوەندیی كە ناویان لە لیستی 25 كەسیدا هاتبوو، داوایان كرد ناویان لە لیستەكەدا بێتە دەرێ. ئیستدلالیان ئەوە بوو كە چونكە دژی شێوەی هەڵبژاردن بە لیستی سابیت دەنگیان داوە، نابێ ناویان لە لیستەكەدا بێ.

5ـ لە ئاکام دا بە زۆربەی دەنگ 19 کەس بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو 7 کەس بە جێگر هەڵبژێردرانز

6ـ با بزانین هۆی ئەوە کە هێندێك لەو کەسانە دژی شێوەی هەڵبژاردن بە لیستی سابیت بوون، چ بوو؟

ئیستدلالی ئەم کەسانە ئەوە بوو کە گۆیا ئەم شێوە هەڵبژاردنە دژی دێموکراسیو دژی پێڕەوی نێوخۆی حیزبە، راست نەبوو. چونکە لەلایەکس لە پێڕەوی نێوخۆدا شێوەی هەڵبژاردن دیاری نەکراوەو لەلای دیکەوە کۆنگرەش وەك بەرزترین ئۆرگان مافی ئەوەی هەبوو کە پێڕەوی نێوخۆش بگۆڕێ.

ئەوە کۆنگرە بوو کە بڕیاری دەدا ئایا هەڵبژاردن بە لیستی سابیت بێ یان بە شێوەی تاکە کەسو، ئەمە نیشان دەدا هیچ شتێکی دژی دێموکراتی رووی نەداوەو کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ بە شێوەیەکی دێموکراتی چەشنی هەڵبژاردنی بە لیستی سابیتی پەسند کرد.

راستی ئەوەیە زۆربەی ئەوانە دژی لیستەی فیکس وەستان، پێیان وابوو لە لیستەی پێشنیارکراودا ناویان نیە کە بە پێشکەشکردنی لیستەکە چەوتبوونی ئەو بۆچوونە بە تەواوی دەرکەوت.

7ـ لیستەکە چۆن ئامادە کرا؟

لە پێشدا کۆمیسۆنی هەڵبژاردن لەگەڵ نوێنەرانی هەموو کۆنفرانسەکان کە نوێنەریان بۆ کۆنگرە ناردبوو، پێکەوە دانیشتنو ناوی هاوڕێیانیان بۆ ئەندامەتیو جێگری کۆمیتەی ناوەندیو هەروەها بۆ موشاویر پێشنیار کرد. لە پاشان راگەیەندرا ئەگەر کەسێك بەشێوەی تاکەکەسی خۆی بۆ کۆمیتەی ناوەندی کاندیدا دەکا، با ناوی خۆی بدا بە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، پاش ئەوە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بە مەشوەرەت لەگەڵ هێندێ لە ئەندامانی بەڕێوەبەری لیستەکەی تەکمیل کردو لیستێکی 25 کەسی بۆ کۆمیتەی ناوەندی ئامادە کرد.

پێش تەکمیلکردنی لیستەکە، سکرتێرو چەند کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب لەگەڵ زیاتر لە 10 کەس لە ئەندامانی پێشووی کومیتەی ناوەندی قسەیان کرد بۆ ئەوە ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندیی تازە قبووڵ بکەن. بە داخەوە هێندێك لەوانە جەوێکی زۆر نالەباریان ساز کردو بە سازکردنی تەحریم "ئابستراکسیۆن" ئامادە نەبوون لەگەڵ کومیتەی ناوەندی هاوکاری بکەن. تەنانەت هێندێکیان پاش قبووڵکردن لەسەر فشاری رەفیقەکانیان پەشیمان بوونەوە!

8ـ لەگەڵ ئەوەشدا دیسان کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بە دروستی زانی کە ناوی 6 کەس لەوانە لە لیستەکەدا بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار بکرێن، بەڵام ئەم شەش کەسەش رایان گەیاند کە ئامادەی هاوکاری لە لیستەکەدا نینو زۆربەیان سوپاسی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنیشیان کرد.

9ـ کۆنگرە بە زۆربەی دەنگ لیستەکەی پەسند کردو یەکێك لە هاورێیانیش کە بە جیا خۆی کاندیدا کردبوو وەك جێگر هەڵبژێردرا کە ئەمە خۆی نیشانەیەکی دیکە لە شێوەی دێموکرات بوونی هەڵبژاردنەکە بوو.

10ـ ئەوانەی دژی شێوەی هەڵبژاردن بە لیستی سابیت بوون، لەڕاستیدا هیچ ئیستدلالیان نەبووو نیشانیان نەدا کە بۆچی ئەم شێوەیە باش نیە. تەنیا ئەوەیان دەگوت کە پێشتر لە حیزبی ئێمەدا شێوەی هەڵبژاردنی تاکەکەسی باو بووەو ئەم شێوەیە تازەیە، بەڵام دەبێ بگوترێ حیزبی ئێمە لە هێنانی زۆر شێوەی نوێی تێکۆشانی سیاسیو تەشکیلاتی دەستپێشخەر بووەو هەموو جارێکیش پاش ماوەیەك بۆ ئەو کەسانە کە پێشتر قانیع نەببوون، دەرکەوتووە کە ئەوە شێوە تازەیانە چەندە بە قازانجی حیزب بوون. نموونەی ئەم شێوە تازەیانە هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیك لە کۆنگرەی شەشەمدا بوو کە زۆربەی ئەم کەسانە لە دژی لیستەی سابیت بوون، ئەو کاتیش لە دژی هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیك وەك ئامانجی دوارۆژی حیزب بوونو ئێستا دەردەکەوێ هێنانی سوسیالیزمی دێموکراتیك لەو هەلومەرجەدا چەندە پێشکەوتوانەو سەردەمی بووە کە ئەودەم لێی تێنەدەگەیشتن.

11ـ هێنانی لیستەی سابیت لە هەلومەرجێكدا بوو كە ناكۆكی لە كومیتـەی ناوەندیـدا لەسەر بێكاریو كەم كاریو بێتەفاوەتیو نان بە قەرزدانو بێ دیسیپلینی لەلایەك، پڕكـاریو دڵسۆزیو ئوسوولێبوونو پاراستنی دیـسیپلین لـە لایـەكی دیكـە بـوو لـە وەزعـی ناسـكی ئەوەدەمدا حیزبێكی شۆڕشگێڕ وەك حیزبی دێموكراتی كوردسـتانی ئێـران نەیـدەتوانی كـە دێموكراسی دیسیپلینی، نەرمیو ئوسوولێبوون پێكەوە بەڕێوە نەچن. راسـتیەكەی ئەوەیـە لەو كاتەدا بەهۆی قوتبێك لە ئەندامانی كومیتەی ناوەنـدی كـە پێـك هـاتبوو و ئەنـدامانی بێكارەو بێتەفاوتو فورسـەت تەڵـەبی لـە بـن بـاڵی خۆیـدا كـۆ دەكـردەوەو بـووە هـۆی بێدیسیپلینیو دڵساردیی زۆر لە هاوڕێیانو هاوكاری زۆر سەختو دژوار بوو. هێنانی لیستی سابیت لەو هەلومەرجەدا ئـەو زەمینەیـەی پێـك دەهێنـا كـە لـە كـۆنگرەدا كەسـانێك بـۆ ئەندامەتیی كومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێن كە تا ڕادەیەك هەماهەنگیو هاوكارییان هەبێو ئامادە بن بەرپرسایەتیەكان بە ئەستۆ بگرن. دیارە مەبەست لە هەماهەنگی ئەوە نەبوو كـە ئەندامانی كومیتەی ناوەندی لەسـەر هـەموو گیروگرفتێـك یـەك نـەزەرو یـەك دەنـگ بـن. پێچەوانەوە لە كومیتەی ناوەندیـدا نـەزەری جیـاوازو نـاكۆكیی بۆچـوون شـتێكی رەوایـە. مەبەست ئەوە بوو ناكرێ هێندێ كەس دڵسۆز بن، دیسیپلینیان هـەبێ، رۆژ تـا ئێـوارە كـار بكەن، هێندێ كەسیش بێتەفاوت، بێ دیسیپلین بنو بێكاردابنیشن. تەنانەت لـەوەش زیـاتر ببن بە هۆی بڵاوبوونەوەی بێتەفاوەتیو بێدیسیپلینیو بێكاری لە هەموو بەدەنەی حیزبدا.

12ـ لە كۆنگرەی حەوتەمدا هەرچەند ئەندامانی كومیتەی ناوەنـدی بـەڵێنیان دابـوو لـە هەر شوێنێك كاریان بۆ دیاری بكەن، بەڕێوەی بەرن. لە یەكەم كۆبوونـەوەی پـاش كـۆنگرەی حەوتەمدا بە بەڵێنیەكەی خۆی پابەند نـەبوون. لـە ئاكامـدا لـە 25 ئەنـدامی كومیتـەی ناوەندی 19 كەسیان لـە دەوروبـەری دەفتـەری سیاسـی مانـەوە. چـوار ئەنـدامو جێگـری كومیتەی ناوەندی تەنیا لە فێرگە نیشتەجێ ببوون كە زۆربەیان كاریان زۆر كـەم بـوو. (لـەو كاتەدا حیزب 15 كومیتە شارستانی هەبوو كە پێویست بەرپرسەكانیان ئەندامی رێبەرایەتی بن، هەربۆیـە لـە كـۆنگرە دنگیـان پـێ درابـوو) بـوونی لیـستی سـابیت لـەو كاتـەدا ئـەم

گیروگرفتەشی چارەسەر کردو ئەوانەی کە دەهاتنە ناو لیستەکەوە، لە پێشدا دەیان زانی بۆ چ کارێك هەڵبژێردراونو لە ئاکامدا هەرکەس خەریکی کاری دیاریکراوی خۆی دەبوو.

13ـ ئەو چەند کەسە بەڵێنیان دا ئەگەرچی نایەنە ناو لیستەکەوە، بەڵام ئامادەن کار بکەن. بەڵام پاشان بە قسەکانی خۆیان وەفادار نەمانەوەو دەستیان دایە تەبلیغات دژی ئاکامەکانی کۆنگرەو ئەو کاتیش سیاسەتی ئێمە واتە رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی هەشتەم بۆ جووڵانەوە لەگەڵ ئەو کەسانە لانی زۆری نەرمی بێلادان لە ئوسووڵ بوو کە ئەو سیاسەتەشمان بەڕێوە برد.

## مەڵبەندی شیمال

پاش بەڕێوەچوونی کونفرانسو هەڵبژێرانی ئەندامانی مەڵبەند، بەرە بەرە دەستمان بە سازماندهی کرد. فەرماندەری هێزەکە دەفتەری سیاسی دیاری دەکردو تا ئەو کات دیاری نەکرابوو، چەند جارێك ئەبووبەکر قەدیکورد داوای لە کاك دوکتور قاسملوو کردبوو کە وەك فەرماندەری هێزی ئاگری دیاریی بکرێ. کاك دوکتور قاسملوو ئەمەی لە گەڵ من باس کرد. من لە سەر ئەو باوەڕە بووم هێزی ئاگری هێزێکی گەورەیەو پێویستە فەرماندە هێزێکی بەتوانا کە خەڵکی ناوچەی شیمال بێ بۆ ئەوێ دیاری بکرێو موخالیفی فەرماندە هێزیی ئەبووبەکر بووم. بەڵام سەرەنجام بە پێچەوانەی مەیلی منو بە پێ داگرتنی دوکتور قاسملوو، ئەبووبەکر قەدیکورد وەك فەرماندە هێزی ئاگری دیاری کرا. لەم سەرقاڵیەدا چەند مەسەلەیەکی دیکە بۆ ئێمە گرینگ بوون. یەکەم: هێزەکانی کوردستانی عێراق لە گەڵ هێزەکانی ئێران هێرشیان کردبووە سەر هەڵەبجەو پێشمەرگەکانی کومیتەی هەورامانو شاهۆو مەڵبەندەکانی 1و 2و کومیتەی بۆکان لە پشتی بەرە (جبهە)دا مابوونەوەو ئەگەری تێداچوونیان بەهێز بوو کە لە لایەك چەند خزمو ژمارەیەکی زۆر ڕەفێقم لە نێو ئەم هێزەدا بوونو لە لایەکی دیکەشەوە ئەم هێزە هێزێکی کارامەو لە هەمان کاتیشدا گوێڕایەڵی فەرمانی ڕێبەرایەتیی حیزب بوونو بە ژمارەی قامکەکانی دەست لە گەڵ جەماعەتی ڕۆیشتوو نەکەوتن، بۆیە زۆر نیگەرانو ناڕاحەت بووم. چەند جارێك چوومە لای کاك دوکتور قاسملووو داوام کرد کارێکی جیدی بۆ دەرباز کردنی ئەو کادرو پێشمەرگانە بکرێ. لە ئاکامداو بە هەوڵو تێکۆشانی دۆستانو خۆڕاگریو قارەمانێتی ئەو پێشمەرگانە لەو گەمارۆیە دەرباز بوون. لە کاتی دەرباز بوونیاندا کاك دوکتور قاسملوو پەیامێکی بۆ لێدام کە هێزەکانمان دەرباز بوونو ئێستا گەیشتوونەتە سلێمانی. ئەمە مزگێنییەکی گەورە بووو بە هاتنی ئەو پەیامە بڕیارم دا ئەو شەوە جێژن بگرمو ئەو کارەشەم کرد. دیارە لەو ماوەیەدا

کە ئەو بەشە لە هێزەکانمان گیریان کردبوو، هێزێکی کۆمەڵەش کە زیاتر لە 100 کەس بوون لە گەڵ هێزەکانی سوپای ڕزگاریدا هەموو تێدا چوونو نەیانتوانی خۆیان ڕزگار بکەن.

پێش لەم هێرشە بۆ سەر هەڵەبجە، "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر" کەوتبوونە هەوڵو تێکۆشان بۆ قسەکردن لە گەڵ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بۆ ئەوەی بەڵکوو بتوانن ژمارەیەکی زیاتر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. تا ئەو کات نێزیك 400 کەسیان لە گەڵ کەوتبوو. لەم کاتانەدا بوو کە سدیق بابایی پەیغامێکی بۆ ناردم کە حەز دەکا چاوی پێم بکەوێ. منیش چوومە لای دوکتور قاسملووو جەریانەکەم بۆ باس کرد کە سدیق داوایەکی وای لە من کردوە. د. قاسملوو گوتی زۆرم پێ خۆشە، ئەگەر چوویتە لای لە لایەن منیشەوە لێی بپرسەو پێی بڵێی کە ئێمە زیاتر لە سەر داوای ئەوو چەند کەسێکی دیکە دەستمان بەو کارەوە داو هەر ئەوان بوون کە گلەییو گازەندەیان بوو کە کۆمەڵێك لێرە خەریکی باند بازین، کار ناکەنو حیزبیان بە فشە گرتوەو داوایان دەکرد کە حیزب چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکاتو ئێمەش بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە، تەنیا ڕێگامان لە دانی لیستەی فیکسدا دیتەوە. پاش چەند ڕۆژ چوومە ڕانیەو چاوم بە کاك کەماڵ کەریمی کەوت کە پێکەوە دۆست بووینو پرسیاری سدیقم لێ کرد وتی چووە بۆ لای سلێمانیو بەم زووانە ناگەڕێتەوە. بە دەم قسەکردنەوە چووین بۆ لای قاوەخانەیەكو کەماڵ دەستی بە قسە کرد، ئەوەی نابێ بیلێی بە زمانیدا هاتو منیش هەر ئەوەندەم وەڵام دایەوەو گوتم: ئێوە چۆن نەبوون بە ئەندامی ڕێبەرایەتی چوونو حیزبتان بە جێی هێشتو لاتان دا. هەر دەهات کەماڵ دەنگی بەرزتر دەکردو منیش پێم خۆش نەبوو لەوە زیاتر درێژە بکێشێ، چۆنکە خەریك بوو خەڵکمان لێ کۆ دەبووەوە هەر بۆیە بە جێم هێشتو کاك سدیق باباییش تا ساڵی 75 کە چوومە ئورووپا چاوم پێ نەکەوت.

شەڕی تەبلیغی لە نێوان ئێمەو جەماعەتی ڕۆیشتوو هەر درێژەی هەبوو. لە مەڵبەندی شیمال، کەسێك بە ناوی محەممەدئەمین کرێت مابووەوە کە لە گەڵ ڕۆیشتوەکان بوو، بەڵام چۆن لە گەڵ ئەوان نەچووبوو ئێمەش هیچ فشارێکمان بۆ نەدەهێنا تا چەند جارێك ڕاگەیەندراوی ئەوانی بڵاو کردەوەو کادرو پێشمەرگەکانیش دەنگی ڕەخنەیان بەرز بووەوەو

دەیانگوت ئەوە كاری محەمەدئەمین كرێتەو هەڕەشەیان دەكرد كە لێی دەدەن، منیش پێم گوتن لە یەك نەفەر قبووڵ ناكەم لە كەس بدات. محەمەدئەمین كرێتم بانگ كردو پێم گوت كە بۆچی ئەو كارانە دەكەی؟ وتی من بڕوام بەوانە. منیش پێم گوت كەوابوو بڕۆ هەر ئێستا كەلوپەلەكەت كۆ بكەوەو وەرەوە تا بە ماشینەكەی مەڵبەندی شیماڵ ڕەوانەی دیانانت بكەمو بڕۆ بۆ لایانو هەر واشمان كرد. پاش ڕۆیشتنی محەمەدئەمین هیچ ڕاگەیەندراوێك نەدەهاتە مەڵبەندی شیمال، بۆیە لەو بارەیەوە شەڕی ئەعسابمان نەمابووو زیاتری كاتەكان خەریكی خۆ ڕێكخستنو خۆ سازدان بووین بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە، لەم لاشەوە كومێسیۆنی سیاسی-نیزامی ڕاگەیەندراوێكی دەركردو 15 كەس لەوانەی ڕەسمەن لە حیزب وەدەرنا.

لە یەكەم كۆبوونەوەی كومیتەی ناوەندی پاش ڕۆیشتنی ئەو تاقمە بڕیار درا كە ئەگەر تاقمی ڕۆیشتوو ناوێكی دیكە جگە لە ناوی حیزبی دێمۆكرات هەڵبژێرن، حیزب نەك دژایەتیان ناكا. تەنانەت ئامادەشە پێوەندی دۆستانەشیان لە گەڵ دابمەزرێنێ. بەڵام ئەگەر پێی دابگرن لە سەر ناوی حیزبی دێمۆكرات ئەو دەم حیزب ڕێگا نادا بەو ناوەوە بگەڕێنەوە بۆ نێوخۆی وڵات. ئەوانیش كە لە گەڵ موجاهدین لە دۆستایەتی زۆر چووبوونە پێشو موجاهدینیش خەونی لێك هەڵوەشاندنەوەی حیزبی دێمۆكراتیان لە مێشكدا بوو، ئامادەی گۆڕینی ئەو ناوە نەبوونو لەوەش خراپتر ناوی سازماندەهییەكەیان هەروەك سازماندەهی حیزب هێشتەوە، بۆ وێنە بۆ شیمال ناوی مەڵبەندی شیمالو ناوی هێزی ئاگرییان هەڵبژارد، بۆ شنۆ كومیتەی شارستانی شنۆو هێزی كێلەشین، هەر ئەو ناوانە كە لە لای ئێمە هەبوون. قسەی سرنج ڕاكێشو جێگای پێكەنینی ئەو تاقمە دوو شت بوو. یەكەم: دەیانگوت فراكسیۆنی شەرفكەندی ـ قاسملوو كە هەموو حیزبی لە گەڵ بووو لە كۆنگرەی هەشتدا دەنگی كونگرەیان پێ درابوو، وەدەر ناوەو لەوەش سەیرتر ئەوە بوو ڕایان دەگەیاند بە قسەی ئەوان گۆیا فراكسیۆن (ئێمە) خەباتی چەكداریمان وەلا ناوە. بۆ ڕاستیو درۆی ئەم گوتەیەیان لەم بیرەوەرییەدا تەنیا تێكۆشانی هێزی ئاگری كە یەكێك لە 18 هێزی حیزبی دێمۆكرات

بوو، دەکەوێتە بەرچاوی ئێوەی بەرێزو دەتوانن قەزاوەتی لە سەر بکەن‌و بزانن ئەو گوتەیەیان تا چ رادەیەك لە گەڵ راستی یەك دەگرێتەوە.

مەڵبەندی شیمال بۆ حەسانەوەی بەرپرسەکانی دیوێکی هەبوو کە لە نهۆمی دووهەم بوو بە بێ ئەوەی نوهەمی یەکەمی هەبێ‌و هەر کە چاوت پێ دەکەوت پێت وابوو ئێستا نە تاوێکی دیکە دەڕووخێ. لەم دیوەدا پاش ڕۆیشتنی مەڵبەندی پێشوو کە نێزیکەی 5 کەس بوون‌و تێیدا دەحەسانەوە، من‌و بێسمچی‌یەك‌و هەمزەی عەبدوڵڵاهی یەکێك لە ئەندامانی مەڵبەندی پێشوو کە ئەویش کاری نەدەکرد دەماینەوە. ئەم دیوە هەم شوێنی کاری مەڵبەند بووو هەم شوێنی حەسانەوە. مەڵبەندی شیمال، کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی قارەمان‌و هەڵکەوتووی هەبوون لە گەڵ کۆمەڵە کادرێکی فیداکار، بەڵام بێ ئەزموون‌و تازە کار. کادرەکان سەردانیان دەکردم، من لە نێو هەموو کادرەکاندا زیاتر داوود جەلیلیم دەناسی. ڕوستەم جەهانگیری، تاهێر سۆفی‌و سەعید گوڵی کە زۆرتر هاتوچوویان دەکردم باسیان لە سەر داوود دەکردو پێداگر بوون کە داوود جەلیلی پیاوی ڕێژیمەو کار بۆ ڕێژیم دەکات. ساڵی پێشوو واتە ساڵی 66 من بەرپرسی کومیتە شارستانی شنۆ بووم‌و زیاتر لە کوێستانەکانی مەرگەوەڕ دەماینەوە. داوود بەرپرسی تیمی تەشکیلاتیی ناوچەی مەرگەوەڕ بوو. لەوێ پێکەوە ئاشنا بووین. ئەو ساڵە بە هۆی دوو کارەوە کە بەرێوەی بردن زۆر چاك کەوتە بەرچاوم بۆیە ئامادە نەبووم قەبووڵ بکەم کە "داوود" پیاوی ڕێژیمەو زۆرتر پێم وابوو نێوان ناکۆکی نێو خۆیانەو زیاتر لەوەش پێم وابوو داوود کادرێکی لێهاتووەو ئێرەیی پێ دەبەن. ئەو دوو کارە کە بەرێوەی بردبوون بریتی بوون لە: یەکەم، خێزانی کاك مەحموود دەشتی کە ساڵی 66 جێگری کۆمیتەی ناوەندی بووو ئەندامی مەڵبەندی شیمال بە ناوی مەخمەر لە لایەن ڕێژیمەوە بە منداڵێکی یەك مانگانەوە تەنیا بە جورمی ئەوە کە مێردەکەی پێشمەرگەیە گرتبوویان‌و لە زیندانیان کردبوو. لە تەقەلایەکدا مەخمەر ئازاد کرا، لە کاك مەحموودم پرسی چۆن ئازاد کرا، وتی داوود لە نێو ڕێژیمدا نەفەرێکی هەیە کە زۆر دەست ڕۆیشتوەو بە هۆی ئەوەوە ئازاد کراوە. ئەمە لە لای من خاڵی بەهێز بوو بۆ داوود.

دووهەم، هەر ئەو ساڵە چەند جارێك داوام لە کادرەکانی کۆمیتە شارستانی شنۆ کرد کە چەند چادرێکمان بۆ بێنن بۆ شاخ. ئەمڕۆو سبەینێ هەر نەیانتوانی، بەڵام داوام لە داوود کرد کە چادرمان بۆ بێنێ لە ماوەی کەمتر لە 48 سەعاتدا چادرەکانی بۆ هێنایەو ئەمەش دیسان بە نیشانەی کارلێهاتووی ناوبراوم لێك دایەوە. بۆیە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نەبووم قەبووڵ بکەم کە داوود لە گەڵ ڕێژیمدا دەستی هەیە. دوای گەڕانەوەمان بۆ ناوچە، داوود بە بەرپرسی تیمی تەشکیلاتیی مەرگەوەڕ دیاری کراو شەهید فاخر ڕەحمانی وەك کادر لە گەڵی بووو ڕوستەم حەهانگیرییش بەرپرسی تیمی گەلی قاسملووو براندیزچای بوو، شەهید کامیلو کەماڵ شەریفی، جەعفەر مەحموودیو تیمی تەشکیلاتیی تەرگەوەڕ بوون.

هەموو تیمە تەشکیلاتییەکان لە هێز جیا بوونەوەو هەر کەس بەرەو شوێنی مەئمووریەتی خۆی ڕۆیشتو ئێمەش لە گەڵ ئەو تیمە پێشمەرگە کە زستانی ئەو ساڵە لە بنکەی زستانە کە لە ژوورەوەی هەوارگەنم[1] لە نوختەی سنووری لە بن شاخی "قەرەخان" لە ئێراندا مابوونەوە، یەکمان گرتەوە. پاش حەسانەوەیەکی چەند ڕۆژەو دیاری کردنی تیمەکانی گومرگو بەڕێ کردنیان بۆ ئەو شوێنانە کە بۆیان دیاری کرابوو لە مەڵبەند کۆ بووینەوەو بڕیارمان دا ببینە دوو دەستە. دەستەیەك لە ناوچەی ورمێ بمێننەوەو دەستەیەك بەرەو ناوچەی سەڵماس وەڕێ بکەوین. دابەش بوونەکەمان بەو شێوە بوو کە کاك مەحموود دەشتی کە لە مەڵبەنددا بەرپرسی کومیتەی ورمێ بوو، وەك بەرپرسی ئەو تیمە کە لە ورمێ دەمایەوە دیاری کراو کاك عومەر بۆکانییش کە تازە درابوو بە مەڵبەندی شیمال بە هۆی لێهاتوویی و ڕابردووی حیزبایەتییەوە وەك ئەندامی مەڵبەندی شیمال دیاری کراو بەرپرسی بەشی ماڵی پێ ئەسپێردراو لە گەڵ کاك مەحموود دەمایەوە. فەرماندەری لکی یەك سەعید گوڵیو لکەکەشی لە گەڵ ئەم دوو هاوڕێیەی ئەندامی مەڵبەند بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری ناوچەی ورمێ دیاری کرانو باقییەکەشمان، منو کاك ئەبووبەکر قەدیکورد فەرمانەدری

[1] گوندێکی کوردستانی تورکیەیە

هێزو کاك نایب مەشایخی ئەندامی مەڵبەندو بەرپرسی کومیتــەی ســەڵماس‌و لکــی دوو کــە فەرماندە لکی نەبووو ئەفەندی جێگر لکی بووو پەلی فەرمانــدەهی‌و پــەلی مەڵبەنــد بــەرەو سەڵماس وەرێ کەوتین. هێشتا لە خانووە ڕووخاوەکانی "کاولان" کــە ڕێــژیم ڕووخانــدبوونی‌و خەڵکەکەشی لەوێ ڕاگواستبوو بەرەو سەلماس نەڕۆیشتبووین کە لە دوای سەفەکەوە بــە هــۆی بێسیم بە من کە لە ناوەڕاستی سەفەکەدا بووم ڕاگەیەندرا کە داوود هــاتوەو دەڵــێ کــارێکی زۆر زەروورم پێ‌یەتی. منیش ڕاوەستام. کە داوود هات پاش چاك‌و چۆنی داوای لێ کردم کــە کارێکی تایبەتی بە خۆم هەیە. منیش چوومە لاوەو داوود وتی کەسێك بە ناوی ئێلهامی لــە لایەن ڕێژیمەوە بە هۆی چەند کەسێك لە ناوچەی مەرگەوەڕ لە گەڵ من تەماسی گرتوەو ڕێژیم داوای وتووێژ لە گەڵ حیزب دەکات[2]. منیش بە بێ بیر لێکردنەوە پرسیم باشە داوود ڕێــژیم کە دەیهەوێ لە گەڵ حیزب وتووێژ بکا ئەوە ڕێگای نزیکتر قەندیلەو لەوەش زیــاتر بــە هــۆی یەکیەتیی نیشتمانی‌یەوە دەتوانێ پێوەندی بە دەفتەری سیاسی‌یەوە بگرێ. ئەویش بە بێ بــیر لێکردنەوە هەر وەك ئەوەی ئەگەری ئەو پرسیارانەیان بۆ لە نــەزەر گرتبــێ، وەڵامــی دامــەوە ئاخر ئەوان پێیان خۆش نیە لە ڕێگەی قەندیل‌و یەکیەتیی نیشتمانی‌یەوە پێوەندی بگرن. چۆن یەکیەتیی نیشتمانی زوو وتووێژەکە ئاشکرا دەکا. ئەم وەڵامەی هێندێك ڕێی تێ دەچوو بۆیــە وتم باشە کە وای لــێ هات من دەبێ پەیام بدەم بە کاك دوکتور قاسملووو بــزانم وەڵام چی‌یە. بۆیە هێزەکەم بەڕێ کردو سەرەتا بیرم لە تیمێکی 4 تا 5 کەسی کــرد کــە بێنێتــەوە. پــاش تەواو بوونی کارەکە پێکەوە بڕۆین، بەڵام وتم نە با جارێ هێزەکە نەڕوات 1 شــەو دوا کــەوین وەڵامەکە دەزانێ، دەبێ چ بکەین؟ بۆیە بە کاك ئەبووبەکرم ڕاگەیاند مــن هێنــدێك کــارم بــۆ هاتۆتە پێشێ‌و دەبێ ئەمشەو بێنینەوەو سبەینێ بڕۆین. لە بەر ئەوەی زۆر لە مەقــەڕەکانمان دوور نەکەوتبووینەوە گەڕاینەوە بۆ مقەڕو بە پــەیام کــاك دوکتــور قــاسملووم لــە مەســەلەکە

[2] ڕۆژی 1367/4/14

ئاگادار كرد. دوای ماوەیەك وەڵامی دامەوە كە پێم وا نیە شتەكە جیدی بێ تۆ بۆ خۆت لە گەڵ ئێلهامی قسە بكە بزانە چ دەڵێ‌و ئەو كات ئێمە ئاگادار بكەرەوە.

منیش وەڵامەكەم بە داوود دایەوە. داوود وتی شتی دیكەشیان وتوە، وتوویانە نەوارێك كە پەیامی ئێمەی بۆ وتووێژ لە سەرە دەنێرین با دوكتور قاسملوو گوێ بداتە نەوارەكەو ئەو دەم نەزەری خۆیمان بۆ بنێرێ. منیش پێم وت جا ئەوە قسەیە. كەم كەم خەریك بوو لە قسەكانی مەشكووك ئەكەوتم. ئەویش زۆر خێرا وتی باشە دەگەڕێمەوە پێیان دەڵێم حیزب مەئمووریەتی بە تەیموور داوە كە قسەتان لە گەڵ بكا بزانێ ئێوە چ دەڵێن تا ئەوان نەزەری خۆیان ڕاگەینن‌و گەڕایەوە. دوای 24 كاتژمێر داوود هاتەوە لامان‌و وتی: وتوویانە شوێنێك دیاری بكەین بە یەكەوە قسە بكەین‌و هەر خۆی درێژەی داو وتی تۆ كوێ دیاری دەكەی؟ منیش وتم من شاخی "میر بەهار" كە شاخێكی زۆر بڵیندەو لە ژێر دەسەڵاتی خۆماندا بوو دیاری دەكەم. وتی ئەوان نایەن بۆ ئەوێ. منیش وتم خۆم منیش نایم بۆ ورمێ. خولاسە ڕێكەوتین لەو دیوی میربەهارو داوود پێی وتم باشە چەند نەفەر لە گەڵ خۆت دێنی. وتم 4 كەس‌و لەو پرسیارانە زۆر مەشكووك كەوتم‌و وتم داوود چوار كەس دێنم ئەگەر یەك لە هەزار پیلان بێ یەكەم كەس تۆ دەكوژین. وتی جا ئەوە چ قسەیەكە بڵێی من خەیانەت بە حیزب بكەم؟ بۆ بڕوات پێم نیەو... گەڕایەوە. منیش زیاترم بیر لێ كردەوەو مەسەلەكەم لە گەڵ مەحموود دەشتی باس كرد. ئەڵبەت نەوەك ئەوەی كە بۆ وتووێژ دەچین، بەڵكوو وتم كابرایەكی ڕێژیم داوای كردوە هاوكاریمان بكات‌و لە شوێنێ دانیشین‌و پێكەوە قسە بكەین. مەحموود دەشتی وتی زۆر باشە. من سەرەتا نەزەرم ئەوە بوو چوار پێشمەرگەی چست‌و چالاك‌و ئازاو خۆم بچین. بەڵام پاشان زۆرتر بە پیلانم دەزانی بۆیە لە گەڵ كاك ئەبووبەكر قەدی‌كوردو نایب قسەم كرد وتم ئێوە بڕۆن بۆ سەڵماس پەلی دێوانە كە جێگرەكەشی بێهڕەنگ بووو پەلێكی یەكجار زوبدە بوو بۆ من جێ بێڵن، منیش دوایی دەگەمەوە پێتان‌و بەڕێم كردن.

ئەوان ڕۆیشتن، منیش لە گەڵ پەلە پێشمەرگەكەو خۆم‌و كاك مەحموود دەشتی‌و ڕۆستەم جەهانگیری‌و تاهیر سۆفی، ڕۆژی قەرار كەوتینە ڕێ‌و پێش لەوەی بگەینە سەر شاخی "میر

بەهار" پێشمەرگەكانم دابەش كردن. ڕۆستەمو بێهرەنگم دیاری كردن كـە لـە شـاخەكە بـچنە خواریٚو بزانن ئەوان چەند كەس هاتوون. هەر چەند كەس هـاتبن ئێمـە دوو بەرابـەری ئـەوان بچینە خوارەوەو بێسیمێكی ئێكۆمیان پیٚ بووو چوونە خوارەوە. ڕۆستەمو تـاهێریش كـە لـە مەسەلەكە ئاگادار ببوون دەیانگوت داوود چ پیلانێكـی بۆمـان هەیـە؟ تـا دەهـات منـیش گومانم لە داوود زیاتر دەبوو. پاش ماوەیەكی زۆر مانەوەی ڕۆستەمو بێهـرەنگ لـەو شـوێنە دیاریمان كردبوو بە هۆی ئـەوەی كـەس نـەهات گەڕاینـەوە بـە دیـوی كاولـە گوندیـداو لـە زومەكانی ئەویٚدا (كۆمەڵە چادرێكی گوند نشینەكان كە دەهاتنە كوێستان، مـەڕدار بـوون) تا ڕۆژی دوایی ماینەوە. لە ڕۆژی دوایدا بوو كە داوود سەرو كەلەی پەیدا بوو. پرسـیارم لیٚ كرد دوێنیٚ بۆ نەهاتن. وتی ئەوان دوێنیٚ نەیانتوانی بەڵام ئەمڕۆ هاتنە میربەهارو چاویان بـە سەنگەرو ئاگر كردنەوەكانی ئێوە كەوت، وتیان وا دیـارە ئـەوان هـاتوون بـۆ شـەڕو لـە داو خستنمان، بە داوودم وت دوێنیٚ 50 پێشمەرگەم لە گەڵ بـووە، ئـەو سـەنگەرانە هـی ئێمـە بوون، لەمەو بە دوا بە 100 پێشمەرگە كەمترەوە بۆ هیچ شوێنیٚ ناچمو پێویست ناكا ئیـدی تۆ بگەڕێتەوەو جارێكی دیكەش بە هەر شێوەیەك لە گەڵ ڕێـژیم تـەماس بگـری لـە حیـزب دەرت دەكەین. وتی زۆر باشـەو لـە گـەڵ ئێمـە كـەوت. ئێمـەش بـەرەو چـادرەكانی دیكـە داگەڕاینو شەو هاتینە هەوار گەنم لە ماڵی مودیر كە ماڵێكی جیا لە ژنو منداڵەكـەی بـوو بارمان خستو دوای نان خواردن نیگابانی شەویان نووسی. هاوڕێیانی بـەد گومـان لـە داوود وتیان داوود ماندووەو نایكەین بە نیگابان، بەڵام داوود قەبووڵی نـەكردبوو. دیـارە مـن بـەم مەسەلەیەم نەزانی. پاش دانانی نیگابان تاهێرو ڕۆستەم تا بەیانی نەخەوتبوونو ئاگایـان لـە داوود بوو. بەیانی كە ڕۆژ بووەوە داوود هاتە لام بۆ خواحافیزیو دەیهەویست بگەڕێتـەوە بـۆ ناوچە. وتی با كاك ڕۆسـتەمیش لـە گـەڵم بـیٚ تـا مەرگـەوەڕ پێكـەوە دەبـینو ئـەویش لـە مەرگەوەڕەوە بچیٚ بۆ ناوچەی خۆی. منیش وتم لە گەڵ ڕۆستەم قسە بكە، ئەگـەر هـات مـن قسەیەكم نیە. ڕۆستەم لەم كاتەدا هاتە لامانو پێشنیارەكەی داوودم پـیٚ وت. وتـی دەتـەویٚ تەسلیمی ڕێژیمم كاتەوە؟ لە بەر ئەوەی خۆشم لە داوود بە گومان كـەوتبووم، هـیچ قـسەیەكم

نەکردو وتم خۆت ئەزانی. بە کورتی داوود بە جێی هێشتین‌و خێزانی مەحموود دەشتی کە ساڵی پێشتر بە هۆی داوودەوە لە زیندان ئازاد کرابوو لە کیوارستان کە زۆمەیەکی سنووری نێوان ئێران‌و تورکیەیە بوو، داوود دەچێتە لایان‌و پاش نان خواردن وتبووی هەر ماوەیەکی دیکە مێردت هەیە، پاشان بێوەژن دەکەوی. بەڵام ئەمەیان دواتر بۆ گێڕامەوەو بە جێ هێشبوون. پاش ئەم مەسەلەیە من لە گەڵ پەلە پێشمەرگەکە بەرەو سەڵماس بە ڕێ کەوتین‌و پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە ناوچەی سەڵماس بە بێسیم ئاگادار کرام کە بە داخەوە عومەر بۆکانی بە هۆی تەقینەوەی مین پێی‌دا چاوو دەستی لە دەست داوەو هەر لەوێش ڕایانگەیاند کە ئەم خەیانەتە لە لایەن داوود جەلیلی‌یەوە بەڕێوە چووەو مەسەلەکەش ئاوا دەبێ: داوود پاش گەڕانەوەی‌و سەر نەگرتنی پیلانی دژی من کە پێشتر بڕیاری تیرۆری منیان ببوو بە نامەیەکەوە کە پێچرابوو بە کاسێتێکی زەبتی سەوتەوە بۆ مەحموود دەشتی ناردبووو لە نامەکەدا نووسی بووی کە گوایە حاجی جەوهەر کە یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکەیەو جاش بوو، پەیامی بۆ مەحموود دەشتی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بوو ناردوەو دەیهەوێ هاوکاری حیزب بکا. مەحموود دەشتی لەوێ نابێ نامەکە دەدەنە دەستی عومەر بۆکانی. عومەریش کە زۆر ئۆگری شریتی گۆرانیی فارسی بوو، پێی وا دەبێ گۆرانیی تازە تۆمار کراوە. بۆیە نامەکەی کاك مەحموود ناکاتەوە، بەڵام کە شریتەکە دەکاتەوە بە داخەوە دەتەقێتەوەو عومەر بۆکانی چاوو دەستی لە دەست دەدا. دوایی کە نامەکە دەکەنەوە نامەی داوود دەبێ. پاش ساڵێك ڕوون بووەوە کە ئەو کاتەش کە داوود بۆ بە ناو وتووێژ هاتبووەوە بۆ لامان لە گەڵ هێزێکی سەد کەسی ڕێژیم هاتبوون‌و بەرنامەیان ئەوە دەبێ کە ئێمە چوار کەسە بگرن‌و بمانبەنەوە بۆ ورمێ‌و لە شاخی ڕووبەڕووی میربەهار ئەو هێزەیان مۆڵ دەدەن. لەو کاتەدا کاروانچی‌یەك کە باری قاچاخی لە تورکیە بۆ ئێران پێ دەبێ بەوێدا تێدەپەڕێ‌و ئەو هێزەو داوود پرسیاری لێ دەکەن پێشمەرگەی لە ڕێگادا نەدیوە. کابراش دەڵێ کۆمەڵێك شکاك کە نزیکەی 200 کەس دەبوون‌و بەرپرسەکەیان کوڕێکی سۆران لە سەر شاخی میربەهار بەرەو ئێرە دەهاتن. بۆیە ئەو ڕۆژەش نەیان وێرابوو بێنە

خوارەوە. هەر لە جەرەیانی كۆنگرەشدا داوود جەلیلی كۆمەڵی عەكسی گوێ بڕاوی 2 كەس كە هاتبوون بۆ پێشمەرگایەتیو كاتی ڕۆیشتنەوەیان بە دەستووری عەلی كاشفپوور گوێیان بڕیبوون ـ كە دیارە لە كاتی خۆیدا لە لایەن كادرو پێشمەرگەكانی مەڵبەندی شومالەوە ڕەخنە لە عەلی گیرابوو ـ بەڵام عەلی ئینكاری كردبووو لە كونگرەی 8 بڵاوی كردنەوە، هەر لەوێ عەلی گوتی من كاری هەڵەم كردوەو ئامادەم بۆ هەر سزایەك كە حیزب دیاری دەكا. بەڵام داوود جەلیلی ئەو عەكسانەی جگە لە ئیتلاعات نەبێ لە كوێ هێناون، بۆیە هەر لەوێ وتی تەواوی ئەو نوێنەرانەی شیمال لێرەن هەر كام هەر قسەیەكم لە سەر بكەن قەیدی نیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم داوود جەلیلی عامیلی ئیتلاعاتی ڕێژیمە. دیارە ڕووداوەكانی دوایە دەریان خست كە داوود جەلیلی كە پێشتر پێشمەرگە بووەو تەسلیم بووەتەوە بەڵێنیی هاوكاری بە ڕێژیم دابوو. كاتێ بۆ جاری دووهەم گەڕابووەوە نێو ڕیزی حیزب هەر لە ڕۆژەكانی یەكەمەوە لە گەڵ ئیتلاعاتی ڕێژیم هاوكاریی كردبوو.

پاش ئەوەی بۆم دەركەوت یا باشتر بڵێم لە نییەتی ڕێژیم مەشكووك بووم بە پەیامێك دوكتور قاسملووم ئاگادار كردەوە بۆ خۆم درێژەم بە مەئمووریەتەكەم داو بەرەو سەڵماس وەڕێ كەوتین. لە ماوەی 2 مانگ مانەوە لە ناوچەی سەڵماسدا، دوو عەمەلیاتی بەرچاومان كردن یەكیان گرتنی پێگەی ڕێژیم لە گوندی "كووران" سەر بە ناوچەی شبیران لە ڕێكەوتی 1367/5/3دا بوو كە 2 پاسدارو 5 جاش سەربازو 4 كەس بە زۆر چەكدار كراویش بە دیل گیران. سەرجەم لەم عەمەلیاتەدا 12 قەبزە چەكی سووكو نیوە قورسو ڕادەیەكی زۆریش فیشەكو موهێمات بە دەسكەوت گیرا كە ڕۆژێك پاش بە دیل گیرانی ئەو كەسانە دوای ڕوون كردنەوەیان سەبارەت بە خەباتی خەڵكی كوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆكرات ئازاد كران. خاڵی سرنج ڕاكێش لەم عەمەلیاتە ئەوە بوو كە پێش لە حەرەكەتی پێشمەرگەكان بۆ دەست بە سەردا گرتنی ئەم پێگەیە لە لایەن كاك عەسكەر عەلیزادە كادری تەشكیلاتی ئەم ناوچەیەوە، هێندێ شناختم پێ دراو منیش لە قسەكانمدا كە فیلمبەرداریان لێ كراوە بە بێ ئەوە گەڵاڵەیەكی لە پێشدا داڕێژراومان هەبێ قسەم بۆ كردنو پێم وتن ئێوە

دەڕۆنە گوندەکەو لە پێشدا بە زۆر چەکدار کراوەکان دەگرنو پاشان ڕوو لە پێگەکـە دەکـەنو ئەویش کە چەند کەسێ پاسدارو جاش سەربازی لێیە دەگرنو دەگەڕێنەوەو دەبـێ ڕەفتارتـان لە گەڵ دیلەکان ئینسانی بێو زۆر قسەی دیکە. جوزئیاتی عەمـەلیاتەکە وا جوانە کە لـە دەم ئەو کەسانەوە بگێڕدرێتەوە کە بەشداری عەمـەلیاتەکە بوون. بـەڵام پـاش گیرانـی پێگەکـەو گەڕانەوەی پێشمەرگەکان چەند پێشمەرگەیەك وتیان باشە تۆ چۆنت زانی وا دەبێ. منیش وتم بەشێکی بە تەجروبەو بەشێکی تەقویەتی ڕۆحیەی ئێوە بوو کە بەختەوەرانە باش دەرهات.

عەمـەلیاتی دووهەم لە ڕێکەوتی 1367/5/17 کەمینێك بوو کە لە ناوچەی سـۆما لـە نێوان گوندەکانی کەوشەونو ئاوسەرو کووران لە نێوان زیاتر لە 10 پێگەی دوژمنو گوردانی (بیدوك) بەڕێوە چوو کە بۆ خۆشم لەو عەمـەلیاتەدا بەشـدار بـوومو لـە ڕاسـتیدا هـاوفکری فەرماندەهی جەبهەکـەم دەکـردو لـە ئاکـامدا ڕنجوورێـكو دوو تویۆتـا کەوتنـە کـەمین کـە هەموویان لێك بڵاو کرانو 8 کەس بە دیل گیران کە پاش تـەواو بـوونی عەمـەلیاتەکـە دوای ڕوون کردنەوەیان لە سەر جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایـەتیی حیزبـی دێمـۆکرات ئازاد کران. دیارە لەم شەڕەدا 12 نەفەر لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران کە جـەنازەی 2 کەسـیان بە ناوەکانی سەیدبیۆك خەلیلی، ستوان یەکەمی پیادە خەڵکی شاهیندژ فەرماندەی گورهـانی بە ناو زەربەتی "محمد رسول الله"و مەهدی روونەفری بۆ پێشمەرگەکان ناسرا. دیارە هاوکات لە گەڵ ئەم کەمینەش لە چەندین پایەگاماندا کە ڕادەی زیـانو خەسـارەتی ئـەم پێگانـەش دیار نـەبوو. هـەر دووکـی ئـەم عەمـەلیاتانـە بـە هـۆی لکـی دووی هێـزی ئـاگریو پـەلی فەرماندەریو پەلی مەڵبەندەوە بەڕێوە چوون کـە زۆربـەی هـەرە زۆری پێـشمەرگەکانی ئـەم واحیدانە خەڵکی ناوچەی سەڵماس بوون. پاش ئەم عەمـەلیاتانە لە گەڵ کاك ئەبووبەکرو کاك نایب قسەم کردو بڕیارمان دا کادرە تەشکیلاتییەکان بۆ بەڕێوە بردنی کاری تەشکیلاتی هەر لەم ناوچەیەدا بمێننەوە بەڵام پێشمەرگەکان بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی ورمێو هێزەکە بخەینە سـەر یەك بۆ ئەوەی چەند عەمـەلیاتێکی بەرچاو بە هێزەکەوە بـەڕێوە بـەرین. دیـارە کـاتی قـسە کردنمان لە گێڕانەوەی هێزەکە نایب دەیگوت باشە ئـەم ناوچـەیە نابـێ پێـشمەرگەی لێ بـێ،

ئێرەش پێویستە عەمەلیاتی تێدا بەڕێوە بچیٚو بە کـورتی دەیهەویـست لکەکـە هـەر لـەویٚ بمێنێتەوە. منیش وتم شتی وا نابیٚ، لك سەر بە هێزەو هێزەکەشمان یەك هێزەو دەبیٚ بکەوێتە سەر یەك تا کاریگەرتر بیٚ. ئەبووبەکریش بیٚدەنگ ڕاوەستابووو قسەی نەدەکرد، ئینسانێکی زۆر بیٚدەسەڵات بوو. تەنیا ئەوەندەی وت کاك تەیموور چەند پێشمەرگەیەك داوا دەکـەن لێـرە بمێننەوەو چاویان بە ماڵی خۆیان بکەویٚ. منیش پرسیم چەند کەسن؟ وتـی 6 کـەس دەبـن. پێم وت باشە با ئەو 6 کەسەش لە گـەڵ کادرەکـان بمێننـەوەو لـە مـاوەی 15 ڕۆژدا مـاڵی خۆیان ببینن‌و بگەڕێنەوە. ئەبووبەکریش قسەی نەبوو. بەڵام لەم قسانەدا بـووین نایـب وتـی کاك تەیموور پێم وا نیە ئەو پێشمەرگانە بگەڕێنەوە بـۆ لای ورمـیٚ. لـە ڕابـردووشدا عـەلی کاشفپوورو مەڵبەندی پێـشوو زۆریـان هـەوڵ دا تێکـەڵیان بکـەن، بـەڵام سـەر نەکـەوتن‌و نەیانتوانی نە پێشمەرگەی ورمیٚ بێننە ئێرەو نە هـی ئێـرە ببەنـە ورمـیٚ. منـیش پـێم وت حەتمەن دەیانبەمەوەو هەر کەسیش نەهات بە ڕادیۆ ڕادەگەیەنین کە پێشمەرگە نیەو بـە کـاك ئەبووبەکرم وت هێزەکە کۆ بکـەرەوەو ئامادەیـان بکـە ئەمـشەو بگەڕێنـەوە. وتـی باشـەو فەرماندەکانی بانگ کردە چادرێك‌و قسەی لە گەڵ کردن. دیار بـوو پـێش ئـەوەی ئەبووبـەکر کۆبوونەوەیان بۆ بکا یا نایب پیٚ وتبوون یا لە ڕێگای ئەبووبەکر بڕیاری مەڵبەندیان زانیبوو. بۆیە کاتیٚ کاك ئەبووبەکر کۆی کردنەوەو دەبوا لە ماوەی نیو سەعاتدا کۆبوونەوەکە کۆتایی پیٚ هاتبا زیاتر لە سەعاتێکی پیٚ چوو نەگەڕاوە لای ئێمە. شـوێنەکەمان نزیـك بـوو. چـووم بزانم چ خەبەرە. تەماشام کرد یەك گوڕە گوڕێکە هەر نەیبینی. بڕێك گوێم ڕاداشـت بـە بـیٚ ئەوەی جەماعەت ئاگای لیٚ بیٚ. تەماشام کرد هەڕەشە لە ئەبووبەکر دەکەن کە ناگەڕێنـەوەو چی‌و چی دەکەن‌و لەم کاتەدا بوو کـە مـن وەژوور کـەوتم‌و سـڵاوێکم عـەرز کـردن. هـەموو هەڵسانەوەو من دانیشتم. لە کاك ئەبووبەکرم پرسی بۆ وا درەنگ کەوتی. وتی برادەران ڕازی بە گەڕانەوە نین. منیش پێشتر بۆم تـەوزێح دان کـە بـۆ دەبـیٚ بگەڕێنـەوەو فایـدەی نـەبوو. پێشمەرگەکان ئەڵێن ناگەڕینەوە. منیش پێم وتن ئێوە پێشمەرگەکانتان تەحریك کردوە ئەگەر نا پێشمەرگەکان دەگەڕێنەوەو لەو کۆبوونەوەیـەشدا یـەك دوو نەفـەر هەڕەشـەیان لـە کـاك

ئەبووبەکر دەکرد کە پێشتر من ئاگام لێ بووو پێم وتــن ئــەوە ئــاخر جارتانــە ئــاوا بــەرخورد دەکەن. جارێکی دیکە نەك هەڕەشە بەڵکوو چکۆلەترین قسەی نامــەربووت بکــەن وەدەرتــان دەنێمو پێم وتن پێشمەرگەکان کۆ بکەنەوە ئەمڕۆ دەبێ تەکلیفی خۆمان ڕوون بکەینەوە، ئێوە یا پێشمەرگەی حیزبنو دەبێ گوێ ڕایەڵی حیزب بن یا سەر بە خۆنو دیسان با حیزب بزانــێ. پێشمەرگەکانیان کۆ کردنەوەو دیسان لە سەر زەرووڕەتی چوونەوە قسەم بۆ کردن. تەنیا چەند پێشمەرگەیەکی خەڵکی ناوچــەی ورمــێ دەیــانگوت دەگەڕێینــەوە. منــیش وتم هــەر کــەس ئامادەیە لە گەڵ من بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی ورمێ بکەوێتە لایەكو هــەر کــەس ئامــادە نیــە بکەوێتە لایەکەی دیکەو لەم کاتانەدا بوو کە دێوانە عەبدوڵلاهی سەرپەلی پــەلی 23 هاتــە ئەم لاوەو وتی من دەگەڕێمەوەو بە کورتی پاش 15 دەقێقە تەقریبــەن هــەموویان ئامــادەی گەڕانەوە بوون. لە نێو جەمعەکەدا جێگر لکێکمــان هــەبوو کــە بــە هــۆی نــەبوونی ســەرلك سەرپەرستی لکەکــەی دەکــرد بــە نــاوی ئەفەنــدی. بۆچــوونم ئــەوە بــوو کــە ئــەو عــامیلی تەحریکیانە. لە بیانوو بووم قسەیەك بکاتو چەکی بکەم. وتی من ناگەڕێمەوە. منــیش پــێم گوت هەر کەس نەگەڕێتەوە تۆ دەبێ بگەڕیتەوە چۆن سەرپەرستی لکەکەی. وتی ناگەڕێمەوەو پێی داگرت. منیش وتم کاتێ دەتــوانی لێــرە بــی کــە پێــشمەرگەی حیــزب نــەبی. ئــەویش چەکەکەی داماڵیو پێی دام. منیش بە بێ سێو دوو کردن لێم وەرگرت. کاك ئەبووبەکر هــەر بێدەنگ بوو. پاش ئەم گێرەو کێشەیە 8 کەس لە پێشمەرگەکان داوای مەرەخەســیان کــردو باقی پێشمەرگەکان وتیان ئێمە هەمووومان ئامادەین بگەڕینەوەو ئەگەر دەکرێ بەو 8 کەســە ئیجازە بدەن تا کارەکەیان تەواو دەبێ لێرە بن. منیش وتم لــە ســەر داوای ئێــوە مــوافقم بــا بمێننەوە، بەڵام بۆ ماوەی 15 ڕۆژو لەوە زیاتر نابێو پاش ئەم قسانە بــەرەو ناوچــەی ورمــێ وەڕێ کەوتین. لەو شەوەدا پێــشمەرگەیەکمان بــە نــاوی ســەلام خــۆی دزیــەوەو دواتــر خــۆی تەسلیمی ڕێژیم کردەوە. دوای ماوەیەك ڕۆێــشتن مــن قــسەم لــە گــەڵ کــەس نــەدەکردو زۆر ئەعسابم داغان بوو. یەکێك لە پێشمەرگەکان بە نــاوی "ســلحۆ" کــە نــاوی ئەســڵی "ســلح الدین"ە ـ ئەم جۆرە ناوانە لە شیمالدا کورت دەکرێنەوە وەك "کشف الدین" کە پێمان دەوت

کەوشوو ـ زۆرم خۆش دەویستو هاتە لام وتی باشە بە زۆر هەموومانت هێنایەوەو ئێستاش هەر تۆ لە ئێمە قەڵسی. بۆ لە گەڵ کەس قسە ناکەی؟ منیش پێ کەنیمو وتم جارێ ئەعسابم زۆر خراپە لێم گەڕێو دوای دوو ڕۆژ گەڕاینەوە بۆ ناوچەی ورمێو پەیامم بۆ کاك مەحموود لێ دا کە بگەڕێنەوە لای وارگەنم تا یەك بگرینەوە، ئەوانیش هاتبوون بۆ ئەو شوێنەو کاتێ لکی دووی هێزی ئاگرییان دەدیت کە گەڕاوەتەوە باوەڕیان نەدەکرد. سەعید گوڵی کە فەرماندەرێکی باشی هێزی ئاگری بوو هاتە لامو وتی باشە چۆن توانیتان ئەم لکە بگێڕنەوە. خۆ تا ئێستاش بۆ خوداش نەدەگەڕانەوە بۆ ئێرە. وتم ئەوە ئەوانم هێناونەتەوە بۆ ئێرەو ئەوەش بزانە کە ئێوەش دەبەم بۆ ئەوێ. سەعیدیش وتی ئەمەت کە توانی بکەی ئەویش دەتوانی.

چوار پێشمەرگەی هێزی ئاگری لە ساڵی 65 کەوتبوونە کەمینی هێزەکانی تورکیەو بە دیل گیرابوونو لە زیندانی تورکیەدا بوون. لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا کە ئێمە لەوێ بووین چەند جارێکمان تەماس لە گەڵ بەرپرسانی مەرزی تورکیە گرتو داوای ئازاد کردنی ئەو چوار پێشمەرگەیەمان لێ کردن، بەڵام دیار بوو هیچ کامیان کارێکی ئەوتۆیان بە دەست نەبوو تا لە مانگی گەلاوێژی 67 کە لە مەرزی تورکیە بووینو هاتوچووی گوندێکی کوردستانی تورکیە بە ناوی دریشکمان دەکرد. لە نزیك دریشك پاسگایەکی تورکیەی لێ بوو، داوامان لێ کرد کە چاومان بە بەرپرسێکی گەورەیان بکەوێ. ئەفسەر وەزیفەیەك لەوێ بووو بەڵێنی دا تەرتیبی شتێکی ئەوتۆ بدات. زۆری پێ نەچوو پەیغامی بۆ ناردبووم بۆ ئەو مەبەستە بڕۆمە لایانو ڕابیتەکەمان کوردێکی تورکیە بوو بە ناوی گولی (گلمهر). لە گەڵ گولی چووینە پاسگا. لەوێ وتی فەرماندەی ناوچەکە سەرهەنگ دوویەکەو داوای کردوە من ببینێ. وتی بۆ ئەم مەبەستە "یوزتەیمەن عومەر" دێتە ئێرەو تۆو گولی لە گەڵ "یوزتەیمەن عومەر" دەچن بۆ لای "مین باشی". وتم زۆر باشەو ڕێکەوتەکەمان دیاری کردو لە ڕۆژی دیاریکراودا کەوتینە ڕێو چووینە چاڵدران نزیکی شاری وانو لەوێ چاومان بە فەرماندەکەیان کەوتو زۆر موحێبەتی پێ کردینو گولێش وەك موتەرجم لە گەڵمان بوو. ئەو

هەر پرسیارێکی لە منی دەپرسی‌و من هەر وەڵامێکم دەدایەوە گولّی بە مەیلی خۆی وەریدەگێڕایەوە. منیش بە هۆی ئەوە کە ئازەریم دەزانی تێدەگەیشتم کە وەڵامەکان ئەو وەڵامانە نین کە من دەیدەمەوە. بۆ وێنە لە پرسیارێك کە ئەو فەرماندەیە لە منی پرسی ئێوە بۆ چی تێدەکۆشن؟ من وتم بۆ هێنانە سەر کاری ڕێژیمێکی دێمۆکراتیك لە ئێران‌و خودموختاری لە کوردستاندا. گولّی هەر بەشە ئەوەڵەکەی دەگوت‌و بە لای بەشی دووهەم کە خودموختاری بۆ کوردستان بێ نەدەچوو. منیش پێم دەگوت برا گیان تۆ نابێ بە مەیلی خۆت قسە بکەی. ئەوەی من پێت دەڵێم بۆی تەرجومە بکەرەوە. دەیگوت ئاخر چۆن دەبێ من ناتوانم وای تەرجومە بکەمەوە. فەرماندە تورکەکە تێگەیشت کە لە نێوان من‌و گولّیدا کێشە هەیە. پرسیاری کرد مەسەلە چییە؟ منیش بە ئازەری وتم ئەتۆ زمانی ئازەری تێدەگەی؟ وتی بەڵێ. منیش وتم لە قسە تورکییەکانی تۆ تێدەگەم، بەڵام ناتوانم بە زمانی تورکی وەڵامت بدەمەوە. ئەگەر تێدەگەی با خۆم قسەکانی خۆمت بۆ بکەم. هەر چی من بە تۆی دەڵێم ئەم کابرایە بە تۆی ناڵێت. وتی زۆر موافقم بۆیە گولّیمان حەزف کرد ئەو دەم من بە ئازەری‌و ئەو بە تورکی قسەکانی خۆمانمان کردن. دیارە من بە نیسبەتی گولّیشەوە گرفتێکی دیکەشم هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە لە کرمانجی ژووروو چاکتر لە تورکییەکە تێنەدەگەیشتم. یەکەم ساڵم بوو چووبوومە شیمال‌و کەمترم دەزانی. بە کورتی من باسی چوار گیراوەکەی خۆمانم لە گەڵ فەرماندە تورکەکە کردو ئەویش بەڵێنی دا هەوڵیان بۆ بدات. بەڵام لە قسەکانیدا داوای کرد لە ڕابیتە لە گەڵ (پ ك ك) هاوکارییان بکەین. منیش وتم ئەوە لە سەلاحییەتی مندا نیە. دیارە زۆرتر دەترسام ئەگەر نە سیاسەتی حیزب لەو بارەیەوە زۆر ڕوون بوو کە بە هیچ چەشنێ ئامادەی کارێکی ئاوەها نەبووین. من لە فەسلێکی جیاوازدا باسی پێوەندیی حیزب‌و تورکیە دەکەم. لە مانگی 6دا گەڕاینەوە بۆ ورمێ. لەو 4 کادرو پێشمەرگە، 3 کەسیان بە ناوەکانی سلێمان کەڵەشی کادر، ئەنوەر کوهەنساڵ‌و مێهران میرزایی پێشمەرگە ئازاد کرابوون. بەڵام هێشتا مام ئەبووبەکر کە پێشمەرگەیەکی بە ساڵدا چوو بوو ئازاد نەکرابوو. دوو ساڵ پاش ئازاد بوونی ئەم سێ هاوڕێیە ئەویش ئازاد کرا. لە

کونە کۆتر شـاخێکی بـەرزو زاڵ بـە سـەر گونـدی وارگـەنمدا فـەتتاح سـەعیدیمان دانـابووو بنکەیەکی دامەرزاندبوو کە ئەرکی بەرقەرار کردنی پێوەندیی نێوان هێـزو تیمـەکانی شـیمال بوو. لە هەر شوێنێك کە هەبوون ئەم شوێنە چون بەرز بوو دەیتوانی پێوەندی لە گەڵ هەموو نوختەیەکی ناوچە بگرێ. بۆیە بە هۆی فەتتاحەوە لە کونـەکۆتر پێوەنـدی بـەردەوام لـە گـەڵ هەموو تیمەکان بەرقەرار بووو برێك پووڵێشمان لە ئێختیار دانابوو کە ئازووقەو خواردەمەنی بکڕێ بۆ ئەو کاتانە تیمەکان بۆ حەسانەوە ڕوو لەو ناوچەیە دەکەن. چون هەم چادری زۆری لێ نزیك بووو هەم لە باری ئەمنیەتیشەوە شوێنێکی زۆر باش بوو. لە گەڕانەوەدا هێزەکەمان بە ناوی کوێستانچی‌یەکاندا بڵاو کردەوەو بۆ خۆشمان ڕوومان لـە بنکـەی فـەتتاح کـردو لـەوێ ماینەوەو خوا هەڵناگرێ فەتتاحیش زۆر چاکی بە خێو دەکـردین. لـە سـەر ئـەو شـاخە بـە تەلیس حەمامو ئاودەسێکی درووست کردبوو. لە مانگی 6دا ئەم شاخە هێشتا بـەفری پێـوە مابوو. هەر ماوەی پێش بوو کە لە دووگوی ناوچەی سۆما لە لای کەویـە بـەفرە گـەورەکانی ئەو ناوچەیەدا کارگێکی یەکجار زۆرمان کۆ کردنەوەو پەلێك پێشمەرگە تێرمان لێ خوارد.

ئەو سێ هاوڕێی‌یە کە لە زیندانی تورکیە ئازاد ببـوون لـە لای فـەتتاح بـە عـەرزییاندا دابووو ئێمەش کە چووینە لای فەتتاح ئەوانم چاو پێی کـەوتو وێـڕای دەربڕینـی خوشـحاڵی لەوەی کە ئازاد بوون، داوام لێ کردن داستانی زیندانی تورکیـەمان بـۆ بگێڕنـەوە. لـە گـەڵ ئەوەی تورکیەش لە گەڵ زیندانی‌یەکاندا بەرخوردی ئینسانی نەبوو، بەڵام کە لە گەڵ ڕەفتاری زیندانبانانی کۆماری ئیسلامیو تەواویەتی ڕێژیمی ئیسلامی موقایسەت دەکرد هـەر قـابیلی موقایسە نەبوو. لە موقایسەدا دەتگوت وەڵلا ساڵێکی زینـدانی کۆمـاری ئیـسلامی بـە 5 ساڵی زیندانی تورکیە دەبێ. پاش قسە کردنەکانیان بۆم دەرکەوت کـە سـلێمان کلەشـی کـە کادرێکی بەوەجە ـ دیارە پێشتریش پێیان وتبوومو بنەماڵەکەشـی لـە ناوچـەدا زۆر ناسـراو بوونو کەرەمی براشی کە شەهید ببوو لە ڕۆژە تەنگانەکانی حیزبی دێمۆکرات لەم ناوچـەیەدا ئەو یەکێك لە وەفادارانی ڕێبازی دێمۆکرات بوو ـ بۆیە بـە قـسە کـردن لـە گـەڵ برادەرانـی دیکەی مەڵبەند پێشنیاری فەرماندە لکی لکی دوومان پێ کرد کە ئەو دەم پێشمەرگەکانیش

زۆریان پێی خۆش بوو. ئەویش نەك لە ڕووی مەیلەوە بەڵکوو وەك بڕیاری حیزب قبووڵی کرد. پاش چەند ڕۆژ حەسانەوە قسەمان لە چەند عەمەلیاتێك لە دژی هێزەکانی ڕێژیم کردو بەرەو ناوچەی مەرگەوەڕ وەڕێ کەوتین. 8 شوێنمان بە پێی شناختی برادەرانی پێشمەرگە دیاری کردبوو کە شناسایی بکرێو لە هەر شوێنێ لەبار بوو عەمەلیاتی لە سەر بەڕێوە بچێ. لەم کاتەدا سەعید گوڵی فەرماندەری لکی یەکی هێزی ئاگری کە فەرماندەیەکی باش‌و لەو ناوچەیە هەم خەڵك باشیان دەناسی، هەم ئەویش ناوچەکەی باش دەناسی لە لایەن کاك ئەبووبەکرەوە ئیجازەی پێ درابوو بۆ مەرەخەسی لە گەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە بچێتەوە بۆ ناوچەی مەرگەوەڕ. لەم کات‌و ساتانەدا لە لایەن بەرپرسانی جنووب کاك مەنسوور فەتتاحی، بەرپرسی مەڵبەندی یەك، کاك حەمەنەزیف قادری بەرپرسی مەڵبەندی دوو پەیتا پەیتا بە بێ‌سیم پێیان دەگوتین ئەوە ئەو هێزەتان بۆ خەواندوەو لە گەڵ ڕێژیم موزاکرەتان کردوەو. . . دیارە ئەمانە شۆخی بوون. بەڵام قسەیەکی ڕاستە دەڵێن هەر شۆخی‌یەك 51٪ ڕاستی تێدایە. منیش زۆر ناڕاحەت بووم. کاك ئەبووبەکریش (ئەو فەرماندە نەبوو) بەڵام خوا هەڵناگرێ هێزەکە تا بڵێی هێزو تا بڵێی قارەمان‌و بە توانا بوون. لەم کات‌و ساتانەدا بوو خومەینی جامە زەهرەکەی نۆشی‌و شکستی قبووڵ کردو قەتعنامەی 598ی قبووڵ کردو ئەمەش بوو بە هۆی هێندێك بیرو بۆچوون لە نێو خەڵکدا. لەو ڕۆژانەدا بوو کە لە گوندێکی تورکیە دانیشتبووین کە 10 پێشمەرگەشم لە گەڵ بوو. چەند پیرە پیاوێك باسی ئەو قەتعنامەیانە دەکردو دەیانگوت کورد هیچی بە هیچ نابێ. ئەوە شێخ سەعیدی پیران، ئەوە مەلیك مەحموود، ئەوە شێخ عوبەیدوڵڵا، قازی محەممەد، مەلا مستەفاو خولاسە بە ڕادەیەك ئایەی یەئسیان دەخوێند ورەی خۆم بە تەواوی دابەزیبوو. بۆیە بە ناچار زۆر توند بە گژیاندا چوومو پێم وتن ئێوە عەیب ناکەن لە جیاتی دڵدانەوەی ئەم پێشمەرگانە وا خەریکی مەئیوس کردنیانن‌و زۆر عەجایب لێیان قەڵس بووم. هەر لەگەڵ ئەو کۆمەڵە هاوڕێیە هاتینە گوندی ئەشکەوتان کە گوندێکی کوردستانی تورکیەیەو لەوێ یادی بەخێر بێ شەهید بەهرام ئازادفەڕ کوڕە ئازەریی شۆڕشگێڕو ئازاو تێگەیشتوو وتی نەزەرت چیە بچین لەم گومرکی

هەلانە قسە بۆ خەڵك بکەین. منیش وتم بارام ئیشتیای سێو خواردنتە. وتی "بابا پس گرفتیم". نە تەماشام کرد پێشنیارەکەی پێشنیارێکی زۆر باشە. وتم با بڕۆین بۆ گومرکی هەلانە. چووینە گومرکی هەلانە. دیارە قادر ڕزگاریشم لە گەڵ بوو. ئێستاش وێنەی ئەم کۆبوونەوەیەم هەیە. گومرکی هەلانە ڕۆژانە 500 تا 600 نەفەر خەڵکی کوردی ئێران‌و عێراق‌و تورکیەی لێ بوو. کە چووینە ئەو شوێنە وێڕای لە بەر چاوگرتنی باری ئەمنیەتی کۆبوونەوەکەم پێك هێناو لە کۆبوونەوەکەدا وتم ئێستا کە خومەینی بە خواردنی جامی زەهر تامی تاڵی شکستی چێشتوەو قەتعنامەی 598ی قبووڵ کردوە، زۆر کەس پێیان وایە مێژوو دووپات دەبێتەوەو کورد مامەڵەی لە گەڵ دەکرێ‌و ئاشبەتاڵ دەکا. وتم دڵنیاتان دەکەم ئەمجارە کورد خەباتەکەی درێژە دەدات‌و ناهێڵێ کۆنەپەرستانی حاکم خەوی ڕەحەت لە چاویان بکەوێ‌و هەروەها لەم کۆبوونەوەیە ڕامگەیاند ئەو دەورانە کە شۆرشی کورد ئاشبەتاڵی کرد لە گەڵ ئەمرۆ زۆر فەرقی هەیە. هەم دونیا فەرقی کردوەو هەم ئەگەر ئەو کات تەنیا لە کوردستانی عێراق شۆرش هەبوو، ئێستا لە هەموو پارچەکانی کوردستان شۆرش هەیە. ئەگەر دوژمنان یەك بگرن. ئەوە ئێمە هێزە کوردییەکانیش بۆ درێژەدانی خەبات یەك دەگرین‌و لە کۆتاییدا دڵنیام کردن کە دنیا لە ئاڵوگۆڕێکی خێرا دایە. ڕەوتی دێمۆکراسی خوازی ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەگرتن دایەو دەورانی دیکتاتوری‌و ملهوری نەماوەو پێش‌بینی دەکەم هەر زۆر دێر نەکێشێ لەم ناوچەیەدا ئاڵوگۆڕ ڕوو بدات‌و کورد لە پارچەیەکی یا لە هەموو پارچەکانی فەزایەکی ئازادی بۆ بێتە پێشێ‌و بە مافی ڕەوای بگات. دیارە ئەم قسانە زۆرتر بۆ ورە دان بە خەڵك بوو. ئەگەر نە ئەو دەم کە من ئەو قسانەم دەکردن هیچ ڕووناکاییەك بۆ کورد نەبوو، تەنیا باهوزی دێمۆکراسی خوازی لە دونیادا نەبێ کە هەڵی کردبوو. خەڵکەکە دەگریان‌و بە تایبەت زۆرتر کوردەکانی عێراق کە جارێك ئاشبەتاڵیان تەجروبە کردبوو. سێ ساڵ دوای ئەم کۆبوونەوەیە بە هۆی ئەو هێرشە کە عێراق کردیە سەر کوەیت لەو پەڕی قودرەتدا کەوتە بەر پەلاماری 30 دەوڵەتی دونیاو کوردی عێراق توانی لەم دەرفەتە کەڵك وەربگرێ‌و بگەڕێتەوە سەر زێدو وڵاتی خۆی. ڕۆژێك کە بە تویوتا میگ

زەمینییەکەی مەڵبەندی شیمال لە دیانا بووم تەماشام کرد دوو چەکداری جامـەدانی سـوور کە پێشمەرگەی پارتی بوون بەرەو لام هاتنو پاش چاکو چۆنی وتیان هاتووین پرسیارێکت لێ بکەین، وتم فەرموون. وتیان ئێمە لەو کۆبوونەوەیە بووین کە تـۆ لـە پـشتی هەلانـە گرتـت، چۆنت زانی دنیا ئـاوای لــێ دێ. منــیش وتم ئــەوە کــەراماتی مــن نیــە، ئــەوە تــەحلیلو لێکدانەوەی حیزبی دێمۆکرات بووە.

پاش ئەم کۆبوونەوەیە کاك ئەبووبەکرمان لەگەڵ بەرپرسانی نیزامــیو چــەند کادرێــك بــۆ شناسایی ئەو شوێنانە کە پێشتر دیاریمان کردبوو بەڕێ کردو خۆشمان لە پشتی گونـدی ڕەزگـە لە گەڵ پێشمەرگەکان چاوەڕوانماینەوە کە کاك ئەبووبەکر لە شوێنی عەمەلیات ئاگادارمان بکاتەوەو ئێمەش پێشمەرگەکان بنێرین بۆ لایان. پاش دوو ڕۆژ مانەوە لە پشتی ئـەم گونـدە بە هۆی بێسیم کە کاك مەحموود دەشـتی لـە سـەر شـاخ بـوو ومنـیش لـە خـوارەوە. کـاك ئەبووبەکر ئاگاداری کردین کە لەو هەشت جێگایە کە دیاریمان کـردوە عەمـەلیاتی لـە سـەر بکەین هیچ کام بە کەڵکی عەمەلیات کردن ناینو کاك مەحموودیش ئەمەی بە من ڕاگەیاند. من بە بێ سێو دوو لێ کردن بە ڕادەیەك لە فەرماندەهی کـاك ئەبووبــەکر قــەڵس بــووم، وتم پێی بڵێ ئێمە ئەمشەو بەرەو چیای ئاز دەکەوینە ڕێو ئـەوانیش دەبــێ سـبەینێ لـەوێ بـن. دیارە کاك ئەبووبەکر ئەو شوێنەی نەدەناسی، بەڵام ئەو پێـشمەرگانە لـە گـەڵی بـوون پێیـان وتبوو کاکە گیان ئەو شوێنە کاك تەیموور دەڵێ زۆر خەتەرناکەو ڕێژیم هێرشمان بـۆ دەکـاتو زەربە دەخۆین. ئەبووبەکر بە کاك مەحموودی گوت بە فلانە کەس بڵێ لەوێ زەربــە دەخــۆین. مەحموود بە منی گوتو منیش وتم هەر لە بەر ئەوەی دەچینە ئەوێ زەربە بخۆین، بڵێ بێن بۆ ئەوێو کاریان نەبێ. شەو حەرەکەتمان کردو بەیانی گەیشتینە چیای ئازو لەوێ بــە تەسـادوف سەعید گوڵێشمان گرتەوەو پێم وت تازە لە گەڵ ئێمە دەبێو باس لە مەرەخەسی مەکـە. دوو سێ ڕۆژ لە چیای ئازو سیر کە زۆر نزیکن لە ورمێ ماینەوەو شەوانە دەچـووینە گونـدەکانو کۆبوونەوەمان بۆ خەڵك دەگرتو بەرەبەیانی دەهاتینەوە چیا. ڕۆژێك تیمێکی ئیتلاعاتی کـە 8 کەس بوون بەرەو چیای ئاز وەڕێ کەوتبوون بۆ شناسایی کە لایـەن دیدەبانـەکانی ئێمـەوە

گوزارش کرا، بۆیە پێشمەرگەکانمان بۆ سازمان داو بەرەو لای تیمە 8 کەسییەکە کەوتینە ڕێ کە ئەم تیمە بە پێشمەرگەکانیان زانی، هەڵاتن‌و پاش هەڵاتنی ئەو تیمە بەو قەناعەتە گەیشتین کە ڕێژیم ڕۆژی دوایی هێرش دەکاتە سەرمان‌و چون ناوچەکە قووڵایییە، بەرەو چیای داڵانپەڕ کشاینەوەو بۆ ئەوەی ئەگەر شەڕێك ڕوو بدا، لەوێ بین‌و زەربە نەخۆین. شەو داگەڕاین بەرەو مەرگەوەڕو شامان لە گوندی سوورکان کە پێگەیەکی ڕێژیمی لێ بووو یەکێك لەو 8 شوێنە بوو کە دیاریمان کردبوو عەمەلیاتی لە سەر بکەین. وتم دەبێ بڕۆم بزانم ئەم پێگەیە چۆن هەڵکەوتووەو لە گەڵ ڕەحیم خالێدی یەکێك لە سەرپەلەکانی لکی 2 ڕۆیشتین بۆ چاوپێکەوتنی پێگەکە. ڕەحیم وتی کاك تەیموور من بۆ گرتنی ئەم پێگەیە قەولم بە کاك ئەبووبەکر داوە بە پەلەکەی خۆمەوە بیگرم، بەڵام کاك ئەبووبەکر وتوویەتی شەهیدمان دەبێ‌و نەیهێشتووە. منیش کە چاوم لێ کرد هەر چەند نیزامی کارێکی زوبدە نەبووم وام دەزانی گیرانی ئەو پێگەیە بۆ پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری زۆر ئاسانەو قسەیەکم نەکردو لە سوورکانەوە بەرەو فلکان کەوتینە ڕێ‌و سەعید لە گەڵ من بووو گەیشتینە سەر جادەیەکی شووسە کە مەرگەوەڕی بە شنۆ وەسڵ دەکرد. پێی وتم پێگەیەك لێرە بوو هەمیشە ئاواتم ئەوە بوو ئەو پێگەیە لێرە نەمێنێ تا عەمەلیاتێك لە سەر ئەم جادەیە بەڕێوە بەرین. وتی ئێستا ئەو پێگەیە نەماوەو پێگەیەکی دیکەش کە لەو لاتری بووە، نەماوە. منیش وتم باشە. شەو زۆرم بیر لێ کردەوەو بەیانی سەعیدو کاك ئەبووبەکرم بانگ کردو لەگەڵ چەند بەرپرسێکی دیکەی نیزامی ڕۆیشتینە شناسایی‌و مەوقعیەتی جادەکەمان بۆ عەمەلیات بە موناسب زانی‌و شوێنی پشتیوانەکانیش زۆر موحکەم بووو بۆیە هەر لەوێ گەڵاڵەی عەمەلیاتەکەمان داڕشت‌و هاتینەوە تیمبەندیمان کرد بە بێ ئەوەی باسی عەمەلیات یا هەر شتێکی دیکە بکەین‌و قەرارمان دا ڕۆژی دوایی سەعاتی 1ی دوانیوەڕۆ عەمەلیاتەکە بە دانانەوەی کەمین لە سەر ئەم جادەیە دەست پێ بکەین. کاك مەحموود دەشتی بە شۆخی بە خەڵکی گوندەکەی وتبوو هاتووین ئەم ناوچەیە بگرینەوە بۆیە هێندێك خەڵکی ترسنۆك هەڵاتبوون. شەو لە فلکان نان‌و چامان خواردو هەر ئێوارە بەرەو شاخ کەوتینە ڕێ‌و لە نێو باخێکی پشتی فلکان

خۆمان حەشار داو قەرار بوو کاك ئەبووبەکر بۆ سەعاتی 11.5 دەست بکا بە ناردنی تیمەکانو سەعاتی 1 لە سەر جادە ئامادە بنو بۆ ئەم مەبەستەش پێویست بوو هەر لە بەیانییەوە لە گەڵ دوو سەرلکەکە، سلێمان کەڵەشیو سەعید تیم بەندییەکان کردبا. نزیك سەعات 11 کاك ئەبووبەکرم بانگ کرد، وتم بۆ تیم بەندی ناکەن وتی سەعاتی 1 زووەو ئیتر دینم نەمابوو، وتم ئەگەر تۆ ناتوانی تا خۆم بیکەم. سەرلکەکانو کادرەکانی ئەو ناوچەیەم بانگ کردو بە خێرایی تیم بەندییەکەمان کردو کەوتینە ڕێ. جالب ئەوە بوو بۆ هەر عەمەلیاتێك کە بەڕێوە دەچوو کادرو پێشمەرگەکان شەڕیان بوو لە سەر ئەوەی کامەیان لە پێشەوە بێ، بۆیە وا هەڵکەوت کەمینی ئەسڵی ئەم جادەیە زۆربەی فەرماندەو کادرەکان بن. سەعات 1.15 ڕۆژی 1367/7/17 نەفەراتی یەکەم دەگەنە سەر جادەو ماشینێکی ڕێوی پڕ لە سەرنشین دەکەوێتە کەمینو یەکەم کەس کە تەقەی لێ دەکا چەکەکەی گیر دەکاو نەفەراتی دووهەمو سێهەم دەگەنێو لە ماوەی کەمتر لە 20 دەقیقەدا هەموو سەرنشینی ماشینەکە دەکوژرێنو ماشینەکە ئاوری تێ بەر دەبێ. من بۆ خۆم لە سەر تەپەی زاڵ بە سەر جادەکەدا بووم کە لە منەوە بە تفەنگی برنۆ نەفەر ئەنگورا. چاوم لە سەحنەی شەڕەکە بوو ڕێژیم جگە لە هاویشتنی هێندێك تۆپو خومپارە هیچ دژکردەویەکی لە خۆی نیشان نەدا. دوای 1 سەعات لە سەر جادە دەستووری گەڕانەوەمان بە تیمەکان داو پێشمەرگەکان بە دەسکەوتەکانیانەوە کە 34 قەبزە چەکی سووكو نیوەقورس[1] بوو بە کوژرانی 34 نەفەر هێزی ڕێژیمو ئاور تێبەردانی ڕێوێك گەڕانەوە دواوەو لای ئێوارە چووینە گوندی باوا. پێگەی ئەم گوندە هەستی بە وجوودی ئێمە لە گوندا کردبوو. زۆر دەترسا، بەردەوام تەقەی دەکردو خەڵکی گوندیش زۆر دەترسان. پێش نان خواردنو ئیستراحەت تا سەعاتی 2ی نیوەشەو، بەرەبەیانی بە لای چریاوادا کەوتینە ڕێو لە پشتی چریاوێ لە دۆڵێکدا بارمان بە عەرزیدا دا. نزیکەی سەعاتی 9:30ی بەیانی دیدەبان ئاگاداری کردین کە هێزێکی زۆر بە ڕێوەیەو

[1] ژێ3 (30) قەبزە، کلاش (1) قەبزە، تیربار ژێ3 (3) قەبزە لە گەڵ فیشەکێکی زۆر.

بەرەو ئەم شاخانە هەڵئەکشێ. ئێمەش سازماندەهیمان کردو لە چاڵەکە وە سەر کەوتین. مـن لە ناوتیرێك تا بەیانی ڕاکشابووم کە ئەم خەبەرەیان پێ داین وە سەر کـەوتینو دیتمـان ڕێـژیم هەموو بەرزاییەکانی گرتوەو بە تەواوی لە گەمارۆی خـستووین. دەسـتەیەکی چـل کەسـی پاسدار بەرەو پێشمەرگەکان لە حاڵی پێشڕەوییدا بوون، وتمان لێیان نـەدەین تـا تـەواو نزیـك دەبنەوەو هەر وایان کرد. لە پڕێکدا ئەو دەستە پاسدارە کەوتنە بەر هێرشـی پێـشمەرگەکانو بە تەواوی تەفرو توونا بوونو لـە چـل نەفـەر تەنانـەت یـەك کەسیـشیان لێ دەرنەچـوو تـا خەبەریان بۆ بەرێتەوە. ئەم زەبرە توندە بە تەواوی هێزەکەی ڕێژیمی تاسـاندو وای لـێ هـات فەرماندەکەیان هەر چی دەستووری پێ دەدان هێرش بکەن نەیان دەوێرا. لە جبهەیەکی دیکـە هێرشیان کرد ئەویش دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان لێیان دان. 19 جەنازە لە ڕێژیم بە جێ ما و بەم چەشنە ڕێژیم بە تەواوی کەوتە حاڵەتی دیفاعی، بەڵام تۆپو خومپارە باران هەر درێژەی هەبووو لێدانی ئەم زەبرە کاریگەرانە ئەو چاکەیەی هەبوو کە هێزی ڕێـژیمی ترسـاندو بێسیمی گرووهێکی دەکەوتە دەستت، بۆیە هەم دەتزانی ورەی هێزەکەی ڕێـژیم چـۆنەو هـەم کونترۆڵی ئەو هێزەت دەکرد کە چی دەکاو بەرنامەی چییە. ئێمەش لەم حاڵەتە، لـەو ڕۆژەدا ئەو پەڕی کەڵکمان وەرگرتو تا ئێوارە داهاتو بڕیارمان دا بۆ شەو خۆمان بگەیەنینە سنوور کە هێزی کێلەشینی لێ بوو. لە بەیانیەوە کەسمان نە نانی خواردبوو نە چای نە ئاو، بۆیە هەم برسی بووین، هەم تینوو. بەڵام ئەو سەرکەوتنانە هەموو ئەو حاڵەتانەیان لە بیر بردبووینـەوە. بە تاریك داهاتنی هەوا تیمی پێشڕەومان ناردو شوێنەکانمان تاقی کردەوە. دەمان زانی هێزی ڕێژیم لە کوێ دامـەزراوە. تیمـی پێـشڕەو دەبـوا هێرشـی بکردبایەتـە سـەر تەپۆڵکەیـەكو تەپۆڵکەکەی گرتبایە. ئەو کات دەمانتوانی گەمارۆکە بشکێنینو دەرباز بین. تیمـی پێـشڕەو زۆر وردو ئازایانە هێرشیان کردە سەر تەپۆڵکەکەو تەپۆڵکەکەیان گرت. ئێمەش کە تـا بنـی ئەو تەپۆڵکەیە چووبووینە پێشێ، کە تیمی پێشڕەو وتی تەپۆڵکەکەیان گرتوەو بـە سـورعەت سەر کەوتین. من هەر لە خوارەوەی تەپۆڵکەکەوە تا سەر هەڵهاتم، وام دەزانی نەفەری یەکـەم دەبم کە سەر دەکەوم. کە چی لەو حاڵەش دا لە ژمارەی نەفەراتی ئاخردا بووم. بە کورتی لـە

گەمارۆ دەرباز بووین. لەو شەڕەدا تەنانەت خوێن لە لووتی یەك پێشمەرگەمان نەهاتبوو، بۆیە ئەمە زۆر جێگای خوشحاڵی بوو. لە بەر داڵانپەڕ شوێن هەواری زۆر هەبوون. لەوێ کە زۆر ماندوو بووین حەساینەوەو بڕیارمان دا چاییەك ساز بکەین. پاش چا خواردن حەرەکەتمان درێژە بدەین. بە پووشو تەپاڵە چامان ساز کرد. ئەم چاییانە هەرکەس نەیخواردبێ نازانێ چەندە خۆشو بە لەزەتەو زۆر جار کە ماندوو دەبووین دەمانگوت شەرابەکەی بەهەشتەو دەمانخواردەوە، نە یەكو دوو بەڵکوو حەوت هەشت لێوان چاییو پاش چایی خواردنەوەکە لەو شوێنە هەوارانە ڕێگاکەمان درێژە دەدا. لە نیوسەعاتیی کۆمیتەی شنۆیە جەماعەتێ پێشمەرگە ویستیان بیکەن بە تەنبەڵیو لەوێ بخەون. کڵۆیەك بەفریش لەم کوێستانە کەوتبوو، بەڵام جەماعەت بەڕادەیەك ماندوو بوون گوێیان لە بەفرو قوڕو بەرد شل نەبووو خەویان لێ دەکەوت. نەمهێشت بخەون، نزیکی سەعات 5 تا 5/30ی بەیانی بوو کە گەیشتینە لای کۆمیتەی شنۆیەو هاوارمان دەکرد فرامەرز ـ کە پێشمەرگەیەکی ئازەری زمانی هێزی کێلەشین بوو ـو وتمان هەڵێ شکاك هاتن. پێشمەرگەکانیش پێیان وابوو هێزی ڕێژیمە، بەڵام پاشان دەنگی منیان کە ساڵی پێشوو بەرپرسیان بووم ناسییەوەو گەیشتینە لایان. لە شەڕی ڕۆژی دووهەمدا 45 جەنازەمان کەوتنە دەستو زیاتر لە 60 کەس لە هێزی ڕێژیم کوژرابوون کە 41 جەنازەیان بۆ پێشمەرگەکان شناسایی کران. دەسکەوتی پێشمەرگەکان سێ قەبزە بی. کەی. سی، 2 قەبزە خومپارە هاوێژی 60 مم، ئارپیچی 7 قەبزە، قەناسەی دووربیندار، یەك قەبزە، تفەنگی کلاشینکۆف 27 قەبزە، بێسیمی پی. ئار. یەك دەزگاو لەگەڵ فیشەکێکی زۆر. شەڕەکە لە سەعاتی 10/5 تا 4/5ی ئێوارە واتە 6 سەعات درێژەی هەبوو.

کە گەیشتینە لای برادەرانی شنۆ، پێشمەرگەکانمان زۆر برسی بوون، کۆمیتەی شنۆش تەنیا بەشی خۆیان نانیان هەبوو. بۆیە دەسبەجێ چوومە "گەلیشم" گوندێکی کوردستانی تورکیە نانو پێخوەرێکی زۆرم کڕیو ناردمەوە بۆ پێشمەرگەکانو خۆشم گەڕامەوە بۆ لایان. هێزی ڕێژیم تا دوو سێ ڕۆژ ناوچەی مەرگەوەڕیان چۆل نەدەکرد، پاش دوو سێ ڕۆژ ناردمان

له گوندەکانی مەرگەوەڕیش نان‌و میوەیەکی زۆریان هێنا. کومیتەی شارستانی شنۆ داوای لێ کردین کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین عەمەلیاتی هاوبەش بکەین. ئێمەش کە دوو عەمەلیاتی سەرکەوتووو بێتەلەفاتمان ئەنجام دابووو لە هەموو کومیتەکانەوە بەتایبەت کومیتەکانی جنووب کە بەرپرسەکانیان رەفیقم بوون، پەیامی پیرۆزباییمان بۆ دەهات‌و پێم خۆش نەبوو خۆمان تووشی عەمەلیاتێکی دیکە بکەین کە ئەگەرو نەگەری هەبێ، بۆیە وێڕای ئەوەی وەڵامی رەدم بە کومیتەی شنۆیە نەدایەوە. سەعید گوڵیم بانگ کرد بەبێ ئەوە کاك ئەبووبەکر قەدی کوردیش بزانێ وتم من بە برادەرانی شنۆیە وتوومە موافقی عەمەلیاتی هاوبەشین، بەڵام تۆ کارێك بکە، تەنانەت ئەگەریش چوونە شناسایی، سەر نەگرێ. سەعیدیش ئەو قسەیەی منی پێ خۆش بووو وتی دڵنیابە ناهێڵم سەر بگرێ. ئێمە هەر لەوێ بووین، سەعیدو کاك هەمزە بێهنام‌و چەند سەرپەلێك بۆ شناسایی چوونەوە ناوچە، بەڵام دوای دوو رۆژ شناسایی، بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوەو پاشان سەعید پێی وتم شوێنی وا هەبوو عەمەلیاتی لێ بکەین، بەڵام لەسەر قسەکەی تۆ وام لێکرد کە عەمەلیاتەکە جێبەجێ نەبێ. پاش ئەم شناسایی‌یە ناموەفەقە گەڕاینەوە بۆ بێشێ مەقەڕی زستانەمان. کە گەڕاینەوە، ئەوجار زانیمان کە جگە لەو دوو هێزە واتە هێزی ئاگری‌و هێزی کێلەشین، کە هێزی کێلەشین لە سێ سنوور بوو، هیچکام لە هێزەکانی حیزب پاش دەرچوونی بڕیارنامەی 598 لە ناوچە نەماون‌و، ئێمە لە یەکەم رۆژەکاندا بە پێی رەواڵ سەردانی دەفتەری سیاسی‌مان کرد. کاتێ چاوم بە کاك دوکتور قاسملوو کەوت، زۆر موحیبەتی پێکردین‌و وتی ئەم دوو عەمەلیاتەی دوایی‌تان بەڕادەی دوو ساڵ خەباتی هەموو حیزبی دێموکرات بۆ حیزب گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی پاش قەبووڵی بڕیارنامەی 598 بەرێوە چوون‌و زۆر کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و رێبەرایەتی‌و کادرو پێشمەرگەکان بەبۆنەی تێکۆشانی ساڵی 67، دەستخۆشیان پێ دەگوتین، ئێمەش کە ئەم قسانەمان لە هاورێیانی حیزبی دەبیست، زۆر خۆشحاڵ‌و دڵگەرم دەبووین.

## كاریگەریی ئەم دوو عەمەلیاتە لەسەر ڕێژیم و هێزەكانی

پاش بەڕێوەچوونی ئەم عەمەلیاتانە "ری شهری" وەزیری ئیتلاعاتیی ئەوكاتی ڕێژیم بە پەلە گەیشتە شاری ورمێ و تەواوی بەرپرسانی ڕێژیمی لەو شارە "سەرزنش" كردبووو زۆربەیانی لە سەر كار لابردبوو، یان بۆ شوێنی دیكە نەقڵی كردبوون و ئەو زەربانەی كە ڕێژیم لە هێزی بەهێزی ئاگری خواردبووی، بە نیشانەی داماوی و بێلیاقەتیی بەرپرسانی ئوستانی دانابوو. دیارە ئەم دوو عەمەلیاتە لەسەر هێزەكانی ڕێژیمیش شوێندانەر بووو هێزی ڕێژیم بەڕادەیەك ترسیان ڕێ نیشتبوو كە تا ماوەیەكی زۆر نەیاندەوێرا لە مۆڵگەكانیان دوور بكەونەوەو شەوانە بە خشەی هەر گیایەك دەلەرزین و دەستیان بە تەقەكردن لە دەورووبەری خۆیان دەكرد.

بۆ ئەوەی هەموو ساڵەكان ئاوڕ لە هێندێك پێوەندی نەدەمەوە، لێرەدا، چەند باسی گشتی كە لە ماوەی ساڵەكانی 67، 68، 69و 70، من لە مەڵبەندی شومال بووم دەگێڕمەوەو ئیتر بە پێی ڕێكەوت ئاوڕ نادەمەوە سەریان كە بریتین لە ئێمەو هێزە سیاسییەكانی كوردستانی توركیە، ئێمەو بەرپرسانی مەرزیی توركیە، ئێمەو ڕۆژنامەوانەكانی توركیە، ئێمەو خەڵكی كوردستانی توركیەو، پاش تەواوبوونی ئەم باسانە بە پێی بەرەوپێشچوونی زەمان درێژە بە بیرەوەرییەكە دەدەم.

## ئێمەو هێزە سیاسییەكانی كوردستانی توركیە

یەكێك لەو هێزە سیاسییانەی توركیە كە هەر لە دێرزەمانەوە بەهۆی دۆستایەتیی زۆر نزیكیان لەگەڵ حیزبی دێموكرات لەگەڵی ئاشنا بووم، پارتی سوسیالیستی كوردستانی توركیە بوو كە ڕێكەوتی ئاشنابوونەكەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 61ی مانگەكانی دیفاع لە ئازادی و هێرش دابوو كە ئەندامانی تێكۆشەری ئەم حیزبە هەرچەند بەڕادە كەم بوون، بەڵام چالاكانەو دڵسۆزانە شانبەشانی پێشمەرگەكانی حیزب لە جادەی پیرانشار ـ سەردەشت

بەشداریی شەڕیان دەکردو پاشانیش کەمو زۆر هەر نزیکایەتیم لەگەڵ چەند کەسێکیان هەبوو. ساڵی 67 پێش لە حەرەکەتمان بۆ ناوچە، دوکتور قاسملوو بانگی کردمە لای خۆیو وتی برادەرانی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیەش لەگەڵ ئێوە دەبن، ئەوان لە تورکیە کاری خۆیان دەکەن، لەبەر ئەوەی P.K.K ناهێڵێ هیچ حیزبێکی کوردستانی تورکیە لە کوردستانی تورکیە تێکۆشانی هەبێ، بۆخۆیان ناتوانن بگەڕێنەوەو تووشی شەڕ لەگەڵ P.K.K دەبن، ئەمانیش هەم بە ژمارە کەمنو ناتوانن لە بەرامبەر P.K.Kدا شەڕ بکەنو هەم بۆ خۆشیان پێیان خۆش نیە لەگەڵ P.K.K شەڕ بکەن، بۆیە لەگەڵ ئێوە بن باشترە. من عەرزی کاك دوکتور قاسملووم کرد کە من شارەزای ناوچە نیمو پێوەندیی ئێمە لەگەڵ تورکیە نازانم چۆنە، بەڵام بڵێی نەبنە گیروگرفت بۆ ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ تورکیەدا؟ کاك دوکتور قاسملووش گوتی فکر ناکەم وای لێ بێ. ئێوەش مەجبوور نین بە خەڵکی مەرز بڵێن کە ئەوان سوسیالیستن. منیش وتم ئەی دەمی پێشمەرگەمان چۆن بۆ دەگیرێ؟ بەکورتی دوای راو تەدبیرێکی زۆر قەبووڵم کرد کە برادەرانی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە لەگەڵ ئێمە بگەڕێنەوە.

کاتێ ئەو هاوڕێیانە هاتنە لامانو نامەی کاك دوکتور قاسملوویان بۆ من هێنابوو، کاك جاسمو کاك نەورۆزو کاك شاهینو برادەرێکی دیکە بوون کە بەرپرسیان کاك جاسم بوو، هەر چوارەکەیان تا بڵێیی ئینسانی رێکوپێكو بە شەخسییەتو شۆڕشگێر بوون. لە ماوەی نزیکەی 6 مانگدا کە لەگەڵ ئێمە بوون، زۆر رێکوپێك بوونو پێشمەرگەکانیش زۆریان رێز لێدەگرتن. لە کاتی گەڕانەوەمان تا مانگێك پێش لە گەڕانەوەی خۆمان، واتە ئاخری مانگی "شهریور" کەمترین گیروگرفت بۆ ئێمە نەهاتە پێش. من لەگەڵ تیمێك یەك مانگ پێش لە گەڕانەوەمان هێنامنە هێنامنە دالانپەڕو ناردمنەوە بۆ بێشێ. ماوەیەکی بەسەردا چوو، ئەو عەمەلیاتانەمان ئەنجام دابوونو لەگەڵ کومیتەی شارستانی شنۆ لە سێ سنوور بووین، هێشتا کادرو پێشمەرگەکانی شومالٚ بە تەواوی یەکیان نەگرتبۆوەو ئێمە لەو شاخانە چادرێکمان هەڵدابوو کە شوێنی ئیستراحەتی منو نزیکەی 10 کەسی دیکە بوو. کومیتەی

شنۆش چادرێکیان هەڵدابووو باقیی کادرو پێشمەرگەکان عەرزیان هەڵدڕیبووو نایلۆنیان بەسەر ئەو چاڵەدا دابوو کە هەڵیان کۆڵیبووو، چووبوونە نێو ئەو چاڵانە، شوێنی حەسانەوەوو خەوتنی شەوانەیان کە زۆر سارد بوو، بۆخۆیان سازیان کردبوو. رۆژێك نزیکەی سەعات 10ی بەیانی بوو، تەماشام کرد مەحموود دەشتی لە پێش هێزێکی تورکیەیەو موختاری کارتۆنەی لەگەڵەو لەسەر شاخەوە بەر بوونەوە بۆلای من. فەوری لە مەحموودم پرسی چ خەبەرە؟ وتی نەورۆزو ئەوانیان دەوێ. ئێمەش کە پێشتر نەورۆزو جەماعەتمان بەرێ کردبوون، زۆر نیگەران نەبووین. مژێکی زۆر شاخەکانی داگرتبوو، لە 10 میتری کەس کەسی نەدەدیت. مەحموود هاتە دەرێو وتی منیان گرتوەو ویستوویانە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ئەو برادەرانە بمبەنە هەکاریو لە زیندانم کەن، تەنانەت سواری هێلیکۆپتێریشیان کردوومو منیش وتوومە من چ کارەم، بەرپرسی هەمووشمان کاك تەیموورەو ئەویش لە سێ سنوورە، دەتوانن ببینن یا بڕۆین قسەی لەگەڵ بکەین، قەبووڵیان کردوەو ئەوە هاتوون. بە کورتی کە رۆیشتمەوە ناو چادرەکە، بەخێرهاتنم کردن، وتم ئێوە لە کوێو ئێرە لە کوێ؟ وتیان هاتوین بۆلای تۆو دەمانهەوێ بزانین بۆچی هاوکاریی تیرۆریستان دەکەن؟ منیش فەوری وتم مەدرەکتان هەیە فەرموون. وتیان بەڵێ مەدرەکمان هەیە. وتم باشە مەدرەکەکەتان چیە رووی بکەن. چەند عەکسێکیان دەرهێنا، نەورۆزو کاك ئەحمەد کە جێگرهێزی زمزیران بوو، هەردوو خەڵکی تورکیە لەگەڵ ئەفەندی کە لەم بیرەوەرییەدا باسم کردوە کە بەهۆی تەحریکات چەکمان کردو دەرمان کرد، پیشان دام کە تەماشام کرد وتم ئەمانە ناناسینو ئەوە ئەو هێزەی لەگەڵ ئێمەیە، بگەڕێن، ئەگەر لەگەڵ ئێمە بوون، ئەوە هەرچی ئێوە دەیڵێن راستە، دەنا ئەو کەسانە ئەو جۆرە خەبەرانەتان بۆ دێنن، ناحەزی ئێمەو ئێوەن. لەم کاتەدا کاك عومەر حەمیدیش بەرپرسی کومیتەی شنۆ تەماشای عەکسەکانی دەکرد، قەیافەی ئەفەندی زۆر لە کاك عومەر دەچوو، کاك عومەر پێکەنیو وتی ئەمە خۆمم. پاش ئەم شۆخیو وەڵامدانەوە ئەوانیش سارد بوونەوەو ئەمجارە دەستیان کرد بە تەعارفو خۆیان ناساند. یەك دوو ئەفسەرێکیان لەگەڵ بوو، نوێنەری میتیان لەگەڵ بوو، پاشان کە مژەکە

بەرەبەرە رەوی‌یەوە، چاومان لــێ‌کرد بــەهۆی ســەربازێکی زۆرەوە هــەموو ئــەو شــاخانەیان تەنیبوو. بەمجۆرە ئەو رووداوەمان بەسەردا تێ‌پەڕی.

## P.K.K

P.K.K لە ساڵی 67ی هەتاوی کە دەکاتە 88ی میلادی، لەباری نیزامی‌یەوە زۆر کەم ئەزموون بوونو هەر کەمینێ کە بۆ هێزێکی تورکیەیان دادەنایەوە، بۆخۆیان چەند کەسێکیان لــێ دەکوژرا. بەبێ ئەوەی بتوانن یەك عەسکەری تورکیەش بکوژن. مەقەڕێکیان لــە ســوورە دووکەڵی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ بوو، مەقەرێکیان لــە جێرمــی لــە ناوچــەی تەرگــەوەڕی ورمێو مەقەڕێکیان لە ورمیو دەیان مەقەڕی دیکەشیان لــە سەرتاســەری ئــەو ســنوورانەدا هەبوو، ئێمەش لە هەموو ئەو ناوچانەدا هاتوچۆمان هەبوو، تەنیا تەجروبەیەك کە تــا ســاڵی 67 من لە p.k.k هەمبوو، ئەوە بوو کە p.k.k لە ساڵی 66 کــە مــن بەرپرســی کومیتــەی شارستانی شنۆ بووم، لە چەم کەدی لای دالاَنپەڕ شەوێك چەند نەفەرێکیان هاتنــە لامو داوای چەکیان کرد کە پێیان بفرۆشین. منیش پێم وتن کە ئێمە چــەك نافرۆشــینو نــاتوانین کــاری وا بکەین، چونکە دانــی چــەك بــە ئێــوە رەنگــە "عواقــب"ی هــەبێو ئەمــە کــاری دەفتــەری سیاسی‌یە. وتیان باشە برسیمانە، هێندێك خواردەمەنیمان بدەنێ. وتم سەرچــاو. بــە بــرادەری بەشی ماڵیم وت چەند تایەك ئاردو قەنــدو چــاییو رۆنو لوبیایــان بــدەنێ. خــوا هــەڵناگرێ ئەویش باری دوو سێ هێستری بۆ ئامادە کردبوونو پێی دابوون. ســاڵی دوایــی، واتــە ســاڵی 67 کە لە مەرزی تورکیە مەجبوور بووین تێ‌پەڕین، لەگەڵ حەسەنە سوورو بەهرام ئازادفــەڕ چوینە لای قەرەقولی گەلیشم. فەرماندەی ساڵی پێشوویان کوردێك بوو بــەناوی "ئورهــان". جارێك لەگەڵ کاك عەلی کاشفپوور پێکەوە دیتمان، ئیسنانێکی زۆر بــە مەعرەفــەتو پیــاو بوو، جێگرەکەشی کە ئەم فەرماندەیەی ساڵی 67 بوو، زۆر خوێڕیو نامەرد بوو، ناوی عەلی بوو، ناوبراو نزیکەی سێ سەعات نەوعێ دەستبەسەری کردین. پاشان کە هات قسەی لەگــەڵ کردین، بە منی وت لەولاوە یارمەتیی p.k.k دەکەیو لەملاشەوە بە ئێمە دەڵێی ئەو مەسیرە

ئێمەی لێین، ئاگاتان لێ بێ. وتی ئێوەو p.k.k چ فەرقێکتان بۆ ئێمە هەیە، هەردووتان ... و وتم: باشە یارمەتیی ئێمە بە p.k.k چ بووە؟ خوا هەڵناگرێ ڕێکوپێك باسی مەلاقاتەکەی منی لەگەڵ ئەو چەند p.k.kیە کردو وتیی کە چیمان داونەتێ. منیش هەر ئەوەندەم بۆ کرا وتم، درۆ دەکەن وا نیە، بەڵام وابوو. لەوێ بۆم دەرکەوت کە دەبێ لە نێو ڕیزی p.k.kدا یا "میت" نفووزی هەبێ یا p.k.k بیهەوێ بەرەو شەڕ لەگەڵ تورکیەشمان ببات یا هەردووکی ئەوانە کە پێم وایە هەردووکی ئەوانە بوو. بۆیە ساڵانی دواتر زۆر خۆمم لێ نەدان، بەڵام با بڕۆینو بزانین ساڵانی دیکە هەڵسوکەوتی p.k.k لە شماڵدا چۆن بوو؟

ڕۆژێك چەند پێشمەرگەیەکمان بە قەڵسی هاتنە لامو وتیان p.k.k تەوهین بە حیزب دەکا. وتم جەرەیانەکە چۆن بووە بۆم بگێڕنەوە. ئەوانیش وتیان پێیان وتووین خودموختاری کە ئێوە داوای دەکەن هیچ نیەو بڕۆن تەسلیم ببنەوە لە خودموختاری چاکترەو زۆریان خۆ هەڵدەکێشاو دەیانگوت تەنیا p.k.k دەتوانێ کورد رزگار بکاو داوای p.k.k سەربەخۆیی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستانەو ئاپۆش سەرۆکی هەموو کوردە.

پاش باسکردنی ئەم مەسەلەیە منیش وتم ئەوە قەڵسیو ناڕەحەتیی بۆ چیە. ئەمجارە ئەگەر باسی وایان لەگەڵ کردن، بڵێن ئێوە درۆ دەکەن. داوا کاریەکەتان واتە سەربەخۆیی تەنیا دروشمەو هیچ کردەوەیەکی بەدوادا نایەت، ئەگەر زانیتان کە لەسەر داواکەیان شێلگیرن، بڵێن باشە بە قسەی خۆتان سەربەخۆییخوازنو لە سەربەخۆیی کوردستانی گەورە یەك بنگوست نایەنە خوارێو بە ئێمەش دەڵێن خودموختاری هیچ نیە. ئەگەر لە قسەکانتاندا سادقن، خۆ دەبێ بۆ ئێوە داگیرکەری تورکیو ئێرانی فەرقی نەبێ، بێن پێکەوە لەسەر پێگەیەکی ئێران عەمەلیات بکەینو ئەگەر ئێوە هاتن لەسەر پێگەیەکی ئێران عەمەلیات بکەین، ئێمەی خودموختاریخوازیش ئامادەین لەسەر پێگەی تورکیە لەگەڵ ئێوە عەمەلیات بکەین کە دەزانم وەڵامەکەیان "نە"یە. ئەوکات پێیان بڵێن کەوابوو ئێوە ڕاست ناکەن. دیارە جاری دیکەش پێکەوە دەکەوتنە باسو مشتومڕو، ئەم ڕێنوێنیەی منیان لە

باسەکەدا لەبەرچاو گرتبووو ئیدی قەت نەفەراتی p.k.k لـەو بـارەوە لەگـەڵ پێـشمەرگەکانی ئێمە نەدەکەوتنە باس.

یەکێك لە حەرەکەتەکانی دیکەی p.k.k، وەرگرتنی گومرك لە کوردە ئێرانیـیەکانو لە ناو خاکی کوردستانی ئێراندا بوو، زۆر جاریش لەو شوێنانە گومرکیان وەردەگرت کە ئێمەی لـێ بووینو دەیانهەویست ئێمە لەگەڵ هێزەکانی تورکیە دەرگیر بکەن. جارێك لە چیای شـەهیدان ئێمە نزیکەی 80 پێشمەرگەیەك لە مەرز خـەریکی حەسـانەوە بـووین، دیتمـان 4 گـریلای p.k.k هاتنە لای سەرەوەمان بۆ وەرگرتنی گومرك، منیش یەك دوو کادرم نـاردو وتم زۆر بـە نەرمی پێیان بڵێن ئەگەر گومرك وەردەگرن، با بچن لە شوێنی دیکەی وەربگرن، ئێرە ئێمـەی لێین. ئەو برادەرانەش رۆیشتنو زۆر بە رووخۆشیو بە نەرمی داوایان لـێکردبوون شوێنەکەیان بگوێزنەوە، قبووڵیان نەکردبووو برادەرانی ئێمە پێیان وتبوون باشە یـا برۆنـە دیـوی تورکیـە گومرك وەربگرن یان وەرن بـڕۆن لـە خـوارەوەی ئێمـە گـومرك وەربگـرن. دیـسان قبووڵیـان نەکردبووو گوتبوویان ئێرە کوردستانەو پێویست نیە ئێوە خەتو نیـشان بـۆ ئێمـە بکێـشن، بۆیە کادرەکانی ئێمە گەڕانەوەو جەرەیانەکەیان بۆ باس کـردم. بـۆ جـارێکی دیکـە نەفـەری دیکەم ناردن، دیسان فایدەی نەبووو یەکجار پێمان راگەیاندن ئەگەر ئێرە بـەجێ نـەهێڵن زۆر بە جیددی بەرخوردیان لەگەڵ دەکەین. پاش ئەم نیوە هەڕەشەیە بەجێیان هێـشتو وتبوویـان لە نیوسەعاتی خوارەوەی ئێوە گومرك وەردەگرین، ئێمەش قبووڵمان کردو رۆیشتن. با لێـرەدا قسەیەکیش بۆ گورگ بکەین، ئەو 4 کەسە لە وەرگرتنی گومركو نیگابانیدان لە خۆیـان زۆر جیددی بوونو یەك ساتیش لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکەیان کۆتاییـیان نەدەکرد.

لە نزیك گوندی ئەشکەوتان کە گوندێکی کوردستانی تورکیەیە، چەند هاوڕێمـان کاریـان وەرگرتنی گومرك بوو، لەو مەسیرەش قـەرەقۆڵێکی تورکیـەی لـــێبوو، بـەهۆی هاوڕێیـانی گومرکەوە پەیامیان ناردبوو کە فەرماندە ناوچەی شەمزینان داوا دەکا من (تەیموور) ببینـێ، منیش بەهۆی ئەوەی جاروبار لە هاتوچۆی مەرزیدا پێکـەوە بـەرخوردمان هـەبوو، بـەهۆی هاوڕێیانی خۆمانەوە پەیغامم بۆ ناردن کە فلآنە رۆژ من بۆ مەلاقاتەکە ئامادەم با ئـەوانیش

بـێن. رۆژی دیـاریکراو لەگـەل شـەهید بـەهرام ئازادفـەڕ بـەرەو قـەرەقۆڵی ئەشـکەوتان وەرێکەوتینو لە کاتی دیاریکراودا گەیشتینە ئەشکەوتانو چوینە قەرەقۆڵو قسەوباس لەگەڵ فەرماندەو جێگری هێزەکانی تورکیە لە شەمزینان دەستی پێکرد. فەرماندەکەیان سەرهەنگ تەواوێكو جێگرەکەشی سەرهەنگ دووێك بوو. ئەوان لە قسەکانیاندا وتیان ئێـوە هاوکـاریی p.k.k دەکەن. منیش هەر بەڕاستی ئیزهاری بێئیتلاعیم کردو وتم مـن بـە شـتی وا نـازانم، ئەگەر شتی روونتان هەیە فەرموون، وتی عەسکەرتان هەیـە، وتم بـەڵێ چـەند عەسـکەرمان هەیە، وتی عەسکەر ناوێکتان وەسایلو شتومەکی بە حوسەین ساری فەرماندەی گەریلاکانی p.k.k لە شەمزینان داوە. قەولم دا لەو مەسـەلەیە بکۆڵمـەوە، کـە گەڕامـەوە لـە عەسـکەر عەلیزادە کە ئەندامی مەڵبەندو بەرپرسی ماڵی بوو، پرسیارم کرد، وتی لێت ناشارمەوە، لەم رۆژانەدا حوسەین ساریو دوو کادریانم دیتوە رادیۆکەیان باتری نەبووە چـەند باترییـەکم پـێ داون. وتم جگە لەو دوو کادرەو حوسەین ساری کەسی دیکەیان لەگەڵ نـەبوو، وتـی نـا، بـۆم گێڕایەوە کە فەرماندەی تورکیە لە شـەمزینان خەبـەری پـێ گەیـشتوە، عەسـکەر وتـی بـە موقەددەساتم ئەو سێ کەسە نەبێ کەسی دیکە نەیزانیوە. پاشان کە چاوم بە حوسـەین سـاری کەوت گلەییم لـێکرد، وتم ئەوە دووهەم جارە ئێمە شت بە ئێوە دەدەینو تورکیە پێ دەزانێ، ئیتر لەمەوبەدوا چاوەڕوانیتان نەبێ کە کەمترین هاوکاریتان بکـەین. بـە کـورتی هـەر ئێمـە بووین تەحەمولی p.k.kمان دەکرد، ئەگەرنا کەسیتر نەیدەتوانی تەحەمولیان بکا.

شتێکی زۆر سەیرو سەمەرەو تەجروبەیەکی جالبمان هەبوو لە کاتی بەرەوڕووبوون لەگـەڵ نەفەراتی p.k.kو بەتایبەت ئەگەر نزیکی پێگەکانی رێژیم بووین، ئەوە بوو کە پاش ماوەیەك کە لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە شوێنی حەسانەوەمان وەبەر تۆپ بارانی رێژیم دەکـەوت، بۆیـە پاش دوو سێ جار تەجروبـەی ئـەم حاڵەتـە، هـەر کاتـێ لەگـەڵ چـەکداری p.k.k بـەرەوڕوو دەبووین، ئەگەر لە حاڵی حەسانەوەدا بووین، پاش تێپەڕبوونیان شوێنەکەمان دەگۆڕیو چـەند سەعاتێکی بەسەردا تێدەپەڕی کە شوێنە پێشوەکەمان دەکەوتە بەر تۆپ بارانی رێژیم.

شەوێك پاش بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی رژێم لە حەسەنی ناوچەی سۆما، چووینە ماڵی حاجی حوسەین کە بە قەولی خۆی ماڵی مەسئوولان بوو، جا فەرقی بۆی نەبوو ئەو مەسئوولە حیزبیە یان هی p.k.k یان کۆماری ئیسلامی، میوانی ئەو بووین. کاتی ماڵئاوایی، حاجی حوسەین کێشامیە لاوەو پەسەکێکی بەڵەکی پێدامو وتم حاجی ئەمەت لە کوێ بووە؟ وتی لێت ناشارمەوەو هەر ئەو برادەرەش ئەمەی پێ دامو وتوویە تکات لێ دەکەم بیدە بە کاك تەیموور. منیش وتووم باشە نەفەرکە کێ بوو؟ وتی بەرپرسێکی p.k.k بوو، منیش لێم وەرگرت، وتم حاجی چاوت پێی کەوت لە باتی من سپاسی بکە. ئەو پەسەکەم دوو ساڵ لەبەردا بووو پێی حەسابوومەوە. پەسەکێکی زۆر باش بوو، گیرفانی زۆر رێکوپێکی هەبوو، پاشانیش من دام بە برادەرێکی دیکە.

## کۆك

ئەم رێکخراوە رێکخراوێکی بچووك بوو، لەو ماوەیەدا من لە شیمال بووم، چەند جارێك چاوم پێیان کەوت. رۆژێك لە لای وارگەنمەوە دەهاتینە سەر بۆ لای کونەکۆترو... ، هەواڵنێرێکی کورد بەناوی جەواد کورخماز خەڵکی دیاربەکرمان لەگەڵ بوو. کاتی سەرکەوتن چاومان بە کۆمەڵە چەکدارێك کەوتو بە پێشڕەوەکانی ئێمەیان وتبوو پێمان خۆشە کاك تەیموور ببینین. بە بێسیم بە منیان راگەیاند، منیش بە یەكو دوو برادەر کە لەگەڵم بوون وتم لەگەڵ جەواد ئێوە برێك توند بچن با جەواد چاوی بەو چەند کەسە نەکەوێو هەر واشیان کرد. بەڵام جەواد کە هەواڵنێر بوو، زۆر "کنجکاو" بوو، چاوی بەو چەند کەسە کەوتبوو کە بەراوردی کردبوو هیچیان لە پێشمەرگەی ئێمە نەچووبوون، لە پێشمەرگەکانی پرسیبوو ئەوانە کێن؟ ئەوانیش وتبوویان ئەوە پێشمەرگەی خۆماننو ئەویش قەبووڵی نەکردبوو، وتبووی ئەوان p.k.kنو ئەگەر p.k.kن پێم خۆشە بیانبینمو وتووێژیان لەگەڵ بکەم. پێشمەرگەکانیش هەرچی قسەیان لەگەڵ کردبوو فایدەی نەبوو، بۆیە من کە گەیشتمەوە لایان وتم ئەوە بۆ لێرە راوەستاون، وتیان جەواد نایەت، دەڵێ دەبێ بچم بۆلای ئەو کۆمەڵە چەکدارە، منیش وتم بۆ

دەتهەوێ بیانبینی؟ وتی p.k.kن‌و پێم خۆشە وتووێژیان لەگەڵ بکەم. سوێندم بـۆ خـوارد کـە p.k.k نین‌و برۆ پاشان قسەت بۆ دەکەم. ئەوانم بەڕێ کردو خۆم چوومە لایـان. بەرپرسـەکەیان کوڕێکی سوورکار بوو، ئێستا ناوەکەیم لە بیر نەماوە. پـاش چـاک‌و چـۆنی، داوای لـێ‌کردم چەند کەسێك کوردی تورکیەیان پێ بناسێنم‌و داوایان لـێ بکەم لەگەڵیان بکەون بڕۆن بۆ نـاو کوردستانی تورکیە. منیش پێم وتن باشە ئێوە خۆتان حیزب نین؟ هەوادارتان نیە؟ وتیـان لـە قوولاییدا هەوادارمان هەیە. منیش دەمزانی نە لە قوولاییو نە لـە مـەرز هـەواداریان نیـە بۆیە زۆری لەسەر نەڕۆیشتم، پێم وتن راستە ئێمە لەم مەرزەدا زۆر کەس دەناسین‌و زۆر کـەس دۆستمانە، بەڵام نە دەتوانین داوای شتی وایان لـێ بکەین‌و نە داوای واشیان لـێ دەکەین.

پاش ئەم قسانە، وتم ئەگەر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خۆمان دا کارێکمان لە دەست بـێ، ئامادەین بۆتانی بکەین. ئەوان داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ رێبەری حیزبیان دەکرد، منـیش وتم ئێوە ئەگەر لە ئورووپا لایەنگرتان هەیە، دەتوانن لەوێوە تـەماس بگـرن. پێکـەوە ماوەیـەك هاتین، وتم هەواڵنێرێکی تورکیە لێرەیەو داوا دەکا لەگەڵ ئێوە وتووێژ بکـا، نـەزەرتان چـیە؟ وتیان با لە نێو خۆمان دا قسە بکەین، ئەگەر ساغ بووینەوە ئاگادارت دەکەینەوە. وتم باشـە، مادام وایە ئەو هـەواڵنێرەم ناردۆتـە رەنگینـۆك، ئێـوە بڕۆنـە چـادرەکانی کـەماڵ، لـەوێش پێشمەرگەی لـێیە. ئێمە لێك جیابووینەوە. ئەوان بەرەو چادرەکانی کەماڵ‌و ئێمـەش بـەرەو چادرەکانی رەنگینۆك. کە گەیشتمە رەنگینۆك، جەواد پرسیی ئەوانـە کـێ بـوون، وتم کـوك بوون. ئەوانیش رێکخراوێکی کوردی تورکیەن‌و داوای سـەربەخۆیی دەکـەن، بـەڵام نفووزیـان کەمـە. وتـی زۆر چـاکە ئولایـەکی لـێ چـاك دەکـەم (مەبەسـت هەرایـەك)ە. منـیش وتم وتووێژەکەت لەگەڵ ئەوانە لەلایەن ئێمەوە شەرتی هەیـە. وتـی شـەرتی چـیە؟ وتم ئێمـە نـە دەتوانین شەڕی تورکیە بکەین‌و نە پێشمان خۆشـە شـەڕی تورکیـە بکـەین. تـۆ بـەو شـەرتە دەتوانی وتووێژیان لەگەڵ بکەی، بلێی لە شوێنی دیکە (مەسـەلەن وەك لوبنـان‌و...) چـاوت پێیان کەوتووە. ئەویش قەبووڵی کرد. پاش ماوەیەك نەفەرم ناردە چادری کەماڵ‌و رەنگینـۆك 10 دەقیقە فاسیلەیان هەیـە. وتم لێیـان بپرسـە بزانـە بـۆ وتووێژەکـە ئامـادەن. نەفەرەکـە

رۆیشتو گەڕایەوەو هەر لەلای جەواد پێی وتم ئامادە نین. جەواد وتی زۆر گرنگە دەبێ من وتووێژیان لەگەڵ بکەم. منیش وتم رەنگە لەوە ترسیان هەبێ کە "چهرە"یان بۆ تورکیە بناسرێ. چونکە ئەمانە دەیانهەوێ لە تورکیەدا بە نهێنی کار بکەن. جەواد وتی: ئەوان چۆن دەڵێن من وا وتووێژیان لەگەڵ دەکەم. وتم بە سەروچاو بەستراوی ئامادەی وتووێژیان لەگەڵ بکەی؟ وتی فەرق ناکا. منیش ناردمەوە بۆ لایان کە پێیان بڵێن بە سەروچاو بەستراویش ئامادە نین، وتبوویان نە بەو شێوەیەش ئامادە نین، بۆیە جەواد زۆر قەڵس بوو، وتی تۆ خوا بێ خۆت مەکوژە، ئەمانە چ خەباتگێڕێکن؟! هەواڵنێرێك ئامادە بێ خۆی بخاتە خەتەرو بیروباوەڕەکەت بە خەڵکەکە کە بە لای خۆتەوە خەباتی بۆ دەکەی، بەبێ کەمترین چاوەڕوانی بۆت بڵاو بکاتەوە، بەڵام ئامادە نەبی. منیش وتم جەواد خان خۆ هەموو کەس وەك ئێمە نیە کە ئامادە بێت سەدان عەکست لەگەڵ بگرێ. وتی هەر بۆیە منیش زۆر ئیمانم بە ئێوەیەو ئێوە زۆر لەوە گەورەترن کە خۆتان بیری لێ دەکەنەوە.

## خەڵکی کوردستانی تورکیەو حیزبی دێموکرات

لە کاتێکەوە کە پێم نایە خاکی شیمالی کوردستان، بەهۆی بوونی مەرزێکی زۆر لەگەڵ تورکیە یا باشتر بڵێم مەزری دابەشکراوی کوردستان بە ناچار لەگەڵ خەڵکێك بەرەوڕوو بووم کە ئەگەرچی بە رواڵەتو بە ناحەق لەسەر وڵاتێکی دیکەنو بەهۆی ئەو دابەشبوونەوە، بەڵام لە ناخەوە لە تۆنو ئەمەش زیاتر ئەو کاتە هەست پێ دەکەی کە دەچیتە نێویانو قسەیان لەگەڵ دەکەی. لە ماوەی چوار ساڵ بەرپرسایەتیم لە شیمالدا چوومەتە دەیان گوندی کوردستانی تورکیەو زۆر کەس لە خەڵکەکەی دەناسمو لە نێویاندا دۆستو ناسیاوم پەیدا کردوە. من لەم بارەوە خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم. هەر بەو پێیەش ئەم بیرەوەرییە ناتوانێ جێگایەك بێ بۆ ئەو هەموو هەستو دڵسۆزییە کە لەو خەڵکەدا بە نیسبەتی کوردی ئێرانو بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو پیشمەرگەکانی هەیە، تەرخان نەکا.

یەکەمین گوند کە ساڵی 1366و لە کاتێکدا کە بەرپرسی شنۆ بووم، گەلیشم بوو کە یەك دوو جار سەرم داوەو خەڵکەکەی سەرەڕای ترسێکی زۆر، هاوکارییەکی بەرچاوو دڵسۆزانەیان کردوین. لە ساڵی 67ەوە تا 70، گوندەکانی هەلانە، ئەشکەوتان، کارتۆنە، وارگەنم، کەندالۆك، عەلیئاباد، هرمیو گەلی دیر یا ... و خاشکان، دەراوو زۆر گوندی دیکەش لەو گوندانە بوون کە بە دەیان شەو خەڵکە بەشەرەفو نیشتمانپەروەرەکەی وێڕای ترسێکی زۆر کە لە ئەرتەشی تورکیەیان هەبوو، باوەشی گەرمی خۆیانیان بۆ دەکردینەوەو زۆر جاریش لە خەمو نارەحەتییەکانماندا بەشدار بوون. لە نێو ئەو گوندانەدا هەوارگەنمو دریشكو کەندالۆك بەهۆی نزیکایەتیی مەقەڕی زستانەمان لە هەوارگەنمو کەندالۆك هەمانبوو، دریشکیش بەهۆی زیاتر مانەوەمان لە دەورووبەری جێگایەکی تایبەتییان هەیەو زەحمەتێکی زیاتری هێزی ئاگرییان لەسەر بووە، بۆیە وێڕای یادکردنەوەیان، رێز لەو هەموو موحیببەتو هاوکارییەیان دەگرم. خەڵکی ئەو گوندانەی سەر سنوور هەر کاتێك ئێمە پێمان دەسپاردن تێکۆشەرانی کوردی تورکیەیان دەبرد بۆ قوولایی وڵات، سەرەڕای هەموو مەترسییەکی سەر رێگا یا بەڕێکردنی چەندین کادرو پێشمەرگەی حیزب کە لە سەر راسپاردەی رێبەرایەتیی حیزب لەگەڵ ئێمەدا هاتبوونە سەر سنوورو بردنیان بۆ وانو تا ئانکاراش بە بێ ئەوەی تەنانەت کرێ ماشینی خۆیانیشیان لێ وەربگرن.

لە کەندالۆك پیرە پیاوێك بەناوی مام قادر هەبوو کە ئەندامی کۆمەڵەی ژ ـ کاف بوو. ئێستاش بەو سوێندەی بۆ کۆمەڵەی ژ ـ کاف خواردبووی، وەفادار مابۆوەو لە کاتی جیابوونەوەی کۆمەڵێك لە ئەندامانی حیزب لە ساڵی 67، مام قادر هەڵوێستی لەگەڵ رێبازی دوکتور قاسملوو بووو زۆریش وەفادار بەو رێبازە بوو. لەو کاتەدا 3 پێشمەرگەی شیمال لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگە جیابۆوە کەوتبوون، رێیان لە کەندالۆکی گوندی مام قادر کەوتبوو، مام قادر رێگای نەدابووە بێنە گوندەکەو پێی وتبوون هەرکەس دژایەتیی لەگەڵ رێبەرایەتیی قاسملوو بکا، دژایەتیی رێبازی کوردایەتیو رێبازی کۆمەڵەی ژ ـ کاف

دەکات. منیش سوێندم خواردوە لەو پێناوەدا هەوڵ بدەم، بۆیە ڕێگاتان نادەم بێنە ئەم گوندەوە.

حاجی عەباس خەڵکی دویشك کە زۆر پیاوێکی قسەخۆشو جاروباریش زۆر شتی گەورە دەکردەوە، ڕۆژێك لە گوندی دویشك داستانێکی بۆ گێڕامەوەو دەیگوت لە هەکاری ئەل بماسیکیان (نارنجۆکی دەستی) لە ساختمانێك داوە، ساختمانەکە لەگەڵ عەرز بووە بە یەكو تەخت بووە. لە گێڕانەوەی ئەم داستانەدا بۆم دەرکەوت حاجی عەباس لە رادەی تەخریبی نارنجۆکی دەستی هیچ نازانیو زۆریشی لێ دەترسێ. ڕۆژێکیان پێکەوە خەریکی شۆخیکردن بووین، دەستی بە خۆڕانان کردو دەیگوت هەرچی پێشمەرگە لەگەڵ تۆدایە بە برنەوێك پێشیان پێ دەگرمو ناهێڵم بێنە گوندی دویشك. منیش بینیم بە قسەی ئاسایی لێم حاڵی نابێو دەمزانی لە نارنجۆکی دەستی زۆر دەترسێ، وتم حاجی عەباس پێشمەرگەی من عادەتیانە تەنیا بە نارنجۆك (ئەل بماسی) شەڕ دەکەن. لە پڕێكدا تەماشام کرد حاجی عەباس وەك عەلەشیش کە بای لە خۆی کردبوو، سیس بۆوەو وتی برا بە خوا من لەگەڵ نارنجۆکم پێ ناکرێ. ئەگەر بێتو نارنجۆکێك لەم گوندە، واتە دویشك بکەوێ، هەمووی وێران دەبێو، لەم بابەتە هەرکات چاوم بە حاجی عەباس کەوتبا، لە شەڕە نارنجۆکم بۆ دەگێڕایەوەو حاجی عەباس بە قەولی خۆیان بە تەواوی بەعەجی بوو (ترسابوو).

بیرەوەرییەکی ناخۆشیش کە لەو گوندانە هەمە، لە گوندێکی ... بووین، قەتعنامەی 598 لەلایەن ئێرانەوە قبووڵ کرابوو، منیش 10 پێشمەرگەم لەگەڵ بوونو قەرار بوو بەو گوندەدا تێپەڕینو بچینە ناوچەیەکی دیکە کە زۆری ڕێگاکە نزیك دەکردەوە. لەبەرماڵێك دانیشتبووین، چەند پیرە پیاوێك لەگەڵ یەك ـ دوو پێشمەرگە کەوتنە قسەو دەستیان بە مەنفیبافی کردو وتیان شێخ سەعیدو شێخ مەحموودو مەلا مستەفاو قازی **محەمەد** چییان کرد، هیچیان بە هیچ نەبوو. بەکورتی کەوتنە ئایەی **"یأس"** خوێندنو من کە بەرپرسی ئەو پێشمەرگانە بووم، دەقیقە بە دەقیقە کە ئەم قسانەم دەبیست، ورەم دادەبەزی تا لە پڕێکدا چووم بە گژیانداو پێم وتن شێخ سەعیدو شێخ مەحموودو مەلا مستەفاو قازی **محەمەد**

پشتیوانی وەك ئێوەیان هەبوو، بۆیە رووخانو وتم مردووتان نەمرێ لە باتیی ئـەوە دڵخۆشـیی ئەو پێشمەرگانە بدەنەوەو هانیان بدەن بە درێژەدانی خەبات، کەچی وا دڵساردیان دەکەنـەوە. خوا هەڵناگرێ دوای قسەکانی من ئیتر نووکەیان لێوە نەهاتو تەنانەت یەك دوو کەسـێکیان زانیان کارەکەیان خراپ بووە، داوای لێبوردنیان کرد.

سەرەڕای ئەم باسە گشتییە، لەمەوبەدواش رەنگە لە هێندێك لە بیرەوەرییەکانمدا باسـی هەڵسوکەوتو نەخشی خەڵکی کوردستانی تورکیە لە هاوکاریودڵسۆزی بە نیـسبەت کـادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە شیمالدا بکەم.

## پێوەنیمان لەگەڵ فەرماندەانی سنووری تورکیە

چەند لاپەڕە پێش باسی پێوەندییەکی خۆم لەگەڵ یەکێك لە فەرماندەرانی تورکیـە کـرد. ساڵی 67 کە گەڕاینەوە بۆ بنکەی سابیت لـە عێـراق، جەرەیانەکـەم لەگـەڵ کـاك دوکتـور قاسملوو باس کردو کاك دوکتور قاسملوو پێی وتم ئەگەر ساڵی داهاتوو گەڕایتەوەو داوایان لـێ کردی لەگەڵیان دابنیشی، پێم خۆشە چەند شتت لەبەرچـاو بـێ، یەکـەم پێیـان بڵـێ ئەگـەر حکوومەتی ئێوە خوازیاری پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتە، با لە ئاسـتی سـەرەوەی ئێـوە لەگەڵ دەفتەری سیاسیی حیزب لە رێگای ئورووپاوە پێوەنـدی بگـرن. ئەگـەریش باسـەکەیان لەگەڵ ئێوە کردەوە، دەبێ بڵێین کە ئێمە ناچینە ژێر باری هـیچ شـەرتێك کـە لەگـەڵ کەسـی دیکە دوژمنایەتی بکەینو یان پێوەندییەکە جۆرێك بێ کە زەرەری حیزبی ئێمەی تێدا بێ.

ساڵی دواییو دواتر کـە گەڕاینـەوە، چـەندین جـار پێوەنـدیمان پێـوە گـرتنو لـە یەکـەم قسەکانیاندا، داوایان ئەوە بوو شەڕی p.k.kیان بۆ بکەین تا ئـەوان ئیمکاناتمـان پـێ بـدەنو ئاسانکاریمان بۆ بکەن یان هەر نەبێ شوێنی هاتوچۆی p.k.kیـان بـۆ دەستنیـشان بکـەینو، تەنانەت دەیانگوت ئەگەر ئێوە لە ئاستی بەرپرسایەتیدا ئەو کارە ناکەن، با پێشمەرگەکانتان ئەو کارە بکەن. بەختەوەرانە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب چونکە بە شێوەیەکی دروستو بـە دیسیپلین بار هاتبوون ـ کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کەس ناتوانێ یەك نموونەی زۆر چووکەش

لەو بارەیەوە لە سەریان باس بکات ـ حیزبەکەشمان لە هەموو ئاستەکانی بەرپرسایەتی‌دا هەر بەوە سەربەرزەو شانازی دەکا کە لە پێوەندی‌گرتن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە، تەنانەت یەك قسەشی بە زەرەری کورد نەکردوە.

لە ساڵی 1368 لە سێسنوور لەگەڵ کومیتەی شارستانی شنۆ بووین کە بەهۆی رابیتێکی قەرەقولی گەلیشمەوە داوایان لێ کردین کە لەگەڵ فەرماندەی ناوچەی شەمزینانی تورکیە کۆبوونەوەیەك بکەین‌و لە پێوەندی لەگەڵ هاتوچۆی مەرزی هێندێك قسەو باس بکەین. ئێمەش دوای پرس‌و ڕاو مەشوەرەت، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە بەرپرسەکانی هەردوو کومیتەی شیمال‌و شنۆ، کە من‌و لۆقمان مێهفەڕ بووین، لەگەڵ شەهید بەهرام ئازادفەڕ کە بەهۆی زاڵبوونی بەسەر زمانی تورکی‌دا، بۆ ئەو دانیشتنانە من هەمیشە لەگەڵ خۆم دەبرد، بڕۆینە ئەو کۆبوونەوەیەو لە کاتی دیاریکراودا هەم ئێمەو هەم دوو فەرماندەری ناوچەی شەمزینان لە گوندی گەلیشم پێکەوە دانیشتین. ئەوان زۆریان هەوڵ دا کە ئێمە بە هاونژادی خۆیان بناسێنن‌و ئێمەش نەچووین بە دەوری ئەوەدا. لە تەوەرەی باسەکاندا ئەوان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئێمە دژایەتیی p.k.k بکەین، ئێمەش کە من قسەکەری وەفدەکە بووم، پێمان لەسەر خاڵی هاوبەشی ئێمەو ئەوان وەك لاییك بوون‌و... دادەگرت‌و دەمانگوت رێژیمی ئێران رێژیمێکی مەزهەبی‌یەو دژی هەموو دەوڵەتێکی لاییکەو بە ئەرکی خۆی دەزانێ شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی ئێران کە نزیکترینیان تورکیەیە، رەوانە بکاو ئەمەو چەند شتی دیکەش دەتوانن خاڵی هاوبەش بن‌و لەسەر ئەساسی ئەم خاڵە هاوبەشانە قسە بکەین، بەڵام مریشکی ئەوان هەر پێیەکی هەبوو، ئێمەش کارمان بەو پێیەوە نەبوو، بۆیە کۆبوونەوەکەمان بە هیچ ئاکامێك نەگەیشت‌و لە کۆتایی‌دا من وتم زۆر خوشحاڵین لە چاوپێکەوتنتان‌و کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوومان هەبوو. کابرای فەرماندەی تورکیش وتی: نەك کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو باڕو لێدان بوو خیلافی جەرەیانی ئاو، منیش وتم هەر نەبێ کۆبوونەوەکە لەباری ناسینی بیروباوەڕی یەکترەوە زۆر باش بوو. یەك دوو کەس

کە لەو دانیشتنەدا بوون، پاش تەواوبوونی دانیشتنەکە بە منیان وت باشە چۆنت وێرا ئەو قسەیە بکەی؟!

لە فەرماندەرانی ئەرتەشی تورکیە مرۆڤی چاکیان هەبووو هی زۆر خراپیشیان هەبوو. زۆربەیان پێیان وابوو ئەوەی دەبێتە پێشمەرگە، شوانە. رۆژێك یەکێك لە فەرماندەرەکانی قەرەقولێکی مەرزی دێتە لای هاوڕێیانی ئێمە، بە ئینگلیسیو بە تورکی قسەی لەگەڵ دەکەن، زۆری پێ سەیر دەبێ. دەڵێ باشە ئێوە چۆن ئینگلیسیو تورکی دەزانن؟ لە نێو هاوڕێیانی ئێمەشدا کاك قادر فەتحی هەبوو لە نەخۆشخانەی حیزب فێری زمانی فەرانسەوی ببوو، فەرانسەوییەکی چاکی دەزانیو د. شوانیش کە کوردێکی عێراقی بوو، رۆژگار گەیاندبوویە لای حیزبی دێموکراتو سەرەتا وەك دوکتور راگیرابوو، پاشان ژنێکی کوردی ئێرانیی هێنابووو، ببووە ئەندامی حیزب، ئەویش عەرەبیی زۆر چاك دەزانی. بۆیە پێشمەرگەکانی وتبوویان ئێمە زمانی فەرانسەویو عەرەبیو هێندێکیش زێدەخوازیان کردبوو، وتبوویان ئاڵمانییش دەزانین. بۆیە کابرای یوزتەیمەن (افسر وظیفە) سەری سووڕ مابووو، وتبووی تا ئێستا پێم وابو کە هەرچی دەچێتە شاخ، لە دەستی شوانی هەڵاتوە. پاش ئەم جەرەیانە ناوچەی فەرماندەریی ئەم یوزتەیمەنە بۆ هاتوچۆی کادرو پێشمەرگەکانی ئێمە ئازاد بوو.

ناکرێ باسی فەرماندەرانی تورکیەو پێوەندی ئێمە لەگەڵیان بکەمو باسی دوو عومەر نەکەم. یەکیان عومەر مینباشی (سەرگورد) فەرماندەری هێزەکانی تورکیە لە ناوچەی گەوڕ (یوك سەك ئاوا) کە زۆر پیاوێکی نامەردو پان تورانیستێکی توند بوو. ئەوی دیکەشیان عومەر یوزباشی (سەروان) فەرماندەری سێ قەرەقوڵی عەلیئاواو کە ئینسانێکی زۆر باش بوو. رۆژێك عومەر یوزباشی ئاگاداری کردم کە عومەر مینباشی لەگەڵ ئیتلاعاتی ورمێ رێك کەوتوون کە لە بەرانبەر تەحویلدانی 4 پێشمەرگەی p.k.k بە عومەر مینباشی، عومەریش من (تەیموور) بە پیلان بکێشێتە خاکی تورکیەو تەحویلی ئیتلاعاتی ورمێم بداتەوە. دیارە هەر لەو کاتەشدا لە ناوخۆوە هەواڵمان بۆ هات کە یەکێك لە فەرماندەکانی

تورکیە بە پیلان خەریکە یەکێك لە ئێوە تەحویلی رێژیم بداتەوە. بە گەیشتنی ئـەم هەواڵـە، زانیاریـیەکی زۆرم کۆ کردەوە. بۆیە رۆژێك عومەر مینباشی لە سنوور گوتبوی دەمەوێ چاوم پێی بکەوێ. لە رۆژی دیاریکراودا هاتە سنوورو منیش لەمبـەری سـنووری ئێرانـەوە چـەند پێشمەرگەیەکیشم لەگەڵ بوون، لەگەڵی دانیشتمو پێم وت ئەوەی تۆ دەتهەوێ بە نیسبەت من یا هەرکام لە ئێمە بیکەی، پێشوەخت بەرپرسانی حیزبی خۆمانم ئاگادار کردووەو بەرپرسـانی تورکیەشم ئاگادار کـردوە. زۆر سـوێندی بـۆ خـواردم، قبـووڵم نـەکردو گـوتم کـە زانیـاریی دروستمان لە ئیتلاعاتی ورمێوە پێ گەیشتوە. پـاش سـوێندخواردنەکان وتـی راسـتییەکەی ئەوەیە کە ئێران ئەو داوایەی لە من کردوە، بەڵام من قبووڵم نەکردوە. منیش پێم وت ئەگەر تۆ کاری وا بکەی، لەگەڵ ئاور کایە دەکەیو، بەجێم هێشت.

دوایی یوزباشی عومەر بۆی گێڕامەوە کە مـینباشی زۆر نارەحەت بووەو وتوویە ئەوان بـە قسەکەی ئێمەو ئێرانیان زانیوە. دەڵـێن لـە ئیتلاعـاتی رێـژیمدا نەفـەریان هەیـە کـە بـۆی گێڕاونەتەوەو گوتبووی ئەم ئێرانییانە بێناموسن، بۆ ئەوە نابن مامەڵەیان لەگەڵ بکەی. ئیتر من مینباشی عومەرم چاو پێ نەکەوتەوە.

پێوەندیی ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی سـنووری تورکیـە، زۆرتـر لەسـەر ئـەو ئەساسـە پێـك هاتبوو، کە ئێمە ساڵانە دیارییەکمان پێ دەدان بـۆ ئـەوەی لـە سـنووردا گیروگرفتمـان بـۆ نەخوڵقێنن. خوا هەڵناگرێ جگە لە یەك دوو مەورید کە جارێکیان لە جـەرەیانی هێـرش بـۆ سەر p.k.k لە خاکورك 2 کەسی ئێمە بە ناوەکانی شەهید عەبدوڵڵا سەلیمیو شەهید خەبات کە لەسەر رێیاندا خەریکی گومرك وەرگرتن بوونو لانیکەم فەرمانـدەی ئـەو ناوچـەیەش لـە بوونی ئەو دوو کەسەی ئێمە ئاگادار بوو، گرتنیو دوایی بەهۆی کوردێکی خـۆفرۆشو خـائین کە جاش بوو، ئێعدام کرابوونو، چەند جـارێکی دیکـەش پێـشمەرگەی ئێمـە کـە لـە مـەرز خەریکی گومرك بوون، لە لایەن ئەوانەوە گـیرانو دوای داواکردنیـان لەلایـەن ئێمـەوە ئـازاد کران، گرفتێکی دیکەیان بۆ پێك نەهێنایین.

لە زستانی ساڵی 67دا لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا باس لـە هەلومـەرجی پـاش قبووڵی بڕیارنامەی 598 کراو لایەنەکانی ئەو ئاگربڕە لێك درایەوە. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بوو کە کاك دوکتور قاسملوو باسی ئەوەی کرد کە راستە ئـەم دوو دەوڵەتـە بڕیـاری راگرتنـی شەڕیان قبووڵ کردوەو خومەینی جامی زەهرەکەی نۆشیوە، بەڵام ئێرانو عێـراق بـەم زووانـە ئاشتی ناکەن. دەلیلەکانیشی وا باس کرد: فارسو عەرەب دوژمنایەتیی لەمێژینەیان هەیـەو ئەم دوژمنایەتییە بەم زووانە کۆتایی پێ نایە. دیلەکانی شـەڕ، غەرامـەتی شـەڕ، ناسـرانی دەسدرێژیکەرو زۆر گیروگرفتی دیکە رێگا نادەن ئەو دوو رێژیمە بە ئاشتی بگەن. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ئێمە دەست لەسەر دەست دانێینو هیچ بڕیارێـك سـەبارەت بـە داهـاتووی شۆڕشەکەمانو حیزبەکەمان نـەدەین. لـەو کۆبوونەوەیـەدا کـە چـەند رۆژی خایانـد، وێـڕای تاوتوێکردنی زۆر لایەنو ئیحتمالاتی داهاتوو، کۆبوونەوەکە هاتە سەر ئەو بڕوایە کـە حیـزب بکرێ بە سێ بەش: بەشێکی کە لە کاری دیپلۆماسیدا شـارەزایە، بـچێتە ئورووپـاو کـاری دیپلۆماسی بکات، بەشێك کە پیرو پەککەوتەو ژنو منداڵیان هەیـە، لـە شـوێنێکی عێـراق وەمێننو خۆیان پێ بگەیەنن. بەشی سێهەم لەو کادرو پێـشمەرگە چـالاكو ئـازاو خـۆڕاگرو بەورانە پێك بێ کە سەڵتنو توانای هەڵسووڕانیان هەیە. دیارە بەهۆی ئەوەی کە من ئـەوکات ژنم نەهێنابوو، لەڕاستیشدا وەك کادری ئازاو چالاك حیسابم لەسەر دەکـرا، دەکەوتمـە بەشـی سێهەمەوە قەرار بوو ئەم بەشی سێهەمە لە سـنوورەکاندا بـسووڕێنەوەو بـەم جـۆرە حیـزب شەڕی پارتیزانی درێژە پێ بداو، حیزب ئیمکاناتی پێویست بۆ ئەم هێزە تەرخان بکا. پاش بە ئاکام گەیشتنی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەم سێ بەشکردنەی حیزب، کاك دوکتور قاسملوو وتـی لە بیرتان نەچێ، ئەم کارە بە زۆربەی بەدەنەی حیزب جێبەجێ دەکرێ، بۆیە نابـێ ئێمـە لێـرە بڕیار بدەین، بەڵکوو پێویـستە بەرپرسـان کـە گەڕانـەوە بـۆ ئۆرگانـەکانیان، مەسـەلەکەیان بەڕوونی بۆ باس بکەنو بزانن نەزەری بەدەنەش چیە؟

بەرپرسەکان گەڕانەوە بۆ ئۆرگانەکانیان. لە کۆبوونەوەی دواییدا کە زۆری نەخایاند گـیرا، بەرپرسان نەزەری بەدەنەی حیزبیان هێنابۆوەو لە هەموو ئۆرگانەکان نـەزەری پێـشنیارکراوی

کومیتەی ناوەندی پەسند کرابوو، تەنانەت زۆربەی ئەو کەسانەش کە ژنو منـدالّیان هـەبوو، ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری لەگەڵ دەستەی سێهەم واتە مانەوە لە سـنوورەکانی کوردسـتان ودرێژەدانی شەڕی پارتیزانی راگەیاندبوو، بۆیە کومیتەی ناوەندی ئەم بڕیارەی پەسـند کـردو ئەمە یەکێك لە شانازییەکانی کومیتەی ناوەندیی حیزبـی دێموکراتـە. دیـارە لـە راپـۆرتی کۆنگرەی هەشتەمیشدا هاتبوو کە ئاشبەتاڵ لە فەرهەنگی حیزبی دێموکراتدا مانـای نیـەو حیزب لە هەر هەلومەرجێکی دژواردا خەباتی خۆی بۆ گەیشتن بە دێموکراسیو خودموختاری درێژە پێدەدا.

پاش پەسندکرانی ئـەم بڕیـارە، ئـەمجار کـاك دوکتـور قـاسملوو دەسـتی بـە قـسە کـردو خۆشحالّیی خۆی لە پەسندی ئەو بڕیارە دەبڕیو وتی: "لە ڕێبەرایـەتیی شۆڕشـگێڕو بـەورەی حیزبی دێموکرات هەر ئەو چاوەڕوانییە هەبوو"و، درێژەی بە قـسەکردن داو وتـی: "مرۆڤـی سیاسی لە کاتی بڕیارداندا دەبێ بڕیار بۆ هەلومـەرجی هـەرە خـراپ بگـرێ تـا بتوانـێ لـە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێ. ئەم حالّەتە کە ئێمە بڕیارمان لەسەر داوە حالّەتی هـەرە خراپـەو من پێم وانیە جارێ بەو زوانە ئەو دوو رێژیمە پێك بێن. تازە ئەگەریش پێـك بـێن، مـەعلووم نیە چۆن پێك دێن. لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە لەم دنیادا بە تـەنیا نـین، دۆسـتو پـشتیوانی زۆر بەهێزمان هەیەو لە لایەکی دیکەوە، رۆژهەلاّتی نێوەڕاسـت زۆر ئـالّۆزەو ئەگـەری ئـەوە هەیە هەرکات شتێك روو بـداو ئـەم وەزعـە بگـۆڕدرێ." دیـارە ئـەم قـسانە هەرچـەند زۆر راستییان تێدا بوو، بەلاّم ئەوەشی تێدا بوو کە دوکتور قاسملوو وەك رێبەرێکی عـاقڵو ژیـر، ورەی بە هاوکارەکانی دەدا کە لەباری زانیاریو ئەزمـوونی سیاسییەوە وەك قوتابیی دوکتـور قاسملوو وا بوون.

لە کۆتایی ئـەم پلینۆمـەدا دوکتـور قـاسملوو ویـسکییەکی گـەورەی هێنـاو وتـی ئـەم ویسکییە گەورەیە زۆر لەمێژە لەلایەن دۆستێکی زۆر خۆشەویستمەوە بە دیاری بـۆم هـاتوە، منیش بڕیارم داوە لەگەڵ خۆشەویستترین دۆستەکانی خۆمدا بیخۆمەوە. بێ "مجامله" دەلّـێم، ئەم کۆمیتە ناوەندییە هەم ئەو کومیتەی ناوەندییە شۆڕشگێڕەیە، هەم هـەمووتان بـۆ مـن

خۆشەویستن، بۆیە لێرە دەیخۆینەوە بە خۆشی ئەو بڕیارەی داومانەو بە هیوای سەرکەوتنی میللەتەکەمان. هەروەها وتی: بەڵام هەر لەو کاتەشدا بڕیارمان داوە هەر کەسێك تەنیا دوو پێك ویسکی بخواتەوە. ساقیی ئەو مەجلیسەش بوو بە کاك قاسم قارەمانی کە زۆر دوکتور قاسملووی خۆش دەویستو لە بەڕێوەبردنی بڕیاردا زۆر ویشكو بێئینساف بوو، دەمزانی لە دوو پێك ویسکی زیاتر بە کەس نادات. منیش کە ئەو کات زۆرم کەیف بە ویسکی دەهات، بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی ویسکی بڕیارم دا کە مەلا ئەحمەد رەحیمی کە مەلا بووو هیچ چەشنە مەشرووبێکی نەدەخواردەوەو رەفیقم بوو، بیهێنمە لای خۆمو بەناوی مەلا ئەحمەدەوە دوو پێکی ویسکیی دیکە وەربگرم. کاتی دابەشکردنی پێکە ویسکییەکان دستی پێکرد، قاسم گەیشتە لای منو مەلا ئەحمەد، پرسیاری لە مامۆستا کرد ئەخۆیتەوە؟ پێش لەوەی مامۆستا وڵامی بداتەوە، من وتم بەڵێ دەخواتەوە. بەکورتی دوو پێکەکەی مەلا ئەحمەدیشم خوارد. لێرەدا شەهید غەفوور هەمزەیی بە منی وت پێکی دووهەمەکە بدە بە من، منیش وتم من بۆ خۆم هێناومە، تۆش بۆ خۆت هێنابات. وتی لە قاوتان دەدەم. منیش وتم راوەستە با بە ناوی مەلا ئەحمەدەوە، بەڵکوو بە هەمووومان پێکێك لە قاسم وەربگرینو ئەوەش تۆ بیخۆرەوە. [بەم جۆرە] رەزایەتی داو قاسم گەیشتە لامان، من داوام لێ کرد بۆ مامۆستا تێ بکا، وتی دوو پێکی خۆی خواردووەو نابێ، منیش وتم تۆ سەری دوکتور قاسملوو پێکێکی بۆ تێکەن بەم سوێندە پیکێکی بۆ تێکرد. هەر کۆتایی بە تێکردنی پێك نەهێنابوو غەفوور وتی قاسم تۆ قەبری بابت ئەوەندەی دیکەی بۆ تێ بکە، وتی ئاخر نابێ، منیش وتم ماڵت نەشێوێ مەلایە دەخواتەوە، بۆ بۆی تێ ناکەی؟ لەبەر سوێندەکە ئەوەندەیتری بۆ تێکردو دوو سێ سوێندی دیکەمان دا، کاتێ زانیمان لیوانەکەی غەفوور خەریکە پڕ دەبێو خواردیەوەو ئێمەش کە لە خواری خوارەوەی میزەکە دانیشتبووین، غەفوور دەستی کرد بە پێکەنینو ودەیگوت بە قەبری باوکم ئەم داستانە دەگێڕمەوە. منیش داوام لێ کرد نەیگێڕێتەوە. لەم کاتانەدا دوکتور قاسملوو بەو کێشەیەی ئێمەی زانیبوو، بەڵام نەیدەزانی چیە. داوای کرد خەڵکەکە بێدەنگ بنو پرسیاری کرد لەو خوارەوە چ خەبەرە؟! غەفوور

داستانەکەی گێڕایەوەو کاك دوکتور قاسملوویش وتی لەمەوبەدوا تەیموورو غەفوور دەبێ بێنە لای من دانیشن‌و ئیتر دوای ئەم کۆبوونەوەیە من‌و کاك غەفوور یەکمان لەلای راستی‌و یەکمان لەلای چەپی دادەنیشتین.

هەر لەم زستانەدا، کاك دوکتور قاسملوو چەند کلاسێکی بۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دانا کە باسەکان بریتی‌بوون لە: مودیرییەت، مێژوویەکی کورتی رێبەرایەتیی حیزب‌و... . لە ناو دانان لەسەر ئەم باسانە، کاك جەعفەر حامێدی نەزەری ئەوە بوو نابێ ناوی کلاسی لەسەر دابنێن، چونکە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی تێدا دانیشتوون. بەشی زۆری کۆمیتەی ناوەندی‌و بەتایبەتی شەهید دوکتور سەعید دەیگوت: دەبێ ناوی کلاس بێ‌و لە کاك جەعفەر قەڵس بووو، وتی: بۆ تۆ خۆت لە شاگردی دوکتور قاسملوو پێ زیاترە؟و درێژەی داو وتی: دەزانی منیش دوکتورام هەیە، دەشزانی ئینسانێکی باسەواد نەبم، لە تۆ بێ‌سەوادتر نیم، بەڵام هەزار جار خۆم لە شاگردی دوکتور قاسملوو بە بچووکتر دەزانم. بەم چەشنە ناوی ئەو کۆبوونەوانە بوو بە "کلاسی کۆمیتەی ناوەندی" کە بەڕاستی زۆر بە کەڵك بوو.

لە مانگی خەزەڵوەر کە لە "بیشە" بووین، کاری رۆژانەمان بەڕێوە دەبرد تا گەیشتینە کۆنفرانسی مەڵبەند کە ساڵانە دەگیراو لە کۆنفرانسی مەڵبەنددا راپۆرتی کاری یەکساڵە لەلایەن مەڵبەندەوە پێشکەش دەکراو پاش تەواوبوونی راپۆرت‌و قسە باس لەسەر راپۆرتەکە، هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی مەڵبەندو شارستان بەڕێوە دەچوو. لەم کۆنفرانسەدا رەخنەیەکی زۆریان لە من دەگرت‌و دەیانگوت تەیموور مەڵبەند، مەڵبەند تەیموور. تەنیا قسەی دڵخۆشکەر بۆ من ئەوە بوو کە هەرکەسێ رەخنەی لە من دەگرت‌و ئەو دروشمەی دووپات دەکردەوەو بەدوای ئەوەیشدا دەیانگوت: سەرەڕای ئەو رەخنانە کە لە کاك تەیموورمان هەیە، ناوبراو باشترین مۆرەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی بەرپرسایەتیی مەڵبەندی شیمال. دیارە پاش ئەوەی هەموو رەخنەکانیان گرت، منیش وەڵامی رەخنەکانیانم دایەوە. پێم وتن منیش سوپاستان دەکەم کە ئەوەندەتان ئینساف هەبوو، چاکەیەکیشتان وتم. هەر لەم

کۆبوونەوەیەشدا بوو هەموو دەیانگوت کاک ئەبووبەکر کوڕێکی دڵسۆزو ئارامە، بەڵام تەنانەت بۆ فەرماندەری دەستەش نابێ.

پاش کۆنفرانسی مەڵبەندو تەقسیمی کار، بەرە بەرە لە بەهار نزیك دەکەوتینەوە، وێڕای ئەوەی کە هەمیشەو هەر چوار وەرز کادرو پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال ئامادەگیی گەڕانەوە بۆ ناوچەو تێکۆشانی حیزبییان هەبوو، بەهۆی کوێستانیبوونی ناوچەکەمانەوە بەفرێکی زۆر لە شاخەکانو ساردیی هەوا، تا کۆتایی مانگی بانەمەڕ کەسمان بۆ ناوچە نەناردەوە. بەهار هاتو رۆژێك پەیامێکیان پێ دام. لە پەیامەکەدا کە کاك دوکتور قاسملوو داوای لێ کردبووم سەردانێکی بکەم. منیش بە زووترین کات چوومە خزمەتیو ئاگاداری کردم کە رۆژێك سەعات 10 دێتە لای ئێمەو تا سەعات 2 لە لامان دەبێ، هەم کۆبوونەوەمان بۆ دەگرێو هەم نەهارمان لەگەڵ دەخوا. پاشان لە سەعاتی 2ش دەچێتە مام خەتیب بۆ کومیتەی شنۆ کۆبوونەوە دەگرێو بۆ ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ دەفتەری سیاسی کە لە بۆلێ بوو. بە منی گوت ئەمەش بە کاك عومەر حەمیدی بەرپرسی کومیتەی شنۆ رابگەیەنمو منیش پەیامەکەم بە کاك عومەر گەیاند. سەبارەت بە سەردانی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی، ئەندامانی مەڵبەندیشم ئاگادار کردن، بەڵام قەرارمان دا لەبەر مەسائیلی ئەمنییەتی نابێ بەلای کەسەوە باس بکەن. تەنیا ئێوارەکەی ئەو رۆژە کە قەرار بوو بۆ بەیانییەکەی کاك دوکتور قاسملوو بێت، بەرپرسەکانی پێشمەرگەم ئاگادار کردن کە دەبێ بە پێشمەرگەکان رابگەیەنن بۆ سبەینێ هەموو کەس ریشی لێ بداو جلوبەرگی یەکڕەنگی حیزبی بپۆشن. هەروەها بەهۆی ئەوەی دوکتور قاسملوو ریشو پشتوێنی رەشو کراسی رەشی بە "نماد"ی ئاخوندەکان دەزانی، زۆر بەوە قەڵس بوو ئەگەر پێشمەرگەیەك ریشی هەبێ یان کراسی رەشو پشتوێنو جلوبەرگی رەش لەبەر بکا. بۆیە بەرپرسەکانمان ئاگادار کردن کە نابێ کەس کراسی رەشو پشتوێنی رەش لەبەر بکا. بەم جۆرە ئەو پێشمەرگانەی کە کاك دوکتور قاسملوویان لە نزیکەوە دەناسی، لانیکەم تێگەیشتبوون کە لەوانەیە کاك دوکتور قاسملوو بێت بۆ لامان، بۆیە چەند پێشمەرگەیەك لە منیان پرسی کاك دوکتور قاسملوو دێت بۆ لامان؟

منیش وتم بۆ قەرارە بێت؟! بەکورتی تا سەعات 9ی بەیانی کە قەرارمان دابوو بۆ پێشوازی لە کاك دوکتور قاسملوو ئامادە بین، بە کەسمان نەگوت. باری ئەمنییەتیی ناوچەکەمان پاراستو پێشمەرگەکانمان ئاگادار کردن کە کاك دوکتور قاسملوو دێتە لامان. بە بیستنی ئەم هەواڵە خۆشە، کادرو پێشمەرگەکانی شیمال کە [وەك هەموو کادرو پێشمەرگەکانی دیکەی حیزب] لە رادەبەدەر کاك دوکتور قاسملوویان خۆش دەویست، وەك گوڵ چۆن دەکرێتەوە، کرانەوەو بە بێسەبرانە چاوەڕێی هاتنی کاك دوکتور قاسملوو بوون کە قەرار بوو سەعات 10 بگاتە لامان. 3 دەقیقەی مابوو بۆ سەعات 10، لە هیچ شوێنێکەوە دیاری نەبووو، بەو هۆیەوە کە کاك دوکتور قاسملوو لە قەولو قەرارەکانیدا بە چرکەش ئەملاو ئەولای نەبوو - هەرچەند جارێ سەعات نەببوو بە 10، بەڵام کەم کەم خەریك بوو نگەران دەبووین کە لە ناکاو کاروانی ماشینەکانو پێشمەرگە هاوڕێکانی کاك دوکتور قاسملوو وەدەرکەوتن. منو چەند هاوڕێیەکی مەڵبەند تا دەری ماشینەکەی بە پێشوازییەوە رۆیشتینو بەخێرهاتنمان کردو ئەویش لە بەرامبەر پێشمەرگەکاندا کە زۆر رێکوپێك و یەك فۆرمو یەکڕەنگ راوەستابوون، تێپەڕیو وێڕای ئەحوالپرسییان، چووینە مەڵبەندو زۆر خۆشحاڵ بوو لە رێکوپێکیی پێشوازییەکەو هەر لە یەکەم دانیشتندا وتی ئەم رێکوپێکییە سەلیقەی هەورامیانە یا هی شیمالییانە. منیش عەرزم کرد هی هەردوو لایان. پێکەنیو وتی: دەڵێن هەورامی یەکیان لە شوێنێك کەمەو دوویان زۆرن. پاش ئەم قسانە قەراری کۆبوونەوەکەمان داو ئەمەی لە خوارەوە دێت دەقی قسەکانی ئەو رۆژەی بەرێز کاك دوکتور قاسملوویە کە بە دووربینی فیلمبەرداریش، فیلمی لێ هەڵگیراوە.

## وتەکانی کاک دوکتور قاسملوو لە سەر هەلومەرجی ناوچە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێرانو عێراق ـ مەڵبەندی شیمال

هاوڕێیان! ئەوساڵ ئێمە لە هەلومەرجێکی زۆر ناسك داین. کە دەڵێم "ناسك" مەبەستم ئەوە نیە کە هەلومەرجەکە بۆمان خراپە. مەبەست ئەوەش نیە کە هەلومەرجەکە بۆ ئێمە باشە. ئەوە دەگەڕێتەوە سەر کاری خۆمان، ئەگەر بتوانین لەو شەرایەتە، لەو هەلومەرجە کەڵك وەربگرین، ئیستفادە بکەین ئەوە هەلومەرجێکی زۆر باش بۆمان هەڵکەوتووە. ئەگەر نەتوانین لەو هەلومەرجە کەڵك وەربگرین، وەختەکە بە خۆڕایی بچێ، ئەو وەختە هەلومەرجێکی ناسك بۆ ئێمە پێك دێ.

ئێوە دەزانن نزیك بە هەشت مانگ لەوەی پێش لە سەر فشاری داخڵی، لەسەر ناڕەزایەتیی خەڵكو لە سەر فشاری نێونەتەوەیی، کۆماری ئیسلامی ناچار بوو بڕیارنامەی 598ی شوورای ئەمنییەت قبووڵکات. پێموایە لەوەی باشتر ناگوترێ کە خودی خومەینی گوتی، لە واقێعدا ئەو بڕیارنامەیە بۆ خومەینی وەك ژەهر وابوو کە خواردیەوە. (هەرچەند زۆر لە هاوڕێیان دەپرسن ئەو هەموو ژەهرەی خواردەوە بۆ هیچی بە سەر نایە؟) ئەو وەختەی کە ئەو بڕیارنامەیە پێکهات، زۆرکەس ڕەنگە ئێوەش شاهید بن لە هەر دوو کوردستان، بە تایبەت لە کوردستانی عێراق، ترسی ئەوەیان هەبوو کە ئەوە دیسان ساڵی 1975 تیکرار دەکاتەوە، دیسان دەبێتە ئاشبەتاڵ، دیسان جووڵانەوەی کورد تێكدەشکێ. بەڵام ئێمە،ڕێبەرایەتیی حیزبی ئێمە، هەر لە سەرەتاوە زۆر بە سەراحەت ڕایگەیاند کە لە مێژووی حیزبی ئێمەدا ئاشبەتاڵ جێگای نیەو نابێ تیکرار بکرێو هەروەها لێکدانەوەی حیزبی ئێمە نیشانی دا کە دەگەڵ ئەوە کە بڕیارنامەکە قبووڵ کراوە، ئەوە نابێتە هۆی ئەوە کە ئەو دوو دەوڵەتە بە تەواوی ڕێككەونو ئاشتییەکی بەردەوام، سوڵحێکی دایمی لە بەینیاندا پێك بێو ئەو وەختە جووڵانەوەی کورد بکەوێتە وەزعێکی سەخت. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات، وەکوو

حیزبێكی مەسئوول دەبێ فكری رۆژی هەرەسەختیش بكـەین. كـە دەڵـێین ئاشـبەتاڵ نـابێ، حەتتا ئەگەر ئەو دەوڵەتانـە رێـككـەوتن، ئێمـە دەبـێ خـەباتی خۆمـان درێـژە پێبـدەین. رێبەرایەتیی حیزبی ئێمە فیكری ئەو وەختەی كردۆتەوە. باشترە ئینسان لە سیاسەتدا فكری حاڵەتی هەرەسەخت بكاتەوە چونكە ئەوانی دیكە ئاسـان دەبـن، ئەگـەر لـە فكـری حاڵـەتی ئاساندا بێ، ئەو وەختە سەختەكەی بۆ تەحەمول ناكرێ. بۆیە حیزبی ئێمە رێگای ئەوەی كـە لە حاڵەتێكدا كە بەتەواوی ئاشتییەكی بەردەوام لەبەینی ئەو دوو دەوڵەتەدا پێكبێ، رێگـای دیوەتەوە بۆ ئەوە كە ئێمە لەو حاڵەتەدا چ دەكەین. دەمێنێتەوە ئەوە ئایا ئـەو دوو دەوڵەتـە دەتوانن رێككەون؟ پێمانوایە نا. ئێمە دەبێ خۆمان بۆ حاڵەتی رێككـەوتن ئامـادە بكـەین، بەلاّم پێمانوایە زەحمەتە. چونكە دیارە جەوهەرو ماهییەتی ئەو دوو دەوڵەتە یەك ناگرنەوە.

دەوڵەتی ئێران كۆمارێكی بـەناو ئیـسلامی، ئەسناعەشـەری، ویلایـەتی فەقیهەیـە كـە دەیهەوێ بە زۆر شۆڕشی ئیسلامیی خۆی سادر بكاو عێراق حكوومـەتێكی لائیـك، غـەیری مەزهەبی كە دەیهەوێ بەو بەرنامەی خۆی دایناوە سوسیالیزم! دروست بكا. كەواتە ئـەو دوو دەوڵەتە بە هیچ شێوەیەك جەوهەریان یەك نیە. مەسەلەی دووهەم ئەوەیـە كـە هەشـت سـاڵ شەڕ بووە لە بەینیان، دوژمنایەتی عەرەبو فارس شتێكی تازە نیە. لە تـاریخدا دەیـان جـار شەڕیان كردووە. پاش هەشت ساڵ شەڕ وا ئاسان نیە ئاكامی ئەو دوژمنایەتییە لەبەین بچێ. لە نەتیجەدا، ئێمە پێمان وایە كە ئەو دوژمنایەتییە هەر دەبێ ماوەیەك بەردەوام بـێ. جگـە لەوە هێندێك شت هەیە كە لەبەینی ئەوانەدا چارەسەر نابێ. من دەمهەوێ تـەنیا دووشـتتان بۆ باس بكەم: یەكیان ئەوەیە ئەگەر دیققەتتان كردبێ رۆژ هەتا ئێوارێ، رادیۆو رۆژنامـەكانی ئێرانو قسەكەرانی كۆماری ئیسلامی هاوار دەكەنو دەڵێن، عێراق جارێ خاكی ئێمەی داگـیر كردووەو ناچێتە دەرێ. عێراقیش جوابی ئەوەیە كە خاكی ئێمە داگیر دەكەن. باشـە كێهـەیان راست دەكەن؟! عێراق راست دەكا یان ئێران؟ ئەگەر دیققـەت بكـەین پـێمەوایـە هـەردووكیان راست دەكەن. بۆ هەردووكیان راست دەكەن؟ چونكە عێراق دەڵێ ئەو سنوورەی كە هەیـە ئـی پاش ساڵی 1975ە. عێراق دەڵێ ئەمن ئەو سنوورەم قبووڵ نیە. سنووری پێش سـاڵی 75م

قبووڵە. ئەگەر سنووری پێش ساڵی 75 بێ، ئەوە عێراق هیچ خاکێکی داگیر نەکردوە. ئەگەر پاش ساڵی 75 بێ دیارە داگیری کردوە. عێراق دەڵێ پەیماننامەی 1975 لەغو کەنەوە. ئێران دەڵێ لە جێگای خۆیەتی. دووهەم مەسەلە کە هەر لەو بابەتەوە دێتە مەیدانێ، مەسەلەی "شط العرب"ە. ئێران بە پێی پەیماننامەی 1975 حەقی نیوەی شەتولعەرەبی هەیە. عێراق دەڵێ ئەو پەیماننامەیە نەماوە، شەتولعەرەب ئی خۆیەتی. ئەوە مەسەلەیەکە عێراق رایگەیاندووە بە هیچ شێوەیەك نایهەوێ پاشەکشەی لێبکا. ئێرانیش ناتوانێ قبووڵی بکا. چونکو ئەگەر ئەوەی قبووڵ بکا بە مانای ئەوەیە لە شەڕدا شکستی خواردووە. مەسەلەی دووهەم ئەوەیە باشە کێ شەڕەکەی دەست پێکرد؟ ئێران شەڕەکەی دەست پێکرد یان عێراق؟ دیارە هەموو ئێران تەبلیغاتەکەی لە سەر ئەوە داناوە کە عێراق شەڕەکەی دەست پێکردووە. عێراقیش دەڵێ ئێران ئەوەندە تەحریکی کرد تا نەتیجەکەی بوو بە شەڕ. بە کورتی ئەو دوو مەسەلەیە رێگا نادا ئەو دوو حکوومەتە پێکەوە رێك کەون. بێجگە لەو دوژمنایەتیە کۆنە کە لە بەینیاندا هەیە، مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە ئەوە بۆ ئێمە لە هەمووان گرنگترە ئەویش ئەوەیە ئەگەر پەیماننامەی 1975 بەسترا بۆ بەسترا؟ بۆ ئەوە کە عێراق حازر بوو نیوەی شەتولعەرەب بدا بە ئێران، بۆ ئەوە ئێران پشتیوانی لە جووڵانەوەی کوردیی مەلا مستەفا بارزانی نەکا. لە واقیعدا جووڵانەوەی کورد بوو بە هۆی ئەوە کە قەراردادی 1975 پێك بێ. بەڵام خۆ جووڵانەوەی کورد ئەگەر ئەو وەختە کە تەنیا لە کوردستانی عێراق هەبوو، ئێستا هەم لە کوردستانی ئێران هەیەو هەم لە کوردستانی عێراق. کەوابوو جووڵانەوەکەش پانوبەرینە، سیاسیترە لە جاران، عەشیرەتی نیە. لە بەر ئەوە هەرکەس بیهەوێ تەنانەت مەسایلی دیکەش حەل بکا، ئاشتییەکی بەردەوام پێك بێنێ ـ لەبەینی ئێرانو عێراقدا ـ دەبێ چارەسەرێکی بۆ مەسەلەی کورد بکا. بێ چارەسەری ئەو مەسەلەیە هیچ ئاشتییەکی بەردەوام لە بەینی ئێرانو عێراقدا نابێ. هەموو وەختێ ئەو شاخو داخە بۆ ئەوە دەبێ کە کورد بتوانێ ئەو ئاشتییە تێك بدا. تێکی دەدا ئەگەر حەقی خۆی وەرنەگرێ. هەر بۆیە لێرە دانیشتووە کە تێکی بدا، حەقی خۆیەتی. کەوابوو نەتیجە

دەگرین، نەتیجەکە ئەوەیە کە دادەنیشن پێکەوە قسە دەکەن ـ فشاریـشیان زۆر لەسـەرە لـە دەرەوەڕا ئەو دوو دەوڵەتە ـ بەڵام ئاشتیی بەردەوام لەبەینی ئەوانەدا بە زەحمـەت پێـك دێ. ئێمە وەختێك کە بڕیارنامەکە قبووڵ کرابوو باسمان کرد کە رەنگە شەش مانگ تا دوو سـاڵی بوێ هەتا بەتەواوی رێك دەکەون. ئێستا 8 مانگ رابردووە نەك هەر رێكنەکـەوتوون بـەڵکوو نێوانیان برێکیش ناخۆشتر بووە تا هەشت مانگ لەوەی پـێش. ئێـستا لـەو بڕوایـەداین کـە مەسەلە، مەسەلەی پانمیلییە. رەنگە زۆری بکێشێ کە ئـەو دووانـە بتـوانن پێکـەوە رێـك بکەون.

لە پاشـان کـەمێکیش لـە سیاسـەت ئەگـەر ورد بینـەوە، هێنـدێ شـتی دیکـەشمان بـۆ دەردەکەوێ. هەتا ئێستا ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێمـانخـۆش نیـە زۆر هێزی خۆمان بەکار بێنین، پێمانخۆش نیە زۆر شەهید بدەین. پێمانخۆشە وەزعی خۆمان بەباشی رابگرین. بۆچی؟ ئەوەمان داناوە کە ئیمامەکەمان بەو زووانە تەشریفی دەڕوا. ئیمام! کە رۆیی ئەو وەختە وەزعی وڵات تا رادەیەکی زۆر دەگۆڕێ. ئێمە لەوانە نین کە بڵـێین ئـەورۆ خومەینی بمرێ سبەینێ لە ئێراندا شۆڕش دەکەین. بەڵام پێمانوایە کە ئەو رێژیمە گۆڕانی بـە سەردا دێو رێگا خۆش دەکرێ.

ئەوە ئەو هەلومەرجە ناسکەیە. وەختێك پێكهاتووە بۆ ئێمە کە شەڕ بەینی ئێرانو عێراق نەمێنێ، بەڵام پێکەوەش بە تەواوی رێـك نەکـەوتوون. ئـەوە فاسـڵەیەکی زۆر زۆر بەجێیـە. رەنگە چەند مانگی دیکە بێ، رەنگە چەند ساڵی دیکە بێ. ئێمە دەبـێ لـەو فاسـڵەیە، لـەو ماوە زەمانییە کەڵك وەرگرین، ئیستفادە بکـەین. ئـەوە ئـەرکی سەرشـانی مەیـە. باشـە چ بکەین؟ چ ئەرکێکمان هەیە کە دەبێ بە جێی بێنین؟ مـن پـێموایـە کـە ئێمـە سـێ ئـەرکی گەورەمان کەوتۆتە سەرشان. بە تایبەتی لەو ماوەیەدا دەبێ تێبکۆشین جێبـەجێیان بکـەین. یەکەمو لە هەمووان موهیمتر ئەوەیە کە لە مەیدانی خەبات لە نێوخۆی ئێراندا هەر دەنگمان هەبێ، هەر تەقەمان هەبێ. دیارە بە شێوەیەکی رێکوپێکترو بە شێوەیەکی باشتر. هـەر لـەو کاتەدا کە خۆمان دەپارێزین لەوە کە بەخۆڕایی شەهید نەدەین، لەو کاتەدا دەبـێ زەربـە لـە

دوژمن بدەین. دەبێ زەربە لە ڕێژیمێك بدەین كە ڕۆژبەڕۆژ كزتر دەبێ. ئەوەڵەن ئێمە لەو بڕوایەداین كە ڕێژیمی ئێران بە پێچەوانەی ئەوە كە پار دەیهەویست پیشانی بدا، ئەمساڵیش زۆر كزترە لە جاران، زۆر كەس وا فكر دەكاتەوە ـ كەمێك غەیر سیاسیانە ـ كە ئێران ئێستا دەگەڵ عێراق شەڕی نەماوەو هەرچی هێزی هەیە كۆی دەكاتەوەو لە كوردستان خۆی بەهێز دەكا. باشە ئەگەر ئێمە شەڕی جبهەیی لەگەڵ ئێران بكەین ئەو قسەیە ڕاستە، بەڵام ئێمە شەڕی جبهەییمان نەكردووە. پێشمەرگە بوو بە پارتیزان لە هەموو جێگایەكی هەبوو و لە هیچ جێگایەكی نەبوو. ئەو وەختە ئێران چ دەتوانێ بكا با 10000 نەبێ 50000 بێ. ئەو وەختە تەئسیری هەیە كە ئێمە شەڕی جبهەیی بكەین كە نایكەین، لە پاشانیش ئێران ئێستا دوو كۆسپیشی لەپێشە بۆ شەڕكردن دەگەڵ پێشمەرگە.

یەكیان نیزامییە، نیزامییەكەی ئەوەیە ئەوانەی كە پێشمەرگەن بەتایبەتی ئەوانەی كە تەجروبەیان لەو چەند ساڵەیدا زیاترە لەگەڵ ڕێژیمی ئێرانێ، زۆر باش دەزانن كە نوقتەی هەرەبەهێزی ئەو ڕێژیمە نە ئەوە بووە كە ئەوەی لە شتی نیزامیدا دەڵێن "لۆژستیكی" باشتر بووە، نە سازماندەهی باشتر بووە، نە سەربازو پاسدارو بەسیجییەكەی پوختەتر لە پێشمەرگەی ئێمە بوون. هیچی لەمانە نەبووە. هێزی دەچیدا بووە؟ لە سەرەتادا هێزی لەوەدا بووە كە ئەو جەوانانەی كە دەهاتن بۆ شەڕ، پێیان دەگوترا كە ئەگەر ئێوە بكوژن ئەوە خزمەتی ئیسلامتان كردووە!. ئەگەر بكوژرێن دەچنە بەهەشتێ!. یەعنی ڕووحییەیان باش بووە، ورەیان لەسەرێ بووە. ئەوە نوقتە قووەتی ڕێژیمی ئێران بووە. هەر ئەو وەختە كە ئەو نوقتە قووەتە نەما ... پار ئەو وەختانە ئەگەر لە بیرتان مابێ پاش فاو، ئیدی شكست لەدوای شكست بە سەر ئێرانێ هات. بۆ؟ چونكە ڕووحیەكە نەمابوو. ئێستاش هەروایە، ئەو جەوانانە كە دەساڵ لەوەی پێش دەهاتن لە كوردستان یا لە دژی عێراق 8 ساڵ لەوەی پێش شەڕیان دەكرد، ئەوان بە بیروباوەڕ بوون، بە ئیمانەوە هاتبوون شەڕ بكەن. ئێستا ئەو بیروباوەڕە، ئەو ئیمانە نەماوەو ئەوە نوقتە زەعفی هەرەگەورەی ئەو ڕێژیمەیە. كەوابوو لە

باری نیزامییەوە لە مەیدانی شەڕدا ئێوە تەرەف نین دەگەڵ کەسانێك کە هەتا ئاخر فیشەك شەڕتان دەگەڵ بکەن.

دووهەم: کۆسپێکی سیاسیشی لەپێشە ئەویش ئەوەیە چەندین ساڵە هەر لەو وەختەوە شەڕی ئێرانو عێراق دەستی پێکردووە ڕێژیمی ئێران تەبلیغات دەکا کە ئەوانەی کە لە کوردستان شەڕ دەکەن ئەوانە بەعسین، پیاوی عێراقن. باشە خۆ ئێستا عێراق شەڕ ناکا. ئەگەر ئێستا شەڕ بکرێ لە کوردستان ـ کە پار مەسەلەن هێزی شیمال زەربەی توندی وەشاند لە دەوروبەری ورمێو زۆر کەسیان لە کوژراوو بریندارەکانیان بردە شاری ورمێ ـ خەڵکەکە پرسیاریان دەکرد باشە ئەوانە لەکوێ کوژراون؟ ناڵێن شەڕی ئێرانو عێراق نەماوە؟ ئەو سەرپۆشەش کە چەند ساڵ ڕێژیم لە سەر شەڕی کوردستان دایناوبو، ئێستا مەجبوورە لابچێ. مەجبورە ئیعتیراف بکا کە ئەوەڵەن، شەڕێکی دیکە هەیە لە ئێران ئەویش لە کوردستانە. دووهەم، دەبێ ئیعتیراف بکا بەوە کە لەواقێعدا نەیتوانیوە لە کوردستاندا زاڵ بێ. نەیتوانیوە بەو شێوەیە کە ئیددیعای دەکرد شەڕەکە خەلاس بکاو لە هەمووان گرینگتر ئەوەیە کە دەبێ ئیعتیراف بکا کە حیزبی دێموکراتو پێشمەرگەکانی کە شەڕ دەکەن، بەعسی نین چونکو بەعس شەڕ ناکا. بەعس دەگەڵ ئێران ڕێككەوتووە. بەعس دەیهەوێ پەیماننامە ئیمزا بکا، بەڵام ئێمە نامانهەوێ. لە ڕۆژی ئەوەڵەوەش گوتوومانە ئێمە شەڕ بۆ شتێك دەکەین. ئەو شەڕە بە سەر ئێمەدا تەحمیل بووە، بۆ شتێك بۆ دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان. کەوابوو هەتا ئەو وەختە نەگەین بە هەدەفی خۆمانو ئامانجی خۆمان، شەڕی ئێمە هەر بەردەوامە. ئەگەر ئەوانە هەموو بخەینە بەرچاو، نەتیجە دەتوانین وەربگرین کە ئەرکی یەکەمان زۆر باشتر دەتوانین جێبەجێ بکەینو نیشان بدەین ئێمە هێزێکی سەربەخۆین، سەر بە هیچ جێگایەك نین، سەر بە میللەتی کوردو حیزبی دێموکراتینو ئاواتی خۆمان ئەوەیە کە دێموکراسیو خودموختاری وەدەست بێنینو دەتوانین دوای تەواو بوونی شەڕیش لە داخلی کوردستانی ئێراندا، هێزی خۆمان نیشان بدەین. ئەوە پێموایە ئەرکی هەرەگرنگی ئێمەیە کە دەبێ ئەوساڵ بەتایبەتی کە ساڵێکی ناسکە زۆر باشتر نیشانی بدەین.

ئەو نیشاندانە، دیارە مانای ئەوە نیە کە بۆتان باس کراوەو باسیش دەکەین کە ئێمە هەروا خۆمان بە سەر پایگادا بدەین، یا خۆمان بە خۆڕایی بەکوشت بدەین، نا بە پێچەوانەوە، دەبێ زۆر وردو زۆر نەقشەی دەقیقمان هەبێ. وابکەین کە هیچ شەهیدمان نەبێ یا ئەگەر شەهیدمان هەبوو، زۆر کەم بێ. دەبێ ئاوا بچینە پێشێ، بەلاّم لە جێگای خۆشی زەربەی باشی لێدەدەین. ئەوە نەبێ کە ئێمە لە ماوەی چەند مانگان بلێین 50 عەمەلیاتمان کردووە، نا لە ماوەی چەند مانگدا دەبێ چەند عەمەلیاتی باش بکەین کە دەنگ بداتەوە. بە تایبەتی ئەوە ئێوە هێزی شیمال لە هەموو جێگایەك زیاتر دەگرێتەوە. هۆیەکەیشی روونە، چونکو ئێوە لە سنووری تورکیەدان ـ ئەگەر برێك دوورتر بڕۆن دەگەنە سنووری سۆڤییەتیش کە ناڕۆن! نازانم بۆ ناڕۆن؟ ـ ئێوە هەر ئەوەندە رەنگە تەقەش نەکەن، بەلاّم بڕوام پێ‌بکەن کە مەسەلەن لە ماوەی حەفتەیەکدا سێ چوار جار پەلێکی پێشمەرگە بچێتە سەر رێگای "بازرگان" یا ئێستا مەسەلەن رێگای "سێرۆ"ش بۆتە رێگایەکی ئەسلّی، بچێتە سەر رێگای سێرۆ. هەر ئەوەندە، چونکو ئەوانەی کە لە دەرەوەڕا دێن، زۆریان خارجین حەتتا شۆفێرەکانی ئەو ترۆمبێلانە خارجین. دەنگ دەداتەوە لە هەموو ئورووپا کە رێ گیراوە، هەرچەند مومکینە تەقەش نەکەن‌و ئەوە تەئسیری زۆر لەوە زیاترە لەوەی کە ئێمە مەسەلەن لە ناوەندی کوردستان پایگایەکی 150 کەسیش بگرین کە رێژیم سەرپۆشی لە سەر دانێ‌و باسی نەکات.

ئێوە بتانهەوێ‌و نەتانهەوێ، مادام شیمالین ئەرکی سەرشانی ئێوە هەر ئەوساڵە زۆر قورسە لە هەموو ئەوانی دیکە. دەبێ چالاکترو فەعالتر بن. ئەوە شتێکە نابێ لە بیرتان بچێ، بۆچی؟ بۆ ئەوە کە ئەو ئەرکە گرینگە کە باسم کرد، نیشان بدەین کە ئێمە حیزبێکی سەربەخۆین، هێزێکی سەربەخۆین، داوای دێموکراسی‌و خودموختاری دەکەین‌و دەمانهەوێ ئەو دێموکراسی‌و خودموختارییە وەربگرین، شەڕی ئێران‌و عێراق هەبێ‌و نەبێ ئەوە رەبتی بە ئێمە نیەو بۆ ئامانجەکانی خۆمان هەر شەڕی خۆمان بەڕێوە دەبەین.

ئەرکی دووهەممان، ئەوەیە کە ئێمە بەداخەوە هەتا ئێستا لە نـاوخۆی ئێـراندا بەتـەنیاین. راستە لەو ئاخرانەدا هێندێك تەقە کراوە لە بەلووچستانهێندێك جموجۆڵ هەیە مەسەلەن بڵێین تورکەمەنسەحرا، بەلاّم واقعییەتەکەی ئەوەیە کە بەو شێوەیەی کە ئێمـە هـەین، لـە داخڵـی ئێراندا هیچ کەسی دیکەی لێ نیە. بۆیە ئێمە ناچارین ئەگەر واقێعبین بین، ئێمـە بـە تـاقی تەنیا ناتوانین ببین بە ئالترناتیڤ، یەعنی ناتوانین ببین بە جێنشینی رژیمی خومـەینی چـونکو کوردستانی ئێران سەدی 7ی خاکی ئێرانە. گەلی کوردیش لە کوردستانی ئێران سـەدی 17ی دانیشتوانی ئێرانە. ئێمە لە ئەقەلییەت داین کەوابوو، دەبێ هاوپەیمانمان هەبێ لە بەشـەکانی دیکەی ئێرانداو دۆستمان هەبێ. ئەوەیە کە حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتاوە هـەموو وەختێـك مەشغووڵی ئەوە بووە. یەکەم دەگەڵ گەلانی زۆرلێکراوی ئێران ـ کە بەداخـەوە رێکخراوێکـی بەهێزیان نیە جارێ ـ وەکوو تورکمەن، وەکوو بەلووچ، وەکوو عـەرەب، وەکـوو ئازەربایجـانی، دۆسـتایەتی بکـا. دووهـەم، دەگـەڵ هـەموو ئـەو هێزانـە کـە ئیمانیـان بـە دێموکراسـیو خودموختاری هەیە کە زۆربەی هەرەزۆری هێزەکـان دەگرێتـەوە، دەگـەڵ ئـەوانیش هاوکـاری بکا. ئێمە تەنیا یەك هێز وەدەر دەنێین، ئەویش شاپەرستەکانە. چـونکە تەجروبـەمان دەگـەڵ شاپەرستەکان هەیە. لەمێژە تەجروبەمان هەیە، ئەوەڵەن لەو بڕوایـەداین کـە شۆڕشـی ئێـران سەڵتەنەتی ناشتووە، دەفنی کردووە. 60000 شەهیدی داوە بـۆ ئـەوە کـە سـەڵتەنەت لـە مێژووی ئێراندا شوێنەواری نەمێنێ. لە پاشان ئێمە لەو بڕوایەداین کە سەڵتەنەت لە ئێراندا وەك سەڵتەنەت لە ئێنگلستانو سوئێد نیـە. ئەگـەر پادشـا بێتـە سـەرکار دەپـێشدا دەڵـێ دێموکراتم، بە محەمـەد رەزاشاشـیان وەختـی خـۆی کـە تـازە هـاتبووە سـەرکار دەیـانگوت: "شاهنشاه جوان بخت دمکرات"، دیتمان چیکرد. دێ لە پێشدا دەڵێ دێمـوکراتم، بـەلاّم لـە پاشان دەبێتە دیکتاتۆرێك کە ئەو سەری دیـار نیـە. کـەوابوو شاهەنـشاهی بـۆ ئێمـە یـانێ دیکتاتۆری. لـە پاشـان دەبێتـە دیکتـاتۆر چـونکو لـە نێوخـۆی ولاّتدا هـیچ پایگـاهێکی ئیجتیماعی نیە، هیچ بنکەیەکی کۆمەلاّیەتی نیەو مەجبوورە خۆی ببەسـتێتەوە بـە دەرەوە. جاران شایەکانی ئێران خۆیان، خۆیان بەستبۆوە بە رووسیەی تزاری لە پاشان خۆیان بەستبۆوە

بە ئینگلستانێ، ئێستاش خۆیان دەبەستنەوە بە ئەمریکا. ناچارە بە دیکتاتۆری حوکم دەکاو میللەت پشتیوانی نیەو دەبێ یەکێکی بێگانە پشتیوانی بێ. بۆیە دەبێتە دیکتاتۆر، دەبێتە نۆکەری بێگانەو دیتمان هەر وابوو.

بەلاّم ئێمە وەکوو کورد هۆیەکی دیکەشمان هەیە بۆ ئەوەی دژی شاهەنشاهی بین. ڕێژیمی شاهەنشاهی، ڕێژیمی شاپەرستی، سەلّتەنەت، یانێ کۆکردنەوەی هەموو دەسەلاّت لە تاران. ئێمەش کە خودموختاریمان دەوێ، دەمانەوێ دەسەلاّتەکە کەم کەینەوە لە تاران. دەمانەوێ بەشێك لە دەسەلاّتەکە بێنینە کوردستان، بەدەست خۆمانەوە بێ، خودموختاری یانێ ئەوە. ئەو دەیەوێ "تمرکز" پێك‌بێنێ، ئێمە دەمانەوێ "عدم تمرکز" پێك‌بێنین، ئێمە دەمانەوێ دەسەلاّتەکە لە تاران کەم‌کەینەوە. کەوابوو ئێمە وەك کورد، وەك خودموختاری‌خواز، هەر دەبێ دژی سەلّتەنەت‌و شاهەنشاهی بین، هەر لە بناغەوە دژیانین. بێجگە لەوانە، دیارە ئەوانی دیکە، ئێمە ئامادەین‌و زۆریش تێکۆشاوین. دەتوانم بلّێم کە ئێستا وەزعەکە بەرەبەرە باشتر دەبێ. هەندێ لە ڕێکخراوەکان عاقلّتر دەبن، باشتر تێ‌دەگەن کە دەبێ هاوکاری بکەن پێکەوەو ئێمە بەرەو ئەوە دەڕۆین کە بەلّکە بتوانین ڕۆژێك پێکەوە، جەبهەیەك پێك‌بێنین. ئەوەش ئەرکێکە لە سەر شانمان بۆ ئەوەی کە ئەگەر ڕێژیمی خومەینی ڕووخا بتوانین ڕێژیمێکی دێموکراتیك لەجێگای دابنێین، کە ئێمەشی تێدا بین، خەلّکی دیکەشی تێدا بێ.

ئێمە دەبێ لە دەرەوەی کوردستان، بەتایبەتی لە ئورووپاو ئامریکا، ئەفکاری عموومی‌و بیروڕای گشتیی جیهانی ڕابکێشین بۆ لای مافی کورد. هەراوهووریایەکی زۆر ساز بکەین، ئەو دەولّەتانە کە کوردی تێدان، ئەو دەولّەتانە بترسێنین، هەموویان، بەتایبەتی دەولّەتی تورکیە، دەولّەتی ئێران‌و دەولّەتی عێراق. مەسەلەکە گەورە بکەینەوە لە دەرەوە. ئەوە کە دەلّێین مەسەلەی کورد بکەین بە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی. کۆنفرانس ساز بکەین، کۆنفرانسی مەتبووعاتی ساز بکەین، لە ڕۆژنامەکاندا بنووسین، لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن قسە بکەین، لەگەلّ شەخسییەتەکان قسە بکەین، ڕێکخراوەکانی دێموکراتی هان بدەین، پارلمانەکان هان بدەین کە دیفاعمان لێ‌بکەن. ئەوەی لەدەستمان بێ دەبێ بیکەین. ئەو

ئاژاوەیەی لە كوردستان دەستمان پێكردوە، لە ئورووپاشی بكەین. دیارە مەبەستم ئەوە نیـە كوشتنو برینو ئەوانە، ئەوە لەوێ نابێ، ئەوە كاری "P.K.K"یە، ئەوە كاری مە نیە، ئێمـە شتی وا ناكەین. بەلاّم هەراوهووریایەكی وا ساز بكەین كە زۆر گەورە بێ. كە زۆر گەورە بـوو ئەو دەولّەتانە ترسیان بۆ پەیدا دەبێ. كە ترسیان بۆ پەیدا بوو، ئەو وەختە بە داخوازی كەمی ئێمە زوو رازی دەبن. وا گەورەی بكەینەوە كە پێیانوابێ ئەوە كوردستان وا خەریكە هەمووی لە دەسـتیان دەردەچـێ، رەنگـە هـەموو ببێتـەوە یـەك، ئـەو وەختـە مـەجبوور دەبـێ بـە خودموختارییەكە زوو رازی بێ. ئەوەش سیاسەتێكە كە ئێمە هەمانە.

لە سالّی رابردوودا رەنگە خۆشتان ئاگاتان لێبێ، لەو بارەوە كەمێك سەركەوتووتر بـووین لە سالّەكانی پێشترو ئەمن پـێموایـە ئـەو سـالّە كـە وا لـە پێـشمانە زیـاتر سـەركەوتوویی دەبیندرێ. بەلاّم دەمهەوێ لێرە شتێك بلّێم، سەركەوتنی ئەو ئەركەی ئێمە بەوە بەستراوەتەوە كە لە داخلّدا چۆن بین. ئەگەر پێشمەرگە لە داخلّ عەمەلییاتی هەبێ، فەعالییـەتی هـەبێ، تەشكیلاتی حیزبمان بەتایبەتی لە شارەكانیش لەمەودوا فەعالییەتی زیاتر بێ، ئەگـەر بـچمە دەرێ زمانم ئەوەندە درێژ دەكەم، دەتوانم قسە بكـەمو زۆر شـت بلّـێم. بـەلاّم ئەگـەر نـەبوو، ناچارم كولی بكـەم. ئـەوە بەسـتراوەتەوە بـە ئێـوەوەو ئەگـەر دەتانهـەوێ لـە دەرەوە باشـتر كارەكانمان بچێتە پێش لە ژوورەوە دەبێ فەعالییەتی باشتر بكەن. ئـەمن پـێم وایـە دەتـوانم ئەوەندەتان پێبلّێم كە لەو یەك دوو سەفەرەی لە سالّی رابردوودا كردم قەت نـەبووە كـە وەك ئەو سێ چوار مانگە نەك هەر بیروڕای گشتیو رۆژنامەكان حەتتا هێندێ لـە دەولّەتـەكانیش ئاوا ئێمە وەربگرن. هێندێك لە دەولّەتان كە جـاران حـازر نـەبوون قـسەمان دەگـەلّ بكـەن، ئێستا حازرن قسە بكەن، بە رەسمی وەرمانگرن، گـوێ لـە قـسەكانی ئێمـە بگـرن، هێنـدێك شتیشمان بۆ بكەن. دیارە ئێمە خۆشبەختیمان ئەوەیە كە شەڕی پـارتیزانی دەكـەین. شـەڕی پارتیزانییش نیازی بە دووشت هەیە. دەلّێن باشە چەكتان دەوێ یـان پارەتـان دەوێ؟ ئێمـەش دەلّێین نە چەكمان دەوێ نە پارەمان دەوێ، پشتیوانیی سیاسیمان دەوێ. كـورد بەداخـەوە لـە كوردستانی عێراق دەچوونە هەر جێگایەك داوای ئەو دوو شتەیان دەكرد. بـەلاّم ئێمـە داوای

پشتیوانیی سیاسی دەکەین. ئەمن کە دەگەڵ یەکێك لە سیاسەتمەدارانی هەرە پایەبەرزی فەرانسە قسەم دەکرد، پێمگوت ئێمە هیچمان ناوێ لەوانە. گوتی ئەوە دیارە ئێوەی کورد زۆر زیرەکن. گوتم بۆچی؟ گوتی باشە! ئەگەر یەکێك پشتیوانیی سیاسیو مەعنەوی لە ئێوە بکا هەموو شتێکیشتان دەداتێ. جا گوتم مەبەستی مەش هەر ئەوەیە، چونکو بۆ ئێمە موهیم سیاسییەکەیە. بارە سیاسییەکەی هەبێ، ئەوی دیکەی دەبێ. شوکور ئێستا تەماشا دەکەم پێشمەرگەی باشو پوختو هەموو ماشەڵلا دیارە نانی باش دەخۆنو چەكو ئەوانەش باشە. هەمانە، بێحەدیشمان هەیە. جا پشتیوانیی سیاسیمان لەوان دەوێو ئەمن پێموایە ئەو پشتیوانییە سیاسییە رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێ، ئیستیفادەی دەبێ لێبکەین. دیسان ئەو فاسڵە زەمانییە بۆ ئێمە موهیممە. دەبێ لەو فاسڵە زەمانییەدا مەسەلەی کورد زۆرزۆر گەورەتر بێ. دەبێ وابکەین ئەو دەوڵەتانە دە بەینیاندا بەرەبەرە موسابقە پێكبێ. ئێستا فەرز بکەن ئێمە دەگەڵ نوێنەری عێراق دادەنیشینو دەڵێین تۆ حەقی کورد نەدەی ئەوە ئێران خەریکە دەیدا، لە تورکیاش کە دانیشتین دەڵێین ئەگەر تۆ حەقی کورد نەدەی ئەوە عێراق خەریکە دەیدا، لە ئێرانیش دەڵێین ئەگەر تۆ حەقی کورد نەدەی ئەوە تورکیە دەیهەوێ بیداو دەبێتە دێموکراسیو لە پاشان نیشتمانێکی هەیە غەیرەمەزهەبییە، لائیکە. جاران ئەو دەوڵەتانە کوردیان دەکرد بە ئالەتی دەست بۆ ئەوەی دژی یەکتری بەشەڕ بێن، دەبا جارێکیش کورد موسابقەیەك پێكبێنێ لە بەینی ئەو دەوڵەتانە. ئێمە پێمان وایە وەزعی نێونەتەوەیی دەرەوە بۆ ئەوە موساعیدە، بەڵام بەستراوەتەوە بەوە کە هەم ئەرکی داخلیی خۆمان چۆن جێبەجێ بکەینو هەم بە زانینو تێگەیشتنەوە ئەو مەسائیلەی بەرینە پێش. چونکو هەر بە گۆترەش ئەو کارە جێبەجێ نابێ. دەبێ زمانێکی وامان هەبێ، پەیامێکی وامان هەبێ کە ئەو دەوڵەتانە، ئەو سیاسەتمەدارانە، ئەو رۆژنامەنووسانە لێمان وەرگرن. چونکو جاری وا هەیە برادەری کوردمان هەیە دیارە ئی ئێمە نیە (حیزبی دێموکرات) ئی تورکیەو ئی عێراق، دەڵێ بەڵێ، ئێمە دەمانهەوێ کوردستانی سەربەخۆ دروست بکەین سنووری چوار دەوڵەتان تێكدەین. عێراق، تورکیە، سووریەو ئێرانو حەتتا هی سۆڤییەتیش جارجار. باشە هەر جارێ

زیاتر ئەوەی گوێ لێبێ، دەترسێ. دەڵێ ئەوە ئاژاوەیەکی گەورە ساز دەبێو دەبێتە شەڕێکی بەینەلملەلی. زۆر ڕێگایەکی ئیشتیباهە. لە پاشان شتێکی غەیرەواقعییە. کەس ناتوانێ سنووری چوار وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا وەلابەرێ، لە پاشان ئەو هێزەمان نیە. باشە کەوابوو دەبێ بچی بڵێی خودموختاریمان دەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا. هیچ شتێکم ناوێ لە دەرەوەی ئێران. بەلاّم دەمهەوێ زمانی خۆم هەبێ، لە بەشی کوردستاندا کاروباری کوردستان، خۆم ئیدارەی بکەم، ئەمنییەتی داخڵیی کوردستان دەبێ بەدەستی خۆمەوە بێ. لە پاشان دەڵێم ئەوەی کە من دەمهەوێ بەشێکە لە مافەکانی مرۆڤ. ئەگەر ئەو شێوە قسەیەمان هەبێ، راستە کە هەردووکی بۆ یەك ڕێبازە، بەلاّم فەرقیان هەیەو ئەوە باشتر وەردەگیرێ. ئەو پادشاهە کە لە خەونی خۆیدا دیبووی هەموو ددانەکانی کەوتوون یەك ددانی ماوە، بەیانی دوو مونەجمی هەبوو بانگی کردن بە یەکێکیانی گوت: باشە! تەفسیری چیە؟ ئەو وەختە گوتی، وەلاّ تەفسیری ئەوەیە کە هەرچی کەسو کارت هەیە هەموویان دەمرنو تۆ بە تاقی تەنیا دەمێنیەوە، گوتی بیبەن بیکوژن، پاش ئەوەی هەموو کەسوکاری من بمرن، من بە تاقی تەنیا چ بکەم؟ ئەوەی دیکەی بانگ کرد گوتی تۆ دەڵێی چی؟ گوتی مانای ئەو خەونە ئەوەیە عومری پادشا لە هەموو کەس زیاترو درێژتر دەبێ. جا ئەوە باشە، قسەکانیش هەر یەك بوون، شێوەی گوتنەکە جیاواز بوو.

ئەوە ئەو سێ ئەرکە کە باسم کرد. هەمووومان دەبێ وەك حیزبی دێموکرات لە پێشمەرگەیەکی سادەوە بگرە هەتا سکرتێری ئەو حیزبە، حەول بدەین بۆ ئەوەی ئەو سێ ئەرکە باشتر بچێتە پێش. یەکەم، لە داخڵدا نیشان بدەین هێزێکی سەربەخۆین. دووهەم، دەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئێران کە ئێستا زۆرتر دەبن، بەرەبەرە تێگەیشتووتر دەبن، واقێعبینتر دەبن، دەگەڵ ڕێکخراوی میللەتە زۆرلێکراوەکانی ئێران، تورکمەنو عەرەبو ئازەری، دەگەڵ ئەوانە دۆستایەتی ساز بکەین. بۆ دوارۆژ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی. بۆ دوارۆژی ئەو ڕێژیمە، دەبێ ئەو کارە بکەین. سێهەمیش کە لە دەرەوە مەسەلەی کورد گەورە ببێ، ببێ بە

مەسەلەیەکی نێونەتەوەییە‌و هەموو رۆژێ باس بکرێ جا لەوە کەڵك وەربگرین بۆ ئەوەی بە مافی خۆمان بگەین.

ئێمە وەکو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رۆژی ئەوەڵەوە رامانگەیاندووە کە شەڕخواز نین، ئێمە شەڕ بۆ شەڕ ناکەین. ئێمە شەڕ بۆ شتێکی دیکە دەکەین. شەڕەکەش ئێمە دەستمان پێنەکردووە. ئەو شەڕە بەسەر ئێمەدا تەحمیل بووە. شەڕی ئێمە بۆ دێموکراسی‌و خودموختارییە. هەر وەختێکی بە دێموکراسی‌و خودموختاری گەیشتین، دەست لە شەڕەکە هەڵدەگرین. پاشان لە سیاسەتدا ئەوە رەش‌و سپی نیە، هەموو شتێك‌و هیچ شتێك. هەرکەس ئاوا سیاسەت بکا سەرناکەوێ. با ئیعتیراف بکەین کە لە تاریخی میللەتەکەماندا، "کورد" سیاسەتەکەی ئەوە بووە یا هەموو شتێك یا هیچ شتێك. نەتیجەکەی بۆتە چی؟ هیچ. لە سیاسەتدا زۆرجاری وا هەیە دوو هەنگاو دەچییە پێش، دوو قەدەم دەچییە پێش، شتێك وەردەگری لە پاشان دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دی، دیسان دەچییە پێش. ئەو سیاسەتە ناویان ناوە هونەری مومکین، سیاسەت هونەری مومکینە، نە خەیاڵی. لە خەیاڵی خۆت شتێك دابنێی‌و داوای بکەی! ئەوەی کە واقیعییەتە جێبەجێ دەبێ، ئەوە سیاسەتە، ئەوەی دیکە شێعرو خەیاڵاتە. قەدەغە نیە شێعرو خەیاڵات. ئێمە بە شێعرو خەیاڵات کاری سیاسی ناکەین.

دەڵێن حیزبی دێموکرات، موزاکرەجو بووە ، ئاشتیخواز بووە، ئەوەش وەکو جنێو دادەنێن، هەروا بزانە شتێکی زۆر خراپە! نەخێر! شتێکی زۆر باشە. ئێمە ئاشتیخوازین‌و موزاکرەش دەکەین. ئێستا کە باسم کرد، ئێمە بە تاقی تەنیا لە ئێراندا شەڕ دەکەین. لە شیمالەوە نەقیزەیەکی لێدەدەین‌و هەڵدێین لە جنووبەوە زەربەیەکی لێدەدەین‌و لەولاوە دیسان ئەزییەتی دەکەین. بۆ وا دەکەین؟ خۆ ئێمە دەزانین بەوە ئەو رێژیمە ناڕووخێ. ئەی بۆ وا دەکەین؟ شتەکە روونە. ئەوەندەی لێدەدەم هەتا هەراسانی دەکەم کە بڵێ باشە بۆ وا دەکەی؟ کە هات بڵێ بۆ وا دەکەی، ئەو وەختە پێی دەڵێم بۆ وا دەکەم. ئەو وەختە دەبێتە چی؟ دەبێتە موزاکرە. لە واقیعدا ئەمن شەڕ دەکەم بۆ موزاکرە. ئێمە دەڵێین کە مەسەلەی کورد

حەللی نیزامیی نیە. مەبەستمان ئەوەیە ئەوانەی کە دانیشتوون لە ئەمریکاو لە ئوروپاو لە بەغداو نازانم لە کویێ، دەڵێن بۆ شەڕ ناکەنو بۆ خۆ هەڵ ناکەن؟ وەڵامەکەی هاسانە. ئەگەر پیاوی وەرە بۆخۆت شەڕ بکە. بەڵام ئێمەین ئێستا شەڕەکە دەکەین. دەبزانە چەندە ئەوانە بێشەرمو دوو روون کە بە حیزبی دێموکرات دەڵێن شەڕ بکە. هەتا پارەکە دیسان کۆمەڵە هەبوو، ئێستاش کۆمەڵە هەموو ئەندامانی خۆی کۆ کردۆتەوەو ئەوی ماویەتی سی چل کەسی لێ دەرهێناوە وەك کۆماندۆو ئەوی دیکەش بە سەفەر دەڕۆن بۆ دەرەوەو لە سوئێدو ئێنگلستانو فەرانسەو ئاڵمان شۆڕشەکە ئیدامە دەدەن!!! کەوابوو ئێمە دەڵێین موزاکرە دەکەین، بەڵام موزاکرە بۆ چی؟ موزاکرە بۆ دێموکراسیو خودموختاری. ئەگەر رێژیمی خومەینی رۆژێك هات گوتی من حازرم خودموختاری بدەم بە شێوەیەك کە حیزبی دێموکرات مەوافیقەتی دەگەڵ بکا. ئەو وەختە ئێمە بە میللەتی کورد بڵێین چی؟ چەك! ئەو وەختە بۆمان دەردەکەوێ کە ئێمە شەڕەکە دەکەین هەر بۆ شەڕ. مەنزوورم ئەوە نیە کە خومەینی شتی وا دەڵێ، پێموابێ تا خومەینی مابێ شتی وا ناڵێ.

ئێمە لە عەینی وەختدا کە ئێستا شۆڕشگێڕترینو شەڕکەرترین هێزی ئێرانیین، دە عەینی وەختدا مەسئوولترین حیزبی ئێرانیشین. هەر بۆیەش میللەتی کورد دەزانێ کە ئێمە مەسئوولانە دەجووڵێینەوە. میللەتی کورد دەزانێ کە ئەو هێزە نین لە زەمانی ئاشتیدا شەڕ بکەینو لە زەمانی شەڕدا بڵێین دادەنیشین. دە زەمانی شەڕدا، شەڕ دەکەینو ئەگەر ئاشتی بوو ئەوە ئاشتی دەکەین. کەوابوو ئێمە هیچ ناشارینەوە، ئەگەر رۆژێك هەر رێژیمێك لە تاراندا بێتە سەرکار لە سەر دێموکراسیو خودموختاری دەگەڵ ئێمە وتوویژ بکا، هیچ باکمان نیەو بە ئاشکرا دەڵێینو دەنووسینو لە رادیۆ بڵاوی دەکەینەوە، کەسێکیش کە پێمان دەڵێ موزاکرەجو ئەوەی بە جنێو نازانین، پێمانوایە حەقی خۆیەتی. گوتم ئێمە مەبەستمان هەر ئەوەیە ئەو رێژیمە ناچار بکەین. یا ئەوەندە درێژ دەبێ شەڕی مە تا رێژیمەکە دەڕووخێ یا ئەوەندە کە ناچاری دەکەین کە بێتە سەر مێزی موزاکیرە. لە هەموو دنیاش ئێوە تماشا بکەن لە ئانگولا موزاکرە دەکەن، لە سریلانکا موزاکرە دەکەن، لە فەلەستین دەگەڵ ئیسرائیل

موزاکرە دەکەن. باشە بۆ هەموو خەڵکی دنیا رەوایە، بۆ کوردی بەدبەخت قەدەغەیە. ئـەوان بۆخۆیان هیچیان لەئێراندا پێناکرێ، موجاهدینو ئەوانی دیکە هیچیان پێناکرێ، لەمـەودوا بەغداش زۆر گەرمە، گەرما تینیان بۆ دێنـێ، ناشـتوانێ بـچێتەوە ئێرانـێ. باشـە فکرەکـە ئەوەیە کە ئەمن هیچم پێ ناکرێ بەلاّم ئەتۆ هەر شەڕ بکە. باشە شەڕەکە دەکـەم، بـەلاّم بـۆ تۆی ناکەم، ئەمن شەڕەکە بۆ خۆم دەکەمو ئەگەر رۆژێك یەکێکی ئـاوا پەیـدا بـوو لـە تـاران هات گوتی: با شەڕ نەکەین، ئەوەی تۆ دەتهەوێ جێبەجێی دەکەم، خۆ من ئەو وەختـە شـێت نەبووم شەڕەکە بکەم. لە بەر خاتری چی شەڕ دەکەم؟! ئێمە لە سیاسەتدا ئەو بڕوایەمان نیـە یا دەبێ "خومەینی" بێ یا دەبێ "رەجەوی" بێ. ئەمە ئەو شتەمان نەگوتووە. ئێمە دەڵـێین ئەو رێژیمە رەنگە ماوەیەکی دیکەش لە سەرکار بێ رەنگە پاش "خومـەینی"ش "رەجـەوی" نەیەتە سەر کار ـ هەر نایەتە سەر کاریش ـ باشە کەوابوو ئێمە دەگەڵ رێژیمێك تەرەفین لـەوێ دانیشتووە. ئەگەر رێژیمەکە ئەتۆ دەتوانی بیڕووخێنی کە ئیددیعات زۆرە، فەرموو خـۆ کـەس پێشی پێ نەگرتووی، بیڕووخێنە، ئێمەش پێمانخۆشە بڕووخێ. ئێمە پێمان خۆشە، کـێ پێـی ناخۆشە؟ ئەمە ئەوشۆ بە ئیستراحەت بنووینو بەیانی هەستین بزانین "خومـەینی" رووخـاوە. بەلاّم خەونو خەیالاّت شتێکی دیکەیەو واقعییەت شتێکی دیکەیـە. کـە نـاتوانی رێژیمەکـە بڕووخێنی هیچت لە دەست نایە، شەڕیشت پێناکرێ، دووکەسیشت لە هـیچ شـارێکی ئێـران نەماوە کە شتێکت بۆ بکا، تۆ داوا دەکەی شەڕەکە مـن هەڵیهایـسێنم. پێـت وایـە کـورد، کوردی جارانە. لە بۆیە ئەگەر هاتو ئەو رێژیمە، جـارێ رێـژیمێکی کۆنەپەرسـتی سـەدەکانی نێوەنجییە کە شتێکی لێ دەرنایە، بەلاّم ئەگەر سبەینێ وەزعـی رێژیمەکـە گـۆڕاو تـەغیراتێك پێكهاتو یەکێکی وا پەیدا بوو، گوتی: بەڵێ من حازرم خودموختاری بدەم، دەیکەین. ئێمە حیزبێکی مەسئولین. خوێنی یەك پێشمەرگەمان بە دنیایەکی نادەین، پـێمخـۆش نیـە یـەك پێشمەرگەمان شەهید بێ، شەڕ بۆ شەڕ ناکەین. ئێمە شەڕ بـۆ هـەدەفێك دەکـەین. شـەڕمان پێناخۆشە، ئەگەر لە رێگای ئاشتی لە رێگای وتووێژەوە حەقی خۆمان وەربگـرین بـۆ شـەڕ دەکەین. ئێمە عاشقی شەڕ نین. ئێمە عاشقی ئاشتیو ئازادیو دێموکراسیو خودموختارین.

جا من ئارەزووم ئەوەیە ئەوەی کە باسمان کرد لێرە، پێکەوە هەرکەس لـە جێگـای خـۆی، ئەرکی خۆی بە چاکی بەجێبگەیەنێ. ئەمن دڵنیام کە ئەوساڵ، هەم ئێوە وەك پێشمەرگەو بـە تایبەت وەك هێزی مەڵبەندی شیمالو ئێمە وەك بەڕێوەبەری ئەو حیزبـەو هـەموو هێزەکـانی دیکەمان لە ناوەندی کوردستانو لە جنووبی کوردستان، ئەوساڵ دەبێ ئەرکی خۆمان باشتر لە پارو ساڵانی دیکە بەجێ بگەیەنینو دڵنیام کە چـەند هـەنگاو لـە ئامانجـەکانی خۆمـان کـە دێموکراسیو خودموختارییە نزیك دەبینەوە.

***

بۆ سەعاتی 2ش چووینە کومیتەی شنۆ، هەرچەند قـەرار بـوو سـەری سـەعات هـەموو ئامادە بنو ژنو منداڵیش نەهێنن، بەڵام وای لـێ هـاتو کۆبوونەوەیـەکی زۆر ناڕێکوپێـك بەڕێوە چوو. کاك دوکتور قاسملوو لە شێوەی سازماندەهی کۆبوونەوەکەو ئامادەکارییەکەیو مودیرییەتی کۆمیتەی شنۆ زۆر گلەیی هەبوو، بەجۆرێك کـە لـە گەڕانەوەیـدا لـە دەفتـەری سیاسی باسی کردبوو.

پاش کۆبوونەوەکەی کاك دوکتور قاسملوو لە مانگی بانەمەڕ، کەم کەم کەوتینە بیری خـۆ ڕێکخستن بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەو تیمێکـی 40 کەسـیمان ئامـادە کـرد کـە بەرپرسـەکانیان سلێمان کەڵەشی، ڕۆستەم جەهانگیری، محەممەد ساڵەح قادریو سەعید گوڵی بوونو بە ڕێگـای خلێنەدا گەڕانەوە، لە گەڕانەوەشدا پاش ئەوەی بەهۆی دوو بێسیمی ڕاکاڵ یـەك لـە بنکـەی زستانەمان لە عێراقو یەك لەگەڵ تیمەکە پێکەوە تەماسمان هەبوو، پـاش مانگێـك مانـەوە، تیمەکەی ئێمەیان ئاگادار کردەوە. بەرەبەرە بەفری کوێستانەکان چوونەتەوەو ئێمەش دەتوانین بەرەولای ئەوان حەرەکەت بکەین. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ کومیتەی شنۆ تیمێکی هاوبـەشمان پێك هێنا کە لە ڕێگای حەسار ڕوستەكو هەڵگوردەوە کە مەقەڕەکانی ئێمە لەو بنـارە بـوو، بەڵکوو ڕێگایەك بدۆزینەوەو پێکەوە بگەڕینەوە. ئەم تیمە لە سـەرەتای مـانگی پووشـپەڕدا دەست بە کار بوو، بەرپرسی تیمەکە شەهید غەفوور مەهدیزادە بوو کە لە بواری تـەخریبدا

پسپۆڕ بووو دەیتوانی لە پووچەڵکردنەوەی مینە چێندراوەکانی سەر ڕێگا دەوری باش ببینێ. دیارە لەو سەردەمەدا کە هێشتا شوێنەواری شەڕ مابوو، لە ماوەی شەڕدا هەموو ڕێگاو بانەکانو تەنانەت شاخە مەرزییەکانیش مین ڕێژ کرابوون، دۆزینەوەی ڕێگای بێ مین زۆر ئەستەم بوو، دژوارییی ئەم کارە زیاتر ئەو کاتە دەردەکەوێ کە تیمەکە بۆ ئەو کارە دیاریمان کردبوو، نەیدەتوانی بە خەیاڵی ئاسوودەو بە ئازادی ئەو ئەرکەی بەڕێوە بەرێ، چونکە لەو شوێنەدا کە دەبووایە ئەو کارەیان کردبا، چەند لیوای عێراقی لە مەسیردا بوونو ئەو کاتیش شۆڕشی کوردستانی عێراق لەوپەڕی خۆیدا بووو دەرکەوتنی هەرکام لە نەفەراتی ئەو تیمە تەنانەت ئەگەر بێچەکیش بایە، لەگەڵ بومبارانو هێرش بۆ سەریان بەرەوڕوو دەبوون، بۆیە تیمەکە ناچار بوو لەوپەڕی نهێنیکاریو بە حەوسەلەیەکی لە رادەبەدەر کارەکەیان بەڕێوە بەرن. ئەم ئامادەکارییە 5 ڕۆژی کێشاو ڕۆژی 6ی پووشپەڕ، هاوڕێ لەگەڵ کومیتەی شارستانی شنۆ کە بەرپرسەکەی کاك لوقمان مێهفەرو فەرماندە هێزەکەی شەهید هەمزە بێهنام بوو، وەڕێ کەوتین. فەرماندە هێزی تیمەکەی ئێمەش سەید رەسووڵ ئەحمەدی بوو. بە بەشی زۆری هێزەکەوە وەڕێ کەوتین. دیارە ئێمە نزیکەی 40 کەسێکمان لە بیشێ مەقەڕی زستانە بۆ نیگابانی لە مەقەڕو پێڕاگەیشتن بە کاری بنەماڵەکان بەجێ هێشتبوو. هەموو کەسێك کۆڵەپشتیی خۆی، نانی حەوت ڕۆژ، تفەنگو فیشەکدانی پڕو دووسەد فیشەکی زیادیشی پێ بوو. ئێمەش کە بەرپرس بووین، جگە لەو کۆڵە، بێسیمێكو دەمانچەیەكو هێندێك ئەسنادو مەدارکی تەشکیلاتیش سەرباری بارەکەمان بوو. بۆ لای نیوەڕۆ گەیشتنیە شوێنێك کە لیوایەکی عێراقی لە بەرانبەرمان بوو، بۆیە نەماندەتوانی لەوێوە تێ پەڕین. بە ناچار لە چەند ئەشکەوتێکدا کە لەو دەوروبەرە بوون، خۆمان حەشار دا. بڕیارمان دابوو کەس ئاور نەکاتەوەو جموجۆڵیش نەکەن، بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبین. نزیکەی ئێوارە کە سێبەر لار دەبۆوە، کەم کەم دەبا لە مەیدانی مینەوە تێپەڕینو تیمەکە وایان ئێمە تێگەیاندبوو کە تەنیا یەك مەیدانی مین لەسەر ڕێگامان دایە، لەو مەیدانە مینەدا ڕێگایەکیان کردۆتەوە، بەو ڕێگایەدا کە باریکە ڕێگایەکە، دەبێ تێ پەڕین. بەڵام ئەگەر کەمێ بە ڕووناکی تێ

نەپەڕین، ئیحتمالی ئەملاو ئەولاکردنی نەفەرات هەیەو رەنگە تووشی زەربە بین‌و ئاشکراش دەبین‌و ناتوانین ڕێگاکەمان درێژە بدەین. هەموومان بە گیای ئەو کوێستانانە خۆمان داپۆشی (ئیستیتارمان کرد) تا ئەو کاتەی کە تێ‌دەپەڕین، نەبینرێین. وامان کردو لەو شاخەی لای لیواکەوە سەر کەوتین. چاومان بە لاشەی هێلی‌کۆپتێرێك کەوت کە دیاربوو لە جەرەیانی شەڕی ئێران‌و عێراقدا بەر ببۆوە. لە ڕێگاشماندا شەکێك (مەڕێك) دەلەوەڕا، بەڵام کەسمان کارمان پێی نەبووو ئێمە هەر لە فکری خۆ دەربازکردندا بووین. لەو شاخەی رووبەڕووی لیوا سەرکەوتین‌و چوینە چالاییەك‌و تیمی پێشڕەومان کە شەهید غەفوو بوو لە پێشەوە دەڕۆیشت، بەدوای ئەواندا کومیتەی شنۆو دواتر ئێمە لە مەڵبەندی شیمال. تیمەکەی ئێمە هەر سەر نەکەوتبوو کە من لە چالاییەکدا بووم‌و کاك سەید رەسووڵیش لە بەرزاییدا، هەر لێم پرسی تیمەکە تەواو بوو، وتی ناو منیش زۆر قەڵس بووم‌و وتم برا بۆ نایەن خەریکە شەو دادێت‌و ئێمە 500 میتر لە مەقەڕەکانی خۆمان دوور نەکەوتوینەتەوە. ئاخرەکەی لێم پرسی کێ نەهاتوە؟ وتی بەهرام ئازادفەڕ کە کوڕێکی زۆر شۆڕشگێڕو ئازەری بوو. منیش وتم بۆ نایەت، وتی شەکێك لەوێیە دەیهەوێ لەگەڵ خۆی بیهێنێ. منیش وتم پێی بڵێن ئێمەش هەموومان ئەو شەکەمان دیتوە، وازی لێ بێنێ‌و بێت، شەرتە ئەگەر گەیشتینە شوێنێکی ئەمن، شەکێکی بۆ بکڕم بۆخۆی تەنیا بیخوات. سەید رەسووڵیش هەر پێی دەگوت وەرەو هەر ئەو نەدەهات. ئاخرەکەی وتم ئێوە خۆتان وەرنە خوارەوەو بەوان بڵێن با بگەڕێنەوە بۆ بێشێ. دەنگی بەهرام کە بێسیمی پێ‌بوو، بۆ من نەدەهات بەڵام دەنگی من بۆ ئەو دەچوو. لەم کێشمەکێشەدا بووین کە شەهید غەفوور ئاگاداری کردین کە تووشی مەیدانی مینێکی دیکە بوون‌و پرسیاریان لە من کرد چ بکەین، منیش وتم جا خۆ ناتوانین بە مەیدانی میندا تێ‌پەڕین، دەبێ بگەڕینەوە، بەڵام کاك هەمزە بێهنام ئیسراری هەبوو کە دەبێ بچین‌و کاك لوقمانیش نەی‌دەتوانی کاك هەمزە قانع بکا بگەڕینەوەو ئەم قسەو وتووێژەمان هەمووی لەسەر بێسیم بوو. ئەوەی بێسیمی بە دەستەوە بوو ئاگاداری ئەم باسانە بوو. من بە سەید رەسووڵم وت دەگەڕێینەوەو سەید رەسووڵیش وتی موافقم‌و گرفتی ئێمە چارەسەر بوو، بۆیە

بە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمالەوە هەر بەو ڕێگایەدا کە هاتبووین گەڕاینەوە. بەڵام کاك لوقمانو کاك هەمزە هەر کێشەیان بوو. کاك هەمزە وەڵامی لوقمانی نەدەدایەوە. ئاخرەکەی گوێمان لە هاوار هاواری کاك لوقمان بوو کە گویا برینەکەی کولاوەتەوەو هەر هاواری دەکرد برینەکەم کولایەوە، ئێمەش پرسیارمان کرد چ بووە، وتی: کەوتوومو برینەکانم کولاونەتەوە. بە سەید ڕەسوولم وت چ بکەین؟ وتی لوقمان ڕاست ناکا، هیچی لێ نەهاتوە، دەیهەوێ بەو شێوەیە هەمزە بگەڕێتەوە. منیش وتم کاك سەید هەمزە ڕەفیقی تۆیە، پێی بڵێ بە قسەی لوقمان بکاتو بگەڕێتەوە، تووشی زەربە دەبن. هەرچی سەید ڕەسوولێش هەولی لەگەڵ شەهید هەمزە دا، فایدەی نەبوو. پاشان من بە بێسیم قسەم لەگەڵ کاك هەمزە کرد، وتم: کاك هەمزە وا دیارە بە قسەی کەس ناکەی، بڕۆ، یەك پێشمەرگە خوێن لە لووتی بێت، تۆ بەرپرسیاری. وتی: ئاخر کاك تەیموور ئەتۆ دەڵێی چی بکەین، عەیب نیە ئێمە خواحافیزیمان کردوە، بگەڕێینەوە؟ وتم: نا عەیب نیە. وتی: باشە بە قسەت دەکەمو دەگەڕێینەوە. بەم چەشنە بەو ڕێگایەدا کە هاتبووین گەڕاینەوەو پاشان دەرکەوت قسەکەی سەید ڕەسووڵ ڕاست بووە، کاك لوقمان هەر هیچی نەبووو بە گۆترە هاواری کردوە! کە گەڕاینەوە مەقەڕی بێشێ، من لەگەڵ بەهرام زۆر نێوانم خۆش بوو، ڕۆژێ دوو سێ جار سەردانی دەکردم، دوو ڕۆژ لە بێشێ بووین سەردانی نەکردم! چوومە لای تەماشام کرد لەوەی کە من وتوومە با بگەڕێتەوە بۆ بێشێ ناڕەحەت بووە، بۆیە دڵنەواییم دایەوەو ئاشت بووینەوە. لێرەشدا با باسێکی کۆڵەکەی شەهید بەهرام ئازادفەڕ بکەم: شەهید بەهرام تەلیسێکی 100 کیلۆیی هێنابوو، سێ بەرابەری هەموو کەس خواردەمەنیی هەڵگرتبوو، نزیەی 5 تا 10 بۆکس سیگاری هەڵگرتبوونو لەو ڕێگایەشدا بە هیوا بوو ئەو شەکە لەگەڵ خۆی بێنێ!

پاش گەڕانەوەمان بۆ مەقەڕ جارێکی دیکە مەئمووریەتمان بە تیمەکەدا کە درێژە بە مەئمووریەتەکەیان کە پاککردنەوەی ڕیگا لە مینی چێندراو بوو، بدەنو هەرواشیان کردو بۆ ڕۆژی 14ی پووشپەڕ کاری پاککردنەوەی مینەکانیان تەواو کردو جارێکی دیکە هەر بە هەمان شێوە کەوتنیە ڕێگاو بۆ بەرە بەیانی گەیشتینە سەر دوندی هەڵگوردو هێشتا بە

تەاوی هەوا رووناك نەببوو، لیوایەکی ئەرتەشی عێراق ئەگەر رۆژی پێشوو لە بەرانبەرمانـەوە بوو، ئێستا کەوتبووینە نێوان دوو لیواو بڕیارمان دا کـەس لـە جێگـای خـۆی نـەجوولێ تـا مەوقیعییەتی ئەو شوێنەمان بۆ روون دەبێتەوە. نزیك سـەعات 10 بـوو، هێلیکـۆپتێرێکی عێراقی هاتو بە سەرماندا تێپەڕی. بە پێشمەرگەکانم گوت هەر شتێك بریقە بداتەوە دەبـێ بیشارنەوە، ئەوە خودا رەحمی کردو پێی نەزانینو رۆیشت. نزیکەی سەعات 11 دەستمان بـە چایی دەمکردن کرد، دیارە هێشتا هەڵگورد پڕ بوو لـە بـەفرو کـەم شـوێنی رەشـی هـەبوو. کترییە رەشەکەمان پڕ کـرد لـە بـەفروو پـووشو پـەڵاشو هێنـدێك بـە ئـەلکولی جامیـد چاییەکمان ـ پاش 24 سەعات کە هیچمان نەخواردبوو ـ ساز کردو بە نانـەوە خواردمـانو کەم کەم لە هەڵگورد وەڕێ کەوتینو بەرەو چۆم داکشاین. شاخی هەڵگورد شـاخێکی سـەخت بوو کە پێیدا داگەڕاین، تەماشای سەرەوەمان دەکردو دەمـانگوت ئەگـەر بێتـو ناچـار بـین بگەڕینەوە، کێ دەتوانێ بەو شاخەدا هەڵگەڕێ. لە بن شاخەکەدا چۆمێکی گەورە تێدەپەڕی، لە سەر چۆمەکە دانیشتینو خۆمان فێنك کردەوەو چاییەکمان ساز کردو خواردمانەوە، پاش چایی خواردنەوە، چونکە دەکەوتینە نێوان جەبهـەی ئێـرانو عێـراقو ئەگـەری ئـەوە هـەبوو هەردوولایان چاومان بکەن، هەموومان بە تەواوی خۆمان ئیستیتار کـرد چـووینە نێـوان دوو بەردی گەورەو شەوێ لەوێ حەساینەوە. بۆ رۆژی دوایی تیمێکمان نارد کە بەرپرسی تیمەکـە شەهیە حەسۆ بوو بۆ "سپیڕێز" قەرار بوو ئەگەر تیمەکە بگاتە سـپیڕێزو خەتـەرێك نـەبێ، ئێمەش حەرەکەت بکەین. تیمەکە رۆیشتنو رۆژی دوایی بە بیسیم ئاگاداریان کردین کە هـیچ خەتەرێك نیەو دەتوانین حەرەکەت بکەین. سەعاتی چواری ئێوارە هـەردوو کومیتـەی شـنۆو شیمال کەوتینە رێ تا سەعات 8ی بەیانی، واتە16 سەعات بەڕێوە بووین. نزیکەی سەعات 8، نیو سەعاتێکمان بە سپیڕێز مابوو، کۆمەڵێ پێشمەرگە پێیـان خـستبوو راکـشابوون، منیش هانم دەدان کە هەستن با بڕۆین زۆرمان نەماوە. لانیکەم نزیکەی دووسەد میترێکی بـۆ سەر شاخ مابوو، چاومان بە شەهید حەسۆو جەماعەتەکەی دیکە کەوتو منیش بەو هیوایە گەیشتینە سەر شاخ، دانیشتم بۆ حەسانەوە. زۆری پێ نەچوو دەمهەویست حەرەکـەت بکـەم

بۆ ئەو دووسەد میترەش، تەماشام کرد هەر ناتوانم لە جێی خۆم ببزووم. دوو سێ پێشمەرگەیەکم لەگەڵ بوون، خدرو خالید کۆڵەپشتییەکەیان لێ وەرگرتم، دیسان نەمدەتوانی ببزووم، تفەنگو رەختەکەیان بۆ هەڵگرتم، دیسان نەمتوانی جووڵە بکەم، بەلام کەم کەم غیرەتم وەبەر خۆم دەناو هەر جارێ 20 میتر دەڕۆیشتمو دەکەوتم. پێشمەرگەکان وتیان حەتمەن برسیتە، نانیان پێ دامو... . بەکورتی زۆر بە سەختی خۆم گەیاندە سەر سپیڕێزو پاش نیو سەعات حەسانەوەو کۆبوونەوەی پێشمەرگەکان، تیمە حەساوەکە کە شەوی رابردوو هاتبوو بۆ ئەوێ، لە سەر شاخ دامانناننو باقیی هێزەکە داگەڕاینەوە خوارێ تا نزیکەی ئێوارە لەوێ بووین. بۆ شەو چووین بۆ نێو چادرەکانی شێخان شنۆیەو نانێکی زۆزانیمان خوارد کە ئەگەر لەگەڵ خواردنی ئێستا بەراوردی بکەی، زۆر خراپە، بەلام بە نسبەتی نانە وشکەکەی ئێمەوە زۆر بە لەزەت بوو، پاش نان خواردنو هێندێك حەسانەوە، بەرەو شوێنی مەبەست کەوتینە رێ تا بگەینە کوێ، ئێمە بۆ خۆمان وامان دانابوو زۆر بڕۆین، بەلام لەم دەشتەی شنۆیە کە هەرچەند هەنگاو چۆمێکی دێتە بەر رێگاتو لە ئاوی گادەرە پەڕینەوەش زۆر گرفتی هەبوو. دەچووینە لای هەر چۆمێ، پێشمەرگەکان کەوشەکانو پووزەوانەیان دادەکەند، تا لە ئاوەکە بپەڕینەوە، ئەمە وەدرەنگی دەخستین. من بە سەید رەسوولم وت وا بڕۆین ناگەینە هیچ شوێنی، بۆیە سەید رەسوولٚ خۆی بە کەوشو گۆرەویو هەموو شتێکەوە چووە ناو ئاوەکەو تازە ئیدی رێگامان نەدا کەس کەوشو گۆرەوی لە پێ داکەنێو بە هەموو شتێکەوە دەکەوتنە ناو ئاوەکەوەو رێگاکەمان دەبڕی بۆ ئەوەی بگەینە شوێنێکی باش.

لەو نێوانەدا برادەرێکی هەورامی ـ هاوزاراوەی من ـ بە ناوی عەلی هەورامی لە گەڵمان بوو دەیگوت شەوانە چاوی نابینێ. خستبوومە پشت سەری تاهیر سۆفی کە لیباسی سپی لەبەردا بوو بۆ ئەوەی بتوانێ لە پشت سەری ئەوەوە بڕوات. تاهیر ویستبووی تاقیی بکاتەوە، لە نزیك کەندێك خۆی داشاردبوو، عەلیش یەکجار هاتبوو چاوی نەیدیتبوو لە کەندەکە کەوتە خوارێو جەماعەت دەستیان بە پێکەنین کرد، پرسیارم کردو جەرەیانەکەیان بۆ باس کردمو تا نزیکەی بەیانی رێگامان کرد. نزیکەی سەعاتی 4:30ی بەیانی بوو گەیشتینە لای

گوندی "خورشت" لە 8 کیلۆمیتریی شاری شنۆیە، بەرپرسەکان کۆ بووینـەوەو قـسەمان لـە درێژەی حەرەکەتەکە کـرد. هاتینـە سـەر ئـەو قەناعەتـە نـاتوانین بـۆ رۆژبوونـەوە بگەینـە شوێنێکی باش‌و لە شوێنی خراپیش ئەگەر تووشـی شـەڕ بـین، بـەو مانـدوویی‌و هیلاکییـە هیچمان بۆ ناکرێ، بۆیە بڕیارمان دا بڕۆینە گوندی "خورشت"و رۆژەکەی لەوێ دەبین‌و ئەگەر پێمانیان نەزانی، ئەوە دەحەسێینەوەو شەوی دوایی رێگاکـەمان درێـژە دەدەیـن، ئەگـەریش زانییان ئەوا شەڕ دەکەین تا ئەو کاتە دەتـوانین بحەسـێینەوە. نەفـەراتی شـارەزای کومیتـەی شنۆمان بانگ کردن‌و بە چواردەوری گوندەکەدا دابەش بووین.

رۆژی دوایـی لەبـەر ئـەوە وەزعەکـە ئاسـایی بـێ، نەهاتینـە دەرەوەو پێـشگیریمان لـە چوونەدەرەوە دەکرد. لەو رۆژەدا تیمی نووسینی کونتری بەرق هاتبوونە گوند، هەر لەو کاتەدا رەئیس پاسگایەکی ئەو دەورووبەرە هاتبووە گوندو پێیـان وتبـوو لـە گونـد بـچێتە دەرەوەو لانیکەم تێیان گەیاندبوو کە پێشمەرگەی لـێیەو کاریان بە تـۆ نیـە. خەڵکەکـە دەیـانگوت کابرای رەئیس پاسگا پیاوێکی خراپ نیە، بۆیە پێمان وتـوە. رەئـیس پاسـگاکەش سوپاسـی خەڵکەکەی کردبووو وتبووی ئەوە دەچمەوە پاسگاو ناهێڵم کەس بێتە ئەم گوندە.

نزیکەی سەعات 10 بوو، کاك سەید رەسووڵ‌و کاك هەمزە بە بێـسیم ئاگاداریـان کـردم هێزێکی رێژیم بەرەولای ئێمە لە حاڵی حەرەکـەت دایـە، چ بکـەین؟ پێـشنیاریان ئـەوە بـوو بچینە دەرەوە خۆمان بدەینە بەرزاییەك. ئەمە زۆرتر پێشنیاری سەید رەسـووڵ بـوو. پـاش قسە لـێکردنی بڕیارمان دا هەر لە گوندەکەدا وەمێنین‌و ئەگەر هێرشمان کرایە سەر، بەو هێزە زۆرەوە کە ئێمە هەمانبوو، دەتوانین شەڕێکی باش بکەین. تا نزیکـەی سـەعاتی 3ی ئێـوارە هەر دڵەڕاوکێی هێرشی رێژیمان هەبوو، بەڵام لەو سـەعاتە بـەولاوە زۆریـشمان پـێ نـاخۆش نەدەبوو ئەگەر رێژیم هێرشی کردبایە. لەبەر دەرکەکەی ئێمە دوو کـچ نیگابانییـان دەدایـن‌و نزیکەی سەعاتی 2 نانیان بۆ هێناین‌و نانمان خوارد. پیاوی خاوەن ماڵەکە گەڕایـەوەو لێمـان پرسی لە کوێ بووی؟ وتی: لە شنۆیە. پرسیارمان کرد لە شنۆ چ خەبەر؟ وتی: هەمـوو شـاری شنۆ دەزانن ئێوە لێرەن، ئەمڕۆ ئەم گوندە هەرچی شتمان لە شنۆیە کڕیوە بە خـۆڕایی بـووە،

وتوویانە خزمەتی چاکی کوڕەکان بکەن. ئەو خاوەن ماڵەی ئێمە دەیگوت لەم گوندەدا نەفەری وا هەیە یەك پێشمەرگەش لە ماڵیدا نیە، بەڵام ئەمڕۆ لە شنۆیە بەشی یەك مانگ ئازووقەو خاروبارو تەنانەت کەوشیان پێ داوە. وتم: باشە ئەی دەورووبەری ئیتلاعاتی ڕژێمو سوپا چ خەبەر؟ هیچ جموجوڵێکیان نەبوو؟ وتی: خەیاڵتان ئاسوودە بێ ڕژێم بە ئێوەی نەزانیوە، هەرچەند هەموو خەڵکی شنۆ بە گەورەو بچووکەوە زانیویانە. تا نزیکەی سەعات 5ی ئێوارێ لە ماڵەکان نەهاتینە دەرەوە، سەعات 5ی ئێوارە دوای نان خواردنی ئێوارە بۆ درێژەدان بە ڕێگاکە وەدەرکەوتینو بە شاخی ڕندوڵەدا سەر دەکەوتینو بۆ نزیکەی سەعاتی 6ی بەیانی لە ئاخر پێگەی کوێستانیی ڕژێم کە لە "کانی شەمسەدین" بوو، تێپەڕینو لەو دیوی پێگەکەوە جەماعەت دەستیان کرد بە خەوتنو ئیستراحەت کردن، بەڵام تازە ئەولامان بە فاسیلەی یەك ڕۆژ کوێستانەکە کەسی تێدا نەبوو جێگای بەرگریی زۆر چاکی تێدا هەبوو، واتە کوێستانەکانی مەرگەوەڕو لای بۆزی سینان.

ئەوەڵی بەیانی لەو کوێستان بەدوای چادرێکدا دەگەڕاین، تاقە چادرێکمان دیتەوەو چەند کەسێك چوینە چادرەکەوەو نانو چایی‌یەکمان خوارد. ڕاکشابووین، بخەوین لە پڕێکدا هەڵیان ساندمەوەو وتیان شەڕە، بێسیمەکانمان هەڵکرد، دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین کە زۆر پێشتر لەو تیمە هاتبوونە ناوچە، لەگەڵ دەستەیەکی هێزی ڕژێم دەرگیر ببوونو دەستەیەك پێشمەرگەی هێزی ئاگرییش بە هانایانەوە چوونو زۆری نەکێشا وتیان فەرماندەی دەستەیەکی پاسدارمان کوشتووەو 16 نەفەرمان بە دیل گرتوون. — دەسکەوتی پێشمەرگەکان لەم شەڕەدا بریتیبوو لە: B.K.C یەك قەبزە، ئارپیچی 1 قەبزە، کلاشینکۆف 14 قەبزە، بێسیم یەك دەزگا، 70 خەشابو یەك کۆڵەپشتی دەرمانو ژمارەیەکی زۆر فیشەكو گوللە ئارپیچی ـ ئێمەش پاش ئەم شەڕە ئیحتمالی هێرشی ڕژێمان دەدا. سەرکەوتینە سەر شاخەکانو هاتینە شابتان. ئەمە ڕۆژی 21ی پووشپەڕ بوو، لەم چەند ڕۆژەدا بێسیمان نەکردبۆوە، شەو لە شابتان خەوتینو بەیانی قسەمان بۆ دیلەکان کردو پاش ڕوونکردنەوەی سیاسەتی حیزب هەر 16 کەسەکەمان ئازاد کردن. لەم کاتو ساتەدا بوو

ڕێژیم لەلای مەرگەوڕەوە هێرشی خۆی بۆ سەر ئێمە دەست پێ کرد، شەڕ بەردەوام بوو کە چەند برادەرێك سەعاتی 1 رادیۆ ئاڵمانیان گرتبوو. رادیۆ ئاڵمان رایگەیاندبوو کە چوار کەس لە ڕێبەرانی کورد کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووش لە نێو کوژراوەکان دایە، لە وییەن تیرۆر کراون. بە بیستنی ئەم هەواڵە تاساین، بەڵام هەر شەڕەکە بەردەوام بوو، بیسیمەکەمان کردەوەو لە دەفتەری سیاسیمان پرسی، دەفتەر وەڵامی داینەوە کە بەداخەوە بریندارەو ئاگاتان لە خۆتان بێ، پاشان ئاگادارتان دەکەینەوە. من بۆ خۆم لانیکەم بە تەواوی هەواڵەکەم دەزانی، بەڵام قسەم نەدەکرد، شەڕەکە کە تا ئێوارە درێژەی هەبوو، 3 کەس لە هێزەکانی ڕێژیم دەستگیر کرابوونو چەند کەسێکیش کوژرابوون. بۆ خۆشمان کەسێکمان بە ناوی جەمشید بەدەلی لێ شەهید ببوو، بەداخەوە شەهید جەمشید بەهۆی هەڵەی هاوڕێیانی خۆمانو بەدەست هاوڕێیانی خۆمان شەهید کراو ئەویش ئەوە بوو لەسەر تەپۆڵکەیەك بوونو دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان ئاگادارنەبوون کە پێشمەرگەی خۆمانن، هێرشیان کردبوونە سەرو لە یەکەم تەقەدا پێش لەوەی یەکتر بناسنەوە شەهید کرابوو. هەر عەسر کاك لۆقمانو چەند پێشمەرگە کەوتنە ڕێ بەرەو سێسنوور، ئێمەش تیمێك پێشمەرگە لەگەڵ نایب مەشایخی کە ئەندامی مەڵبەند بوو تەرمەکەمان نارد تا بینێژن. لەگەڵ کاك لوقمان قسەمان کرد کە ئەوان تیمێك پێشمەرگە بنێرنە سەر دالانپەڕ، نەکوو ڕێژیم سبەینێش هێرشەکەی بەردەوام بێ، دەمانزانی لەم کاتەدا کە ئەم تیرۆرەیان کردوە، پێیان وایە رۆحیەی پێشمەرگەکان تێك شکاوە، بۆیە بۆ وەشاندنی زەبری کاریگەر هێرش دەکەنە سەرمان. لە نزیك ئێوارە کە تاریك داهات، پێشمەرگەکانمان لەسەر شاخ بانگ کردنەوە خوارەوەو بەداخەوە رادیۆ دەنگی کوردستان بە مارشی عەزا کرایەوەو شەهیدبوونی کاك دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی راگەیاند.

## شەهیدبوونی کاك دوکتور قاسملوو

بە راگەیاندنی شەهیدبوونی کاك دوکتور قاسملوو زۆرم هەوڵ دا نەگریم، ئاخر زۆر هاوڕێی خۆشەویستم لە لام شەهید بوونو لەبەر ئەوەی ورەی پێشمەرگەو کادرەکان دانەبەزێ ـ هەرچەند بە دڵ بۆیان گریاوم ـ بەڵام بە ئاشکرا نەگریاوم. لێرەشدا هەوڵم هەر ئەوە بوو، بەڵام خۆم پێ رانەگیرا، دەستم بە گریان کرد، ئاخر ناحەقیشم نەبوو، کاك دوکتور قاسملووم بە دڵ خۆش دەویست. ئەو هەمیشە لە تەنگانەکاندا ورەبەخش بووو خەریك بوو نەسڵێکی پێ دەگەیاند کە بۆ هەمیشە سەرمایە بن بۆ حیزبەکەی. بە نەمانی ئەو کۆڵەکەیەکی هەرە پتەوی حیزب کە قورسایی خەبات بە زۆری لەسەر شان بوو، نەدەما. ئەمە تەنیا حاڵی من نەبوو، لە سەفی پێشمەرگەکان کە سەفێکی دوورو درێژە بوو، دەنگی گریان بەرز ببۆوە.هەروا کە دەڕۆیشتین کەس ماندوویی شەڕو برسیەتیی رۆژی لەبیر نەمابوو. خەمێکی زۆرو کۆستێکی گەورە بوو. بیرکردنەوە لەوەی داهاتووی حیزب، پاش نەمانی کاك دوکتور قاسملووی شەهید، خەمێکی دیکە بوو، هەر لەو کاتەدا کە دەگریام مێشکی منی بە خۆیەوە خەریك کردبوو، پاش گریانێکی زۆرو بیرکردنەوە، لە ئاخر کۆبوونەوە کە لە زستانی 67دا بۆی گرتین، لە کاتی گوتنەوەی دەرسی مێژوویەکی کورتی رێبەرایەتیی حیزبدا، لە ئاخرین دێڕەکانیدا هەروا بزانە دوکتور قاسملوو دەیزانی کە لەوانەیە حیزبی دێموکرات تووشی موسیبەتێکی ئاوا. ئێستا دڵنیام ئەگەر دوو یا چەند کەس لە نەفەراتی هەرە کاریگەری ئەو رێبەرایەتییە بەهەر هۆیەك نەمێنن، باقیی رێبەرایەتیی حیزب وا پێ گەیشتووەو وا کەوتۆتە سەر رێڵ کە بە هاسانی دەتوانێ حیزبەکەی رێبەری بکا.

دوکتور قاسملوو زۆری باش بۆی چووبوو، باشی دەزانی چ حیزبێکی پەروەردە کردوە. ئەوە رێبەرە نەفامو کەللە ویشکەکانی کۆماری ئیسلامی بوون خراپ لە حیزبی دێموکرات حاڵی ببوونو پێیان وابوو بە تیرۆری دوکتور قاسملوو حیزبی دێموکرات لێك هەڵدەوەشێتو ئەوان بە ئاواتە گڵاوە هەمیشەییەکەیان دەگەن. ئەم شەمشەمەکوێرانە نەیانزانیبوو دوکتور قاسملوو، هەر لە رۆژی یەکەمی حیزبایەتیدا رۆڵی زۆری بە بڕیاراتی بەکۆمەڵ دەداو نەفەر هەرچەند وەك خۆشی گەورە بایە، هەر وەك تاکێك لە حیزبدا حیسابی لەسەر دەکرا. دوکتور قاسملوو

هەرچەند ڕێبەرێکی بێ ڕەقیب بوو، هەموو ئەندامانی حیزب بۆ هەمیشە هەروەك سکرتێر قبووڵیان بوو، بەڵام ئەو کە باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو، دەیهەویست ئەندامانی حیزب تێ بگەیەنێ کە زۆرتر بایەخ بە ئوسووڵو پرنسیپەکانی حیزب بدەن تا نەخشی فەرد لە جەرەیانی جیابوونەوەی گرووپی خائینو بەزیوی حەوت کەسیدا لە میتینگی مەهاباد دروشمی "دورد بر قاسملو" لەلایەن خەڵکەوە بەرز کرایەوە کە هەر لەوێ دوکتور قاسملوو بە خەڵکەکەی ڕاگەیاند: دروشمی حیزب "سڵاو لە حیزبی دێموکراتە"و دروشم قەت نابێ بە قازانجی تاك بدرێو زۆرتر دەبێ ڕۆڵی حیزب لەبەرچاو بگیردرێ. ئەم حیزبەی وا بار هێنابوو، بۆیە پاش شەهیدبوونیشی وەك بۆخۆی پێشبینیی کردبوو، ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات بە هاوکاریو فیداکاریی بێوێنەی کادرو پێشمەرگە نەبەزەکانی نەیهێشت کەلێنی بێ قاسملوویی بە حیزبەوە زۆر زەقو دیار بێ، هەرچەند جارێ لانیکەم لەم نەسڵەو نەسڵی داهاتووشدا ڕەنگە کورد ڕۆڵەی وەك دوکتور قاسملووی تێدا هەڵنەکەوێ.

درێژەمان بە ڕێگا ڕۆیشتن بەرەو دالانپەڕ دا، چاوەڕوانیمان دەکرد کۆماری ئیسلامی لەم حاڵەتە ڕوحیەدا کە بەسەر حیزبدادا هاتوە، هێرشی دیکەمان بکاتە سەر، بۆیە دەبوایە خۆمان گەیاندبایە شوێنی حاستەمو باش بۆ بەرگری. بۆ لای سەعات 12ی شەو گەیشتینە گەلیی گادەران، جارێ چەند جار کاك سەید ڕەسووڵ لێرەو لەوێ دەیگوت: دەبێ بحەسێینەوە، بەڵام شوێنەکان زۆر قایم نەبوون، منیش نەمهێشتو ئاخرەکەی لە گەلی گادەران چەند چادرێکی لێبوو، ڕۆیشتینە ماڵەکانو زۆر چاکیان وەڵام نەدایەوە، پاش ماوەیەك من خاوەن ماڵەکەم ناسیەوە، حاجی سلێمان بوو. وتم حاجی خۆ تۆ ساڵانی رابردوو پیاوێکی دەستو دڵ ئاوەڵاو حیزب دۆست بووی، بۆ ئێستا وات لێ هاتوە؟ وا دیاربوو ئەویش منی ناسیبۆوە، کاتێ ئەو قسانەم بۆ کرد، وتی تەیموور گیان من هەر پیاوەکەی پارو پێرارم کە دەهاتیە ماڵمو ئەوەندەی لە دەستم دەهات خزمەتم دەکردی، بەڵام ئێستا چەند پاسدارێکی بێشەرەف لە دەورووبەرمانن، سبەینێ بزانن ئێوە هاتوونەتە ئێرە، بێئابڕوومان دەکەن. وا دیاربوو حاجی لە قسەکانی کاك سەید ڕەسووڵو شەهید هەمزە بێهنام وا تێگەیشتبوو کە بۆ

بەیانی لەو شوێنە دەمێنینەوە، وتی مەیلی خۆتانە، بەڵام مـن مانـەوەتان بـە بـاش نـازانم. منیش وتم: قەرار نیە لێرە وەمێنین، لێرە نان دەخۆینو دەڕۆین. وتـی: لـە خزمـەتتان دایـن. بەکورتی هەرچی هەیانبوو بۆیان هێنایەنو خواردمان، پاشان وتمان تا سەر شاخەکە حەرەکـەت بکەین، سەید رەسووڵ وتی من ماندووم لێرە زیاتر ناتوانم بێم. بە کورتی هەر ئەوەندەم پێکرا کە لە چادرەکان هێندێك دووری کەمەوەو ئێمەش لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە لە پێـشمەرگەکان هاتینە سەرترو بیرم لەوە کردوە ئەگەر بەیانی هێزێك بێتە سەر ئـەو کۆمەڵـە پێـشمەرگە ـو هەمزەوە مەوداکەمان ئەگەر زۆر بێ، لەوانەیە ئەوان زەربە بخۆن. وام دانابوو بـە پێـی قـەرار دەبێ ئەو کۆمەڵە کە لەگەڵ کاك لوقمان پێشتر هاتن، دەبێ لەسەر شاخ بن، هەرچیمان هاوار کرد لە بێسیمەکەی کاك لوقمان وەڵامێك نەبوو. وتمان باشە خۆ قابیلە لەسـەر قـەراری خـۆی نەبێو ئێمەش لە نێوقەدی شاخەکەدا لە شوێن هەواری سوورکان نزیك سـەعات 4ی بـەیانی باروبنەمان خستو خەوتین، تا سەعات نزیکەی 10 بەیانی لە خەو بووین، من سەعاتی 10 لە خەودا هەستامەوە، دیتم جگە لە نیگابـان نـەبێ کەسـی دیکـە بەخەبـەر نیـە. نزیکـەی سەعاتی 12 تەقریبەن هەمووومان هەستابووین، دوو دیلەکەشمان پێ بـوو، زۆری پـێ نەچـوو نیگابان ئاگاداری کردین کە هێزی رێژیم بە پەلە لە سەرەوە بەرەولای ئێمە دێـن. ئـەو دەمـە بوو تێگەیشتم بەرێز کاك لوقمان لەسەر شاخ کەسی دانەناوە، ئێمەش پێش لەوە تەقە دەست پێ بکا، تەپۆلکەیەك لە بەرامبەرمان بوو کە دیدەبانیی ئێمەی لـێ بوو، بەرەو ئەو تەپۆلکـە هەڵکشاینو لە رێگای هەڵکشان بۆ تەپۆلکەکەدا، هێزی رێژیم لە بەرانبەرمانەوە دەستیان بە تەقەکردن لە ئێمە کرد. پێشمەرگەکان زیرەکانە، خێراو بەملاو ئەولادا (زیکزاك) حەرەکەتیان دەکردو بەرەو تەپۆلکەکە هەڵدەکشان، منیش لەگـەڵیان، بـەڵام حەوسـەلەی ئـەملاو ئـەولا (زیکزاك)م نەبوو کە لە پرێکدا بریندار بووم، ئەودەم منیش دەستم کرد بە زیکـزاك رۆیـشتنو خۆمان گەیاندە پاڵ بەردێكو چوینە پشتی بەردەکەو تەقە دەستی پـێ کردبـوو، لـەو کاتـەدا ئارپیچیەکیان لە پێش بەردەکەی لای ئێمە داو سادیق نەسیریو لاوە نەبیزادە کە هەردووك سەرپەل بوونو لەگەڵ مـن بـوون، پرسـیاریان کـرد کـاك تـەیموور برینـدار نـەبووی؟ وتم بـەم

ئارپیچی‌یە بریندار نەبووم، بەڵام پێشتر بریندار بووم، بۆیە ئیسرارێکی زۆریان کرد کە دەبێ من شوێنەکە بەجێ بێڵم، چونکە ئەگەر زەخمی برینەکە سارد بێتەوەو خوێڕێژیی زۆر بکەم، لەوانەیە لە پێ بکەومو چون کێشم زۆر بوو، دەیانگوت کەس ناتوانێ جێبەجێت بکا، بۆیە پێویستە هەرچی زووتر خۆم بگەیەنمە جێگای ئەمن. لەسەر ئیسراری ئەو دوو هاوڕێیە منو سادیقو رەئووف حەداد کە کادری دەرمانی بوو، بەرەو شاخی دالانپەڕ هەڵگەڕاین، تا گەیشتینە شوێنی چادرەکانی "ممکان"، خەبەرێك نەبوو، شوێن چادری "ممکان" شوێنێکی تەختیان هەیە، کە گەیشتینە تەختایی‌یەکە کەوتینە کەمینی هێزی رێژیمو بە خەستی تەقەیان لێ کردین، منو سادق زۆر بە توندی هەڵاتین تا خۆمان گەیاندە ناو کۆمەڵە بەردو شاخێكو ئیتر لەوێوە خەتەرەکە کەم ببۆوەو هەرچیمان هاوار لە رەئووف کرد کە خۆی بگەیەنێتە ئێمە، نەی‌وێراو نەهاتو گەڕایەوە بۆ لای پێشمەرگەکانی دیکە. منو سادق بە خێرایی بەرەو دوندی شاخ سەرکەوتین. کە بەرەو شاخەکە دەڕۆیشتین، کۆمەڵە پاسدارێك خەریك بوون بەرەو ئەو شاخەش دەهاتن، ئێمە زووتر گەیشتینێو تەقەمان لێ‌کردنو هەڵاتن، بۆیە بە بێسیم داوام کرد هەرچی زووتر پەلێك پێشمەرگە بێت بۆ ئەو شاخە کە لە بن دالانپەڕ بووو تەنیا شوێنی بەرز بوو، تا ئەو کاتە بەدەست ئێمەوە بوو، ماوەیەك لەوێ ماینەوە تا جێگرپەلێکی هێزی کێلەشین بەناوی شەهید بایز لەگەڵ 5 پێشمەرگە هاتنە سەرو شوێنەکەمان بەوان سپارد. حەسەن کتابی، فیلمبەرداری مەڵبەندی شیمالو خەڵکی شیمالی ئێران لەگەڵ ئەو 6 کەسە هاتبوونە سەرو لەو کاتەدا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیە کە لەگەڵ لوقمان بوون، تەماسمان هەبووو پێم وتن بۆ لەو شاخە نەماونەتەوە؟ قسەیەکیان بۆ گوتن نەبوو. پێم وتن هەرچی زووترە بێنە سەر دالانپەڕو دالانپەڕ بگرن. تیمێك پێشمەرگە بە پەلە خۆیان گەیاندە دالانپەڕو بەم چەشنە بەرزترین دوندی ئەو شاخانە کەوتە دەستی ئێمەو هەر لەو کاتەدا داوام کرد هێسترێکمان بە دەرمانەوە بۆ بنێرن بریندارمان هەیە. منیش بەرەولای لوقمانو ئەو کۆمەڵە وەڕێ کەوتم، بەڵام بە شەهید بایزم وت ئەگەر پرسیاری منیان کرد بڵێ لەو خوارەیەو تەماسم لەگەڵی نیە، نەڵێیت بریندارە. وتی: باشە. منیش لەگەڵ

سادیق بەرەولای لوقمان کەوتینە ڕێ. محەممەد مەراغەیی کادری درەمانی بوو، بە ئەسپێکەوە هاتبوو بۆ تیمارکردنی بریندارەکەو ڕاگواستنی بۆ شوێنی ئەمن، کە گەیشتە لای مـن وتـی کاك تەیموور بریندارەکە لە کوێیە؟ وتم: بریندارەکە بۆ خۆمم، ئەسپەکە بدە بە منو تۆ خـۆت بگەیەنە ئەو پۆلە پێشمەرگە، نـەکوو برینـداریان هـەبێ. ئەسـپەکەم لـێ ئەسـتاندو بـەرەو شوێنی ئەمن لای کاك لوقمان وەڕێکەوتم. زۆرم نەمابوو بگەمە لایان لـە دوورەوە کۆمـەڵێك وتبوویان بریندارەکە خۆیەتی، کۆمەڵێکیش وتبوویان دەستو پێ دەتەکێنێ، لەوانەیە بریندار نەبێ. کە گەیشتمە لایان وتیان ماندوو نەبی، ئەی بریندارەکـە کێیـە؟ وتم خـۆمم. سـەریان سووڕ مابوو. ئەبووبەکر کە کادرێکی دەرمانی بوو دەرمانی کردم. شەڕەکە تا ئێوارە درێـژەی کێشا، ئێوارە پێشمەرگەکان بە دوو سێ بریندارەوە هاتنەوە لامان. یـەکێك لـە برینـدارەکان شەهید یونس کوڕی خاڵە شێخ محەممەد خەڵکی نەغەدە بوو، کـە ڕۆژی دوایـی برینـدارەکانمان بەڕێ کردنەوە بۆ عێراقو ئێمە دوای ڕۆژێکی دیکە حەسانەوە لـەو شـوێنە، ڕۆژی دوایـی لـە کومیتەی شنۆ ماڵئاوایمان کردو لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکەی هێزی ئاگری کە تیمێ پێش لە ئێمە هاتبوون، تەماشمان گرت، قەراربوو ئەوان بـێن بـە دەم ئێمـەو پێکـەوە بـەرەو شـوێنی مەقەڕی زستانەمان لە هەوارگەنم حەرەکەت بکەین.

## دەنگدانەوەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو

<u>ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە **152**</u>

شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە نێو کـۆڕو کۆمەڵـە جیاجیاکـاندا دەنگدانەوەیـەکی زۆر بەرینی هەبوو. لە ئورووپا زۆر کەسایەتیی ناودار کە دوکتور قاسملوویان دەناسی، زۆریان قسە لەسەر کرد. تەنیا بەسە بڵێین دوکتور بێرنارد کۆشـنەر وەزیـری فەرانـسەوی لـە بەشـێك لـە پەیامەکەیدا لەسـەر گۆڕسـتانی پیرلاشـێز دەڵـێ: "دوکتـور قـاسملوو! کاتێـك بـیر لـە تـۆ دەکەمەوە، پێش لە هەموو شتێك لە بزەی سـەر لێـوت بـیر دەکەمـەوە، تـۆ دەتتـوانی بـە

هەموو كەسێكو هەموو شتێك پێ بكەنی. لە فەرهەنگی گەورەی تۆ بیر دەكەمەوە، بە تەماشاكانی تۆ كە وەك مێژوونووسێكو مرۆڤێكی ئاگا هەموو شتێكت لەبەرچاو بووو لەوە كەڵكت وەردەگرت تا لێكدانەوەی جوان پێشكەش بكەی. تۆ لە جیهانی سێهەمدا كەسێك بووی كە لە هەموو كەس زیاتر ڕێزم هەبوو بۆت. لەو كاتەدا كە پارتیزانو ئازادیخوازو وەفادار بە ستراتیژیك بووی، لە كاتێكدا خەتێكی سیاسیی لێبڕاوانەت بەڕێوە دەبرد، هیچ كات ئەسڵی مەسەلەكە كە دێموكراسی بوو، لەبەر چاوت ون نەبوو."

مادام میتران دەڵێ: "كەسایەتیی وەك فەرانسوا میترانو دوكتور قاسملوو لە نێو نەتەوەكاندا بە دەگمەن هەڵدەكەونو ئەوان جێگای لێفێربوون بۆ كۆمەڵی خۆیان بوون."

كریس كۆچێرا دەڵێ: "دوكتور قاسملوو مامۆستام بوو، منی لەگەڵ كێشەی كورد ئاشنا كردو لە زانكۆی سۆربۆنی پاریس مامۆستای شارستانییەتی كورد بوو."

جاناتان رندل، هەواڵنێری ئامریكایی دەڵێ: "لە نێو ڕێبەرانی كورد لە هەموو پارچەكاندا كەسایەتیی دوكتور قاسملوو بێوێنە بوو."

میریلا گالیتی، ڕۆژنامەوانو كوردناسی ئیتالیایی: "خۆرەتاوو مانگ كوژران، بەڵام تا هەتاهەتایە بە تاریكیی ئاسمانی دڵەكانمان ڕووناكی دەبەخشن."

**لە نێو كۆڕوكۆمەڵە ئێرانییەكاندا:**

عاتیفە گورگین دەڵێ: "دوكتور قاسملوو نەمردووەو هەر هەنگاوێكی لە حەرەكەتی هەڵۆیەكی پێشمەرگەدا، كە وەدیهێنەری ویستەكانی گەلی كوردە، زیندووە."

لە نێو خەڵكی كوردستاندا دەنگدانەوەی شەهیدبوونی دوكتور قاسملوو زۆر بەرینتر بوو. زۆر كەس ڕەشی پۆشیو زۆر كەس شەوانو ڕۆژانە بۆ شەهید گریا. هەستی ژنێكی كورد كە بە فیلمیش تۆمار كراوە وەك نموونە دێنمەوە، ژنە كوردێكی بێسەواد كە ڕەنگە زۆر لە سیاسەت شارەزا نەبێ:

"ئێواره وه‌ختانێ كوڕه‌كه‌م هاته‌وه بۆ ماڵ، دیتم به‌ده‌مدا كه‌وتو ده‌گری. لێم پرسی بۆ ده‌گریت، چی قه‌ماوه؟ وتی جا چ ماوه بقه‌ومێ؟! وتم بۆ چی بووه؟ كوڕه‌كه‌م وتی: باوكی كوردیان شه‌هید كرد. وتم كێ؟ وتی دوكتور قاسملوو. ده‌ڵێ له‌م كاته‌وه له هۆش چووم، كه هاتمه‌وه هۆش ده‌زانم شینو شه‌پۆڕێكه هه‌ر مه‌پرسه. ئه‌و شه‌وه تا به‌یانی هیچ كاممان له‌م ماڵه‌دا نه‌خه‌وتین، هه‌ر گریاین. چه‌ند رۆژی دیكه‌ی به‌سه‌ردا تێپه‌ڕیو ئێمه هه‌روا ناڕه‌حه‌تو چاو به گریان بووین كه چه‌ند پێشمه‌رگه‌یه‌ك هاتنه لامانو لێمان پرسین پاش دوكتور قاسملوو ئێوه چ ده‌كه‌ن؟ كورد چی لێ دێ؟ ده‌ڵێ پێشمه‌رگه‌كان وتیان: راسته دوكتور قاسملوو زۆر گه‌وره بووو شه‌هیدبوونه‌كه‌ی زه‌ربه‌یه‌كی كاریو گورچكبڕی له پەیكه‌ری حیزب دا، به‌ڵام حیزب لێبڕاوانه درێژه به رێبازی دوكتور قاسملوو ده‌داتو ناهێڵێ دوژمنان رۆژی خۆش ببینن‌و خه‌وی خۆش له چاویان بكه‌وێ. ئه‌و ژنه ده‌ڵێ: كه پێشمه‌رگه‌كان واین وت، هه‌رچه‌ند دیسان بۆ شه‌هیدبوونی دوكتور قاسملوو ناڕه‌حه‌ت بووین، به‌ڵام سوكانێیه‌ك به دڵماندا هاتو وتمان شوكر ... ئه‌وه‌مان بیست كه حیزبه‌كه‌مان له سه‌ر درێژه‌دانی خه‌بات راده‌وه‌ستێو خه‌باته‌كه رێبه‌ری ده‌كا."

ئه‌گه‌ر بێتو نموونه بێنینه‌وه، هه‌زاران له‌م نموونانه له نێو خه‌ڵكی كوردستاندا روویان داوه، لێره‌دا ته‌نیا به هێنانه‌وه‌ی ئه‌و نموونه‌یه كه له‌سه‌ر شریتی ویدیۆیی تۆمار كراوه، قه‌ناعه‌ت ده‌كه‌ین. له نێو كورده‌كانی توركیه‌شدا نموونه‌ی ئه‌م هه‌سته‌مان هه‌بوو. ره‌شپۆشینو گریان له ده‌یان گوندی ئه‌م ناوچه‌یه‌و نووسینی نامه‌ی پرسه‌و سه‌ره‌خۆشی بۆ كومیته‌و مه‌ڵبه‌ندی شیمالو به هاتن بۆ لامانو ده‌ربڕینی هه‌ستی هاوده‌ردی، ئه‌م هه‌ستو سۆزه‌یان نیشان دا.

دوكتور قاسملوو له نێو كادرو پێشمه‌رگه‌كانی مه‌ڵبه‌ندی شیمالو هێزی ئاگرییشدا، له راده‌به‌ده‌ر خۆشه‌ویست بوو، بۆیه زۆر سروشتی بوو كادرو پێشمه‌رگه‌ی ئه‌م مه‌ڵبه‌ندو هێزه‌ش زۆر ناڕه‌حه‌تو به په‌رۆش بن. له كۆبوونه‌وه‌یه‌كدا كه بۆ كادرو پێشمه‌رگه‌كانم گرت، وێڕای ده‌ربڕینی داخو كه‌سه‌ر سه‌باره‌ت به‌و كاره‌ساته، رامگه‌یاند، گریانو ده‌ست به ئه‌ژنۆ دانیشتن دوژمن خۆشحاڵ ده‌كا، ئێمه ده‌بێ به كاری چه‌ند به‌رابه‌ر، به فیداكاریی زیاتر، به هه‌وڵو

تێکۆشانی بێوچان، بەڵێن بدەین ڕێبازە سەوزەکەی دوکتور قاسملوو درێژە بدەین‌و دوژمن تێبگەیەنین کە زۆر خراپ لە حیزبی دێموکرات تێگەیشتووەو خراپتر دوکتور قاسملووی ناسیوە. ئەو حیزبێکی بار هێناوەو بۆخۆشی فەرموویەتی ئەگەر تەنانەت دوو یان چەند کەس لە بەڕێوەبەرانی ئەسڵیی ئەم حیزبەش نەمێنن، باقیی ڕێبەرایەتی‌و کادرو پێشمەرگەکانی ڕێبازەکە درێژە دەدەن. لێرەدا بوو ئێمە کادرو پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال پەیمان‌و بەڵێنمان لەگەڵ گیانی هەرگیز نەمری دوکتور قاسملوو نوێ کردەوە کە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی قاسملووو هەموو شەهیدانی گەل، ساتێك هەدا نەدەین‌و ئەمەمان بە پەیامێك بۆ دەفتەری سیاسی ناردو ئامادەیی خۆمان بۆ بەجێ گەیاندنی هەر بڕیارێکی دەفتەری سیاسی ڕاگەیاند.

پاش یەکگرتنەوەی دوو بەشەکەی کادرو پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال‌و هەڵسەنگاندنی وەزعی ناوچەو سەرنجدان بەو وەزعە کە بۆ حیزب هاتبووە پێش، پێویست بوو هەم بە بەرنامەتر حەرەکەت بکەین‌و هەم کارێ بکەین دەمڕاستە کەللەویشك‌و تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تێبگەیەنین کە حیزبی دێموکرات حیزبی شەهیدانەو بە شەهیدکردنی سەرکردە، کادرو پێشمەرگەکانی لە مەیدان دەرناچێ، بۆیە بڕیاری ڕشتە جەولەیەکمان لەو ناوچانەدا کە مەڵبەندی شیمال لە ساڵانی رابردوودا نەچووبوو. بۆ ئەم مەبەستە ناوچەی "شپیران"مان بۆ جەولەکە هەڵبژارد. ناوچەی شپیران لەو ناوچانە بوو کە زۆربەی خەڵکەکەی بەهۆی دژایەتیی لەگەڵ "سەننار" کەوتبوونە خزمەتی ڕێژیم‌و هێزی پێشمەرگەی ئێمە نەیدەتوانی لەو ناوچەیەدا هەڵسووڕانی هەبێ. کاك محەممەد ساڵەح قادری کە بەرپرسی تیمی تەشکیلاتیی ئەو ناوچەیە بوو، لەگەڵ پێشمەرگەو کادرە شارەزاکانی دیکە لە ڕاستیدا ڕێنوێنی‌و ڕێبەریی ئەو جەولەیەیان دەکرد. بەڵام پێش لە حەرەکەتەکە، لە مەڵبەند کۆبوونەوەیەکمان کردو بە لێکدانەوەی وەزعی ناوچەکە بڕیارمان دا شێوە تەبلیغێك هەڵبژێرین کە بتوانێ ئەو دوژمنایەتییەی خەڵکی ئەم ناوچە لەگەڵ حیزب بەرەو کزی‌و لەنێوچوون ببات. بۆیە کادرو پێشمەرگەکانمان کۆکردنەوەو پێمان وتن جەولەیەکی وامان لە

نەزەر دایە، ئێوە دەچنە هەرماڵێـك لـە ناوچـەی شـپیران، دەبـێ تـەبلیغ بکـەن کـە ئێمـە نەهاتووین بۆ شەڕ لەگەڵ خەڵکی ئەم ناوچەیە، تەنانەت ئەوانەش تفەنگیان بە دەستەوەیە بـە برای خۆمان دەزانینو قەت ئامادە نابین شـەڕیان لەگـەڵ بکـەین. تەنانـەت ئەگـەر ئـەوانیش شەڕی ئێمە بکەن. پاش ئەم قسەو باسە نزیکترین ڕێگا بۆ گەیشتنمان بە پـشتی کەلـەڕەشو بۆ ئەوەی ڕێژیم جارێ ئاگادار نەبێ تێپەڕین لـە سـنووری تورکیـەوە بـوو. لـەم ناوچـەیەش تورکیە دووو پاسگای هەبوو، لەگـەڵ یـەکیان پێوەنـدیمان هـەبوو، زۆر گیروگرفتـی بـۆ پێـك نەدەهێنایین، بەڵام ئەوی‌تریان کە دەکەوتە ڕاستای کەلـەڕەش هـیچ پێوەندیـیـەکمان لەگـەڵی نەبووو تێپەڕین بەلای ئەو قەرەقۆڵەدا پێویستیی بە ئیحتیاتی زۆرتر هەبوو. حەرەکەتەکەمان دەست پێ کرد. بەشەو بەلای قەرەقۆڵی یەکەمدا تێپەڕین، بۆ بەیانی نەمانتوانی بگەینـە لای کەلەڕەش، بۆیە لە کۆمەڵە چـادرێکدا ماینـەوە کـە زۆر زۆر لـە قەرەقۆڵەکـە دوور نـەبووو خەڵکی زۆمەکە دەیانگوت ڕۆژانە چەند کەسێکیان دێنە ناو ئەم چادرانە. بە پێشمەرگەکانمان ڕاگەیاند کەس نابـێ لـە چـادرەکان وەدەربکـەوێ، تـەنیا دیـدەبانێکمان دانـا، ئـەویش بـە جلوبەرگی عەجەمی‌یەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە دوورەوە دووربین بکێـشن، جلوبەرگەکـە بـۆ ئەوان نامۆ نەبێ. نزیکەی نیوەڕۆ بوو دیدەبانەکە ئاگاداری کـردین ئـەوە چـەند سـەربازێکی تورکیە دابەزینە خوارو بەرەو ئەم چـادرانە دێـن، ئێمـەش بـە دیدەبانەکـەمان وت نابـێ لـە شوێنی خۆی ببزوێو، بە پێشمەرگەکانی دیکەشمان ڕاگەیاند لە شوێنی خۆیان تەکان نـەخۆن، تا سەربازەکانی تورکیە گەیشتنە ناو چادرەکان، کە هاتنە ناو چادرەکانو چاویان بەو هـەموو چەکدارە کەوتبوو، بە تەواوی حەپەسابوونو پێیـان وابـوو کـە ئێمـە p.k.kیـن، بۆیـە کاتـێ هێنانیان بۆ لای ئێمە، ڕەنگ بە ڕوومەتیانەوە نەمابوو، هەموویان دەلەرزین، ئێمەش بەهۆی وەرگێڕەکەمانەوە کە شەهید بەهرام ئازادفەڕ بوو، پێمان وتـن نەترسـن ئێمـە پێـشمەرگەین. گرووهبانی بەرپرسیان (اون باشی) ئەوەندە هاتەوە گـۆ وتـی: پێـشمەرگەکانی ئێمـە؟! وتمـان پێـشمەرگەی ئێـوە کـێن؟ وتـی: p.k.k. منـیش وتم نـا پێـشمەرگەی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانی ئێرانین. سەرەتا باوەڕیان نـەدەکردو هـەموو دەترسـان تـا دوایـی کـە ئێمـە بـە

موحێبەتەوە قسەمان لەگەڵ کردن، هیچمان لە قەرەقۆلەکەیانو ڕێـژیمی تورکیـە پرسـیارمان لـێ نەکردن. کەم کەم باوەڕی دەهێنا کـە p.k.k نـینو ئـەویش کەوتـە قـسەکردنو پـۆزێکی لـێداو وتی عەرەبیش دەزانێ؟ شوانمان بانگ کرد، شوان کە دەستی بە قسەی عەرەبی کـرد، کابرای ئون باشی وتی وەللە من وای لـێ نازانم، ئێمەش هەر گرتمانە قسە تا ئێوارەمان لـــێ دابێتو دەمانگوت پێمان خۆشە لەگەڵ قەرەقۆلی ئێوەش پێوەنـدیمان هـەبێ. یـەك دوو جـار ئیجازەی خواست بچێ، بەڵام نەمانهێشت، بە زۆر نە، بەڵکوو دەمانگوت ئێمـە قـسەکردنمان لەگەڵ ئێوە پێ خۆشە، چۆن ئێوە هەر دەتانەوێ بچن؟! ئەگەر چووبان ئیحتمالی ئەوەی هەبوو هێزی سەرەوەی خۆیان ئاگادار بکەنو ئەوانیش بە هەواپەیماو بە هـەموو هێزێکیانـەوە بێنـە سەرمان. مەبەستی ئێمەش شەڕ لەگەڵ تورکیە نەبوو، بۆیە کاتێ مەرەخـەسمان کـردن بـچن، نزیکەی سەعاتی 6ی ئێوارە بوو، ئەوان بە نیوسەعات دەگەیشتنەوە قەرەقۆلەکـەی خۆیـانو ئێمەش بەو نیوسەعاتە لە سنوور دەرباز دەبووینو دەگەیشتینە شاخەکانی پـشتی کەلـەڕەش کە خاکی کوردستانی ئێران بوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە تاریك داهاتو ئێمە لە سنووری تورکیـە تێپـەڕیبووینو لـە شـاخی گردەسماڵ لە پشت گوندی کەلەڕەش بە بـێ پـەتوو ماینـەوە. شـاخەکە کۆمەڵـە گابـەردێکی گەورەی تێدا بوو کە دەتگوت جەنگەڵی دارستانەو لە هەر شوێنێك ئاورت کردبایەوە، ئەگەر کەسێك تایبەت نەهاتبایە بۆ لات، نەیدەزانی کێی لـێیەو لە کوێیـە. بۆیـە دەسـتمان بـە ئاورکردنەوە کرد، بەدوای ئاودا گەڕاین، ئاخرەکەی زۆر لە خوارەوە کانیاوێکمان دیتەوەو لـەو شاخانەدا تا نزیکەی سەعاتی 6ی ئێـوارەی ڕۆژی 68/6/3 بـەرەو گونـدی "کریکـان" کـە یەکەم گوندی ناوچەی شپیران بوو، لە سنوورەوە حەرەکەتمان کرد. تیمی پێشڕەو بـە داهـاتنی تاریکایی نزیك دێ کەوتبوونەوە. ستوان سێهەمێك بەناوی غولامڕەزا پارسـاو دوو سـەربازی هاوڕێی کە بۆسەر ڕێگای قاچاچیان هاتبوون، لەلایەن تیمی پێـشڕەوی ئێمـەوە گـیرانو بـە بێسیم ئاگاداریان کردین کە سێ کەسیان گرتوە. پێمان ڕاگەیاندن بۆ ئـەوەی خـەڵکی زۆریـان لـێ کۆنەبێتەوە، پێویستە بیانکەنە ماڵێکی جیاو نەهێڵن خـەڵك لـە دەوریـان کـۆ بێتـەوە.

بەرەبەرە خۆشمان گەیشتینە ناو گوندەكەو بەسەر مالاَندا دابەش بووین. پاش ماوەیەك حەسانەوە، سەردانی دیلەكانمان كرد. دوو سەربازی كوردی ناوچەی شپیران بووون ئەو ئەفسەرە. هەرچی خاهێشو تەمەنناو داوامان لە ئەفسەرەكە كە فەرماندەی پاسگای كریكان بوو كرد كە پاسگاكەمان تەحویل بدات، ئامادە نەبووو قسەی مەكتەبیی دەكردن كە گۆیا ئەو ئامادەیە بۆ شەهادەت. هەرچی زانیاریمان لەسەر پایەگا پێویست بوو، لێمان دەپرسی، غەلەت وەلاَمی دەدایەوە (ئێمە بۆ خۆمان زانیاریی باشمان لەسەر تەركیبو ژمارەی چەكەكانی پایەگا هەبوو) بۆیە منیش پێم وت تۆ بە هەڵە حاڵیت، ئەگەر پێت وایە ئازادت دەكەین. پێشنیارەكەی ئێمە تەنیا لە بەرانبەر تەحویلدانی پایەگاكە دایە، ئەگەرنا دەتكوژین. وا دیاربوو تەهدیدەكەی ئێمەی پێ جیددی نەبوو بۆیە دیسان هەمان وەلاَمی پێشووی دەدایەوە. دوو دیلەكەی دیكە كە كوردو خەڵكی شپیران بوون، قسەمان بۆ كردنو قسەكانمان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە تەبلیغیيەدا بوو كە لە مەڵبەند دیاریمان كردبوو. خوا هەڵناگرێ ئەو شەوە پێشمەرگەكانیش لە ماڵەكاندا زۆر چاكیان تەبلیغ كردبوو. نزیك سەعات 2 شەو لە كریكان دەركەوتینو چووینە شاخێك لە پشتی گوندە "گوزەك"و ئێوارەكەی دابەزینو چووینە گوزەكو شەو لە گوزەك ماینەوەو رۆژی دوایش بەهۆی هەڵكەوتی باشی ئەو گوندەو دووربوونی لە پێگەی رێژیم هەر لەوێ ماینەوە، ئێوارەی دوایی بەرەو شاخەكانی پشتی "سیوەدەر"و "جەنگەسەر" وەرێ كەوتینو لە پێشمەرگە هەرە شارەزاكانی ناوچەی شپیران كە لەو جەولەیەدا "معمولاً" لە تیمی پێشڕەودا بوون، شیرعەلیی تەموویيو محەممەد حەقدار بوون، لە نزیك گوندی "دیڵزێ" كە گوردانێكی جاشی رێژیمی تێدا بوو ـ كاتی خۆی سەننار مامەدی بە تۆپو خۆمپارە لەم گوندەی دابووو خەڵكێكی بێدیفاعیشی تێدا كوژران ـو جگە لە گوردانەكە هەموو خەڵكەكەش چەكدار بوون. چەند نوورئەفكەنی گەورە لە دەورووبەری پێگەكە داكوترابوونو وا دیار بوو بە چوونی ئێمە بۆ ناوچەی شپیران، هەموو پێگەكان ئامادەباش بوون. بەلاَم دیار بوو تەبلیغەكەمانو ئازادكردنی ئەو دوو دیلە بە تەواوی كاری خۆی كردبووو خەڵكەكە نەك هەر ئامادە نەبوون

بێن شەڕمان لەگەڵ بکەن، بەڵکوو نانو خواردنیان بۆمـان دەنـارد. لەبـەر پاسـگای گـەورەی "دێڵزێ" بە هەر شێوەیەك بوو تێپەڕینو بە شاخێکی هەڵـەتدا چـووینە سـەرو لـە شـاخی پـشتی سـێوەدەرو جەنگەسـەر گیرسـاینەوە. بـەرە بـەرە ڕۆژ دەبـۆوە، چـاوم بـە کۆمەڵـە سەنگەرێکی گەورە کەوت، لە شـیرعەلی کـە خـەڵکی جەنگەسـەر بـوو پرسـیارم کـرد ئـەم سەنگەرانە چین؟ وتی کاك تەیموور ئەوە ئی زەمانا عوروسانە (روسانە). دوای شـەوو ڕۆژێـك مانەوە لە پشتی ئەم گوندە ئاگادار بووین کە ڕێژیم هێزێکی زۆری کـۆ کردۆتـەوەو بـەهیوای هێرش بۆسەر ئێمەیە. ئەو ناوچەیە قووڵایی بـوو، پێویـست بـوو خۆمـان لـە سـنوور نزیـك بکەینەوە، بە چەشنێك ئەگەر تووشی شەڕ ببین، بتوانین بە یەك شەو خۆمان دەربـاز بکـەین. ئەو شەوە لەو شـاخەدا گـەڕاینو لـە نزیـك گونـدی دێڵـزێ، سـتوان غـولامڕەزا پارسـانیان دەیهەویست لە تاریکیی شەو کەڵك وەرگرێو هەڵێ! کە بەهۆی ئەو پێـشمەرگانەی نیگابـانی بوون، دەدرێتە بەر دەستڕێژو دەکـوژرێ. بـۆ نزیکـەی بـەیانی گەیـشتینە "بەرەکەشـك" زاڵ بەسەر گوندەکانی "دوستان"و "هەرەکیان" لەلایەكو "حەسەنی"و "سولتانی" لـە لایـەکی دیکە بۆ ئەوەی ئارایشی هێزی هێرشـکەری ڕێـژیم تێـك بـدەین، هـەوڵمان دا لـە ڕێکـەوتی 68/6/10 ناچاریان بکەین هێرشێکی بێ بەرنامەمان بکەنـە سـەر. لـە نێـوان گونـدەکانی دوستانو هەرەکیان کە پێگەی ڕێژیمیان لـێ بوو، کەمینێکمان دانایەوەو لەم کاتانەدا بوو کە هێزی هێرشکەر هێرشەکەی خۆی دەست پێکردو شـەڕێکی گـەرم لـە نێـوان هێـزی بـەهێزی ئاگری لەلایەكو هێزی ڕێژیم لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد. شەڕێکی قارەمانانەو شێرانە بوو. هێزی ڕێژیم لە لای گوندەکانی حەسەنیو سولتانیش تەقـەی دەکـردو بـەهیوای هێـرش بوون، لەم بەرەیەشدا منو کاك سەید ڕەسووڵ لە پشتی حەسـەنیو سـولتانی بـووینو ئەمـە کادرەکانی شارەزای ئەوێ بوون کە شەڕەکەیان هیدایەت دەکرد، بەڵام بەردەوام لەگەڵ ئێمەش لە تەماسدا بوونو ڕێنوێنیمان دەکردن. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا 75 کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژرانو بریندار بوون کە تەرمی 40 کەسیان کەوتە دەسـتی پێـشمەرگەکانو 33 کەسـیان ناسرانو 7 کەس لە هێزی ڕێژیمیش دەستگیر کران کە پاش قـسە بـۆکردن ئـازاد کـران. لـەو

شەڕەدا لۆرییەکی ڕێژیمو ماشـینێکی تۆیۆتـا بـە دەسـکەوت گـیران کـە بـەهۆی نـەبوونی ئیمکانی ڕاگواستن هەر لەوێ ئاوریان تێ بـەردرا. کـەریم ئیمراهـی فەرمانـدەری جونـدولای سەڵماس کوژراو ئەم چەكو چۆڵەش بە دەستکەوت گیران:

دۆشکەی رووسی 1 قەبزە، تیرباری بی.کی.سی 1 قەبزە، ئارپیـچی 1 قـەبزە، تفـەنگ 36 قەبزە، دوو دەزگا بێسیم لەگەڵ فیشەكو خەشابێکی زۆر. لەم شەڕەدا ئێمـە تـەنیا یـەك بریندارمان هەبوو.

لە داستانە جالبەکانی ئەم شەڕە ئەوە بوون کە لە نـاو خـەڵکی شـپیراندا دەنگـۆ بـڵاو ببۆوە کە گۆیا پێشمەرگەکانی حیزب هاواریان کردوەو گوتوویانـە ئـەوەی کـوردە بـا نەیتـە پێشێ، با تەنیا عەجەمەکان بێنە پێشەوە، ئێمە پێمان خۆش نیـە هـیچ کوردێـك بکـوژرێ، بەڵام ئەمان هەر چوون، بۆیە ئەوانیش بە ناچار هەرچەند پێیان خـۆش نـەبوو، کوشـتوویانن. گوتبوویان شیرعەلی پێیەکی لەمبەر شاخو پێیەکی لەوبەری شاخ داناوەو گـۆرانیی وتـووە، بە گۆرانییش داوای کردوە کوردەکان با نەیەنە پێشێو دەنگی ئەوەندە بەرز بووە کـە لـە زۆر شوێنەوە بیستراوە. ئەمە لەو قسانەن کە لە نێو خەڵكدا ئەفسانەیان لێـی سـاز دەکـرێو بـۆ نەسڵەکانی داهاتوو دەگێڕدرێتەوەو تا وای لـێ دێ خـەڵك بـاوەڕ بـە شـتی وا کـە کەسـێك لاقێکی لەمبەری شاخو لاقێکی لەوبەری شاخو دەنگی هەموو خەڵکی ناوچـەیەك بیبیـسن، بکەن.

شتی دیکەی جالب ئەوە بوو کـە هـەرکاتێ لـە سـەر سـنوور دەنگـی تفـەنگ هاتبـا، کوردەکانی تورکیە بەرەو شوێنی پێشمەرگەکانی ئێمە وەڕێ دەکـەوتنو دەهـاتن بـۆ کڕینـی تفەنگ. نرخی تفەنگ لە تورکیە زۆر گرانتر بوو، لە ئێرانو عێراق، بۆیە هەم بۆ بارسـووکیو هەم بەهۆی نرخی باشیانو هەم لەبەر دڵی خەڵکەکەش پێمان دەفرۆشتنو لەوەش سەیرتر ئـەوە بوو ژمارەیەك لە خەڵکی گوندەکانی تورکیەش بەر لەوەی هیچ عەمەلیاتێکمان بە دەسـتەوە بێ، دەهاتن تفەنگیان لەلای ئێمە پێش خەرید دەکردو ئێمـەش هـەر لەبـەر دڵـی ئـەوانیش ببایە، تەرتیبی بەڕێوەبردنی عەمەلیاتێکمان دەدا.

پاش گەڕانەوەمان بۆ ناوچەی ورمێ، ئاگاداریان کردم هەواڵنێری حورییەت "ناجی سەپان" خەڵکی دیاربەکر کە کوردێکی زۆر دڵسۆز بوو، داوا دەکا بۆ پێکهێنانی وتووێژێك چاوی بە تۆ بکەوێ. منیش وەڵامم دایەوە با بێت، بە خێر بێت. پاش ماوەیەکی چاوەڕوانی لە چادرەکانی "رەنگینۆك" لەگەڵ عوسمان عەدۆ هاتنە لامانو وتووێژێکیان لەگەڵ کردین کە لە رۆژنامەی حورییەت، رێکەوتی 13و 14ی ئاگۆست بڵاوی کردەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقی چاوپێکەوتنەکەیە کە دەکەوێتە بەرچاوتان. پاش ئەم وتووێژە لەگەڵ ناجی بووین بە هاوڕێو ناجی چەند جارێکی دیکە هەروەك هەواڵنێری رۆژنامەی حورییەت هاتۆتە لامانو لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی کوردستانی ئێران وتووێژی لەگەڵ کردوین.

**ئەمەش دەقی وتووێژەکەی:**

لە کاتێکدا کە لە باشووری رۆژهەڵاتی تورکیەدا، چالاکییە خوێناوییەکانی p.k.k درێژەیان هەیە. هەواڵنێرمان لە درێژەی سەفەرەکەیدا کە هەر ساتێ لە گەڵ مەترسی مەرگدا ڕووبەڕوو دەبوەوە، توانی بچێتە کەمپەکانی پێشمەرگە کارزانەکان لە "لێدانو جێگۆرکێ" کە سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوون. ئەم پێشمەرگانە لەم 10 ساڵەی دواییدا کونترۆڵی سنوورە هاوبەشەکانی نێوان ئێرانو تورکیەیان گرتۆتە دەستو نێو بە نێویش دەنگۆی ئەوە کە هەڵسووڕاوانی p.k.k بۆ پەروەردەی نیزامی دێنە ئەم کەمپانەوە، بڵاو دەبێتەوە. بۆ گەیشتن بەم کەمپانە لە گەرمایەکدا کە مێشکی مرۆڤ دەکوڵێنێ بە کەڵك وەرگرتن لە هەر ئامرازێ (هێستر، پیادە، ماشین) ماوەی 12 کاتژمێر بەڕێوە بووین.

دوای ئەوەی لە سنووری تورکیە پەڕینەوەو نزیکەی 10 کیلۆمەتر چووینە قووڵایی خاکی ئێرانەوە، یەکەم کەس کە لە گەڵیا ڕووبەڕوو بوومەوە، تەیموری مستەفایی بوو، ئەو کە بەرپرسی پێشمەرگەکان بوو گوتی: "خەباتەکەمان تا کاتێ کە تەنانەت یەك پێشمەرگەمان بمێنێتەوە، درێژە پێ دەدەین، تا کاتێ دێمۆکراسی لە ئێرانداو خودموختاری لە کوردستاندا سەقامگیر نەبێ، چەکەکانمان دانانێین.

هەر چەند کە بەرپرسەکەیان "تەیمووری مستەفا:یش بڵێت کە "ئێمە هیچ شەڕێکمان لە گەڵ تورکیەدا نیە". بەڵام بە گوێی ئاسایشی تورکیە گەیشتۆتەوە کە ئەوان هێزەکانی p.k.k پەروەردەی نیزامی دەکەنو تاکتیکەکەشیان "لێدانو جێگۆرکێ"یەو لە شەڕیشدا ژنو منداڵ ناناسن.

## ویستەکانی ئێمە مرۆڤانەو بەرهەقن

ئەوان ئێران بە تاوانباری سەرەکی شەهیدبوونی دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەزانن کە لە ڤییەن لە سەر مێزی وتووێژ تیرۆر کرا. پێشمەرگەکان دەڵێن کە ڕێبەرەکەیان لە حاڵێکدا کە بە شوێن ڕێگاچارەیەکی ئاشتیانەدا دەگەڕاو لەم پێوەندییەدا وتووێژگەلێکی ئەنجام دا تیرۆر کرا. ئەم پێشمەرگانەی کە پێڕەوی لە ڕێگا ئاشتیخوازانەکەی ڕێبەرەکەیان دەکەن دەڵێن: "ویستو داخوازی ئێمە بەرهەقو مرۆڤانەیە. ئێمە داوای خودموختاری دەکەین بۆ ئەو ناوچانەی کە کوردی لێ دەژی. دروشمی ئێمە دێمۆکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستانەو لەم پێوەندییەشدا لە هەموو ئەو هێزو لایەنانەی کە باوەڕیان بە دێمۆکراسی هەیە، داواکارین کە یارمەتیو هاریکاریمان بکەن". ئێستا گوێ دەگرین لە ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی هاکاری ناجی ساپان... .

من زۆر لە مێژ بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە سەردانی کەمپی ئەو پێشمەرگانە بکەم کە بۆ خودموختاری خەبات دەکەنو نزیکەی 10 ساڵە لە چیا سنوورییەکانی ئێرانو تورکیە دەژینو کونترۆڵی ئەو ناوچەیان بە دەستەوەیە.

ئەمە ئەرکێکی دژوار بووو مەترسی مەرگی لێ دەکرا. بەڵام سەردانی ئەم کەمپانەو گوێگرتن لە ئامانجە سەرکییەکانیان لە زوانی ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتی قاسملوو ئەرکێکی نوێ ڕۆژنامەوانی بوو.

ئەگەر دەمهەویست بچمە نێو کەمپەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە، لە پێشدا دەبوایە سەردانی ناوچەکانی هەکاری، شەمزینانو یۆکسەکاوا(yuksekava،

hakkari ،Şemdiuli)م بکردایە. خەڵکی ئەو ناوچەیە لەو بڕوایەدا بوون کە ئەگەر کەمێك ورە وەبەر خۆم بنێم دەتوانم بگەمە ئەو کەمپانەو هەروەها دەیانگوت: "حیزبی دێمۆکرات خەڵکانێکی ڕووناکبیری تێدایە. لە نوختەی سفری سنووردا لەوانەیە یەکێك لەوانە ببینی. ئەگەر بەوان بڵێی کە دەتەوێ چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەواندا ساز بدەی، بە دڵنیاییەوە قەبووڵی دەکەن. ئەم قسانە ورەیان وەبەر نام. تەنیا گرفتم ئەوە بوو کە دەبوایە لەو چیایانەوە کە هەڵسووڕاوانی ستەمکاری p.k.k لێی دەژیان، تێپەڕمایە.

## یەکەمین چاوپێکەوتن

دوابڕیاری خۆم دابوو کە ئەگەر تەنانەت گیانیشم دابنێم دەبێ پێشمەرگەو هاوڕێیانی دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو ببینم. بە ماشینێك کە بە کرێم گرتبوو ڕێگە ناهەموارەکانی نێوان شەمزینان ـ یۆکسەکاوام بڕی. دوای ئەوە دەبوایە ڕێگاکەم یان بە پیادە یان بە سواری هێستر درێژە بدایە. تەنانەت لەوانە بوو چەندین کاتژمێر درێژە بکێشێ.

ترس لە تەنیایی کە سرۆشتی ئەو ناوچەیە بە سەر مرۆڤیدا دەسەپاندو ترسی ئەوەی کە لەوانەیە هەر ساتێ دەنگی گوللەیەك ببیسم، تا ئەندازەیەك دەیترساندم.

پێش هەموو شتێ ڕێنوێنێکم دۆزیەوە کە ڕێگای شاخاوی بەڵەد بێ. لە گەڵ ڕێنوێنەکەمدا نزیکەی 4 کاتژمێر بە سەر پشتی ولاخەوە بووین. هەندێ جار کە لەو چیایانەی کە بەرزاییەکەیان دەگەیشتە 2000 مەتر تێدەپەڕین، لە لایەکەوە خۆرەتاوی گەرمو لە لایەکی دیکەوە ئەو چاوانەی کە بە دەوروبەردا دەمگێڕا، ببوە هۆی ئەوەی کە عارەقەیەکی سارد لە تەوێڵم بنیشێ. خوا یارمەتی داینو ئەوەی کە لێی دەترسام بە سەرم نەهات. لە چیاکانەوە هەڵگەڕاینو لە لوتکە تیژەکانەوە بەرەو خوار بووینەوە. هێدی هێدی لە ئامانجەکەمان نزیك دەبووینەوە. . . هەر ئەندازە نزیکتر دەبووینەوە، دڵەکوتەم زێدەتر دەبوو. کاتێ گەیشتینە نوختەی سفر، ڕێنوێنەکەم گوتی: "تۆ لێرە چاوەڕێم بە. من دەڕۆمە سەر سنوور تا بزانم کە چاوم بە نیگەهبان دەکەوێ یان نە". ئەو منی بە جێ هێشت. تەنیاییو ترس بوونە هۆی ئەوەی کە گوێم قولاغ بکەمو ئاگام لە سرتەو ورتەی دەوروبەرم

بێت. دوای نیو کاتژمێر چاوەڕوانی ، ڕێنوێنەکەم لە گەڵ پێشمەرگەیەکدا کە چەکو بێسیمی پێ بوو لە دوورەوە دەرکەوتن. پێشمەرگەکە بە کوردی بە خێرهاتنی کردمو دەستی گوشیم. لە هەمان کاتدا کە هەوڵم دەدا دڵە خورپەی خۆم وەشارم منیش سوپاسی ئەوم کرد.

بەوم گوت کە من ڕۆژنامەڤانمو لە دیاربەکرەوە هاتوومو دەمەوێ لە گەڵ ئەواندا دیدارو چاوپێکەوتنم هەبێ. پێشمەرگەکە گوتی ناتوانم هیچ کارێکت بۆ بکەمو دەبێ بە بێسیم پرسیار لە بەرپرسەکەمان بکەم. دوای ئەوە کە بە بێسیم قسەی کرد بە منی گوت کە سبەینێ دەبێ چاوەڕوان بم بۆ ئەوەی هەر لەم جێگەیە چاومان پێی بکەوێ، لێمان جیا بووەوە.

بۆ تێپەڕکردنی ئەو شەوە چووینە جێگایەك کە پڕ بوو لە دارو درەخت. دوای شەوێ کە تەواو بوونی بۆ نەبووو زەمانی ترسێك کە هاوکات لە گەڵ دەنگی گیانلەبەرانی دڕندە ئێمەی کۆیلەی خۆی دەکرد، هەر ئەو پێشمەرگەیە هاتە لامانو گوتی کە چاوپێکەوتنەکە لە ئێستادا دەست نادات، ئەوە بووە هۆی سەرسووڕمانی من.

دیار بوو دەیزانی کە باری ڕۆحیم باش نیەو لە بەر ئەوە پێی گوتم: ڕۆژی خودا زۆرە. ئەم سەختییانەی تۆ ئەیچێژی بە فیڕۆی نادەین.

پێشمەرگەکە قسەکەی خۆی ئاوا درێژە دا:

"لە ڕێکەوتی 7و 8ی ئەگوستدا چاوەڕوانی تۆ دەبینو ئەمجارە کە هاتی دەتبەینە بارەگای سەرەوە".

ئەوەی کە بۆ چی ئەو ڕۆژە چاوپێکەوتنەکە ئەنجام نەدرا، لە گەڕانەوە بۆ دیاربەکردا تێیگەیشتم چونکە ڕێبەرەکەیان واتە دوکتۆ عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە وییەندا تیرۆر کرابوو.

لە ڕێکەوتێکدا کە پێشمەرگەکە بۆی دیاری کردبووین سواری هێستر بووینو لە گەڵ هەمان ڕێنوێنو هەر لە هەمان ڕێگاوە وەڕێ کەوتین. هەر ئەندازە کە لە چاوپێکەوتنەکە نزیکتر دەبووینەوە، خەوو خولیاکانمان زێدەتر دەبوو. لە لایەکەوە لە گەڵ ناوەندی ڕۆژنامەی

حوڕییەت لە ئیستانبۆڵدا پەیوەندییم گرتبوو كە كارەكە تەواوەو ئەگەر دووبارە هەڵوەشایەوە چی دەبوو؟

دووبارە هەر لەو ڕێگایانەوە، لە گەڵ هەمان نیگەرانیو دڵەخورپێیدا وەڕێ كەوتین. نیگەرانیییەكانم بە بینینی هەمان پێشمەرگە دوایی هاتبوو، پێشمەرگەكە بە ڕووخۆشییەوە لێم نزیك بووەوەو پێی گوتم: "بە خێر هاتی هاوڕێ ناجی". لە گەڵ ئەوەدا كە بە منی دەگوت پێشمەرگەكان چاوەڕێی تۆنو هەرچی زووتر دەبێ وەڕێ كەوین، منی لە سنووری ئێران پەڕاندەوەو دامیە دەست پێشمەرگەیەك.

## 2 كاتژمێر لە چیاكانی ئێراندا

چووبوومە نێو خاكی ئێرانەوە. لە سەر پشتی هێسترەكەوە هێدی هێدی بەرەو پێش دەچووین. كاتێ كە هەندێ جار بە دەوروبەرمدا چاوم دەگێڕا. "عوسمان" پێشمەرگە هاوڕێكەم زوانێكی كۆمێدی پێی دەگوتم: "مەترسە ئەم چیایانە لە ژێردەستی ئێمە دایە"و درێژەی بە قسەكانی دەداو دەیگوت: "هەمیشەش ناكرێ پیاو بە پاسپۆرتەوە لە سنوور بپەڕیتەوە، وانیە.!"

دوای 4 كاتژمێر بە مەبەستی گەیشتن بە كەمپەكانی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران لە گردێكەوە سەركەوتین. لوولەی تفەنگەكان لە دوورەوە دەبریسكانەوەو ئێمە گەیشتینە سەر گردەكە. سێ پێشمەرگە لێمان نزیك بوونەوەو بۆ دابەزین لە هێسترەكان یارمەتییان داین. لە گەڵ عوسماندا بەرەو لای ئەو خێوەتانەی كە لە لای خوارەوە گردەكە هەڵدرابوون. كەوتینە ڕێ. پێش ئەوەی بگەینە خێوەتەكان، عوسمانی پێشمەرگە گوتی كە كەسێك كە مووی سەری سپییە بەرپرسەكەمانە. زۆر خوشحاڵ بووم لەوەی كە بە ئاواتەكەم گەیشتبووم.

درێژەی ئەم بابەتە لە ژمارەی سبەینێ دایە

13ی ئاگوستی 1989

ڕۆژنامەی حوڕییەت

## نان خواردن ئاوێتە لە گەڵ ترس لە هێرشدا

پێشمەرگەکان، ڕۆژنامەڤانی ڕۆژنامەی حوڕییەت "ناجی ساپان"یان بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ بانگهێشت کرد. لە نێو کەمپەکەداو لە سەر سفرەیەك کە لە تەختی زەویدا ڕاخرابوو، نانی نیوەڕۆ کە برنجو گۆشتێك بوو، بە تامو چێژێکی تەواوەوە خورا. دوای نان خواردن چایی خورایەوەو ... لە کاتی نان خواردنەکەدا نیگابانەکان بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە هێرشێکی کوتوپڕ، دەست لە سەر پەلەپیتکە ڕاوەستابوون.

## چیاکان لە کونترۆڵی ئێمەدایە

دوای تێپەڕاندنی ڕێگایەك کە هەر ساتێکی لە گەڵ مەترسیدا بەرەوڕوو بوو، خوشحاڵی گەیشتن بە کەمپ لە دڵمان دایە. بەڵام لە هەمان کاتدا دڵەخوورپەی بینینو چاوپێکەوتنی بەرپرسی پێشمەرگەکان تەیمووری مستەفایم هەیە. "عوسمان" کەسێکە کە موستەفاییم پێ دەناسێنێ. تەواوی تەجهیزات لە لای دایەو 5 ئێسکورت لە نێو خێوەتەکەدا دانیشتوون. کاتێ دەچیتە لایان، هەموویان لە بەرت هەڵدەستن... (te bixer hati) (بەخێر هاتن)ت لـێ دەکەن. پاشان بۆ دانیشتن جێگایەکت نیشان دەدەن. ناوی ئەو جێگایەی کە ئەوان لێی نیشتەجێن دەپرسم. دەڵێن "melbend Şimal"، (مەڵبەندی شیمال). تەیمووری مستەفایی بەرپرسی ئەم مەڵبەندەیە. واتە بەرپرسایەتی ناوچە لە ئەستۆی ئەوە. هۆی هاتنەکەم شی دەکەمەوە. موستەفایی پێم دەڵێت: پێشمەرگەکان لە کاتێکدا کە لە شاخەوە بەرەو دەشتدا دەگەڕان، کەوتوونەتە ناو دەرگیرییەوە. بەڵام بەو پێشمەرگانەی کە ئێستا لە کەمپدا هەن، بە هەر شێوەیەك کە بمهەوێ دەتوانم چاوپێکەوتنو وتووێژ ساز بدەم.

## 40 پاسدار کوژران!

هەر لەو کاتەوە کە قسەکانمان درێژەی هەیە، لە نێو دەنگی تیك تیکی بێسیمدا، ڕادیۆی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی دەست پێ دەکات. ڕادیۆ هەواڵی شەڕو پێکدادان بڵاو دەکاتەوەو دەڵێ: "لە شاری سەقزدا هێرشی پاسداران بۆ

سەر پێشمەرگەکان 24 سەعات درێژەی کێشا. لەم پێکدادانەدا 40 پاسدار کوژرانو کچە پێشمەرگەیەك شەهید کراو 15 پاسدار بە دیل گیران. چەكو چۆڵی پاسدارەکان کەوتۆتە دەست پێشمەرگەکان".

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە شادیو خوشحاڵی لە نێو پێشمەرگەکاندا دەست پێ دەکات. ئەوان دەیانگوت: "لە بەرامبەر 40 کوژراودا، شەهیدێك". پێشمەرگەکان بۆ ئەم سەرکەوتنە پیرۆزبایییان لە یەکدی دەکرد. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵ لە ڕادیوو بێسیمەوە دووبارە دەگەڕینەوە سەر قسەکانمان.

## تاوانباری سەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو

بەرزایی باڵای بەرپرسی مەڵبەندی شیمال نزیکەی 1.85و تەمەنی نزیکەی 35 ساڵ دەبێ. سەری ماشو برنجەو هەمیشە زەردەخەنەیەك بە سەر لێوانیەوەیە. کاتێك باسی دوکتۆر قاسملوو دێتە گۆڕێ، ژانو کەسەر لە چاوی مستەفاییو پێشمەرگەکاندا شەپۆل دەدا. دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، کەسێکە کە 18 ساڵ سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئەستۆی ئەو بوو. پێشمەرگەکان ڕێزێکی زۆر بۆ ئەو دادەنێن. لەم ناوچەیەدا نێوی قاسملوو وەك ئوستوورەیەك دەوترێتەوە. مستەفایی لەم بارەیەوە دەڵێت:

"ئەو مرۆڤێکە کە تا هەمیشە دەمێنێتەوە. ئەو شۆڕشگێرێکی دێمۆکرات بوو، ئەو چاوی بڕیبوە داهاتوو... شەوو ڕۆژ بۆ بەدەستهێنانی خودموختاری بۆ کوردستان هەوڵی دەدا. کۆماری ئیسلامی ئێران بەرپرسیارە لە شەهید کردنی دوکتۆر قاسملوودا. ئاخوندەکان سیاسەتێکی ڕوونیان نیە. ئەوەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن ڕەشە، سبەی پێی دەڵێن سپییە. قاسملوو لایەنگری خوێن ڕشتن نەبوو، ئەو کەسایەتییەکی ئاشتیخواز بوو. ئەو بە شوێن ڕێگاچارەی ئاشتیانەدا دەگەڕاو بە هەوڵو تێکۆشانێکی دیپلۆماتیك، دەیەویست خودموختاری بە دەست بێنێ. لەم ڕێگایەداو لە کاتی وتووێژدا شەهید بوو. ئاخوندەکان وتووێژ ناناسن.

## خودموختاری بۆ کوردستان

بەڕێز موستەفایی لە کاتێك باس لە ڕێزدانانی pdki بۆ مافەکانی مرۆڤـ دەکاو بەرگری لە ئەزموونی شۆرشی دێمۆکراتیك دەکا، دەڵێ: ئێمە خوازیاری ئەوەین کە هەر تاکێکی ئێرانی لە کەش و هەوایەکی دێمۆکراتیکدا ژیان بە سەر بەرێ. ئێمە دوژمنایەتیمان لە گەڵ هیچ نەتەوەیەکدا نیە، بەڵکوو دەمانەوێ کە کوردەکان مافی نێونەتەوەیی خۆیان بە دەست بهێنن. لە بەر ئەوە دروشمەکانمان بریتین لە دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان. بۆ ئێمە ژیانی دێمۆکراسی گرینگیەکی زۆری هەیە، واتە ئەگەر لە ئێراندا دێمۆکراسی بچەسپێ، ئێمەش بە خودموختاری خۆمان شاد دەبین. ئێمە پێش هەموو شتێ خوازیاری دێمۆکراسین. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، داوا لە هێزە دێمۆکراتیکەکانی ئێران دەکەین کە دژی ڕێژیمی ئاخووندی یەك بگرن. تا کاتێ دێمۆکراسی لە ئێراندا نەیەتە ئاراوەو ئێمە خودموختاریمان بە دەست نەهێنابێ، خەباتەکەمان درێژەی دەبێ.

## چیا سنوورییەکان لە ژێر کونترۆڵی پێشمەرگەدایە

بەڕێز تەیموری مستەفایی لە سەر ئەوە پێ دادەگرێ کە چیا سنووری‌یەکانی ئێران و تورکیە لە ژێر کونترۆڵی پێشمەرگە دایە، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاستی خەباتەکەمان دەچێتە سەرێ و لەم بارەیەوە دەڵێ: "لە کوردستانی ئێراندا 6 میلیۆن کورد دەژین. گەلی کورد بەرەبەرە لە گەڵ سیاسەت و بەرنامەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا ئاشنا دەبێ و دێتە ڕێزی پێشمەرگایەتی‌یەوە. بەم شێوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەمان بەرەو زیادی دەڕوا"

هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناوچە کوێستانی‌یەکانی کرماشان و ئیلامیش لە ژێر کونترۆڵی پێشمەرگەدایەو دەڵێ کە بەشێکی زۆر لە پاسدارەکان شەڕو دەرگیری ڕەت دەکەنەوە.

تەیموری مستەفایی دەڵێ: "ئەو سەربازانەی کە بە دیلی دەیانگرین، نایانکوژین. بەڵکوو پێنج ڕۆژ لە کەمپەکاندا دەیانهێڵینەوەو بەرنامەو سیاسەتەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ باس دەکەین و داواکاری‌یە ڕەواکانی گەلی کوردیان بۆ باس دەکەین.

له ناو ئه‌وانه‌دا كه‌سانێك هه‌ن كه په‌شیمان ده‌بنه‌وه‌و ده‌بنه پێشمه‌رگه. ئه‌وانه‌ش كه نابنه پێشمه‌رگه ئازاد ده‌كرێن. ئه‌و پاسدارانه‌ی كه ئازادیان ده‌كه‌ین، كاتێ كه دووباره به زۆر ده‌یاننێرنه‌وه بۆ به‌ره‌كانی شه‌ڕ، به بێ ئه‌وه‌ی شه‌ڕ بكه‌ن دووباره خۆیان ته‌سلیم ده‌كه‌ن.

پێشمه‌رگه‌كان له شه‌ڕ دژی پاسداره‌كاندا سێ ڕه‌وش به كار ده‌هێنن كه به‌م چه‌شنه‌ن: (پۆسه دانانه‌وه ـ هێرشی كتوپڕ ـ شه‌ڕی پارتیزانی)

پێشمه‌رگه‌كان ده‌ڵێن: "زۆربه‌ی كات سه‌ركه‌وتن به ده‌ست دێنن. 10 ساڵه كه شه‌ڕ ده‌كه‌ین. له درێژه‌ی ئه‌م 10 ساڵه كه به دژی حكوومه‌تی ئێران خه‌باتمان كردوه، سه‌ركه‌وتوو بووین". دوای ئه‌م قسانه‌له باره‌ی توركیه‌و عێراقه‌وه پرسیار ده‌كه‌م، به‌رپرسه‌كه‌ش ئاوا ڕوانگه‌ی خۆی شی ده‌كاته‌وه:

## هه‌ر كه‌سێ به‌رپرسی ناوچه‌ی خۆیه‌تی

"له عێراقیشدا لایه‌نگه‌لێك هه‌ن كه خه‌باتی چه‌كدارانه دژی عێراق ده‌كه‌ن. كارمان به ناوه‌كانیان نه‌داوه. ئێمه له ئێراندا بۆ خودموختاری خه‌بات ده‌كه‌ین"

هه‌روه‌ها، موسته‌فایی له باره‌ی p.k.kوه ده‌ڵێ: "ئێمه نه دۆستایه‌تیان ده‌كه‌ین، نه دوژمنایه‌تییان". هه‌روه‌ها ده‌ڵێ: "نه دۆستین‌و نه دوژمن. . .به ته‌واوی چالاكییه‌كانی ئێمه له گه‌ڵ ئه‌واندا جیاوازه. ئێمه دوژمنایه‌تی هاووڵاتیان ناكه‌ین‌و ئه‌و كارانه‌ی كه به ڕه‌شه‌كوژی ده‌ژمێردرێن، وه‌ك كوشتنی ژن‌و منداڵ، به ته‌واوی ڕه‌ت ده‌كه‌ینه‌وه‌و دژایه‌تی له گه‌ڵدا ده‌كه‌ین.

كاتێ له باره‌ی ئه‌و ده‌نگۆیه كه ده‌ڵێ ده‌سته‌یه‌ك له گه‌ریلاكانی p.k.k دوای ڕه‌شه‌كوژی له باشووری ڕۆژهه‌ڵاتدا، له سنووری ئێران ده‌په‌ڕنه‌وه‌و له كه‌مپه‌كانی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێراندا په‌روه‌رده‌ی نیزامی ده‌بینن، پرسیاری لـێ ده‌كه‌م، وه‌ڵامێكی ڕوونم ناداته‌وه.

دوای ته‌واوبوونی وتووێژه‌كه له سه‌ر سفره‌یه‌كدا كه له سه‌ر زه‌وی ڕاخرابوو، خواردنمان خوارد كه بریتی بوو له برنج‌و گۆشت‌و پاشان چایمان خوارده‌وه. دواتر له گه‌ڵ ئه‌و

پێشمەرگانەدا کە ئاسایشی ناوچەکە، چیاو کەمپەکان دەپارێزن کەوتینە ڕێ. ئەوان ڕێگا بە من دەدەن کە بەو شێوەی کە پێم خۆشە وێنە بگرم. لەم نێوەدا بەڕێز موستەفایی وێنەیەکی یادگاریم لە گەڵدا دەگرێت. پێشمەریەك کە ڕووبەڕووم وەستاوە، چەکەکەی خۆی دەخاتە دەستمەوەو دەڵێ کە: لەم چیایانەدا هەر کەسێ بە بێچەك بگەڕێ شوورەیییە، بەم شێوەیە دەبمە خاوەنی وێنەیەك بە چەکەوە.

## سەفەری گەڕانەوە

ئەمە ئاکامی بیست ڕۆژ کاری منە، لە شوێنێکدا کە 2 سەعات لە تورکیەوە دوورەو لە نێو چیاکانی ئێران دایە. داوای گەڕانەوەکەم بە بەرپرسی ناوچەکە ڕادەگەیەنم. چوار پێشمەرگەی لاو بۆ کونترۆڵکردنی ڕێگاکە 10 دەقە زووتر دەکەونە ڕێ. من لە گەڵ ڕێنوێنەکەمدا "عوسمان" بە ئەسپەوە دەکەوینە ڕێ. لە بەر ئەوەی کە ڕێگاکەمان سەرەولێژە، لە گەڕانەوەدا دوچاری گیروگرفت دەبین. دوای 2 سەعات دەگەینە سنوورەکانی تورکیە. لە نوختەی سفردا پێ دەنینە خاکی تورکیە. ڕێنوێنەکەم لە سەرم ڕادەوستێ. دووبارە سەفەر بە ئەسپ دەست پێ دەکاتەوە. بەڵام ئەمجارە لە سەر خاکی تورکیەدا. ئەو وێنانەی کە گرتوومن لە باخەڵم دایە. زوو زوو دەستیان لـێ دەدەم تا دڵنیا ببم کە لە جێگای خۆیان دان یان نا! کاتێ ئاوڕ بۆ دواوە دەدەمەوە دەبینم کە لە داوێنی کێوە ڕەشەکان داین. سەرم لەوە سووڕ دەمێنێ کە چۆن چۆنی ئەم چیایانەم بڕیوەو چۆن ئەم سەفەرەم ئەنجام داوە.

14ی ئاگۆستی 1989

ڕۆژنامەی حوڕییەت

پاش ئەنجامدانی عەمەلیاتی دۆستانو هەرەکیان، هەموو کادرو پێشمەرگەکان گەڕاینەوە بۆ ناوچەی ورمێو ماوەیەك بە کوێستانەکانی ورمێدا سووڕاینەوەو پاش ماوەیەك لەسەر پێشنیاری کاك سلێمان کەڵەشیو رەزایەتی ناوەند جەولەی ناوچەی کەنار بە رۆژمان رێك خستو بەرەو ئەو ناوچەیە کەوتینە رێ. شارەزای ئەو ناوچەیە سلێمانو چەند پێشمەرگەیەك وەك دێوانە عەبدوڵڵاهی، قاسم کەڵەشی، سادقو چەند هاوڕێیەکی دیکە بوون. بۆ جەولە بە ناوچەدا رۆیشتین تا گەیشتینە گوندی "مێشك"و رۆژێك لەوێ ماینەوەو، دوایی چووینە شاخەکەی زاڵ بەسەر گوندی "کوری"و "مێشك"دا کە گوندی کوری گوندی سلێمان بوو. لە شاخەکەوە چاومان لە پایەگای میشك دەکرد، بە نەزەرمان هات کە دەست بەسەرداگرتنی ئەم پایەگایە لەوانەیە زۆر گران نەبێت، بۆیە کۆمەڵێ بەرپرس لە فەرماندە پەلەوە تا منی بەرپرسی مەڵبەند بۆ ناسینی پێگەکە لە رۆژی 68/7/3 دەست بە کار بووین. لە کاتی ناسینی (شناسایی) پێگەکەدا دوو ڕامان هەبوو، بەشێك نەزەریان ئەوە بوو کە پێگەکە دەگیرێو بەشێکی دیکەش نەزەریان ئەوە بوو کە ناگیرێ. پێشمەرگەکانیش کە لە شوێنی دوورتر بوون، پێمان وتبوون ئامادە بن ئاگاداریان دەکەینەوەو لەم گێرەو کێشەیەدا بووین سلێمان چاوی لە گوندەکەی خۆیان بوو، وتی تەماشا بکەن گرووهی زەربەت لە گوند هاتە دەرەوەو بەرەو مێشك دەچێ، کە تەماشامان کرد زۆر دوور نەبووین، گروو زەربەتەکە 9 کەس بوون. بۆ زەربە لێدان لە گرووهی زەربەت دەستبەکار بووین، هەر بەو ژمارە مەسئولەوە، پاش ماوەیەك گرووهە زەربەتەکە کەوتنە کەمینو 4 کەسیان لێ کوژراو بی. کی. سیەیەکو دوو قەبزە تفەنگی کلاشو بێسیمێکی پی ئارسی 77 بە دەسکەوت گیرانو گەڕاینەوە بۆ لای پیشمەرگەکان. پێشمەرگەکانیش کە وەکوو چەقۆی هەسان لێدراو ئامادەی ئەنجامی عەمەلییات بوون، پرسیاریان کرد باشە چی لێ هات، بۆ گەڕانەوە. ئێمەش بە شۆخی پێمان وتن عەمەلییاتەکە بۆ خۆمان ئەنجامان داو بەو دەسکەوتانەوە گەڕاینەوە. زۆریان پێ ناخۆش بوو. هەر یەکەیان شتێکی دەگوت، یەك دەیگوت بوونەتە قارەمان، یەك دەیگوت، ئەگەر بە جێگای ئەو 10 تا 15 بەرپرسە 5 پێشمەرگە بوایەن، نەیاندەهێشت

یەك کەسیشیان دەرباز ببێ. هەرچی بێ لەوەی کە لە عەمەلییاتەکەدا بەشدارمان نەکردبوون، زۆر نارەحەت بوون. دانیشتین بۆ بیروڕا گۆڕینەوە کە چ بکەین. شاخی بایز کە شاخێکی بەرزو لە راستای میشكدا بوو، وتمان بچینە ئەوێ. سلێمان وتی: نا سبەینێ هێرش دەکەنە سەر ئەو شاخەو تووشی شەڕ دەبین. پێشنیاری کرد بە جێگای هەڵگەڕان بە شاخدا بگەڕێینەوە بۆ شوێنی دەشتایی، کە هەر واشمان کردو هاتینە گوندی "مسکینی" کە پێگەی رێژیمی لێ بوو. نانێکمان خواردو بەرەو خوارتر داگەڕاین تا نزیك ئێوارە لە نێو کۆمەڵە دارێکدا بووین، لای نیوەڕۆ گەڵاڵەیەکی عەمەلییاتیمان داڕشت کە بەشێك لە پێشمەرگەکان لەسەر جادەی ورمێ ـ سەڵماس کەمین دابنێنەوەو لەوێ عەمەلییات بەڕێوە بەرن. تیمێکی پێشمەرگەش بچێتە شاری ورمێو کارخانەی قەند ئاور تێبەر بداتو تیمێکی دیکەشمان بەرەو "کۆسە ئەحمەد" حەرەکەت بکەین. ئێوارە هەروامان کردو قەراریشمان ئەوە بوو یا لە "سنجوێ" یا لە کۆسە ئەحمەد یەك بگرینەوە. من لەگەڵ دەستەی سێهەم بووم، هەرکامەمان بەرەو شوێنی دیاریکراو کەوتینە رێو لێك جیا بووینەوە. مەودامان لەگەڵ شاری ورمێ زۆر کەم بوو. هەر ئێوارە بوو ئێمە هاتینە کوسەئەحمەد ـ دیارە زۆربەی ئەم حەرەکەتانە فیلمبەرداریيان لێکراوەو ئێستا هەن ـ خەڵکێکی زۆر دەوری داین، جگە لە عەسکەر عەلیزادەو پاشان سلێمان کەسی دیکەیان نەدەناسی. کاتێ دڵنیا بوون کە پێشمەرگەین، ئەودەم ئاپۆرای خەڵك زیادو زیاتر بوو، هەموویان بزە لەسەر لێو زۆر خۆشحاڵ بوون کە پێشمەرگە دەبینن. پیرەمێردێك کە حاجی بوو، هاتو وتی باشە بۆ راوەستاون، بۆ دابەشیان ناکەن. بە زوویی دابەشیان کردینو ئێمەی بەرپرس وەبەر ماڵی حاجی کەوتین. کە رۆیشتینە ماڵەوەیان، زۆریان رێز لێ نایەنو حاجی دەیگوت گەورەترین ئاواتم ئەوە بووەو ئێستاش ئەوەیە کە لەم گوندەی ئێمەدا شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو هێزی حکوومەتدا رووی داباو دووسەد تەرمی عەجەمان کەوتبان. ئیتر ئەودەم گرنگ نەبوو گوندەکەمان دەرووخێنن یان دەمانکوژن.

دوای نان خواردن لە کوسە ئەحمەد، چون قەرارمان لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە کە ڕەوانەی عەمەلییات کرابوون ئەوە بوو لە سنجوێ یەك بگرینەوە، بەرەو سنجوێ کەوتینە ڕێو ڕۆیشتینە گوندی سنجوێ. لە ڕێگای کوسە ئەحمەد بۆ سنجوێدا بووین، کارخانەی قەند ئاوری تێبەر دراو بە بێسیم تەماسمان لەگەڵ ئەو پۆلە پێشمەرگانە گرتو تیمەکەی دیکەش وتوویانە تەقەیان لە ماشینێك کردوە کە ئاخوند حەسەنی کە ئاخوندێکی بەرپرسی سیاسی ـ عەقیدەتیی لەشکری 64ی ورمێو بەرپرسی هاوئاهەنگیی هێزەکانی ڕێژیم لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوایە، کوژراوەو 8 کەسیشیان بەدیل گرتوون. پاش ئەم عەمەلییاتە هەموو تیمەکان دەگەڕانەوە بەرەو سنجوێ کە لە ڕێگادا کەوتنە کەمینی هێزەکانی ڕێژیم، کەمینەکەیان تێك شکاندو نزیکەی سەعات 2ی بەیانی گەیشتنەوە لامان. لای سەعات چوار لە سنجوێ وەدەرکەوتینو ڕۆیشتینە "گردمەنجەل"و شاخی "ڕەش" کە دوو شاخی زاڵ بەسەر جاددەی ترانزیتی نێونەتەوەیی "سیرۆ"دا بووو لەوێ ماینەوە. دەشمان زانی کە ئیحتمالی هێرشی ڕێژیم بۆ سەرمان سەد لە سەدە، بۆیە لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم لەم شاخەدا دەرگیر بووینو شەڕ دەستی پێ کرد. دوو هێلیکۆپتێری ڕێژیم لەم شەڕەدا بەشدار بوون. شەڕەکە بە ڕادەیەك لە شاری ورمێ نزیك بوو کە لە شارەوە خەڵك هەموو لە شەڕەکە ئاگادار بوون. هێلیکۆپتێرەکان تا ئێوارەی کۆتایی شەڕەکە هەر تەقەیان دەکرد، بەڵام بە خۆشییەوە هێزی ڕێژیم بە جۆرێك لە هێزی ئاگری تۆقیبوو کە هیچ هێزێکی نەیدەوێرا نزیك بکەوێتەوە، تەنیا لە دوورەوە تەقەیان دەکرد. لێرەدا بوو حەسرەتێکم بۆ ئەوە خوارد کە دوکتور قاسملوو نەماوە، چونکە دوکتور قاسملوو گەورەترین داوای لە ئێمە ئەوە بوو لەو شوێنەدا، واتە لەسەر جادەی ورمێ ـ سیرو کە جادەیەکی ترانزیتیی نێونەتەوەییە، تەقەیەك بکەین، ئێستا لەسەر ئەم جادەیە یەك دوو ڕۆژ بوو بە هەموو هێزەوە ڕێژیم هاتبووە شەڕی پێشمەرگە، بەڵام دەستەوەستانو داماو بوو لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەدا.

تا ئێوارە شەڕ درێژەی هەبوو، لەو شەڕەدا حاجی خەرەگووشی شەهید بوو، بێڵو قۆڵنگمان پێ نەبوو تا بینێژین، بۆیە لە بن دارێکدا بە سەرەنێزە قەبرێکمان بۆ هەڵکەندو

ناشتمان. لێرەدا لەبەر خۆمەوە بیرم لە رابردوو دەکردەوە، شەهید سەید جەمیل جەستەی بە تیکەتیکە کراوی هەر قەبریشی بە نسیب نەبوو، شەهیدان عەوڵڵا سەلیمیو خەبات کە هێزی تورکیە شەهیدی کردن. شەهید حەکیمو سدیق قوجەییو حەمە هەژارو شەهید ساڵح کە لە "سەڵتەکەڵتوو" شەهید کران، ئێستاش قەبرەکانیان دیار نین لە کوێن. سەدانو هەزاران شەهیدی دیکە. بۆیە وێڕای بەداخ بوونم بۆ ئەم شەهیدانە، شێعرە جوانەکەی عەبدوڵڵا پەشێوم لەبەر خۆمەوە دەگوتەوە.

## ***گۆڕی سەربازی ون***

که وەفدێ دەچێتە شوێنێ
بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون،
تاجە گوڵێنەیەك دێنێ،
ئەگەر سبەی،
وەفدێك بێتە وڵاتی من،
لێم پرسێ:
کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟
دەڵێم:
"گەورەم:
لە کەناری هەر جۆگەیێ
لە سەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لە بەر دەرگای،
هەر ماڵێ،
هەر کڵێسەیێ،
هەر ئەشکەوتێ،
لە سەر گابەردی هەر شاخێ،

لە سەر درەختی هەر باخێ،

لەم وڵاتە،

لە سەر هەر بستە زەمینێ،

لە ژێر هەر گەزە ئاسمانێ،

مەترسە کەمێك سەرت داخەو

تاجە گوڵێنەکەت دانێ!"

پاش ناشتنی تەرمی شەهید حاجی خەرەگووشی، کەم کەم هەوا تاریك داهات. ئەوە دووهەمین شەو بوو کە نەمانەدەتوان بخەوینو بەرەو گەلیی "دیرێ" کەوتینە رێ. هەموو پێشمەرگەکان ماندوو بوونو خەویان دەهات. لە هەر جێگایەك بۆ حەسانەوە 5 دەقیقە دادەنیشتین، هەموو کەس لە جێگای خۆیدا خەوی لێ دەکەوت، بەڵام دیسان ناچار بووین ئەوەندە دوور بکەوینەوە کە تووشی شەڕ نەبینەوە. نزیك رۆژبوونەوە لەلای پایەگای دێرێ رەد بووینو رۆیشتینە پشتی دیرێو شاخەکانی دەورووبەری. لەم شەوەدا کادرێکمان بەناوی ئەنوەر کوهەنسالی هەبوو بە گوندێکدا تێپەرین، سەگ وەڕین دەستی پێکردو سەگەکانیش زۆر دڕ بوون، دەهاتن بە گژماندا. بەیانی کە باسی سەگ وەڕی ئەو دێیەمان دەکرد، دەیگوت ئەسڵەن ئەمشەو سەگ نەوەڕیوەو ئێمەش بە هیچ گوندێکدا تێنەپەڕیبووین. برادەرێك دەیگێڕایەوەو دەیگوت لە رێگادا خەوم لێ کەوتبووو پێم وابووە ماشینێ راوەستاوە سوارم بکات، دەستم بردوە دەرگای ماشینەکە بکەمەوە، تەماشام کردوە هیچ خەبەرێك لە ماشین نیە. سەید رەسووڵ بەدوای منەوە بوو، پێشمەرگەیەکی پیرانشاریش کە کوڕێکی زۆر "مؤدب" بووو ناوی غەفوور بوو، لەگەڵ سەید رەسووڵ هاتبوو بۆ مەڵبەندی شیماڵو بە سەید رەسووڵی دەگوت خاڵە لاقی لەملاو لاقی لەولاو لە سەید رەسووڵی دەداو ئەویش کە خەریك بوو بکەوێ هاواری لێ هەڵدەستا. لێم دەپرسی کاك سەید رەسووڵ ئەوە چیە؟ دەیگوت کاك تەیموور خاڵەیە ئاگای لێمەو ... .

لە گەلی دیرێ كە بەیانی زوو گەیشتبووینە ئەوێ، جەنگەڵێكی چڕ هەبوو كە داری ویشكی زۆر تێدابوو، بەو ماندوویی‌یەوە ناچار بووین تیمێك پێشمەرگە بنێرینە بەرزایی بۆ ئیحتمالی هێرشی رژێم. دەستمان بە ئاوركردنەوەیەكی زۆر گەورە كردو چاییمان لێ نا. كتری‌یە رەشەكان لەو كاتو ساتانەدا نرخیان زۆر دەچێتە سەرێو چایی خواردنیش دوو هێندە بەچێژ دەبێ. دوای چایی‌و نان خواردن ـ كە دیارە هەر نانی ویشكی بوو ـ كەم كەم خەوتین‌و نزیكەی ئێوارە بەرەو سنووری هەوارگەنم كەوتینە رێ.

پێش ئەوەی ئێمە فرسەتی دانەوەی راپۆرتی شەڕەكانمان دەست بكەوێ، وا دیار بوو كوژرانی مەلا حەسەنی دەنگی دابۆوەو هەموو كەس پێی وابوو مەلا حەسەنی ناسراو، ئیمام جومعەی شاری ورمێ‌یە. لە ئورووپاشەوە لە حیزبیان دەپرسی. ئەم هەواڵە، واتە هەواڵی كوژرانی مەلا حەسەنی نە تەنیا بۆ كوردەكانی ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا گرنگ بوو، بەڵكوو بۆ توركەكانی ئازەربایجانیش گرنگیی خۆی هەبوو. بۆیە ئەوانیش لە ئورووپا لە رێگای نوێنەرایەتی‌یەكانی حیزبەوە پرسیاریان كردبووو ئاواتی ئەوەیان خواستبوو مەلا حەسەنی ئیمام جومعە بێت. كە ئێمە بە دانەوەی راپۆرت بە دەفتەری سیاسی روونمان كردەوە كە مەلا حەسەنی ئیمام جومعە نیە، بەڵكوو بەرپرسی هاوئاهەنگیی هێزەكانی رژێم لە ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوایەو بەرپرسی سیاسی ـ عەقیدەتی لەشكری 64ی ورمێ‌یە.

رێكەوتی 1368/8/17 شیركەتی لەو ماسەی جیهادی سازندەگیی رژێم لە نێوان گوندی كاریزو پادگانی گەورەی قوشچی لە ناوچەی "ئەنزەلی" لەسەر جادەی ورمێ ـ تاران كەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگەكان‌و ئەم كەرەسانەی خوارەوە ئاوریان تێبەر درا:

1ـ بۆلدێزیر 1 دەزگا، 2ـ لۆدێر 2 دەزگا، 3ـ ماشینی كۆمپرێسی 4 دەزگا، 4ـ موتور بەرق یەك دەزگا، 5ـ تانكری گازوئیل 4 دەزگا، 6ـ دینام 6 دەزگا، 7ـ تانكری 2 هەزار لیتری رۆن موتور 2 دەزگا، 8ـ كلیدی ئۆتۆماتیكیی هەڵكردنی موتوری شێركەت 1 دەزگا، 9ـ دەزگای بەردشكێن 2 دەزگا، 10ـ دوو دەزگا لاستیكی چەرخ 80 حەڵقەو

هەروەها دیوێکی پڕ لە ئەبزاری میکانیکیو دەفتەری کاری شیرکەت لەگەڵ هەموو سەنەدو مەداریکی ئەو شیرکەتە.

بەدوای ئەم عەمەلییاتەدا کەم کەم هەوا ساردی دەکردو مانەوەمان لە شاخەکان سەخت بوو. بۆیە بڕیارمان دا تیمێکی 40 ـ 50 کەسی لە کادرو پێشمەرگەکانی سەلماسو ورمێ لە ناوچە بەجێ بهێڵین کە بە زستانیش هەر لەوێدا بن. بۆ ئەم مەبەستە پێویست بوو کومیتەیەکی بەڕێوەبەرییان بۆ هەڵبژێرینو بڕێکیش پووڵیان بۆ خەرجی بۆ بەجێ بهێڵین. کومیتەکە کە دیاریمان کرد بریتیبوون لە: سلێمان کەڵەشی، رۆستەم جەهانگیری، محەممەد ساڵح قادریو بێسیمێکی راکاڵیشمان بەلاوە بەجێ هێشتن. مەقەڕەکانمان لە سنووری ئێران بە بنی شاخی قەرەخانو لە سەرەوەی هەوارگەنم گوندێکی کوردستانی تورکیە بوو. تەداروکاتی زستانەیان لەو گوندەی تورکیە بەهۆی خەڵکی گوندەکە بۆ دەکڕدرا. بوونی ئەو کادرو پێشمەرگانە لەو بنکەیەدا هەم گیروگرفتی بۆ ئێمەو کادرو پێشمەرگەکان لەو بنکەیە هەبوو، هەم زۆر خاڵی بەهێزیشی هەبوو. بە هەموو سەختییەوە بە هەرکام لە کادرو پێشمەرگەکانت دەگوت تۆ ئەم زستانە لێرە دەبی، "نە"ی نەبوو. لە وەرزی زستانیشدا یەك دوو جار رێژیم بە هێلیکۆپتێر هێرشی کردە سەریان، بەڵام ئەو کادرو پێشمەرگانە هەر خۆیان راگرتو مانەوەو چەند عەمەلییاتێکیان لە ناوچەشدا بەڕێوە بردو، بەشی گومرکەکانیان دانابوو، بە چەشنێ بەهاری ساڵی 1369 کە ئێمە گەڕاینەوە بۆ لایان، خەرجی زستانەی خۆیان دابین کردبووو چەند میلیۆن تمەنی ئەو کاتەشیان تەحویلی بەشی ماڵیی مەڵبەند دایەوە.

بە دیاریکردنی ئەم تیمە، باقیی هێزەکەمان لە کۆتایی مانگی رەزبەر (مهر)دا گەڕاینەوە بۆ بنکەی سابیت. لە بنکەی سابیتیش بەشێك لە پێشمەرگەکان ژنیان هێنابوو، پێویست بوو بە هاوکاریو هەرەوەز خانوویان بۆ دروست بکرێ. ئەوکات دروستکردنی خانوو تەنیا هێزی ئینسانیی پێویست بوو کە پێشمەرگەکان لەو بارەوە زۆر سەمیمی بوون. بۆیە لەو بارەیەوە گیروگرفتمان نەبوو. پاش هێندێك خۆ کۆکردنەوە، یەکەم پلینۆمی دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بە بێ بەشداریی ئەو گەورە پیاوەو لە ژێر بەپرسایەتیی کاك دوکتور سەعیدا بەڕێوە

چوو. جێگای خاڵیی دوكتور قاسملوو به‌ ته‌واوی دیار بوو. كۆبوونه‌وه‌كه‌ به‌ گیانێكی برایانه‌و ره‌فیقانه‌ ده‌ستی به‌ كاره‌كانی خۆی كرد. كاك دوكتور سه‌عید كه‌ پێشتر جێگری دوكتور قاسملوو بوو، به‌ سكرتێر هه‌ڵبژێردراو كاك مسته‌فا هیجریش بوو به‌ جێگری سكرتێری حیزب. له‌و كۆبوونه‌وه‌یه‌دا كۆمیته‌ی شارستان‌و مه‌ڵبه‌نده‌كان راپۆرتی كارو تێكۆشانی ساڵانه‌ی خۆیان خوێنده‌وه‌. منیش راپۆرتی مه‌ڵبه‌ندی شیمالم خوێنده‌وه‌. پاش ته‌واوبوونی راپۆرت، كاك مه‌لا حه‌سه‌ن شیوه‌سه‌ڵی، كه‌ به‌ پیلانی رێژیم هه‌ر دوو ده‌ست‌و هه‌ردوو چاوی له‌ ته‌قینه‌وه‌یه‌كدا له‌ ده‌ست دابوون، ره‌خنه‌ی له‌ راپۆرته‌كه‌ی من گرت‌و وتی: زۆرم پێ خۆش بوو كاك ته‌یموور هێندێك زه‌حمه‌تی به‌خۆی دابایه‌و ئه‌و راپۆرته‌ی به‌و چه‌شنه‌ نووسیبایه‌ كه‌ وه‌ڵامده‌ره‌وه‌ی ئه‌و هه‌موو ئازایه‌تی‌و قاره‌مانه‌تی‌یه‌ بایه‌ كه‌ ئه‌و مه‌ڵبه‌ندو هێزه‌ كردوویانه‌. راپۆرته‌كه‌ی زۆر كه‌متر له‌ بایه‌خی تێكۆشانی ئێمه‌ زانی‌و داوای كرد راپۆرته‌كه‌ ته‌كمیل بكه‌م.

***

## وەرزش لە کەمپەکانی حیزبدا

لە بنکەی "بێشێ" یەکێك لە سەرگەرمییەکانمان والیبالّ بوو. ڕۆژانە پاشنیوەڕۆیان چەند سەعاتێك والیبالّمان دەکرد. لە نێو بنکەکانی حیزبیدا والیبالّی مەڵبەندی شیمال لە هەمووان بەهێزتر بوو. لە کێبەرکێیە دەورەییەکاندا کە لە نێو هێزەکانی حیزبدا بەڕێوەمان دەبرد، یەکەم دەهاتینەوەو لە کێبەرکێیە دوو قۆڵیو دۆستانەکانیشدا هەر یەکەم بووین. یاریی فووتباڵیش ڕەواجێکی زۆری هەبوو. بە پێی ئەوەی من خۆم لە منداڵییەوە ئۆگرییەکی زۆرم بە یاریی والیبالّ هەبوو، زەوییەکی والیبالّمان دروست کردو سیمان کاریمان کرد. یاریزانانی فووتباڵیش داوای چاك کردنی زەوییەکی فووتباڵیان دەکرد. لە لایەك لەبەر ئەوەی زۆربەی یاریزانانی والیبالّ فووتباڵیان دەکرد، زۆرم ئۆگری بە چاك کردنی زەوی فووتبالّ نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە گوندی بێشێو دەورووبەری لەبەر ئەوەی بە شاخەوە هەڵکەوتبوو، زەوی فووتبالّی لێ دروست نەدەبوو، بەلاّم بەو حالّەش قەرارێکم لەگەلّ فووتباڵیستەکان بەست کە من تیمێك لەو کەسانە کە قەتیان فووتبالّ نەکردوە، پێك دێنمو ئەوانیش تیمی فووتبالّەکەیان بێنن، ئەگەر توانییان لە ماوەی 90 دەقیقەدا 5 گۆلّمان لێ بدەن، ئەوا زەوییەکەیان بۆ چاك دەکەم، ئەوانیش وتیان با 10 گولّ بێ. من وتم نا ئێوە 5 گولّ لێ بدەن، من زەوییەکەتان بۆ چاك دەکەم. تیمەکەم لە کۆمەڵێ پێشمەرگە پێك هێنا کە لە ژیانیاندا نەك فووتباڵیان نەکردبوو، بەڵکوو لەوانەیە لاقیشیان لە تۆپ نەکەوتبێ. تیمەکەی ئێمە: خۆم، مەحموود دەشتی، سەعید گولّ، ناسرە شێت، تاهیر سۆفیو کۆمەڵێك پێشمەرگەی دیکەو ناوی تیمەکەشمان دانا "تیمی تەنبەلان"و پێش لەوەی موسابێقە دەست پێ بکا، من تیمی تەنبەلانم کۆکردەوەو پێم گوتن ئێمە فووتبالّ نازانین، ئەو زەوییە کایەی تێدا دەکەین، زۆر لێژەو قەرارمان داناوە وەختی فەوتاومان نەبێ، ئێوە هەر تۆپێ کەوتە بەرپێتان، بەرەوخوار لێی دەن تا دەگەڕێتەوەو ئاوت هاوێژی دەکەن، هێندێ کات تێدەپەڕێو، هەر واشمان کرد. لە ماوەی 90 دەقیقەکەدا بە زۆر توانییان تەنیا یەك گولّمان

لــێ بدەن‌و ئێمەش لەو ماوەیەدا چەند هێرشــێکمان کــردە ســەر دەروازەی ئــەوان‌و زۆریــشی نەمابوو گوڵ بکەین. پاش کۆتاییهاتنی موسابێقەکە تیمە فووتباڵەکە زۆر نارەحــەت بــوون‌و رۆژی دوایی هاتنە لام داوایان کرد لەگەڵ تیمی تەنبــەڵان موســابێقەیەکی دیکــە بــدەن‌و بــە هەرچەند گوڵیشەوە سەرکەوتن، داوای چاك کردنــی زەوی ناکــەن. دیــارە زۆرتــر مەبەســتیان قەرەبووکردنەوەی موسابێقەی پێشوویان بوو کە مــن موافقــەتم نــەکرد، وتم تیمــی تەنبــەڵان دەیهەوێ لەگەڵ تیمێکی قەویتر کایە بکات‌و، ئەوانیش زۆر پاڕانەوە، منیش کە دەمزانی زۆر نارەحەتن، پێم وتن هۆکاری شکانی ئێوە غرووری ئێوە بوو. فووتباڵ یارییــەکی بەکۆمەڵــە، بەڵام ئێوە هەرکامتان دەتانهەویست لەو سەر زەوییەوە بێنە ئەم سەرو گوڵ لــێ بــدەن کــە نەتانتوانی. ئەمە ببێتە تەجروبەیەك بۆتان. بە کورتی موافقەتم نەکرد کە جارێکی دیکە ئــەو دوو تیمە موسابێقە بدەن.

ساڵانی دواییش ئەم موسابێقاتانە لە نێو کەمپەکانی حیزبدا بەردەوام بوون. ئەو تیمــەی مەڵبەندی شیمال کە نەیتوانی لە تیمی تەنبەڵان بباتەوە، لــە دەورە موســابێقەیەکدا تــوانی چەند تیمی کومیتەکانی دیکــە شکــست بــداو بڕواتــە یــەك چــوارەمی نیهــایی. مەڵبەنــدی سپیسەنگ‌و مەڵبەندی 3 کۆمەڵــە یــاریزانێکی باشــیان هــەبوو، لــە ســاڵی 69 دەعــوەتی موسابێقەیەکی والیباڵیان کــردین. یاریزانــانی والیبــاڵی هــەردوو مەڵبەنــد تیمێکیــان پێــك هێنابوو کە موسابێقەمان لەگــەڵ بــدەن، ئێمــەش قبووڵمــان کــرد. رۆژی دەســت پــێ‌کردنی موسابێقەکە من ئابشار زەنی تیمی شیمال بووم، لە دوو گــەیمی ئــەوەڵدا دۆڕانــدمان‌و کــاك ئەحمەد نستانی کە ئەودەم فەرماندە هێزی قەندیل لە مەڵبەندی سپیسەنگ بوو، ویــستبووی بە نیشانەی خۆشی تەقە بکا، کەسێك پێی وتبوو جارێ راوەســتە تەقــە مەکــە، ســێ گــەیمی ماوە. بەم جۆرە نەیهێشتبوو تەقە بکا. سێ گەیمی دوایــی ئێمــە بردمانــەوەو دوای بردنــەوە داوایان کرد لەگەڵ تیمی لکی 2ی ئێمە یاری بکەن، ئەوەشمان قبووڵ کرد، لەو موسابێقەیەش لەگەڵ للکدا 3 بە 1 دۆڕان‌و دوایی کاك ئەحمەد شوکری کردبوو کە تەقەی نەکردوە.

بە تێپەڕینی زەمانو نزیکبوونەوە لە بەهار، پێویست بوو کۆنفرانسی ساڵانەی مەڵبەند بە مەبەستی پێشکەشکردنی راپۆرتی مەڵبەندو باس لەسەر کارو تێکۆشانی مەڵبەندو هەروەها هەڵبژاردنی ئەندامانی مەڵبەند، بەڕێوە بچێ. راپۆرتی مەڵبەندی شیمال، ساڵی 68ی ساڵێکی گرنگ لە ژیانی حیزبدا لە قەڵەم دابوو. لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بە بڕیارنامەی 598ی شورای ئەمنییەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە شەڕی ئێرانو عێراقو شوێنەواری ئەم بڕیارنامەیە لەسەر خەباتی گەلی کورد لەلایەكو لە لای دیکە چلۆنایەتیی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووو رەخنە لە شێوەی چوون بۆ وتووێژکردن، چ لە پێوەندی لەگەڵ نەپاراستنی باری ئەمنییەتیو رانەگەیاندنی بە نزیکترین کەسانی حیزبیو چ لەو بارەیەوە کە ئاستی دانیشتنەکە وەك یەك نەبووو هەروەها شوێنەواری شەهیدبوونی رێبەرێکی هەڵکەوتووو زانای وەك دوکتور قاسملووش لە راپۆرتەکەدا جێگای خۆی پێ درابوو. لە راپۆرتدا ئاماژە بە یەکگرتوویی‌و هاوکاریی بێوێنەو هەڵسووڕانی چالاکانەی هیزی پێشمەرگەو ئەو زەربە کاریگەرانە کە لە پەیکەری هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی وەشێندرابوونو هاوکاریی دڵسۆزانەو بێدریغی خەڵکیش کرابوو... .

ئەمەی خوارەوە دەقی راپۆرتەکەیە:

سڵاو لە سەرداری شەهید، قاسملووی نەمرو هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریی گەلی کورد

سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرو رێکخەری جووڵانەوەی شۆڕشگێڕیی گەلی کورد

سڵاو لە زیندانییانی سیاسی، قارەمانانی چاڵە رەشەکانی رێژیمی ئاخوندی

سڵاو لە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان، پشتیوانانی راستەقینەی جووڵانەوە

هاوڕێیانی هێژا!

ساڵێکی دیکە لە خەباتو تێکۆشانی حیزبەکەمان تێپەڕی. ساڵێکی هەستیارو چارەنووسساز. ساڵێك کە ئێرانو عێراق لە شەڕ کشابوونەوەو بڕیارنامەی 598ی شورای ئەمنییەت لە لایەن هەردوو وڵاتەوە بۆ گەیشتن بە ئاشتی قبووڵ کرابوو. لەم ساڵەدا

تێکۆشانی حیزبی ئێمە لە نێوخۆی کوردستان، گرنگییەکی تایبەتی هەبوو. گرنگ بۆ ئەوەی زیهنیەتی رابردووی خەڵك سەبارەت بەوەی ئەگەر ئێرانو عێراق ئاشتی بکەن، شۆڕش کۆتایی پێ دێ، نەماو خەڵك بە شۆڕشەکەیان هیوادارتر بوون، هەر بۆیە بە کردەوەش هاتنە مەیدان.

ساڵی رابردوو تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەبوو. ئەویش شەهیدبوونی رێبەری زاناو بلیمەتمان دوکتور قاسملوو بوو. حیزبی ئێمە بە شەهیدبوونی کاك دوکتوری نەمر، کەوتە کوورەی ئازمایشێکی مێژوویی. دەبا لەم ساڵەدا بە دۆستانو دوژمنانمان نیشان دابا شۆڕشی ئەمجارەمان لەگەڵ شۆڕشەکانی رابردوو جیاوازییەکی زۆری هەیەو بە شەهیدبوونی سکرتێری حیزب، حیزب لە بەین ناچێو شۆڕش هەر درێژەی دەبێ. دەبا بە دۆستانو دوژمنانمان نیشان دابا کە حیزبی دێموکرات ئەگەر شەهیدی گەورەی وەك دوکتور قاسملووش بدات، هەر ئەو حیزبە بەتوانایەیە کە 10 ساڵی تەواو لە بەرانبەر دلڕەشترینو فاشیسترین رێژیمی مێژووی مرۆڤایەتیدا بەربەرەکانێ دەکاتو کوردستانی قارەمانی کردۆتە سەنگەری لە گیران نەهاتووی ئازادیو بەڕاستیش رووداوەکانی دوای شەهیدبوونی کاك دوکتور "انسجام"و یەکگرتوویی حیزب، تێکۆشانی بەرچاوو هاتنەمەیدانی لاوانی خوێنگەرم بۆ ریزی پێشمەرگایەتی، رێکخراوبوونی حیزبی دێموکراتو ئەسالەتی ئەم حیزبەی بە هەموو کەس نیشان داو دۆستانمان شادو دوژمنانمانی نائۆمێد کرد.

هاوڕێیان!

ئێستا کە باسی شەهیدبوونی کاك دوکتورمان کرد، باشترە چاوێك بە چلۆنایەتیی پێشهاتنی ئەم رووداوەدا بخشێنین. وەك ئاگادارن، حیزبی ئێمە ئەگەر شەڕ دەکا، لە پێناوی ئامانجێکی رەوا وەك "خودموختاری" دایە. بۆیە رەچاوکردنی هەر سیاسەتێك کە ئێمە زووتر بەو ئامانجە بگەیەنێ، ئەساسی سیاسەتی حیزبی ئێمە بووە. بە لێکدانەوەی زۆر واقیعییەتی مەوجوود لە ئێران، وەك: نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووی دێموکراتی بۆ رووخاندنی رێژیمو زۆر کەموکوڕیی دیکە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە لایەكو بە سەرنجدان بەو راستییە کە ئێمە حیزبێکی ناوچەیینو هەر چەندە بەهێز بین، لە باشترین حاڵەتی مومکیندا دەتوانین

حکوومەتی ناوەندی لاواز بکەین و ناتوانین بیڕۆخێنین. لە لایەکی دیکەوە داخوازیی ئێمە کە "خودموختاری"یە، پێمان وابووە هەر حکوومەتێکی ناوەندی کە لەسەر کار بێ، ئەگەر ئامادە بێ لەسەر "خودموختاری" لەگەڵ ئێمە وتوویژ بکا، ئێمەش دەبێ وتوویژی لەگەڵ بکەین و ئەم سیاسەتەمان بە ئاشکرا راگەیاندوە. لەسەر ئەم ئەساسە زستانی ساڵی رابردوو رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رێگای دۆستانی حیزبەوە لەگەڵ حیزبی ئێمە پێوەندیی گرت و رایگەیاند کە ئامادەی وتوویژ لەگەڵ ئێمەیە، بۆیە ساڵی رابردوو کاک دوکتورو کاک عەبدوڵلای قادری دانیشتنێکیان لەگەڵ نوێنەرانی رێژیم دەبێ کە تەنیا لە ئاستی مەترەحکردنی ویستەکاندا دەبێ و ئەوان رادەگەیەنن کە ویستەکانی ئێمە دەبێ ببەنەوە تاران و نەزەری سەردەمدارانی تارانی لەسەر ئەو نوختەنەزەرانەی حیزب وەربگرن. بەهاری ئەمساڵیش کاتێك کاك دوکتور بۆ مەئموورییەتێکی حیزبی چووبووە دەرەوەی وڵات. رێژیم دیسان بەهۆی دوکتور فازیل رەسووڵ لەگەڵ کاك دوکتور پێوەندی گرتبووو رایگەیاندبوو رێژیم بۆ جاری دووهەم دەیهەوێ وتوویژتان لەگەڵ بکا. کاك دوکتوریش لەبەر رووناکایی بڕیارەکانی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیدا، ئامادەگیی خۆی بۆ وتوویژ دەربڕیبووو بەم چەشنە دەوری دووهەمی وتوویژ لە ڤیەن، پایتەختی ئۆتریش دەست پێ دەکاتەوە. لە رۆژی دانیشتنی نوێنەرانی رێژیم کە لە واقیعدا تیرۆریستەکان بوو، زۆرتر مەبەست ناساندنی شوێنی دانیشتنەکە بووە، رۆژی دووهەم بەداخەوە نەخشەی شەهیدکردنی کاك دوکتورو هاوڕێکانی بەڕێوە چوو کە هەموومان بیستمان و ئەو خەسارەتە گەورەیەمان تەحەممول کرد.

لە جەرەیانی شەهیدبوونی کاك دوکتورو کاك عەبدوڵلای قادری، هێندێك کەمتەرخەمی بووە کە پێویستە ئێمە وەك حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەسنیشانی بکەین و ئەزموونی لێ وەرگرین. کاك دوکتور لە کاتی رۆیشتنی بۆ ئەم شوێنە، رەعایەتی مەسائیلی ئەمنییەتیی نەکردبووو تەنانەت بە نزیکترین کەسەکانی خۆی رانەگەیاندبوو، هەر بۆیە تیرۆریستەکانی

کۆماری ئیسلامی توانیان نەخشەی شوومیان بەڕێوە بەرن، بە بێ ئـەوەی تووشـی کـەمترین گیروگرفت بن.

داخوا بە شەهیدبوونی کاك دوکتور ئێمە دەبێ دەسـت لـە سیاسـەتی رابردوومـان، واتـە وتوویژ لەسەر "خودموختاری" هەڵگرین یا هەر ئەم سیاسەتە درێژە بدەین؟ بـە بـڕوای ئێمـە بە هیچ جۆر سیاسەتی وتوویژ لەسەر "خودموختاری" سیاسەتێکی نادروست نیە، بەڵکوو لە ئاخرین حاڵەتی شەڕدا ئێمە هەر دەبێ بە وتوویژ مەسەلەی خوموختـاری چارەسـەر بکـەین، بەڵام دەبێ وریاتر بین‌و وردتر حەرەکەت بکەین.

مەبەستی کۆماری ئیسلامی لـە شـەهیدکردنی کـاك دوکتـوردا، کزکردنـی جووڵانـەوەی شۆڕشگێڕیی گەلی کورد بووو ئەم بۆچوونە نادروستەی لە مێـژووی شۆڕشـەکانی پێـشوومان وەرگرتبوو کە بـە شـەهیدبوونی رێبـەرێکی شـۆڕش، شۆڕشـەکان تێـك دەچـوون. کۆمـاری ئیسلامی پێی وابوو بە شەهیدکردنی کاك دوکتور شۆڕشی ئـەمجارەشمان تێـك دەچـێ. غـافڵ لەوە بوو کە شەخسی کاك دوکتور زۆر هەوڵی دابوو نەخـشی تـاك لـە شۆڕشـی ئـەمجارەمان بگەیەنێتە لانیکەمی خۆی‌و نەخشی ئەسڵی‌و ئەساسی لەسەر شانی کۆمەڵ، واتە "جمع" بێ‌و بۆیە بە شەهیدبوونی کـاك دوکتـور نـە تـەنیا شـۆڕش تێـك نەچووو لاواز نـەبوو، بـەڵکوو تێکۆشـانی ئەمـساڵمان‌و زەربـە کاریگـەرەکان نیـشانیان دا کـە حیزبـی دێمـوکرات چ رێکخراوێکی پتەوو قایمەو جگە لە سەرشۆڕی‌و رووڕەشیی زیاتر هیچ بۆ کۆمـاری ئیـسلامی نەمایـەوە. لـەم پێوەندیيـەدا یەکپارچـەیی حیـزب، ورەی بـەرزی کـادرو پێـشمەرگەکان، پشتیوانیی زیاتری کۆمـەڵانی خـەڵك لـە شـۆڕش، سـوورتربوون لەسـەر درێـژەدانی رێگـای شەهیدان، هاتنەمەیدانی لاوانی خوێنگەرم‌و بەهەست بۆ ریزی پێشمەرگایەتی، گڕو تـوانێکی دووچەندانی بە شۆڕش دا.

مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان بێگومان ئەم شانازیيە گەورەیە لـە سـینگی خۆیدا بە خەتی زێڕین سەبت دەکا. ئێستا کە بەم باسە کە لەسەر شەهیدبوونی کاك دوکتـور کردمان، بۆمان دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی ئامادە نیە لـە رێگـای وتوویـژەوە لەگـەڵ

ئێمە ڕێك بکەوێو "بدبینی"ی خۆی دەرهەق بە ئێمە سابیت کرد. کەوابوو دەبێ چ بکەین؟ پێش لەوەی بڵێین چ بکەین، پێویستە ڕێژیم تەحلیل بکەینو بە پێی تەحلیلەکەمان ڕێگای خەباتی دوارۆژ دیاری بکەین.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکە (مەزهەبی). ئیدئۆلۆژیك بوونی ڕێژیم هەم خاڵی بەقووەتی ڕێژیمو هەم خاڵی لاوازیەتی. ڕاستە ڕێژیم لە ماوەی 11 ساڵ زەمامداریی خۆیدا، بەهۆی خولقاندنی جینایەتی زۆر، پێشگیریی لە ئازادیی خەڵكو نەهێشتنی ئەمنییەتی تاكو کۆمەڵو هەروەها بەرەو هەڵدێربردنی ئابووریی وڵات، تا ڕادەیەکی زۆر نفووزی خۆی لەدەست داوە، بەڵام ئەم ڕێژیمە بەهۆی مەزهەبیبوونی، هێشتا لە نێو قشری "متعصب"ی مەزهەبیو نائاگادا نفووزی هەیە کە ئەمە بۆخۆی دەبێتە هۆی ئەوە ڕێژیم بۆ ماوەیەکی دیکە بتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا. دیارە هەر ئەم ئیدئۆلۆژیك بوونەی ڕێژیم، خاڵی لاوازیەتی. ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیك پێویستیی بە ئیدئۆلۆگ هەیە. لە ڕێژیمی مەزهەبیی ئیسلامیی "تشیع"دا ئیدئۆلۆگەکان، ئایەتوڵڵا عوزماکانن کە ئێستا هیچ کامیان لەگەڵ ڕێژیم نینو لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین کە ئیدئۆلۆگیان نیە. ئیدئۆلۆگیش کە لە نێو ڕێژیمی مەزهەبیدا نەبوو، کەس ناتوانێ لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بڕیاری قاتیع بداتو لە ئاکامدا کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوەو ئیختیلافاتی دەزگای حاکمەش لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ. لەلایەکی دیکەوە ڕێژیمی مەزهەبی، ناتوانێ خۆی لەگەڵ دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆدا تەتبیق بدا. ڕێژیم ئەگەر بیهەوێ بڕیاری مەزهەبی بدا، لەگەڵ پێشکەوتن یەك ناگرێتەوە، ئەگەر بیهەوێ لەگەڵ پێشکەوتن خۆی ڕێك بخا، باری مەزهەبی نامێنێ، بۆیە لەم نێوانەدا گیری کردوەو ئەم دوولایەنەبوونەی ڕێژیم، واتە گیرکردن لە نێوان مەزهەبو پێشکەوتندا بۆتە هۆی ئەوە کە ڕێژیم نەتوانێ تەسبیت بێت. بۆیە ئێمە پێمان وایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەو ڕووخان دەچێ، بەڵام نە بەم زوویانەو کە پێشتر باسمان کرد. کۆماری ئیسلامی بە شەهیدکردنی کاك دوکتور دەری خست نایهەوێ مەسەلەی

كوردستان له رێگای وتووێژەوە چارەسـەر بكـا، كـەوابوو ئێمـه دەبـێ چ بكـەین؟ ئێمـه بـۆ درێژەدانی خەبات 3 شێوە خەباتمان له پێشە:

1ـ خەباتی چەكدارانه كه شێوەی ئەسـڵیی خـەباتی ئێمەیـەو دەبـێ وەك تـا ئێـستا بـه لێوەشاوەیی‌و لێهاتوویی‌یەكی تەواو، ئەم شێوە خەباتەمان بەرێوە بردوە، له داهاتووشدا دەبێ درێژەی بدەین تا بتوانین لانیكەم له كوردستاندا رێژیم به چۆكدا بێنین. هەر لەم پێوەندی‌یـەدا دەبێ كاری تەشكیلاتی‌و سازماندانی خەڵك بگەیەنینە جێگایەك كه خەڵكی كوردستان زیاتر بێته مەیدان‌و له شێوە جۆراوجۆرەكانی خەبات بـۆ بەچـۆكداهێنانی رێـژیم كـەڵك وەرگـرین. ساڵی رابردوو، خەڵك نیشانی دا كه ئەگەر ئێمـه بتـوانین سـازمانیان بـدەین، خەڵكەكـەمان ئامادەگیی زیاتری هاتنه مەیدانی خەباتی هەیە.

2ـ شێوەی دووهەمی خەباتمان، تێكۆشـان بـۆ پێكهێنـانی بەرەیـەكی دێموكراتی‌یـە. بـۆ پێكهێنانی بەره كۆسپی زۆر لەسەر رێگامانن، بەڵام دەبـێ لـەم بـارەوە مانـدوو نـەبین‌و بـه جیددی تێ‌بكۆشین.

رێكخراوەكانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی له باتی هەڵگرتنی هەنگاوی بەكردەوە بۆ رووخانـدنی رێژیم، ئێستاش هەر له عالەمی قسه دژی یەكترو عالەمی خەیاڵی هێژموونی‌تەڵەبی‌دا نوقم بوون‌و لەم بارەوە هێنده دوچاری دوگم بوون كـه ئامـاده نـین لـه مـەوازعی سـازمانیی خۆیان یەك هەنگاویش بێنه خوارێ. بۆ پێكهێنانی بەره ئێمه ناتوانین لەگەڵ سـێ هێـز بـەره پێك بێنین. ئەوەڵ سەڵتەنەت تەڵەبەكان بەهۆی ئەوەی سەڵتەنەت یەكجار بۆ هەمیشه خەڵكی ئێران گۆڕیان كردوەو بۆ جاری دووهەم رێژیمی سەڵتەنەتی له ئێراندا جێگـای نیـه. دووهـەم، موجاهیدینی رەجەوی بەهۆی "خود محور بینی"و كۆنەپەرست بوونیان. سێهەم، ئەوانەی دژی دێموكراسی‌و خودموختارین. باقیی هێزەكان كه دەمێننەوە ئێمه دەتوانین هەم بەرەیان لەگەڵ پێك بێنن‌و هەم هاوكارییـان بكـەین. یەكـەم، چـەپەكانن، دووهـەم سـازمان‌و كەسـایەتی‌یه دێموكراتەكانن‌و سێهەم ئەو سازمانانەن كه بۆ مافی میللی خەبات دەكەن.

الف) چەپی ئێرانی: چەپی ئێرانی دوچاری پرژو بڵاویەکی یەکجار زۆرو قەیرانێکی توندە، بەڵام بەهۆی هاتنەگۆڕی گلاسنۆستو پرۆستریکا لە وڵاتانی سوسیالیستیدا لەوانەیە لە دوارۆژدا لە دوو بەرەدا یەك بگرنەوە. ئەوەڵ ئەوانەی بڕوایان بە سوسیالیزمی دێموکراتیك هەیە، دووهەم ئەوانەی بڕوایان بە سوسیالیزمی سوننەتی هەیە. هەستەی ئەو سازمانانە کە بەرەو سوسیالیزمی دێموکراتیك دەڕۆن، "حزب دموکراتیك مردم" کە لە حیزبی توودە جیا بۆوەو ئێستاش بەهۆی هاتنی توودەییەکان بۆ نێو ئەم رێکخراوە، رۆژ بەرۆژ قەویتر دەبێ. سازمانی فیدایی‌و راه فیدایی یەکیان گرتۆتەوەو ئەوانیش لە خەتی سوسیالیزمی دێموکراتیکدا حەرەکەت دەکەن. "فرخ نگهدار"ییەکانیش بەشێکی زۆریان هاتوونەتە سەر ئەم باوەڕە، بەڵام هێشتا کەسانێك لە نێویاندا هەن کە دژی سوسیالیزمی دێموکراتیکن. هێندێك لە سازمانە چەپەکان هەڵوێستی خۆیان روون نەکردۆتەوە. ژمارەیەکیش وەك "راه کارگر"و هێندێك لە چریکەکان هەر لەسەر هەوای دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاو هێژموونی تەڵەبی حەرەکەت دەکەن. ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئەوانەی سوسیالیزمی دێموکراتیکیان قبووڵە، بەرە پێك بێنین‌و لەگەڵ باقیی چەپەکانیش هاوکاری بکەین، بەڵام دژی هەر چەشنە هێژموونی‌تەڵەبی‌یەکین.

ب) هێزە دێموکرات‌و شەخسییەتە دێموکراتەکان: ئەمانەش چەند بەشن، بەشێك دێموکراسی‌و خودموختارییان قبووڵەو بەشێك بێلایەنن‌و شکیان هەیە. بەشی یەکەم کە خودموختاری‌و دێموکراسییان قبووڵە، دەتوانن لەگەڵمان لە بەرەدا بن. ئەوانەش لەسەر مەسەلەی خودموختاری روون نین، دەبێ هەوڵ بدەین روونیان بکەینەوە کە ئەگەر بە قازانجمان شت نەنووسن، بە زەرەریشمان نەنووسن‌و ئەم توێژە لە نێو خەڵکدا نفووزێکی زۆریان هەیە، بۆیە بایەخیان زۆرە.

پ) ئەو هێزانە کە بۆ خودموختاری خەبات دەکەن: ئێمە لەگەڵ ئەمانە بەشێوەیەکی ئاسایی یەکگرتووین‌و دەتوانین پێکەوە لە بەرەدا بین.

3ـ شێوەی سێهەمی خەباتمان، نێونەتەوەییکردنی مەسەلەی کوردە. ئێمە دەبێ شانبەشانی خەباتی چەکداریمان بە هاوکاریی کوردەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لە دەرەوە لەسەر مەسەلەی کورد تەبلیغ بکەین و ستەملێکراویی خۆمان زیاتر بە گوێی خەڵکی دنیا بگەیەنین. دیارە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین، مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێتە مەسەلەیەکی گرنگ و لەم بارەوە دەبێ زیاتر هەوڵ بدەین. دیارە بەشداریکردنی کوردەکان لە کونگرەکانی ئەنتێرناسیۆناڵی سوسیالیست و دەیان وتوویژی رادیۆ و تەلەویزیۆنی و رۆژنامەوانی و پێوەندیگرتن لەگەڵ سەدان کەسایەتیی سیاسی و ئیجتماعیی جیهانی، پێکهاتنی کۆنفرانسی پاریس لەسەر مەسەلەی کورد، بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە و شەهیدبوونی کاک دوکتور لەو مەسەلانەن کە دەنگی خەباتی ئێمەیان بەرز کردۆتەوە و هەرچی رۆژێك زیاتر دەچێتە پێشێ، مەسەلەی کورد زیاتر دەنگ دەداتەوە و زۆر کەسی دیکەش ئامادەن لەم بارەوە پشتیوانیمان لێ بکەن. وەك بە تازەیی پارلمانی ئورووپاش پشتیوانیی خۆی لە مافی کوردەکان دەربڕی. ئێمە دەبێ ئەم شێوە خەباتە لە دەرەوە درێژە بدەین، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ لە دەرەوە هەرچەند چالاك بین ئەگەر لە ژوورەوە، واتە لە نێوخۆی وڵات، خەباتی چەکداریمان کز بێ، هەوڵ و تێکۆشانی دەرەوەشمان ئاکامێکی ئەوتۆی نابێ و ئەگەر لە دەرەوەش بە ئەندازەی پێویست لەسەر خەباتی حەقخوازانەمان لە ژوورەوە تەبلیغ نەکرێ، خەباتەکەمان بەو شێوەیە کە شیاویەتی، بە گوێی گەلانی دیکە ناگات. کەوابوو ئەم شێوە خەباتە، واتە خەبات لە دەرەوە و لە ژوورەوە تەواوکەری یەکترن. بۆیە دەبێ شانبەشانی یەکتر بەرێوە بچن، بەڵام هەمیشە نابێ لە ئەسڵ لابدەین و دروشمێکی دیکە بدەین. دروشمی ئەسڵیی ئێمە چ لە دەرەوە و چ لە نێوخۆ، خودموختارییە و دەبێ هەر لەم چوارچێوەیەدا حەرەکەت بکەین.

**هاوڕێیان!**

لە دوایین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا، کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی راپۆرتێکی لەسەر کارو تێکۆشانی ئەمساڵی حیزب پێشکەش بە پلینۆم کرد کە ئیشارەیەکی کورت بەو راپۆرتە

بە پێویست دەزانین. لەم راپۆرتەدا باسی تێکۆشانی تەشکیلاتیو نیزامی کرابـووو، هـاتبوو: لە هەمـوو ناوچەکان خەڵك ئامادەگییەکی یەکجار زۆریان بۆ هاوکاری لەگەڵ حیـزب نیـشان داوەو کادرەکانمان توانیویانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لـە خـەڵکی تینـووی ئـازادی سـازمان بدەنو بەگشتی زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ ساڵی داهاتووش. بەڵام هەر لەم راپۆرتەدا ئیشارە بەو وەزعەش کرابوو کە لە ساڵی رابردوودا چەندین کەس لە تیمی تەشکیلاتی شەهید بـوونو هۆی شـەهیدبوونی ئەنـدامانی تیمـە تەشـکیلاتییەکان، زۆربـوونی جاسـووس لـە ناوچـەو کەمتەرخەمیی هاورێیانی تیمە تەشکیلاتییەکانو کەم ئەزموونی لە کاری تیمی دەستنیشان کراوبوو.

باسی دووهەمی ئەم راپۆرتە، باسی جەولە سیاسیو نیزامییەکانی ساڵی رابردوو بـوو کـە زۆربەی هێزەکان لە قووڵایی ناوچە حوزووریان پەیدا کردو رۆیشتنە شوێنانێك کە لـە مـاوەی چەند ساڵی رابردوودا بێ وێنە بووە. ئەنجامی عەمەلیاتە نیزامییـەکان لـە قـووڵایی ناوچـەو زەربە کوشەندەکانی هێزی پێشمەرگە، تایبەتمەندییەکی دیکەی کاری نیزامیـی ئەمـساڵمان بـوون. زەربــەی ئـابووری لــە رێـژیم بەشـێکی دیکــەی تێکۆشـانی سـاڵی رابــردووی هێـزی پێشمەرگەی حیزبەکەمان بوون کە هەموو ئەو عەمەلیاتانە بە ئاماری دەقیقو بەڕوونی بـاس کران.

مەبەستێکی دیکەی راپۆرتەکە بـاس لەسـەر ئـازادکردنی دیلـەکانی شـەڕ بـوو کـە وەك خاڵێکی هەرە بەهێزی تێکۆشانی رابردوومان دەسنیشان کرابوو. لەم راپۆرتـەدا هـاتبوو کـە سەرجەم 223 دیل لە لایـەن پێـشمەرگەکانی حیزبـەوە ئـازاد کـراون کـە ئـەم ئازادکردنـە شوێنێکی زۆری لەسەرورەی هێزەکانی رێژیم داناوەو بەم چەشنە بەشێك لـە ... رێـژیم لێـی وەرگەڕاوەو بەکردەوەش بۆتە هۆی پووچەڵکردنەوەی پیلانی کـورد بـە کـورد بـە کوشـتدانی کۆمــاری ئیــسلامیو ئــەم ئازادکردنــەی دیلــەکان، بەتایبــەت لەســەر ســەربازە کودەکــان کاریگەرییەکی یەکجار زۆری دانابووو سەبازە کوردەکان لە بەرانبەر پێـشمەرگەدا کـەمترین

بەرگرییان لە خۆیان نیشان دا یان تەسلیم دەبوون، یان هەڵدەهاتن، بۆیە دەبێ ئەم سیاسەتە لە داهاتووشدا بە جوانی بەڕێوە بچێ.

## تێکۆشانی مەڵبەندی شیمال

هاوڕێیان! وەك ئاگادارن، ساڵی رابردوو بەهۆی ئەو هەموو گیروگرفتانە کە حکوومەتی عێراق بۆمانی پێك هێنا، نەمانتوانی هەموو هێزەکەمان بەرینەوە ناوچە. واتە لە سێ بەشی هێزەکەمان، تەنیا توانیمان دوو بەشی بگەیەنینە ناوچە. ئەویش لەو کاتدا بەشی یەکەم مانگی بانەمەڕ، بەشی دووهەم لە مانگی پووشپەڕ بە قاچاخ پاش پێوانی 12 رۆژ رێگا، توانیمان لەگەڵ تیمی یەکەم یەك بگرینەوە. بەڵام تیمی سێهەم هەر لێرە مایەوەو تا ئاخریش رێگایان پێ نەدرا تا بگەنە لای ئێمە. دیارە سەرەڕای ئەو گیروگرفتانە کە باسمان کردن، بەڕاستی تێکۆشانی ساڵی رابردوومان، بەهۆی ورەی بەرزی کادرو پێشمەرگەکانو فیداکاریو سەداقەتیانو سەرئەنجام ئیمانیان بە حیزب، نەك قەرەبووی نەهاتنی تیمی سێهەمی کردەوە، بەڵکوو بگرە تێکۆشانمان لە هەموو بارێکەوە دوو چەندانی ساڵی رابردوو بوو. بوونمان لە شپیران، ئەنزەل، کەناربەرۆژ، دەوروبەری شاری ورمێ، گەلیی بەردەرەش، دەرەی قاسملوو، گەلیی بەراندیز بەرادەیەك شوێنەواری لەسەر خەڵك دانا کە لێرە پێویست بە باسکردنی ورد ناکاو هەموو ئێوە لە نزیکەوە بەم راستییە دەزانن. ئەم ناوچانە کە لە ساڵی 63 بەولاوە، کەمتر پێشمەرگەی بە خۆیەوە دیتبوو، بوونی پێشمەرگە ئەویش بەهێزی زۆرەوەو ئەنجامدانی عەمەلیاتی سەرکەوتووانە لەم ساڵەدا، جێگای تایبەتیی خۆی هەیە. مانەوەی بەشێکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەکانمان لە وەرزی سەرمادا، لایەنێکی دیکەی فیداکاریی کادرو پێشمەرگەکانمانە. ئێستا کە باسی تێکۆشانی مەڵبەندەکەمان دەکەین، باشتر وایە هێندێك وردتر لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانمان کە بریتییە لە تێکۆشانی تەشکیلاتی، تێکۆشانی نیزامی، تێکۆشانی ماڵیو تێکۆشانی تەبلیغاتی، باس بکەین:

الف) تێكۆشانی تەشكیلاتی: ساڵی رابردوو بەهۆی زۆر هۆكاری لەبار كـە پاشـان باسـیان دەكەین، كادرەكانمان توانییان ژمارەیەكی بەرچاو هەستەی تازە پێك بێـنن كـە بەشـێك لـەم هەستانە ئازمایشین، هەروەها لەگـەڵ ژمارەیـەكی زۆر لـە هەسـتەكانی قـەدیمیش پێوەنـدی گیراوەو رێنوێنیی پێویست كراونو كاریان بۆ دیاری كراوە. بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم ئەركە هـەم هۆكاری لەبار هەبوونو هەم كۆسپی سەر رێگا كە ئاماژەكردن بە ژمارەیـەكیان بـە پێویـست دەزانین تا دەربكەوێ بەڕاستی لە ماوەیەكی وەها كورتو لەو هەلومەرجـەدا كـە لـە ناوچـە هەبوو، چ كارێكی بەرچاویان ئەنجام داوە.

1ـ كۆسپەكان: رێژیم لە چەند ساڵی رابردوودا رایەڵكەیەكی یەكجار بـەهێزی جاسووسـی، لەسەرتاسەری ناوچە پێك هێنـاوە كـە ئـەركی ئـەم رایەڵكـە جاسووسـیە، شناسـاییكردنی رێوشوێنی پێشمەرگەو هەروەها ئەو كەسانەیە كە هاوكاریی پێشمەرگە دەكەن.

2ــ كۆمــسیۆنی سیاسـی ـ نیزامـی سـاڵی رابـردوو بـەهۆی تێداچـوونی چـەند تیمـی تەشكیلاتی، چەند پەیامی لـێدا كە ئێمە تیمەكانمان بگەڕێنینەوە لای هێز. دیارە هەرچـەند لە ناوچەی ئێمە وەزعیەتەكە فەرقی دەكرد، كادرەكانمان دەیانتوانی درێـژە بـە كـاری خۆیـان بدەن، دیسان كادرەكانمان بانگ كردنەوەو ماوەیەك لەگەڵ هێز بوون.

## هۆكاری لەبار بۆ بەڕێوەبردنی كاری تەشكیلاتی:

1ـ شەهیدبوونی كاك دوكتور یەكێك لەو هۆكارە بەهێزانە بوو كە ویژدانی خـەوتووی زۆر كوردی راپەڕاندو بەم چەشنە زۆر كەس كە لە رابردوودا كەمتر هاوكاریی حیزبیان دەكرد، بـە شەهیدبوونی كاك دوكتور هاتنە مەیدانو بەڵێنییان دا كـە رێگـای دوكتـور قـاسملوو درێـژە بدەن.

2ـ هەڵسووڕانی زۆری كادرەكانمان كە توانییان سەر لە زۆر گوند بدەنو لەگـەڵ زۆر كـەس بۆ ئەم مەبەستە پێوەندی بگرن.

3ـ جەولە سیاسیو نیزامییەکانو عەمەلیاتە نیزامییەکان کە لە قوولایی ناوچەدا بەڕێوە دەچوون، دەنگی زۆری دایەوەو بەم چەشنە کاریگەریی خۆی لەسەر هاتنە مەیدانی زیاتر خەڵك دانا.

4ـ دانانی چەکی جاشایەتیو بێورەیی هێزەکانی ڕێژیم یەکێکی دیکە لەو هۆکارە لەبارانە بوو کە کۆمەکی زۆریان بە هاتنەمەیدانی خەڵك کرد. جاش وەك کۆسپ لەسەر خەڵك نەما.

## تێکۆشانی نیزامی:

سەرجەم 21 عەمەلیات بەڕێوە چووە. 8 عەمەلیات هێرش، 5 عەمەلیات بەرگری، 7 عەمەلیات کەمینو 1 عەمەلیات مین.

لە دوو عەمەلیاتدا کوژراو بریندارى ڕێژیم روون نیە.

159 کەس کوژراوو بریندار کە بۆ ئێمە روون بوو.

47 کەس دیلی دوژمن

عەمەلیاتی هاوبەش، 3 عەمەلیات

## دەسکەوت:

کلاش 46 قەبزە، ژ ـ 3 8 قەبزە، ئارپیچی 3 قەبزە، بی.کی.سی 2 قەبزە، تیربار ژ ـ 3 2 قەبزە، خومپارە 60، 1 قەبزە، دەمانچە 4 قەبزە، دۆشکە 1 قەبزە، سەرجەم 67 قەبزە چەکی جۆراوجۆر، بیسیم 4 دانە، دووربینی چاو 1 دانە، نارنجۆکی دەستی 60 دانە، گوللە ئارپیچی 45 دانە، خەشابی تێکەلاو 230 دانەو فیشەکی تێکەلاو 10600 دانە.

## ماشینە سووتاوەکان:

1ـ تۆیۆتا 7 دەزگا
2ـ کۆمپرێسی 10 دەزگا
3ـ تەراکتۆر 5 دەزگا
4ـ لۆدێر 7 دەزگا

5ـ غەڵتەك 1 دەزگا
6ـ گریدێر 1 دەزگا
7ـ تانکر 13 دەزگا
8ـ بۆڵدێزێر 2 دەزگا
9ـ مۆتۆڕی جۆراوجۆر 9 دەزگا
10ـ ماڵی سەیار، 2 ماڵ
11ـ ئەنباری وەسایل، 6 ئەنبار
12ـ کارخانەی خیز، 3 کارخانە
13ـ تەگەری تەراکتۆر 200 دانە
14ـ دینام 6 دانە

**لەسەر یەك 45 ماشینی جۆراوجۆر**

شەهیدی خۆمان، 6 شەهید کە 3 کەسیان بە داخەوە تیرۆر کراونو یەکیان سەکتەی کردوەو 2 کەسیان لەشەڕدا شەهید بوون.

ژمارەی پێشمەرگەی دانیشتوو، 20 کەس، لەو 20 کەسە 10 کەسیان بۆ خۆمان چەکمان کردوون، 5 کەس بە ئیجازە رۆیشتوونەتەوەو 5 کەسیش بە چەکەوە رۆیشتوونەتەوە.

18 پێشمەرگەی تازمان بۆ هاتوون.

دووربینی فیلمبەرداری بە ویدئۆی تایبەتیی خۆیەوە لە جەرەیانی کوشتنی مەلا حەسەنیدا بە دەسکەوت گیراوە.

کەلو پەلێکی زۆریش لە جەرەیانی عەمەلیاتەکاندا بەهۆی نەبوونی ئیمکانی راگواستن، ئاوریان تێ بەردراوە.

**کۆسپەکانی سەر رێگای کاری نیزامیمان:**

1ـ دێر چوونەوە بۆ ناوچەو بەم چەشنە ئەو عەمەلیاتانە کە ساڵی رابردوو بەڕێوەمان بردوون، لە ماوەی کەمتر لە 3 مانگدا بووە.

2ـ نەبوونی تەقەمەنی بەهۆی نەچوونەوەی لێرەوە بۆ ناوچەو پەیدانەبوونی تەقەمەنی لە ناوچە بە کڕینو بەم چەشنە نەمانتوانی خۆمان لە زۆر شەڕ بدەینو بەو تەقەمەنییە کە

هەمانبوو، تەحەممولمان دەکردو لەم ئاخرانەشدا کە دەمانتوانی جەولەیەکی بەشـی خـوارووی شیمال واتە مەرگـەوڕو گـەلیی بەرانـدیزو دەرەی قـاسملوو بـەهێزی زۆرەوە بکـەین، بـەهۆی کەمبوونی تەقەمەنی نەمان کرد.

3ـ نەگەڕانەوەی بەشێك لە هێزەکەمان بۆ ناوچە

4ـ ئاشنانەبوونی فەرماندەری هێز بە ناوچە کە ئەم نائاشنایەتییە لە ناوچە بۆخۆی کـاری کردە سەر کارکردی زیاتری فەرماندە هێز

5ـ زیاترکردنی پێگەکان لەلایەن ڕژێمەوە لە شوێنە ئیـستراتیژیکەکان بـۆ پێـشگیری لـە عەمەلیاتی پێشمەرگە.

## ساڵی 69، مەڵبەندی شیمال

بەهۆی نەچوونە پێشی ئاشتیی نێوان ئێرانو عێراق، ئەو بەرگرییە کە ساڵی 68 بۆ چوونەوەمان هەبوو، لە ساڵی 69 ئەو پێشگیرییە نەمابوو، بۆیە ئەو هێزەی کە لە بێشێ بووین، جگە لە نزیکەی 15 کەس پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە بنکەی نەگۆڕ، هەموومان پێکەوە گەڕاینەوە. کاتێ لە بێشێ حەرەکەتمان کرد، گیا زەرد ببووو خەڵك خەریکی دروێنە بوون. بەڵام کە گەیشتینە شاخەکانی ناوچەکانی شیمال، هێشتا زۆر جێگا بەفری بەرادەی دوو میتر تێدا مابووو نیوەی زۆری شاخەکان هێشتا بەهۆی داپۆشرانیان بە بەفر، سپییان دەکردەوەو لە کەمتر جێگایەکدا سەوزایی بەرچاو دەکەوت. بۆیە لەو چەند ساڵەی کە من لە شیمال بووم، هەمیشە دوو بەهارمان هەبوو، بەهارێك لە بناری هەڵگوردو لە بێشێو بەهارێکیش لە شاخەکانی داڵانپەڕ. شەهیدان، میربەهارو دگۆو... لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ ناوچەدا تیمێکی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامییش لەگەڵمان تا ماوەیەکی زۆر هاتنو بەڕێیان کردین. لە دیوی دیکەی داڵانپەڕ بەرووی ئێراندا، بەرادەیەك بەفر زۆر بوو کە هاوڕێیەکمان لە کلیلە بەفرێك بەر بۆوەو هەر بە تەسادفو شانس رزگاری بوو. پاش چەند رۆژ رێگابڕین لە مەقەڕی زستانەی ناوچەکە لە بن شاخی میربەهارو قەرەخان بوو لە سەرەوەی گوندی هەوارگەنم (گوندێکی کوردستانی تورکیەیە) لە ئاخیری مەرز لە خاکی بەشی کوردستانی ئێران چەند دیوێك بۆ حەسانەوەی زستانمان ساز کرابوو لەگەڵ ئەو تیمەی کە زستانی 68 لەوێ مابۆوە، بە دیداری یەکتر شاد بووینو تاسەی چەند مانگ دووریی ئەم هاوڕێیانەمان لەدڵ دەرچوو. ئەوانیش خۆماڵیانە ماوەی یەك دوو رۆژێك زۆر چاکیان بەخێوکردینو ماندوویی رێگا لە لەشمان دەرچوو. لە ماوەی نەبوونی ئێمە لە ناوچەدا، ئەو هاوڕێیانە چەندین عەمەلییاتی جۆراوجۆریان بەڕێوە بردبوو. لە دوو عەمەلییاتی زەربەوەشاندنی ئابووریدا لە رێژیم، کە یەکیان شیرکەتی موهەندیس مشاور، سەر بە

وەزارەتی وزە جێگیر لە گوندی "عەولاّ بادی"ی ناوچەی سەڵماس و ناوەندی ئابووریی ڕێژیم لە شەقامی "دانشکدە کشاورزی"ی ورمێ کە لەسەریەك ئەم کەرەسانەی خوارەوە ئاوری تێبەردرابوو:

کۆمپرێسی چوار دەزگا، مینیبووس یەك دەزگا، بولّدێزێر یەك دەزگا، لودێر یەك دەزگا، ماشینی بەردشکاندن دوو دەزگا، تراکتۆر یەك دەزگا، 10 دانە مۆتۆری جۆراوجۆری جۆشکاری و سەدان دەزگای جۆراوجۆری دیکە کە لە ئەنبارەکانی ئەم دوو ناوەندە ئابوورییەدا هەبوون،و لە گۆڤار "شەڕ لە کوردستان" ژمارە 20، لاپەڕە 5و 6دا بە وردی نووسراون و چەندین عەمەلییاتی دیکەی نیزامییان بەڕێوە بردبوو. دوای حەسانەوەمان، کۆبوونەوەی مەڵبەندی شوماڵمان پێك هێناو بەرپرسانی ئەو تیمە کە لە وەرزی زستاندا مابوونەوە، راپۆرتی کاری خۆیان پێشکەشی مەڵبەند کرد و لەلایەن مەڵبەندەوە وێڕای سوپاس، ڕێز لە هاوکاری و تەباییان گیرا و بەشەکانی دیکەی کاری مەڵبەند دابەش بوون و حەرکەت بەرەو ئەو شوێنانە بوو کە شوێنی کارو تێکۆشانی هەرکام لە هاوڕێیانی کادرو پێشمەرگە بوو. قەرار درا مەڵبەندو هێزیش لە سەرەتای دەستبەکاربوونمان، جەولە سیاسی و نیزامییەکان لە سەڵماسەوە دەست پێ بکەین و بۆ ئەم مەبەستە بەرەو ناوچەی سەڵماس وەڕێ کەوتین.

لە ماوەیەك لەوەو پێشەوە، هەواڵ بە پێشمەرگەکان گەیشتبوو کە کەسێك بەناوی "عەلی جەلالیپوور" ناسراو بە "مامی" لەلایەن ڕێژیمەوە مەئموورییەتی تیرۆری بەرپرسانی حیزبی و بەتایبەتی منی پێ درابوو و ئەم هەواڵەشیان بە من راگەیاندو ڕۆژێك لە خوارەوەی مەقەڕی خۆمان چاوم بە چەند کەس کەوت و ئەحواڵپرسیان کردم، چەند کەسێکیانم دەناسی، یەکترمان ماچ کردو نەفەرێکی قەدکورتیشیان تێدابوو، ئەویش خۆی هێنایە پێشەوەو یەکترمان ماچ کرد، بەڵام نەمدەناسی و زۆریشم پێ سەیر بوو کەسێك کە من نایناسم، چۆنە وا بە گەرمی ئەحواڵپرسیم دەکاو ئەو کۆمەڵە خەڵکە لێمان دوور کەوتنەوە. چەند پێشمەرگەیەك هاتنە لام و پێدەکەنین، منیش وتم بەچی پێدەکەنن؟ وتیان کابرا هاتووە تیرۆرت بکا، تۆش هەر لێی

نابیەوەو ماچی دەكەی. وتم چۆن؟ وتیان ئەوە "مامی"یە كە ماچی دەكردی. بۆیە دەستبەجێ هەر خۆیانم مەئمووری گرتنی مامی كردو پاش دوو سەعات مامییان هێنایەوە لای منو پاش موحاكەمەكردن، ئیعتیرافی بە مەئموورییەتەكەی كردو هەروەها پێشمەرگەكان دەیانگوت ئەم كابرایە برای پێشمەرگە بووە، هاوكاریی رێژیمی كردوە، براكەی بە رێژیم بە گرتن داوەو ئیعدامیان كردوە. ئەمەشمان لێپرسی، وتی راستە، بەڵام من مەبەستم خیانەت بە براكەم نەبووە، رێژیم وتوویە ئەگەر تەحویلی ئێمەی بدەی ئازادی دەكەینو منیش پێم خۆش بووە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ بۆلای ئێمە، بەڵام رێژیم بە قەولەكەی خۆی وەفای نەكرد. وتمان باشە ئەو جارە دەڵێی كڵاوی لەسەر ناوی، ئەی ئەم مەئموورییەتە تازەیەت چی؟ دیارە قسەیەكی پێ نەبوو، هەر دەیگوت ئەم جارەم ببەخشن، ئیتر كاری وا دووپات ناكەمەوە، بەڵام فایدەی بۆی نەبووو بڕیاری ئێعدامی لەمێژ ساڵ بوو لەلایەن بەرپرسانی پێشوی مەڵبەندەوە درابووو پێشمەرگەكان لەوێ تەنیا حوكمی پێشوویان بەڕێوە دەبردو ئێعدامیان كرد.

پاش ئێعدامی مامی، مەڵبەندو هێز بەرەو سەڵماس وەڕێكەوتینو لە شاخەكانی ناوچەی سەڵماس جێگیر بووینو بەرنامەی جەولەی سیاسیو گەلاڵەی عەمەلیاتیمان لەم ناوچەیە تاوتوێ كردو دەستبەكار بووینو بڕیارمان دا لە مەسیری جادەی "كریكان ــ كەلەرەش" عەمەلیاتێكی كەمین بەڕێوە بەرینو بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەرانی نیزامیو چەند پێشمەرگەی شارەزای ئەو ناوچەیەمان بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتەكە بەڕێ كردن. پێشمەرگەكان لە نزیكی ئێوارێ لە "گردەسماڵ" بەرەو كەلەڕەشی خواروو وەڕێ كەوتبوونو ئێوارەی 1369/4/5 لە نیوەی رێگادا لەگەڵ ئێستواری دووهەم، حوسین مووسازادە، خەڵكی "خۆی" كە جێگری فەرماندەری پایەگای كەلەڕەشی خوارێ بووو لەگەڵ دوو سەرباز بۆ رێگرتن لە قاچاخچیانەی كە لە توركیەوە كەلوپەلیان دەهێنا، لەسەر رێێ دانیشتبوون، بەرخورد دەكەن كردو لە هەولێن كاتدا هەر سێ كەسەكەیان بەدیل دەگرنو پاش وەرگرتنی زانیاری لەسەر پایەگای كەلەڕەشی خواروو، داوا لە ناوبراو دەكەن بۆ گرتنی پایەگای كەلەرەشی خواروو هاوكارییان بكا، بەڵام ناوبراو ئامادە نابێ، بۆیە فەرماندەكانی هێزی ئاگری وەبیری ئێستوار دووهەم حوسین

مووسازادە دێننەوە کە ساڵی رابردوو ستوان پارسا کـە فەرمانـدەری مۆڵگـەی کریکـان بـوو، بەهۆی ئامادەنەبوونی بۆ هاوکاری، تووشی تێداچـوون هـاتو پێـی دەڵـێن ئەگـەر بـۆ گرتنـی پایەگاکە هاوکاریمـان نـەکا، ئـەوا ئـازادی ناکـەن، بۆیـە نـاوبراویش کـە دەزانـێ مەسـەلەکە جیددییە، ئامادەی هاوکاری دەبێ بە مەرجێك پێشمەرگەکان ئازادی بکەن، پێشمەرگەکانیش بەڵێنیی ئازادکردنی پێدەدەنو بۆ گرتنی پایەگا دەسـتبەکار دەبـن. سـەرەتا داوا لـە جێگـری فەرمانده‌ری پایەگای کەلەڕەش دەکەن کە فەرماندەکەیان بانگ بکاتو پێی بڵـێ کـە کۆمـەڵێ باری قاچاخی گرتوەو بێن بۆ هاوکاری، ئێستوار حوسینیش وا دەکـاو فەرمانـدەی مۆڵگـە کـە ئێستوار یەکەم "محمـد خلیفـەای" خـەڵکی ورمـێ دەبـێ، بـانگ دەکـاو داوای لـێدەکا بـۆ جێبەجێکردنی ئەو بارانە کە گرتوونی، بێن هاوکـاری بکـەن. فەرماندەکـەش بـە 8 سـەربازی دیکەوە بە ماشینی مۆڵگەکەیان دێنە گوندو لەنێو گونددا ئەم 9 کەسەش بەدیل دەگیرێنو بـەم چەشنە 12 کەس لە 20 کەسی پایەگای کەلەڕەش بە دیلی دەکەونە دەست پێشمەرگەکانو بـۆ دەسـت بەسـەرداگرتنی بـاقیی نەفـەراتو پایەگاکـە، پێـشمەرگەکان لیباسـی دەرەجـەدارو سەربازەکان دەکەنە بەریانو فەرماندەری مۆڵگەو فەرماندەیەکی پێشمەرگەکانیش لە پێـشەوە واریدی مۆڵگەکە دەبن، بـەبێ ئـەوەی تەقـە لـە تفەنگـەکانیان بـێو بـەدانی نـاوی شـەو بـە نیگابانەکانی مۆڵگە، وارید دەبنو هەر دوو پێشمەرگە مـەئمووری چـەککردنی یـەك نیگابـان دەکـرێنو بـەم چەشـنە بـاقیی نەفـەرەکانی مۆڵگەکـەش کـە 8 کـەس دەبـن، لەلایـەن پێشمەرگەکانەوە بەدیل دەگیرێنو بەتەواوی پایەگا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەکان. لـەم عەمەلیاتە ئازایانەو بێوێنەیەدا سەرجەم 30 قـەبزە چـەکی جۆراوجـۆر لـە خومپـارەی 81و 61و تیربـاری ژ3و تفـەنگی جۆراوجـۆر لەگـەڵ 36500 فیـشەکی جۆراوجـۆرو 170 گوللـەخومپارە، 90 گوللـە "نارنجـك انـداز"، 50 نـارنجۆکی دەسـتیو 410 خەشـاب بـە دەسکەوت دەگرنو باقیی وەسایلی مۆڵگەکە، بریتی لە موتور بەرقو پەتووو ماشینی پایـەگاو تراکتۆرێكو دەیان تانکەری جۆراوجۆری پڕ لە نەوتو گازوئیل ئاوریان تێبەر دەدرێو دیلـەکان

رادەگوێزرێنەوە شاخی گردەسماڵو ویڕای روونکردنەوەیان پاش چەند سەعات، ئازاد دەکرێن کە فیلمی ئازادکرانی ئەم دیلانە گیراوەو ئێستا لە ئارشیوی حیزبدا هەیە.

ئەم پێشمەرگانە کاتێك هەواڵی عەمەلیاتەکەی خۆیان بە وردەکاری‌یەکانی‌یەوە بۆ ئێمە گێڕایەوە، ویڕای ئافەرین بە تەرحو گەڵاڵەکەیان، رەخنەیەکیشمان لێ‌گرتنو ئەویش ئەوەبوو، پێمان وتن ئێوە کە ئەو پایەگایەتان بەبێ تەقە گرتوە، رژێم ئاگای لێ‌نەبووە، دروست ئەوە بوو پایەگاکە ئاور تێ‌بەر نەدەنو داوای هێزی دیکەتان لە ئێمە کردبایەو بەیانی ئەو رۆژە کەمینێکی بەربڵاومان لەو ناوچەیە دانابایەوەو ئەودەم لە پایەگای کەلەرەشەوە داوای هێزی یارمەتیدەرمان کردباو گوتبامان کە پێشمەرگە لەم دەورووبەرەیەو هێزی تەقویەتمان بۆ بنێرن، بێگومان رێژیم هێزی تەقویەتی دەناردو کەمینەکانی ئێمەش لێیان دەداو بەم چەشنە سەرکەوتنو عەمەلیاتەکە تەکمیل تر دەبوو، بەڵام کاشکاو بریا هیچی لێ‌شین نابێ، بۆیە تازە قسەکردن لەو بارەیەوە بێ‌فایدە بوو. هەواڵەکەمان وەك خۆی دایە دەفتەری سیاسی‌و دەفتەری سیاسیش دابوویە رادیۆو خواهەڵناگرێ کاك "ئەحمەد شێربەگیش" وەك شێری شێران گیانی کردە بەر عەمەلیاتەکەو زۆر چاکی خوێندەوە. پاشان کە زستان گەڕاینەوە بۆ مەقەڕی دەفتەری سیاسیش، شەوێك میوانی کاك تەهاو کاك ئەحمەد شێربەگی بووین. ئەحمەد دەیگوت: "کاتێ ئەم هەواڵەیان پێ‌دام، باوەڕم نەدەکرد، وەك فیلمی سینەمایی دەهاتە بەرچاوم، بۆیە بە ناچار خۆم بردە قاڵبی قارەمانی یەکەمی داستانی فیلمی سینەمایی‌یەکەوەو بەدڵ خوێندمەوەو ئێستا کە ئێوە لە خوێندنەوەکەم رازین، منیش خۆشحاڵم. ئەم عەمەلیاتە لە ناوچەش دەنگێکی زۆری دایەوەو زبان بە زبان لەنێو خەڵکی ناوچەی "شپیران"دا دەگێڕدرایەوە.

## رێکەوتی 1369/4/28

پاش ئەنجامدانی ئەم عەمەلیاتە، کەوتینە فکری جەولەیەکی دیکەی ناوچەی شپیران لە پشتی گوندی "گوزك" لە باخێکی خەیاردا دامان بە عەرزداو قەرارمان ئەوەبوو پایەگای رێژیم

لە گوندی "شروانی" هێرشی بکرێتە سەر. بۆ ئەم مەبەستە چوینە شناسایی پایەگاکەو لە شاخی بەرامبەرەوە بە دووربین شناساییمان کردو گەلاڵەی گرتنی پایەگاکەمان دانا. لەبەر ئەوە پایەگاکە، پایەگایەکی گەورە نەبوو، نەدەکرا هەموو ئەو پێشمەرگانە لە عەمەلیاتەکەدا بەشدار بکرێن، تەنیا دوو پەل پێشمەرگەمان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەم پایەگایە دیاری کردو بەپێی گەلاڵەی داڕێژراو لە سەعاتی 1ی شەو، هێرش کرایە سەر پایەگاکەو لە ماوەی کەمتر لە یەك چارەکە سەعات دا پایەگاکەمان رووخاندو کەوتە دەست پێشمەرگەکان. لەم شەڕەدا بەکرێگیراوێکی جاش بەناوی "سلیمان زارع" کوژراو 5 کەسیش بەناوەکانی: محەمەد عەلی سەلمانی، خەڵکی سەردەشت، موحسێن حوسەینی، خەڵکی ورمێ، رابەت ئوتمانی، خەڵکی سوبناوێی سەڵماس، تاهیر شیخ رەزا، جاشو ئیرەج محەمەدی، خەڵکی گوندی دۆستان، سەرباز پاسدار بەدیل گیران. دەسکەوتی پێشمەرگەکان 7 قەبزە تفەنگی جۆراوجۆر، تیربارێکی ژ 3و ئارپیچیەك بوو لەگەڵ 21 هەزار فیشەكو کەرەسەی پایەگاو باقیی کەلوپەلی پایەگاکەش ئاوری تێ بەر درا.

رێژیم تا رۆژی دوایی نەیوێرا هێزی یارمەتیدەر بنێرێتە هانای ئەم پایەگایەوەو ئێمەش دەمانزانی رۆژی دواتر رێژیم دێتە سوراغی پایەگا ئاورتێبەربوەکەی، بۆیە هەر لە بەیانیەوە لەسەر رێگای گوندەکانی "دۆستان ـ هەرەکیان" کەمینێکی چەند لایەنەمان دانایەوەو هەموو شاخەکانی زاڵ بەسەر ناوچەشمان گرتو ئامادەی هاتنی هێزی رێژیمو وەشاندنی زەبرێکی کاریگەر لە رێژیم بووین، تا سەرئەنجام سەعات 2ی دوانیوەڕۆی رۆژی دوایی، رێژیم بەو هیوایە کە هێزی ئێمە کشاوەتەوە، دوو ماشین پڕ لە نەفەراتی رێژیم بەرەو پایەگاکەی شروانی کەوتنە رێو کاتێ نزیکی کەمینەکانی ئێمە کەوتنەوە، هەردوو ماشین کەوتنە بەر گوللەی دوژمن بەزێنی پێشمەرگەکانو سەرنشینی هەردوو ماشینەکە یا کوژران یا بە دیلی کەوتنە دەستی پێشمەرگەکان. لەم شەڕەدا 9 جەنازەی کوژراوەکانی رێژیم کەوتە دەستی پێشمەرگەکانو 13 کەسیش بەدیل گیران. لەنێو کوژراوەکان دا "عەلی شیرازی" ئەندامی رەسمیی سوپای پاسدارانی سەڵماسو یەکێك لە مۆرە ناسراوەکانی رێژیم لە کوردستان بوو کە بەڵگەیەك لە ناوبراو گیرا. لە

بەڵگەكەدا حەقی پـێدرابوو لـە هـەموو ناوچـەكانی كوردسـتانو بەتایبـەت لـە ئازەربایجـانی ڕۆژئاوادا بەبێ پرس بە هیچ ئۆرگانێكی ڕێژیم حەقی گرتنو زیندانیكردنو چوونە هەر مـاڵێكی پێدرابوو. هەروەها دوو فەرماندەی دیكەی سوپا بەناوەكانی سەلمان سعیدی، ئەنـدامی سـوپاو غولامرەزا زاكری، فەرماندەری گرووهی زەربەت لە گوردانی عەمـەلیياتیی سـەلماس كـوژران. 13 دیلی كەمینەكەو 5 دیلی پایەگای شـروانیش پـاش قـسە بۆكردنیـان، ئازادمـان كـردنو دەسكەوتی پێشمەرگەكان لەم عەمەلیاتەش دا 25 قەبزە چەكی جۆراوجۆرو دوو دەزگـا ماشـین بوو كە بەهۆی نەبوونی ئیمكانی ڕاگواستن، هەر لەوێ ئاوریان تێبەردرا. لەم شەڕەدا ڕێژیم زۆری هەوڵی دا لە ڕێگای حەسەنیو سوڵتانیو... هێرش بكاتە سـەرمان، بـەڵام بـەهۆی بـێوورەیيو ترسـیان لـە هێـزی بـەهێزی ئـاگری، نـەیاندەوێـرا بێنـە پێـشێو تـەنیا لـە دوورەوە شـوێنی پێشمەرگەكانیان وەبەر تۆپو خۆمپارە دەدا كە بەختەوەرانە لەم شەڕانەدا هـیچ تەلـەفاتێكمان نەبوو. نزیك تاریك داهاتن شوێنەكەمان گۆڕیو بەرەو شاخێكی دیكەی ئەم ناوچەیە حەرەكەتمان كرد. پاش ئەم شكستە یەك لەسەر یەكانەی ڕێژیمو ئابڕووچـوونی بـێوورەیی هێزەكـانی، ڕێـژیم هێزێكی زۆری كۆكردەوەو بەهیوای هێرش بۆسەرمان، دەستی بـە مـانۆڕدان كـرد، بـەڵام هـەر نەیاندەوێرا خۆیان لە قەرەمان بدەن. ئێمەش لەبەر ئەوەی ڕێژیم نەتوانێ كارێك بكـا، بڕیارمـان دا هێزەكەمان لە ناوچەی سەڵماس بگێڕینەوە بۆ ناوچەی ورمێ. پاش قـسەكردن لەگـەڵ كـادرە تێكۆشەرو ئازاكانی سەڵماس، كە لە تەواوی ئەو عەمەلیاتانـەدا نەخـشی بەرچـاویان هـەبوو، بڕیارمان دا كۆمیتەی سەڵماسو تیمەكانی، بۆ ئەنجامی كاری تەشكیلاتیو سیاسی لە ناوچـەی سەڵماس وەمێننو ئێمەش بگەڕێینەوە بۆ ناوچەی ورمێ. كاتی گەڕانەوەمان مـانگی گەلاوێـژ بـوو. لـەم سـاڵەدا، كـاتی ڕۆیـشتنمان بـۆ سـەڵماس، بڕیارمـان دابـوو بـە نامـە داوا لـە دەوڵەمەندەكانی ناوچەی ورمێ بكەین هەركام مەبلەغێكی باش یارمەتیی حیـزب بكـەن. لـە كاتی حەرەكەتمان بەرەو سـەڵماس، برادەرێـك كـە زۆر دەوڵەمەنـد بـوو، نامـەمان پـێ دابـوو بیگەیەنێتە برا گەورەكەیو پووڵمان بۆ بێنن، بـەڵام وا دیـار بـوو ... حیزبـی تـاقی كردبـۆوەو داواكەی ئێمەی بەهێند نەگرتبووو نامەكەی بۆ براكەی نەناردبوو. كـاتی هاتنمـان مـن قـسەم

لەگەڵ کرد و دەمهەویست لەگـەڵ خۆمـان بـەرەو سەڵماسـی بـەرین، داوای کردبـوو 10 رۆژی مۆڵەتی بدەینێ تا پووڵەکەمان بۆ بێنێ، منیش وتم باشە. وا دیاربوو لەگەڵ کاك سەید رەسـووڵ ئەحمەدی، فەرماندەی هێز قسەی کردبووو سەید رەسووڵ پێی وتبـوو کـە دووسـەد هـەزار تمـەن بێنێ، ئەویش قەولی دابوو لەو ماوەیەدا دووسەد هەزار تمەنمان بۆ بێنێ. سـەید رەسـووڵ هـاتو وەك ئەوەی فەتحێکی گەورەی کردبێ، وتی لەگەڵ یوونس رێـك کـەوتین پـاش 10 رۆژ دووسـەد هەزار تمەن بداتە دەستی کاك رۆستەم. منیش کە مەبلەغەکەم زۆر پێ کـەم بـوو، زۆریـشم پـێ ناخۆش بوو سەید رەسووڵ بێئەوەی کەس پێی سپاردبێو بەبێ ئەوەی وەزیفەی بـێ، رۆیـشتوەو ئەو مامەڵەیەیکردوە. لەلایەکی دیکەوە پێم ناخۆش بوو بیشکێنمو قـسەکەی رەد بکەمـەوە، لێی قەڵس بووم، وتم ئاخر ئەو کارانە بە تۆ چ رەبتێکی هەیە، بـەڵام بـە ناچـار قـەبووڵم کـرد و یونسم بانگ کرد و پێم وت، یونس ئەوە ئێمە دەڕۆین تا 10 رۆژی دیکە ئەو پووڵە کە زۆر کەمە بۆ ئێوە، هێنات باش، ئەگەرنا بە دە ئەوەندەش لێت خۆش نابم. وتی باشە سەرچاوان. منیش لە ناوچەی سەڵماسەوە پاش 10 رۆژ لە کاك رۆستەم جەهانگیری کە بەرپرسـی کومیتـەی ورمـێ بوو، پرسیارم کرد کە یونس پووڵەکەی هێناوە یا نا. وتی نەیهێناوە. منـیش وتم لـەم سـەعاتە بەدواوە لە یەك میلیۆن تمەن کەمتر، نابێ لێی وەربگری. کاك رۆستەمیش وتی باشە. لـە کـاتی گەڕانەوەماندا لە شاخی "قەرەخان" شـوێنمان گرتبـووو مـن چـادرێکی چـووکەم هـەبوو کـە هەرکات کۆمان دەکردەوە، میلەیەکی هەبوو لەنێو خۆی، واتە دەبووو چادرەکەش لەسـەر بـاری ئەسپ یا هێستر بە ئاسانی جێی دەبۆوەو ئەم چادرەم لە شاخی قـەرەخان هـەڵدابوو. ئـەو کاتـە هەموو تیمە تەشکیلاتییەکانمان یەکێك بیسیمێکی ئێکۆمیـان پـێبوو. کـەمال شـەریفی کـە بەرپرسی تیمی تەشکیلاتیی تەرگەوەڕ بوو، ئاگاداری کردم کە یونس لە کەندالوکەو کـەماڵێش لەوێیە. وتی چی لـێ بکەم. منیش وتم بیهێنە بۆلای من. هێنایو یوونس داوای کرد دوو رۆژی مۆڵەت پێ بدەین بچێ دووسەد هەزار تمەنەکەمان بۆ بێنێ. وتم جارێ دووسەد هەزار تمەن هی تا دە رۆژ دوای قەرارەکەمان بووە، تۆ تا 10 رۆژ هیچت نەهێناوە، ئێستا مـن نـە ئـەو دووسـەد هەزار تمەنەم لە تۆ دەوێو نە هیچ پووڵێك. تەنیا کارێکت پێ دەکەین ئەوەیە کـە تـۆش وێـڕای

ئێمە تا چ مانگێك لەم شاخانە بمێنینەوە، دەمێنیتەوەو هەرچی من خواردم تۆش هەر ئەوە دەخۆی، لە هەر شوێنێ خەوتم، تۆش لەوێ دەخەوی‌و چەند پەتووم لە ژێر بووو چەند پەتووم بە خۆمدا دا، بۆ تۆش هەر ئەوە دەدەین، بە پێشمەرگەکانیش دەڵێم، ئەگەر بە هیوا بووی یەك هەنگاو لە ئێمە دوور بکەویتەوە، بتکوژن‌و هەر ئەمەشم بە پێشمەرگەکان گوت، بۆیە ئەویش نەیدەوێرا یەك ساتیش لە من دوور بکەوێتەوە. نزیکەی 10 تا 12 رۆژ بە لامانەوە بوو، زۆر رەنگی رەش هەڵگەڕابوو، هاتە لام‌و لێم پاڕایەوەو وتی دۆستێك لێرەیە ئیجازەم بدە بچم بیهێنم کێشەکەم چارەسەر بکا. منیش وتم باشە ئەو دوو پێشمەرگەت لەگەڵ دەنێرم، بڕۆ کێ لەگەڵ خۆت دێنی بێنە، بەڵام لەو دوو پێشمەرگە دوور بکەویتەوە، دەڵێم بتکوژن. وتی باشە. بەکورتی رۆیشتن‌و برادەرێکیان هێناو بە وەساتەتی ئەویش شەش سەد هەزار تمەنمان لێ وەرگرت‌و کەم کەم بەرەو 25ی گەلاوێژ نزیك دەکەوتینەوەو پێویست بوو 25ی گەلاوێژیش بەڕێوە بەرین. لەم کاتانەش دا هەواڵنێرێکی کورد بەناوی "جەواد قورخماز" کە هەواڵنێری گۆڤاری "یوزئیل" (سەد ساڵ) بوو، هاتبووە لامان بۆ ئەنجامدانی وتووێژو لە نزیکەوە چاوی بە حیزبی دێموکرات بکەوێ. سەرئەنجام دۆستانی حیزب لە رۆژی پێش لە 25ی گەلاوێژدا میوەو شیرینی‌یەکی زۆریان بەبۆنە 25ی گەلاوێژەوە کڕیبووو لە گوندەکانی "کەندالۆك"و "هەوارگەنم"یش کە دوو گوندی کوردستانی تورکیەو خەڵکەکەی زۆر حیزب خۆشەویست بوون، گێڕابوەوە کە لە ڕێوڕەسمی 25ی گەلاوێژدا بەشداری بکەن. رۆژی 25ی گەلاوێژ زۆر بە ڕێکوپێکی شاخەکانی زاڵ بەسەر شوێنی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکەمان بە پێشمەرگە گرت. خەڵکەکە لە خاڵی مەرزی کە تەنیا چۆمێك لە نێوان مەرزی ئێران‌و تورکیەدا بوو، لە ژوورەوەی "هەوارگەنم" سەکۆیەکی چکۆلەو چەند پارچەیەك‌و چوارچێوەیەکمان داکوتاو ڕێوڕەسمی 25ی گەلاوێژمان بەڕێوە برد. لەو ڕێوڕسمەدا من لەلایەن مەڵبەندەوە لەسەر 25ی گەلاوێژ قسەم کردو باسێکم لەسەر چۆنییەتی پێکهاتنی حیزبی دێموکرات‌و هەڵگرتنی دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان" کرد کە لە سەرەتای شۆڕشەوە ئەم دروشمە چۆن لەلایەن هێزە چەپە تەقلیدی‌یەکانەوە کەوتبووە بەر هێرش‌و بە دروشمی بۆرژوازییان دەزانی. لەم

ڕێوڕەسمەدا من سەبارەت بە دروشمی حیزب وتم: "جێگای شانازییە بۆ ئەندامانی حیزب کە دروشمی حیزبەکەیان واتە، دێموکراسیو مافی چارەنووس ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر حەقانییەتی دەردەکەوێ." پاش قسەکانی من جەواد قورقمانە، هەواڵنێری گۆڤاری یوزئیل لەسەر 25ی گەلاوێژ قسەی کرد کە ئەمە دەقی قسەکانیەتی:

"وەزیفەی من ئەمڕۆ لێرە ڕۆژنامەڤانییە، کاك سلێمان خەبەری نارد هاتم، سێزدە ساڵە کاری ڕۆژنامەوانی دەکەم تا ئەمڕۆ نزیکەی تەواوی حیزبەکانی ئێرانو عێراق گەڕاوم. کاتێ لە منیان دەپرسی تۆ لە کام حیزبی؟ من دەمگوت هەواڵنێرم. بەڵام باوەڕ بکەن لەمڕۆ بەدواوە کە لە من بپرسن، دەڵێم من نەفەری حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێرانم. ئێوە بڵێن بۆ؟ لەبەر ئەوەی من تەواوی کوردستانی ئێرانو عێراق گەڕاومو لەگەل سەرۆکەکانی ئەوان قسەم کردوە. شەڕێك حیزبی دێموکرات دەیکا، لە هیچ کوێ نەمدیتوە. من بە چاوی خۆم دیتوومەو بە گوێی خۆم بیستوومە، لەمەوبەدوا منیش نەفەری حیزبیم، من لە ئانکاراڕا برایەکی ئێوەم. لە ڕۆژی تەنگانەدا وەزیفەی من هەبێ، من لەوێ حازرم، سەرۆکی مەزن دوکتور قاسملوو لە قەبری خۆیدا ڕاحەت بخەوێ، ئاڵای حیزبی دێموکرات تا مردن ئێوە بەرز ڕایدەگرن. من لەسەر ئەو باوەڕەم حیزبی دێموکرات تاریخی ئێران لە نوێ دەنووسێتەوە. بژی حیزبی دێموکرات، سلاو لە قاسملوو.

پاش قسەکانی جەواد، محەممەد عەلی، برادەرێکی کوردی ئێران "وڵاتی مە کوردستانە"ی بە سروود گوتەوەو پاشان بەزمی هەڵپەڕکێیە جوانەکەی شوماڵ دەستی پێکردو بە بەزمو هەڵپەڕکێی کوردی ئێرانیو کوردی تورکیەو کوردی عێراقیش لەم بەزمی هەڵپەڕکێیەدا هەڵپەڕینو شادییان گێڕا.

جەواد قورخماز، وتووێژێکی لەسەر شەڕی ئێرانو عێراقو ئاشتیی ئەو دوو ڕێژیمە لەگەڵدا کردوم:

## تەیموور مستەفایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

## هەلومەرجێکی نوێ بۆ کوردەکان لە جیهاندا

تەیموور مستەفایی لە چلو پێنجەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبەکەیدا، هەواڵنێری ڕۆژنامەی "یوزئیل" (جەواد کورخماز)ی میوانی کردبوو. ڕوونکردەوەیەکی لەسەر ئاکامەکانی نزیکبوونەوەی دەوڵەتەکانی ئێرانو عێراق بە هەواڵنێری یوزئیل دا:

Formatted: Fo
Script Font: Bold

پ: نزیکبوونەوەی حکوومەتەکانی ئێرانو عێراق چ شوێنەوارێکی لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ؟

و: زۆر گرانە ئەگەر بڵێم ئەمە بە قازانجی ئێمە تەواو دەبێ. هەڵوێستی ئێران هێشتا ڕوون نیە، گرنگ ئەوەیە لەم پێوەندییەدا عێراق لە ئێران چیی دەوێ؟ ئێران ئەیهەوێ سەرنەکەوتنەکانی خۆی لە شەڕی هەشت ساڵەدا بشارێتەوە، خۆی بە سەرکەوتوو نیشان دەداو لەم پێوەندییەدا من بیر لە شتی دیکە دەکەمەوەو لەلای دیکە ئێران ناتوانێ دژی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بجووڵێتەوە. هەرچەند زۆربەی وڵاتانی دنیا لە شەڕدا لایەنگریی عێراقیان کردوە، بەو حاڵەشەوە ڕەفسەنجانی گرنگییەکی زۆر بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەداو دەیهەوێ ئەو پێوەندییە لەرزۆکە بپارێزێ.

پ: لە قسەکانی سەدام حوسێندا هیچ شتێك سەبارەت بە کوردەکان نەگوترا. ڕەنگە جارێ بە نهێنی ڕابگیرێ، بەڵام داخوا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێران لە بەرانبەر ئەو ئێمتیازانە بە عێراق دەیدا، داوای ئێوە بکات؟

و: ئەڵبەتە گەورەترین گرفتی ئێران (حدکا)یە کە دژی حکوومەتی ناوەندی خەبات دەکا. حکوومەت بۆ تۆقاندنی خەڵکی ئێمە بە میلیاردها دولاری خەرج کردوە، هەزاران مرۆڤی بێ گوناحی ناردۆتە شەڕ لەگەڵ ئێمە. هیچ شکێکتان نەبێ کە داوا دەکا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە عێراق وەدەر بنێن. لەو حاڵەتەدا ئێمە بۆ ماوەیەك رەنگە پێوەندیمان لەگەڵ دنیای دەرەوە بپچڕێ. دەمهەوێ دڵنیاتان بکەم کە حیزبی دێموکرات لە دنیادا دۆستو لایەنگری زۆر بەهێزی هەیە. ئێمە لە ساڵانی رابردووەوە فێر بووین کە چۆن لەسەر پێی خۆمان رابوەستینو ئەگەر پێویست بێ مەقەڕەکانمان دەگوێزینەوە بۆ شاخەکانی کوردستان.

**پ: داخوا ئەم خەتەرە بۆ گرووپی دیکەی دژی ئێرانو موجاهیدین کە ئەسڵەحەی قەویشیان هەیە، نیە؟**

و: رێژیمی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لە نفووزی خۆی دەیهەوێ تەواوی ئەو گرووپو لایەنانە لە نێو بەرێ. گرنگ ئەوەیە عێراق بە داخوازییەکانی ئێران چ وەڵامێك دەداتەوە؟من وا بیر دەکەمەوە کە ئەم دوو رێژیمە ناتوانن رابردوو لە بیر بکەنو لە هەلومەرجی شەڕدا هیچ شتێك دیارو ثابیت نیە.

**پ: ئەگەر موجاهیدین لە عێراق جیا بێتەوەو دەربکرێ، داخوا وەك ساڵی 1980 بیر لە هاوکاری لەگەڵ ئەوان ناکەنەوە؟**

و: بەم وەزعەی ئێستای موجاهیدینەوە لەم کاتانەدا ناتوانین هاوکاریمان هەبێ. بەڵام بە تێپەڕینی زەمان دەکرێ لە زۆر شت ببوری. ئەگەر هێندێك شتیان هەیە دروست بێو لەوانەیە ئێمەش نەزەرمان بگۆڕدرێ. ئێمە بە پێی پرنسیپێ، ئامادەی هاوکاری لەگەڵ هەر هێزێکی دژی رێژیمین، بەو مەرجە بیروبۆچوونمان زۆر لێك جیاواز نەبێ.

**پ: ئێوە لە حاڵی بەڕێوەبردنی چلو پێنجەمین ساڵڤەگەڕی (حدکا) دان. داخوا بەم بۆنەیەوە لە ناوخۆی وڵات تێکۆشانتان هەیە؟**

و: زۆر وەختو وەك هەمیشە، بەو پاسگانە کە پاسدارەکانی ڕێژیمیان تـێدا نیـشتەجێن، هێرش دەکەین. هەر دوێنێ لە نزیك شاری ڕەزاییە هێرشمان کـردە سـەر پاسـگایەکی ڕێـژیمو نزیکەی 40 پاسداری حکوومەت کوژرانو لە ناو شارەکانیشدا تێکۆشانمان هەیە.

پ: ئەگەر تورکیە لەگەڵ عێراق بـە شـەڕ بێـت، ئـەم وەزعـە کوردەکـانی ناوچـە لـە چ حاڵەتێکدا قەرار دەدا؟

و: بۆ هەموو کوردەکان لە دنیادا هەلومەرجێکی نوێ دێتـە کایـەوە. ئەگـەر ئامریکـاش هێرش بکاتە سەر عێراقو لەو هێرشەدا سەرکەوتوو بێ، نەخشەی ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت لـە نوێوە دەکێشرێتەوە. سەدام تەنانەت ئەگەر لە شەڕیـشدا تێـك بـشکێ، دیـسان دەورووبـەری خۆی دەلەرزێنێ. لە هەلومەرجێکدا کە لە هەر کـات لـە حـاڵی ئـاڵوگۆڕ دایـە، پێـشبینیی ڕووداوەکان زۆر دوژوار بە نەزەر دەگات. ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاشتییەکی بەردەوام بێتە پـێش، بـە قـازانجی ڕێژیمـە دیکتاتۆرەکـان نیـە، بۆیـە بـەم هۆیـەوە لـەم هەلومەرجـە قەیرانییەدا کە چەندین ساڵە ڕێژە دەکێشێ، هەر کەس دەبـێ بـۆ هەلومـەرجی تـازە خـۆی ئامادە بکات.

* * *

دوای تەواوبوونی شاییو ڕێوڕەسمی جێژنی 25ی گەلاوێژ، ڕوومان لە زومەکانی نیـشتەجێ لە شاخی شەهیدان، لە دەورووبەری قەرەخانو کونەکۆتر کرد. تیمی مەڵبەند کە بریتی بوون لـە پەلـێ پێشمەرگەو ژمارەیـەك لـە ئەنـدامانی مەڵبەنـدو کادرەکـان، ڕوومـان لـە "زۆرمـەی کیوارستان" کردو منو شەهید بەهرام ئازادفەڕو کاك عەسکەر عەلیزادە چوینە مـاڵی سـدیق. بۆ نانی نیوەڕۆ دۆڵمەی بۆ چاك کردبووین. خێزانی سدیق نێوی "خانزاد" بووو ئێمـە بـە بـاجی خانزێ بانگمان دەکرد. دۆڵمەخواردن لە شوماڵ دوو شتی لەگەڵە، یەکەم سیرو ماستو، دووهەم ڕۆنی قاڵکراو. کاتێ باجی خانزێ سیرو ماستو ڕۆنە قاڵکراوەکەی بۆ هێنایـن، مـن پـێم وابـوو دەبێ میوانی دیکەشیان هەبێ، چون بەڕاستی قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە بە 15 نەفەر زیاتریش

ئەو سیروماستو رۆنە تەواو بێ. کە دۆڵمەکانی هێنان، زۆر چاکی ساز کردبوونو زۆریش خاوێن بوو. من قاپەکەی خۆم تەواو کردو هاوڕێکانیشم هەروا، دۆڵمەکە کە لە تەشتێکی گەورەدا بوو، جارێکی دیکەمان کێشاو بۆ جاری دووهەم من بە تەواوی تێر بوومو بەهرامو عەسکەر بۆ جاری سێهەم تێیان کردەوەو دەستیان بە خواردن کرد. لەوێ کە دەمزانی هەردووکیان لە من فرە خۆرترن، قسەم نەکرد. بە سەر سووڕماوییەوە تەماشام کرد دەوری چوارەمیان تێکرد، دیارە من بەبێ نان دەمخوارد، بەڵام ئەم دوو هاوڕێیەم بە نانیشەوە دەیانخوارد. ئاخیرەکەی هاوارم لێ هەڵساو وتم: برا بەشی خاوەن ماڵەکە بێڵنەوە. باجی خانزێ کە ئیعتیرازەکەی منی بیست، وتی: "کاك تەیموور ژی گەرێ بلا بخۆن، من گەلێك چێ کرییە". منیش وتم ئاخر باجی خانزێ گەلێ چەندە؟ وتی: "ئاخر ئەز بۆ خۆ بەهرامێ ناس دکەم، پێشداش لە مالا مەدا فراوین خارییە"و، وتی، من بە پێی بەهرام بۆ هەرسێکتانم ساز کردوە، بۆیە تازە قسەم نەکرد. بەڵام بەڕاستی ئەو هاوڕێیانە بەرادەیەکیان خوارد، تازە هەرکات ئێمە سەری کیوارستانمان دەدا، من بە زۆری بۆ ماڵی سدیق دەڕۆیشتم، بەهرامو عەسکەرم لەگەڵ خۆ نەدەبردن. پاش جەولەیەکی چەند رۆژە پێشمەرگەکان بۆ ئەنجامدانی عەمەلیات لە ئێمە جیا بوونەوەو لە رێکەوتی 69/6/3دا هێرشیان کردبووە سەر پایەگای "کەلان کانی"و دەستیان بەسەر ئەم پایەگایەدا گرتبوو. ئێمە لە نزیکی "سرتی خەلیل" بووین کە هەواڵی گیرانی ئەو پایەگایەیان بەدەستی پێشمەرگەکان پێداین. لەو عەمەلیاتەدا 16 کەس چەکداری نێو پایەگاکە کوژرابوونو پێشمەرگەیەکی ئێمە بەناوی "جەلال نەبیزادە" شەهید بوو کە لە گۆڕستانێك لە بەرامبەر "وارگەنم"دا نێژرابوو. دەسکەوتی پێشمەرگەکان 21 قەبزە چەکی جۆراوجۆر لە خۆمپارەو ئارپیچیو چەکی سووکی دیکە بوو. 40 هەزار فیشەکیش بە دەسکەوت گیرابووو باقیی وەسایلو کەرەسەی نێو پایەگاکەش بەهۆی نەبوونی ئیمکانی راگواستن، ئاوریان تێبەر درابوو. لە بەڕێوەچوونی ئەم عەمەلیاتەدا من هەر ئەوەندەم ئاگا لێبوو کە پایەگاکە گیراوەوو ئاکامەکەشی ئەوەیە.

پاش ئەم شکستە پەیتا پەیتایانەی رێژیم لە هێزی ئاگری، وا دیار بوو رێژیم بۆ قەرەبووکردنەوەی هەموو شکستەکانی، بڕیاری گرتنی بنکەی زستانیی ئێمەی دابووو ئێمەش

بەهۆی ساردیی هەوا لە شاخەكان نەدەماینەوەو بە ناچار دەهاتینە شـیوو دۆڵـەكانو چـادرمان هەڵدەدا.

رۆژێك ئاگاداریـان كـردین كـە هـەواڵنێرێكی رۆژنامـەی "حوریـیـەت" بـەناوی "مەجیـد جوربوز" هاتوە بۆ لامانو دەیهەوێ چـاوی پێمـان بكـەوێ. ئێمـەش وەرمـانگرتو لەگـەڵمان كەوت. هەر لەو كاتەدا هەواڵمان پێ گەیشت كە رژێم لە پشتی "دێـری" پایەگایـەكی تـازەی داناوە كە هێشتا لە نێو چادرەكان دانو شوێنی محكەمیان بۆ خۆیان ساز نەكردوە. بۆیە لە رۆژی 69/6/10 بڕیاری هێرشكردنە سەر ئـەو مۆڵگـە تازەیـەمان داو رۆژی 6/11 هـەردوو لكـە پێشمەرگەكەمان بەرەو ئەو شوێنە كەوتنە رێ. كە گەیشتبوونە ئەوێ، دیتبوویـان ئـەو هێـزەی رژێم لەوێ نەماوەو گەڕاوەتەوە. بۆیە ئـەوانیش رۆژی 6/12 گەڕابوونـەوە بـۆلای ئێمـەو بـە بێسیم ئاگاداریان كردین كە هێزەكە لەوێ نەماوە، بۆیە دەگەڕێنەوە بـۆ لاتـان. ئێمـەش وتمـان بگەڕێنەوە. بۆ خۆشمان، واتە منو سەید رەسووڵ كە دوو پەل پێشمەرگەمان لەگەڵ بوو، ـ پـەلی مەڵبەندو پەلی فەرماندەهی ـــ لـە شـیوێكی دەورووبـەری گونـدی "وارگـەنم" دوو چـادرمان هەڵدابووو لەوێ بووین. پێشمەرگەكان كە گەڕابوونەوە بۆلای ئێمە، شەو لە وارگەنم مابوونەوە، بۆیە كەمینەكانی ئێمە بەیانییەكەی زوو هاتبوونە خوارەوەو هێشتا رووناك نەببوو. ماوەیەكی پێ چوو لە چادرەكەمدا تەماشام كرد كەسێك بانگم دەكات، هەڵسامەوەو تەماشام كرد مەجیـد خەلیفەزادەیە كە یەكێك لە پێشمەرگەكانی لكی 1 بووو لەگـەڵ ئـەو هێـزە بـۆ ئـەنجامی ئـەو عەمەلیاتە چووبوو. پێش ئەوەی هیچ پرسیارێكی لـێبكەم، وتی هەستن چـواردەورتان گـیراوە، منیش بە ئەسپ هاتووم، وتوومە نەكوو نەزانن، بۆیە ئیتر جێـی پرسـیار نـەمابوو. بـە زوویـی سەید رەسووڵم لە خەو هەڵساندو پێشمەرگەكانی دیكەش هەروا،و بەرەبەرە كـە هـەوا روونـاك دەبوو، هێزەكەی رژێم لە ئاسۆ وەدەردەكەوت. بیری شەڕی نەرگسەڵە لە سـاڵی 63 كـەوتم كـە لەو شەڕەدا چۆن هێزێكی كـەمی رێـژیم توانییـان زەربەیـەكی قورسمـان لـێبدەن، بـیرم لـەوە دەكـردەوە چـۆن دەربـاز بـینو چ بكـەین ورەی پێـشمەرگەكانمان دانەبـەزێ. لـە پڕێـكدا پێشمەرگەیەكی پەلی مەڵبەند وتی زۆر چاك بوو، وتم شێركۆ چۆن زۆر چاك بوو، وتی ئەوە ئێمـە

مانگێکە دەسووڕێنەوە چوار پاسدارمان گیر بکەون‌و بیانکوژین، ئـەوە ئێـستا هاتوونەتـە بـەر دەستمان‌و ئەمڕۆ قڕیان تێدەخەین. لەم کات‌و ساتەدا قسەیەکی وا دەبوو بە پوولێ کڕیبـات. وتم پێشمەرگەکانی دیکەش ئەو نەزەرەیان هەیە، بۆیە هیوادار بووم‌و هەر لـەوێ پێـشمەرگەکەمان نارد لەگـەڵ هـەردوو لکەکـە کـە فەرمانـدەکانیان سـەعید گـولی‌و ئیـسماعیل بازیـار بـوو، هاماهەنگیمان کردو بەرەبەرە دەستبەکار بووین. فەرمانـدەهی ئـەو شـەڕە کـەوتبوە دەسـتی سەعید گولی کە ناوچەکەی باشتر دەناسی‌و ئەلحەق لەگەڵ ئەوەی بێ‌سەواد بوو، فەرماندەیـەکی زۆر لێهـاتوو بـوو، بـەڵام پـێش لـەوە سـەعید گـوڵی هێزەکـە هیدایـەت بکـا، ئێمـە پەلـێ پێشمەرگەمان لە نێوان دوو هێزی ڕێژیمەوە نارد، کە دەسـتیان بـە پێـشڕەوی کـردو جلوبـەرگی پێشمەرگەکان بەڕادەیەك لە ڕەنگی زەوی بوو کـە تەنانـەت ئەگـەر لـە نزیکیـشەوە چـاوت بـە کەسێکەوە نەبوایە، لـە کـاتی حەرەکـەتدا چـاوت پێـی نەدەکەوتـەوە. بۆیـە پێـشڕەوی بـەو جلوبەرگانەوە ـ بەو مەرجە بـە لەسـەرخۆیی‌و ڕاکـشانەوە بێـت ـــ کـەمتر دوژمـن چـاوی پـێ دەکەوت. سەعید لە سەعاتی 8 تا نزیکەی سەعاتی 11:15 دەقیقـە، هـەر هێزەکـەی بـردە پێشێ‌و تا ئاخیرەکەی من لێی قەڵس بووم، وتم باشە سەعید بۆ دەستووری هێرش نـادەی، وتـی 5 دەقیقەی دیکە. شوێنی هێرشەکە جۆرێ هەڵکەوتبوو کە مەقەڕە زستانێیەکەمان کـەوتبووە گەمارۆوە. وادیار بوو بەرەو ئەوێش پاسدار حەرەکەتیان کردبووو هەر ئەوەڵی بەیانی بێ‌ئـەوەی کەسی لـێ بێ، گرتبوویان. هەر بە دەنگی تەقەی ئەم هێزەش بوو کە پێشمەرگەکانی نیشتەجێ لە وارگەنم زانیبوویان کە ڕێژیم هێرشی کردوە. سەعاتی 11:20 دەقیقـە سـەعید دەسـتووری هێرشی بە پێشمەرگەکان داو هێرش لەبەر یەکەم سەنگەری پێشەوە بە هاویشتنی هاوکاتی سێ نارنجۆکی دەستی بۆ سەنگەرێکی پاسدارەکان کە 5 کەسی تێدا بوو، دەستی پێ‌کرد، لە یەکـەم هێـرشدا هـەر 5 کەسـەکە کـوژران‌و بێـسیم‌و ڕەمـزو هـەموو شـتێکیان کەوتـە دەسـت پێشمەرگەکان‌و لێرەوە هێرشی خۆمان دەست پێ‌کردو زۆر بە خێرایی هێرشەکەی ڕێـژیمان لـەو زنجیرە شاخەدا تێك شکاندو لە هێزی ڕێژیم ئەوەی کوژرا، کـوژراو باقییەکـەی کەوتـە هـەڵاتن بەرەو شاخی قـەرەخان. زەربەکـە بەڕادەیـەك گورجـوبڕ بـوو کـە بـاقیی هێزەکـەی ڕێـژیم لـە

شوێنەکانی دیکەش بەبێ ئەوەی هێرشــی بکرێتــە ســەر، کەوتنــە هــەڵاتن‌و پێــشمەرگەکانیش وەدوایان کەوتن. هێزی زۆر، بەڵام بێ‌ورەی ڕێژیم بەڕادەیەك لــەم هێــزە ترســابوو کــە کــەمترین بەرگرییان بۆ نەدەکرا، بۆیە لە ماوەیەکی کورت دا شــاخی "کۆنــە کــۆتر" کــە زاڵ بــوو بەســەر مەیدانی شەڕەکەداو ئەو زنجیرە شاخەمان کەوتە بەر دەست‌و هێرشــەکە هــەر درێــژەی هــەبوو. سەعید کە فەرماندەریی هێزەکەی دەکرد داوای لە پێشمەرگەکان دەکرد کە بگەڕێنــەوەو لــەوە زیاتر نەڕۆن بە شوێن هێزەکەی ڕێژیمدا، بەڵام بە قسەیان نەدەکرد تــا مــن چــوومە ســەر خــەتی بێسیمی پێشمەرگەکان‌و بە هەموویانم ڕاگەیاند بە زووترین کات دەســت لــە هێــرش بکێــشن‌و بگەڕێنەوە دواوە، وتم هەرکەس نەکێشێتەوە پاشان بەرپرس دەبێ، بۆیە هەموویان دەســتیان بــە کــشانەوە کــرد و گەڕانــەوە ســەر زنجــیرە شــاخەکە. ئێمــەش ئــەو شــیوەمان چــۆڵ کــرد و بــە پێشمەرگەکانیشمان ڕاگەیاند تەنیا یەك تیم لە بــەرزایی کونــە کــۆتر بمێنێتــەوە، باقی‌یەکــەیان بەرەو دواوە بکشێنەوە. لەم کاتانەداو لە جەرەیانی شەڕەکەدا دوو هێلی‌کۆپتێرو تۆپخانەیــەکی موجەهەزی ڕێژیم کە دەتگوت بۆ شەڕی ئێران‌و عێراقیان هێناوە، کاری دەکرد، بۆیە تورکیــەش هێزێکی زۆری خۆی هێنابووە مــەرزو، لــەم لاشــەوە هەواڵنێرەکــەی "حورییــەت"، "مەجیــد جوربوز"مان لەگەڵ بوو. پاش یەك سەعات ڕێژیم دڵنیا بوو کە هێزەکەی بە تەواوی لــەو زنجــیرە شاخانەوە تەفروتوونا بووە، دەستی بە تۆپبارانی شوێنی شەڕەکە کرد و لــە چــرکەیەکدا دەیــان تۆپ لە عەرزیان دەدا، بەڵام فایدەی نەبوو، چــونکە ئێمــە ئــەو شــوێنەمان بــەجێ هێــشتبوو. ئاسمانی ئەو شوێنە دەتگوت مژ دای‌گرتوە.

لەم شەڕەدا کە لــە شــاخەکانی "ڕنگینــۆك، بەرەکەشــەك، پــازۆك، بــەردە زەرد، کــاولانی خواریێ‌و کاولانی سەریێ‌و قەرەخان درێژەی هــەبوو، زیــاتر لــە 50 کــەس لــە هێزەکــانی ڕێــژیم جەنازەیان لە مەیدانی شەڕدا کەوتبوو کە 32 کەسیان بۆ ئێمە شناسایی کران. شتی جالب لــەو شەڕەدا زۆرن کە بەرەبەرە ئاماژەیان پێدەکەم. یەکەم شت ئەوەبوو ژمارەیەك لــە کوژراوەکــانی ڕێژیم کاتێ کوژرابوون، جەنازەکەیان کەتبوە نێو چۆمێکەوە کە ئەم چۆمە دەڕۆیشتە گوندەکانی تورکیەو بەهۆی خوێنی ڕژاوی چەکدارانی ڕێژیم ئەم چۆمە سوور هەڵگەڕابوو، کە خەڵکی گوندە

سنووری‌یەکانی تورکیە رایان گەیاندبوو کە دەریای خوێن رێکەوتووەو ئەگەر خەڵکی گوندیش شتیان گەورە کردەوە، روونە بەرادەیەك گەورەی دەکەنەوە کە مرۆڤ سەری سوور دەمێنێ.

دووهەم، فەرماندەری "قەرەقولی عەلی‌ئاوا"ی تورکیە کە ناوی عومەر بوو، لەگەڵ ئێمە دۆست بوو. بە خەڵکی وارگەنی راگەیاندبوو کە وەسایلی خواردەمەنیو شت‌ومەکمان بۆ بێنن. کاتێ ئاکامی شەرەکەی پرسیبوو، پێیان وتبوو 50 جەنازەمان لەبەر دەست دایەو ئێمە خۆمان شەهیدمان نیە، باوەری نەدەکردو ئێستاشی لەگەڵ بێ باوەری نەکرد. تەنیا جارێك من بۆم روون کردەوە، ملێکی نا بەلادا.

سێهەم شت ئەوە بوو، هەواڵنێری رۆژنامەی "حورییەت" مەجید جوربوز لەوێ بووو هەواڵی ئەم شەرەی بەشێوەیەکی باش لە رۆژنامەی حورییەتدا بڵاو کردەوە کە کورتەیەك لە وەرگێردراوی بڵاوکراوەکەی مەجید جوربوز لە رۆژنامەی حورییەت لە دوای ئەم عەمەلیاتەدا دەکەوێتە بەرچاوتان.

چوارەم شتی جالب ئەوە بوو کە کوردە سنوور نشینەکانی تورکیە کە ئاگاداری هێرشی رێژیمی ئێران بۆسەر ئێمە ببوونو ئاکامی ئەو شەرەیان زاربەزار بیستبوو، دەستیان بە هێنانی میوەو شتو مەكو تەنانەت ئەوانەشیان کە ئەهلی مەشرووب خواردنەوە بوون، هێنانی مەشرووب کردبووو، لە ماوەیەکی دوو سێ رۆژیدا ئازووقەو میوەیەکی زۆر کە بە ماشێنو باری هێسترو زۆر وەسیلەی جۆراوجۆر هێنابوویان، لەلای ئێمە کۆببوەوەو چەندین رۆژ لەو زەخیرەیەمان دەخوارد. پاش تەواوبوونی شەرەکە، رۆژنامەی حورییەت کە هەواڵی شەرەکەی بڵاو کردبۆوە، سەفارەتخانەی ئێران لە ئانکارا ئیعتیرازی بەو راپۆرتەی رۆژنامەی حورییەت کردبووو داوای دەرکردنی هەواڵنێرەکەیان کردبوو. پاشان رۆژنامەی حورییەت بە تەوسیەی دەوڵەتی تورکیە ئەو هەواڵنێرەی لە رۆژنامەی حورییەت وەدەرناو ئێمەش لەم پێوەندی‌یەدا بە ناردنی نامەیەك بۆ ئەو هەواڵنێرە بەداخبوونی خۆمان دەربریو ناوبراو لە وەڵامی نامە نێردراوەکەی ئێمەدا وتبووی شانازی دەکەم توانیومە هەواڵێکی دروست لەو دۆستانە بڵاو بکەمەوەو دڵنیاشیان بکە دەرکردنم لە رۆژنامەی حورییەت، نەك خراپ نیە، بەڵکوو باشترەو

لەمەوبەدوا لەگـەڵ رۆژنامــە یـا گۆڤـارێکی دیکـە کـار دەکـەمو باشـتر لـە جـاران ئامــادەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیان دەبم.

شتی دیکە کە لەو شەڕەدا کەوتەوە ئەوبوو، ئێران کە جەنازەی 5 کەس لە کوژراوەکانی لـە شاخی سەرەوەی مەقەڕی زستانیی ئێمە کەوتبوون، ئەوەی کردبوە بنەمای ئیستدلالی ئەوە کـە هێزی ئێمە دەبێ لە خاکی تورکیەوە هێرشــی کردبێتــە سـەر هێزەکـانی ئێـرانو لـەم بارەیـەوە وەفدێکی ئێران لە بەرپرسانی سیاسیو ئەمنییەتیی رژێم، لە ورمێوە دەهاتنە "گەوڕ"و لەگەڵ بەرپرسانی تورکیە سەردانی شوێنی شەڕەکەیان دەرکردو دەیانهەویست تورکیــە بــەوە تاوانبــار بکەن کە ئێمە لە تورکیەوە هێرشمان کردوە. تورکیەش بە ئێرانی دەگوت ئەو شوێنە کـە ئـەو 5 جەنازەیەی لـێ کەوتوون، خاکی خۆتانەو پێوەندیی بە تورکیەوە نیـەو ئێـران دەیگـوت خـاکی تورکیەیەو پێوەندیی بە ئێرانەوە نیە.

لە سایەی قارەمانەتیی هێزی ئاگریدا بـۆ تاوێـك یـا ماوەیـەکیش بووبـێ، دوو دەوڵـەتی داگیرکەر ئیعتیرافیان بە راستییەك کرد کە ئەو شوێنە کە شەڕەکەی تێدا بووەو بگـرە هـەموو کوردسـتانیش خـاکی ئـەوان نیـەو هـەردووکیان راسـتیان دەگـوت. هاتوچـۆی ئـەم وەفدانـە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە هەردوو دیوی سنوور هەبووو خەڵکی ناوچە بـەوە زۆر کـەیفیان سـاز بوو.

سـەرجەمی ئـەم عەمەلیاتـە لەلایـەن فیلمبـەرداری مەڵبەنـدی شـومالەوە فیلمـی لـێ هەڵگیراوەو وەك سەنەدێکی زیندوو ئێستا لە ئارشیوی حیزبدا هەیە.

بۆئەوەی هیچ شتێك لەم شەڕە نەگوتراو نەمابێ، لە مەڵبەنـدی شـومال پێـشمەرگەیەکمان هەبوو بەناوی رەحمان سەعیدی (رەحمانە شێت). بەڕاستی ئەگـەر هێزێـك یـەك دوو کەسـیوای تێدا نەبێ، هەر خۆش نیەو نازانی چۆن رۆژگار تێپەڕێنی. رەحمان لەو شەڕەدا ترسابوو، متەقی لـێبڕابوو. دوو رۆژ دوای شەڕەکە لە شیوێك لە حەسانەوەدا بـووینو رەحمـانیش بـەدایم لەگـەڵ بوو. جـارێکی لـە کیوارسـتان تـاقیم کـردەوە نەیـدەزانی تفـەنگ بهـاوێو نیـشانەی بـەلای تفەنگەکەدا دەگرتو ئەو رۆژە من بە سەید رەسووڵم وت، من حازرم خۆم بـۆ رەحمـان دابکـەم،

ئەگەر ئەنگاوتمی، هەرچی بیبەوێ دەیدەمێ، رەحمانیش هەر دەیگوت بەخوا تەیموور ئەگەر لەبەر حیزب نەدەترسام، دابێژدابێژم دەکردی. بۆ ئەوەی بزانی من دەنگیوم، منیش وتم ئامادەم. لەم شۆخیەدا بووین، سێ پارچی ئاومان هەبوو رەنگیان سوور بوو. بە سەید رەسوولم وت ئەو سێ پارچە ئاوەی بۆ دەنێمەوە، هەرکامیانی ئەنگاوت، من یەك بۆکس سیگاری بۆ دەکڕم. سەید رەسوولّ لە پێشەوە بە منی وت، پیاوی چاك بە پارچی ئاومان بە ئاسانی دەست ناکەوێ، لێی گەڕێ. منیش وتم وەڵلا هەرکامیان بنگێوێ، دوو پارچ بۆ ئێوە دەکڕمو بۆ رەحمانیش بۆکسێ سیگار، بۆیە سەید رەسوولّو کۆمەڵێ پێشمەرگەش فشاریان بۆ رەحمان هێنا کە دەبێ تەقە لەو نیشانانە بکات. رەحمان لە پێشدا بیانووی گرتو وتی بەقوربان بەخوا من بە کلاشینکۆف تەقەم نەکردوە، ژ 3 نەبێ تەقە ناکەم. منیش وتم ژ 3ت بۆ پەیدا دەکەم. بەکورتی ژێ سێیەکم بۆ پەیدا کردو سێ پارچ ئاومان بۆ دانایەوەو مەودای نێوان پارچەکان تا رەحمان زیاتر لە 30 میتر نەبوو، واتە ئەمبەرو ئەوبەری چۆمێك بووو پێشمەرگەکان بە کورتان سەنگەریان بۆ رەحمان دروست کردو رەحمان رۆیشتە سەنگەرەوەو دەستی بە تەقە کرد. هەروەك گوتم بەلای تفەنگەکەدا تەماشای دەکردو دیاربوو ئەوەی چاوی لێی نیە، نیشانەکانە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەموو ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە لەوێ بوون لە پێکەنین دا خەریك بوو دڵیان دەردەهات. یەك فیشەك، یەکیتر و یەکیترو بەکورتی تا 5 فیشەك هەر بەلای نیشانەکان دا نەرۆیشت. پێشمەرگەکان تفەنگەکەیان خستە سەر رەگبارو هەموو کەس بەرەو پاشەوە هەڵدەهاتو رەگبار دەستیان پێکردو فیشەکەکان تەواو بوون، هیچکام لە نیشانەکان فیشەکیان بەر نەکەوتو ئەمە بوو بە داستان. هەر کاتێ سەرمان دەنایە سەر رەحمان دەیگوت، بە قوربانی تەیموور بم، ئاخیرەکەی بەدەستی من دەچێ. بەکورتی رەحمان یەك دوو داستانی نین، دەیانو سەدان داستانی هەیە کە هەموویان بۆ گێڕانەوە دەبن. کاتێ رەحمان خۆی تەحویلی رێژیم دابۆوە، مۆرە ئیتلاعاتیەکانی رێژیم کە جگە لە فیشالّو درۆو دەلەسەو ترساندنی خەڵك نەبێ، ئاگایان لە هیچ نیەو وایان زانیبوو رەحمان یەکێك لەو پێشمەرگانەیە کە لە دەیان عەمەلیاتی شیمالدا، دەیان پاسداری ئەوانی کوشتوەو لەو کۆمەڵە پرسیارە کە لە هەر

تەسلیمی‌یەك دەیکەن، لە رەحمانیان پرسیبوو لە چەند شەڕدا بەشداریت کردوە؟ وتبووی لە هەموو شەڕەکاندا بەشدار بووم. ئەوانیش لێیان پرسیبوو لە فلانە شەڕدا چەند کەست کوشتوە، رەحمانیش ژمارەیەکی گوتبوو، "بازپرس"ی ئیتلاعاتیش لەسەر ژمارەی کوژراو بۆ رەحمانی سەبت کردبووو بەردەوام شکەنجەیان کردبووو لێیان دابوو. ئەویش هەر رۆژە باسی چەند پاسداری کردبوو کە کوشتوونی‌و ئەمانیش پێیان وابوو لە زیرەکی‌دا توانیویانە ئیعتیراف بە پێشمەرگەیەکی تەسلیمی بکەن‌و تا رۆژێك چۆن دەبێ پرسیارێك بۆ بەرپرسێکی ئیتلاعاتی خۆش دەبێ‌و ئەویش ئەوە دەبێ باشە، ئەگەر ئەم نەفەرە ئەو هەموو پاسدارەی کوشتوون، ئەی باقیی هێزەکە چی کردووە، بۆیە بە جەنابی "بازپرس" دەڵێ ئەمە وا نیە، با یەکێك لەو تەسلیمی‌یانە بانگ بکەین بزانین ئەم داستانە چیە. تەسلیمی‌یەك بانگ دەکەن، تەسلیمی‌یەکە دەڵێ ئەمە رەحمانە شێتی پێ دەڵێن‌و لەو کاتە لە مەڵبەندی شوماڵیش دا بوو، کاتێ مینی‌بووسی رێگای ئێنزێ ـ بۆڵی تەقی‌یەوە، (رێژیم بەهۆی مەواددی تەقینەوە، تەقاندیەوە) بە تەیموور مستەفایی دەگوت، مینی‌بووسەکەم چۆن تەقاندەوە واش ئێوە دەتەقێنمەوە. بەم قسانە کابرای "بازپرس" هەموو ریسەکەی لێ دەبێتەوە بە خوری‌و ئەمجار لە رەحمان دەپرسێ باشە پێمان بڵێ چۆن مینی‌بووسەکەی رێگای ئێنزێ ـ بۆڵێت تەقاندەوە. رەحمان داستانێکی بۆ خۆش دەکاو بەو داستانە کابرای "بازپرس"و ئیتلاعاتی رێژیم روویان رەش دەبێ.

ئەم داستانەم بۆیە بە وردی گێڕایەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە پێیان وایە ئیتلاعاتی رێژیم لە هەموو شتێ ئاگادارە، بزانن کە دامودەزگا ئەمنیەتی‌یەکانی رێژیم چەند بێ‌ئاگاو نەزانن.

لێرەدا کە باسی رەحمانە شێتم کرد، پێم باشە باسی پیرە پێشمەرگەیەکی عاشق بەناوی "سۆفی کەریم"یش بکەم. سۆفی کەریم، ئێستا کە ئەم نووسراوەیە دەنووسم، تەمەنی لە هەشتا ساڵ تێپەڕیوە. سۆفی کەریم هەر لە سەرەتای دەستپێکرانی شۆڕشەوە، دوو کوڕی لە ریزی حیزبدا شەهید بوون. کاتێ هاتمە شوماڵ، زۆر رێزم دەگرت‌و ئەویش پیاوێکی قسەخۆش بوو. پاشان تێگەیشتم سوفی کەریم هەمیشە عاشقەو هەردەم عاشقی کچێکی 16 تا 18 ساڵ دەبێ‌و جاری واش هەیە دڵدارەکەی نامەعلوم‌و خەیاڵی‌یە. (نامهەوێ باسی هیچ کەس بکەم)،

چۆن ئێستاشی لەگەڵ بێ، سۆفی کەریم ماوەو هەر عاشقە. لەو ماوەیەدا تەنیا مەعشووقە خەیاڵییەکانی گۆڕاونو لە هەر دەمێكدا دوژمنێکی فەرزی کە لە ئەوینەکەدا بە رەقیبی خۆی دەزانیو بەپێی گۆڕینی ئەوینەکان، دوژمنەکانیش دەگۆڕدرێن. لە مەقەڕی بێشێ جاروبار بەم عەشقانەی سۆفی کەریم رامان دەبواردو دوو سێ جار من هەڕەشەم لە پیشمەرگەکان کرد نابێ گاڵتەی پێ بکەن، بەڵام فایدەی نەبوو. رۆژێك کۆمەڵێ پێشمەرگە فیلمێکیان ساز کردبوو کە "کارگردان"ی فیلمەکە شەهید ناسرە شێت بوو. فیلمەکە بەم شێوەیە بوو، ناسر وتبووی لە دیانادا ژنت بۆ دێنم، عەسر ئامادە بە، ژمارەیەك پێشمەرگەشی لە مەقەڕ تێگەیاندبوون کە بچینە لای سۆفیو کاتی هاتنی بووك کە بووکەکە خۆی بووو جلوبەرگی ژنانەی لەبەر کردبوو، بێن بە دەمی بووکەوەو سۆفی دەستی بووك بگرێو بیباتە ماڵی خۆیەوە. ئەو کاتە ئێمە لە مەڵبەندی شوماڵ 12 ماڵە پێشمەرگەمان هەبوو، 8 ماڵیان لەوبەری مەڵبەند بوون، پێیان دەگوتن 8 ماڵ، کە ماڵی سۆفی کەریمیش بەلای 8 ماڵەوە بوو. لەبەر مەڵبەنددا راوەستابووم، نزیکەی عەسر بوو، دیتم هەڵپەڕکێ لەسەربانی ماڵی سۆفی کەریم گەرمە، منیش بۆ تێکدانی هەڵپەڕکێ چوومە ئەوبەرو پێشمەرگەکان کە زانیبوویان بۆ تێکدانی گۆوەندەکەیان دەچم، بە سۆفی کەریمیان وتبوو کاك تەیموور هات بڕۆ بە دەمیەوەو پێی بڵێ نوخشە بێ لە تۆش ـ من تا ئەو کاتە ژنم نەهێنابوو ـ، منیش کە رۆیشتم سۆفی کەریم هات بە دەممەوەو وتی نوخشە بێ لە تۆش، ئیتر من بە تەواوی سارد بوومەوەو هەر ئەوەندەم پێکرا بڵێم سۆفی پیرۆزە. چوومە سەر بانەکەو تەماشام کرد بانەکە دێتو دەچێ، لە ترسی ئەوەدا کە نەکوو بانەکە بڕووخێ، بەجێم هێشتو یەکێك لە پێشمەرگەکانم بانگ کردو وتم تا دەچمە ئەوبەر هەڵپەڕکێیەکە کۆتایی پێ بێنن. وتی باشەو منیش گەڕامەوە بۆ مەقەڕی ناوەندو هەڵپەڕکێیەکە تێك چوو.

شتی زۆر جالبی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ سۆفی کەریمدا، ئەوەبوو کە لە سۆفییان دەپرسی تەمەنت چەند ساڵە، ئەویش دەیگوت خودێ ئەز نزانم، (بەخودا من نازانم) موزەفەر دەزانێ، موزەفەریش کە بێسیمچیی ناوەندو کوڕێکی شۆخو شەنگو جوانخاس بوو، دەیگوت وەڵڵا سۆفی 25، 26 ساڵی تەمەنە. بێڕاوەستان سۆفی وەدەنگ دەهاتو دەیگوت موزەفەر راست

دەکا، شەهید وایان لە من کرد،و لەم بابەتە دەیانو سەدان داستانی هەیە کە پێم باش بـوو وەك بیرەوەریی کۆن هەر هەبێ.

پاش هەرەشەکردنم بە کۆتاییهاتنی هەڵپەرکێیەکە، بەزمەکە کۆتایی پی نەهات، بـەڵکوو ئەو کەسەی کرابوو بە بووك، خۆی دزیەوەو بـە سـۆفی کـەریمیان دەگـوت هـەڵیان گرتـوە. بـۆ گەرمترکردنی بەزمەکە، پێشمەرگەکان ببوون بـە دوو دەسـتە، دەسـتەیەك لایـەنگری سـۆفیو دەستەکەی دیکە دژی سۆفیو بە شۆخییەوە چەکیان لێك دەکێشا. سۆفیش دەیگـوت بـرا مـن رازی نیم لەسەر من کەس بکوژرێ، تەنیا خوا حەقی من بستێنێ. لەم جۆرە بەرنامانە لە کـاتی بێکاریدا یەکجار زۆر بوون.

لە کۆتایی وەرزی پاییزدا کەوتمە بیری ژن هێنـان، دوای داواکردنـی ژنو بـەرێوەبردنی کـارە سەرەتاییەکانی ژن هێنان، لە بەرەبەیانیی هێرشی ئامریکاو هاوپەیمانەکانی بۆسەر عێراق لـە کوەیت، ژنم گواستەوەو بەبێ ئەوەی نەخـشەیەکی لـە پـێشدا دارێـژراوم بـۆ رۆژی گواسـتنەوە بووبێ، هەرچەند لەو رێکەوتەدا حیزب ئامادەباشی راگەیاندبوو، بەڵام من چـەند رۆژ پـێش لـە هێرشەکەو ئامادەباشی حیزب، "مقدمات"ی راگواسـتنی ژنم چـنیبوو، هەربۆیـە لـە هـەموو کۆمیتەکانی حیزبی کەم کەس توانییان لە زەماوەندەکەدا بەشداری بکەن.

لەگەڵ هێرشی ئامریکاو هاوپەیمانەکان بۆسەر عێراق لە کوەیت، ئەوەبوو هێزەکانی عێـراق لە بەرامبەر تێکنۆلۆژیی هێزی هاوپەیمانان دا زۆر خۆی رانەگرتو شـکا. ئـەم شـکانەی هێـزی عێراقی شوێنی لەسەر هێزەکانی لە کوردستاندا داناو بەرەی کوردستانی پێکهاتوو لـە هـەموو هێزەکانی کوردستانی عێراق، هێرش بۆسەر هێزەکانی عێراق لە رانیەوە دەست پێکردو یەك لە دوای یەك شـارەکانی کوردسـتانی عێراقیـان گرتـەوەو لـە زۆر شـوێنیش هێـشتا پێـشمەرگە نەگەیشتبوو، چەکدارەکانی رێژیمی عێراق، واتە جاشەکان وێڕای خەڵك هێرشـیان دەکـردە سـەر بنکـەو بارەگاکـانی حکوومـەتی عێـراقو یـەك لـەدوای یـەك ناوەنـدی حکوومەتییـەکانیان دەگرتەوە.

حەرەکەتی جاشەکان لە کوردستانی عێراق دەریخست کە دڵخۆشکردنی ئەو ڕێژیمانە بەو هێزە، زۆر بێئەساسەو دەرکەوت زۆربەی ئەو جاشانە هەر لەبەر مەسلەحەتی خۆیان لەگەڵ ڕێژیم دەکەون، ئەگەرنا هێچ بیروباوەڕێکیان بە ڕێژیمەکەیان نیەو لە ڕۆژی پێویست دا ئەوانەش دەگەڕێنەوە باوەشی میللەتەکەی خۆیانو هێزو توانایان دەکەوێتە خزمەت ئامانجەکانی خەڵکەکەیان.

هێزەکانی هاوپەیمانان لە کوەیت ڕانەوەستانو بە خێرایی بەرەو قووڵایی خاکی عێراق کەوتنە پێشڕەویو بۆچوونی خەڵك ئەوەبوو کە هەرچی زووتر هێزی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئامریکا دەگەنە بەغداو حکوومەتی عێراق دەڕوخێنن، بەڵام لە کاتی پێشڕەویی خێرای هێزەکان، جۆرج بووش سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئامریکا دەستووری ڕاوەستانی هێرشو هێزەکەی دەرکردو تەنیا سەرکردەی شەڕ، ژنراڵ "شوارتزکوف"و چەند ژنراڵێکی دیکە لەگەڵ حکوومەتی عێراقو هێزە نیزامییەکەی چەند کۆبوونەوەیەکیان گرتو وێڕای قەبووڵکردنی شەرتەکانی ئامریکا لەلایەن عێراقەوە، شەڕەکە ڕاوەستا. هۆی سەرەکیی ڕاگرتنی شەڕ بە بڕوای من، ترسی ئامریکا لە هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی ئیسلامی بوو، چونکە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی عێراق، جگە لە کوردەکان کە بەهێزو دێموکرات بوون، لە باقیی شوێنەکانی دیکە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات یا هەر نەبوو، یا زۆر کزو لاواز بووو، نەدەکرا بۆ ئیدارەی حکوومەتی داهاتوو حیسابی لەسەر بکرێو لە ئاکامدا حکوومەت دەکەوتە دەست حیزبی دەعوەو مەجلیسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی کە بە تەواوی لەژێر نفووزی ڕێژیمی ئێراندا بوونو هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی ئەوتۆ بۆ ناوچە "فاجعە"ی بار دەهێناو هێزی کۆنەپەرەستی لە ناوچەدا بەهێز دەکردو لە لایەکی دیکەشەوە دژی بەرژەوەندیی ئامریکا لە ناوچەکەدا بوو. لەملاشەوە هێزەکانی بەرەی کوردستانی، تا ئەو جێگایە چوونە پێشێ کە کەرکووکیان گرتەوەو کە پادگانێکی هەرە گەورە دەستی بەسەردا گیرا، بەڵام دیارە هێزی کوردیش کە لە دەرەوە ئەزموونی شەڕی پارتیزانیی هەبوو، لەگەڵ شەڕی کلاسیكو بەرەیی نائاشنا بوو، لەلایەکی دیکەشەوە هەموو هێزەکەی کە پێیەوە "ملحق" ببوو، هێزێکی

بێسازمانو عەشایر بوو کە زۆرتر کاریان تالآن بووو کەمتر لە فکری پارێزگاری لەو هەلە زێڕینە کە بۆیان هاتبووە پێشێ، بوون. بۆیە چاوەڕوان دەکرا ئەگەر عێراق دەرفەتی وەدەست بکەوێو بگەڕێتەوە، هێرش بکاتە سەر کوردستان، ئەو هێزە نەتوانێ لە بەرانبەر هێزی عێراقدا بەربەرەکانێ بکات. لەم ماوەیەدا بەردەوام رادیۆی هێزەکانی بەرەمان دەگرتو بەرەی کوردستانیش بە حیزبەکانیەوە هەنگاو بەهەنگاو مەقەڕەکانی خۆیان دەگواستەوەو تا مەقەڕی خۆیان هێنایە خەلیفان، سەر جادەی دیاناو شەقلاوەو هەولێر. یەکەم جار کە من چوومە بەرەی کوردستانی، لەگەڵ کاك بابا عەلی مێهرپەروەر کە ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، چوینە خەلیفانو ئەودەم بەرپرسی بەرە "قادر جەبباری" لە حیزبی سوسیالیست بوو، نوێنەری پارتی "فرانسۆ هەریری"و نوێنەری یەکیەتیش "قادری حاجی عەزیز" بوو، هێندێك مەسەلەمان هەبوو لە گەڵیان باسمان کردو خوا هەڵناگرێ بەڵێنیی هاوکاریکردنیان لەو بوارانەدا پێداین.

پێبەپێی هێرشی هێزەکانی بەرەی کوردستانی بۆسەر هێزەکانی رێژیمی ناوەندیی عێراق، سەربازێکی زۆر گیرانو دەست بە سەر هەموو چەكو چۆڵو کەرەسەی رێژیمی بەعس لە کوردستاندا گیرا. زۆربەی هێزە کوردییەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ جەوەکە کەوتنو شانبەشانی هێزە کوردییەکانی عێراق، هێرشیان کردە سەر بنکەکانی حکوومەتی عێراق، بەڵام لەم سەردەمەدا دەفتەری سیاسیی حیزب بڕیاری دا کە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب نابێ هێرش بکەنە سەر هیچ بنکەیەکی ئەرتەشی عێراقو لەوەش گرنگتر نابێ دەست بەسەر چەكو چۆڵی هێزەکانی عێراقدا بگیرێ. ئەم بڕیارە لە دوو روانگەوە سەرچاوەی دەگرت: یەکەم، تا ئەو کاتە ئێمە لەگەڵ رێژیمی عێراق پێوەندیی سیاسیمان هەبووو ئەو کارەمان بە دوور لە ئەخلاقی سیاسی دەزانی، هەرچەند بە دڵەوە سەرکەوتنی هێزە کوردییەکانمان پێ خۆش بوو. روانگەی دووهەم، بەبۆچوونی ئێمە کە خەبات لە پێناوی خودموختاری لە کوردستانی ئێراندا دەکەین، ئەرکی ئێمە شەڕ لەگەڵ حکوومەتی عێراق نەبوو، کە ئەمە لەباری سیاسییەوە بۆخۆی نەوعێك

پاراستنی جەوی سیاسیی کوردستانی عێراق بوو. لەلایەکی دیکەشەوە پێمان خۆش نەبوو هێزی ئێمە تێکەڵ بەو تاڵانو بڕۆیە بێت.

"حەسەن بەگ" کە ناوەندێکی گەروەی هێزی نیزامی لە دەورووبەر بوو، یەکێك لە هاوینەهەوارەکانی سەددام بوو، لە 500 میتری سەرەوەی مەقەڕی بێشێ هەڵکەوتبوو لەو کاتەدا بەهاسانی دەمانتوانی دەست بەسەر ئەو ناوەندەدا بگرین کە کەلوپەلێکی مۆدێرنی یەکجار زۆری تێدا بوو، بەڵام وەك ئاماژەم پێدا، چون بڕیارمان ئەوەبوو کە بەشداری لەو حەرەکەتانەدا نەکەین، کارمان پێیەوە نەبوو. خەڵکی ناوچەکە کەوتنە تاڵانکردنیو، مۆتۆربەرقی وای تێدا بوو کە بەهاسانی بەرقی شارێك بدات، چون خەڵکەکە نەیانتوانیبوو رایبگوێزن، هەر لەوێ مابۆوە، بەڵام باقیی کەلوپەلەکە (تەلەڤیزیۆنو سیدیو فەرشی گرانو مۆبل)و زۆر شتی دیکە کە پاشان لە گوندەکانی دەوروبەر وەك "هەسنانو ناروون"و بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا. دیارە لەو کاتەدا پێویست بوو حیزبی ئێمە بۆ ئەگەری دەست درێژیی کۆماری ئیسلامی، خۆی ئامادەو ساز کردبایە، بۆیە هێزی ئێمە بە تەواوی لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوو.

رۆژێك لە بێشێ خەریکی کایەی والیباڵ بووین کە یەك دوو پێشمەرگە بەرەو لای زەوی والیباڵ هاتنو داوایان کرد کە کاریان بە من هەیە، منیش هاتمە دەرەوە وتیان، ماشینێکی لاندکرۆزێر هاتوەو دوو نەفەر ئیتلاعاتیی تێدانو لە خوارەوەی مەقەڕ رامانگرتوە، بەڵام لەگەڵ جەماعەتی حیزبوڵڵای شێخ محەممەد خالید هاتوونو چەند چەکدارێکی حیزبوڵڵایان لەگەڵەو دەڵێن خاکی خۆمانەو پێمان خۆش بێ کێ بێنین، دەیهێنینو ئیزن لە ئێوەش وەرناگرین. منیش بۆ ئەوەی بزانم قەزیەکە چیە، بەرەولای ماشینەکە وەرێکەوتم، لەگەڵ یەکێك لە ئەفرادی حیزبوڵڵای شێخ خالید قسەم کرد ـ کە وادیاربوو لەو رێکخراوەدا بەرپرسایەتیی هەبوو ـــ زۆر توند وەڵامی دامەوەو وتی چۆنمان پێ خۆش بێ وا دەکەین. منیش وتم براگیان! ئێمە، ئێوە بە بەرپرسی کوردستانی عێراق نازانین، ئەگەر قەرار بێ کەسێك وەك بەرپرسی کوردستانی عێراق قسە بکات، ئەوە ئەو هێزانەن کە بەڕادەی زۆر نفووزیان لەنێو خەڵك دا هەیەو ئێوەش ئەو هێزە

نین، بۆیە بە حورمەتی ئێوە ئەو ئیتلاعاتییانە کە هێناوتانن‌و بۆ شناسایی بنکەکانی ئێمە هاتوون، بەکوێدا هاتوون با بگەڕێنەوە. کابرا هەر قوبوولی نەدەکرد تا ئاخرەکەی وتم ئەگەر زۆریشی لەسەر بڕۆی کارمان بە ئێوە نەداوە، بەڵام ئەو ئیتلاعاتییانە دەگرین‌و لە زیندانیان دەکەین. وتیان ناتوانن. منیش بە کۆمەڵێ پێشمەرگەی موسەللەح کە لەوێ بوون وتم دەوری ئەو ماشینە بگرن‌و ئەو ئیتلاعاتییانە بێننە خوارەوە. جەماعەتەکەی حیزبوڵڵا کە زانییان گیرەوکێشەیان بۆ ساز دەبێ، دەپاڕانەوە کە ئەمجارە وازیان لێ بێنین، بەکوێدا هاتوون دەگەڕێنەوەو جارێکی دیکەش بەم رێگایەدا هاتوچۆ ناکەین. منیش کە دەمزانی لەدوایيدا لەوانەیە گیروگرفتمان بۆ ساز بێ، موافقەتم لەگەڵ داواکەیان کردو بە پێشمەرگەکانم راگەیاند بکشێنەوەو نەچنە پێشەوە. ئەو دوو ئیتلاعاتیيەش بەتەواوی ترسابوون‌و هەر بە پێوە مردبوون، بۆیە کاتێ نەفەرەکانی حیزبوڵڵا گەڕانەوە لایان‌و سوپاسێکی زۆریان لە ئێمە کرد، ئەوانیش کەمێ رەنگیان وەبەر هاتەوەو، بەو رێگایەدا کە هاتبوون، گەڕاندمانەوە.

## کۆڕەو

ساڵی 1991 کاتێك کۆڕەو دەستی پێ‌کرد، بە میلیۆن مرۆڤ لە ترسی تۆڵەی رژێمی عێراق، رێگای دەرچوون لە خاکی عێراقیان گرتە بەرو بەرەو ئێران وەڕێ‌کەوتن. لەو کاتانەدا رێبەرایەتیی حیزب بڕیاری دابوو لەو خەڵکە کە لەگەڵ کۆڕەو کەوتوون، ئەگەر رێگایان لە مەقەڕەکان‌و ماڵەکانی بنەماڵە حیزبییەکان کەوت، رایانبگرن‌و هەرچیشمان هەیە پێکەوە بیگوزەرێنین. کۆڕەو وای کرد کە لە هەر بنەماڵەیەکی حیزبیدا کە زۆر کەم ئیمکاناتیش بوون، سێ بەرانبەری خۆیان میوانیان هەبووو تەنانەت مەقەڕەکانی پێشمەرگەش پڕی بوو لە ژن‌و منداڵی ئەو خەڵکە ئاوارەیە. خوا خێریان بنووسێ کوردی عێراق خۆ هەر کامەشیان 10 تا 12 منداڵی هەبووو حەوانەوەیان زۆر موشکلە بوو، بەڵام دیسان وەك هەست بە بەرپرسایەتی، تا ئەو جێگایە زەرفییەتی راگرتنی ئەو خەڵکەمان بوو، خەڵکمان راگرت‌و هەر لەم کاتانەشدا

بوو کە دەفتەری سیاسیی حیزب بڕیاریدا کە نابێ لەو ئاوارانە شتومەك بکڕدرێ، چون پێیان وابوو ئەو خەڵکە کە لە حاڵی دەربازبوونی گیانیان دان، کارێکی دروستو ئینسانی نیە کە لەو حاڵەتەدا شتێکی زۆر بە نرخێکی زۆر کەم لـێ بکڕدرێ. هەر بۆ وێنە کابرایەك لە بێشێ هاتە لای من، وتی ئەو لاندکرۆزێرەم هەیە، دەیفرۆشم بە نرخێکی زۆر هەرزان. نزیکەی 5 هەزار دینارو قەواڵەکەشی پیشان داین، ئێمەش کە بڕیار بوو هیچ شتێ نەکڕین، بە دروستم نەزانی بەبێ پرسی دەفتەر بکەومە کڕینی ئەو ماشینە، بۆیە ئەو رۆژە بە پەلە چووم بۆ دەفتەرو لە دیوی چاوەڕوانی راوەستام کە لەگەڵ کاك سەعید لەو بارەیەوە قسە بکەم. دەفتەر کۆبوونەوەی هەبوو، پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، هاوڕێی سکرتاریا رۆیشتە لای دوکتور سەعیدو پێی راگەیاند کە من بۆ کارێکی پێویست دەمهەوێ چاوم پێی بکەوێ. وتبووی پێی بڵێ با بێتە ژوورێ. منیش کە وەژوور کەوتم، هێشتا دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەکەیان تەواو نەببوو، پاش ئەحواڵپرسی لەگەڵ هەموو برادەرانی دەفتەر، کاك سەعید پرسیاری کرد خەیر بووە؟ وتم ماشینێکی لەو بابەتە هەیەو بە 5 هەزار دیناری دەدەن، ئێمەش ماشینمان پێویستەو دەمانهەوێ بە پووڵی مەڵبەند بیکڕین، بەڵام چون دەفتەری سیاسی بڕیارێکی وای دابوو، هاتم پرستان پێ بکەم، ئەگەر رازی بن، ماشینەکە بکڕین. دوکتور سەعید وەڵامی نەبوو، پاش چەند دەقیقەیەك وتم وەڵامت نەدامەوە. پرسیاری کرد کە ماشین دەکڕن، وتم بەڵێ، وتی باشە ئەوە ماشینەکەی من بیکڕن تا پێتان بفرۆشم. کە ئەم قسەیەم لێی بیستو عادەتی کاك دوکتور سەعیدم دەزانی کە زوو قەڵس دەبێ، ئیتر دووبارەم نەکردەوە. وتم باشە ئێوە نارازین، نایکڕینو ئیتر قەسەیەکی دیکەمان لێوە نەکرد.

ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە لە ترسی رێـژیمی عێـراق هـەڵدەهاتن، ژمارەکیـشیان بـە بێـشێدا تێدەپەڕین. ئەو وەزعە کە ئەوان هەیانبوو، خەمی دوورەوڵاتیی خۆمانی لـە بـیر بردبوینـەوەو خەمی ئەوانمان دەخوارد. دیارە کۆڕەوەکەش دەنگدانەوەیەکی گەورەی جیهانیی هەبووو ئێمەش هیوامان دەخواست کە ئەو دەنگدانەوەیە شتێکی عەمەلیی لـێ بکەوێتەوە کە کەوتەوە، بـەڵام قسەی ناخۆش قەت نابێ ون بێ، لەو نیگەرانیەـدا بـووین کـە هاوڕێیـەکی حیزبـی بـەناوی

فەتتاح سەعیدی دەیگوت تەماشا بکەن ژنو منداڵی ئەم خەڵکە یا بە سەرپاییەوە هەڵاتوون یا بێکەوشن، ئەو حاڵەتە دەڕواتە سەر شاشەی تەلەفیزیۆنەکانی رۆژئاواو خەڵکی رۆژئاواش کە قەت حاڵەتی وایان بە خۆیانەوە نەدیتوە کە خەڵك کەوشی لە پێدا نەبێ، پێیان وا نیە کە خەڵکەکە ئەوەندە ترسی لەسەر بووە، تەنانەت بە کەوش لەپێکردنیش دا نەگەیشتوون. ئیتر نازانن هەر بۆخۆیان کەوش لە پی ناکەن.

بەڕاستیش بۆ یەکەمجار بوو کە دەنگی مەزڵوومییەتی گەلی کورد بە گوێی خەڵکی دنیا دەگەیشتو خەڵکی دنیا بە دەنگو رەنگ تراژیدیی قەلاچۆبوونی میللەتی کوردیان دەدیتو راگەیەنە گشتییەکانیش لەو بارەیەوە زۆر فەعال بوون. بەلام نابێ نەقشی دۆستانی خاریجیی گەلی کورد وەك "مادام میتران"، "دوکتور برنارد کوشنێر" و زۆر دۆستی دیکەی رۆژئاوایی میللەتی کوردیش لەبیر بکەین. بێگومان میللەتی کورد میللەتێکی بە ئەمەگو قەدرزانەو چاکەی ئەو کەسانە لە رۆژی تەنگانەدابە هانایەوە هاتوون، قەت لە بیر ناکەن.

لەباری کۆڕەوە دەبێ ئەو کەسانە بنووسن کە لەگەڵ حەرەکەتەکە بوون، بەلام من هەر ئەوەندەم لەدەست دێ بینووسم کە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی حیزبی دێموکرات، کە دیارە حیزبی دێموکرات لە رادیۆ دەنگی کوردستانیشەوە، داوای لە خەڵکی کوردستانی ئێران کرد بە هانای خۆشكو براکانیانەوە کە لە کوردستانی عێراق هەڵاتوونو پەنایان بۆ کوردستانی ئێران بردوە، بچنو هەرچییان هەیە لەگەڵیان بەشی بکەنو پێکەوە بژین. "ئەلحەق" خەڵکی کوردستانی ئێرانیش زۆر چاك بە هانای ئاوارەکانەوە هاتنو وێڕای بردنی ئەو خەڵکە بۆ ماڵەکانیان، لە دەیان شوێندا ستادی یارمەتیگەیاندن بە ئاوارەکان پێك هێناو ئەو خەڵکە میلیۆنییە ئاوارەیە ئێستاش کە لە ماڵی خۆیاندا و لەسەر ژیانی خۆیانن، چاکەو جوامێریی کوردی ئێرانیان لەبیر نەچۆتەوەو هەردەم باسی دەکەن.

کۆڕەو جگە لەوە مەزڵوومییەتی میللەتێکی 30 میلیۆنی، بەلام بێکیانی بە بیروڕای گشتیی دنیا ناساند، هەستی نەتەوەیی لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەهێز کردو نەوعێك هاودەنگیی نەتەوەیی لە نێو نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانیدا پێك هێنا.

بە پێی ئەساسنامە ، ساڵی 69، ساڵی گرتنی کـۆنگرە بـوو، بـەڵام بـەهۆی روون نـەبوونی وەزعی ناوچەو بەتایبەتی وەزعی عێراق کە ئێمە تێیدا دەژیان، گرتنی کـۆنگرە سـاڵێك وەدوا کەوت، بۆیە بە پێی رەواڵی ساڵان لە وەرزی بەهاردا خەریکی خۆسازدان بۆ گەڕانەوە بووین‌و لـە کاتی گەڕانەوەدا لەبەر ئەوەی هیچ گیروگرفتێك لەسەر رێمـان نـەبوو، لەسـەریەك گەڕاینـەوەو لەگەڵ تیمێکی 3 کەسی لە کادرەکان کە پاییزی 69 بەجێمان هێشتبوون کـە بڕۆنـە تورکیـەو لەوێوە لەگەڵ ناوچەی ورمێ‌و سەڵماس لە تەماس دا بن بۆ ئەوەی لە وەزعی ناوچەکە هـەواڵمان هەبێ، لە کاتی گەڕانەوەمان لە ساڵی 70 بۆ ناوچە، یەکمان گرتەوە. ئەو تیمە سـێ کەسـی‌یە: رۆستەم جەهانیگری، نایب مەشایخی‌و کەماڵ شەریفی بوون. کاتـێ لـە سـاڵی 69دا بـەجێمان هێشتن، یەك میلیۆن تمەن پووڵمان پێدابوون، کاتێ بە یـەك گەشـتینەوە، بـە شـۆخی پرسـیارم لـێکردن لەو میلیۆن تمەن پووڵە، چەندی ماوە؟ بە پێکەنینەوە وەڵامیان دامـەوە کـە پووڵەکـە هیچ کە تەواو بووە، برادەرێکی دڵـسۆزیش هـەر لـە رۆژی یەکـەمی چـوونیان بـۆ ئـستانبوڵ، ماڵێکی مانگانە بە 80 هەزا تمەن بۆ بەکرێ گرتوون‌و زۆر کۆمەکی دیکەشی کردوون. بەکورتی دوای پرسیارکردن لە وەزعی ناوچە، دەست بەکار بـووین‌و دابەشـینی کـارو دوایـی جەولـەکان دەستیان پێکرد لەو ساڵەشدا.

لە رووداوەکانی ئەو ساڵە، ناڕوونیی چارەنووسی تیمێکی 7ی کەسی بوو کە پێـك هـاتبوون لە مەلا جاسم ئیسماعیلی، جێگر لك، محەممەد ساڵەح شاهین (دربۆ)، سەرپەل، حوسەین ستوت، جێگری پەل‌و شارەزای تیم، محەممەد قاسمی، عوسمان ئەحمەدی‌و ئەیوب کـە دیـارە بـۆ دەوروبـەری شاری ورمێمان ناردبوون. لە رێکەوتی 70/4/20 هەر لـە سـەرەتای نـاردنی ئـەم تیمـە کـە پێکهاتبوو لە 4 پێشمەرگەو 3 بەرپرس، ئەویش هەرکام خۆیان بە شـتێك دەزانـی لەلایـەك‌و، مەلا جاسم کە جێگر لك بوو، کوڕێکی یەکجار قارەمان بوو، خۆی بە حەقـدار دەزانـی‌و لـەلای دیکەش، حوسەین ستوت، پێی وابوو ئەو نەبێ کەس لە ناوچەی ورمێ شارەزا نیە، دیاربوو کـە تیمەکە هەماهەنگ نیە، بەڵام بەو وەزعەشەوە بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیات بەڕێمان کردن تـا لـە رۆژی 70/4/25 ئەم تیمە لە دۆڵی "عومەر میرزا" لە دەوروبەری گوندی "کەریماوا" کـە لـە

حاڵی ئێستراحەتدا ببوون، دەکەونە بەر پەلاماری ڕێژێمو بە داخەوە سێ کەسیان بەناوەکانی: مەلا جاسمو دەربۆو حوسەین ستوت شەهید دەبنو 4 کەسەی دیکەش بە دیلی دەکەونە دەستی ڕێژێم. لەو چوار کەسە، ئەیوب پێشتر سەربازی ڕێژێم بووو پێوەندیی بە کادرەکانی حیزبەوە گرتبووو بەپێی گەڵاڵەیەکی دارێژراو پایەگای گوندی "کورەی سەرێ"ی بە نەفەرەوە تەحویلی کادرو پێشمەرگەکان دەداتو بۆخۆشی دێتە ریزی پڕ لە شانازیی پێشمەرگە. جەرەیانی لە داوکەوتنی ئەم هاوڕێیانەش وا دەبێ کە ئەم هاوڕێیانە پاش ڕێگابڕینێکی زۆر، دێنە گوندی کەریماوا و لەوێ بەشێکیان دەڵێن دەبێ بەبێ پەتوو بچینە دەرەوەو لە شاخەکان وەمێنین، بەشی دیکەشیان دەڵێن ساردەو دەبێ پەتوو ببەین. دەکەونە پەتوو کۆکردنەوەو لەو گوندەش جاسووسێك ئاگاداری پەتوو کۆکردنەوەکەیان دەبێو بەیانی ڕاپۆرتیان دەدەن، ئەمانیش کە زۆر ماندوو بوون، کە دەچنە شاخ بەبێ نیگابان دەخەون تا هێزی ڕێژیم دێتە سەریان. پێشمەرگەکانیش لەگەڵ ئەوەی کاتێ ئاگادار دەبن کە هێزی ڕێژیم هاتۆتە سەریانو بەتەواوی گەمارۆ دراونو گەمارۆکەش زۆر تەنگ بۆتەوە تا گەیشتوونەتە چەند قەدەمییان، بەم حاڵەش ئەم 7 پێشمەرگە ئازایە لە بەرانبەری هێزی زۆری ڕێژیمدا تا ئێوارە وەختانێ شەڕ دەکەن، بەڵام بەهۆی شەهیدبوونی ئەو سێ کەسە ئەسڵییەکانو نەمانی فیشەك، بەناچار تەسلیم دەبن. لەو شەڕەدا زیاتر لە 10 کەس لە هێزی ڕێژیم کوژراوە. مەلا جاسم کە بریندار بوو، بە برینداری بە دیل دەگیرێ، پاش ئەوەی رادیۆ کوردستان لەسەر رابردووی قارەمانەتی بە هەڵە وەك شەهید باس دەکا، ڕێژیم ئەوەی بۆ دەکەن بە پەروەندەو ئێعدامی دەکەن.

هەر لەم ساڵەدا پێشمەرگەکانی هێزی ئاگری لە ناوچەی "سۆما" دەوروبەری گوندی "سولتانی" کە لە مەرز هەڵکەوتووەو پایەگایەکی گەورەی ڕێژیمی تێدایە، کەمینێك دەگرن بۆ هێزێك کە خەریکی جادە بردنە بۆ سەر شاخەکانی ئەم گوندەو سەعاتی 4:30ی ئێوارەی ڕۆژی 70/5/7 ئەم هێزە دەکەوێتە کەمینی پێشمەرگە بەتواناکانی ئەم هێزەو لە ماوەیەکی کورتدا گرووپی زەربەتی ڕێژیم تەفرو توونا دەبێو 35 کەس لەو هێزە دەکوژرێو 13 کەسیشیان بەدیلی دەکەونە دەستی پێشمەرگەکان. لەم شەڕەدا دوو فەرماندەی ڕێژیم بەناوەکانی "سروان

نووری"، فەرماندەی گرووهی زەربەتی چەمران، جێگیر لـە سـیرۆو، رەزا رەزایـی، فەرمانـدەی گرووهی زیایی، لەنێو کوژراوەکاندا ناسراون. لەم شەڕەدا 4 ماشین ئاوریان تێبەر دراوەو لەسەر یەك 27 قەبزە چەكو 2 بیسیمی پی ئار سیو یەك دووربینـی نەقـشەبەرداری لەگـەڵ فیـشەكو کەرەسەیەکی زۆری دیکەی نیزامی، دەسکەوتی پێشمەرگەکان بوو.

لە مانگی گەلاوێژی ئەم ساڵەدا هێزی تورکیە هێرشـی کـردە سـەر دۆڵـی "خـاکورك" کـە مەقەڕی هێزەکانی P.K.K ی لـێبوو. لە سنووری ئەم شوێنەدا دوو تیمی گومرکی مەڵبەندی شومالو کۆمیتە شارستانی شنۆ، مەئموور وەرگرتنی گومرك لەو کەسانە بوون کە باریـان لـە ئێرانو تورکیەوە دەهێناو دەبرد. هەرچەند هێزە سنووریەکانی تورکیە لە بـوونی ئـەو ژمـارە پێشمەرگەیەی ئێمە لەو خەتە سنووریەدا، ئاگادار کرابوون، بـەڵام بـەو حاڵـەش لـە شـاڵاوی هێرشی تورکیە بۆسـەر P.K.K، بـە داخـەوە ئـەو 8 پێـشمەرگەیەی ئێمـەش دەکەونـە بـەر هێرشەکەو سەرەتا دەستگیر دەکرێنو بەبێ ئەوەی تەنانەت یەك فیشەکیش لە ئەرتەشی تورکیە بتەقێنن، دەستگیر دەکرێنو پاش ماوەیەك کە ئێمە ئاگاداری گیرانـی ئـەو هاوڕێیانـە کـراین، کەوتینە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بەزیندوویی یا مردوویی ئەو هاوڕێیانە. من چەندین جار لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی شەمزینانی تورکیە لەو بارەوە قسەم کردو وتم ئەو هاوڕێیانـەی ئێمـە بـە ئاگاداریی فەرماندەرانی مەرزیی ئێوە، لـەوێ بـوونو گرتنیـان لەلایـەن ئێـوەوە شـتێکی زۆر نادروستە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ، فەرماندەکانی تورکیە لە فەرماندە مەرزیەکانەو بگـرە تا فەرماندەکانی سـەرەوەتریش، گرتنـی ئـەو هاوڕێیانـەیان ئینکـار دەکـرد، بـەڵام ئێمـە لـە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە ئاگادار کراین کـە ئـەو 8 کەسـە لەلایـەن ئەرتەشـی تورکیـەوە گیراونو بەهۆی جاشێکی خائین بەناوی "فاخر" شەهید کراون. ئـەو 8 کەسـە بریتیبـوون لـە: عەبدوڵلا سەلیمی، کادر، عەینۆڵڵا خالیدی (خەبات) پێشمەرگە، کوڕێکی تازەهـاتوو بـەناوی واحێد دزەیی لە مەڵبەندی شومال، مەلا محەممەد ئەمین، مستەفا دانیـشمەند، ئیـبراهیم زەرزا، مستەفا بایزیدی، یونس بڵباسی کە هەموو پێشمەرگە بوون لە کۆمیتەی شنۆ.

پاش چەند عەمەلیاتی دیکە، لەوانە: واحیدی رەزمیــی موهەندیــسی تیپــی هــەمزە لــە ناوچەی مەرگەوەڕ لە ڕێکەوتی 70/6/21 کەوتە کەمینی پێشمەرگەکانو تەفروتوونا کــرا. بەرەبەرە هەوا ساردی دەکردو حەوانەوە لە شــاخەکان نــەدەکرا، ئــەو ســاڵەش ســاڵی گرتنــی کۆنگرە بوو، پێویست بوو زووتر بگەڕینــەوە، بۆیــە بەتــەواوی گەڕاینــەوە. بــەهۆی روودانــی هێندێك مەسەلە لەم ساڵە لەنێو کادرو پێشمەرگەکاندا، هێندێك دووبەرەکایەتی ســاز ببــوو کە کاتی خۆی داوایان لە من کرد هــەوڵ بــدەم بــۆ نەهێــشتنی ئــەو ناکۆکی‌یــە. منــیش وتم بەبڕوای من بوونی ئیختیلافی نەزەر لەنێو حیزبدا شتێکی ئاسایی‌یە. ئەو بــرادەرە کــە ئــەو داوایەی لــێ‌کردم، وتی تۆ وەك برا گەورە کە جێگای ڕێزی هەمووومانی، حەلی بکــەی باشــە، ئەگەرنا خەڵکی فرسەتتەڵەب زۆر بە خراپی کەڵك لەو نێوان ناکۆکی‌یــە وەردەگــرنو ئــەوەی زەرەری تێدا دەکا، یەکیان تۆ دەبی، واتە من. بەڵام من هەر قسەکەی خۆم دووپات کردەوەو پێم وابوو خۆیان بەشێوەی مەنتێقی بە قەناعەت بگەنو ئــەو ناکۆکی‌یــە لــە نێــوان خۆیــاندا لابەن باشترو پایدارترە. بەڵام بە هەر شێوەیەك بێ، ئیعتیراف دەکەم پێشنیاری ئەو هاوڕێیــە زۆر دڵسۆزانە بوو، من لەو بارەوە لە هەڵەدا بووم، چون من وەك بەرپرسی مەڵبەند یەکێك لە ئەرکە سەرەکی‌یەکانم پێکهێنانی هاوئاهەنگی‌و سەفاو سەمیمی‌یەت بوو.

قسەی ئەو هاوڕێیە زۆر بە دروست دەرچــوو. هێنــدێك ئینــسانی هەلپەرەســت کــە لــە ژیانیاندا کاریان دووبەرەکایەتی‌نانەوەو جەوسازی بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی خۆیان بــوو، لــەم وەزعە بە خراپ کەڵکیان وەرگرتو لە ئاوی لێڵ ماسیان گرت. ئەو کەسانە هەر ئەوانە بــوون کە لە هەموو حیزبدا جێیان نەدەبۆوەو بەشێك لە بەر فشاری ئۆرگانــەکانی ســەرەوە بەســەر مندا تەحمیل بوونو بەشێکیش لەسەر راسپاردەی دۆستان بردمە لای خۆمو ئەوپەڕی مەیــدانم پێدانو بە دڵەوە دۆستایەتیم لەگەڵ کردنو دەتوانم بڵێم بەشێك لەو جەوەش کە پێك هاتبوون بەتایبەت سەبارەت بە من، بەشــێکی دەگەڕایــەوە ســەر ئــەوەی مــن دیفــاعم لــەم بــرادەرە سەفارشی‌یە دەکرد.

پاش گەڕانــەوەی هــەموو هێزەکــانو چــەند ڕۆژ حەســانەوەیان، کۆبوونــەوەی کۆمیتــەی ناوەندی پێك هات. لە یەکەم کۆبوونەوەدا کۆمیتەی ئامادەکردنی کـۆنگرە پێـك هـاتوو لـە: سکرتێری حیزب دوکتــور ســەعیدو کــاك مــستەفا هیجـری، بەرپرســی سیاســیی نیزامــی. مامۆستا عەبدوڵڵا کە ئەودەم لە ڕێبەرایەتیـدا نـەبوو، حەمــە عــەلی عینایــەتیو منــیش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو کاك سەید عەلیی ڕەحمانیش لە نێو کادرەکاندا.

پاش پێکهاتنی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە، جموجۆڵ بۆ هەڵبژاردن دەستی پێ کـردو لە مەڵبەندی ئێمەشدا ئەوەی من بیرم لـێ نەکردەوە جەوسازیو ئامادەکاری کۆمــەڵێك بــوو بۆ کۆنگرە، بەڵام کۆمەڵێ لە ئاوی لێڵ ماسیگر، کـە دیــارە لەگــەڵ شــوێنەکانی دیکــەشدا هاوئاهەنگییان کردبــوو، کەوتبوونــە دەعــوەتو دەعوەتکــاریو داســتانی ســەیرو ســەمەرە سازکردن. لەو قسانەی کە سازیان کردبوونو بەوەش دوکتور سەعیدیان قەڵس کردبــوو، ئــەوە بوو کە گۆیان کۆمەڵێك واتە جنووبییەکان، دەیانهەوێ دوکتور سەعید لە ســکرتێری لابــەنو کاك مستەفا هیجری بکەنە سکرتێر کە دیارە ئەمــە فــڕی بەســەر ڕاســتییەوە نــەبوو، لــەو فەزایەدا بوو کە جارێکی دیکە کۆمیتەی ناوەندی کۆ بــۆوەو گەڵاڵــەی شــێوەی هەڵبــژاردنی ئەندامانی ڕێبەری لە کۆنگرەدا پەسند کرد. گەڵاڵەکە بەم شێوەیە بوو:

لە پێشدا نوێنەرانی چەند کۆنفرانس پێکەوە نوێنەرێ هەڵبژێرن بۆ کۆمیتەی هەڵبــژاردنی کۆنگرەو ئەو کۆمیتەی هەڵبژاردنە، بە باس لەسەر هــەرکام لــە کاندیــداتۆرەکان لیــستەیەك ئامادە بکەنو ئەوجار لیستەکە بکەوێتە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرەو لە قۆناغی یەکەمدا تەنیا بۆ ئەو لیستەیە هەڵبژاردن بکرێ. هەرچەند کەس لەو لیستەیە دەنگیان هێنایەوە دەبنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو باقیی ئەو کەسانە کە دەنگیان نەهێنایــەوە، واتــە "کمبــود"ی ژمارەی ئەندامانی کۆمتەی ناوەندی، سێ بەرابەری بتوانێ خۆی کاندیدا بکاو خەڵکەکە بۆی هەبوو بە تەك تەکی ئەندامانی ناو لیــستەکە دەنــگ بــدات. دیــارە پێویــست بــوو شــێوەی هەڵبژاردنەکەش کۆنگرەی پەسندی بکا کە پەسندی کرد. "ترکیــب"ی کۆمیتــەی هەڵبــژاردن وابوو، شوماڵو شنۆ یەك نوێنەر، کۆمیتەکانی بۆکان، مەهاباد، بانە، سەردەشــت، ڕەبــەتو

سپیسەنگ دوو نوێنەرو مەڵبەندەکانی جنووبیش یەك نوێنەرو کۆنفرانسی دەفتەری سیاسی یەك نوێنەر لەگەڵ نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیو سکرتێری حیزب. نوێنەری شومالو شنۆیە رۆستەم جیهانگیری، نوێنەری کۆنفرانسی دەفتەر تەها عەتیقی، نوێنەری جنووب ئەحمەد پادگانی، نوێنەری کۆمیتەکانی ناوەند عومەر باڵەکی، نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی، کاك محەممەد نەزیف قادریو کاك فەتتاح عەبدولی بوو.

لە دانیشتنێکی دیکەی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەدا کە بە تەسویبی کۆمیتەی ناوەندییش گەیشتبوو، باس لەسەر چلۆنایەتیی بەرێوەبردنی کۆنفرانسەکان کراو تیمەکانی گرتنی کۆنفرانس کە پێك دەهات لە نوێنەرێکی دەفتەری سیاسی، نوێنەرێکی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە، نوێنەرێکی کۆمیسیۆنی سیاسی ــ نیزامی دیاری کران، بەڵام لە بەرێوەبردنی کۆنفرانسەکانی کۆمیتەو مەڵبەندەکان، پێویست بوو کۆنفرانسی هێزەکان بەرێوە بچێ، بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان بە نسبەتێك کە بۆ ئەو کۆنگرەیە 10 بە 1 دیاری کرابوو، واتە هەر 10 پێشمەرگە 1 نوێنەریان بێتە کۆنفرانسی کۆمیتەو مەڵبەند. بۆ بەرێوەبردنی کۆنفرانسی پێشمەرگەکان، بەرپرسی کۆمیتە یا مەڵبەندو نوێنەری کۆمیتەی ئامادەکردنو نوێنەری سیاسی ـ نیزامی، بەشدار دەبوون. لە مەڵبەندی شیمالو کۆمیتەی شنۆ لە گرتنی هەردوو کۆنفرانسی هێزو کۆمیتەو مەڵبەنددا من وەك نوێنەری کۆمیتەی ئامادەکردن دیاری کرابووم. لە رۆژە دیاریکراوەکاندا کۆنفرانسەکانمان بەرێوە بردن. لە پێشدا نوێنەری پیشمەرگەمان هەڵبژاردو پاشانیش نوێنەری مەڵبەند بۆ بەشداری لە کۆنگرەو راپۆرتەکەمان ناردەوەو لە کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئامادەکردندا کاك دوکتور سەعید بە منی گوت: "ئێمە کۆنگرەکەمان لە "گەلی بەدران" کە زیندانی تێدا بوو، دەگرین. تۆ دەبێ رۆژی 29ی سەرماوەز بە نوێنەرانی شنۆو شیمال رابگەیەنیو بەرەو شوێنی دیاریکراو حەرەکەت بکەی، بەڵام لەبەر ئەوە کەس نەزانێ شوێنەکە کوێیە، سەرەتا دەبێ بێتە دەفتەرو لە دەفتەرەوە بەرێ دەکرێن بۆ شوێنی دیاریکراو."

پاراستنی شوێنەکە بە نهێنی بوو، و ئەو نهێنیکارییە لەبەر ئەوە بوو کە ئەگەر رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی کە زۆر لە تەعقیبی شوێن و جێگای کۆنگرەکەدا بوو، زانیبای، بە ئیحتمالی زۆر بۆمبارانی دەکرد. بۆیە پێویست بوو هەم شوێنی کۆنگرەکەو هەم رێکەوتی بەڕێوەچوونەکەی بە تەواوی نهێنی بێ. لە گەڕانەوەمدا بۆ مەڵبەندی شیمال کە لە "بێشێ" لە بناری "هەڵگورد" بووو کۆمیتەی شنۆش لە "مام خەتیب" هەر لەو دەوروبەرە بوو، سەردانی کۆمیتەی شنۆم کرد بۆ ئەوەی مەسەلەکە لەگەڵ کاك لوقمان مێهفەڕ کە بەرپرسی کۆمیتەی شنۆ بوو، باس بکەم. کە چوومە کۆمیتەی شنۆ، لەبەر قاڵبوونی دیوەکەیان، داوام لە کاك لوقمان کرد بێتە دەرەوە یەك دوو قسەیەکم لەگەڵیا هەیەو دەرکەوتین و چوینە سەر بانی کۆمیتە شارستان، هەر ئەو بانەی کە لەگەڵ موراد ئەحمەدی سەبارەت بە دیاریکردنی موشاویر لە پاش کۆنگرەی 8 قسەمان لێکردبوو. من ئەم بانەم ناو نابوو "بانی سیاسەت". قەزیەکەم لەگەڵ کاك لوقمان باس کرد و پاش باسکردنی مەسەلەکە، کاك لوقمان پرسیاری لێکردم کە دەنگۆیەك هەیە کە گۆیا دووبەرەکایەتی لە حیزب دا هەیە. منیش لە وەڵام دا گوتم: وا دەڵێن، بەڵام تۆ گوێ مەدەیە. ئیسراری کرد دووبەرەکایەتییەکە لە نێوان کێ دایە. منیش وتم من بە هیچ دووبەرەکایەتییەك نازانم تا بۆخۆی وتی دەڵێن لە نێوان کاك تەها عەتیقی و جەعفەر حامیدی لەلایەك و کاك شاهۆ لە لای دیکەیە. منیش وتم وای دابنێ، بەڵام ئێمە کارمان بەو دووبەرەکایەتییەوە چییە؟ پاش ئەم قسانە بەجێم هێشت و رۆیشتم و دروست لە رۆژی دیاریکراودا هەردوو کۆمیتەکەم هەڵگرت و بەرەو شوێنی کۆنگرە وەڕێکەوتین. کۆنگرە لە رێکەوتی 1370/9/30، واتە شەوی یەلدا، شەوی لە دایکبوونی دوکتور قاسملووو هەر بەناوی "کۆنگرەی قاسملوو" دەستی بە کارەکانی کرد. لەم کۆنگرەیەدا بێ دوکتور قاسملوویی بە تەواوی دیار بوو. کۆنگرە لە کەشوهەوایەکی مات دا دەستی بەکار کرد. پاش خوێندنەوەی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و قسە لەسەر کردنی، لە کاتی پشوودانەکاندا کۆمیتەی هەڵبژاردن، بۆ دیاریکردنی لیستەی کۆمیتەی ناوەندی، کۆبوونەوەیان دەکرد و تا لیستەکەیان ئامادە کرد.

کۆمیتەی هەڵبژاردنەکە پێکهاتبوو لە کاك دوکتور سەعید، کاك مستەفا هیجری، کاك محەممەد نەزیف قادری، کاك فەتتاح عەبدولی، تەها عەتیقی، رۆستەم جەهانگیری، ئەحمەد پادگانی.

لە کاتی ئامادەکردنی لیستەدا بوو کە تەها عەتیقی منی بانگ کردو وتی پرسیارێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە گۆیا تۆ وتووتە تەها عەتیقی هۆکاری ئاژەوەیە. لێم پرسی کێ وتوویە؟ وتی لوقمان مێهفەر! لەگەڵ ئەوەی کە قسەی وام قەت لەگەڵ لوقمان نەکردبوو، "غرور"ێکی بێجێ گرتمیو پێم وابوو ئەگەر بڵێم من شتی وام نەگوتوە، وا حیساب دەکا کە من بۆ رەئی لێی دەپاڕێمەوە، بۆیە وتم بەڵێ وتوومە، تەهاش وتی خۆ منو تۆ پێکەوە دۆست بووین، کەوابوو باشە.

لە کاتی هەڵبژاردن دا کاك دوکتور سەعید کاندیداتۆرەکانی ناساندن، کە گەیشتە لای کاك عەبدوڵڵا شەریفی خەڵکی مەهاباد، بە ستوونی حیزبو خۆش فکرو نووسەری ناوبرد، گەیشتە لای من وتی وەك بۆخۆی دەڵێ ـ واتە من ـ هەموو شوێنێکی کوردستان گەڕاوە، وەك ئەوەی هەموو کوردستان گەڕابم تەشیم فرۆشتبێ، بەجۆرێك ناساندنەکەی دوکتور سەعید، لایەنگریو دژایەتیی پێوە دیاربوو. دیارە لە کاتی ناساندنەکەدا جەعفەر کادری مەڵبەندی شیمال کە موخالیفی من بوو، هەستایە سەر پێو وتی کاك تەیموور سفرو هەزارەو ئەمە رستەیەك بوو کە بۆخۆم فێرم کردبوو. راستیان گوتوە "از ماست که بر ماست". بە کورتی لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردنی لیستەکەدا کاك سەید رەزا دەنگی نەهێنایەوەو منو شاهۆش کەوتینە دەوری دووهەم بۆ ئەوەی یەکمان هەڵبژێردرین. بەڵام بە پێی گەڵاڵەکە لە دەوری دووهەم دا خەڵك حەقی خۆ کاندیدکردنی هەبوو، بۆیە کاك عومەر حەمیدییان لە بەرامبەر منو شاهۆدا راست کردەوە. منیش زانیم شاهۆ لە کاندیدابوونی خۆی ناکشێتەوەو ئەگەر ئێمە دوو کەسی لە رەقابەتەکەدا بین، هەردووکمان دەکەوین، بۆیە رام گەیاند دەکشێمەوە. هەرچەند لەملاولا هاواریان کرد مەکشێوە دەنگت دەدەینێ، وتم نا دەکشێمەوە. بۆیە رەقابەت کەوتە نێوان شاهۆو عومەر حەمیدی. دیارە شاهۆ موخالیفی زۆر بوون، بەڵام هەر ویژدانێکی سەلیم قەزاوەتی کردبا، لە یەکەم مەرحەلەدا شاهۆی هەڵدەبژارد، چون لەگەڵ رێزم بۆ کاك عومەر کە

رەفیقیشمە، لەگەڵ شاهۆ زۆریان فەرق بوو. بەڵام تا سێ دەور هەڵبــژاردنیان بــۆ کــراو کەسـیان نیوەی + 1، واتە دەنگی موتڵەقی نەهێنایەوە، بۆیە دوکتور سەعید پێشنیاری بە کۆنگرە کـرد کە ئەمجارە هەر کەس دەنگی زۆرتری هێنـا، ببێتـە ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدی. کـۆنگرەش ئەمەی قەبووڵ کرد،دەوری ئاخیر شاهۆ بە ئیختلافی 2 دەنگــەوە بــوو بــە ئەنـدامی کۆمیتــەی ناوەندی. بۆ جێگریش لە قۆناغی دوایی‌دا هەڵبــژاردنیان کـرد، هەرچـی داوایـان لـــێ‌کردم بــۆ جێگری خۆم بپاڵێوم، خۆم کاندید نەکرد. بەم چەشنە پاش کۆتایی هەڵبژاردن، کـۆنگرە کۆتـایی پێ‌هاتو هەرکەس گەڕایەوە بۆ شوێنی کاری خۆی.

پاش تەواوبوونی کۆنگرە، لە دەفتەری سیاسی بانگیان کردم، وا دیاربوو دەفتەری سیاسی قسەیان کردبوو کە داوام لــێ بکەن بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانێك قەبووڵ بکەم، منیش چوومە سیاسی نیزامی‌و کاك مستەفا هیجری کە بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بوو، داوای لــێ‌کردم کە بەرپرسایەتیی مەڵبەندی یەك قبووڵ بکەم کە مەڵبەندێکی گەورە بووو مەعموولەن ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییان بۆ دیاری دەکرد. منیش بە کاك مستەفام وت باشە ئەوە هەموو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندین، با یەکێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ببێتە بەرپرس. کاك مستەفا وتی تۆ لە مەڵبەندی شیمال دا سەرکەوتوو بووی، بۆیە داوامان ئەوەیە بەرپرسایەتیی مەڵبەندی یەك قەبووڵ بکەی. منیش وتم بەڕاستتە، ئەگەر سەرکەوتوو بووم ئەدی بۆ دەنگم نەهێنایەوە؟ کاك مستەفا وتی دەنگ هێنانو نەهێنان میلاك نیە، تۆ فەزایەکت بۆ خولقاو دەنگت نەهێنایەوە. ئێستا ئەگەر ئەو کارە بکەی، بە قازانجی خۆتو حیزبە. منیش وتم ئامادەم کادرێکی سادەی ئۆرگانێکی زۆر خوارەوەی حیزب بم، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیم بەرپرسایەتیی هیچ کۆمیتەو ئۆرگانێك وەئەستۆ بگرم. زۆر ئیسراری کرد، بەڵام فایدەی نەبوو. بۆیە داوای لــێ‌کردم سەرێکی دوکتور سەعید بدەم، وتم باشە. کە چوومە لای دوکتور سەعید، پاش ئەحواڵپرسی، یەکەم پرسیاری لــێی کردم، وتی بە نەزەری خۆت بۆ شکستت خوارد؟ وتم ئەو تاریفەی تۆ لە کاك عەبدوڵڵا شەریفیت کردو ئەو تاریفەش لە من، هەر دەبا ئاکامەکەی ئەوە بێ. وتی ئەوە شتی لاوەکی‌یە. وتم جا من بە هیچی دیکەی نازانم،

ئەگەر جەنابت دەیزانی بفەرموو. وتی: بە نەزەری من هۆی شکستی تۆ دوو شت بوو. یەکەم، کە رقت لە کەسێك بوو ناتوانی بیشاریتەوە، منیش وتم راست دەکەی، باش بێ‌و خراپ بێ من وام. پاشان وتی دووهەم، ئەوەیە تۆ زۆر توندی. منیش وتم بەڕاستی توندی هۆکاری دەنگ نەهێنانەوەی من بوو؟ وتی بەڵێ. وتم ئەگەر وابا دەبا جەنابیشت دەنگت نەهێنابایەوە، چون تۆ زۆر لە من توندتری. وتی ئاخر کاك تەیموور مەسەلەی وا دێتە پێشێ ئەگەر ئینسان هەڵوێستی لە بەرامبەردا نەگرێ، وەك یەرەڵماسی لێ دێ. منیش وتم خۆ منیش لاقی کەسم نەگرتوە، شتی نادروست باس کراوە یا هاتۆتە پێشێ‌و هەڵوێستم لە بەرامبەریدا گرتوە. بەکورتی پاش ئەم قسانە داوای لێ‌کردم بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد قەبووڵ بکەم کە هەم پشتیوانیم دەکات‌و هەم دەمکاتە موشاویری کۆمیتەی ناوەندی. منیش ئەو وەڵامەی کە بە کاك مستەفا هیجریم دابۆوە، هەر عەینی وەڵامم بە کاك دوکتور سەعیدیش دایەوە، بۆیە بە تەوافوق نەگەیشتین. دیارە بەرەبەری کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی‌و دابەشکردنی کار بوو.

لە مانگی بەفرانباردا لەگەڵ خێزانم سەفەرێکی سلێمانیم کرد و لە گەڕانەوەدا بەلای "لێوژێ"دا هاتین کە تازە شکۆفەی خوشکم لە ئێرانەوە هاتبووو ماڵیان لە لێوژێ بوو. سەید رەزا تا ئەو کاتیش هەر بەرپرسی مەڵبەندی سپی سەنگ بوو. یەکەم شەوی مانەوەمان ئەوەندە بەفر باری کە لێوژێ بۆ ماوەی 19 رۆژ بوو بە جێگامان. هەر بە شۆخی‌و مەزاح لەگەڵ کاك کەماڵ دشەیی بوو کە ئەو 19 رۆژەمان تێپەڕ کرد. لەو ماوەیەدا کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بەرێوە چوو. لەو کۆبوونەوەیەدا چوار کەسیان وەك موشاویر دیار کردبوو. سەید برایم هاشمی، عومەر باڵکی، سەید رەزا درووودگەرو ئەحمەد پادگانی. لە جەرەیانی هەڵبژاردن دا پرسیاریان لە دوکتور سەعید کردبوو، تەیموور بۆ لە لیستەی موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندیدا نیە؟ دوکتور سەعید وەڵامی دابۆوە کە کاری قەبووڵ نەکردوەو دەیهەوێ بچێ بۆ دەرەوە. برادەرێك گوتبووی باشە ناکرێ ناوبراویش پێشنیار بکەین؟ دوکتور سەعید گوتبووی بەهیچ شێوەیەك نابێ. بەم چەشنە ئەو 4 کەسەیان وەك موشاویری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرد. لەگەڵ ئەوەی پڕ بەدڵ موشاویربوونی زۆربەی ئەو هاورێیانەم پێ‌خۆش بوو، بەڵام لە بێ

ئینسافیی دەفتەری سیاسی، زۆر نارەحەت بووم. ئـاخر هـەموو سـاڵێك لـە گەڕانـەوەمدا هـەم دەفتەری سیاسیو هەم بەتایبەتی دوکتور سەعید لەو سەرکەوتنانە کە لـە مەڵبەنـدی شـوماڵ وەدەست هاتبوونو بەشێکی ئاکامی مودیرییەتی من بوو، ڕێزیان لـێ دەگـرتم، کەچـی ئـەوە هەڵسوکەوتیان بـوو لەگـەڵ مـن. دیـارە لـە دابەشـکردنی کـاردا وەك جێگـری کۆمیـسیۆنی کۆمەڵایەتی دیارییان کردبووم. لە کۆبوونەوەیەکی کومیتەی ناوەنـدی کـە لـە "بۆکریـسکان" گیرابوو لەو کۆبوونەوەیەدا تـەنیا مـن وەك موشـاویری کۆمیتـەی ناوەنـدی دیـاری کـرام کـە سوپاسیان دەکەم.

جواد كورخماز

# تەيموور مستەفایی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

## هەلومەرجێکی نوێ بۆ کوردەکان لە جیهاندا

تەیموور مستەفایی لە چل‌و پێنجەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی حیزبەکەیدا، هەواڵنێری ڕۆژنامەی "یوزئیل" (جەواد کورخماز)ی میوانی کردبوو. ڕوونکردەوەیەکی لەسەر ئاکامەکانی نزیکبوونەوەی دەوڵەتەکانی ئێران‌و عێراق بە هەواڵنێری یوزئیل دا:

**پ: نزیکبوونەوەی حکوومەتەکانی ئێران‌و عێراق چ شوێنەوارێکی لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ؟**

و: زۆر گرانە ئەگەر بڵێم ئەمە بە قازانجی ئێمە تەواو دەبێ. هەڵوێستی ئێران هێشتا ڕوون نیە، گرنگ ئەوەیە لەم پێوەندی‌یەدا عێراق لە ئێران چیی دەوێ؟ ئێران ئەیهەوێ سەرنەکەوتنەکانی خۆی لە شەڕی هەشت ساڵەدا بشارێتەوە، خۆی بە سەرکەوتوو نیشان دەداو لەم پێوەندی‌یەدا من بیر لە شتی دیکە دەکەمەوەو لەلای دیکە ئێران ناتوانێ دژی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بجووڵێتەوە. هەرچەند زۆربەی وڵاتانی دنیا لە شەڕدا لایەنگریی عێراقیان کردوە، بەو حاڵەشەوە ڕەفسەنجانی گرنگی‌یەکی زۆر بە پێوەندی‌یەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەداو دەیهەوێ ئەو پێوەندی‌یە لەرزۆکە بپارێزێ.

**پ: لە قسەکانی سەدام حوسێندا هیچ شتێك سەبارەت بە کوردەکان نەگوترا. ڕەنگە جارێ بە نهێنی ڕابگیرێ، بەڵام داخوا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئێران لە بەرانبەر ئەو ئێمتیازانە بە عێراق دەیدا، داوای ئێوە بکات؟**

و: ئەڵبەتە گەورەترین گرفتی ئێران (حدکا)یە کە دژی حکوومەتی ناوەندی خەبات دەکا. حکوومەت بۆ تۆقاندنی خەڵکی ئێمە بە میلیاردها دۆلاری خەرج کردوە، هەزاران مرۆڤی بێ گوناحی ناردۆتە شەڕ لەگەڵ ئێمە. هیچ شکێکتان نەبێ کە داوا دەکا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە عێراق وەدەر بنێن. لەو حاڵەتەدا ئێمە بۆ ماوەیەك ڕەنگە پێوەندیمان لەگەڵ دنیای دەرەوە بپچڕێ. دەمهەوێ دڵنیاتان بکەم کە حیزبی دێموکرات لە دنیادا دۆست‌و لایەنگری زۆر بەهێزی هەیە. ئێمە لە ساڵانی ڕابردووەوە فێر بووین کە چۆن لەسەر پێی خۆمان ڕابوەستین‌و ئەگەر پێویست بێ مەقەڕەکانمان دەگوێزینەوە بۆ شاخەکانی کوردستان.

**پ: داخوا ئەم خەتەرە بۆ گرووپی دیکەی دژی ئێران‌و موجاهیدین کە ئەسڵەحەی قەویشیان هەیە، نیە؟**

و: ڕێژیمی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لە نفووزی خۆی دەیهەوێ تەواوی ئەو گرووپ‌و لایەنانە لە نێو بەرێ. گرنگ ئەوەیە عێراق بە داخوازی‌یەکانی ئێران چ وەڵامێك دەداتەوە؟من وا بیر دەکەمەوە کە ئەم دوو ڕێژیمە ناتوانن ڕابردوو لە بیر بکەن‌و لە هەلومەرجی شەڕدا هیچ شتێك دیارو ثابیت نیە.

**پ: ئەگەر موجاهیدین لە عێراق جیا بێتەوەو دەربکرێ، داخوا وەك ساڵی 1980 بیر لە هاوکاری لەگەڵ ئەوان ناکەنەوە؟**

و: بەم وەزعەی ئێستای موجاهیدینەوە لەم کاتانەدا ناتوانین هاوکاریمان هەبێ. بەڵام بە تێپەڕینی زەمـان دەکـرێ لـە زۆر شت ببوری. ئەگەر هێندێك شتیان هەیە دروست بێ‌و لەوانەیە ئێمەش نەزەرمان بگۆڕدرێ. ئێمە بە پێـی پرنـسیپێ، ئامادەی هاوکاری لەگەڵ هەر هێزێکی دژی ڕێژیمین، بەو مەرجە بیروبۆچوونمان زۆر لێك جیاواز نەبێ.

**پ: ئێوە لە حاڵی بەڕێوەبردنی چلو پێنجەمین سـاڵڤەگەڕی (حـدکا) دان. داخـوا بـەم بۆنەیـەوە لـە نـاوخۆی وڵات تێکۆشانتان هەیە؟**

و: زۆر وەختو وەك هەمیشە، بەو پاسگانە کە پاسدارەکانی ڕێژیمیمان تێدا نیشتەجێن، هێرش دەکەین. هەر دوێنـێ لە نزیك شاری ڕەزاییە هێرشمان کردە سـەر پاسـگایەکی ڕێـژیمو نزیکـەی 40 پاسـداری حکوومـەت کـوژرانو لـە نـاو شارەکانیشدا تێکۆشانمان هەیە.

**پ: ئەگەر تورکیە لەگەڵ عێراق بە شەڕ بێت، ئەم وەزعە کوردەکانی ناوچە لە چ حاڵەتێکدا قەرار دەدا؟**

و: بۆ هەموو کوردەکان لە دنیادا هەلومەرجێکی نوێ دێتە کایەوە. ئەگەر ئامریکاش هێرش بکاتە سەر عێراقو لـەو هێرشەدا سەرکەوتوو بێ، نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە نوێوە دەکێشرێتەوە. سەدام تەنانەت ئەگەر لە شەڕیشدا تێك بشکێ، دیسان دەورووبەری خۆی دەلەرزێنێ. لە هەلومەرجێکدا کە لە هەر کات لـە حـاڵی ئـاڵوگۆڕ دایـە، پێـشبینیی ڕووداوەکان زۆر دوژوار بە نەزەر دەگات. ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاشتیییەکی بەردەوام بێتـە پـێش، بـە قـازانجی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان نیە، بۆیە بەم هۆیەوە لەم هەلومەرجە قەیرانییەدا کە چەندین ساڵە ڕێژە دەکێشێ، هەر کەس دەبێ بۆ هەلومەرجی تازە خۆی ئامادە بکات.

***

# ئالبۆمی وێنەکان



دزاوەر، پاییزی 59

لە ڕاستەوە: شەهید محەممەد عەبباسی، عومەر شەریفزادەو تەیموور مستەفایی




خدراویێ سەردەشت، بەهاری 60، کەلاسی سیاسی. لە ڕاستەوە: قادری عەبدی، عەبدوڵلا حەسەن زادە، دوکتور قاسملوو، شەهید مەجید، ئەوانەی دانیشتوون: جەزا ساڵحیو تەیموور مستەفایی




بەهاربەندی دیواندەرە، ساڵی 1363. سێ بووکو سێ زاوا لەگەڵ چەند پێشمەرگەی دیکە



ئیسحاقاوای سەقز، ساڵی 1363. تەیموور مستەفاییو شەهید شارۆخی مورادی



ئیسحاقاوای سەقز،ساڵی 1363. تاهیر عەلیار، شەهید هومایون ئەردەڵان، شەهید سەرگورد عەلیار، تەیموور مستەفاتیو چەند پێشمەرگەی کومیتەی دیواندرە




سەقز، بایری خواروو، 1364. لە راستەوە تەیموور، شەهید مەنسوور ناسریو شەهید فەتاح عەبدولی



سەقز، شلێر، 1364. لە راستەوە: شەهید جەمیل حوسەینی، شەهید مەنسوور فەتاحی، تەیموورو فاتێح زەردوشتیان



دەفتەری سیاسی ـ گەورە دێ، جەژنی چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزب



کانیمێو،
سالۆنی کۆنگرەی 7،
ساڵی 64



فەیزوڵڵا بەگی سەقز، ساڵی 65، تیمی تەشکیلاتیی کومیتەی سەقز، لە راستەوە: عارف، رەحمان مورتەزازادە، محەممەد ئەمین حەوتاشیو تەیموور



11ـ مەڵبەندی شیمال، 67

دوکتور قاسملووو تەیموور



25ی گەلاوێژی 69، رەنگینۆك، لە چەپەوە: دێوانە، تەیموور، ئەحمەد بەندەیی، محەمەد حەقدارو سەید رەسووڵ ئەحمەدی



دۆگۆ، ساڵی 67، لکی دوو، پیش عەمەلیاتی گرتنی پایەگای "شێروانی"



بۆڵێ، سیاسی ـ نیزامی، ساڵی 70. لە راستەوە: سەید رەزا درووودگەر، شەهید مەنسوور فەتاحی، محەممەد ئەمین کەریمیان، هیوا شەریفی، تۆفیق، شاهۆ حوسەینیو تەیموور



ساڵی 1369، دالآنپەڕ، شیمال. شەهید بەهرام ئازادفەڕ، تەیموور



1369، بۆزیسینا، مەرگەوەڕی ورمێ، حەرەکەتی پێشمەرگە



جۆزەردانی 69، دالآنپەڕ، شیمال، حەرەکەتی پێشمەرگە

Formatted: Ce



ساڵی 69، لە راستەوە: ساڵەح رەبەتی، سەید برایم هاشمی، تەیموور، مستەفا هیجریو سلێمان کەڵەشی

# بەڵگەکان

İRAN KÜRDİSTAN DEMOKRAT PARTİSİ MK ÜYESİ MUSTAFAİ

# "Dünya Kürtleri için yeni bir dönem"

**İ**KDP Merkez Komite üyesi Timur Mustafai, Parti'nin 45. yıldönümü törenlerine çağrılan *Yüzyıl* muhabiri Cevat Korkmaz'a Irak-İran yakınlaşmasının doğuracağı sonuçları değerlendirdi.

*—İran-Irak yakınlaşması İKDP'yi nasıl etkiler?*

—Bu anlaşmanın, bizim yararımıza sonuçlar doğuracağını söylemek çok güç. İran'ın tavrı henüz belli değil. Önemli olan, Irak'ın, bunca tavize karşılık İran'dan ne istediğidir. İran Hükümeti, 8 yıllık savaşta kazanamadıklarını, hiçbir çaba göstermeden kazanmış görünüyor. Bu görüntünün temelinde başka şeyler olduğunu düşünüyorum. İran, BM kararlarına aykırı hareket edemez. Rafsancani, Batılı ülkelerle ilişkilerin gelişmesine büyük önem veriyor. Tüm dünya ülkelerine rağmen, İran'ın Irak'a açıktan destek vereceğini sanmıyorum. İllegal ilişkilerle, karşılıklı yararlar sağlanabilir.

*—Saddam'ın açıklamasında, Kürt'leri ilgilendiren hiçbir şey yoktu. Bu bölüm belki de şimdilik gizli tutuluyor. İran, Irak'a vereceği "Şimdilik meçhul" tavizlere karşılık sizi talep edebilir mi?*

—Elbette... İran Hükümeti'nin en büyük sorunu, ülke içinde merkezi yönetime karşı savaşan İKDP'dir. Bizi yıldırmak için milyarlarca dolar harcamayı, binlerce insanı ölüme yollamayı göze alan İran Hükümeti, hiç kuşkunuz olmasın İKDP'yi isteyecektir. İKDP Üssünün, Irak'tan çıkarılması, dış ilişkilerimizi geçici bir süre için olumsuz etkileyebilir. İKDP'nin tüm dünyada çok güçlü dostları olduğunu hatırlatmak isterim. Ayaklarımızın üzerinde durmayı yıllar önce öğrendik. İKDP Üssünü gerekirse İran dağlarına taşırız.

*—Irak'ta, İran aleyhine faaliyet gösteren Halkın Mücahitleri de var. Bu örgütün çok güçlü silahlara sahip olduğunu duyuyoruz. Aynı tehlike onlar için de söz konusu mu?*

—İran yönetimi, Irak'ta mevzilenerek, kendisine saldıran tüm güçleri et-

دەقی وتوویژی  ڕۆژنامەی "یوزئیل" لەگەڵ نووسەر (بەشی یەکەم)

kısız hale getirmek isteyecektir. Sorun, Irak'ın bu yöndeki talepleri kabul edip etmeyeceğidir. İki ülke arasındaki güvensizlik ortamının giderildiği kanısında değilim. Savaş koşullarında hiçbir şey belirleyici ve kalıcı değildir.

*—Halkın Mücahitleri de Irak'tan çıkarılırsa, onlarla 1980'lerde olduğu gibi yeniden işbirliği yapmayı düşünür müsünüz?*

—Bugünkü yapıya sahip mücahit örgütüyle birlikte hareket etmemiz düşünülemez. Ancak, zaman içerisinde bazı şeyler aşılır, düzelme görülürse, bizim de düşüncelerimiz değişebilir. Biz, prensip olarak İran'a karşı savaşan herkesle işbirliğine hazırız. Ancak, aramızda çok büyük görüş farklılıkları olmamalı.

*—Son gelişmeleri Irak KDP'si için nasıl değerlendiriyorsunuz?*

—Şu ana kadarki gelişmelerin hepsi Irak KDP'sinin lehine görünüyor. Hata yapmamaları gerekiyor. Saflarını kesin ve net olarak belirlemek zorundalar. Kriz sonrasını çok iyi değerlendirip hedeflerini çok iyi tespit etmeliler. Irak KDP'nin son şansı olduğunu düşünüyorum. Bazı fırsatlar her zaman ele geçmez.

*—İran, Saddam'ın talepleri arasında varsa eğer, Irak KDP'sinin Rajan'dan çıkarılmasına rıza gösterir mi?*

—Bugünkü molla yönetimi, devrimde kendisine destek olan bu örgüte, her partiye kazık attı. Sürekli kendi çıkarlarını ön planda tutan bir anlayışa sahipler. Bu yönde her şeyi yapabilirler. Kazandıklarının yanında, Irak KDP'sini ülke dışına çıkarması, yönetim için basit bir oyundur.

*—İKDP'nin 45. yıldönümünü kutluyorsunuz. Ülke genelinde yapmayı tasarladığınız eylemler var mı?*

—Genellikle pastar karakollarına saldırılar düzenlenecek. Dün, Rezaiye yakınlarındaki bir karakola baskın düzenledi 40'tan fazla devrim muhafızı öldürüldü. Şehir merkezlerinde de gösteriler olacak.

*—Türkiye Irak'la savaşırsa bu durum bölge Kürtlerini nasıl etkiler?*

—Bütün dünya Kürtleri için yeni bir dönem başlıyor. ABD-Irak'a saldırır ve savaşı kazanırsa, Ortadoğu haritası yeniden çizilir. Saddam, savaşı kaybetse dahi çevresini sarsacaktır. Süratle değişen koşullarda, geleceğe dönük tahliller yapmak çok zor. Ortadoğu'da kalıcı bir barış, emperyalist güçlerin işine gelmez. Bu nedenle, karışıklığın daha uzun yıllar süreceğine herkes kendini hazırlamalıdır.


دەقی وتووێژی رۆژنامەی "یوزئیل" لەگەڵ نووسەر (بەشی دووەم)

Naci SAPAN / ŞEMDİNLİ

● Hürriyet muhabiri, İran sınırındaki dağları elinde tutan ve PKK militanlarının da zaman zaman eğitim gördükleri "vurkaç" uzmanı Peşmergelerle görüştü...

● **Peşmerge lideri Timur Mustafai, "Kürdistan'da bağımsızlık alınıncaya kadar savaşacağız. Tek Peşmerge kalana kadar, silahı bırakmayacağız" diyor...**

● 12. sayfada



وێنەو وتووێژی هەواڵنێری رۆژنامەی "حورییەت" لەگەڵ نووسەر



هەواڵنێری رۆژنامەی "حورییەت" لەگەڵ نوسەرو چەند پێشمەرگەیەک لە کاتی نان خواردندا




بەشێك لە پێشمەرگەكانی ناوەندی شیمال - سەرچاوە: ڕۆژنامەی "حورییەت"



نووسەر بە کامێرای هەواڵنێری ڕۆژنامەی "حورییەت"



بەشێك لە پێشمەرگەكانی ناوەندی شیمال - بە كامێرای وێنەگری رۆژنامەی "حورییەت"





بۆ هەموو کۆمیتەی مەڵبەندو شارستانەکان ·

ڕێزو سڵاو ·


لەو ڕۆژانەدا کەچەک وچۆڵێکی زۆر کەوتۆتە دەستی خەڵک وبەقیمەتی هەرزان مامەڵە دەکرێ ، ڕەنگە هێندێک لەکادرو پێشمەرگەکانی حزبیش بەمەبەستی کڕین وفرۆشتنەوە یان هەر مەبەستێکی دیکە ئیقدام بەکڕینی چەک بکەن ·

تکایە بەمەبەستی بەرگری کردن لەوکێرو گرفتانەی کەلەئاکامی ئەو کارەدا دێتە پێش زۆر بەجیددی بەرگری لەوکارە بکەن وئەگەر کەسانێک بێجگەلەو بە ئەمانەتەوە کارەیان کردبێ ئەو چەکەی لەماوەی حەوتوویەک داچەکەکڕاوەکە بفرۆشنەوە · کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی هەموو ئەو چەکوچۆڵانەی لەلای کادرو پێشمەرگەکان بەهی حیزبی دەزانێ جۆرێک لەمێژە مامەڵە کردن بۆ کادرو پێشمەرگەی لەڕیزی حیزبدا وکڕینی چەکی شەخسی قەدەغە کردووە ·

تکایە هەموو کادرو پێشمەرگەکانتان لەناوەرۆکی ئەم بەخشنامەیە ئاگادار بکەنەوە ٪

کۆمیسیۆنی
سیاسی ـ نیزامی

دەقی بڕیارێکی کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزب،
سەبارەت بە قەدەغەبوونی کڕینو فرۆشتنی چەکو چۆڵ



دیمەنێك لە شاری پاوە